مەلا بەختیار

# ئازادی ئەقڵ و..
# کۆمەڵی مەدەنی

(کانونی یەکەمی ١٩٩٨ — کانونی دووەمی ٢٠٠١)

یەکەمین کتێبی چاپکراوی گۆڤاری (مەدەنیەت)

**پێشکەشە:**

**بەو پێشمەرگە دڵسۆزانەی ساڵانی سەختی شاخ، پێکەوە لە مەفرەزەیەکدا، تێکۆشاوین. لە هیچ رۆژگارێکدا، پشتیان تێنەکردم، هەڤاڵان:**

**حەیدەر عەبدوڵلا، عەتا هەورامی، کاوە عەبدوڵلا، هاورێخەلیل، حەمە حسێن، عەبە رەش، ئارام، برایم سماقە، عوسمان، سەلامە درێژ، سەباح شاکیر، عەدنان عەزیز، خەباتی شێخ جەناب، سامان کەرکوکی، شێرکۆ، مام ئەتەم، کامەرانی سەید مەجید.**

**لەگەڵ هیوای تەمەن درێژی بۆیان.**

* * *


- **بابەت:** ئازادی ئەقڵ و.. کۆمەڵی مەدەنی
- **نوسەر:** مەلا بەختیار
- **تیراژ:** ١٥٠٠ دانە
- **ساڵی چاپ:** کانونی دووەمی ٢٠٠١
- **کۆمپیوتەر:** تەها حەمەنوری
- **بەرگ:** جەلیل حسین
- **چاپخانە:** داناز
- **چاپی بەرگ:** ئۆفسێتی دلێر

## بەرەو مەدەنیەت ..

لەبەرئەوەی، لە مێژووی نوێی کوردستاندا، داگیرکەران نەیانهێشتووە، لەسەر هیچ سەرکەوتنێك ئارام بگرین، بۆیە نەشکراوە، نە باس لە دەستور و سیستەمێکی دیموکراسی کوردستانی، بە رۆشنی بکرێ؛ نە توانراویشە خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی دەستکەوتەکانی شارستانیەتی نوێی دیموکراسی، وەکو رۆئاوا، بکرێ. ئایە و مایە، کورد تەنها توانیویەتی گیانی بەرەنگاری بپارێزێ و، نەفەوتێ. چۆڕ چۆڕیش، پێشکەوتن هەڵمژێ.

لەناو رێڕەوی بەرەنگاری و پاراستنی گەلەکەشماندا، ئەگەر لەژێر کاریگەری دیاردە شارستانیەکانی دیموکراسیدا، لە بەرامبەر داگیرکەراندا، یاوەکو بۆ باشتر تەیاربون لە بیری پێشکەوتوو، هانامان بۆ رێبازی دیموکراسی و دەستکەوتە دیموکراسیەکان، بردبێ، مەخابن، بە حوکمی نەبونی حوکمڕانی سەربەخۆمان، هیچ دەستکەوتێك لەو دەستکەوتانە، (دیموکراسی، ئازادی، مەدەنیەت، ئەقڵانیەت و علمانیەت) نەبونە راستیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوری بنج داکوتراوی ناو کۆمەڵ. بگرە، خۆشمان زۆرجار، زیانمان لە چۆنیەتی چەسپاندنی ئەو بنچینانەی شارستانیەتی دیموکراسی، داوە.

گەر بشمانەوێ مشت و ماڵێکی وردی رابوردوو، لەم بارانەوە بکەین. دەتوانرێ بگوترێ:

ئەوەتەی شەپۆلەکانی سەرمایەداری گەیشتونەتە رۆژهەلات، وەکو کارگەرییەکی سەرەتایی و خۆڕسکی، لە کوردستانیشدا، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ رەنگێکی داوەتەوە. هەر هەوڵێك، لە باری گۆڕینی یاساوە، سەرهەڵدانی رۆژنامەنوسیەوە، پێکەوەنانی رێکخراو و حیزبی سیاسیەوە، تێکۆشان لەپێناوی دیموکراسی، خەمخواردنی زانست و زانیاری، کولتور و ئەدەب و هونەرەوە، بەشێوەیەك لە شێوەکان، ئەگەر ناودار و

هەڵکەوتوانی کورد، رۆڵی کاریگەریان لەناویاندا، نەبوبێ، ئاوا بێگومان، لەناو کاروانی گۆڕانکاریەکاندا، بونیان هەبووە:

- میرێکی وەکو (بەدرخان)، لە بۆتاندا، ئەگەر کاریگەری گۆڕانکاریەکانی رۆژئاوای لەسەر نەبوایە، بیری لە ئیدارەیەکی حوکمڕانی جیاواز لە قەڵمڕەوی عوسمانیان نەدەکرد. پێش ئەوەی راشپەڕێ، نێردراوی خۆی بۆ فێربونی چەکسازی و، پاپۆڕ دروستکردن و پیشەسازی، بۆ ئۆروپا، نەدەنارد.
- لەخۆڕا، شێخ عوبیدالله ی نەهری بایەخی ئۆروپای نەزانیووە و هەر لە خۆیشیەوە، وەکو پیاوێکی پایەبەرزی ئایینی، ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی، لا نەبۆتە ئەرکێکی سەرەکی. ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر بەپایەی ئایینی و تەریقەتی نەقەشبەندی بوایە، دەبوو، ئەم سەردارەی کورد، دەوڵەتێکی ئایینی دامەزراندبا. بەڵام، رێك بەپێچەوانەوە، دژی خەلافەتی ئایینی عوسمانیان راپەڕی و بەرنامەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سیاسی نەتەوەیی کوردیی هەبوو، کە لەلایەن رۆژئاواوە پشتیوانی بکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش، هەم لەگەڵ نێردراوەکانی رۆژئاوا و، هەم لەگەڵ ئەرمەنەکاندا، پەیوەندییەکی دیبلۆماسی و شارستانی پێشکەوتووی هەبووە.
- هەروا، بە رێکەوت، پیاوە ئایینی و بازرگانەکانی ناوچەی موکریان، هەر لە سەردەمی راپەڕینەکەی (نەهری) دا، سکاڵانامەی بۆ ئیمپراتۆریەتی روسیا نانێرن، کە بۆ رزگارکردنیان لە زوڵمی عوسمانیان، پشتیوانیان بکا.
- دەهەیەك دوای راپەڕینی (نەهری) یش، نەوەی بەدرخان، رۆژنامەی کوردستان، بەو ناوەرۆکە بەپێزە و، بەو پەیامە شارستانیە، و بەو گیانە مەدەنیە، بەرجەستەی راستەقینەی کاریگەریەکانی ئەو سەردەمەن، لەسەر بنەماڵەو پەرۆش و رۆشنگەرە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان.
- لە شیعرەکانی (ئەحمەدی خانی)یەوە، بۆ نالی و سالم و حاجی قادر و باقی شاعیرەکانی دوای ئەوانیش، بە زەقی کاریگەریەکانی رۆژئاوا و

هەستێکی میللی جیاواز لە تەوژمی ئیسلامی، بۆ کوردایەتی و پێشکەوتن، هەست پێدەکرێ.

- لەسەروبەندی جەنگی یەکەمیشدا، پێش و پاش جەنگ، ئەو هەموو هەوڵانەی بۆ دەرکردنی گۆڤار، نەهێشتنی نەخوێنەواری، دروستکردنی رێکخراو، جموجوڵی سیاسی، تێکڕا کاریگەری گۆڕانکاری ئەو هەلومەرجانەیان، پێوە دیارە.
- حوکمڕانێتی شێخ مەحمود؛ شێوەی کاری، ئیدارەی شاری، یاداشت نوسینی، رەوشی سیاسی، رۆژنامەنوسی، بایەخی بە چاپخانە، بواردانی بە بەشێکی رۆشنگەران، دیبلۆماسیەتی.. تاد، هەر هەمووی بۆچونەکانی سەردەمی دوور لە ئەقلیەتی (ئایینی — خێڵەکی)، دەردەبڕن.
- دوای حوکمڕانی شێخ؛ دەرکردنی گۆڤارەکان، رۆژنامەکان، دامەزراندنی حیزبەکان، رێکخراوەکان؛ بەشداربون لە دەزگا گەورەکانی وڵاتان، دروستکردنی یانە کۆمەڵایەتیەکان، چاپکردنی کتێبە مێژووییەکان.. تاد بەتایبەتی دەرچواندنی گۆڤاری پرشنگداری (گەلاوێژ)، هەمووی بەڵگەن کە شەپۆلەکانی شارستانیەتی نوێ و دونیای مۆدێرنێتە، شەپۆل شەپۆل، کاریان لە تاکوکۆی کورد، کردووە. دیاردە و دەرکەوتەی نوێگەریان لە کوردەواریدا، پێچەوانەی سەلەفیەتی چەقبەستوو، دەرخستووە.
- لە سەردەمی جەنگی دوەم و کۆماری مەهاباد و، لەوەبەدواش، ئەو راستیانە، جوانتر دەرکەوتون. گۆڤاری (نیشتمان) و دامەزراندنی (ژ.ك) و پاشان (حیزبی دیموکراتی کوردستان) و، ئینجا، بنیاتنانی کۆماری کوردستان بە چەشنێکی هەتا رادەیەك مۆدێرن کە: بایەخ بە چاپەمەنی، ژیانی مەدەنی، پێشخستنی ژن لە دەزگاکاندا، برەوپێدانی زمان و ئەدەبیات و هونەر، داڕشتنی گەلاڵەی حوکمڕانی مۆدێرن.. تاد. بەچاکی دەدرا.

* * *

ئەو راستیانە، سەرجەم، سەرەڕای دواکەوتن، سەرەڕای پیلانی داگیرکەران و کاریگەری لەرادەبەدەری کولتوری ئاینی و، دەسەڵاتەکانی

نەتەوە سەردەستەكان؛ ئەمە جگە لەوەی سەرباری ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستاین، كە رۆژهەڵاتی سەرنەخستنی پرۆژەكانی رێنسانس و رۆشنگەرییە، بە چەمكە ئازاد و فراوانەكەی، تەنانەت لە پایتەختەكانی شارستانیەتی دێرنە (بەغدا، قاهیرە، ئەستەمبوڵ)، رێنسانس تەواو نەچەسپێندرا. ئینجا دەبینین كورد هەگبەكەی بەتاڵ نییە لە گۆڕانكاری و نوێگەری. ئەمە بۆ گەلێكی هەمیشە سەركوێركراوی نوقمكراوی ئەندێشەكانی چەقبەستن، مایەی نیگەرانی نییە. بەڵكو دەشێ بڵێین، مایەی دڵخۆشیشە.

لەناو نەتەوەكانی عەرەب و تورك و كورد، تێگەیشتنی كورد لە شارستانێتی دونیای مۆدێرنێتە و بایەخی رۆژنامەنووسی، بەشێوەیەكی سەرنج راكێش، باشترین بەڵگەیە كە كورد، سەرەڕای نەبونی دەسەڵاتی سەربەخۆیی، هەر زوو دەركی گرنگیی ئەم بوارە گرنگەی زانیوە: وڵاتی میسر، كە یەكەمین وڵاتی عەرەبییە ساڵی (١٧٩٥) رۆژنامەیان دەركردووە، بە زمانی فەرەنسی بووە؛ جەزائیر، دووەمین وڵاتی عەرەبییە، ساڵی (١٨٤٨) رۆژنامەی دەركردووە، هەر بە زمانی فەرەنسی بووە؛لوبنان سێیەمین وڵاتی عەرەبییە ساڵی (١٨٥١) رۆژنامەی دەركردووە، نێردراوە ئاینییە ئەمریكیەكان دەریانكردووە؛ عێراق یەكەمین رۆژنامەی لە (١٨٦٩) كە (الزوراء) بووە دەركردووە، توركێكی لەئەستەمبوڵەوە بۆ سەرنوسەری بانگێشت كردووە. تەنانەت، لە ئەستەمبول خۆشیا، كە پایتەختی خەلافتی ئیسلامی بووە، یەكەمین رۆژنامە فەرەنسیەكان دەریان كردوە و یەكەمین چاپخانەش كە دامەزراوە، قەدەغەیان كردووە قورئان و كتێبی ئاینی چاپ بكا، نەكا خەڵك هوشیارتر بێ و لە خەلیفە و دەسەڵاتە ئاینییەكان هەڵگەڕێتەوە.

كەچی.. كورد لەو گەلانەیە، بەهۆی ئەوەی خەڵكە رۆشنگەر و روناكبیرەكانی، مەینەتیەكی بێوێنەیان لە دەستی دەسەڵاتی خەلافتی ئیسلامی چەشتووە و تێگەیشتون كە بیروڕا تازەكانی نوێگەری چ سودێكی بۆ پێشكەوتن هەیە، هەركە یەكەمین رۆژنامە لە (نیسانی ١٨٩٨) دا دەردەكرێ، هەم ناوی (كوردستان) دەبێ و، هەم سەرنوسەرەكەی كورد دەبێ و، هەم بە زمانی كوردی و توركی دەردەكرێ.

بەمە جگە لەوەی باسەکانی، هەرەزۆری بۆ کورد و مێژووی کورد و، بایەخی شارستانیەتی جیهان بۆ کوردستان و دەرخستنی کاریگەری ئەزمونە دیموکراسیەکانی جیهانە بۆ پێشکەوتن و زانست و زانیاری و خوێنەواری. ئەمە، مەسەلەیەکی گرنگە بۆ زانینی رادەی کاریگەری سەرەتاکانی مۆدێرنێتە لەسەر کورد و کوردستان.

کورد.. نە لە دێرزەماندا، هێندە کوێرەوەربووە، کە بت بپەرستێ؛ یان هێندە سەرزەمینەکەی بێپیت و فەڕنەبووە، لەسەر چەتەیی و رێگریی ژیابێ؛ نە هێندەش کۆنەپەرست بووە، نێرینەخواز و نێربازبێ، ئیدی لەداخی ئەوەی کچ مێینەیە، بەکۆرپەیی زیندەبەچاڵی بکا. بەپێچەوانەوە، لە ئایینی زەردەشتیدا، ئەگەر لەگەڵ ئاینەکانی دیکەدا، بەراورد بکرێ تێڕوانینێکی شیاوتری بۆ مێینە هەبووە. هەر لە روانگەی دوانەی (خێر) و (شەڕ)ەوە، لە جیهانبینی خواوەندی (چاکە) و (خراپە)وە، سەیری مرۆڤ کراوە. ئاکارەکانی هەڵسەنگێندراوە. ئەگەر سەیری ئافرەتی کوردەواری بکەین، ئێستاش ئاسەواری سەربەستی سەردەمی دێرینەی ماوە. تایبەت لە هەندێ ناوچەدا.

لە سەردەمی نوێشدا، بە حوکمی ژینگەکەی، بە حوکمی کولتورە دێرینەکەی، سەرەڕای کارتێکردنی ئاینەکان، بەتایبەتی ئایینی ئیسلام لەسەر کوردەواریی، دەبینین، یەکێکین لەو میللەتانەی زوو بەپیر گۆڕانکاری و نوێگەریەوە، دەچین. ئەمە لەکاتێکدا، داگیرکەرانی دینی و دونیایی، جۆرە بەربەرستی رۆحی و شارستانیان لەبەردەمدا، داناوین. زۆر کەم دەرفەتی بوژانەوەیان بۆ هێشتوینەتەوە. ئێستاش لێمان ناگەڕێن. ئێستاش، لە تاریکی مێژووەوە، مۆتەکەئاسا بۆمان دێنە دەر و دەوروبەری پێشکەوتنمان لێدەگرن. ناچار کورد دیسان دەکەوێتە بەرەنگاریکردن.

* * *

داگیرکەران (داگیرکەرانی دینی و دونیایی) باش دەزانن کورد تەنها هەلێکی گەورەی دەوێ تا هەتایە، لەم دیلی و کۆیلەیەتیە، دیلی سیاسی و کۆیلەیەتی رۆحی، رزگاری ببێ. بۆیە، ئەوەتەی هەین، بواریان نەداوین.

لە سەردەمی شارستانیەتی دێرینە و قەڵمڕەوەکانی ئیمپراتۆرەکاندا، بە ئیمپراتۆریەتەکان گەمارۆدرابوین. وادیارە، هەڵنەکەوتنی کوردستان لەسەر دەریایەك و هەڵکەوتی شاخاوی، توانای بەرگری فراوانی کوردیی، لە رووی

کەرەسەکانی ئەو سەردەمەی بەرەنگاری، لاواز کردووە. بەتایبەتی، بە زەمینە شاخاویەکانی دوور لە دەریا، کە لە دەوروبەریاندا دەریا نەبێ و لەناو خۆشیاندا، روباری گەورە تێنەپەڕێ، یان پێك نەیەت زۆرتر پشت بە بارستایی باران بارین بۆ کشتوکاڵ دەبەستن، ئەمەش بۆ رێکخستن و ئیدارە و کۆبونەوە لە شار و کولتوری گشتیدا، کاریگەری خراپیان لەسەریان هەیە. یەکێك لەو کاریگەرییە خراپانە، دروستکردنی لەشکر و سوپای گەورەی بەرەنگارییە.

بەپێچەوانەشەوە، سەرزەمینە دەریاییەکان، یان خاوەن روبارە گەورەکان، چاکتر خۆیان رێك دەخەن و چاپوکتر بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانیان، دێنە دەست. ئەمە لایەنێکی راستیە دێرینەکەی مێژووە. لایەنی دیکەی ئەو روداوانە، ئەوەیە کەوا:

کورد سەرزەمینەکەی بۆ بەڕێوبەرایەتی گەورە و دەسەڵاتی فراوانی ئاڕاستەکراو، یارمەتیدەر نەبوبێ، بەڵام بۆ بەرەنگاری پچڕپچڕ، ناوچە شاخاویەکانی کوردستان، یارمەتیان داوە. هەربۆیە، سەرەڕای لەناوچونی تەواوی دەسەڵاتە کوردییەکان؛ دەبینین، گیانی بەرەنگاری هەر بە زیندوویی لە سەرزەمینی کورددا، ماوە و درێژەشی کێشاوە. پێشمان وایە، سەرەنجامی ئەم گیانی بەرەنگارییە پچڕپچڕەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانە، هیچ دەسەڵاتێکی کۆن و نوێ نەیانتوانیووە تەواو زاڵببنە سەر کورد و کوردستان. جگە لە زمان و پێکهاتەی کورد، ئاین و مەزهەب و تەریقەت و نەریتی جیاواز، تەنانەت لەبەرامبەر هێرشی بەربڵاوی ئیسلامیشدا، هەتا ئێستاش پارێزراوە. دەشکرێ کاری باشیان لەسەر بکرێ.

* * *

سەردەمی ئیسلام و سەرخستنی تەوژمی ئیسلامی، دوور لە دورگەی عەرەب، سەبارەت بە میللەتانی ناعەرەب، سەردەمێکی هەتا بگوترێ، پڕ لە روداو، سەخت، دژوار و فرە رەهەندە. لەو سەردەمەدا، لەبەرامبەر سیستەمی ئایینی، رژێمی دەسەڵات، هەژمونی رۆحی، پەیامی یەکتاپەرستی و، دوا پەیامبەری پەیامبەران، میللەتم ویستووە، خۆی رابگرێ. یان بەرەنگاری بکا.

ئاسان نەبووە.. ئاینێك، بە پەیامی خوا و، پەیمانی پێغەمبەر و، توانای خولەفا و، سوپای پڕتر و تفاقەوە، هەڵبکوتێتە سەر میللەتانی هەژار و بەهەزارحاڵ، بژیو مەمر، نەخوزاڵا بۆ سەر کورد کە بە هەزار ئەم لاو ئەولا، لەم دۆڵ و، لەو پەنا شاخ و، لە پێدەشت و لە بناری کێوەکانەوە، توانیویەتی لە دەوری ناودارانی کۆبێتەوە و پەرستگا و خاك و گیانی میللی سەرەتاکانی ژیانی پێکەوەژیان، بپارێزێ.

ئەو مێژووە، بەداخەوە، لەلایەکەوە لۆژیکی سەرکەوتنی سوپای ئیسلام و بیرناسیونالیزمی عەرەبی هەتا ئێستاش زاڵە بەسەر نوسینیدا؛ لەلایەکی دیکەشەوە، تەسلیمبونی رۆحی و ئایینی کورد بە ئیسلام، لە رووی ئەقڵیەوە، رۆچۆتە ناخی کورد.. لەناو ئەو روبەرەی مێژووی سەپاندنی ئیسلام لە کوردستاندا. ئەگینا، مێژووی کورد، شتی جوانی تیایە، پێش و پاش هاتنی ئیسلامیش بدۆزرێتەوە و گەش بکرێتەوە.

پێش ئیسلام، لەناوچەیەکی وەکو (هەورامان) دا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و دەستەی کار راپەڕاندن و، راوێژکاران، هەبووە. هەر خۆی وشەی هەڵبژاردن، لەوکاتەدا، مایەی سەرنجە. کەچی هەتا ئێستاش ئارکیولۆژیایەکی مێژوویی لەسەر دیاردەی ئاوا نەکراوە. نەشزانراوە ئایە دیاردەی ئاوا، تەنها لە هەوراماندا هەبووە، یان لە مەڵبەندەکانی دیکەی کوردستانیشدا.

هەموو جۆرە کارنەکردنێکی زانستیانە، لەسەر مێژووی دێرنە و، دوای ئەوەش، زیانێکی ئێجگار گەورە بە نەتەوەکەمان دەگەیەنێ. چ جای هەبن، ئەو مێژووە، بە نوکە قەڵەمی لاسایی کردنەوە، هەر بە جارێ، فت بکەن.

* * *

لە رابوردودا، ئەوەی پاراستومانە، ماوە. بەڵام کەمیشمان لەکیس نەچووە. غەدری کەممان لێنەکراوە. ئاسەوار و توانای کەممان لێنەدزراوە.

کۆن.. ئەگەر سەردار و ناودار، یان هێز و دەسەڵاتەکان، ئۆباڵی شکست، یان کەمتەرخەمی، یاوەکو وەکو پێویست خزمەت نەکردنی میللەتەکەمانیان، بکەوێتە ئەستۆ. ئەوا لەمەودوا، لە دوای راپەڕینەوە، هەتا دێت، جگە لە لایەن، جگە لە هێزەکان، جگە لە رێکخراو و گروپ و دەزگاکان، تواناکانی تاك و ئازادی تاك و رۆڵی تاکیش، بونەتە راستیەکی

کۆمەڵایەتی — روناکبیریی بەرچاو. بۆیە، دەبێ لە هەردوو بارەوە بڕوانینە ئەم راستییە:

لە بارێکەوە؛ ئەرکی دەسەڵات لەبەرامبەر ئازادی تاکدا، هوشیارانەتر لە رابوردوو، لە هەموو بارێکەوە، ببینین و دەسەڵات دەبێ بزانێ کە تاکی کورد، تاکی سەدەکانی رابوردوو نییە. بەڵکو تاکی دوای راپەڕین و، سەردەمی جیهانگیرییە. چونکە تاک، خۆی لەخۆیدا، بازنەی مافەکانی فراوان بووە و دەرەتانی خستنەگەڕی تواناکانی بڵاوترە.

لە بارێکی دیشەوە؛ تاک، وەکو ئەو مافانەی هەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتدا، بەڵام خۆیشی وەکو تاکی ئازاد، یان ئازادیخواز، لەناو گەلێکی وەکو کورددا، دەبێ بزانێ پێویستە دەربەستی ئەرکەکانی سەرشانی بێ، بۆئەوەی بتوانێ، بەو ئازادییەی دەبێ هەیبێ، بەشداری بکا لەوەی دیموکراسی و ئازادی بەدەست هاتوی کوردستان، لە خەم بڕەخسێنێ. واتا: تاکی ئازاد. ئازادێکی سەربەستی دەربەستی ئامانجە سەرەکیە بەدینەهاتوەکانی گەلەکەیەتی. هەر لە ئامانجی سیاسەوە، هەتا ئامانجە رۆشنگەریەکان. ئەزمونی کوردستان و تاکە بەهرەمەندە هوشیارەکان، هەریەکە لە سنوری بەرپرسیاری گشتی و تایبەتی خۆیدا، گرنگە رەچاوی ئۆرگانیکیەتی ئەرکەکان بکەن. هیچ ئەرکێك لە ئەرکە گشتی و تایبەتیەکان، ناشێ لەسەر حسابی یەکدی، رابپەڕێنن. نە دەسەڵات بۆی هەیە بەبێ رەچاوکردنی مافە ئازادیەکانی تاك، دەسەڵاتداریتی گشتی خۆی بسەپێنێ. نە تاکیش هەقە، بەهۆی مافە ئازادیەکانەوە، هەژمونگەری خۆی، یان فەلسەفەکەی، بپیرۆزێنێ.

* * *

ئەم بەرهەمانەی لەم کتێبەدا کۆکراونەتەوە. بەشێکی زۆری ئەو هەوڵانەن کە بە نوسین، یان بە کۆڕ، یان بۆ سەرگوتار، یاخود بە وتە، لە دەرکردنی گۆڤاری (مەدەنیەت)ەوە، بۆ چەمکەکانی مەدەنی، لە (کانونی یەکەمی ١٩٩٨)ەوە، بۆ (کانوونی دووەمی ٢٠٠١) بەرهەمم هێناوون. پێم خۆشبوو بە کۆیی، بیانخەمەوە بەر خوێندنەوە و تێبینی، خوێنەران.

جێی خۆیەتی، ئاوڕێکی کورت لە سەرگوزشتە و بیروڕا جیاکانی ئەم هەوڵە مەدەنیە بدەینەوە، کە لەکاتی دەرچواندنی یەکەمین ژمارەی (مەدەنیەت)ەوە، هەتا دوو سێ ژمارەی دوای ئەوەش.

کاتێك ویستمان گۆڤاری (مەدەنیەت) دەربکەین، لەگەڵ برایان (ئازاد جوندیانی) و (سامی هادی) دا، چەندین جار بیروڕامان گۆڕیەوە. پاشان لەگەڵ چەندین نوسەر و شارەزای دیکە، لە زانکۆی سلێمانی و گۆڤارەکانی دیکەش، قسەمان کرد. زۆرمان هێناوبرد. چەند مانگێکی خایاند، هەتا دوا بڕیارمان گەڵاڵە کردو، ناوکی (مەدەنیەت) مان، بڕی.

لەناو ئەوانەی دەربارەی پرۆژەکە لەگەڵیاندا دواین، بەشێکیان روناکبیر و بەشێکیان کادری رێکخراوە دیموکراتیەکان و، بەشێکیشیان، سەرکردایەتی حیزبەکان بون؛ بەکورتی سێ بیروڕا هەبوو:

**یەکەمیان:** پێیان وابوو، ئەمە پرۆژەیەکی گرنگە، بەڵام سەرخستنی ئاسان نییە.

**دوەمیان:** پێیان وابوو، کارێکە ئەنجام نادرێ. لەبەرئەوەی رای گشتی لەناو کورددا، نییە و دروستیش نابێ!

**سێیەمیشیان:** لەژێرەوە، دژایەتیان دەکردین و تەنانەت بە ناوی خوازراویشەوە، دژیشیان نوسین.

بەڵام خۆمان، دڵنیابوبوین لە پرۆژەکەمان، بۆیە زانیمان رەوتی مێژوویی کاروانەکە، چ ئاقارێکی هەیە و، لە دوا سەرەنجامیشدا، دەگاتە چ مەنزڵێك. ئەوە بوو، یەکەمین ژمارەی (مەدەنیەت) مان دەرکرد و، دەستخۆشیەکی زۆرمان لێکرا. هەتا ژمارە هەشتەم بەردەوامین. نۆهەمیش لەژێر چاپدایە. سیمنارێکیشمان بۆ مەدەنیەت سازدا.

خۆش بەختانە، هەر لەو ماوەیەدا، ساڵانە، هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران سازدەکرێ. ئەو لایەنانەی بایەخی کاری مەدەنی و رێکخراوە دیموکراتیەکانیان نەدەزانی، کەوتونەتە بایەخ پێدانی. جگە لەمەش، هەڵبژاردنی شارەوانیش ئەنجامدرا، کە لە کۆبنەوەیەکی ئەنجومەنی باڵای شاری سلێمانیدا، ئەم هەڵبژاردنە بۆ بەڕێز (مام جەلال) پێشنیاز کرا و، پەسەندی کرد.

لەوکاتەوە کە (مەدەنیەت) یش وەکو گۆڤارێکی تەرخانکراوی کۆمەڵی مەدەنی، دەرچووە، هەست دەکەین چەمکی مەدەنیەت لەناو خەڵکدا رۆشنتربووە. هەوڵ و نوسینی مەدەنیانەش زیادی کردووە. بگرە لەناو لایەنەکانیشدا، بۆتە مایەی مل ملانێی.

هەتا ئێستا، لە رووی تیۆریەوە، کارێکی بەرچاو بۆ بەرچاورۆشنی کۆمەڵی مەدەنی کراوە. بەڵام بێگومان، مەدەنیەتیش، وەکو هەموو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، لایەنی پراکتیکی، بەئەندازەی لایەنی تیۆری، وا بەئاسانی پێش ناکەوێ. پراکتیك، پرۆسەیەکی دوورودرێژ و دژواری کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتیە. لە تاکەوە بۆ کۆمەڵ، کارکردنێکی زۆر و زەبەندی فکری، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، روناکبیری و سایکۆلۆژی، دەوێ. چەندین دەهە خەباتی دەوێ. بەتایبەتی لەناو گەلانی دواخراودا و؛ لەناو گەلانی دواخراویش، زۆرتر لەناو گەلانی بێ‌قەوارەدا، کارکردن بۆ چەمك و ئاراستەکانی مۆدێرنێتە، کارێکی سەختە. ئەرکێکی سەنگینە. بەڵام کار و ئەرکێکی چارەنوسسازیشە. چەند سەخت و سەنگین بێ، هەر دەبێ رێگا دورودرێژەکەی بگیرێتەبەر و بشبرێتەسەر.

هەوڵ و بەرهەمی بەندە، لەم هەلومەرجەدا، کە لە کاتی جیاجیادا نوسراون، یان گوتراوون، ئەوانەی نوسراوەکانیان لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا نەخوێندۆتەوە؛ یاوەکو ئەو خەڵکانەی لە کۆڕ و سیمنارەکاندا، ئامادە نەبوون؛ هیوادارم بە کۆکردنەوەیان لە کتێبێکدا بکەوێتە بەردەستی خەڵکانی دەربەستی ئەم پێناوە. زۆریشم پێ خۆشە، خوێنەر و نوسەری وشیار، بە نوسینی بابەت، تێبینی، سەرنج و رەخنەیان لەسەر بابەتەکە، بە خۆم بڵێن، یاخود بڵاوبکەنەوە. چاوەڕێی بیری بە بڕشتی خەمخۆرانی ئەم دونیایەی مەدەنیەتم.

لەگەڵ سوپاسی زۆرم بۆ هاوڕێم (سامی هادی) کە سەرپەرشتی کۆکردنەوە و مۆنتاژکردنی کتێبەکەی گرتە ئەستۆ. سوپاسیش بۆ کاکە (طە حمە نوری) ی کۆمپیوتێرست، کە هەم چاك بابەتەکانی لە دیسکدا کۆکردبوەوە و هەم دەستوبرد، بەپێی کاتی بڵاوکردنەوەیان، رێکی خستن.

مەدەنی خوازانیش، بۆ پێشەوە.. بەرەو مەدەنیەت.

٧/ ١/ ٢٠٠١

## بەشی یەکەم؛ لێکۆڵینەوە:

١- مەدەنیەت ..
لە کۆمەڵێکی نیشتمان داگیرکراودا.
٢- سەلەفیەت و ژن..
ژن و مەدەنیەت.
٣- هەڵسەنگاندنی
هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران.
٤- هەڵبژاردنی شارەوانی و
کاریگەری کۆمۆنیستی کرێکاری.
٥- سلێمانی.. پێکهاتەی شارێکی پێشکەوتوتر
(١٧٨٤-٢٠٠٠)
٦- کاریگەری شەڕی برایەتی.. ئازادی و ئاشتی.

# مەدەنیەت ..
# لە کۆمەڵێکی نیشتمان داگیرکراودا*

ئەوەتــەی مەدەنیــەت و کۆمــەڵی مــەدەنی، وەکــو پێویســتییەکی مێــژویی پێشکەوتنی کۆمەڵەکانی جیهان و مرۆڤایەتی، دەرکـەوتووە، خزمـەتێکی مـەزنی کردۆتە کۆمەڵ و مرۆڤ، هەمیشە، مایەی پێشـکەوتن و پێشـکەش کردنـی باشـترو کاریگـەرتری بــەهرەو توانــاو داهێنانــەکان بــووە، بــەبێ ئــەوەی دەســەڵات و دەسەڵاتداران توانیبێتیان بە پاسـاوی جۆراوجـۆری یاسـایی، داوەری، سیاسـیەو ئایدۆلۆژییــەوە، دەســت وەربدەنــە نــاو ئۆرگانــە مەدەنییــەکان، یــان ئۆرگانــە مەدەنییە سەربەخۆ راستەقینەکانیان کردبێتە دەسکەلای مەرامەکانیان.

لـــە ســـێ ســـەدەی رابردوشـــدا، بەئـــەزمونی ســـەرکەوتوی کۆمەڵـــە پێشکەوتووەکانیش سەلماوە کەوا مەدەنییەت و کۆمـەڵی مـەدەنی، بـۆ نەتـەوەو گەلانی جیهان، تایبـەت بـۆ سیسـتەمە دیموکراسـیەکان و رۆڵـی تـاك لـە سـایەی دیموکراسـیدا، چـەند گرنگ و چارەنوسسـازە. کـوردو کـوردەواری، بـە داخێکـی زۆرەوە، هەمیشە: کۆمەڵەکـەی وەکـو کۆمـەڵێکی سـەربەخۆ؛ خەڵکەکـەی وەکـو کەسـایەتی سـەربەخۆ؛ هەمیشـە ئـەقڵ و تـاکی مرۆڤـی کـورد، لـە کولتـوری مەدەنییەت، چ وەکو چەمکی تیۆریەو چ وەکو کارو ئاکار، بێبەشن. دیـارە ئەمـە بەو واتایە نییە کـە تـازە تـازە گوێبیسـتی چـەمکی مەدەنییـەت بـوبین، نـەخێر، چـەمکی مەدەنییـەتمان بیسـتووە، بەشـێوەیەکی خۆرسـکی جـێ بەجێشـمان کردووە، تەنانەت، چێژیشمان لەهەندێ دەستکەوتی بینیـوە، بـەڵام مەدەنییـەت وەکو بنەمایەکی سەربەخۆی ناو وڵاتێکی سەربەخۆ، هێشتا نە کـورد دیویـەتی و نە کوردەواری ئاشنایەتی. لەم کۆتاییەی سەدەی بیستەمیشدا کـە قسـە لەسـەر

* لە ژمارە یەکی گۆڤاری (مەدەنیەت) ساڵی یەکەم، کانونی یەکەمی (١٩٩٨) ل: ٨ دا بڵاوکراوەتەوە.

مەدەنییەت دەكەین، هەر ئەم قسەكردنە دەیسەلمێنێ كە گەلەكەمان چەند لەمەدەنییەت جێماوە. زۆر نییە .. سێ سەدەیە!

ئەم سێ سەدە دواكەوتنە .. ئۆباڵەكەی، هێندەی پەیوەندی بە داگیركەرانەوە، لەبەرەبەیانی مێژووەوە هەتا هاتنی ئیمپریالیزم، هەروا بە ئیمپریالیزم و سەردارو سەركردە ناكارامەكانی رابردوی كوردەوە هەیە، كەمتر پەیوەندی بە وەچەی ئێستاوە هەیە. بەڵام وەچەی ئێستا ئەركێكی پیرۆزی لەسەر شانە، ئەویش ئەوەیە بەپێی بەرنامەیەكی گونجاوی سەردەم، لە پێناوی كۆمەڵی مەدەنیدا تێبكۆشێ. بەرنامەیەكی گونجاوی ئەوتۆ..هەم هەمەلایەنە كولتوری مەدەنیەتی رۆژئاوا لێكبداتەوەو سودی لێ وەربگرێ، هەم ورد بزانێ كەوا لەناو كۆمەڵێكی رۆژهەڵاتی ژێردەستەدا، باس لەمەدەنیەت دەكا.

(١)

## لێكدانەوەی مەدەنیەت

لێكدانەوەی مەدەنیەت .. باس و لێكۆڵینەوەی دورودرێژی دەوێ. بۆ كوردەواریش كەهەتا ئێستا قەوارەی (سیاسی– دیموكراسی) بینای مەدەنیەتی سەربەخۆی نەبووە، دەڵێن جگە لەوە: ئەو تێگەیشتنەش كە هەتا ئێستا لەسەر مەدەنیەت لەناو روناكبیرانیش دا باوە، یان بڵاوە، تێگەیشتنێكی ناڕاستە. بۆ نمونە:

لە (١٩٩٥/٨/١٢)، لە شاری سلێمانیدا، مونازەرەیەك لەسەر رۆڵی حیزبایەتی لە بینای كۆمەڵی مەدەنی بەناوی ( كۆمەڵگای مەدەنیو حیزبایەتی هاوچەرخدا) سازدرا. لە مونازەرەكەدا، سەرنوسەری رۆژنامەكان، نوێنەری حیزبەكان هەتا رادەی كەسایەتی یەكەمی لایەنێك و چەند روناكبیرێك ئامادەبوون. بیروڕای ئەو كەسانە لەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی راستیان تیابوو، زۆر لەسەر گرنگی مەدەنیەت و رۆژنامەگەری لە كۆمەڵی مەدەنیدا دووان، ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو ئەوەبو كەوا: هەر هەموو ئەو بەڕێزانەی قسانیان كرد، چەمكی مەدەنیەت و چەمكی شارستانیەتیان تێكەڵاوكرد. مەدەنیەت و شارستانیەتیان وەكو یەك مەسەلە سەیر كرد. جیاوازی نێوانیان نەدەزانی. نەك هەر هێندە، بەڵكو كە بۆیان رونكرایەوە ئەو تێكەڵاوكردنەی چەمكەكانی مەدەنیەت و

شارستانیەت هەڵەیە، هیچیان نەیان سەلماند. ئەمەش مایەی سەرسوڕمانێکی سەیر بوو.

کۆمەڵی مەدەنی .. بەم چەمك و چوارچێوە فەلسەفیو سۆسیۆلۆژی و سیاسیەی چەسپیوە، لەسەدەی هەڤدەهەمەوە، وەکو سەرەتایەکی خواستی خۆرسکی، لە فەیلەسوفێکی هەڵکەوتوی وەکو (هیگڵ)وە(١٧٧٠–١٨٣١)، ڕێچکە فەلسەفیەکەی تاوتویێ کراوەو ڕۆڵی تاك تاکی کۆمەڵ جیاواز لە خێزان، شی کراوەتەوە. بەلام تاك تاکێکی نەدابڕاو لە گروپی ڕێکخراوی مەدەنی کۆمەڵ و نە بەهەڵگەڕانەوە لە یاساو لە دەوڵەت، پاشان (ئیسپنسەر)(١٨٢٠–١٩٠٣) باسی لە کۆمەڵێکی مەدەنی کردووە کە زۆرتر سەربەخۆ بێ. دەوڵەت دەستی تێ وەرنەدا. تەنانەت دەست تێوەردانی دەوڵەتی بە گەڕانەوە بۆ کۆیلەیەتی زانیوە. ئینجا (هۆبز) (١٥٨٨–١٦٧٩) و (ڕۆسۆ) (١٧١٢–١٧٧٨)، هەروەها (جۆن لاك)، یەك لەدوای یەك لەسەدەی هەژدەهەمەوە بۆ نۆزدەهەم باسیان لە مەدەنیەت کردووە، ئەندێشمەندە نوێکانیش (پارسۆنز، لۆهمان، هابرماس...تاد) قوڵتر چونەتە ناو بنچینەی مەدەنیەت.

لە کاتێکدا شارستانیەت (حضارة) دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی دێرینەو لە دێر زەمانەوە، شارستانیەت چەکەرەی کردووەو بەرەبەرە دەوڵەمەند بووە؛ کە دەگوترێ شارستانیەت: لەسەرەتای چۆنێتی دۆزینەوەی ئاگرو چاندن و کشتوکاڵی سادەوە، هەتا پەیدا بوونی لادێو شارو شارنشینی و هەموو ئەو کولتورانە دەگرێتەوە کە ئادەمیزاد لەسەر گۆی زەوی، خوڵقاندونی، یان بنیاتی ناون؛ هەر ولاتێك، نەتەوەیەك، گەلێك کەمو زۆر، شارستانیەتی خۆی هەیە. شارستانیەتەکان، هەم کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە و هەم کاریان تێ کراوە.

بچیتە هەر مۆزەخانەیەکی ئەوروپا، بە تایبەتی لەفەرەنسا، یۆنان،ئەڵەمانیا، بەریتانیا و ئیسپانیا، شاکاری ئاسەواری هونەری سەرسوڕهێنەر دەبینی، بەم شاکارانە لە هیچ مۆزەخانەیەك ناگوترێ کولتوری مەدەنی، بەڵکو دەگوتری ئاسەواری شارستانی دێرینە. ئەو کاتە بیر لەمەدنیەت بەم چەمکەی ئێستای هەر نەکراوە.

کۆمـەڵی مـەدەنی .. پێکهـاتووی بنـەمای مـەدەنی خۆیـەتی. بنەماکەشـی بنەمایەکی سەربەخۆی دەسکەلا نەکراوی حکومەتەکانە. ئەم بنەمایە، لەو کـەس و لایەن و گروپ و ڕێکخراوانە پێك دێ کە بەویستی خۆیان، وەکـو پێویسـتییەکی سەربەخۆ، خۆبەخش، لە پێنـاوی بەرژەوەنـدی فکـری، توانـا، بـەهرە، سـەلیقەو پیشـەیی ئـەو خەڵکانـە دەخولقـێ کـە لـەدەوری بەرنامەیـەکی دڵخوازیانـدا، کۆدەبنەوە. ئەم بەرنامـە دڵخـوازە مـەدەنیو کۆمەڵایەتیـە، شـێوەی جۆراوجـۆر دەگرێــتە خـۆ، وەکـو سـەندیکا پیشـەییەکان، یەکێتییـەکان، یانـەکان، دەزگـا چـاپەمەنییەکان، ڕۆژنامــە، گۆڤــار، ئیزگــە، تەلــەفزیۆن، تیپــە هونەریــەکان، پەیمانگاو زانکۆکان، تەنانەت حیزبـە سیاسـییەکانیش..جگـە لـەوەی مەدەنیـەت پەیوەنـدی بـە هــەموو ڕووەکـانی ژیـان، کۆمـەڵ، تـاك، دەوڵـەت و تەنانــەت سروشتیشــەوە هەیــە. ئــەم پــەلوپۆ چەشـنـاو چەشـنـەی مەدەنیــەت، بــەپێی بنەمایەکی دیاریکراوی ڕێکوپێك، دوور لە ڕێبـازی تونـدو تیـژی، دوور لـە دۆگمـی ئایدۆلۆژی، دوور لە ڕقەبەرایەتی و خوێنڕێژی، بـە گیـانی دیموکراسـیو ئازادانـە، بــە ڕۆحیــەتی مرۆییــو خزمەتگوزارانــە، پەرۆشــی پەیامــەکانیان دەبـن و لــە پێناویاندا، دەکۆشن.

دام و دەزگا مەدەنیەکان .. پەناو پەسێوی کەسان و خەڵکانی کۆمـەڵن. ئـەو کەس و خەڵکانەی خولیایان هەیە، بـەهرەیان هەیـە، ئامانجیـان هەیـە، توانایـان هەیە، بەڵام ناشیانەوێ تواناو خولیاو بەهرەکانیان بخەنـە خزمـەتی راستـەوخۆی دەسەڵاتداران، یان قەڵـەمڕەوە قودرەتمەنـدەکان، لـە بـری ئـەوەی ناچـاری مـل کەچـی بـن بـۆ خواسـتی دوور لــە ویسـتی خۆیـان، لـە پــەنای دام و دەزگـا مەدەنییەکانـدا، توانـای خۆیـان دەخەنـە خزمـەتی کۆمـەڵ. کۆمـەڵی پـێ پـێش دەخەن و پیشەو بەهرەکانیان دەخەنە میانی کۆمەڵایەتیەوە.

لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی مەدەنیەتـەوە، هانـدەرێك پاڵپێوەنـەری کۆمـەڵی مــەدەنی بــووە، هــەتا هــاتووە، قۆنــاغ بــە قۆنــاغ ئــەم هانــدەرە گۆڕانیشــی هاتبێــتەسەر، بــەڵام وەکــو هانــدەر..هــەر مــاوە. لەســەرەتاوە، لەســەدەی هەڤدەهەمــەوە، بەرامبــەر دەســەڵاتە خۆســەپێنەرەکاندا، مافــە مەدەنییــە کۆمەڵایەتییـەکان هانـدەری مەدەنیـەت بـوون، قۆناغێـك دوای ئـەوە، پـەیمانی کۆمەڵایــەتیو ژیــانی کۆمەلایــەتی سروشــتی هانــدەری بــووە، پــاش ئەمــە،

هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمان وپەرەسەندنی تەواوی دام و دەزگا مەدەنیەکان.. هەتا گەیشتۆتە قۆناغی ئێستای کە ئیتر هاووڵاتی .. وەکو هاووڵاتی .. تەواوی مافەکانی مەدەنی دابین بێ و لەژێر فشاری یاسای مەرکەزی دەوڵەت، یان پاڵەپەستۆی ئابوری کۆنترۆڵ کراو، دەربچێ و هاووڵاتی، وەکو خودێکی سەربەخۆ، تەواوی مافە مەدەنییەکانی بەدی بێت بە مافە ئابوری و سیاسییەکانیشەوە.

(٢)

## زەمینەی پرۆسەی مەدەنیەت

مەدەنیەت .. یان زەمینەی دروست بوون و دەست پێکردنی پرۆسەی مەدەنیەت، بۆ تێگەیشتن لەمەدەنیەت و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە. بە تایبەتی، بۆ خۆبواردن لە بەرنامەی لاسایی کردنەوەی مەدەنیەتی رۆژئاواو دوورکەوتنەوە لە چەمکە دابڕاوەکان لە واقیع. چونکە: کۆمەڵی مەدەنی لە رۆژئاوادا قۆناغێکی سروشتی دورو درێژی بڕیووە، لە رۆژهەڵاتدا جارێ نیوەی ئەو قۆناغەی رۆژئاواشی نەبڕیووە، هەڵبەتە، لەناو نەتەوە بێ قەوارەکاندا .. کۆمەڵی مەدەنی هەر ئاڵۆز ئاڵۆزە!

ناکرێ .. لەبەر گرنگیو کاریگەری کۆمەڵی مەدەنی لە رۆژئاوادا، کە لە هەڵاسیانی شۆڕشی دیموکراسیەوە بایەخی پەیدا کردووەو لە رێڕەوێکی مێژوویی دوورو درێژدا، مەدەنیەت خەملیوە، ئێستا لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا، لەبەر نەبونی دیموکراسی تەواو، یان لەبەر بێ متمانەیی بە حکومەتەکان، یاخود بەهۆی پیرۆزی ئازادی هەڵسوڕان، یان بەهۆی خزمەت گوزاری کۆمەڵایەتیو پیشەیی سەربەخۆوە، ناکرێ لەهەناوی کۆمەڵەکانی رۆژهەڵاتدا کە زەمینەکانی دیموکراسیو ئازادی لە بنەچەدا لاوازە، لاسایی مەدەنیەتی رۆژئاوا بکرێتەوە. هەروا .. لەناو نەتەوە بێ قەوارەکانیشدا، لەناو نیشتمانە داگیرو دابەشکراوەکانیشدا، ستەمە بتوانرێ کۆمەڵێکی مەدەنی پێك بێت، یان بچەسپێت، ئەگەر بێت و خەبات لە پێناوی کۆمەڵی مەدەنی و ئۆرگان و گروپە مەدەنیەکان دابڕدرێ لە خەباتی رزگاری، یان لە خەباتی پێناوی دیموکراسیو دەسەڵاتی دیموکراسی.

ئەگەر لە ئەورووپای رۆژئاوادا جیاکردنەوەی ئۆرگانە مەدەنییەکان بە حوکمی گۆڕانکارییەکان و بوونی زەمینەی رەخساوی کۆمەڵایەتی، پیشەیی، رووناکبیری، لەدەسەڵاتەکان زەرورەتێکی چارەنوسسازی مەدەنیەت بوبێ، ئاوا لە رۆژهەڵاتدا، لەناو ئەو گەلانەی دەسەڵاتی نیشتمانیان هەیە، بەڵام نەریتی دیموکراسییان نییە، بەشێوەیەکی رەها جیاکردنەوەی ئۆرگانە مەدەنیەکان لە خەباتی دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و کۆمەڵ، کارێکی ناڕاستە. خۆ لەناو نەتەوەو گەلە ژێر دەست و بێ دەسەڵاتەکاندا، لە راستیدا،خەبات کردن لە پێناوی رزگاری و دەسەڵاتی دیموکراسیدا، لەم سەردەمەدا، لەهەمان کاتدا خەبات کردنە لە پێناوی کۆمەڵی مەدەنیدا. دیارە جیاوازی لە نێوان گەل و نەتەوەکانیش هەیە. گەلان .. کێشەیان کەمترە لەنەتەوەکان. بە تایبەتی نەتەوە نیشتمان داگیرو دابەشکراوەکان. چونکە نەتەوە ژێر دەستەو بێ قەوارەو لەت و پەت کراوەکان؛ هەتا ئێستاش، بنەماو پێکهاتەی نەتەوایەتی هاوبەشیان لاوازە. بوونی خێڵەکان، پاشماوەی عەشرەت ؛ هۆزو دەسەڵاتی بنەماڵەکان، کۆسپی گەورەن بۆ ئینتیمای نەتەوایەتی و گیانی هاوولاتی. هەتا ئەو کۆسپانەش هەبێ، هۆشی دیموکراسی، ووشیاری پابەندبوونی کۆمەڵی مەدەنی، تواندنەوەی تاك لە بۆتەی نەتەوەو نیشتماندا، کردنی تاك بە هاونیشتمانییەك دابڕێ لە: خێڵ، هۆز، عەشرەت، بنەماڵە، تەکیە، خانەقا، کەنیسە و پەرستگا..تاد لاواز دەبێ. ( مرۆڤی مەدەنی، کاتێك پێویستە بڕیارێك بداو لەناو کێشەیەکی دژواردا، هەڵوێستی هەبێ پێش هەموو شتێك بیر لە کۆمەڵی مەدەنی وەکو ئامانجێك دەکاتەوە، نەك بیرلە خێزانەکەی یان گوندەکەی یان حیزبەکەی یاخود تاقمی هاوڕەگەز و چینە کۆمەڵایەتییەکەی یا پیشەکەی بکاتەوە)[1].

کۆمەڵێکی مەدەنی خاوەن ئۆرگانە مەدەنیە سەربەخۆکانیش وەکو رۆژئاوا نابێ. کاتێك دەوڵەت و دەسەڵاتی دیموکراسیو دەستوری تەواویش نەبوو، هەنگینێ گیانی کوێرەوەری جۆراوجۆر، لە هەموو روویەکەوە، لە شارو لادێدا، وەکو بەرپەرچی کۆنەپەرستی، کۆنخوازیو سەلەفیەتی سەدەکانی ناوەڕاست،

[1] السلوك الحضاري والمواطنة، إدوارد. باتفيلد / ترجمة: سمير عزت نصار، ص١٣ دار النسر للنشر والتوزيع.

لەبەردەم کۆمەڵی مەدەنیدا دەمێنن. بەرپەرچەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، جاری واهەیە پێکەوەو جاری واش هەیە بەجیا، دەکەونە وێزەی دیموکراسی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی مەدەنی.

لەم کۆمەڵانەدا، دوژمنایەتی کردنی خەباتی رزگاری و دیموکراسی، دژایەتی کردنی مەدەنیەتەو دژایەتی کردنی مەدەنیەتیش، دوژمنایەتی کردنی دیموکراسییە. هەر فرسەخێك دیموکراسی بچێتە پێشەوە، زەمینەی مەدەنیەت باشتر دەڕەخسێ. هەر ئۆرگانێکی مەدەنیش زیاتر بچەسپێ، پرۆسەی دیموکراسی کاریگەرتر جێگیر دەبێ.

ئەگەر ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە، دەبینین، وڵاتانی ئەوروپا بە درێژایی مێژووی دەسەڵات، دەسەڵاتی سیاسیان، لەسەردەمی کۆیلەیەتیەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست هەبووە. بەڵام هەتا شۆڕشی بۆرژوازی سەرنەکەوت و دەسەڵاتی دیموکراسی نەهاتە دی، چەمکەکانی کۆمەڵی مەدەنی چەکەرەی نەکردو بەرە بەرەش نەچەسپی. کەوابێ: بوونی دەوڵەت و لەناو دەوڵەتەکەشدا، بوونی دەسەڵاتی دیموکراسی، مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگن بۆ رەخساندنی زەمینەی مەدەنی، هەر بۆیە، خەبات کردن لە پێناوی دیموکراسی و دەسەڵاتی دیموکراسی راستەقینە، لەهەمان کاتدا، لەم سەردەمەدا، خەبات کردنە لە پێناوی مەدەنیەت و کۆمەڵیمەدەنیدا. نەك بە پێچەوانەوە، لە ژێر هەر پەردەو پاساوێك بێ. دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەین کەوا: تەنانەت لاسایی کردنەوەی ئەندێشەکانی ئەوروپای رۆژئاواش لەناو میللەتانی لەمەڕ خۆمان، لاساییکردنەوەیەکی سەقەتەو بە سەقەتکراویش دەگوێزرێتەوە ناو بەشێك لە خوێنەواران.

بەڵگەی ئەم راستییەش ئەوەیە کە: لە ئەوروپادا، لە شۆڕشی بۆرژوازی بەدواوە، ئەندێشەو فەلسەفەکان دەرهاویشتەی هەلومەرجی شۆڕشی بۆرژوازیو پرۆسەی گۆڕان و گۆڕانکارییەکانی ئەو شۆڕشەن. هەموو جۆرە قسەکردنێك، یان نووسین و لێکۆڵینەوەیەك، لەسەر ئەو ئەندێشەو فەلسەفانەی ئەو شۆڕشە بۆرژواو دیموکراسییانە، نە دەشێ دابڕدرێن و نە دەشکرێ لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی ئەو شۆڕشە دیموکراسییە دەربهاوێژرێن. کە دەشویسترێ لەناو میللەتانی وەکو ئێمەدا .. سوود لەو ئەندێشەو فەلسەفانە وەربگیرێ، پێویستە

پێش هەموو شتێك بیر لەوە بكرێتەوە هەتا چەند زەمینەكانی چاندنی ئەو ئەندێشەو فەلسەفانە لەناو ئەقڵ و ئەقڵانییەتی تاك و كۆی كۆمەڵدا، رەخساوە. چونكە.. لەبنەچەدا، ئەو ئەندێشەو فەلسەفانە، لەسەر زەمینەیەك خوڵقاون، كە دەگوێزرێنەوە بۆ ناو كۆمەڵێكی دیكە، لەسەر زەمینەیەكی دیكەی رەخساو بەپێی تایبەتمەندی زەمینەكان (نەك بە لاسایی‌كردنەوەو سەپاندن) دەچێنرێن. هیچ فەلسەفەو ئەندێشەیەك، بێ زەمینەی رەخساوی پێویستیان، نابنە حوكمێك لە حوكمە مەنتیقییەكانی دیاردەو دەركەوتنەكانی ژیان و كۆمەڵ.

پێگەیشتنی زەمینەی هاتنەدی مەدەنیەت، پێگەیشتنێكی بابەتیە لە پێشداو پاشان، رۆڵی خۆییش، ناكرێ فەرامۆش بكرێ. كە دەشڵێن پێگەیشتنی زەمینەی بابەتی، مەبەست لەوەیە كە هەتا خەباتی دیموكراسی وەكو پێویستییەكی چارەنوسسازی مێژوویی، لە هەلومەرجی خوڵقاوی خۆیدا، سەر نەخرێ، هەوڵە خۆییەكان، یان لەژێر كاریگەری مەدەنیەتەكانی جیهان و دەوروبەر، ناكرێ كۆمەڵێكی ژێر دەستەی بێ سیستەم، بكرێ بە كۆمەڵی مەدەنی گەر چی لەسەرەتای نەوەدەكانەوە، هەلومەرجی نوێ بۆ پاڵپشتی نوێی مەدەنیەت خوڵقاوە.

(٣)

## مەدەنیەت و .. تایبەتمەندێتی كوردەواری

هەر كۆمەڵێك لە كۆمەڵەكانی بەشەری، وێرای پێكهاتەی هاوبەشی گشتی نێوانیان، هەر كۆمەڵێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. ئەم تایبەتمەندییەی كۆمەڵەكان، رێرەوێكی مێژوویی دوورودرێژ، دەیانرسكێنێ. كە رسكاشن، بە بڕیارو بۆچون، یان یاساو دەسەڵات، یان بە ئایدۆلۆژیەت و ئاینەكان، كاریان تێ دەكرێ، بەڵام سەراپا ناگۆڕدرێن. دیسان رێرەوێكی دور و درێژی پڕ لە گۆڕانكاری ئابوری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، روناكبیری و سایكۆلۆژی، لەدەرەوەو ناوخۆدا، دەشێ سەراپا بگۆڕدرێن. هەر بۆیە دەبینین، لەم كۆتاییەی سەدەی بیستەمیشدا، لەسەراپای دونیادا، هێشتا كۆمەڵەكانی دونیا مەڵبەندەكانی دونیا، وڵاتانی دونیا، تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە و كۆمەڵی هەر وڵاتێكیش تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە. تەنانەت، وڵاتانی فرە گەل، كۆمەڵی هەر گەلێك جۆرێك تایبەتمەندێتی خۆشی هەیە.

کوردەواری .. لەو کۆمەڵانەیە، وێڕای نیشتمانە داگیرو دابەشکراوەکەی، بە درێــژایی مێــژوو تایبەتمەندییەکــەی پاراســتووە. رێــڕەوی پاراســتنی ئــەم تایبەتمەندێتییەی کوردەواری لەپێش زایین و دوای زاڵکردنی قەڵەمڕەوی ئیسلام و دەسەڵاتە ئوتوکراتە کۆنەپەرستەکانی عوسمانی و سەفەوی و دواتریش، هەم ژانێکی مێژوویی دور ودرێژی نەتەوەیی بووە و هەم لە هەناوی پاراستنی ئەم تایبەتمەندییەی کوردەواریدا، گەلێك بۆچون، پەیوەندی، نەریت، کەلەپور، کولتور،مەزهەب، بیری پڕو پوچ، خەرافیات، ئەفسانە، هەروا، بنەمای بنەماڵەیی، رەچەڵەکی خزمایەتی، بنەچەی هاوپشتی، دەمارگیری خێڵەکێتی، ناوچەگەرێتی، تایفەگــەرێتی، عەشــرەتگەرێتی، مەزهــەب گــەرێتی، کــۆن و دێرینــە، لــەناو کوردەواریدا، ماوون. ئێستاش بەهێزن.

هەڵبەتە .. ئەو دیاردە جۆراوجۆرانە، تایبەت نین بە کوردەواری، نەخێر، بەشــێکی زۆری کۆمەڵــەکانی جیهــان، لــەو دیاردانــەیان هــەن، بــەڵام ئــەوەی خەسڵەتێکی تایبەت تر بەو دیاردانەی کوردەواری دەدەن، ئەوەیە کەوا: کوردەوارییــەکی گــەمارۆدراوی داگیرکــەران، بــەبێ ئــەوەی لــەهیچ بەشــێکی کوردســتان دەســەڵاتێکی ســەربەخۆی هــەبێ و دەســەڵاتی سیاســی – یاسایی بەسەر ئەو دیاردانەدا بشکێ، کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکەشی نوقمی ئەو دیاردانەن.

بەم پێیــەش، بەپێی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی سەربەخۆ لەناو کۆمەڵ و گەلێکدا نەبێ، ئەو دیاردەو دەرکەوتوانە، ئەو بنەماو رەچەڵەك و بنەچانە، لە نەبوونی دەسەڵاتی مەرکەزیدا، خۆیان دەبنە جۆرەها دەسەڵات و کاریگەری و هەژمونیان(هیمنە) لەسەر ئەقڵ و کۆمەڵ هەیە.گیروگرفتی کاریگەر لەبەردەم هــەموو بەرنامەیــەکی نوێگــەری، ئــەقڵانی، عیلمــانی، رۆشــەنگەری، هــەروا مەدەنیەت، ئالێرەدا گەورە دەبێ.

کۆمــەڵی مــەدەنی .. کۆمەڵێکە پەیوەست بووە بە بوونی دەســەڵاتی دیموکراسی دەوڵەتی سەربەخۆوە، کەچی کوردەواری نەك ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتە دیموکراسییە سەربەخۆییەی نەبووە، بەڵکو هەموو دەسەڵاتەکانی دیکە، کە دژی مەدەنیەتن، بوونیان هەیە. ئەمە لە کاتێکدا هەلومەرجی جیهانی وەکو ئێستای دوای جەنگی ساردیش نەبووە یارمەتی پێشکەوتنی کۆمەڵی

کوردستانی بدا. بەشێکی زۆری هاوولاتی کوردەواری، یان بەستراونەتەوە بە دەسەلاتی خێل، بنەماڵە، رەچەڵەك و بنەچەی تایبەتیان، یان لەژێر هەژمونی (هیمنە)ی ئەو دەسەلاتانەدان ( جگە لە هەژمونی داگیرکەرانیش!). زانینی ئەو راستییانە سەبارەت بە تایبەتمەندێتی کوردەواریو چۆنیەتی دارشتنی بەرنامەی گۆرینیان بە ئاقاری گۆرانکاری مەنتیقی لە هەموو بارێکەوە، (بەمەدەنیەتیشەوە) مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگن. تەنانەت گرنگتریشە لە تێگەیشتنی گشتی ئەندێشەو فەلسەفەکان. چونکە ئەگەر هەموو ئەندێشەو فەلسەفەکان ئەزبەرمان، بەلام بەوردی لە تایبەتمەندێتی کۆمەڵەکان تێ نەگەین، وەکو ئەوە وایە باسی تێزەکانی ( ئاینیشتاین) بۆ نەخوێندەوارێك بکەیت و چاوەرێش بیت سەراپا بگۆرێت.

دیارە .. ئەوبۆچونانە، ناکرێ وا لێك بدرێتەوە کە بەرنامەکانی گۆرانکاریو بەمەدەنی کردنی کۆمەڵ، لە کوردەواریدا، کارێکی ئەستەمە. نەخێر، مەسەلەکە ئەوەیە کە هەتا خۆمان باشتر بناسین، لە واقیعەکەمان ووردتر بینەوە، دەشتوانین بەرنامەی گۆران و مەدەنیەتمان، باشتر جێبەجێ بکەین. بشگەینە ئەنجام و ئامانجی بەرچاویش.

سەبارەت بە دۆخی کۆمەلایەتی کوردەواری بەو چەشنەیە کە هەیە، سەبارەت بە هەلومەرجی سیاسی کوردستانیش (بە تایبەت باشوری کوردستان)،ئەمیش هەلومەرجێکی تایبەتی هەیە کە لێوردبونەوەی بۆ بە هەڵەنەچوون، زۆر گرنگە. پێش ئەوەی باسی باشوری کوردستان بکەین، لە هەلومەرجی سیاسی سەراپای کوردستانەوە دەچینە ناو باسەکە.

ئاشکرایەکە نەتەوەی کورد دوور لە خواستی خۆی پەستێنراوەتە ناو چوارچێوەی دەوڵەتانی داگیرکەریەوەو هەر چێوەیەکی تەپێنراوەتە قالبی یاساو کولتوری یەکێك لە وولاتەکان، لێرەشدا،لەسەرەتای داگیرو دابەشکردنی کوردستاندا، داگیرکردنەکەی کوردستان وەکو نیشتمانە راستەوخۆ داگیرکراوەکان نەبوو. بۆ نمونە: ولاتانی عەرەب .. وەکو ولات لەلایەن ئیمپریالیزمەوە داگیر کران. تورکیاو ئێرانیش هەروا. ولاتانی ئەفەریقیاو شێوە قارەی هیندیش، ئەمەریکای لاتین و مەرکەزیش، هەر بەو چەشنانە. بەلام نەتەوەی کورد .. لە داگیرکردنیشیدا چارەرەش بوو. کوردستان، راستەوخۆ

داگیرنەکرا، بەڵکو لەرێگەی داگیرکراوێکی دیکەوە، داگیر کرا، واتە: کراینە داگیرکراوی داگیرکراو. ئەم داگیرکراوی داگیرکراوە، یەکێکە لەنەهامەتییە هەرە ناڵەبارەکانی هەلومەرجی سیاسی کوردستان .. بە تایبەتی لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانەوە. لەوساوە تا ئێستا، خوێن مژراو، خوێنمان دەمژێ، چەوسێنراو، دەمانچەوسێنێتەوە. دزراو، دەمان دزێ. ئەم خوێن مژین و چەوساندنەوەو دزینەی نەتەوە سەردەستەکانی فارس و تورك و عەرەب، پێنج سەدە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانیەوەو پاشان لەلایەن ئیمپریالیزم و دوای ئەمەش بەهۆی نەهاتنە سەر کاری حکومەتێکی دیموکراسییەوە لەناوچەکەدا، وای لە بۆرژوای ئەم نەتەوانە (تەنانەت زۆربەی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانیشیان) کردووە لە:

- شێوەی حوکمڕانیدا، دیکتاتۆر.
- بۆ نەتەوەکانیان، نەتەوە پەرست.
- لەمەسەلەی ئاین دا، دۆگم.
- لە بینای دەوڵەتی عیلمانیدا، موحافیزکارین .. تاد.

ئەم دیاردە سلبیانە، هەم ژیانی کوردیان لەناو دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا دژوار کردووە، هەم پێشکەوتنێکی ئەوتۆش رووی نەکردۆتە کوردەواری. بۆیە سەرەنجامی ژیانی بە زۆرە ملێی سیاسی کوردو نەتەوەکانی عەرەب و فارس و تورك، لەرووی سیاسیەوە، هەردەم گەیشتۆتە شەڕوشۆڕ، لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە، بەش مەینەتی و دواکەوتویی زاڵە. ئەگەر لەرووی کولتوریشەوە، یان پێشکەوتنەوە، سودێك لەنەتەوە سەردەستەکان بینرا بێ، بە زۆری سودەکان لە روناکبیران و هەندێ حیزبی ئۆپۆزسیۆن و رەوتی نوێگەری دوور لە چینە دەسەڵاتدارەکان بووە. یاخود، وەکو پرۆسەیەکی بابەتی پێکەوە ژیان ئەو سودانە بینراوە. نەك وەکو خزمەتی پێگەیاندنی تایبەت بە کوردستان.

لەم پابەندی و پەیوەندیانەوە کە سەپێنراونەتە سەر گەلەکەمان،سەیرێکی پێشکەوتنی کوردەواری و مەدەنیەت لە کوردستاندا بکەین، هەڵبەتە لەنەتەوە سەردەستەکانیش دواکەوتوترین. چونکە بەشی زۆری چەمکەکانی پێشکەوتن و بنچینەکانی مەدەنیەت، هەتا ئێستاش، لەناو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە دەگوێزرێنەوە. ئاشکراشە ئەو کۆمەڵ و کەمینانەی لە سایەی ئەم

دەوڵەتانەدا دەژین، خۆیان لە کاروانی پێشکەوتن و کۆمەڵی مەدەنی جێماوون. وەکو جێماویشن جۆرەها فلتەری شۆڤێنیەت، ئاین، نەتەوە سالاریان بەرامبەرمان هەیە، هەر بۆیە، چەند ئەوان لەکاروان جێماوون، ئێمە لەوان جێماوترین. تەنها ئەوەی لێ دەرچێ کە خەباتی بەرەنگاری گەلەکەمان وای کردووە حیزب و روناکبیران و بەهرەمەندانی کوردستان، بەدەر لەدەسەلات و مەرامی داگیرکەران، هەولێ تایبەت بدەن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و جێبەجێکردنی بەرنامەی نوێکاری لەهەندێ رووەوە بەڵکو ژانی بەرەنگاریەکەش، داهێنانی پێشکەوتوتریشە لەهی نەتەوە سەردەستەکان، هەندێ جار خولقاندووە.

(٤)

## کۆمەڵی مەدەنیو .. ئەزمونی کوردستان

باشوری کوردستان .. لە حوکمڕانی شێخ مەحمودەوە، بەرە بەرە دۆخێکی سیاسی تایبەتی .. جیای کردۆتەوە لەبەشەکانی دیکەی کوردستان.بێگومان رەگوریشەی ئەم دۆخە سیاسییە تایبەتیە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی میرنشینەکان ( ئەگەر کۆنتریش نەبێ). ئەم رەگوڕیشەیەش پەیوەندی بە جوگرافیا، ئابوری، ژیوپۆلیتیك، و دۆخی سیاسی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانیەوە سەبارەت بە باشوری کوردستان هەیە.

لە خۆڕا .. زاری سۆرانی کوردی بەم چەشنەی ئێستا لەباشوری کوردستان پێش نەکەوتووە کە ببێتە زمانی رەسمی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق و ئێرانیش دا؛ هەروا، رێکەوت کەڵەشاعیرانی کوردی لە باشوری کوردستان دروست نەکردووە، یاخود بەردەوامی خەباتی بەرەنگاریش لە خۆڕا نەهاتۆتە ئارا، ئەگەر لەبەرەنگاری میرو میرنشینەکانی کوردستانەوە بڕوانینە مێژووی بەرەنگاری کوردایەتیو پاش جەنگی یەکەم و دووەمیش لێك بدەینەوە،دەبیبنین بەرەنگاری میرنشینی بابان بەردەوامییەکی زیاتری هەبووە، دوای ئەوەش،راپەرینە چەکدارییەکانی بارزانییەکان، شێخ مەحمود، راپەرینی بەردەرکی سەرا، پاشان راپەرینی بارزان و شۆڕشی ئەیلول، شۆڕشی نوێ، راپەڕین، بەردەوامی راپەڕین، ئەم بەردەوامییە لەخەبات وای کردووە کە دۆخێکی سیاسی تایبەت لە باشوری کوردستان بخولقێ. بێگومان ئەم دۆخە تایبەتییە، کاری کردۆتە سەر باری

کـوردەواریش. کـوردەواری .. وەکـو کۆمـەڵی گـەلێکی ژێردەسـتە، لەباشـوری کوردستاندا ، لەلایەکەوە لکێنراوەتە قـەوارەی سیاسـی عێراقـەوە، ئەمـەش وای کردووە دۆخی سیاسی، باری کۆمەلایەتیو کۆششی روناکبیری لە عێراقـدا، هـەتا رادەیــەك کــاری تــێ بکــا. لەلایــەکی دیکەشــەوە، ئــەو رەگ و ریشــە کۆنــەی کوردایـەتیو کولتـوری تایبـەتی لـە باشـوری کوردسـتاندا، تایبەتمەندێتییەکـەی کوردەواری باش پاراستووە، تەنانـەت لەناوچـە تـەعریب کراوەکانیشـدا، نـەریتی کوردەواری ریشەکێش نەکراوە.

عێراق .. وەکو ولاتێکی داتاشراوی کۆلۆنیالیزم ( بەم قەوارەیەی ئێستای کـە باشــوری کوردســتانیش دەگرێتــەوە) لــەدوای جــەنگی یەکەمــەوە، کولتــوری مەدەنیــەت، بەشــێنەیی لــەناویا بلاوبۆتــەوە. کولتــورێکیش بەشــێنەیی لەناوقەوارەیەکی داتاشراودا بلاو بوبێتـەوە، کـە قـەوارە داتاشـراوەکە پێشـتر لـە باکور و ناوچـەی ناوەڕاسـتی (الجنـوب والمنـاطق الوسـطى) لـە دەوارنشـین پێـك هاتبـێ، هەڵبەتـە سـاڵەهای خایانـدووە هـەتا ئـەو کولتـورە بەشـێنەیی تەشـەنە سـەندووە، بگوێزرێتــەوە بــۆ کوردســتان . بەتایبــەتی کوردســتان ئــەو کاتــە کێشەکەی هێندە قوڵبوو یەکەمین پەیمانی نێو دەوڵـەتی (سـیڤەر)ی بـۆ مـۆرکرا. پاشـان حـوکمڕانی شـێخ مـەحمود و ڕاپەڕینـەکانی وایـان کردبـوو بەربەسـتێکی گـەورە لـەنێوان گیـانی بـەرەنگاری کـوردەواری و تـەوژمی سـەپاندنی قـەوارەو سیاسـەت و چـەمکی عێراقـی، درووسـت بـێ. زانایـەکی سۆسـیۆلۆژی گـەورەی عەرەبی عێراق، دەڵێ:

( ناوچـە شـاخاوییەکان: دەکەوێتـە گۆشـەی بـاکوری رۆژهـەلاتی عێـراق، زۆرینــەی دانیشـتوانی کـوردن. کەمینەیـەکی تورکمـانیش لـەو شـارو گوندانـەدا دەژین کە لەسەر هێڵێکی راستدایە .. هەروا دەڵێ:

ئەم هەرێمە ناکەوێتە ناو بازنەی باسەکەم. شایەنی توێژینـەوەی تایبەتیـە .. هەروا لەدرێژەی هەمان باسدا، روونـی دەکاتـەوە کـەوا: هـۆزە دەوار نشـینەکانی هاتوو لە بیابانەکانەوە نەچونەتە نـاو ئـەم ناوچـانەوە. کـارێکی ئەوتۆشـیان تـێ نەکردووە. لە کۆتاییشدا باس دەکا کە: ئەو ململانێ رووناکبیرییەی لێرە خولْقـا، لەهەندێ روەوە جیاوازترە لەوەی لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا خولْقا.)[٢]

[٢] الدكتور على الوردى / دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، ص:١٤٣

دکتۆرێکی عەرەبی عێراقی کە یەکێکە لە باشترین توێژەرەوەی سوسیۆلۆژی ئاوا باسی عێراق و کوردستان دەکا. لەلایەکەوە، ساغی دەکاتەوە کە کۆمەڵی عێراق کۆمەڵی دەوارنشین بووە. ئەوەش ساغ دەکاتەوە کە کوردستان نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵی عێراقەوە. دەشی سەلمێنێ کە کوردستان خاوەنیململانێی روناکبیری خۆیەتی. ئەمە جگە لەوەی دان بە زۆرینەی کوردو کەمینەیی تورکمانیش دا، لە کورستاندا دەنێ. ئەمەش، رێك و رەوان ئەو راستییە مێژوویییە دەردەخا کەوا: وێرای ئەوەی بە درێژایی هاتنی شەپۆلەکانی ئیسلام و کولتوری ئیسلامگەری، بە زەبری شمشێرو تەوژمی (قورئان) و ( خواوەند)، هەوڵدراوە کوردو کولتورەکەی بتوێنرێتەوەو کوردەواری لە قاڵبی کۆمەڵێ عەرەب بدرێ، سوودی نەبووە. کە دەوڵەتی عێراقیش دامەزراوە، ئەم هەوڵە خراوەتە چوارچێوەیەکی یاسایی – سیاسی کۆلۆنیالیستی و روانگەی نەتەوەی سەردەستی عەرەبەوە، دیسان سوودی نەبووە.

کوردستان .. سێ چارەکە سەدەی لەناو زیندانی چارەی خۆنووسین نەسەلمێنەری دەوڵەتی عێراق بردۆتە سەر. لەو سێ چارەکە سەدەیەدا، جیهان گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە دیوە، هەتا گەیشتۆتە سیستەمی نوێی جیهان و قسە لەوە دەکرێ جیهان بەرەو جیهانگیری (عولمە) ئاڕاستە دەکرێ. بەڵام لەعێراقدا، هەمیشە حکومەتەکان:دکتاتۆر، تۆتالیتارو شۆڤێنی بوون. دیموکراسی لەم دەوڵەتەدا نەبووە. ئازادی دابین نەکراوە. هەر بەو پێیەش، کۆمەڵی مەدەنی بە چەمکە فراوان و بنەما بابەتییەکەی لەم وڵاتەدا، نەبووە، کۆمەڵی عێراقی عەرەبی راستەوخۆ لەژێر رکێفی حکومەت و حوکمڕانەکاندا بووە کە دەرەتانی دیموکراسی بۆ دام و دەزگای مەدەنی و ئازادی هەڵسوڕانی مەدەنیەت، زۆر کەم بووە. ئەم راستییە لە سایەی قەڵەمڕەوی بەعسیدا سەبارەت بە مەدەنیەت، کوشندەتر بووە، بەعس نەك هەر ئازادی دام و دەزگاو رێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکانی نەدەدا، بەڵکو سەراپای کۆمەڵی عێراقی عەرەبی خستبووە ژێر کۆنترۆڵی دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات، سەرجەم رێکخراوە پیشەییەکانیشی کردبووە دەسکەلای خۆی و سەربەخۆیی رێکخراوە دیموکراتییەکانیشی بە رادەیەك بەخەتەر دەزانی، یاسای ئیعدام کردنی هەموو

کەسێکی دەرکرد کە لەرێکخراوێکی دیموکراسی نهێنیدا، تێبکۆشێ! ئەمە جگە لەوەی دەزگای چاپ و چاپەمەنی ئازاد، رەوتی رووناکبیری ئازاد، زانکۆو پەیمانگای ئازاد .. لە عێراقدا، بەتەواوەتی قەدەغەیە. ئەو سیاسەتە لە عێراقی عەرەبیدا، بۆ بەعس کە حیزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەبییە ئاوایە کە هەق وابوو لە کۆمەڵێ عەرەبی عێراقدا کە بەشێکە لەنەتەوەی یەعروبی، بۆ بەعس بەو چەشنە نەبوایە، دیارە بۆ کوردەواری، کە بەعس هەرگیز لێی دڵنیا نەبووە، بەشێك بووە لەنەتەوەی کورد، هەمیشە لە بەرەنگاریدا بووە، بێگومان بەعس بەرامبەر کوردستان چۆن لەڕووی سیاسیەوە دیکتاتۆرو شۆڤێنی بووە، لەڕووی ئازادی هەڵسوڕانی مەدەنیەتیشەوە، کۆنەپەرست بووە.

ئەوەتەی بەعس سەرکاری عێراقی کۆنترۆڵ کردووە، کوردستانی بەشی عێراق دووچاری چارەڕەشی هاتووە،لە دیموکراسی بێ بەشە. ئەم بێ بەش بوونەی لە دیموکراسیش، بێبەشی کردووە لە هەموو مافەکان. مافی مەدەنیش بەشێکی گرنگی پرۆسەی دیموکراسییە. چونکە بەسەرهەڵدان و سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی، بنەمای ئابوری یەکخستووی کۆمەڵ و چینەکانی کۆمەڵ درووست بوو، هەر سەرەنجامی سەقامگیربوونی ئەو بنەما ئابوورییەو یەکخستنەی کۆمەڵیش، تاك وەکو تاکی هاووڵاتی، بوو بە خاوەن کەسایەتی خۆی. واتە: کەسایەتی هاووڵاتی سەربەخۆ، زادەی شۆڕشی دیموکراسییە. ئەم کەسایەتییە سەربەخۆیەی هاووڵاتیش، لەناو هیچ وولاتێکدا، ناخولقێ، ئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵ لێك یەکالا نەبن. گەرچی، زانستی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە مەودایەکی فراوان لەنێوان یەکالابوونی کۆمەڵ و دەوڵەت، هەروا، هاووڵاتی و کۆمەڵ، دیاری بکا. وەکو حاڵەت، یەکالایی کۆمەڵ بناغەی سەربەخۆیی تاکە. بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین: ئەگەر ئەم لەدایك بوونە جمکیش بووبن، لەدایك بوونی یەکالایی کۆمەڵ پێش کەوتووە. ئینجا تاك. کاتێك کۆمەڵێك و هاووڵاتییەکانی، لەدەوڵەت و مەرکەزیەتی حوکمڕانی یەکالابوون و ساغبونەوە، هەنگینی دەشێ لەبنەماکانی زانستی کۆمەڵی مەدەنی و مەدەنیەت، باس بێتە ئارا.

(٥)

## مەدەنیەت و .. کۆمەڵی ئێستای کورد

کۆمەڵی ئێستای کورد لە باشوری کوردستاندا، بەشێکی زۆری ئازادە، بەڵام کوردستان سەربەخۆ نییە. هەلومەرجێکی تایبەت بۆحکومەتی کوردستان و هەڵبژاردنی فیدرال، رەخسا. ئەم هەلومەرجە بە هەموو کارەسات و دۆخە نالەبارەکانیەوە، حەوت ساڵ درێژەی کێشاوە، لەدوای جەنگی یەکەمەوە، درێژترین حوکمڕانی کوردستانییە. هەڵبەتە، فیدراڵ و حکومەتی کوردستان، لەڕووی : یاسایی، ئابوری، ئیداری، روناکبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، بەرەبەرە کاریان کردۆتە سەر کۆمەڵ و کۆمەڵی کورد(کوردەواری) لەم حەوت ساڵەدا، گوڕو گیانی خۆیی و ناوخۆیی خۆی، وردە وردە ژیاندۆتەوە. گەرچی هێشتا سەرەتای پرۆسەی کۆمەڵایەتییەکی سەربەخۆیە بۆ کوردەواری، بەڵام سەرەتایەکی باشە، بەتایبەتی ئازادییەکانی ئێستای کوردستان کەوتۆتە هەلومەرجێکی جیهانیو جیهانگیری ئەوتۆوە، هاندەرەکانی ووزە خەفەکراوەکانی کوردەواری خێراتر ئەو ووزانە دەبوژێنێتەوە. لەبەر ئەمەش دەبینین، سەرەڕای ئەوەی لە سێ چارەکە سەدەی رابردوودا، کوردەواری ژێر دەستەی داگیرکەرە شۆڤێنییەکانی عەرەب بووە، بە تایبەتی لە ( ١٩٦٣) بە دواوە( لەوەوبەریش حکومەتەکان ناسیونالیستی عەرەب بوون) کەچی راپەڕین هەناوی کوردەواری ژیاندەوە و زوو هێنایەوە سەرخۆی. ئەمە لەکاتێکدا بەعس بناغەی ئابوری کوردستانی بەوەی دێهاتەکانی راگواست و ئەنفالی کردن هەڵتەکاند. شارەکانی کوردستانیشی کردە شاری مشەخۆر نەك بەرهەم هێن، جگە لەوەی لە وڵاتێکی مشەخۆری سەرمایەداری دەوڵەتیدا، بەنەخشەیەکی تایبەتی لە کوردستاندا گیانی خێڵەکی و هۆزایەتی و خزمایەتی دەژیاندەوەو سەدان جاش و جاشی سووکی درووست کردەوەو پارەیەکی بێشوماری خستنە بەردەست، چاوی لەو خەڵکانەش پۆشی لەو سەرەك جاشانە کۆدەبونەوە نەچنە عەسکەری لەشەڕی (عێراق – ئێراندا) ئەمە لەکاتێکدا توندترین سزا بۆ نەچوونە عەسکەری هەبوو. لەو کاتەدا ئەم کارانە بەمەبەستی ئەوە دەکران کۆمەڵی کوردستان لەبەریەك هەڵوەشێنێتەوە و بیگێڕێتەوە بۆ سەدەی پێشوو، بەمەش، بەم ژیاندنەوەیەی جاش و گیانی خێڵخوازی، هەستی نەتەوایەتی کزتر دەکردو

ئەقڵی شارنشینی لاوازو کولتوری مەدەنی لەناو دەبرد. بەڵام راپەڕین هەموو ئەو نەخشانەی پوچەڵ کردەوەو رەوتی گەشەکردنی کوردەواری خستەوە سەر پرۆسەی بوژاندنەوە. دیارە، وەکو گوترا، ئەمە سەرەتای پرۆسەیەکی دوورو درێژی مێژووییە، سەرەتایەکی ئاوا نە زۆر دڵخۆشمان بکاو نەواش بزانین، ئەم سەرەتایە هیچ نییەو سەرەنجامیشی نابێ. کورتییەکەی نەپێی لێ هەڵبڕین و نەپێی لێ دابگرین. سەرەتاکە وەکو خۆی هەڵبسەنگێنین.

ئەوەی لەم باسەدا گرنگە ئەوەیە کەوا بە چ پێوەرێك باس لەمەدەنیەتی کوردەواری، یان بەمەدەنی کردنی کوردەواری، یاخود خەبات کردن لە پێناوی مەدەنیەت لە کوردستاندا، بکەین؟ لە کاتێکدا کوردستان ولاتێکی سەربەخۆ نییە.لەکاتێکدا هێشتا مەترسی لەسەر ئەزموونی فیدرالی ئێستای بەتەواوەتی لە ناخی مرۆیی کورددا، نەڕەوێنراوەتەوە. بەڵکو هەندێ جار بەسیاسەتی هێزە بالا دەستەکانیش، نیگەرانی قوڵ دەکرێتە بەشی خەڵك.

راپەڕین .. سەرەڕای کارەساتە جەرگ بڕەکانی شەڕی ناوخۆو ئەو کاریگەرە زیانبەخشانەی لەسەر کوردەواری، ئەزمونەکەی کە لەناو نەبرد، ئیدی پێویستە ئەزمونەکە بە ئەزمونتر بکا. بە ئەزمونتر کردنی ئەزمونەکەش، چەند پێویستی بە سیاسەتی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی ئازادی زیاترە، هێندەش پێویستی بە خەبات کردنە لە پێناوی دەستورێکی هەمیشەیی، کەلەسایەیدا، ئەرکەکانی دیمەکراسی فیدرالی و حکومەتی هەڵبژێردراو، بەرەبەرە ساغ بکرێتەوەو کوردەواریش وەکو کۆمەڵێکی ئامانج مەدەنیو مەدەنیەت، یەکالا بکرێتەوە، ئینجا مرۆی کوردیش .. وەکو هاوولاتییەکی کوردستانی، نەك وەکو کەسێکی سەر بەم خێڵ و بەو هۆز، شوێنی شیاوی خۆی لە خزمەتکردنی گەل و کوردستاندا بدۆزێتەوە.

راستە ئێستا کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆی تەواو نیە، بەڵام وەکو جاران نەژێر دەستەین و نە هەقیشە رێگە بدەین جارێکی دیکە بمانگێڕنەوە بۆ دۆخی ژێر دەستەیی. ئەم دەستکەوتانەی هاتونەتە دی، ئەگەر جارێ نەتوانین زیادی بکەین، ناشکرێ رێگە بدەین هەڵمان بدێرن. لەسەر ئەم زەمینەیەی کە هەیە، زەمینەی قۆناغی فیدراڵ .. پێویستە بیر لەمەدەنیەتی کۆمەڵێ کوردستان بکەینەوە. کۆمەڵێکی مەدەنی کوردستانی کە جگە لە کوردو کوردەواری،

کەمینــەکانی کوردســتانیش لــە ســایەیدا نــەك هــەر بمێننــەوە، بــەڵکو بواریــان برەخســێ توانائشـیان بخەنــە خزمــەتی چــۆنیەتی بــە مــەدەنی کردنــی کۆمــەڵی کوردستانی.

هەموو کۆمەڵەکانی جیهان، تایبەت لە کۆمەڵە فرە ملل‌یو کەمینـەکان، تـەنیا بەسیاسـەت نـەیانتوانیوە سـەرجەم کێشـەکانی هـەناویان و نێوانیـان چارەسـەر بکەن، با چارەسەرە بنەڕەتییەکانیش چارەسەری سیاسی یـان یاسـاییش بـوبن، بــەڵام کێشــەی زۆریــش هــەن بــە: ئەقڵانیــەت، عیلمانیــەت، مەدەنیــەت، دیموکراسیەت، رۆشنگەری، نوێگەری، رووناکبیری، لە جیهاندا چارەسـەرکراوون. چارەسەرێکی گونجاوی هاوچەرخانەش.

ئەگەر جاران .. بوونی دەوڵەتێکی سەنتراڵو دام و دەزگاکانی حوکمڕانی بـۆ جیاکردنـەوەی وڵات و کۆمـەڵێك لەیـەکێکی دیکـە، پێویسـت بووبـێ، هـەر بـەو هۆیەشەوە، نەتەوەیەك، گەلێك یـان کۆمـەڵێك تـوانیبێتی توانـای بینـاو بونیـادی خـۆی، بەمەسـەلە مەدەنیەکانیشـەوە، بخاتـە گـەڕ، ئـەوا سـەردەمی ئێسـتا جیاوازییـەکی هەمـە لایەنـەی لەسـەردەمەکانی پێشـوو هەیـە. سـەردەمی ئێسـتا نەمانی قۆناغی جەنگی ساردە، سەردەمی یـەك سیسـتەمی و هـەوڵی سیسـتەمی نـوێی جیهانیـە، سـەردەمی جیهـانگیری (عولمـە – گلۆبالیزاسـیۆن)یـە، ئـەم سەردەمە بەرە بـەرە سـەرجەم بـاری ئـابوری، سیاسـی، یاسـایی، کۆمەڵایـەتیو پەیوەندی ئادەمیزاد دەگۆڕێ. ئـەوەی لەسـەردەمەکانی پێشـوو رێسـای نـەگۆڕ بوون و ملیۆنەها مرۆڤیان لە پێناودا بە خت دەکرا، لـەم سـەردەمەدا بـەبێ تاقـە قوربانیەکیش لە ژێر تەوژمی گۆڕانکاریەکان، هیچ رێسایەکی نەگۆڕ خـۆی نـاگرێ و گـۆڕان و گۆڕانکـاری کـون و کەلەبـەری جیهـانیش دەگرێـتەوە. بێگومـان کوردسـتان لـە رۆژهەڵاتـدا بـە حـوکمی هەڵکەوتـە جوگرافییەکـەی و بایەخـە ژیۆپۆلیتیکەکەی و چڕی دیموگرافیەکەیەوە، گرنگییەکی تایبـەتی لـە ناوچـەکەدا هەیە، بۆیە دەبینین، بەسەرکەوتنی راپەڕین و سـەرەتای پرۆسـەی بوژاندنـەوەی کۆمــەڵی کوردســتان، هــەر زوو دۆخــی کوردســتان تێکــەڵاوی ســەرەتای گۆڕانکارییەکانی سەردەم بوو، رێکخراوەکانی (N.G.O)یش، رێکخراوە غـەیرە حکومییەکان کە بەبەشێکی گرنگی پرۆسەی مەدەنییەتی جیهانی دەژمێردرێت، ئەم رێکخراوانە توانییان بەئاسانی شوێنی خۆیان لە کوردستاندا بکەنەوە.

هەلومەرجی جیهانی، دۆخی کوردستانی، گیانی سەردەم، سەرجەم لێك بدەینەوەو پێکەوەیان ببەستین، یان ئاکامی کارلێکردنیان (تفاعلات) تاوتۆی بکەین، دەتوانین پێشهاتی ئایندەیان پێشبینی بکەین. هەرچەندە کوتومت پێشبینی کردن دژوارە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین : شارستانیەتەکانی جیهان، مەدەنییەتەکانی جیهان ، کولتورەکانی جیهان، دەرەتانی ئەوتۆیان لەژێر تەوژمی گۆڕانکاریەکان بۆ دەرەخسێ، باشتر تێکەلاوبن، خزمەتی یەکتر بکەن ، کەموکوریەکانی یەکتر پارسەنگ بدەنەوە . هەتا دێت سنورە دەستکردەکانی جیهان ، ڕێبازی ناسیۆنالیزمی رەگەز پەرستی، دەمارگیری ناوچەگەرێتی، توندڕەوی ئایدیۆلۆژی، دۆگماتیزمی مەزهەبی، پاشەکشە دەکەن؛ کۆمەڵەکانی وەکو کوردستانیش کە ڕۆژگارە نالەبارەکانی جیهانی ڕابوردوو، بەبێ مافی، حەوالەی ئەم ڕۆژگارەی کردون، ئەم کۆمەلانە گەر بێتو وردو درشت ئاگایان لەگیانی بەردەوام روو لەگۆڕانکاریەکانی سەردەم هەبێ و تێکەلاوی کاروانی سەردەمەکە ببن، دەشێ ئەم کۆمەلانە، سەرەڕای بێبەش بونیان لە هەندێ بنچینەو چەمکەکانی بینای دەوڵەت و بینای مەدەنییەتی رابوردوو، لەم سەردەمەدا، دەشێ گۆڕنکارییەکان بکەنە مایەی پارسەنگی بەشێ لەو بنچینەو چەمکانەی لێیان بێبەش کران و لەسەر زەمینەیەکی نوێ، خۆیان بینا بکەنەوە. بەلام زەمینەیەکی نوێی دەست نیشانکراوی زانستیانە، نەك نوێیەکی دابڕاوی لاسایی کردنەوە بەپاساوی نوێکردنەوە. چونکە سەردەمەکە چەند ژانی بەگۆڕانکاری هەمە لایەنە گرتبێ، چەندیش گۆڕانکاریەکان لە زایگای خۆیاندا (ئۆرپا) قولبن، جیهانگیربن، هێشتا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە نەتەوەکانی وەکو ئێمە بتوانن فۆتۆکۆپی گۆڕانکاریەکان بکەن. فۆتۆکۆپی کردنی کوتومتی ئەزموونەکانی مەدەنی و ئەقلانی و عیلمانی، لەم سەردەمەشدا هەڵەیەکی کوشندەیە. گەرچی گۆڕانکاریەکان قولبن و خێراتریش پێش بکەوون. گۆڕانکاری قوڵ و خێرا پاسەپۆرتی لاسایی کردنەوە نییە، بەڵکو هەوێنی ووردبونەوەو هاندەری دارشتنی بەرنامەی ئۆرگانیکی و چالاکی ئۆرگانیزمییە.

لەو پێودانگەوە.. دەتوانین دوپاتی بکەینەوە کەوا : وێڕای ئەوەی کوردستان لەسێچارەکە سەدەی دامەزراندن و سەپاندنی دەوڵەتی مەرکەزی عێراقدا،

دەرەتانـەکانی گەشـەکردنی سروشـتی کۆمـەڵ و کۆمەڵایـەتی لـێگیراوون، بـەڵام پێکهاتەی کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتی لـەناو ژانـەکانی بەرەنگاریـدا، پـارێزراوون. ئیدی ئێستا هەم ئەزمونی بینای بونیادەکانی کۆمەڵی کوردستان دروست بووەو هەم ڕۆژگارەکەش پشتیوانمانە. ماوەتـەوە سـەر خۆمـان، ئایـە، خۆمـان هـەمان ڕێگاکانی سیاسی و دەوڵەتی کۆن دەگرینە بەر،یاخود سـوود لەگۆڕانکارییـەکانی سەردەمە بەگیانی سەردەم بۆ بونیـادە نوێکـانی کۆمـەڵ وژیـانی کۆمەڵایـەتیمان وەردەگرین، ئەگەر ڕێگاکانی کـۆن بگرینـە بـەر، ئـەمجارەیان خۆمـان بەدەسـتی خۆمـان کـوێرە ڕێ دەگرینـە بـەر. چـونکە ئێسـتا خـودی حکومەتـە کۆنـەکان دەگەڕێن بەدوای ڕێچکەکانی دەربـازبوون لـەو چوارچـێوە کۆنانـە، ئیـدی بۆچـی ئێمە کە لە ڕابوردوودا بەغـەدر کـۆن ڕێگـا کۆنـەکانیان لێگـرتین و زیـانی زۆریـان پێگەیاندین، بەڵام ئێستا خۆمان بەدەستی خۆمان بەگرتنە بەری ئەو ڕێگا کۆنانە بەشێوەیەکی دیکە غەدرلە خۆمان بکەین.

( ٦ )

## سەردەم و .. مەدەنییەت

ئەگەر بەوردی لەگیانی سەردەمەکە بکۆڵرێتەوە: بنـەما ئابوورییەکـەی بـازاڕی ئازاد، ئازادییەکان، دەوڵەتی دیموکراسـی، سیسـتەمی ئیـدارەو گرنگـی زانیـاری، کاریگەری دیاردەنوێکانی تەکنەلۆژیای سەردەم، بایەخی ژینگە، پاراستنی مـافی مـــرۆڤ، ڕاگەیاندنـــەکان تایبـــەت (ســـەتەلایت و ئینتـــەرنێت)، پەیوەندییـــە سیاســـیەکان، پەیوەندییـــە نێـــو دەوڵەتییـــەکان، ئینتگراســـیۆن (وحـــدە) ئابورییەکان.. هەموو ئـەو دیـاردەو دەرکەوتنانـەی سـەردەم لـە جیهانـدا ئێسـتا خەسڵەتی جیهانگیرییان هەیە.ئـەم جیهانگیرییـە.. هـەر دەچەسـپێ. هـەر سـەر دەخرێ. وەکو هیچ حکومەتێك ناتوانێ بەئەقڵیـەتی حـوکمڕانی کـۆن بـەرەنگاری گۆڕانکارییە جیهانگیریەکان بێتەوە، نەتەوەکانی وەکـو کـوردیش دەبـێ ئاگایـان لەخۆیان بێت، ئاگایان لەخۆیان بێ کە: هەڵکەوتە جیهانییەکـە لـەکیس نـەدەن. سەلەفیەکان دوچاری گێرو گازیان نەکەن. کۆنەپەرستەکان بەهەڵەیاندا نەبەن.

مەیدانێك لەمەیدانە هەرە کاریگەرەکانی باشترین سوود وەرگرتن لە هەڵکەوتە جیهانییەکە، مەیدانی مەدەنیەتە. مەدەنییەت و کولتوری مەدەنی، پێش ئـەوەی جیهان وەکو ئێسـتا بـەرەو جیهـانگیری دیـاردەو دەرکەوتـەکان سـاغبێتەوە، لـە

گەوهەردا مەدەنییەت لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە سیفەتی جیهانگیری هەبووە، بۆیە، دەبینرێ، بەهاتنی کۆلۆنیالیزم، کولتوری مەدەنیەت زوو بڵاوبووەوە (هەروا پێشتریش). ئێستا کە گیروگازی کۆلۆنیالیزم وەکو کۆن نەماوە، دەرەتانەکان باشتر رەخسیون، گەلانیوەکو کورد کە بەمەبەست و بریار دوا خراون، هەقوایە باشتر لەو گەلانەی قەوارەو حکومەتیان هەیە، پەرۆشی قۆزتنەوەی هەلکەوتە جیهانیو جیهانگیریەکە بن. قۆزتنەوەی هەلکەوتەکەش، بەشێکی لەسەر حوکمڕانیو بەشێکی لەسەر ڕووناکبیران و بەهرەمەندانە. حکومەتەکان، لەسەریانە مەسەلە بنچینەکانی حوکم بە پێی تایبەتمەندیەکانی وڵاتەکانیان بچەسپێنن و چەسپاندنەکەش هەر دەبێ لەسەر بنەچەی دیموکراسیو ئازادی تەواو بێ. ڕووناکبیرو بەهرەمەندو خەڵکی بەتواناش ئەرکی سەرشانیانە تەواوی توانایان بۆ قوڵکردنی گیانی دیموکراسیو ئازادی حکومەتی هەڵبژێردراوی کۆمەڵ بخەنەکار کە دەستەبەری خستنە گەری ئازادانەی سەرجەم تواناو کەسەکانی کۆمەڵ بکا، بەرە بەرە کۆمەڵ وەکو کۆمەڵێکی یەکالا لەدەسەڵات بخرێتە سەر ڕەوتی سروشتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی. لەناو کۆمەڵێکی یەکالای واشدا، تاکی کۆمەڵ ببێتە تاکێکی هاووڵاتی خاوەن پەیامی شارستانی و مەدەنی. دیارە ئەم ئەرکانە، چەسپاندنی حکومەت و یەکالاکردنی دەوڵەت و کۆمەڵ و..ساغکردنەوەی هاووڵاتی ..تاد چەندین حاڵەتی لێك ئالاون. ئەم حاڵەتانە لەناو پرۆسەیەکی مێژووییدا وردە وردە ئەگەر بەرنامەو ئاراستەی باش هەبێ، دەچنە قاڵبی سروشتی خۆیانەوە.

ئەو حاڵەتانە.. قۆناغی دیاری کراوی جیاجیایان نییە. هەروەك ڕۆژگار لێکی ئالاندوون، گەشەکردنی سروشتیش یەکالایان دەکا. لەناو گەشەکردنی سروشتیشدا، ڕۆڵی خۆیو تواناکانی کۆمەڵ دەتوانن ببنە ماکێکی کاریگەری باشتری گەشەکردنەکە.

کۆمەڵی کوردستان..حکومەتی کوردستان و بونیادەکانی سەرشانی، ڕووناکبیران و تواناکان، تێکرا لەم هەلومەرجەدا ڕووبەڕووی ئەرکەکانیان بونەتەوە. پەیامی نوێ چاوەڕێیانە.ڕۆژگار لەبەرژەوەندیانە، چی دەکرێو چی ناکرێ، چی بکرێو چی نەکرێ ؟ ئەم پرسارانە لێتوێژینەوەو هەڵسەنگاندن و بەرنامەی وردو درشتیان دەوێ. هەلومەرجەکە دەیسەپێنێتە سەرشانمان و

بەشـێوەیەکی بابـەتی خسـتوینیەتە سـەر ڕێگاکـانی پێشـکەوتن و عیلمانیـەت ومەدەنییەت، لەسـەر ئـەم ڕێگایانـەی خراوینەتـە سـەری، ئێمـە نـاتوانین تـەنهاو تەنها بەبەرنامـەکانی سیاسـی رابـوردوو، بەقەناعەتـەکانی ئایـدۆلۆژی لەمەوبـەر، بەدەسەڵاتەکانی حیزبایەتی پێشوو ڕێگاکان ببڕین، بەرنامـەی نـوێ و سیاسـەتی نوێ و ئەقڵیەتی نوێ و هەڵس و کەوتی نوێ پێویستن؛ ئەم مەسەلە نوێیانـەش ، تەنها بە لاف لێدان، تەنها بە گفت دان، تەنها بـە دروشـم هەڵواسـین و هەڵوێسـت نوانـدن، نابنـە مایـەی بـاوەڕو بـڕوای خـەڵك، بـەڵکو بـە بەرنامـە، بـەپرۆژە، بەنەخشەی جێبەجێکراو دەکرێ کورد بەرەو ژیانی مەدەنی ئاڕاستە بکرێ .

کەم گەل هەیە بەقەد کورد کاسی شەرە تفەنگ کرابێ؛ کەم گەل هەیە بەقـەد کـورد تاسـاوی شـەڕی نـاوخۆ بـووبێ، کـەم کۆمـەڵێش هەیـە بەقـەد کـوردەواری کولتورە کاریگەرەکەی، یان کولتـوری دواکـەوتوی خێڵخـوازێ؛ یـاخود کولتـوری حیزبایەتی بەرەنگاری بێ. کاتێك کولتـوری کاریگـەری کۆمـەڵێکیش ، کەوتبێتـە نـاو مەنگەنـەی خێڵخوازیـو حیزبخـوازی، ئیـدی لـە هەلومـەرجێکی نـوێی وەکـو ئێستا دەردەکەوێ چەند پیرۆزە کۆمەڵێکی وەکو کوردەواری، خەباتی تیا بکـرێ ڕزگاری بێ لەناو مەنگەنەی هەردوو کولتورەکە. بە تایبەتی کولتـوری خێڵخـوازی کە سەراپا دژی شارستانیەت و مەدەنیەتی سەردەمە.

کۆمــەڵی مــەدەنی...کۆمــەڵێکی خــوازراوی ئێســتاو ئاینـدەیـە. ئـەم کۆمەڵـە مەدەنیە، چارەنووسی بێ ئەملاو ئەولای کۆمەڵی کوردستانیشـە. دەبـێ بـۆ ئـەم چارەنووسە، تێکۆشانی مەدەنیانە بکرێ. سەرەتا چەمکەکانی کۆمـەڵی مـەدەنی بە شێوەیەکی زانستی رونبکەینـەوە .. ڕوونیبکەینـەوە کـە مەدەنیـەت چـیـیە، چۆن سەری هەڵداوە، چۆن نش ونمای کردووە، بەرەو کوێ دەڕوا، ئەزمونـەکانی کۆمـەڵی مـەدەنی ولایەنـە پرشـنگدارەکانی، سـەرجەم لێـك بدەینـەوە، هـەروا، مەدەنیەت و ڕووناکبیری، مەدەنیەت و ڕەوشتی مـەدەنی، مەدەنیـەت و زانسـت، مەدەنییــەت و ڕاگەیانـدن، مەدەنیــەت و فەلســفەکان، مەدەنیــەت و ئــازادی، مەدەنیەت و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، مەدەنیەت و: ئاین، داب و نەریت، کەلەپور، فۆلکلۆر، بیروڕای گشتی، یاسا، سیاسەت، ئایدۆلۆژی، نوێگـەری؛ و مەدەنیـەت و کەمینــەکان، مەدەنیــەت و شــارەکان، مەدەنیــەت و گونــدەکان، مەدەنیــەت و پیشەسازیەکان؛ هەروا: مەدەنیەت و نیشتمان، مەدەنیەت و گـەل، مەدەنیـەت و

نەتــەوە، مەدەنیــەت و ڕێکخــراوە جیهانییــەکان، مەدەنیــەت و تەندروســتی، مەدەنیــەت و عەدالــەت، مەدەنیــەت و یەکســانی ژن و پیــاو، مەدەنیــەت و باوکسالاری، مەدەنیەت و شەرع و شــەریعەت، مەدەنیــەت و منــاڵ، مەدەنیــەت و ژینگــە، مەدەنیــەت و ئــاژەڵ، مەدەنیــەت و ڕێکخــراوە دیموکراتیــەکان، روناکبیرەکان، چاپخانەکان ، زانکۆکان، پەیمانگاکان، خوێندنگاکان، حیزبــەکان، پەرلەمان..تاد . ئەوانە بەشێکن لەجیهانی مەدەنیەت و لەڕوانگەی مەدەنیشەوە، دەبێ هەڵوێستی مەدەنیان لەسەر رونبکرێتەوە. خــەباتیان بــۆ بکــرێ. ئەمانــەش ســەرجەم: لــەخۆبوردنی هــەتا رادەیــەکی دەســەڵاتی دەوێ، پاشەکشــەی دەوێ، پاشەکشەی ئایــدۆلۆژی دەوێ، نــەرم نوانــدنی حیزبایــەتی دەوێ، واز هێنــانی لــە ئەقڵیەتی خێڵخوازی دەوێ.

چارەیەك...جگــە لەچارەســەری دیموکراســی، جگــە لەپەیوەنــدی ئۆرگــانیکی دیموکراســـی وعیلمـــانی، جگـــە لەبەســـتنەوەی عیلمانیـــەت و مەدەنیـــەت.. لەبەردەمماندا نییە.

ئێمەش.. پێویستە، توانای حیزبەکان، توانای توانادارەکان، توانــای کۆمــەڵ، توانای تاك، سەرجەم بخەینە بۆتەی مەدەنیەت و کۆمەڵی مەدەنی. مەدەنیــەت و کۆمەڵێکی مەدەنی کوردستانی. مەدەنیەت و کۆمەڵێکی مەدەنی کوردستانی کــە هەموو رویەکی، هەموو پێویستیەکی، هەموو پێداویستییەکی، لەبەر چاو بگــیرێ. نەك هەر لایەکی .. لای ئازادی و لیبرالیەتەکەی لەبەرچــاو بگــیرێو گرنگییــەکانی تری سیاسیو حوکمڕانیو سەربەخۆیی گەلەکەمان فەرامۆش بکرێ.

فـــــەرامۆش کردنـــــی هەرلایــــــەکی مەدەنیــــــەت و کۆمــــــەڵی مەدەنیکوردستانی..دیسان بەدەستی خۆمان، لەم هەلومەرجەشدا، جەزرەبە لــە گەلەکەمان... لەکۆمەڵی کوردستان.. لەپێشکەوتنی نەتەوایەتیو..دیموکراســیو ئازادی.. و مەدەنیەتی بناغەی نوێ بۆ دارێژراو، دەدەین.

١٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٨

# سەلەفیەت و ژن..
# ژن و مەدەنیەت*

*بەبۆنەی یادی رۆژی جیهانی ژنانەوە، پێشکەشە بەو ژنانەی ژیانیان لەلایەن تیرۆریستە کۆنەپەرستەکانی فیکرو خێڵەوە، کرایە قوربانی قۆنتەراتچیەکانی مێینە لەکوردستاندا.*

ژنو.. کێشەکانی ژنان، ئێستاش، لەدواسالّی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، لەکێشە هەرە کاریگەرەکانی: کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، سێکسی، ئازادی، سەربەستیو سایکۆلۆژیەکانە.

ئێستاش.. دوای ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی جیهان، دوای پێشکەوتن، زانست، زانیاری، شارستانیەتو مەدەنیەت، ئێستاش مافی ژنو چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان، گرفتیان لەسەرەو گفتوگۆیان گەرمە.

هەتا ئێستاش.. مافی سیاسی ژن پیشێلە؛ لێدانو ئەشکەنجەی ژن بەردەوامە؛ جیاوازی ژنو پیاو زۆرە؛ مافی یاسایی ژن خوراوە؛ ستەمی مەزهەبی لەسەر هەیە؛ رێژەی ژنان: لە پەرلەمانەکاندا، لەحکومەتەکاندا، لەدادگاکاندا، لەکۆمپانیاکاندا، لەپێشکەوتوترین وڵاتی ئۆروپاشدا، لەگەڵ پیاودا یەکسان نییە. چ جای بۆ پۆستی وڵاتە دواکەوتووەکان، کە ژنان بەپەنجەی دەستیش ناژمێردرێن!.

---

* لە ژمارە دووی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی یەکەم، مارتی (١٩٩٩) ل: ٣٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

لەم کۆتاییەی سەدەدا، هێشتا، تەنها دوو شوێنی ژیان، ژنان رێزی گەورەیان لێدەگیرێ، ئەو دوو شوێنە: موبەقو.. ژوری نوستنە!

ئەوەی لەم گوتارەدا مەبەستە ئەوەیە وەکو ژن لەرۆژهەلاتدا دەچەوسێندرێنەوە، ئایە لەرۆژاوادا، تەواو ئازادە؟ ئەگەر لەرۆژئاوادا تەواو ئازادە چۆن ئازادییەکەی هاتۆتە دی! ئەگەر تەواو ئازادیش نیە، بۆچی بەتەواوەتی ئازادیەکەی نەهاتۆتە دی؟ هەروا.. جیاوازی چەوساندنەوەو کۆسپەکانی ئازادی ژنان لە رۆژهەلاتو رۆژئاودا، چین؟ وەلام دانەوەی ئەو پرسیارانە، پێویستی بەهەلوێستەیەکە لەسەر ژیانی ئۆروپای رۆژاوا، هەلدانەوەی قەتماغەی برینە کۆمەلایەتیو سیاسیەکانی کۆنو نوێی رۆژهەلاتو بەراورد کردنیانە لەگەل یەکدی. هەموو ئەم مەسەلانەو هەر مەسەلەیەکی دیکەش لەگوتارەکەدا باسبکرێ، لەروانگەی مەدەنیەتەوە باسدەکرێن. چونکە مەدەنیەت، سایەی ژیانی یەکسانی ژنو پیاوە.

(١)

**یەکسانیو بیری سەراپاگیریی**

ئەوەتی دەسەلات.. وەکو دەسەلات لەپیاوەوە بۆ بنەماڵە، لەخێڵەوە بۆ هۆزی گەورە، لەهۆزەوە بۆ دەسەلاتی هەرێمو لەهەرێمیشەوە بۆ دەسەلاتی دەولەت، سەری هەلداوە، هەتا ئێستاش کە دەسەلاتی سیستەمی دیموکراسی لەئۆروپای رۆژاوا دامەزراوە، ژن دەچەوسێتەوە.

دەتوانین بلێین: ژن چەوساوەترین بەشی سەر ئەرزە. تەنانەت لەولاتە دیموکراسیەکانیش بەتایبەتی لەناو ئەو کۆمەلانەدا، کە مەزهەبیان تیا بالادەستە.

لەبەرپابوونیشۆرشیبۆرژوازیشەوە هەتا ئێستا، ئەوەتەی دیموکراسی بۆتە ئامانجی بەشەریەت، هاوشانی سەرجەم ئاواتەکانی بەشەری، قسەکردن لەمافی ژنانو یەکسانی ژنو پیاو، هاتۆتە ئارای خەباتی حیزبەکان، دەولەتان، سەندیکاکان، روناکبیرانو نوسەرو فەیلەسوفەکان. چەندین ئەزمونی جۆراو جۆری حوکمڕانیش تاقی کراونەتەوە: سەرمایەداری، دیموکراسی، سۆسیالیستی، نەتەوەیی، ئایینی، مەزهەبی، عەسکەری، کەچی هێستا چەوساندنەوە لەسەر ژن بنەبڕ نەکراوە.

تـەواوی ئادیۆلۆژیـەکان: لیبرالّـی کلاسـیکی، لیبرالّـی نـوێ، کۆمۆنیسـتەکان، ماویـەکان، سۆسـیال دیموکراتیـەکان، دیمـوکرات مەسـیحیەکان، ئاینییـەکان، مەزهەبـەکانی شـیعەو سـوونی، هیندۆسـیەکان، بوزیـەکان، دەسـتوریو مەلەکیەکان... تاد هیچی ئەو بیروڕایانە نەیان توانی رەگی چەوساندنەوەی ژنان لـەژیان هەڵکێشـنو نمونـەی ژیـانی یەکسـانی ژنو پیـاو، لەهـەموو بارێکـەوە، پێشکەش بکەن.

هەقی خۆیەتی بپرسین: هۆی درێژەکێشـانی هـەزاران سـاڵی چەوسـاندنەوەی ژن لەلایەن دەسەڵاتی تاکوکۆی پیاوەوە، چیە؟

- ئایە تەنها هۆی ئابوریو سود لێوەرگرتنی زۆرترین قازانجی ئابوریە؟
- ئایە حوکمێکی ئایدیالیستی ئەزەلییە؟
- ئایە سروشتی پیاو واهەڵکەوتووە دەست بەرداری ستەملێکردنی ژن نەبێ؟
- ئایە سروشتی ژن واهەڵکەوتووە توانای رزگاری نەبێ؟
- ئایـە تێکـڕای ئـەو سیسـتەمانەی لەکۆنـەوە هـەتا نهـۆ دامـەزراون، توانـای بەدیهێنانی یەکسانی ژنو پیاویان نەبووە؟
- ئایە سێکس بۆتە مایەی ژێردەستەیی ژن؟
- ئایە جەستەو پێکهاتەی فزیۆلۆژی ژنی دواخستووە؟

ئـەو پرسـیارانەو جۆرەهـا پرسـیاری دیکـە وەڵامـی زانسـتیانەیان پێویسـتە، وەڵامێك هەم نێرینەی پێشکەوتوخواز مێشکی رۆشـن بـێو، هـەم مێینـە رێبـازی چارەنووسـی باشـتر بزانـێ، چارەنوسـێك، لەهـەزاران سـاڵی رابـووردودا بەستراوەتەوە بەتێکڕای ئاینەکان، فەلسەفەکان، سیاسەتەکان، ئایدیۆلۆژسیەتو قـەڵمڕەوەکان، کەچـی چارەنووسـەکە نەگەیشـتە بڕیـاری چـارەی خۆنوسـینی یەکسانی ژنو پیاو.

ئەزموونەکانی رابوردوو، لەمەزهەب، ئاین، بـیروڕاو فەلسـەفەکانیان لەمەحـەك داو ئیـدی ئـەو مەزهـەب، ئـاینو بـیروڕاو فەلسـەفانەی هـەبوون، زاڵبـوونو هـەتا ئێسـتاش بـاوون، ئەگـەرێکی سیاسـی، کۆمەڵایـەتیو حـوکمڕانی دیکـە نـەماوە لەبەردەمیان سەر لەنوێ، لەهەلومرەجێکی دیکەدا، کوتو مـت تـاقی بکرێنـەوەو هیوای سەرکەوتنی یان بەدی هێنـانی رادیکاڵانـەی تـەواوی مـافی یەکسـانی ژنو پیاویان لێبکرێ. تازە ژیان بەدڵی ئەو باوەڕانە دوپات نابێتەوە هـەتا باوەڕەکـان

تاقی بکرێنەوەو ببنەوە تاقە باوەڕی سەرکەوتووی زاڵ. دەشێ لەو باوەڕانە سود ببینرێو بخرێنە خزمەتی مرۆڤو کۆمەڵ، بەڵام ناشێ جارێکی دیکە ئەو باوەڕانە، وەکو باوەڕی نەگۆڕی گۆڕینی کۆمەڵو یەکسانی ژنو پیاو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ.

گێروگرفتێکی گەورەی هەندێ لەو باوەڕانە، ئایدیۆلۆژیەتی سەراپایین (شمولی)، وەکو: ئایدیۆلۆژیەتی ئایینی، ئایدیۆلۆژیەتی کۆمۆنیستی، ئایدیۆلۆژیەتی پان ناسیۆنالیزم. تاقی کردنەوەکانی ژیانیش سەلماندی ژیان بەپلورالیزمەوە (تعددیە) پێشدەکەوێ.. دەرکەوت هەرگیز کۆمەڵ، بەژنو پیاویەوە، بەچەوساوەو چەوسێنەریەوە، بەگەنجو پیریەوە، بەوەچەی کۆنو نوێوە، دەرکەوت هەرگیز ناخرێتە ناو یەك قاڵبی ئایینی، فەلسەفیو ئایدیۆلۆژیەوە. هەر ئاینو مەزهەبو باوەڕێك بایی خۆیو بەپێی سەنگی خۆی دەتوانێ کار لەناو کۆمەڵدا بکا.

دەرکەوت.. ئاینەکان ناتوانن مافی چارەی خۆنوسینی یەکسانی ژنو پیاو بەدی بهێنن. چونکە لەبنەچەدا ژن لەئاینەکاندا پلەی نزمترین لەپیاو هەیە. بەچ لۆژیکێك دەکرێ بەچوار ژنی یەك پیاو بسەلمێندرێ یەکسانن لەگەڵ پیاواندا. ئەگەر ئەو چوار ژنانەی بەپێی شەرعی ئیسلام دەکرێنە ژنی یەك پیاو، لەڕووی رۆحیەوە باوەڕیشیان بەیەکتاپەرستیو ئەو دونیاش هەبێ، خۆ لەم دونیا بەجەستەو هەستو ژیانی کۆمەڵایەتیان دەبینین کە کۆیلەی یەك پیاون، لەژیانی خێزانیدا، کۆیلەی باوکسالاریشن لەناو کۆمەڵدا، ئیتر چۆن باوەڕ بەمافی یەکسانی بیروباوەڕەکانی دیکەی غەیرە دینی ناکەن؟

مارکیزمیش.. بەو هەموو پێشکەوتنەی، بەو هەموو رادیکاڵیەتەی لەیەکەمین سەدەی سەرهەڵدانی (دوای ئەوەی لەجیهاندا گۆڕانی گەورەی بابەتی رویدا)، بەو هەموو دەسەڵاتەی لە ئەوروپای رۆژهەڵاتو باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیادا گرتیە دەست، ئینجا نەیتوانی جیهانبینی پرۆلیتاری بکاتە ئەڵتەرناتیڤی چینەکانی دیکەو لەبۆتەی مل ملانێی چینایەتیەکاندا، بۆریان بدا. مارکسیزم، وێڕای باوەڕی بەتەواوی مافەکانی ژنان، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکان تەسکیەی تاك جیهانبینی مارکسیزمو هەندێ لەبنچینەکانی مارکسیزمیان نەکرد وەکو: دیکتاتۆریەتی پرۆلیتار، بازدان بەسەر قۆناغی دیموکراسی، مەتریالیزمی

مێـژوویی، چارەسـەرکردنی کێشــەی ژنــان تــەنها لەروانگــەی چـینایەتیەوە، سەپاندنی سۆسیالیزم هەروا لەگەڵ سروشـتی مـرۆڤ نـەگونجا.. تـاد. ئەمـە جگـە لـەوەی کرێکـار، گـەر کۆمۆنیسـتیش بـێ، دەوڵـەتی سوسیالیستیشـی هـەبێ، دەرکەوت مـەرج نییـە یەکسـانی ژنو پیـاو بسـەلمێنێ بۆیـە ئـەم فەلسـەفەیەش، نەیتوانی تەنانەت لەناو ئەزمونە سۆسیالیستەکانیشدا، بەکردەوە، یەکسـانی ژنو پیاو لەهەموو بارێکەوە، دابین بکا.

پـان ناسـیۆنالیزمەکانیش، لـەژێر پـەردەی ناسـیۆنالیزمو رزگـاری نەتـەوەدا، هێندەی پابەندی نەژادپەرستیو شادەماری هاوخوێنیو نەریتی مێـژوون، نـوقمی ئەندێشـــەی دەمـــراگیری نەتـــەوەیینو نـــەیانتوانی لـــەناو گۆڕانکاریەکانـــدا، پێشـکەوتنێکی ئـەوتۆ بـەدی بهێـنن کـە ئەندێشـەی شارسـتانیەتی هاوچـەرخو دیموکراسیو پەیوەندیی کۆمەڵایەتیە مەدەنیەکان تێکەڵاوی ژیانی کۆمەڵایـەتیان بکـــەن. ئەمـــە جگـــە لـــەوەی بنچـــینەیەکی کاریگـــەری ئەندێشـــەی پـــان ناسیۆنالیسـتەکان، ئـاینو مەزهەبـە. مامەڵەکردنیشـیان لـەناو کۆمـەڵو لـەناو کۆمەڵیشدا لەگەڵ ژن، سەرچاوەکەی هەمان ئەندێشـەی پـان ناسـیۆنالیزمە. کـە بەڕواڵــەت لایــەنگری پێشــکەوتنی ژنــنو لەگەوهــەردا، ژن بەدواکــەوتوویی دەهێڵنەوە.

ئێسـتاش.. کـە بـەرەو هـەزارەی سـێهەم خەریکـە چـاو هـەڵ دەهێـنین، جیهانبینیەیە سەرپاگیرەکان، گەرچی لەچاو رابوردوو، کاریگـەریان لـەزۆر رووەوە کـەم بۆتـەوە، بـەڵام هێشـتا لەبەرەنگاریـدان. تەنانـەت ئیسلامی سیاسـی (نـەك ئیســلام) بــەهۆی هــەڵو مــەرجی نــوێی جیهــانو ســەقامگیرنەبوونی چــەمکە گشتیەکانی دیموکراسیو ئازادیو مەدەنیەوە، هەروا، بـەهۆی چارەسـەرنەکردنی کێشــەیەکی زۆری گــەلان، دەوڵــەتو کۆمەڵەکانــەوە، ئیســلامی ســەلەفی لــەژێر پەردەی جۆراو جۆردا، لەفشـاری (رۆحـی)و پـەلاماری (سیاسـی)و پاڵەپەسـتۆی (فەلسـەفیدان). بـەڵام ئـەم فشـارو پـەلامارو پاڵەپەسـتۆیە، دەورانێکـی درێـژی مێژوویی ناخایەنێ، چونکە بـەرە بـەرە هۆیـەکانی سـەرهەڵدانی سـەلەفیەت لـەم هـەڵو مەرجـە جیهانیـەدا، کاریگـەریان لـەژێر تـەوژمی گۆڕانکاریەکانـدا، کـەم دەبێتەوە. هـەر بۆیـە، سـەرجەم جیهانبینیەیـە سـەراپاگیرەکان، دەشـێ بڵـێین: لەرووی ستراتیژیەوە، دەبێ مەیدان بۆ مەدەنیەت، دیموکراسیەتو ئازادی.. چـۆڵ بکەن. ژنانیش دەتوانن، لەم بارەوە رۆڵێکی کاریگەر بگێڕن. هەقـە خۆشـیان بـۆ دەورانێکی ئاوای ژیان، لەرۆژهەڵاتدا، ئامادە بکەن.

(٢)

## مەدەنیەتو ئازادی تاکو سەربەستی ژن

ئەوەتــەی دەســەڵات، دەوڵــەتو ئاینــەکان، هاتونەتــە ئــاراوە، ئەندێشــەی هاوڕەگەزی، خزمایــەتی لەســەر بنــەمای بەرژەوەنــدی تایبــەتی، بــیروڕای گشــتی لەسەر حسابی ئازادی تاك سەپێندراوەو سەربەستی تــاك، پێشــێل کــراوە. واتــە: تاکی ئازاد کە لە بنەچەدا ئازادانە خوڵقاوە، لەژێر کاریگەری دەسەڵات، هەژمونی دەوڵــەت، دۆگمــاتیزمی ئاینــەکان، قینەبەرایــەتی هاوڕەگــەزی، تــرسو بیمــی باوکسالاری، ئازادی تاك، زەوت کراوە.

دیارە ژن.. لەپیاو زیاتر، ئەو ئازادییــەی پێشــێل کــراوە؛ جگــە لــەوەی وەکــو تــاك ئــازادی نــەماوە، وەکــو مێینــەش، چەوســێندراوەتەوە، دەتــوانین بڵــێین: دەســەڵاتو دەوڵــەت، جەســتەیان داگــیر کــردو مەزهــەبو ئــایینو ئایدۆلۆژیەتــە سەرپاگیرەکانیش، ئازادی ئەقڵیان زەوتکرد.

لەدوای شۆڕشی دیموکراسی، رینســانسو ســەردەمی رۆشــنگەری، فەزایــەکی سیاســی رەخســا کــە بتــوانرێ ســەر لــەنوی بــیر لــەئازادی بکرێتــەوە، بــەڵام ئــەمجارەیان ئازادییــەکی خۆرســکی ژیــانی ســەرەتایی نــەبوو، بــەڵکو ئازادیــەکی وشیارانەی ئەقڵانی. سەرەتاش، ئازادییەکە، لەناو دەوڵــەت، سیســتەم، کۆمــەڵو حیزبــەکان، بــەرە بــەرە دەهێنرانــە دی. لــەناو ئــەم سیســتەمە ســەرمایەدارییەی شۆڕشی بۆرژوازیدا، بیرو ئەندێشەی ئازادی تاكو ئەقڵانیەتی زانستی، لەبەرامبەر گیروگرفتە ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەلسەفیەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداریدا، نــشو نمایان کرد.

لەســەردەمی رۆشــنگەرییەوە، مشــتو مڕێکــی قــوڵ لــەنێوان فەلســەفەی تەعبیریو فەیلەسوفو رۆشنگەرەکاندا، لەسەر تاك، رەوشــت، کۆمــەڵو نــەریت، بــەزەرورەت ســەری هەڵــدا. هەرچــی تەعبیرەکانــە (ExprssionisM)، خــەڵکیان بەحوکمی ئینتمایان بۆ کولتورێك، بەبوونێکی تــەعبیری دەزانــی. باوەڕیــان بــەوە نەبوو بوون بەکۆمەڵەی کولوترێکی تەعبیری، سنوردار بکرێ، یــان هــەڵبگیردرێ. لەسەر ئەم پێوانەیەش، باوەڕیان بەئازادی تاكو بــەکولتوری ئــازادی تــاك نــەبوو.

فەیلەسوفی کاریگەر، (عمانوئیل کانت) بەرپەرچێکی توندی تەعبیریەکانی دایەوەو پێی لەسەر رەوشتی تاك داگرت.

بەختەوەری مرۆڤی لەرەوشتی گشتی جوێ کردەوە. مرۆڤی ئازادی لەبڕیاردانی چارەی رەوشتو کولتوری گشتی سەرپشك کرد. کانت، ئەم خزمەتە گەورەیەی کرد، بەڵام کەلێن لەبۆچونەکانی هەبوو. تایبەت لەوردتر یەکالاکردنی گشتو تایبەتدا.

هیگل.. لەرێگەی ئەقڵەوە هاتە ناو کێشەکە. ئەقڵ لای هیگڵ وەزیفەی ئەقلانی فەلسەفی هەبوو. لەمەوە هیگل کەوتە پشکنینی: بابەتو خود، مرۆڤو سروشت، هاوولاتیو کۆمەڵ، ئازادی.. تاد.

ئەقڵ.. بوو بەسەرچاوەی هوشیارانەی چۆنیەتی لێکدانەوەی دیاردەو دەرکەوتەکان، ئیتر ئەقڵ پابەندی لێکدانەوە گشتیەکانی گەردونو جیهانبینیەیە گشتیریەکان نەما. ئەقڵی سیاسیش لەناو سیستەمی سەپێنراوی سروشتو کولتوری نەگۆڕاو، سەرفراز کرا.

فەلسەفەی (کانت)، فەلسەفەیەکی رادیکاڵی کاریگەر بوو؛ فەلسەفەیەك بوو ئازادی ئەقڵ، ئازادی جەستەو ئازادی هەڵسورانی تاکە کەسی لەنەریتی گشتی رەوشتیو کولتورە سەپێنراوەکان، سەرفراز کرد. تێزەکانی (کانت) کۆیلەیەتی رەت دەکەنەوەو ئازادی کارو ئایین دەخەنە ئارای ئەقڵەوە. هەر لەم روانگەشەوە، ئازادی لای (کانت) دەکاتە یەکسانی نێرو مێ، یەکسانی مرۆڤ وەکو مرۆڤ، بەرامبەر یاسا.

هیگڵ.. وردتر چۆتە بنجو بنەوانی ئازادیو کەسایەتی تاکە کەسەوە. مەسەلە گشتیەکانو مەسەلە تایبەتیەکانیشی شی کردەوەو، دژی سەپاندنی مەسەلە گشتیەکان بەسەر مەسەلە تایبەتیەکان بوو. سەپاندنی مەسەلە گشتیەکانی بەتێکدانی ئازادیی تاكو تایبەتی دەزانی. بەڕای (هیگڵ) لێکدانەوەی گەوهەری ئازادی، لەناو کۆمەڵەوەیە، نەك بەپێچەوانەوە، گشتیش پێویستە لەناو تایبەتەوە پەرە بسەنێ نەك گشت بەسەر تایبەتدا بسەپێندرێ.

ئەم چۆنیەتە فەلسەفیەی ئازادی لای (هیگڵ) کە مەسەلە گشتیەکان لەتایبەتەکانەوە یان بەش لەتێکڕاوە، پەرە بسەنێ، بنەمای تاكو خێزانو دەوڵەت، وەکو داوو دەزگای مەدەنیەت، پێك دەهێنێ.

بەپێی ئەم پێودانگە فەلسەفیەی (هیگڵ) تاکەکەس، تاکێکی سەربەخۆ دەبێ وەکو (بەش) پاشان دەبێ لەگەڵ کەسانی دیکە پەیمانو پەیوەندی ببەستێ، بەوش، (بەش) لەئاکامی کۆبوونیان لەگەڵ یەکدی، گشت پێکەوە دەنێن. دوای ئەمە، قەوارەی دەوڵەت دەبێتە بەرجەستەیەکی پێویستی (بەش)و (گشت). دەوڵەت کۆبەندی تاکو گشتە. یاخود بابڵێین: تاکو گشت، بەجیاو پێکەوە، بنەو و بنەمای هەرەمێك پێك دێنن، دەوڵەتیش سەری هەرەمەکەیە. لەم پلاتفورمەشەوە، کۆمەڵی مەدەنی لەدەوڵەت یەکالا دەبێ. تاك ئازاد دەبێ. لەتاکی ئازادەوە، بەزەرورەت پەیوەندی بەتاکەکانی دیکەوە دەبەستێ‌و گشت پێك دێت. تاکو گشت، لەناو پرۆسەی پێویستی قەوارەی دەوڵەتدا، ئاوێتەیەکی سروشتی دەبن. تاکو گشت هەم لێك جودانو هەم لێك ئاوێزانن. لەدەوڵەتیش یەکالانو لێکیش ئالاون.

کۆمەڵی مەدەنی.. کۆمەڵی مرۆڤی ئازادە. ئازادی ئەندێشە، ئازادی ئابوری‌و ئازادی هەڵسوڕان. لەسایەی مەدەنیەت، مرۆڤ وەکو (بەش)، مرۆڤ وەکو تاکی سەربەخۆ، وەکو تایبەتێك ئازاد هەڵس‌و کەوت دەکا، نەك وەکو بەشێك لەبنەماڵە یان خێڵ یان شەتەك دراوی دەزگای دەوڵەت‌و دەوڵەت.

ئەو تێزو ئەندێشانە، بنەچەی بیری تیۆرێژەیی ئازادی‌و سەربەستی مرۆڤە. مرۆڤ.. چ نێر چ مێ. کاتێك لەسەر بنەمایەك، سەربەستی‌و ئازادی مرۆڤ، بێ جیاوازی رەگەز، بێ فشاری رەنگ، بێ گیروگازی رۆحی‌و ئایدیالیستی، لەسەر نبەمایەکی مەدەنی‌و بەئەقلانیەتی شارستانی، دەستەبەرکرا، هەنگێ کۆسپە سیاسیەکانی دەوڵەتیش، گیرو گرفتە یاساییەکانیش، بەرە بەرە کەم دەبنەوە، لەدوا ئەنجامیشدا، لەسەر ئاستی دوردا، ژیانی یەکسانی ژن‌و پیاو، دێتە دی. چەند دور بخایەنێ، هەر دێتە دی. هەڵبەتە، هاتنەدی یەکسانی، خەباتێکی هێمنانەی دیموکراسیانەی شارستانیانەی پشوو درێژی دەوێ.

ئەگەر ژیان.. بەئەندێشە رادیکاڵەکانو بەئایدیۆلۆژیەتە سەراپاییەکان، سەراپا نەگۆڕابێ، یان لەقاڵبی یەك جیهانبینی نەدرابێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ خەباتی ریفۆرمیستی مەدەنیەت، لەماوەیەکی چاوەڕوانکراودا، ئەوەی بەو ئەندێشانە نەکراوە، بەمەدەنیەت دەکرێ ئەنجام بدرێ. بەپێچەوانەوە، لەئۆروپاو رۆژهەلاتیشدا، بەتایبەتی لەرۆژهەلاتدا، کە هەم عەقیدە ئایینی‌و هەم

هەستی تەسکی نەتەوایەتیو.. تەنانەت، بیروڕای جۆراوجۆری فۆتۆکۆپی کراوی ئۆروپیش، هەریەکە بەپێی سەنگو ڕەگی خۆی، کەمو زۆر، کاریگەری گەورەیان لەناو تاکو کۆی کۆمەڵەکانی رۆژهەلاتدا هەیە. تایبەتی دەبێ ڕەچاوی مەسەلە مەزهەبیەکان بکرێ کە چ کاریگەرییەکی: رۆحی، کۆمەلایەتی، ئازادیو سیاسی لەسەر مرۆڤو کۆمەڵ هەیە. هەر بەم هۆیەشەوە، چ کاریگەرییەکی سلبی لەسەر ژنو ژیانی یەکسانی ژنو پیاو هەیە. چونکە لەبنەچەدا ئەندێشەی مەزهەبی، باوەڕی بەئازادیو سەربەستی خولقاوی مرۆڤ.. وەکو مرۆڤ، نییە. نەك هەر لەم دونیا مرۆڤ بەگشتیو ژن بەتایبەتی، دەبەستێتەوە بەکۆمەڵێك یاساو شەریعەتو نەریتی نەگونجاو لەم سەردەمەدا، بەڵکو بەگەلێك ئەفسانەو داستانی تۆقێنەریش، لەڕووی رۆحیەوە مرۆڤ دوچاری ڕەشبینیەکی ئەوتۆ دەکا، ئازادیو سەربەستی، خۆشگوزەرانی ژیانو پێشکەوتن، هیچ بەهایەکیان لای مرۆڤ نامێنێ، بۆیە، مرۆڤی سەلەفی، نەك هەر بۆ ئازادی راستەقینە تێناکۆشێ، بەڵکو خودی خۆشی باوەڕی بەئازادی نییەو ئازادی هەستو نەستیشی کۆنترۆڵ کراوە.

ئاینەکان.. زادەی ژیانی کۆیلەیەتیو سەرەتای قۆناغی دەرەبەگایەتین. هەر یەکە لەئاینەکان (جولەکە، مەسیحی، ئیسلام) بەپێی هەلو مەرجی تایبەتی، پەیامی جۆراو جۆری ئاسمانیو یەکتاپەرستیان هەیە. دوا ئاینی ئاسمانی، ئاینی ئیسلامە، نزیکەی سەدەو نیوێك بەسەر ئاینی ئیسلامو پێشەنگای ئیسلامو پێشەوای ئیسلامدا، تێپەڕیوە. لەوساوە هەتا ئێستا، ژیان سەراپا گۆڕاوە: کۆمەڵ، دەوڵەت، یاسا، کولتور، پیشەسازی، روانگەی گەردونی، زانست، زانیاری، پەروەردە، خوێندن، منالو گەورە، پێکهاتەی کۆمەلایەتی، چۆنیەتی حوکمڕانیو ئەدەبو هونەریش، سەراپا گۆڕاوون. هەر بەم پێیەش، شارنشینی، لادێ نشینی، پەیوەندی ژنو پیاو، کچو کوڕ، هاوسەرێتیو دڵداری، چۆنیەتی تێگەیشتن لەمێینەو نێرینە، تەنانەت، لەرەفتارو کردارو مافو نەریتیشیان، سەرجەم گۆڕاوە. لێرەوەیە، لەناو چوارچێوەی ئەو هەموو گۆڕانو گۆڕانکاریانەدا، لەرووبەڕووبوونەوەی ئەو هەمووو وەرگۆڕانو.. وەرچەرخانانەدا، لەکۆتایی سەدەی بیستەمو سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، دیسان ژنو پیاو، لەرۆژهەلاتدا، بەهۆی هەلومەرجی جیهانی، فشاری ناوچەییو کۆمەڵێك گرێی گەردونیەوە کە هێشتا زانست لەگەردوندا، لەکەشکەلانی ئاسماندا،

نەیکردونەتەوە، یان پەی پێ نەبردون، دیسان ژنو پیاو، یەکسانی ژنو پیاو، چۆنیەتی بینای کۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتی، لەرۆژهەڵاتدا رووبەڕووی دوریانەکان بۆتەوە:

- دووڕیانی عیلمانیو.. ئیسلامی سیاسی؛
- دووڕیانی ئەقڵانیو.. ئەندێشەی ئایدیالیستی؛
- دووڕیانی دیموکراسیو.. حوکمڕانی یەکتایی (الوحدانیه) ؛
- دووڕیانی ئازادیو.. سەرکوێری کەسێتی؛
- دووڕیانی سەربەستیو.. کۆیلەیەتی؛
- دووڕیانی مەدەنیەتو.. سەلەفی؛
- دووڕیانی یەکسانیو.. باوکسالاری.. تاد.

ئەم رووبەڕوو بوونانە، لەم دوریانانە، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێ کردوون، لەرۆژهەڵاتدا، بەحوکمی هەلومەرجی جیهانو رۆژهەلات، هەروا، لەژێر تەوژمی هەڵەکانی رابوردووی رۆشنگەرو، ئەقڵانیەکان، عیلمانیو مەدەنیەکان، بۆ ماوەیەك سەریان هەڵداوەو مەودایەکیش، هەتا یەکالا دەبێتەوە، دەخایەنێ. بۆ زیاتر رونکردنەوەی ئەم خایاندنەی رووبەڕوویونەکان لەگەڵ ئیسلامی سەلەفی سیاسیدا، واچاکە هەڵوێستەیەکیان لەسەر بکەین.

(٣)

### رابوونی سەلەفیو دواخستنی کۆمەڵایەتی

سەلەفیەکان.. سەری لێکدانەوەو بنی بۆچونیان، گوایە سەردەمی رابوونی ئیسلامیەیە، کە لەراسیا، (خاوبوونی سەلەفی)یە.

سەلەفیەکان. لەسەر بنەمای پێشێل کردنی ئیسلام لەلایەن حکومەتو دەسەڵاتدارانەوە، ئەندێشەکانیان بینا دەکەن. بەتایبەتی لەناو دەوڵەتانی عەرەبیدا. کە ئاوڕیش لەمێژووی ئیسلام دەدەنەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەرەتای ئسوڵی ئیسلامی سەردەمی خولەفای راشدین (هەروەکو لە سەردەمی خولەفای راشدیندا خراپە نەبووبێ، یان گێروگرفتی چارەنووسساز نەبوبێ!) ئیتر لەدەسەڵاتداریتی (بەنی ئومەیە)وە، گوایە، دەسەڵاتی ئیسلام (وردە وردە لەکیتابو سونەت) دوور کەوتۆتەوەو لەوێوە (بزاڤی راست کردنەوەو گێڕانەوەی موسڵمانان بۆ لای دینی خوا دەستی پێ کرد). ئالا هەڵگری ئەم بزاڤەش

(عومەری کوڕی عبدالعین) بووە کە دژی هێنانی فەلسەفەی بێگانەی (یۆنانیو ڕۆحی) سەنگەری سەلەفی گرتووە. دوای ئەویش (ابن تیمیە)و پاشانیش (شێخ ولی الدهلویو سەید احمد عرفانو ئیمام مەهدی سودانو جەمال الدینی ئەفغانیو مەحەمەد عەبدە) تادەگاتە.. (حەسەن بەنا).

ئەگەر دیقەت لەم (رابوون!)ە، بدەین، دەبینین (رابونەکە) زۆری خایاندووە. هەروا، غەدرێکی سیاسی گەورەشی لەبنەچەدا تیایە. چونکە، لەسەردەمی خولەفای راشدینیدا، (رابوون) دژی خراپەکاری هەبووە. خراپەکاری (خولەفا)ش. رابوونی (علی کوڕی ئەبو تالیب) گەورەترین رابوونی ئیسلامیە دژی هەڵگەڕانەوە لەبەرنامەی حوکمی ئیسلام. پاشان (حوسین)ی کوڕی. کام زانای ئیسلام پایەی دەگاتە (ئیمامی عەلی). ئەم غەدرە لەلایەن سەلەفیەکانەوە لەمێژووی ئیسلامو مێژووی دەسەڵاتی سیاسی ئیسلامی، دەگەڕێتەوە بۆ دەمارگیری مەزهەبی ناو ئیسلام. دەمارگیرییەکی مەزهەبیش ئەمەندە توندڕەوانە بێ کە غەدر لە (ئیمام عەلیو حوسێنی کوڕی) بکرێ، کە هەردووکیان لەپێناوی دەسەڵاتێکی باشتری ئیسلامدا، شەهیدیش کراوون، ئاخۆ دەبێ ئەم سەلەفیانە بێنە سەر حوکم چ غەدرێکی گەورەتر لەو غەدرانە بەدیموکراتیخوازانو عیلمانیەکان بکەن کە لەجەزائیردا دەرهەق بەمناڵی ناو لانکیش دەکرێ. بەقەمە خەڵك سەردەبڕن.

سەلەفیەکان.. یان ئیسلامی سیاسی، لەمێژووی ئیسلامدا، دوای بەرەنگاری (ئیمام عەلی)و ڕاپەڕینی (ئیمام حوسێن) هەتاسەری هەڵداوە زۆری خایاند. کە سەریشی هەڵداوە سەرنجەکە لەوەدایە، لەیەکەمین پایەگای دەوڵەتی خەلافەتدا (سعودیە) سەری هەڵنەداوە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ هێندو ئێرانو ئەفغانستانو هەندێ وڵاتی تری عەرەبی، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی پێشکەوتنو نشو نماکردنی کۆمەڵێك مەسەلەی فەلسەفیو مەنتیقیو ئەقڵانی، کە لە (سعودیە)، یان دوورگەی عەرەبدا، نەبووە، کاتێك.. لەڕووی یاساییەوە، لەڕووی ئیدارەی دونیاییەوە، لەڕووی ژیانی کۆمەلایەتیو پێویستی، خوێندنو پێگەیاندنەوە، ژیان پێویستی بەفەلسەفە، مەنتیقو ئەقڵانیەت کردووەو هەوڵی بۆ دراوە، سەلەفیەکان دژی ئەم پێویستیە گەڕاونەتەوە بۆ سەلەفی ئیسلام.

ئـەویش بەهەڵـە. چـونکە لەراسـتیا، ئیسـلام وەکـو یـەکێك لەئاینـەکان لەهەنـدێ قۆناغدا، دەرگای لەسەر فەلسەفەو مەنتیقو ئەقڵانیەتی ئیسلامی، دانەخستووە.

سەلەفیەکان.. بەپێچـەوانەوە، بـەناوی ئیسـلامو بەپاسـاوی هەڵگەڕانـەوە لـە ئیسـلامگەری، نـاوەڕۆکی ئیسـلامو ئیسـلامی سیاسـیش، پوچـەڵ دەکەنـەوە. لێناگـەڕێن کۆمـەڵ لـەڕووی ئـایینیو تاکـە کەسـیش لـەڕووی رۆحیـەوە، رەوتـی ئاسایی باوەڕەکانی خۆی درێژە بداتێ. لێناگەڕێن مرۆڤ هەم لەزانسـت، زانیـاری، ئامرازەکـانی پێشـکەوتنی حـوکمو ئیـدارەی ژیـان، تێـر بخـواو هـەم لەمەسـەلە رۆحیـەکانی ئاسـوودە بـێ. پێکـەوە سـازانی مەسـەلە دەروونیـەکانو مەسـەلە دونیاییـەکان، بەپاڵەپەسـتۆ دابـین نـاکرێ، بـەڵکو بەقەناعـەتو بـەئازادی دابـین دەکرێ.

سەلەفیەکان.. ژیـان لـەقاڵبی یـەك قاڵـب دەدەن.. ئـەویش قـاڵبی سـەرەتای ئیسـلامە کـە لەراسـتیدا ئـەم قاڵبـەش، خـوارو خـێچ دروسـت دەکـەنو بـەزۆری زۆرداری، کۆمەڵو ژیانو ئاسـوودەیی خـەڵکی تـێ دەهـاوون. بـڕوانن، (حەسـەن البنا) کە پێشەنگێکی ئەم سەردەمەی ئیسلامی سیاسیە، دەڵێ چـی.. ئـەم زاتـە دەڵێ:

(بیروباوەڕی ئێمە ئیسلامخوازایەتی‌یەکی رووتە. لەسەر ئیسلامدا راوەستاوەو ئیسلامیش سەرچاوەکەیەتیو لەپێناوی بەرزکردنەوەی وتەی ئەویشدا کار دەکا. لە ئیسلامیش بەو لاوە بەهیچ رژێمێکی تر قایل نیەو، لەغەیرەز ئەویش هیچی تـر ناکاتە رێبەری خۆیو لەیاسـاکانی ئـەویش بـەولاوە سـەر بـۆ هـیچ یاسـایەکی تـر دانانەوێنێ).

یان دەڵێ چی:

(جیهان سەرو مڕ سەر لێشێواوەو ئەو رژێمانەی هەشـن نـاتوانن چـارەی ئـەم دەردە بکەنو لە ئیسلامیش بـترازێ هـیچ دەرمـانێکی تـر نیـە. جـا نـاوی خـوای لێبهێننو بڕۆنە پێشەوەو چارەی بکەنو هەموو دونیاش چاوەڕێی رزگاریکەرێکەو لەم ئیسلامەش کە ئێوە مەشخەڵەکەیتان هەڵگرتووە بترازێ، هـیچ رزگارکـەرێکی تر نیە)[1].

دێڕ بەدێڕ دیقەت لەم دوو پەرەگرافە بدرێ، نەك هەر بیروباوەڕی سەلەفیەتی لێدادەچۆڕێ، بەڵكو ئەندێشەی دیكتاتۆریەتی ژیانی تاریكستانیشی لێ دەبینرێ.

دەڵێ:

- بەهیچ رژێمێكی تر قایل نابێ.. واتە: شەڕی ئەهلیو بەردەوام بشێویو تێكدانی ئەو رژێمانەی لەگەڵ پێوانەكانی (حەسەن البنا)دا ناسازێ.

دەڵێ:

- جگە لە یاسای ئیسلام، سەر بۆ هیچ یاسایەكی تر دانانەوێنێ. واتە: یاسا دارێژراوەكانی حكومەتەكان، پەرلەمانەكان، دەستوورەكانی گەلان، بڕیارەكان.. سەرجەم پێشێل دەكا. بێگومان كاری ئاواش تاوانی گەورەی لێدەكەوێتەوە. كوشتو كوشتاری لێ دەكەوێتەوە. هەڵگەڕانەوەی لێدەكەوێتەوە.

دەڵێ:

- جیخهان سەرو مڕ سەر لێشێواوە.. واتە: خۆیان بەئەلتەرناتیڤی هەموو جیهان دەزانن. ئەگەر لەچەند دەوڵەتێكدا حوكم بگرنە دەست دوور نییە لەسەر ئاستی جیهانیش ببنە مایەی ئاشوبێكی گەورە مەگەر خۆیان بزانن ئاكامەكەی دەگاتە كوێ؟!

دەڵێ:

- لەئیسلام بترازێ هیچ دەرمانێكی تر نیە. واتە: هەرچی باوەڕو زانستو زانیاریو داهێنراوەكانی تری غەیرەز ئیسلام هەیە، هەر هەموو رەت دەكاتەوەو كە بێتە سەر حوكم، هەموو لەناو دەبا.

دەڵێ:

- ناوی خوای لێ بهێننو بڕۆنە پێشەوەو چارەی بكەن. واتە: گوێ مەدەنە حكومەتەكان، یاساكان، نەریتە نوێكان، هەڵوێستی جیاوازی خەڵكو بیروباوەڕی جودا.. هەڵمەت بەرنو هەر هەمووی تێك بشكێنن. ئەمەش.. كوشتو كوشتاری خەتەرناكی لێدەكەوێتەوە. فیتنەو فەسادی بەدواوەیە.

دەڵێ:

- هەموو دونیاش چاوەڕێی رزگاربكەرێكەو لەم ئیسلامەش كە ئێوە مەشخەڵەكەیتان هەڵگرتووە بترازێ، هیچ رزگاركەرێكی تر نیە.

ئەمەش.. گـەورەترین تێکدانی مێشـکی (گەنجانـە) چـونکە لەجیهانـدا، یـەك ملیـار موسـڵمانو شـەش ملیـار غـەیرە موسـڵمان دەژیـن. بـەچ چـەکێكو بـەچ هەڵمەتێكو بەچ تەوژمێك ئەم جیهانە رزگار دەکرێ؟ ئاخر گەنجی موسـڵمان چـی بکـا لەکاتێکـدا لـەناو شـاری خـۆی، بـەبێ چـەکی سـەیارەی دەوڵـەتانی غـەیرە موسڵمان، ناتوانێ لەگەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر بڕوا؛ ئاخر گـەنجی موسـڵمان چـی بکـا ئەگـەر سەریشـی بێشـێ بـەبێ خـواردنی دەرمـانی دەوڵـەتانی غـەیرە موسڵمان چاك نابێتەوە؛ گـەنجی موسـڵمان چـی بکـا ئەگـەر تەلـەفزیۆنو رادیـۆو چاپەمەنی نەبێ، تەنانەت نازانێ هاوڕێکانیشی چی دەکەن.

کام دەوڵەتی موسـڵمان.. کـام موسـڵمانی راسـتیو کـام موسـڵمانی سـەلەفی هەیـە، لـەم سـەردەمەدا، پاشـکۆی زانسـتو، پاشـکۆی زانیـاریو، پاشـکۆی پیشەسازیو، پاشکۆی ئەندازیاریو، پاشـکۆی تەندروسـتی.. دەوڵـەتانی غـەیرە موسڵمان نەبێ؟

سەرلێشـواندنی خـەڵك.. بەختوکـەدانی هەسـتو سـۆزی ئیسـلامی شـتێکەو، راستی ژیانو، پێشکەوتنو، گۆڕانکاریەکانیش، شتێکی دیکەن.

گەڕانـەوە بـۆ نـەریتی دێرینـە، هـەتا رادەیـەی هەڵگەڕانـەوە لەسـەرجەم گۆڕانکاریەکان، خەسڵەتی نەگۆڕی سەلەفیەکانە. ئەمـەش، زیـانێکی بـێ سـنوور بەکۆمەڵو ژنو پیاوی کۆمەڵ دەگەیەنێ.

سـەلەفیەت.. نـەك ئـەو پێشـکەوتنە کۆمەلایەتیـەی هاتۆتـە دی، رادەگـرێو هەڵدەگێڕێتەوە، بەڵکو ژن دەباتەوە گۆشەی ماڵو لە ناو چوار چێوەی دیـواردا، وەکو کۆیلەیەك، بۆ کارو سێکس، دایدەوەشـێنێ. ئـەویش نـەك یـەك ژن، بـەڵکو هـەتا چـوار ژنـیش پیاوێـك بـۆی هەیـە لـەماڵیان بئاخنـێو ئازادیـان لێبسـەنێ. بەمەرجێ تێرو رازیان بکا!! تەنانـەت چـونە دەرەوەش لای سـەلەفیەکان، لـەم سەردەمەشدا، خراوەتە گیروگازی دەمارگیری سەلەفیەوە، چونە دەرەوەیەك کـە سادەترین مافی مرۆڤە بـەکاری بهێنـێ. بـڕوانن (سـەید مەحەمـەد قوتـب) دەڵـێ چی:

(چونە دەرەوە لەفەزای ئیسلامدا بۆ پیاوان رابواردن نییە هـەتا بڵـێین بۆچـی ژن لێی بێبەشە. هەندێ جـار خۆشـیو سـەفەر دێتـە پـێشو لەحاڵـەتی وادا ژنو

پیاو مافی خۆیانـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە پێکـەوە بـڕۆن. بـەڵام بەمـەرجێ ژن خـۆی نەڕازێنێتەوەو ئارایش نەکاو بەم هۆیەوە نەبێتە مایەی لادانی دڵێ خەڵك...

لەدرێژەی هەمان باسدا دەڵێ:

ئەم دەستورە بەقازانجی ژن تەواو دەبێ، هەر کاتێ تەواوی ژنـان لـەم جـۆرە خۆنواندنــە خۆیــان پاراســتن، مێردەکانیــان ئــیتر بــەژنانی جــوانی دیکــە، دڵ ناسپێرن)[٢].

لەم دووە دەقەدا، کۆمـەڵێك راسـتی سـەلەفیو ئـەقڵی گۆشـەگیری ئیسـلامی سیاسی دەسەلمێ. وەکو:

- بەشـێوەیەکی گشـتی، لەماڵـەوە چـونە دەرەوە بـۆ ژن قەدەغەیـە، تـەنها لەحالاتی (خۆشیو سەفەر) نەبێ، ئەویش لەگەڵ پیاوەکەیدا.
- خۆ ئارایش کردنی ژنو رازاندنـەوەی قەدەغەیـە، نـەکا ببێتـە مایـەی لادانـی دڵی خەڵك.
- ئەگـەر ژنـان خۆیـان نـەنوێنن، مێردەکانیشـیان دڵ ناسـپێرنە ژنـانی جـوانی دیکە.

پێمان وایە هەر ژنێك ئەم دەقانە بخوێنێتەوە، یان لەم دەقانە تێبگەیەنـدرێ، ئـیتر هەقـە تۆزقـاڵێکیش فریـو بەئیسـلامی سیاسـیو بنچـینەکانی سیاسـەتیان بەرامبەر ژن، نەخوا. هەروا، پیاویش.

سـەیرە.. هێزێکـی سیاسـی ئیسـلامی، بـەلاف لێـدانو دڵسـۆزی بـۆ خـواو پێغەمبەرو ئیسلام، لەناو سەرجەم هێزە سیاسیەکاندا، خۆیان بەنمونەو دەگمـەن دەزانن، پێیان وایە ئەندامەکانیان بەجۆرێ دەکەنـە پابەنـدی خـواو ئیسـلامەتی، ئیتر هیچ شتێکی دیکە کاریـان تـێ ناکـا، کەچـی بەرامبـەر ژنو ژیـانی دەرەوەی مـاڵ، هێنـدە لاوازو بـێ بـڕوان، رێگـە نـادەن ژن وەکـو پیـاو سەربەسـت بچـێتە دەرەوە. لەحاڵەتێکدا نەبێ کە پیاوەکەی لەگەڵدا بێ.

خۆ ئارایش کردن لەژن قەدەغە دەکەن. نەك لەپیاو. واتە: ئارایشت بیانەوێو نەیانەوێ هەیە. بەڵام تەنها پیاو بۆی هەیە بـەکاری بهێنـێ. تەنانـەت ناشـبێ ژن خۆشی بڕازێنێتەوە، ئەمیش لەبەر ئەوەی نەکا ببێتە مایەی لادانی دڵی خەڵك.

ئارایشت کردنو خۆجوان کردنو رازاندنەوە، ئەوەتەی مرۆڤ هەیە بەشێوەیەك لەشێوەکان هەیـە. لـەزەمانی مـرۆڤ سەرەتاییشـەوە ئـەم خـۆ رێـكو پێـك کردنـە

هەبووە. بگرە ئێستاش، لەناو هۆزە هەرە دواکەوتووەکانی ئەفریقیاو هێندستاندا کە ژیانی سەرەتایی‌و کۆیلەیی دەبەنە سەر، ئارایشت‌و رازاندنەوە هەیە. مرۆڤ لەخولقەتەوە حەزی لەجوانی‌و ئارەزووی رازاندنەوە هەیە. (پێغەمبەر) هەمیشە موکێش‌و بۆنی پێ بووە. جلی جوان‌و پاکی لەبەر کردووە. (عوسمانی کوڕی عەفان) قوماشی ئاوریشمیان بەردەوام بۆ هێناوەو گوێزو هەنگوینی لەیۆنانەوە بۆ دابین کراوە. ئەوەی خەلیفەکانی موسڵمان لەدەربارو زەمانی حوکمڕانیدا بۆ جوانی‌و رازاندنەوەی خۆیان‌و ژنەکانیان‌و کەنیزەکانیان‌و (غولامەکانیان!) کردویانە، ئێستا هەر کەسێك بیکا، دادگایی دەکرێ.

کام حوکمڕان (سەدام نەبێ!).. لەپارەی دەوڵەت، ئێستا دەتوانێ لەئاهەنگی گواستنەوەی ژن هێنانیدا، لەپارەی (بەیتو المال) قاپی گەورە دروست بکاو پڕیشی بکا لە (زیو)و دابەشی بکاتە سەر میوانەکانی، هەروەکو (هارون رەشید) خەلیفەی موسڵمانان‌و (سێبەری خواوەند لەسەر ئەرز) لەکاتی هێنانی (زوبیدە)دا، کردویەتی. تەخشان‌و پەخشان کردنی (بەیتو المال)و زێڕو زیو دابەشکردنی خەلیفەکان‌و ئارایشت کردنی کەنیزەك‌و ژنی هەندێ لەخەلیفەکان، مایەی سەرسوڕمان‌و تەنانەت، نەخۆشی رابواردن‌و ئارایشت کردن بووە. ئێستا تازە تازە سەلەفیەکان دەیانەوێ ئارایشت‌و رازاندنەوە لەمرۆڤ، بەتایبەتی لەژن قەدەغە بکەن تەنها لەبەر ئەوەی نەکا ببێتە مایەی لادانی دڵی خەڵك.

لەهەمووش سەیرتر ئەوەیە سەلەفیەکان رازاندنەوەو ئارایشت کردن دەکەنە چەکی ترساندنی ژنان بەرامبەر مێردەکانیان، گوایا ئەگەر خۆیان نەنوێنن، مێردەکانیان دڵ ناسپێرنە ژنانی دیکە.

لەلایەکەوە بەهۆی مەسەلە رۆحیەکانەوە، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی پەیوەندی هاوسەرێتیەوە، ژن دەترسێنن. پەیوەندی ژن‌و مێرد، هێندە سوك دەکەن دەیگەیەننە رادەیەك هەر بەخۆنواندنی ژنان ئیتر پیاوان دڵیان دەسپێرنە ژنانی جوانی دیکە. بۆچونی ئاوا جگە لە ئیهانەکردنی ژن، بێ بەهاکردنی پیاویشە. سوك کردنی پەیوەندی ژن‌و مێردایەتیشە. ئینجا لێسەندنی تەواوی مافە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، رووناکبیری‌و دیموکراسیەکانی ژنانیشە.

کە ژن نەتوانێ بچێتە دەرەوە، لەحاڵەتی (خۆشی‌و سەفەر) نەبێ لەگەڵ مێردەکەیدا، کەوابێ: خوێندنی تێکەڵاوی لەخوێندنگاکاندا لێ قەدەغە دەکرێ؛

کەوابێ ناگاتە زانکۆو پەیمانگاکان؛ کەوابێ لە دائیرە تەعین نابێ؛ کەوابێ نابێ لەحیزبەکاندا تێبکۆشێ؛ کەوابێ نابێ بگاتە پۆستی وەزارەتو پەرلەمانەکان.. ئەو هیچ خۆشەویستیو دڵداریو هاوژین هەڵبژاردنی.. هەر بڤە دەبێ.

سەلەفیەت.. ئاوا دەڕوانێتە ژن. ژن بەو چەشنە لێدەکا کە ژیانی لێحەرام بێ. لەدوا ئاکامدا، پیاوی سەلەفی لەژنێکەوە بۆ چوار ژن دەبەستێتەوە بەهەوەسی خۆی. بەهەوەسیش ژیانیان لەگەڵ دەباتە سەر. بێ ئەوەی مافی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتی ژنان بسەلمێنێ، بەراستی پیاوی سەلەفی.. هەتا مۆخ پیاوێکی خۆپەرستو چەوسێنەرە.

(٤)

ژنان.. لەسایەی مەدەنیەتدا

ژنانو مەدەنیەت.. نەك تەنها لای ئێمە باس لێوەکردنی زۆر گرنگە بەڵکو لەخوودی ئۆروپاش ئەم مەسەلە لای ژنان بایەخێکی زۆری هەیە. بەتایبەتی لای ڕێکخراوەکانی ژنان.

ئەوەی لێرەدا بەگرنگیشی دەزانین ئەوەیە: لەبەر ئەوەی دەورانی سیستەمی دیموکراسی لەئۆروپادا هێشتا بەبەریەوە ماوە تەواوی ئەکرەکانی بێنە دیو بگاتە دوو سنوری قۆناغی دیموکراسی، بۆیە، تێکڕای ئەرکەکانی دیموکراسی نەهاتونەتە دی. یەکێك لەو ئەرکانە، ئەرکی ژنانە چون پیاوان. واتە: یەکسانی ژنو پیاو جارێ لەئۆروپاش نەهاتۆتە دی. بەڵام ئەوەی هاوشانی ئەم ڕاستیە پێویستە سەرنجی بدەینێ، ئەوەیە کەوا، لەئۆروپادا، مافێکی زۆری ژنان دابین کراوە. بەڵام لەوڵاتانی دواکەوتوودا، بەتایبەتی لەوڵاتانی ئیسلامیدا، کەمترین مافیان پێدراوە. هەوڵئەدەین بەسەر ژمێر ئەم ڕاستیانە ڕون بکەینەوە. بەلایەنە ناخۆشەکانی ژیانی ژنانی ئۆروپاشەوە.

ژنان.. نیوەی کۆمەڵن. بەڵام بەئەرکەکانی ناوماڵەوە، زۆرترین ئەرکی ژیان، لەدەرەوەو ماڵەوە دەکەوێتە ئەستۆیان. ئەمە لەکاتێکدا لەدەیا یەك بەرهەمو لە (١٪)ی داهاتی جیهانیان بەردەکەوێ (بەئۆروپاشەوە). لەجیهاندا (٢،١) ملیار هەژار هەیە، لە (٧٠٪)ی ژنانن.

ئـەو سـەرژمێرانە لەناوەڕاسـتی هەفتاکانـەوە بـیرورِای گشـتی راچـەڵەکاندو کۆنفراسـێکی نێـو دەوڵـەتی نەتـەوە یـەکگرتووەکانی لەمەکسـیکدا (١٩٧٥) بـۆ سازدرا. لەوساوە، گەرچـی دۆخـی ژنـان بەشـێنەیی باشـتر دەبـێ، بـەڵام هێشـتا لەئۆروپای رۆژئاوادا، ژنان رەفتاری خراپیان لەگەڵ دەکرێ. بۆ نموونە:

لەهۆڵەنـدادا.. یـەك لەسـەر سـێی ژنـان، ئـازادی رەگەزایـەتی دەدرێـن. لـە فەرەنسای لانگی شۆڕشی بۆرژوازی، لە (٨١٪) هەقدەست دەدرێتە ژنـان، واتـە: لە (١٩٪) کەمتر لەپیاو. لەوڵاتانی دیکـەی ئۆروپـای هاوبـەش، کەمتریشـە. ئەمـە جگە لەوەی بازرگانی پێوە کردنی ژنان بۆ سێکسو بەرڵڵایی ژیانی کۆمەڵایـەتی، وایکردووە ژنان دوچـاری جۆرەهـا نەخۆشـی فیزیۆلـۆژیو دەرونـیش بـبن. هـەتا سـاڵی (١٩٩٥) (٥،٤) ملیـۆن کـەس تووشـی نەخۆشـی (ئایـدز) بـوون، ژنـان دوو بەرامبەری پیاوان دوچـار بـوون. زوڵمێکـی گەورەیـە لـە هەنـدێ وڵاتـی ئۆروپـای رۆژاوادا، کچی (١٣) ساڵە بۆی هەیە ماڵی باوك جـێ بهێڵـێو بـەئارەزووش ببێتـە (گێڵ فرێندی) کوڕێكو لەگەڵیا بژی! ژیـانی خێزانـی خۆشەویسـتی کۆمەڵایـەتی، ژنو مێردایەتی سەرکەوتوو لەئۆروپادا، دوچـاری تەنگوچـەڵەمەی قـوڵ هـاتوون. شیرازەی ژیانی خانەوادەیی هەتا رادەیەکی زۆر تێك چووە.

ئەو مەسەلانە.. دیموکراتو عیلمـانی خوازەکـانی رۆژهـەڵات دەبـێ دژی بـبن. نابـێ بواریـان لەکۆمـەڵی خۆمانـدا بـۆ برەخسـێندرێ. هـەموو پێویسـتە تـاوتۆی بکـرێنو سـەر لـەنوێ ژیـان بـەرەوتێکی گونجـاوتردا، ئاراسـتە بکـرێ. ئێسـتا لەئۆروپادا، قسەو باس لەسەر ژیانی باشتری کۆمەڵایەتی، چۆنەیتی کـەم کردنـی رێژەی تەڵاق، بەهێز کردنی خۆشەویستی، دابین کردنـی کـاتی زیـاتر بـۆ خێـزان، دروست کردنی زۆرترین سۆزو خۆشەویسـتی لـەناو منـاڵان.. تـاد ئـەم مەسـەلانە کەوتونەتە ئارای لێکۆڵینەوە.

لەو مەسەلانە گەر بێتو بێینە سەر مافی سیاسیو دەسـەڵاتی سیاسـی ژنـان لەئۆروپادا، لەم بارەشەوە کەمو کوڕیەکی بەچاو دەبینن. ئەمەش نموونەی چەند وڵاتێکی ئۆروپایە بۆ رێژەی ژنان لەپەرلەمان:

| ولاتان | ڕێژەی لەسەدی پیاوان لەپەرلەمان | ڕێژەی لەسەدی ژنان لەپەرلەمان |
|---|---|---|
| فیلەندا | ٥،٦٦ | ٥،٣٣ |
| دانیمارك | ٦٧ | ٣٣ |
| سوید | ٢٧ | ٣٣ |
| هۆڵندا | ٦،٧٥ | ٤،٢٤ |
| ئەڵمانیا | ٥،٧٨ | ٥،٢١ |
| سەرجەم وڵاتانی ئۆروپیا | لە ٩٠ تا ٨٠ | لە ١٠ بۆ ٢٠ |
| فەرەنسا | ٩٤ | ٦ |

لەفەرەنسادا.. کەمترین ڕێژەی ژنو لەفیلەندادا زۆرترین ڕێژەیە. کە لە زۆرەکەشا، هێشتا ناکاتە یەکسانی. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەوا: لەلایەکەوە دەورانی سیستەمی دیموکراسیو جێ بەجێ کردنی تەواوی ئەرکەکانی دیموکراسی زۆری ماوە تەواو ببێ؛ لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە دەگەیەنێ کە ژنانیش لەئاستی پێویستی بەدی هێنانی ئەرکەکانی یەکسانیدا، وشیار نینو تێناکۆشن، دەبێ ژنان.. بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکە دیموکراسیانەی نەهاتونەتە دی، ووشیارترو شیلگیرتر تێبکۆشن. سەنگی کۆمەڵایەتیان لەبەدی هێنانی خواستە بەدی نەهێنراوەکانیان، کاریگەرتر بخەنە کۆڕی خەبات. تایبەت لەرۆژهەڵاتداو لەناو دەوڵەتانی ئیسلامیدا.

لەکاتێکدا.. دۆخی ژنانی ئۆروپای ڕۆژاوا بەو چەشنەیە، دەبێ ئەو سەرکەوتنو پێشکەوتنانەش بخەینە بەر چاو کە ژنان، لەئۆروپادا، هەتا رادەیەکی زۆر مافی مەدەنیو ئازادیان بەدی هاتووە. ژن لەئۆروپادا، لەسیستەمی باوکسالاری سەرفراز بووە؛ مافی ڕێکخراوبوونو چۆنایەتی بەکارهێنانی شێوازەکانی خەباتی یاساییو کۆمەڵایەتیو پیشەیی دابینە، وێڕای ئەوەی کەسایەتیەکەی لەلایەن پیاوەوە پێشێل دەکرێ، بەڵام مافە مەدەنیەکانی کەسایەتی ژن وەکو ژن، زەوت نەکراوە؛ ژن مافی تەڵاق، مافی سیاسی، مافی یاسایی، مافی ڕەخنەو ناڕەزایی، مافی هاوسەر هەڵبژاردنو خۆشەویستی، مافی سەربەستی چونە دەرەوە، مافی ئازادی عەقیدەیی، مافی کارکردن، مافە ڕووناکبیریەکان.. تاد تەواوی ئەو مافانەی دابین کراوون. بەڵام هێشتا وەکو

گوتمان: بەحوکمی تەواو نەبوونی دەورانی دیموکراسیو کەمتەرخەمی ژنانیش بەشێك لەمافەکانیان نەهێنراوەنەتە دی بەشێکی بەرچاویشە!.

ئەگەر بێتو دۆخی ژنانی ئۆروپا، لەگەڵ دۆخی ژنانی رۆژهەلات، بەتایبەتی ژنانی ولاتانی ئیسلامی، بەراورد بکەین، جیاوازیەکی زۆر فراوان دەبینین.

زانیاریەك کە لەلایەن یەکێتی پەرلەمانی نێو دەوڵەتی بلاوکراوەتەوە، دەری دەخا کەوا:

- لەساڵی (١٩٤٥)ەوە هەتا ساڵی (١٩٩٧)، لە خولە جۆراوجۆرەکانی هەڵبژاردنو پێکەوەنانی حکومەتەکاندا، ژنان لە (٤١) ولاتدا، لەناو (١٨٦) ولات، توانیویانە (٧٧) جار بگەنە پۆستی سەرۆکایەتی. لەمانە.. (١٧) جار لەئەفریقیا؛ تەنها یەك جار لەئاسیاو حەوزی ئۆقیانوسی ئارام.

هەروەها.. ژنان، رێڕەوێکی دوورو درێژی خەباتی بەدی هێنانی مافە مەدەنیبەکانو مافە سیاسیەکانی خۆیان بۆ بەشداری کردن لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو شوراکانو شارەوانیەکاندا، بڕیوە. ساڵنامەی دابین کردنی مافی دەنگدانو بەشداری کردنی ژنان لەهەڵبژاردندا، بەشێکیان بەم شێوەیە:

| ولاتان | ساڵی دەنگ دانە |
|---|---|
| نیوزلاندا | ١٨٩٣ |
| ئوستوراليا | ١٩٠٢ |
| دانمارك | ١٩١٥ |
| کەنەدا | ١٩١٨ |
| **دوای جەنگی دووەمی جیهانی** | |
| ژنانی بەلجیکاو فەرەنسا. | |
| سویسرا | ١٩٧١ |
| **لەرۆژهەلاتدا:** | |
| تورکیا | ١٩٣٤ |
| سوریە | ١٩٤٩ |
| میسرو تونس | ١٩٥٦ |
| مەغریب | ١٩٦٣ |
| عێراق | ١٩٨٠ |

ئەمە لەکاتێکدا.. لەناو هەر شەش وڵاتانی عەرەبی کەنداو، تەنها (عومان) مافی بەشداری ژنانی لەدەنگداندا سەلماندووە، ئەویش ساڵی (١٩٩٧)، دوو ساڵ لەمەوبەر. باقی وڵاتانی عەرەبی لەکەنداودا، بەپاساوی ئەوی بەشداری ژنان لەدەنگدانو پەرلەماندا، لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا ناگونجێ، ئەم مافە مەدنیەیان لەژنان قەدەغە کردووە.. پار.. جارێکی دیکە لە کوێتدا، ئەم مەسەلەیە هاتەوە ئارا، پەرلەمانی کوێتی سورە لەسەر ئەوەی ژن بێبەش بکرێ لەمافەکانی دەنگدانو بەشداری کردن لەپەرلەماندا. چونکە گوایە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا ناکونجێ.

لەئۆروپای باکوردا، بەشێوەیەکی گشتی لە (٧،٣٦٪) لەولاتانی ئەفریقیای باشوری بیابان لە (١١،٥٪)و لەحەوزی ئۆقیانوسی ئارام لە (١٢،٤٪).. کەچی بەتێکڕایی، لەوڵاتانی عەرەبی ئیسلامیدا سەرجەم لە (٣،٢٪)ی ژن ئەندامی پەرلەمانەکانو ئەنجومەنەکانی شوارین. لەئێرانی کۆماری ئیسلامیدا، تۆزێك زیاتر لەکۆی (٢٧٠) ئەندامی پەرلەماندا (١٣)یان ژنن.

لەهەفتاکانیشەوە هەتا ئێستا، لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی ئۆروپاوە بۆ وڵاتە دواکەوتووەکانی ئەفریقیا، ژنان وردە وردە متمانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان گرتۆتە دەست. کەچی لەناو وڵاتامنی ئیسلامیدا، بۆ یەك جاریش بواری وا بۆ ژن نەڕەخساوە. یەکەمین وڵات لە ئۆروپادا دانیمارکە ژن ساڵی (١٩٥٠) بۆتە سەرۆکی پەرلەمان. ئاخرین وڵاتیش هۆڵندایە کە پار ژن بۆتە سەرۆکی پەرلەمانیان. لەئەمریکای لاتینیشدا، ژنان لەم بارەوە پێشکەوتونو ساڵی (١٩٦٣) ژن بۆتە سەرۆکی پەرلەمانی ئۆروگوای.

- لەمافی دەنگداندا.. ژنانی هەندێ دەوڵەتی ئیسلامی بێبەشن.
- لەڕێژەی ئەندامانی پەرلەماندا، کەمترین ژن گەیشتونەتە پەرلەمانی هەندێ وڵاتی ئیسلامی عەرەبیو غەیرە عەرەبی.
- لەپۆستی سەرۆکایەتی پەرلەماندا، لەهیچ وڵاتێکی ئیسلامیدا، ژن سەرنەکەوتووە.

ئەگەر زانستیانە بۆ سەرچاوەکانی ئەو دواکەوتنە مەدەنیەو دواکەوتنی دۆخی کۆمەڵایەتی ژنان بگەڕێین، بێگومان چەندین هۆی: کولتور، مەزهەب، نەریت،

جوگرافیا، پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی، جـۆری حـوکمڕانی، کەسـایەتی نەتەوایـەتی، سیستەمی سیاسی.. تاد رۆڵیان لەو دواکەوتنو دواخستنەی ژناندا هەیە.

ئەگەر لەهۆیە هەرە کاریگەرەکانی ئەو دواکـەوتنو دواخسـتنەش بکۆڵینـەوە، ئەگەڕێینەوە بۆ:

١- زاڵبوونی ئەقڵیەتی مەزهەبی دێرینە، یان هەژمونی مەزهەبی دێرینە.
٢- یەکالانـەکردنی شارسـتانیانەی دیـنو دەوڵـەت، لەسـەر بنـەمای گونجـاوی عیلمانیەت لەهەر وڵاتێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی.
٣- نەبوونی دیموکراسیو ئازادی راستەقینەی واقعی.
٤- ئازادی پێنەدانی بونیادە مەدەنیەکانو خەم نـەخواردنی کۆمـەڵی مـەدەنی لەناو تاكو کۆی کۆمەڵدا.
٥- بایەخ پێنەدانی زانستو زانیاری، برەو پـێنـەدانی میتـۆدی زانسـتی، لـەناو منالانەوە بۆ گەورە.
٦- نەبوونی بەرنامـەی پـەروەردەو ئـار اسـتەکردنی شارسـتانیەت لـەبوارەکانی خوێندن، لەباخچەی ساواینەوە بۆ خوێندنی بالا.
٧- سود وەرنەگرتن لـەکاروانی رووناکبیریو شارسـتانیو مـەدەنی مرۆڤایـەتی، لەروانگەیەکی بابەتیەوە.٧
٨- نەبوونی پەروەردەی ئەقلانیو پێنەگەیاندنی ئەقلانیانەی کەسـایەتی کـوردو کوردەواری.
٩- نەخوێندنـەوەی زانسـتیانەی مێـژووی نەتـەوەی کـوردو نـەبوونی بەرنامـەی پەروەردەی زانستیانەی مێژووی کورد.

(٥)

### کولتوری کوردەواریو فشاری سەلەفی

کوردەواری.. کۆمەڵێکی رۆژهەڵاتییە.. بـەڵام لـەناو نەتـەوەکانی رۆژهەڵاتـدا، بەتایبـەت لـەناو عـەرەبو فـارسو تورکدا، نەتـەوەی کـورد خـاوەن خەسـڵەتی تایبـەتی خۆیـەتی. کـە دەشـڵێین: خەسـڵەتی تایبـەتی، بێگومـان خەسـڵەتەکە، لــەزمانی کوردیــەوە، بــۆ کولتورەکــەی، بــۆ نــەریتو پێکهاتــە کۆمەڵایــەتیو سایکۆلۆژیەکەی، دەگرێتەوە.

بونیادی زمانو پێكهاتەی كۆمەڵو بینای كەسایەتی تاكی هەر نەتەوەیەك، كاریگەریەكی گەورەیان لەخولقانی كولتووری دابو نەریتی كۆمەلایەتی نەتەوەكان هەیە؛ هەروا، دەورو بەریش. چ ژینگەو چ ژیانی نەتەوە دراوسێكان. ئەمە جگە لە تەفاعولاتی شارستانیەتەكان.

چاوگی بونیادی زمانی كوردیی.. هیندو ئۆروپیە، كەوابێ: ئەو زاراوە هیندو ئۆروپیانەی ئاوێتەی زاری كوردیی بوون، وەكو زاراوەیەكی رووت تێكەڵی هەستی كورد نەبوون. بەڵكو وەكو بونیادێكی كاملی زاراوەی زمانی هێندو ئۆروپی، رۆچونەتە ناو هەستو زمانو كولتوری دێرینەی كوردییو بەرە بەرە، زمانی كوردیان جوانتر پژاندووەو هەستی كرودیشیان بەرجەستەی كۆمەلایەتی كردووە. لەبنەچەشدا، ئەگەر پێكهاتەی كۆمەڵێك لەگەڵ بونیادی زمانانی دیكە نەسازێ، ئاسان نییە لەرەچەڵەكی دوو زمانەوە (هیندی.. ئۆروپی) زمانی نەتەوەیەك بڕسكێ. مەبەست لەم پیشەكییە زمانەوانییە تەنها ئەوەیە بڵێین: بونیادی زمانی كوردییو پێكهاتەی سایكۆلۆژی دێرینەی كوردەواری، لەرووی پێویستیو بابەتی ژینو ژینگەوە، بەچەشنێ ئاوێتە بوون، ئیدی وەیشومەكانی رۆژگار، لەهەر كوێیەكەوە هەڵیكردبێو روویكردبێتە هەر رووبەرێكی كولتوری مادیو رۆحی كورد، نەیتوانیوە گەوهەری بونیادی زمانی كوردیو پێكهاتە سایكۆلۆژیەكەی سەراپا بگۆڕێو هەڵبگێرێ. باشترین بەڵگەش مانەوەی زمانی كوردیو پێكهاتەی كوردەوارییە.. لەبەرامبەر ئیمپراتۆریەكانی پێشو پاش، زایین. پێشو پاش ئیسلامیش.

مێژوو شایەتی نەمانی میللەتانو زمانانی زۆرە. بەلام كورد لەو میللەتانەیە، راستە باوەرە زەردەشتیەكەی زەوتكراوە، بەلام زمانو كولتورو كۆمەڵەكی پارێزراوون. پاراستنی بونیادی كولتورو پێكهاتەی كۆمەڵێك، فینۆمینایەكی ئێجگار گرنگن بۆ توێژینەوە لە تایبەتمەندیەكانی مانی میللەتی كورد.

بێگومان، رسكانی زمانی كوردییو خولقانی كوردەواری، پێش (ئاینە ئاسمانیەكان) بووە. بۆیە، دەتوانین بڵێین، ئەو هۆكارانەی زمانی كوردییان رسكاندووەو كۆمەڵی كوردییان خولقاندووە، هەم لەبنجی زمانی كوردیدا و هەم لەبنەوانی كوردەواریدا، بەدرێژایی مێژوو، لای مرۆڤی كورد، لەكوردیی دێرینەوە بۆ كوردی شارستانی، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هۆكارەكانی پارێزراوون.

واتە: رۆژگار هەر ئاڵوگۆڕێکی سەپاندبێتە سەر کورد، بەڵام کورد رەچەڵەکی بوونی خۆی لەرێی زمانو کۆمەڵەکەیەوە، نەدۆڕاندووە. ئەمەش وای کردووە زمانی کوردییو کوردەواری نەك لەبەرامبەر زمانی قورئاندا، وەکو زمانی نەژادێکی جیاواز بمێنێتەوە، سەرکەش بمێنێتەوە، بەڵکو بەرامبەر زمانی فارسیش کە هاونەژادی کوردو هاوزمان زگماگیشن، خۆی رابگرێ. هەر بۆیە، هەم زمانی کوردییو هەم کوردەواری، خەسڵەتیان نەشێواوە.

زمانی کوردیی.. لەبنجو بنەوانە هێندو ئۆروپیەکەی، هەتا هەنوکە وەکو وشە رۆنان، وەکو رستە دارشتن، وەکو رەوانبێژی، وەکو فۆنەتیك، رەنگدانەوەی هەناوی راستەقینەی کوردەوارییە.. کوردەواری بەخەسڵەتە جیاکەرەوەکەی، لەکۆمەڵەکانی دەوربەر. لەخۆڕا نییە؛ نەریتی کوردەوایی، دابی کوردیی، فۆلکلۆرو کەلەپوری کورد، پەندو گۆرانی، سەرگوزشتەو حیکایەتی کوردیی، یان (ترادسیۆن)ی کوردیی، پڕن لە وردە کاری ئەوتۆ بەهیچ کلۆجێ ناگونجێ لەگەڵ ئاینەکاندا، تایبەت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا: مەمك گوشین، شەوگەڕی ماڵەو ماڵ، رەشبەڵەك، دەم لەناو دەم بوون، سەربەستی ژنانی لادێ، وەرزێری ژنە لادێ، بێ پەچەو عەبایی، رەدووکەوتن، کەوشو سەیرانی کوڕ کاڵان، گۆرانیو بەیتی کچانو ژنان، هەروا، شیعر، فۆلکلۆر، بەیتو بالورەی کوردیو پەندی پێشینان، پڕن لەو راستیانە. ئێستاش کوردەواری بەردەوام کانگای بەرهەم هێنانی ئەو دیاردەو دابو نەریتانەن، کە هەرگیز لەگەڵ دەستوری ئایینی ئیسلامیدا، ناگونجێن. لەنا کوردەواریدا، سەرەڕای زاڵبوونی موتڵەقی ئیسلام، ئەو دابو نەریتانە نابڕێنەوەو لەناو بونیادی زمانی کوردیشدا، بەئاسایی رەنگدەدەنەوە. نهێنی مانەوەی دابو نەریتێکی ناکۆك لەگەڵ دەستوری ئاینی ئیسلامدا، بەدرێژایی زیاتر لەهەزارو چارەکە سەدەیەك لە چیدایە؟ بێگومان نهێنی ئەمە لەوەدایە کە کورد، وەکو مرۆڤ، کوردەواریش وەکو کۆمەڵ، سروشتی وا هەڵکەوتووە کە ئاینو هەژمونگەرییە مەزهەبیەکان، ناتوانن سەراپا هەڵیانگێڕن. هەڵگێڕانی کەسایەتی کوردو کوردەواری، کارێکی ئاسان بوایە، لەسەدەکانی ناوەڕاستەوە قەڵمڕەوی ئیسلامو کولتوری ئیسلامگەری، هەڵیان دەگێرا، بەڵکو لەبێخو بنیشەوە زمانی کوردییان هەڵدەکێشا.

کۆن.. ئەگەر پێکهاتەی کوردەواریو کەسایەتی کوردییو سروشتی کولتوورو سایکۆلۆژیەتی کورد، سەراپا هەڵنەگێڕدرابێ، ئێستاش، بەسەرلەفیەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم، ناگۆڕدرێ. بۆیە، هەموو ئەو هەوڵانەی بەناوی ئیسلامی سیاسیەوە، لایەنە جیاوازەکانی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا دەیدەن، بۆ گێڕانەوەی کوردەواری لەم پێشکەوتنە سنوردارەوە، بۆ سەدەی سەلەفیەت، کارێکی زۆر ناڕاستو نادروستە. چونکە ئایدیۆلۆژیەتێکی سەلەفی، لەدواکەوتوترین قۆناغی ژیانی میللەتێکدا نەیتوانیبێ رەوتی ژیانی کۆمەڵێك لەبۆتەی مەزهەبیدا بتوێنێتەوە، هەڵبەتە لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا، هەرگیز پێی ناکرێ. ئەوەی کە ئیسلامی سیاسی پێی دەکرێ، تەنها ئەوەیە بەپشتیوانی بێگانەو بەناوی ئیسلامەوە، شیرازەی کۆمەڵایەتی بئاڵۆزێنێو ئیرادەی نەتەوەیی لاواز دەکاو دەسەڵاتو ئەزموونی دیموکراسی دوچاری گیروگرفت دەکا.

- سەلەفیەکان.. دەیانەوێ کوردەواری والێبکەن کەوا چوار ژن بەئاسانی بەپیاوێك قایل بن بەمەرجێ تێرو رازیان بکا؛ بەدرێژایی مێژوو لەکوردەواریدا، تاکو تەرا نەبێ (ئەویش دەرەبەگە چەوسێنەرو شێخە نفوسدارەکان) زۆربەی هەرە زۆری خەڵك، بەژنو پیاوەوە، بەم دەستووری ژنە چوارینەیە، رازی نەبوون.
- سەلەفیەکان.. دەیانەوێ ژنی کوردەواری لەشارو دێدا، سەربەست نەچێتە دەرەوە، سەرپشك روونەکاتە کۆڕو کۆمەڵ، سەروەر کار نەکات، ئەمەش لەکۆندا نەچۆتە سەر، لەم سەردەمەدا هەر ناچێتە سەر.
- سەلەفیەکان.. دەیانەوێ دابو نەریتی ئازادانەی کوردەواری لەقاڵبی مەزهەبی بدەن؛ گۆرانی نەمێنێ؛ رەشبەڵەك قەدەغە بکرێ، سەربەستی هاوسەر هەڵبژاردن نەهێڵن؛ دوو ژن بەشایەتێكو دوو ژن پشکە میراتێکی بەربکەوێ، ئەمەش مەحاڵە.
- سەلەفیەکان.. دەیانەوێ خوێندنگای تێکەڵاوی کوڕو کچ یەکاڵا بکەنەوە. لە دائیرەکانیشدا کچو کوڕ لێك جوێ بکەن. ئەگەر بۆشیان بگونجێ، لەپاشەڕۆژدا، وەکو ئێستای ئەفغانستان، ژنان دەپەستێونە ناو ماڵ. ئەمەش ستەمی ژیانە.

- سەلەفیەکان.. دەیانەوێ.. حجاب ئیلزامی بێ، عەبا بگەڕێتەوە. بۆشیان بلوێ پەچەش بەڕوخساری ژناندا شۆڕدەکەنەوە. هەڵبەتە، مێژوو ناگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست.
- سەلەفیەکان.. دەیانەوێ وەرزش، هونەرو خۆشیو ئارەزوو ژن، خەفە بکەن. ئەمەت پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە.

ئەو بیروڕایانەو بیروڕای زیاتریش، عەقیدەی سەلەفیەکانە. لەهەر کوێیەکی دونیادا دەسەڵاتیان بتوانن بسەپێنن، دریغی لەجێ بەجێ کردنی بیروڕاکانیان ناکەن. سەرەتا بەناوی خزمەتگوزاریو پاشان بەناوی شارستانیو، ئینجا بەمافی خۆهەڵبژاردنو سەرەنجامیش دەسەڵاتی سەلەفی سەپاندن.

ئەمرۆ.. هەلومەرجێك بۆ نەتەوەی کورد هاتۆتە پێش پێویستە هێزە پێشکەوتنخوازەکان، دیموکراتخوازەکان، مەدینخوازەکانی کورد بزانن کەوا کورد چارەیەکی جگە لە چارەسەری دیموکراسیو ئازادیو.. مەدەنیەت، لەبەردەمیدا نەماوە.

ئێستا.. ئەم هەلومەرجە، بووە بەبەشێك لەو ئاڵوگۆڕە سیاسیو دیموکراسیەی لەسایەی سیتسەمی نوێی جیهاندا، بۆ جیهانو بۆ چارەسەری کێشە سیاسیە چارەسەرنەکراوەکانی گەلانی لەمەڕ خۆمان هاتۆتە پێش.

کۆن.. بەدرێژایی زیاتر (١٤٠٠) ساڵێ حوکمی خەلیفەو ئیمبراتۆریەتە ئیسلامیەکان لەجیهانی ئیسلامدا، نەیانتوانیێ کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی ئەو گەلو نەتەوانەی ناو جیهانی ئیسلام چارەسەر بکەن، لەهەلو مەرجی ئێستادا، چۆن دەتوانن کێشە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، بەو دەمارگیرە مەزهەبیەی لەم سەردەمە پێشکەوتووەدا، چارەسەر بکەن.

کام فەلسەفە، کام ئایدیۆلۆژیەت، کام دەسەڵاتدار، کام ئاینو مەزهەبو باوەڕ، بەقەد ئیسلامی سیاسی، دەسەڵاتو حوکمی بەدرێژایی مێژوو، بەسەریەکەوە، زیاتر لەهەزارو چارەکە سەدەیەك بەدەستەوە بووە؟

ئەگەر بنچینەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، لەگەڵ رەوتی گۆڕانکاریەکانی جیهانو دەوبەردا، لەگەڵ دیاردەو دەرکەوتە تازەکاندا، لەگەڵ پێویستیەکانی کۆمەڵو سروشتی مرۆڤو حەزەکانیدا، لەگەڵ زانستو زانیاریدا، لەگەڵ ئەقڵو ئەقڵانیەتدا، توانای پەرەسەندنو.. وزەی پێشکەوتنو.. برستی

خزمەتکردنی هەبوایە، بێگومان سەرجەم دەسەڵاتەکانی ئیسلام لەناو تەواوای وڵاتانی ئیسلامدا، دوچاری بنبەست نەدەهاتن. هیچ نەبێ لەناو نەتەوەی عەرەبدا حکومەتێك خراپ بوو، دووان خراپ بوو، سیان خراپ بوو، چواریان هەڵگەڕانەوە لە ئیسلامی سیاسی، پێنجیان خیانەتیان لەدەستوری ئیسلامی سیاسی کرد، شەشیان پەیڕەوی ئایینی ئیسلامیان نەکرد.. حەوتیان.. هەشتیان.. نۆیان.. تاد. ئەوەش پاشماوەی دەسەڵاتی ئیسلامی لەناو وڵاتانی عەرەبی کەنداودا.

خۆ دەبوو لایەنی کەم یەك سیستەمی ئیسلامی سیاسی، توانای درێژە پێدانی دەسەڵاتی بەپێی پێویستیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵەکەی، لەهەموو بارێکەوە، هەبوایە. بۆچی هیچیان نەیانتوانی: دەوڵەتێکی ئابوری ئیسلامی زاڵ، سیستەمێکی (دیموکراسی — شورایی) راستەقینە، کۆمەڵێکی مەدەنی پێشکەوتوو، بینا بکەنو بیگەیەننە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئێستا؟ بۆچی تاقە وڵاتێکی ئیسلامی، لەسەر بنچینەی ئایینی راستەقینەی ئیسلامی نەیانتوانی ئازادی مرۆڤ، سەربەستی ژن، یەکسانی ژنو پیاو، باشتر لەوڵاتەکانی ئۆروپای مەسیحی، یان ژاپۆنی بوزی، یاخەود دەوڵەتانی عیلمانی، دابین بکەن؟ بەبێ ئەوەی لەسایەی ئازادیو دیموکراسیو مەدەنیەتی ئیسلامدا رێگەش بدەن دیاردە دزێو بەدڕەوشتەکانی ئۆروپا، تەشەنە بسەنێ.

ئەگەر لایەنە ئیسلامیە سیاسیەکان، باوەڕیان بەدیموکراسی هەیە، دیارە دیموکراسی راستەقینە بەبێ سیستەمی عیلمانی پلورالیزم (تعدیە) هەرگیز نایەتە دی. عیلمانیەت واتە: جیاکردنەوەی دینو دەوڵەت. پلورالیزمیش واتە فرەلایەنیو ئازادی هەموو لایەك. کە دینو دەوڵەتیش جیا کرایەوە، مەسەلە رۆحیو مادیەکانی مرۆڤ گەڵاڵە دەبنو مرۆڤ سەرپشك دەبێ لەئازادی دینیو سیاسیدا. چەوساندنەوەی ئایینی لەئارادا نامێنێ. کە چەوساندنەوەی ئاینیش لەئارادا نەمێنێ، ئیتر ئیسلامیەکان حیزبی سیاسی لەپێناوی پاراستنی کام ئاین دادەمەزرێنن؟ یان مەسەلەکە دەسەڵاتی سیاسیە بەناوی ئیسلامەوە.

ئەوە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە، لەناو لایەنە ئیسلامیە سیاسیەکاندا، هەیە دەڵێت: باوەڕیان بەشارستانیەتو مەدەنیەت هەیە. دەپرسین: کام شارستانیەتو کام مەدەنیەت؟ ئەگەر شارستانیەتو مەدەنیەتی ئیسلامیەو بەس، ئەمەش هەر سەلەفیەتە بەڵام لەبەرگێکی دیکەدا. ئەمە جگە لەوەی

مەدەنیەتی ئیسلامی لەم سەردەمەدا قسەو باس زۆر هەڵدەگرێ. خۆ ئەگەر مەبەست شارستانیەتو مەدەنیەتی سەردەمە. کەوابێ ئەو لایەنە ئیسلامیە سیاسیە پێویستە هەڵوێستی خۆیان راشکاو رونبکەنەوە کەوا شارستانیەتو مەدەنیەتی سەردەمەکەیان قبوڵە. شارستاینەتو مەدەنیەتی سەردەمیش دەکاتە:

- دەوڵەتی دیموکراسی.. عیلمانیو جیاکردنەوەی دینو دەوڵەت.
- ئازادی تاکو گروپو رێکخراوی کۆمەڵ.
- سەربەستی ژنانو یەکسانیان لەگەڵ پیاوان.
- باوەڕبوون بەئەقڵانیەتو پەرچ دانەوەی ئەفسانەو خەیاڵ.
- نەتۆقاندنی خەڵك بەداستانی نەبینراو، یان نەسەلمێندراو.

مەدەنیەتو شارستانیەت.. دەبێ ئەو مەسەلانە بکرێتە خۆی. هەر لایەك، راستگۆیانە، باوەڕی بەمەدەنیەت، شارستانیەت، دیموکراسیەتو ئازادی هەبێ، دەبێ بەڕاشکاوی باوەڕی بەو بنچینانە رابگەیەنێو بۆشیان تێبکۆشێ، لەمەش زیاتر، سەنگەری بەرەنگاری دژەکانی ئەو باوەڕەش، پتەو بکا. نەك بەقسە باوەڕی بەشارستانیەتو مەدەنیەت هەبێ، بەکردەوەش ئامادە نەبێ یەك هەنگاو کۆنەپەرستان لەدژایەتی کردنی پێشکەوتن خوازی، رابگرێ.. بەڵکو پەیوەندییە کۆنەپەرستەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش، بژێنێتەوە.

یان.. بەدروشمو خیتابی سیاسی، شارستانی بێ، بەڵام بەکردەوە، منالانی سەرەتایی بەگیانی سەلەفی گۆش بکا، کچان بخاتە ژێر تەوژمی حجاب پۆشین، گەنجو هەرزەکار ببەستێتەوە بەکەشی سەلەفی. ریش بەردان بکاتە مۆدی دڵسۆزی بۆ ئیسلام. سەدان مزگەوت دروست بکا بەڵام یەك خوێندنگا ئاوەدان نەکاتەوە. دەیان هەزار کتابو نامیلکەی سەلەفی چاپ بکا، بەڵام یەك سەرچاوەش لەسەر شارستانیەتو مەدەنیەتی هاوچەرخ چاپ نەکا. باس لە دیموکراسیەتی راستەقینە، عیلمانیەت، ئەقڵانیەت، رۆشنگەری، ئازادیو مەدەینەتی سەردەمەکە، نەکا.

باوەڕ بوون بەشارستانیەتو پابەندبوون بەمەدەنیەت، هەمیشە، بەدرێژایی مێژوو، پەیوەستی خەبات بووە دژی ئەندێشەکانی سەدەکانی ناوەڕاستو تێزەکانی سەلەفیەت.

شارستانیەتو مەدەنیەتەکانی دونیا، لەخۆڕا دانەمەزراوون. بەخەباتو قوربانیدان هاتوونەتەدی. هەرلایەك، بڕواو باوەڕی، بەڕاستی لەئاستی بەدی هێنانی ئەو بڕواو باوەڕانەی شارستانیەتو مەدەنیەت بێ، بەئەندازەی ئاستی باوەڕەکەی، دەبێ قوربانی بداو باجی خوێنیش ببەخشێ. بەڵام بڕواو باوەڕێك، بەلاف لێدان شارستانیو بەقسە مەدەنیو بەدروشم دیموکراسی بێ، بەڵام لەگەوهەردا سەلەفیو لەدوا ئامانجدا، کۆنەپەرست بێ، هەڵبەتە ئەو لایەنەی بڕواو باوەڕی وایان هەیە، ئامادە نابن لەبەرامبەر دژو دوژمنانی پێشکەوتندا، یەك هەنگاوی بەرەنگاری هەڵبهێنن. تەنانەت لاشیان ئاسانە هەڵیش بکەن لەگەڵیاندا. بگرە چاویش بپۆشن لەخیانەتو لەتەك خیانەتیشدا، بسازێن. لەگەڵ (معاویە)دا نان بخۆنو لەپشتی (ئیمامی عەلیش) نوێژ بکەن. ئەمە.. ڕێبازی هەلپەرستی سیاسیو میکافیلیەتە لەبۆتەی خەباتدا، نەك شارستانیەتو مەدەنیەت.

ئەو لایەنە سەلەفیانەی ئاشکرا دژی پێشکەوتنن، تەکلیفیان ڕۆشنە، بەڵام ئەو لایەنانەی بەناو پێشکەوتوونو بەناوەڕۆك، دواکەوتوون. ئائەمانە، بەڕواڵەتی پێشکەوتنخوازی، لەناو کۆمەڵدا کنە دەکەن، ڕۆ دەچنە ناو خێزان، یەك ریزی خێزانەکان بەناوی ئیسلامەوە دەترازێنن: برا لەبرا بەناوی ئیسلامەوە لێك دوور دەخەنەوە؛ خوشك لە خوشك بەناوی ئیسلامەوە، لێك زویر دەکەن؛ دایكو باوكو مناڵانیان بەناوی ئیسلامەوە لێك سارد دەکەنەوە. لەکاتێکدا هەرهەمووشیان ئیسلامن.

ئەمانە.. بەناوی ئیسلامەوە، خەڵك دەکەن بەحیزبیو لەناو حیزبەکەشیان، دۆگماتیزمی ئایدیۆلۆژی دەچەسپێنن.

ئەمە لەکاتێکدا.. هەرگیز لەکوردستاندا، ئیسلامو ئیسلامگەری، نەچەوساوەتەوە، قەدەغە نەکراوە، هەموو کەسێك سەربەستە لەباوەڕی ئایینی

خـۆی. تەنانـەت ئەوانـەی بـاوەڕێکی پێچـەوانەی بـاوەڕی ئیسلامیشـیان هەیـە، ناتوانن ئازادانە دەری ببڕن. بەڵکو ئەگەر جۆرێك لە فشاری فکری یان سانسـۆری فەلسەفی، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەکوردستاندا هەبێ، لەسەر عیلمانیەکانو ئەقڵانیەکانو مەدەنیخوازەکانە، نەك لەسەر ئیسلامو ئیسلامیەکان، بۆیە، ئەگـەر مەسەلە ئیسلام بێ کە سەلەفیەکان، یان ئیسلامە سیاسیەکان، یاخود ئیسـلامیە شارسـتانیەکان، خۆیـان کرۆدتـە پێشـەنگی بـەرگری لەئیسـلام، ئاشـکرایە لەکوردستاندا، بچوکترین مەترسـی لەسـەر ئیسـلام نییـە. ئەگـەر تـاك تـاك، یـان لایەنێکی سیاسی بچوکیش، توندڕەوایەتیەکی دژی ئیسـلام، جـارو بـار نوانـدبێ، هەڵبەتە ئەمانیش نەبوونەتـە مایـەی مەترسـیەکی کـەمیش لەسـەر ئیسـلام هـەتا بکرێنە پاساو بۆ بەرگری لێکردنی ئیسلام.

ئیسـلامی سیاسـی.. لـەم کاتـەدا کـە لـە جموجوڵدایـە، لەهـەوڵی هاتنـە سەرکاردایە، کاریگەریەکانی لەسەر کۆمەڵ پێچەوانەی بـیری مەدەنیـەتو بینـای شارستانیەتە. نەخوازەڵلا بێنە سەر کار. ئەو کاتە کار لەکار ئەترازێنن.

لەبەرامبەر سـەرجەم ئیسـلامی سیاسـیدا، تێکۆشـان لـەپێناوی دیموکراسـیو عیلمانیەتو مەدەنیەتی راستەقینەی سەردەم، ئەرکو ئۆباڵێکی چارەنووسسـازی پێشکەوتووخوازانە. پێشکەوتنخواز وەکو حیزب، وەکو لایەن، وەکـو دەسـەڵات، وەکو رێکخراو، وەکو گروپ، وەکو روونـاکبیر، وەکـو گۆڤـارو.. وەکـو رۆژنامـە.. ئیزگەو تەلەفزیۆن.. ئەرکی هاوبەشمانە خەم سارد نەبینو لایەنی کـەم، بـیروڕای خۆمان شیلگیرانە پەیڕەو بکـەین. هـەر کەسـێكو دەزگایـەك، هـەر روناکبیرێـكو گروپێـك، سـازش لەگـەڵ فکـری ئیسـلامی سیاسـی بکـا، بـەکردەوە یارمـەتی پـەرەسەندنیان لەسەر حسابی پێشکەوتنی کۆمەڵ دەدا.

لەناو کۆمەڵیشدا.. ژنان.. لەهەموان زیاتر پێویستە وریای چارەنووسیان بن.

ژن.. وەکو لەپێشەکی باسـەکەدا گوتومانـە، چەوسـاوەترین بەشـی کۆمـەڵن. بـیری سـەلەفی بـەبێ ئـەوەی دەسـەڵاتی حـوکمڕانی بەدەسـتەوە بـێ، ژنـی تاساندووە، ئاخۆ بێنە سەر حوکم چی لەژن دەکەن؟

بێگومــان.. ئــەو ئــازادیو پێشــكەوتنەی بۆشــیان هاتوتــە دی، ســەراپای دەسڕنەوە. ژن دەكەنەوە كۆیلە. ژن دەكەنەوە (كێڵگەی ئارەزووی پیاو).

تاكــە ســایەی راســتەقینەی سەربەســتی ژنو یەكســانی ژنو پیــاو، ســایەی دیموكراسی، سایەی ئاوزادیو یەكسانی ژنو پیاوە، ئەمیش لەكۆمەڵی مــەدەنیو مەدەنیەتدا، دێتە دی.

مەدەنیەتێكی هاوچەرخ.. مەدەنیەتیەك.. بەروكارو بەناوەرۆك، ئــازادی تــاكو سەربەستی تاكو هەڵسوڕانی راستەقینەی تــاك.. دابــین بكــاو بیگونجێنــێ لەگــەڵ رەوتی پێشكەوتنی گشتی كۆمەڵو دامەزراوی دیموكراسی حوكمڕانیدا.

نەك مەدەنیەتێك.. بــەروكار پرشــنگدار بــێ بــەڵام بــەناوەڕۆك پــڕ لــەژار بــێ. ژارێك.. پێشەكی دەرخواردی رۆحی مرۆڤ بدرێ.. پاشان جەســتەی كڵــۆم بــدرێ. لەئەنجامدا ویستی مرۆڤ.. دەستەمۆ بكرێ.

## سەرچاوەكان


١) (بۆ گەنجەكان/ حسن البنــا– الاتحــاد الاســلامی العــالمی للمنظمــات الطلابیــة. ل:(١٠_١٢).

٢) انسان بین مادیگری واسلام – نوشــتە: محمــد قطــب – ترجمــة: ســەید خلیــل خلیلیان ل (٢٧٨).

٣) كیهان: صفحە (٧) چهار شنبە / ١٥ مهر ,١٣٧٧

٤) روزنامە: ٢٢/ی دیسمبر / ١٩٩٨/ سال اول، ژمارە (١١٥) صفحە (١١).

٥) روزنامە: ١٧/ی دیسمبر / ١٩٩٨/ سال اول/ ژمارە (١١١).

# هەڵسەنگاندنی
# هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران*

## (1)
## سەرەتایەکی کورت

ساڵانە، لەم چەند ساڵەدا، هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران، لەزانکۆ، پەیمانگاو ئامادەییەکاندا، ساز دەکرێ، ئەمەش نیشانەی کڕی پاکژی دیموکراسی ناو خوێندکارانە.

دۆخی سیاسی ئێستاو ئەو ململانێ راستو.. (ناراستانەی!) لە گۆڕایی سیاسی کوردستاندا هەیە، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، لەناو هەڵبژاردنەکاندا، رەنگو دەنگ دەدەنەوە؛ بەتایبەتی، هەتا ئێستا لەکوردستاندا هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری بۆ یەکخستنی رێکخراوەکانی خوێندکاران، لەکوردستاندا نەکراوە. ئەمەش وایکردووە، رێکخراوە خوێندکاریەکان هەریەکەو لەپاڵ لایەنێکی سیاسی دەسەڵاتدار یاخود ئۆپۆزسیۆندا، هەڵبسوڕێن. ئیدی هەر رێکخراوێك دەکەوێتە سەر لێوەشاوەیی سکرتاریەتو لقەکانی بتوانن رادەی سەربەخۆیی بڕیارو چالاکیان لەسایەی حزبەکاندا دابین بکەن. رێکخراوی وا هەیە هەتا رادەیەکی باش دەتوانێ سەربەخۆ هەڵبسوڕێ، هی واش هەیە کوتو مت شەتەکی حزبەکەی دراوە.

لەم هەلومەرجەدا وهەتا ئەو کاتەی نوێنەری هەڵبژێردراوی سەرانسەری خوێندکاران لەئایندەدا، سەرەنجامی هەڵبژاردنی ئازاد دیاری دەکرێ، تێکۆشانی رێکخراوە خوێندکارییەکان لەسایەی لایەنە سیاسیەکاندا نامۆ نییە. بەڵام کوتو

* لە ژمارە دووی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی یەکەم، مارتی (١٩٩٩) ل:٢٢٦ دا بڵاوکراوەتەوە.

مت شەتەك دانی ڕێكخراوەكان بەسیاسەتی حزبو حزبایەتی، كارێكە پێچەوانەی خەباتی ڕێكخراوەیی پیشەیی. چونكە، ئەم جۆرە شەتەكدانە نقەی ڕێكخراوەكان لەئازادیو سەربەخۆیی دەبڕێ. بگرە لەترسی دەسەڵاتی حزب، لەكاتی چالاكیو هەڵسوڕانو هەڵبژاردندا، ناچاری هەوڵی دیماگۆگیو هەرچی چۆنێ بووە، كۆكردنەوەی ڕێژەیەكی باشی دەنگدەبن، هەتا دەسەڵاتی حزبەكانیان ڕازی بكەن.

**(٢)**

**چۆنیەتی هەڵبژاردن**

هەڵبژاردنی ئەمساڵ.. تینو تاوی گەرمی هەبوو، ململانێ گەیەندرایە ئەوپەڕی. ڕێكخراوە خوێندكاریەكانو لەپشتیشیانەوە، هێزە سیاسیەكان، بەحوكمی هەلومەرجە سیاسیەكە، توانایەكی زۆریان خستە كار. بەتایبەتی لەهەولێرو دهۆكدا، نەك توانا، بەڵكو دوا ئامرازەكانی فشاری سیاسیو دەسەڵاتیش خرایە كایەی هەڵبژاردن. لەسلێمانیو كەركوكیشدا، هەولێكی كەمتر نەدرا.

هەموو هەوڵە ڕەواكان، بەهەوڵی پشتیوانی حزبایەتیشەوە، كارێكی سروشتی بوو ئەگەر دۆخە سیاسیەكە لەبەرچاو بگرین، بەڵام هەموو هەوڵە ناڕەواكان، بەپاساوی پشتیوانی یان دڵسۆزی، كارێكی نادیموكراسی بوون. بەتایبەتی ئەو شێوە هەڵبژاردنەی هەرەشەو گوڕەشەی تیا بەكارهات. جۆرەها لیژنەو چەندین مەرجو ترسو تۆقاندنی تیا سەپێندرا، هەروەكو لەهەولێرو دهۆكدا، پەیڕەو كرا.

ئەمساڵ.. بۆ یەكەمین جارە ڕێكخراوە ئیسلامیەكان، ئاشكرا دادەبەزنە گۆڕایی هەڵبژاردن. بەجۆرەها شێوەو شێوازیش، نوێنەرانی خۆیان پاڵاوت، تەواوی توانای مادیو پڕو پاگاندەو فشاری ڕۆحیشیان بۆ دەرچواندنیان بەكار هێنا.

ڕێكخراوە ئیسلامیەكان.. بەتایبەتی (یەكگرتووی قوتابیان)ی سەر بەیەكگرتووی ئیسلامی، لەهەر شارێك شێوەیەك تاكتیكی گرتە بەر.

پڕوپاگەندەی جیاجیای دەكرد، هەولێكی زۆریشی دا ئەوپەڕی سوود لەناكۆكیەكانی هێزە سیاسیەكان وەربگرێ، بەتایبەتی ناكۆكی نێوان یەكێتیو پارتی. پاشان، لەڕیزبەندی جیاوازی هێزە سیاسیەكانی دیكە، بەتایبەتی لایەنە

ئیسلامیەکانی دی. لەمەشدا، قازانجیان کردووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە هەموو ئەو هەوڵانەیان بەنهێنیەکی موتڵەق ئەنجام داوە. ئەمە لەکاتێکدا زۆر ئاسایییە لیستی هاوبەش لەناو ڕێکخراوە خوێندکاریەکان رابگەیەنن، ئەگەر لەگەڵ یەکێتی یان پارتی لیستی هاوبەش دژواربێ، بۆ ئەوەی هیچیان زویر نەکەنو سوودیش لەهەردوولایان ببینن!. خۆ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە، کارێکی ئاسایی بوو. ڕێك نەکەوتن لەسەر لیستی هاوبەشو بەناوی لیستی (قوتابیانی یەکگرتوو) پاڵاوتنی نوێنەرانی قوتابیانی (راپەڕین)یان (بزوتنەوەی ئیسلامی) یاخود هەر ڕێکخراوێکی دیکە، هەر هەمووی لە قازانجی (قوتابیانی یەکگرتوو) شکایەوە، ئەمە جگە لەقازانجی دیکە کەلە پرۆسەکەدا کردیان. بەتایبەتی دوای ئەوەی لەدهۆکدا، قوتابیانی یەکگرتوو ڕێژەی (٣٦,٥٩٪)یان هێنا. پارتی تەواوی سەنگی خۆی لەسلێمانیو ناوچەکانی دیکەدا خستە پاڵ یەکگرتوو، بەحساب پارسەنگی دابەزینی ڕێژەکەی خۆیان بکا. سەرەڕای ئەوەی هەتا رادەیەك کاری کردە سەر ڕێژەکە، بەڵام نەیتوانی بەتێکڕایی دەنگەکان لەزانکۆو پەیمانگاکاندا، نیوەی مەرامەکانیشی بهێنێتەدی. لەزانکۆی سلێمانیو پەیمانگاکانی سلێمانیو کەرکوکدا، سەرجەم، (قوتابیانی یەکگرتوو) ڕێژەی (٢٤,١٥٪)یان هێنا، ئەمە لەکاتێکدا یەکێتی قوتابیان لەدهۆکدا (٥٧,٨٣٢٪)و کۆمەڵەی خوێندکاران لەسلێمانیدا (٦٤,٥٤٪) دەنگیان هێنا، لەم جیاوازیەدا، پێویستە ئەو جیاوازییەش لەبەرچاو بگرین کەوا:

لەهەڵبژاردنی پەرلەماندا، پارتی لەدهۆکدا (١٦٨٦٨٣) دەنگو یەکێتی لەسلێمانیدا (٢٠٧١٦٨) دەنگی هێناوە، ئەمە جگە لەوەی لەچوار ساڵی شەڕی ناوخۆدا، یەکێتی بە یەك چاو سەیری هەموو خوێندکارێکی کردووەو لەزانکۆو پەیمانگاکاندا، بێ تەسکیەی حزبی وەریگرتوون. پارتی لەهەولێرو دهۆکدا سیاسەتی حزبایەتی سەپاندووە.

سەربارى ئەو راستیەش، لەناوچەکانی سایەی دەسەڵاتی یەکێتیدا، قەزای هەڵەبجەو ناحیەی خورماڵو سیروانو بەشێکی زۆری گوندەکانیان، لەژێر کۆنترۆڵی (بزوتنەوەی ئیسلامی)ینو ئەوانیش بۆ پەیمانگاکان، ئامادەییەکانو زانکۆ، بەحوکمی دەسەڵاتو حوکمی پڕوپاگەندەی ئایینی، هەتا رادەیەك کاریان کردۆتە سەر ڕێژەی خوێندکاری ئیسلامی. یەکگرتووی ئیسلامیو راپەڕینیش،

لەدۆخی ئەو ناوچانە، سودێکی بەرچاویان کردووە، ئەم حاڵەتە لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا نییە. ئەمەش بەرادەی خۆی کار دەکاتە سەر رەوتی خوێندنو خوێندکاران، هەروا لەسەر رێژەی هەڵبژاردنیش.

هەڵبژاردنەکە.. لەناوچەکانی سایەی (ی.ن.ك)دا، وەکو سیاسەت، وەکو بڕیاری مەرکەزی، وەکو بەرنامەو نەخشەی رێکخراوە خوێندکاریەکان، دیموکراسی بوو، هیچ لیژنەیەکی تایبەتی لەوەزارەتەکان، لەرێکخستنی یەکێتی، لەدەزگای تایبەتی؛ هەروا، هیچ جۆرە مەرج، فشار، هەڕەشەو گوڕەشەیەك بەرامبەر هیچ رێکخراوێك، لەرێکخراوە ئاشکراو نهێنیەکانی خوێندکاران، لەئارادا نەبووە.

پێش هەڵبژاردن.. رێکخراوە خوێندکارییەکان، ئەوانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیان کرد، لەناوخۆیاندا چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامدا. پاشان بۆ دڵنیابوونی رێرەوی دیموکراسی هەڵبژاردنەکە، رێکخراوە دیموکراتیەکانی لایەنە سیاسیەکانی (یەکێتی نیشتمانی، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی سۆشیالیست، حزبی زەحمەتکێشان، یەکگرتووی ئیسلامی، بزووتنەوەی ئیسلامیو راپەڕینی ئیسلامی) لەبارەگای مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکاندا، کۆبوونەوەیەکیان سازداو بڕوڕای پێویست بۆ دەستەبەرکردنی باشتری ئاراستە دیموکراسیەکەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی، گەڵاڵە کران. لەدوا بەرەنجامی سەرجەم کۆبوونەوەکاندا، لیژنە لەنوێنەری رێکخراوە خوێندکاریەکان بۆ چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردن دانراو بڕیاریش درا، ئەو لیژنەیە تەنها نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانی تیا نەبێ. ئەمیش لەسەر پێشنیازی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك) هەتا لیژنەکە بەو پەڕی سەربەستی چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بکەن.

کەهەڵبژاردنەکە.. ئەنجامدرا. کوتو مت ئەو پرەنسیپانەی دارێژرابوون بۆ هەڵبژاردنەکە، جێبەجێ کران. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە وردە گرفت لەناو پرۆسەیەکی ئاوادا کەتێکڕا لەناو (٦٨١٥) خوێندکاری زانکۆو پەیمانگادا هەڵبژاردن کراوە، روی نەدابێ.

نەخێر.. وردە گرفت هەبوو، وەکو:

- مامۆستا (بێستون) توانجی گرتبووە نوێنەری خوێندکارانی (دراستی اسلامی) ، لەگروپی (B) لەسەر سکاڵای قوتابیانی یەکگرتوو، لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردن ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی هەڵوەشاند، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی نوێنەری ئیسلامی دەرچێ، لەکاتێکدا پێشتر نوێنەری کۆمەڵەی خوێندکاران دەرچووبوو.
- لەپەیمانگای هونەرە جوانەکاندا، بەرنامەی هەڵبژاردن وەکو پێویست بەڕێوە نەچووبوو، گیروگرفت لەنێوان نوێنەرانو بەڕێوەبەری پەیمانگا خوڵقا، ئەمە جگە لەوەی فرتو فێڵ لەناسنامەی حزبایەتی نوێنەرەکان بەکار هێنرابوو. پێش هەڵبژاردن لەسێرامیك – قۆناغی سێهەم بەشی شێوەکاری (داستان عبدالكريم عزيز) بێلایەن خۆی نواندبوو، کەچی پاشان رایگەیاندبوو کەیەکگرتووە، ئەمە جگەلەوەی (نەبەز ئازاد عەلی)، لەبەشی شێوەکار– گروپی سێرامیك، هەتا خۆی هەڵبژاردووە لبەیەکێتی زانراوە، چونکە ئەندامی رێکخستن بووە، کەچی دوای هەڵبژاردن رایدەگەیەنێ کەوا: یەکگرتووە !
- لەکۆلێژی پزیشکی ددان: قۆناغی دووەم: (زمناکۆ دڵشاد کەریم) وەکو بێلایەن خۆی پاڵاوتووە،بەڵام پاش دەرچوون رایدەگەیەنێ یەکگرتووە.
- خوێندکارانی راپەڕینی ئیسلامیو خوێندکارانی یەکگرتوو، لەهەڵبژاردنەکەدا هاوپەیمان بوون، یەکگرتوو لەهەڵبژاردنی نوێنەرێکی (راپەڕین)ی لەگروپێکی زانکۆدا، پەیمانیان شکاندبوو، ئیتر هاوپەیمانیەتیەکەیان تێکچوو. ئەمەش پەشێویەکی خستە ناو پڕوپاگەندەو سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە لەنێوانیاندا.
- دوای ئەوەی (١٠) نوێنەری کۆلێژەکانی زانکۆ هەڵبژێردراون، بۆ دیاریکردنی نوێنەری گشتی،لەیەکەمین کۆبوونەوەی نوێنەرەکاندا هەڵبژاردن کراوە، لەم هەڵبژاردنەدا، مادام هەموو بەهەڵبژاردن بونەتە نوێنەر، بەپێی یاسای هەڵبژاردن نوێنەرایەتی، دەبێ نوێنەری گشتی هەڵببژێردرێ، هەموو کەسێکیش بۆی هەیە خۆی بپاڵێوێ، یان یەکێك هەڵببژێرێ. کەچی (زمناکۆ دڵشاد کەریم) لەکاتێکدا بەفێڵی بێلایەن هەڵبژێردراوە، لێرەشدا، نەخۆی هەڵدەبژێرێو نەدەنگیشی داوە بەپاڵێوراوی دیکە، لەناو (١٠) نوێنەر (٢)

کارتی سپی هەبووە، یەکێکیان هی زمناکۆیە، ئەمەش کارێکی ناشایستەی پەروەردەی دەمارگیری حزبایەتیە.

لەسەر ئەو گرفتانە، ئیتر لەناو ڕێکخراوەکاندا، مشتو مڕو بگرەو بەردە خولقا، کار لەسەر وردەگرفت گەیشتە کۆبوونەوەی هاوبەشو گفتو گۆی چارەسەری گرفتەکان، بەڵام گرفتەکان، لەچاو پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسی نوێنەرایەتی، هەر هیچ نین، سەرجەم یەکگرتوو لەزانکۆو پەیمانگاکاندا (١٦٣١) دەنگیان هەبووە. (لە٢٤,١٥٪)یان هێناوە. یەك دوو گرفت شتێکی ئەوتۆ نەبوون. بەتایبەتی گرفتەکانیش، بەزۆری دەگەڕێتەوە سەر تاکتیکی ناراستی چۆنیەتی دیاریکردنی نوێنەرەکان.. سەرەتا وەکو بێلایەن.. پاشان وەکو پابەند، ڕاگەیەنراون. بەزۆری گرفتەکانیش ئۆباڵەکەی لەسەر قوتابیانی یەکگرتووە.

**(٣)**

**سەرژمێری هەڵبژاردن (دهۆک- سلێمانی)**

سەرژمێر.. بڕیار لەسەر سەنگی هەموو هێزێك دەدا. لەهەڵبژاردنی پێرارو پاردا، هیچ سەرژمێرێك بڵاونەکراوەتەوە، تەنانەت هیچ ڕێکخراوێکی خوێندکاران (جگە لەکۆمەڵەی خوێندکاران) بەرەسمی بەشداری هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکارانیان نەکرد. ئەمساڵ، بەپێچەوانەوە، ڕێکخراوەکان ئازادانە بەشداربوون، نوێنەریشیان لەسەر هەموو ئاستو پلەکاندا، پاڵاوت.

پێش ئەوەی سەرژمێری ئەمساڵی (دهۆك–سلێمانی) تاوتوێ بکەین، جێی خۆیەتی ئاماژەیەك بەسەرژمێری پار بکەینو بزانین ئەو ڕێکخراوانەی ئەمساڵ بەشدارییان لەهەڵبژاردنەکەدا کردووە، پار چ هەڵوێستێکیان هەبووە.

پار.. لەکاتی هەڵبژاردندا، دۆخی سیای کوردستان نەگەیشتبووە ڕێکەوتننامەی واشنتۆن. مەترسی شەڕ هەبوو، بۆیە کەهەڵبژاردن کرا، ئەو ڕێکخراوانەی ئەمساڵ خۆیان ئاشکرا پاڵاوتو پار بێدەنگ بوون، بەزۆری کارتی سپییان خستۆتە سندوقەکانی دەنگدان، بۆنموونە: (لەکۆلێژی زانستی مرۆڤایەتیدا، (١٠٨٦) خوێندکار هەبووە، تەنها (٥٥٤) کەسیان دەنگیان داوە، لەکۆلێژەکانی دیکەشدا، هەمان سیاسەتیان گۆتۆتە بەر. بەڵام زۆر کەمتر توانیویانە دڵی خەڵك لەهەڵبژاردنەکە سارد بکەنەوە.

لەکۆلێژی کشتوکاڵدا تەنها (٢٨)و لەکۆلێژی ئەندازیاریدا تەنها (١٧)و لەپزیشکی گشتی تەنها (٤٩) کارتی سپی هەبووە.

پـار.. ئیسـلامیەكان كەلەكۆلێژێكـدا زانیبێتیـان دەنـگ دەهێـنن، خۆیـان پـالاوتووە، وەكـو كۆلێـژی فێتیرنـەری لـەكۆی (٣٦) خوێنـدكار (٢٥) دەنگیـان هێناوە، هەروا لەكشتوكاڵو ئەندازیاریو پزیشـكی گشـتیدا، خۆیـان پـالاوتووەو دەنگێكی كەمیان هێناوە. شایەنی باسـە، پـار، كۆمەڵـەی خوێنـدكاران، لـەكۆی گشـتی خوێنـدكارانی زانكـۆ، تـەنها (٥٢٪)ی دەنگـەكانیان هێنـاوە. ئەمسـاڵ (٦٤,٥٤٪)یـان هێنـاوە. بـەڵام پـار رێكخراوەكـانی تـر وەكـو ئەمسـاڵ، نەببونـە نـەیاری هەڵبـژاردنی خوێنـدكاران. ئەمـە جگـە لەكەمتەرخـەمیو گێروگـرفتیش كەئەمساڵ كۆمەڵەی خوێندكاران لەدیاریكردنی لیستی نوێنەراندا، كتومت لەگەڵ رێكخسـتندا، هاوئاهـەنگییان لـەنێوان خۆیانـدا، دروسـتنـەكردبوو. لـەدەنگی یـەكتریان خواردبـوو. لەچـواربەشو گـروپو كۆلیـژدا، ببونـە هـۆی دەرچـوونی ئیسلامیەكان.

ئـەم سیاسـەتەی پـار چـی دەگەیـەنێ؟ بێگومـان ئـەوە دەگەیـەنێ كـەوا ئیسلامییە سیاسیەكان لەسەر بنەمای دیموكراسـی هەڵبـژاردنی خوێنـدكاران یـان بەشـەكانی دیكـەی كۆمـەڵ، بـۆ پێشخسـتنی كۆمـەڵو بـەدیهێنانی خواسـتە پیشەییەكان، خۆیـان ناپـاڵێون، بـەڵكو تـەنها لەسـەر بنـەمای حزبایـەتی تەسـك دادەبەزنـە مەیـدانی هەڵبـژاردن، پـاریش دیموكراسـی هـەبوو، بـەڵام ئاشـكرا بەشـدارییان نـەكرد، چـونكە بڕیـاری بەشـداری كردنیـان نـەبووە. دەپرسـین: ئەقڵیەتی حزبایەتی ئاوەها، لەبەرامبـەر پرۆسـەی هەڵبـژاردنی دیموكراسـیدا بـەو چەشنەبێ كەتەنها بەرژەوەندی حزبایەتی لەبەرچاو بگیرێ، ئاخۆ ئەقڵیـەتی ئـاوا دەسەڵاتی بكەوێتە دەست چ جۆرە دیموكراسیەتێك جێبەجێ دەكا؟

هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندكاران.. بۆ رێكخستنی كاروباری خوێندكارانـە. كاتێك لایەنێك جگە لـەخۆی پێـی بـاش نـەبێ لایـەنێكی دیكـە لەناوخوێندكارانـدا متمانە وەربگـرن، ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێ ئـەو لایەنـە بەرامبـەر چارەسـەركردنو نەكردنی گرفتـی خوێنـدكاران، بێباكـە. تـەنها ئـەوەی لا مەرامـە نوێنـەری خـۆی دەردەچێ یان نەخێر!

پێمـان وایـە.. یـەكێك لەمەترسـییە كاریگـەرەكانی نـاو خـەباتی پیشـەیی– دیموكراسی رێكخراوە دیموكراتیەكان، ئەقڵیەتی گۆشەگیری حزبایەتیە. هەتا ئەم ئەقڵیەتە لەناو رێكخراوە دیموكراتیەكاندا بمێنێ، پرۆسەی دیموكراسی دووچـاری گێروگازی زیانبەخش دەكا.

سەبارەت بەهەڵبژاردنی (١٩٩٨–١٩٩٩)یش خشتەكانی هەڵبرژاردن لـەدهۆك– سلێمانی)دا، بەم چەشنەیە:

## خشتەی هەڵبژاردنی زانکۆو پەیمانگاکانی دهۆک

| ژ | ناوی کۆلیجەکان | ژمارەی هۆبە | بەرواری هەڵبژاردن | ژمارەی گشتی | ژمارەی بەشداربوان | یەکێتی قوتابیانی | | یەکگرتووی قوتابیان | | پەیوەندی ئیسلامی | | بێلایەن | | سپی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمارەی دەنگ | هۆبەکانیان | ژمارەی دەنگ | هۆبوکانیان | ژمارەی دەنگ | هۆبەکانیان | ژمارەی دەنگ | هۆبەکانیان | |
| ١ | کۆلیجی ئاداب | ١٢ | ١٢/١٤ | ٤٠٢ | ٣٨٠ | ٢٣٧ | ١١ | ١٢٢ | - | - | - | ١٥ | ١ | ٦ |
| ٢ | کۆلیجی چاندن | ١٠ | ١٢/١٤ | ٢٤٦ | ٢٢٢ | ١٦٠ | ٩ | ٤٦ | ١ | - | - | ١٤ | - | ٢ |
| ٣ | کۆلیجی ئەندازیاری | ٨ | ١٢/١٥ | ٢٤٦ | ٢٢١ | ١٣٠ | ٦ | ٩٨ | ٢ | - | - | | - | ٣ |
| ٤ | کۆلیجی کارگێڕیو ئابووری | ٧ | ١٢/١٥ | ٢٥٩ | ٢٣٩ | ١٦٩ | ٧ | ٦٦ | - | - | - | ٣ | - | ١ |
| ٥ | کۆلیجی پزیشکی | ٦ | ١٦/ ١٢ | ٢٧٥ | ٢٢١ | ١٠٨ | ٢ | ١١١ | ٤ | - | - | - | - | ٢ |
| ٦ | ماتماتیکو فیزیک | ٤ | ١٦/ ١٢ | ١٠٣ | ٩٧ | ٦٤ | ٤ | ٢٧ | - | - | - | - | - | ٦ |
| ٧ | کۆلیجی شەریعە | ١٠ | ١٦/ ١٢ | ٢٥٦ | ٢٢٥ | ٦٦ | ٣ | ١٢١ | ٦ | ١٨ | ١ | - | - | ٢٠ |
| | کۆی گشتی | ٥٧ | | ١٧ ٨٧ | ١٦١ ٥ | ٩٣٤ | ٤٢ | ٥٩٣ | ١ ٣ | ١٨ | ١ | ٣٢ | ١ | ٤٠ |
| ٨ | پەیمانگەی مەڵبەندی | ١٥ | ١٧/ ١٢ | ٢٨ ٦ | ٣٤٨ | ٢٦ ٧ | ١٥ | ٦٧ | - | - | - | - | - | ١٣ |
| ٩ | پەیمانگەی تەکنیکی | ٩ | ١٢/١٩ | ٣٣ ٨ | ٣٠٥ | ٢١١ | ٩ | ٤٠ | - | - | - | - | - | ٥٤ |
| | کۆی گشتی | ٢٤ | | ٧٠٦ | ٦٥٣ | ٤٧٩ | ٣٤ | ١٠٧ | - | - | - | - | - | ٦٧ |

# ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خوێندکاران بەرێژەی دەنگەکان لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا

## ساڵی ١٩٩٩

| ژ | ناوی کۆلێژ – پەیمانگا | سەرجەم | دەنگدەران | غیاب | سپی | کۆمەڵەی خوێندکاران | یەکگرتووی قوتابیان | یەکێتی قوتابیانی ئیسلامی | خوێندکارانی زەحمەتکێشان | خوێندکارانی سۆسیالیست | یەکێتی گشتی قوتابیان | خوێندکارانی پارێزگاران | خوێندکارانی دیموکراتیخوازان | کۆمۆنیست | بێلایەن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی سلێمانی | ٣١١٧ | ٣٠٩٩ | ١٨ | ١٣٣ | ١٩٣٢ | ٨٣٥ | ٥٦ | ٧٥ | ٢٨ | ١ | – | – | ٥ | ٢٤ |
| ٢ | کۆلێژی بازرگانی سلێمانی | ١٣٥ | ١٣٥ | – | – | ١٢٦ | – | ٩ | – | – | – | – | – | – | – |
| ٣ | پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی | ١٣٣٠ | ١٣٣٠ | – | ٤٩ | ٨٠٢ | ٣٣٤ | ٥٦ | ٣ | ٢٩ | ٤ | – | – | – | ٥٣ |
| ٤ | پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی سلێمانی | ١٠٤١ | ١٠٣٤ | ٧ | ٢٥ | ٧٢٢ | ٢٤١ | ٤٣ | – | – | ٢ | – | – | – | ١ |
| ٥ | پەیمانگەی هونەرە جوانەکان | ٤٠٣ | ٣٩٠ | ١٣ | ١٤ | ٢٤٧ | ٧٩ | – | – | ١٢ | – | – | – | – | ٢٨ |
| ٦ | پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی کەلار | ٢٣٠ | ٢٣٠ | – | ٢٠ | ١٧٢ | ٣٤ | – | – | – | ٤ | – | – | – | – |
| ٧ | پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی ڕانیە | ٢٢١ | ٢١٧ | ٤ | ١٢ | ١٣٨ | ٤٧ | ١٥ | ١ | ٣ | – | – | ١ | – | – |
| ٨ | پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی چەمچەماڵ | ٤٠ | ٤٠ | – | – | ٣٦ | ٤ | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ٩ | پەیمانگەی تەکنیکی کەلار | ١٨٥ | ١٨٤ | ١ | ٩ | ١٠٠ | ٥٧ | – | ٩ | – | ٦ | – | – | – | ٣ |
| ١٠ | پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە | ١١٣ | ١٠٦ | ٧ | ١٥ | ٩١ | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| | کۆی گشتی | ٦٨١٥ | ٦٧٦٥ | ٥٠ | ٢٧٧ | ٤١٩٤ | ١٦٢١ | ١٧٩ | ٨٨ | ٧٢ | ١٧ | – | ١ | ٥ | ١٢٨ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪١٠٠ | ٪١٠٠ | – | ٪٤,٩ | ٪٦٤,٥٤ | ٪٢٤,١٥ | ٪٢, ٦٤ | ٪١,٣ | ٪١,٠٦ | ٪٠,٢٥ | ٪٠,٠١٤ | ٪٠,٠٧٣ | ٪٠,٠٧٣ | ٪١,٧٧ |

خشتەی هەڵبژاردنی زانکۆو پەیمانگاکانی سلێمانی

لەدهۆكـدا ، لـەكۆی (١٧٨٧) خوێنـدكاری زانكـۆ (١٦١٥) بەشـداری هەڵبـژاردی كردووە، لەمانە تەنها (٤٠) كارتی سپی هـەبووە، (٩٣٤)یـان دەنگیـان بەیـەكێتی قوتابیانی كوردستانو (٥٩٧)یان قوتابیانی یـەكگرتویان هەڵبـژاردووە، واتـە: لـە (٥٧,٨٣٢) یەكێتی قوتابیانو (٣٦,٥٩)ی قوتابیانی یەكگرتوو.

لەپـەیمانگاكانی دهـۆكیشدا، لـەكۆی (٧٠٦) خوێنـدكار، یـەكێتی قوتابیـان (٤٧٩)و قوتابیـانی یـەكگرتوو (١٠٧) دەنگیـان هێنـاوە، بـاقی ڕێكخراوەكـانیش بەشداریان نەكردووە، تەنها پەیوەندی ئیسلامی نەبێ كەسەرجەم (١,١٪) دەنگ هێناوە، بێلایەنیش (١,٩٨٪)، كارتی سپیش (٢,٤٧٦٪).

ئەو ڕێژەیە.. سەبارەت بەدهۆك، كەپایـەی چارەنوسسـازی سیاسـی پـارتیو یەكێتی قوتابیانی كوردستانە، كاریگەرە.

یەكێتی قوتابیانی كوردستان كەپەیڕەوی لەسیاسەتی پارتی دەكا، وپـارتیش ئەمڕۆ زۆربەی داهاتی كوردستانی كەوتۆتە دەست، ئەگەر بەپارە بووایە هەقبوو، بتوانن خـەڵكی ئـەو ناوچـانەی كەبـەپاوانی خۆیـانی دەزانـن، وا خزمـەت بكـەنو بخەنــە ژێــر كاریگــەری خۆیانــەوە، هــەرگیز ڕێژەیــەكی وەكــو هەڵبــژاردنی خوێندكارانیان لەدەست نەچێ. بەڵام، كێشە سیاسیەكانی كوردستان، بەتایبەتی لە (٣١)ی ئـاب بـەدواوە، هـەروا كێشـە سیاسـیو عەسـكەریەكانی دوای ئـەوەش لەباشـورو بـاكوری كوردسـتاندا؛ ئەمـە جگـە لەتـەواوی ئـەو پێشـێلكاریيانەی دەرهــەق بەخەڵكەكـە لـەو ناوچـانە كـراون. دزیـو زوڵـمو دابـڕان لەجـەماوەر، هەروەكو بەڕێز سـەرۆكی پـارتی لەسـەردانەكەیدا بـۆ دهـۆكو ئـەو ناوچـانە بـۆی دەركـەوتووە، هــەموو ئـەو ڕاسـتیانە، هاوشـانی نـەبوونی ئـازادی هەڵسـوڕانی (ی.ن.ك)و ئازادی هەڵبژاردنی نوێنـەرانی كۆمەڵـەی خوێنـدكاران لـەو ناوچـانەدا، تێكڕای ئەو كارانە وایان كردووە كە (قوتابیانی یەكگرتوو) ڕێـژەی دەنـگپێـدانی هەڵكشێ. هەڵكشانێك مایەی هەڵوێستە بێ.

دەربـارەی هەڵبـژاردنی زانكـۆو پـەیمانگاكانی سـلێمانیش، دیـارە كەئەمسـاڵ ڕێكخـراوە پـەیڕەو ئیسـلامیە سیاسـیەكان، بەتایبـەتی یـەكگرتوو، قوتابیانیـان توانیویانە لەچـاو پـار پێشـبكەون، پێشـكەوتنەكەیان گەرچـی كـەم نییـە، بـەڵام لەچاو ناوچەكانی دهۆكدا كەمترە.

ئەگەر بێتو لەرێژەی هەڵبژاردنەکان، زانستیانە بتوێژینەوەو لەهەموو بارێکەوە تاووتوێی بکەین: لەبارەی هەڵوێستە دیموکراسیو نیشتمانیەکانی یەکێتیو کۆمەڵەی خوێندکاران، لەباری ئازادیو نەبوونی هیچ جۆرە فشارێك لەسەر رێکخراوەکانی خوێندکاران، ئەگەر لەمەسەلەکان ئاوا بتوێژینەوە، دەبینین لێرەشدا، رێژەی رەوتە ئیسلامیەکان نشونمایان کردووە.

لەکۆی (٦٨١٥) خوێندکاری زانکۆو پەیمانگاکان (٦٧٦٥) خوێندکار بەشداری هەڵبژاردنی کردووە. (٢٧٧) دەنگ سپین، جارێ دەنگە سپیەکان زۆرترن لەناوچەکانی بادینان. لەوێدا لە (٢,٤٧٦٪) دەنگ سپیە، لێرەدا (٤,٩٪) دەنگ سپیە.

لێرە.. زۆرترین رێکخراو بەشداریان کردووە:
١- کۆمەڵەی خوێندکاران- ٢- یەکگرتووی قوتابیان ٣- یەکێتی قوتابیانی ئیسلامی ٤- خوێندکارانی زەحمەتکێشان ٥- یەکێتی گشتی قوتابیان ٦- خوێندکارانی پارێزگاران ٧-خوێندکارانی دیموکراسیخوازان ٨- خوێندکارانی سۆسیالیست.

لەدهۆکدا.. تەنها یەکێتی قوتابیانو قوتابیانی یەکگرتوو، هەروا، پەیوەندی ئیسلامی ناوی ئاشکرایان لەهەڵبژاردنەکەدا هەیە.

ئەمەش، لەلایەکەوە دیموکراسیەتی هەڵبژاردنی زانکۆو پەیمانگاکان لەسلێمانیو دەوروبەری دەگەیەنێ، دیموکراسیەتی سنورداری ناوچەکانی دهۆکیش دەسەلمێنێ. بێگومان، بەشداربوونی (٧) رێکخراوی تری خوێندکاران بۆ مونافەسەکردنی کۆمەڵەی خوێندکاران، دەشبێتە مایەی فشارخستنە سەر دۆستو لایەنگری خوێندکاران (نەك ئەندامەکانیان) لەناو خوێندکارە بێلایەنەکاندا.

هەمیشە هەڵبژاردن.. لەناو گەلو.. چینو توێژەکاندا، لەرۆژانی هەڵبژاردندا، دەکەوێتە ژێر کاریگەری پروپاگەندەو سەرنج راکێشانی جیاواز جیاوازی لایەنەکان. ئەمە جگە لەوەی بەرژەوەندیو بەدیهێنانی، بەشێك لەخواستەکانیش، لەلایەن رێکخراوەکانەوە، بەرادەی خۆیان کاردەکەنە سەر رێژەی دەنگو دەنگدەران.

سەرەڕاش.. سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە، دەیسەلمێنێ کەوا بەشێوەیەکی گشتی، نەبوونی پرۆژەیەکی گەڵاڵەکراوی تۆکمە بۆ کارە ئیداری، حزبی، ڕاگەیاندن، ڕێکخراوەکانو ڕووناکبیری، لەبەرامبەر نەیارە فکریەکانماندا، هاوشانی کەموکوڕیو باش ڕانەپەڕاندنی ئەرکەکان، باش بەتەنگەوە نەچوونی گیروگرفتەکان، دانەنانی کادرو کاربەدەستی شایستە لەشوێنی شایستە، چاودێری نەکردنی کادرو کاربەدەستی کارامەو ڕێزنەگرتنی شایستەکانیان، وسزانەدانی کادرو کاربەدەستی کەمئاستی هەموو بوارەکان..تاد ئەو کەمو کوڕیو گیروگرفتانە، (هێندەی هەن نەك هەموو مەسەلەکان) بەنۆرەی خۆیان کاریان کردۆتە سەر هەستو هەڵوێستی خەڵك، تەنانەت کاریان کردوەتە سەر ڕیزی بەشێك لەڕێکخستنو ڕێکخراوەکانیش، هەندێکیان کەوتوونەتە ژێر پڕوپاگەندەی نەیارەکانمان. هەربۆیە، قوتابیانی یەکگرتوو توانیویانە ڕێژەی لە (٢٤,١٥٪) لەزانکۆو پەیمانگاکاندا بهێنن.

ئەم ڕێژەیە.. بۆ قوتابیانی یەکگرتوو، زۆرە، چونکە ئەمانە ڕێکخراوێکن، چوار ساڵە دامەزراوون، مێژووی خەباتی پیشەییان نەلەڕابردوودا، ونەلەم شۆڕشەشدا، نییە. هیچ جۆرە شانازیەکی سەردەمی بەرەنگاریان لەکاتی: تەعرین، تەبعیس، تەهجیرو تەرحیلدا نییە. لەئەنفالەکاندا نەبوون. لەکیمیابارنەکاندا، یەك مژ کیمیایییان لەپێناوی کوردایەتیدا هەڵنەمژیوە، لەکوردستانیشدا ئەوەی نەبێ.. چەوساندنەوەی ئاینیو لەئاینەکانیشدا، ئاینی ئیسلامە.

- قوتابیانێکی یەکگرتووی ئیسلامی، خۆی بەنوێنەری ئیسلام بزانێو چەوساندنەوی ئایینیش لەکوردستاندا نەبێ.
- قوتابیانێکی ئیسلامی.. هیچ پێشینەیەکی خەباتی نەبێ.
- قوتابیانێکی ئیسلامی.. پێشکەوتوو نەبێ.
- قوتابیانێکی ئیسلامی.. یەك شەهیدی نەبێو لەیەك خۆپیشاندانی سەردمی ڕژێم، لەیەك مانگرتن، لەیەك ڕاپەڕیندا بەشداری نەرکدبێ..

ئەی چۆن دەتوانێ ڕێژەیەکی بەرچاوی دەنگ بهێنێ؟ چۆن دەتوانێ لەدهۆکدا ڕێژەیەکی زۆرو لەهەولێرو سلێمانیشدا، ڕێژەیەکی بەرچاو بهێنێ؟

بێگومان.. ڕاستتر وایە بوێرانە دانی پیادا بنێینو بڵێین: هەڵەکانی خۆمان.. ئەوان پێش دەخەن.

خۆمـان هەڵـەمان کـەم نییـە. خۆمـان کەمتەرخـەمین، خۆمـان پرۆژەیـەکی خزمەتگوزاری، روناکبیری، فکری، سیاسـی، عیلمـانی هەمەلایەنـەمان لەئاسـتی پێویستی ئەرکەکانماندا، دوای راپەڕین نەبووە. بۆیە ئەوان توانیویانە، هەڵـەکانی شـەڕی نـاوخۆ بـۆ ختوکـەدانی هەسـتی نـاڕەزایی خـەڵك دژی شـەڕ، بقۆزنـەوەو، لەهەڵەو کەموکوڕیەکانیشـمان سـود ببیـنن، تەنانـەت وای لێهـاتووە خۆیـان یـەك شـەهیدیان نییـە.. شـەهیدەکانی ئێمـە قـەرز دەکـەنو خزمـەتیان دەکـەن هـەتا دەریبخەن: خزمەتی شەهیدان دەکەن!

(٤)

**بەرەنجامو بڕیارو هەڵوێستی ڕێکخراوەکان**

بەشـــێوەیەکی گشـــتی، ئەگـــەر ڕێـــژەی دەنـــگو رادەی دەرچـــونو پلـــەی سـەرکەوتن، لەهەڵبـژاردنی نوێنەرایـەتی خوێنـدکاران، بـەکامی دڵو بـەدڵی ئـەو هـــەموو قوربـــانیو هەڵوێســـتە نیشـــتمانیو شارســـتانییە نـــەبێ، ئـــەوا خـــاوێنی هەڵبژاردنەکە مایەی شـانازییە، مایـەی خۆشبەختیە، کەموکوڕیـەکانیش پێشـتر ڕۆشن کراوەتەوە کەکەموکوڕی پراکتیزە کردنی پرۆسەکەو بڕیاری سـەرپێی ئـەم مامۆستاو ئەو کادرە.

دوای هەڵبـــژاردنی زانکـــۆ، هـــەڤاڵانی قوتابیـــانی یـــەکگرتوو هاتنـــە مەکتـــەبی ڕێکخـراوە دیموکراتیـەکانو بەویژدانـەوە، کـاك (سـەلاح) سـکرتێری قوتابیـانی یـەکگرتوو، گـوتی: لـەو تەسـەورەی هـەمانبـوو، هەڵبژاردنەکـە دیموکراسـیەتی زیاتری تیا جێبەجێ کرا، ئەمە، چی دەگەیەنێ، بێگومان ئەوە دەگەیەنێ کـەوا، هەموو ڕێکخراوەکـان، ئـازادی تـەواوی پـاڵاوتنو هەڵبـژاردنیان هـەبووە، ئەمـەش نیشانەی پێشکەوتنی خەباتی دیموکراسییە لەکوردستانی ئازاددا..!.

یـەکێتی قوتابیـانی ئیسـلامی بەتـەواوی توانایـان کەوتنـە کـار، لەسـەرجەم دەنگـــەکانی زانکـــۆو پـــەیمانگاکان (١٧٩) دەنگیـــان هێنـــا. خوێنـــدکارانی زەحمەتکێشـــان (٨٨)و خوێنـدکارانی سۆسیالیســـت (٧٢)و، یـــەکێتی گشـــتی قوتابیان (١٧)و خوێندکارانی دیموکراتیخوازان تەنها (١) دەنگیان هێناوە.

ئەم دەنگانە.. تەنها پەیوەندیان بەکاریگەری ڕێکخراوەکانەوە نییە. چونکە، لیستی هاوبەش لەناو بەشی ڕێکخراوەکان هەبوو. وەکو:

- کۆمەڵەی خوێندکاران لەگەڵ: خوێندکارانی سۆسیالیستو زەحمەتکێشان.
- قوتابیانی یەکگرتوو لەگەڵ: یەکێتی قوتابیان، قوتابیانی ئیسلامی.

گێروگرفتی تەنانەت لەسەر دەستنیشانکردنی نوێنەرەکان لەلیستە هاوبەشەکانیشدا هەبوو. وەکو: خوێندکارانی سۆیسیالیست لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران لەسەر دیاریکردنی نوێنەرەکانیان ڕێك نەکەوتن. قوتابیانی یەکگرتووش لەگەڵ دیاریکردنی نوێنەرەکانی قوتابیانی ڕاپەڕین لەناوراستی هەڵبژاردنی کۆلێژەکانی زانکۆدا تێکچوون. لە پەیمانگاکاندا، هاوپەیمانیان نەما. لەم ڕاستیانە مەبەست ئەوەیە هەر لایەك هەقە سەنگو کاریگەری خۆی باش بزانێ.

کۆمەڵەی خوێندکاران.. لەدەنگی خۆیو لەسەنگی خۆیو لەرێژەی خۆی، بەخشیوەتە لیستی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی هاریکاری.

بەڵام.. قوتابیانی یەکگرتوو، نەك یەك دەنگی خۆی نەداوەتە هاوپەیمانەکانی، بەڵکو دەنگی هاوپەیمانەکانیشی، بەتایبەتی دەنگی یەکێتی قوتابیانی پارتیشی، (حەڵاڵ!) کردووە.

سەبارەت بەخوێندکارانی دیموکراتیخوازان، لەلیستی هاوبەشدا نەبووە، بەهەقی خۆی تەنها یەك دەنگیان هێناوە، واتە ئەو نوێنەرەی دیموکرانیخوازان، خۆی پاڵاوتووەو بەتاکی تەنها دەنگی خۆی هێناوەو بەس، پارێزگاران.. تەنانەت نوێنەریشیان نەبووە بیپاڵێون.

دەمێنێتەوە بڵێین:

کۆمەڵەی خوێندکاران لەناو کۆی گشتی دەنگەکاندا (٦٧٦٥) دەنگ (٤١٩٤) دەنگی هێناوە، ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە، گەرچی لەچاو پارساڵ لەناو کۆی گشتی خوێندکاراندا، نەختێك کەمترە.

بەرەبەرە، ژیانی هەڵبژاردن لەکوردستانی ئێمەشدا، دەچێتە ناو چوارچێوەی زۆرینەی هەڵبژاردن. نەك زۆرینەی گەل. ڕەنگە زۆرنەخایەنێ، لایەنێکی سیاسی، یان ڕێکخراوێکی دیموکراسی، نیوەی دەنگی میللەتیش بەدەست نەهێنێ، بەڵام زۆرینەی هەڵبژاردن مسۆگەر بکاو.. براوەش بێ.

ئەوەی دەبێ سەرنجی بدەینێ ئەوەیە کە کۆمەڵەی خوێندکاران، لەبری ئەوەی سەرکەوتنی زیاتریان لەهەڵبژاردندا، ببەستنەوە بەزۆرترین توانای دارایی، هەق وایە زۆرتر بایەخ بەفکرو بە وشیاریو پەروەردەی ئەقڵانی هاوچەرخی خوێندکاران بدەن.

خۆ پارتی پارەیەکی بێشوماری ڕشت، بەڵام دەنگێکی کەمی هێنا.

ئەمە جگە لەوەی.. چالاکیو هەڵسوڕان، بەتایبەتی بەشەکانی ڕێکخستنو ڕاگەیاندن، دەبێ کارامەترو کاریگەرتر بەرنامەیان بۆ داڕێژرێ.

ڕێکخستن توانی لەچەند مانگی دواییدا باشتر هەڵبسوڕێ، توانیشیان زۆرتر کاربکەنە سەرخوێندکاران، بەڵام ڕاگەیاندنی خوێندکاران.. ئێستاش لەئاستی نیوەی پێویستی فکری خوێندکاراندا نییە. دەبێ ئەم کەموکوڕییە بەچەندین کادری لێوەشاوە پڕبکەنەوە.

هەروا.. سکرتاریەت، پیویستە چاپوکتر هەڵبسوڕێ، چاودێری لقەکانو کۆمیتەکان زیاتر بکا، هانی چالاکەکان بداو سزای کەمتەرخەمەکانیش فەرامۆش نەکا. چالاکیو هەڵسوڕانی کادرو کۆمیتەکان بکاتە مەحەکی بڕیاردان.

دەشبێ.. لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەدا، بەتایبەتی یەکێتی مامۆستایانو یەکێتی ژناندا، هاوکاریەکی پتەوی یەکدی بکەن، لەم بارەوە، بەراستی یەکێتی مامۆستایان کەمتەرخەمە، وەکو پێویست، نەخۆی هەڵدەسوڕێو نەهاوکاری خوێندکارانو خوێندنگاکانی کردووە.

بەهیوا.. لەپێناوی بینای ئۆرگانەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا، کۆمەڵەی خوێندکارانو سەرجەم ڕێکخراوەکان، وەکو بەشێکی گرنگی کاروانی مەدەنیخوازی سەردەم، لەبەرامبەر نەیارە فکریو مەدەنیەکاندا، تۆکمەتر، ڕێکوپێکتر، بەپرۆژەی ڕۆشنگەری هەمەلایەنەتر، ئەرکە شارستانیەکانیان، ڕابپەڕێنێت.

هەموو چەشنە کەمتەرخەمیەك.. کەمتەرخەمی خەباتی پیشەیی، دیموکراسی، زانستی، فکری، ڕووناکبیری، ئەقلانی، مەدەنی، عیلمانی..

کۆمەڵ دوادەخاو سەلەفیەکانی سیاسیو ئایدیۆلۆژیو کۆمەلایەتی..و ئەقڵیەتی باوکسالاری.. کۆنەپەرستی.. کاریگەرتر دەکا.

ڕاپەڕاندنی هەموو ئەو ئەرکانەش.. تەنها ئەرکی خوێندکاران یان ڕێکخراوە دیموکراتیەکان نییە. بەڵکو ئەرکی هەموو ئۆرگانەکانە. لەپێشەوەدا، ئەرکی ڕێکخستنو پاشان هی ڕاگەیاندنو ئنجا هی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانیشە. یان.. ئەرکی ناوکۆیی هەمووانە.. پێکەوە.

# هەڵبژاردنی شارەوانی و کاریگەری کۆمۆنیستی کرێکاری! *

## (١)
### حیزبایەتی و نەریتی هەڵبژاردن

پێش سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی لە ئۆروپادا، قەڵەمڕەوەکانی سیستەمی کۆیلەیەتی و دەرەبەگایەتی، خەڵکیان بۆ خزمەتکردنی دەسەڵات و دەسەڵاتداران دەخستە ژێر رکێفی نالەبارترین یاسا و دەزگای حوکمڕانی دینی و دونیایی. بەڵام لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی و هاتنە کایەی ویستی خەڵك، وەك راستیەکی کۆمەڵایەتی — سیاسی نوێ، ئیدی چوارچێوە حوکمڕانیە دێرینەکەی ئاینی و دونیایی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان گۆڕدرا، بە پێچەوانەوە، لەبری ئەوەی خەڵك لە خزمەتی دەسەڵات بێ، دەسەڵات خرایە خزمەتی خەڵکەوە. لە سەدەی شانزەهەم بەدواوە بەرە بەرە چارەنوسی حکومەتەکان کەوتە دەست خەڵك و رادەی باوەڕی خەڵك بە دەسەڵات تەمەن و چارەنوسی دەسەڵاتدارانی دیاریکردووە. دوو گۆڕانکاری گەورە و کاریگەر توانی رێسای بەستنەوەی چارەنوسی دەسەڵات بە دەسەڵاتی ویستی خەڵك بەرجەستە بکا، یەکەمیان پەسەندکردنی یاسای بنەڕەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە (١٧٨٧) و ئەوی دیکەیان شۆڕشی گەورەی فەرەنسایە سالی (١٧٨٩) کە دەست بەجێ مافی مرۆڤیان جاڕدا، دوو ساڵ دوای ئەوەش یاسای بنەڕەتی شۆڕشی فەرەنسایان گەلاڵەکرد. لە راستیدا شۆڕشی گەورەی فەرەنسا بە کاریگەریەکی فراوان توانی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی خەڵکی لە دووتوێی فەلسەفە و تیۆرە جۆراوجۆرەکانەوە بگوێزێتەوە ناو بۆتەی کردەوەی گۆڕانکاریەکانی فەرەنسا و تەنانەت جیهانیش.

* لە ژمارە (٥-٦) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی یەکەم، (٢٠٠٠) ل: ١٩٥ دا بڵاوکراوەتەوە.

لەناو ڕێڕەوی ئەو وەرگۆڕان و گۆڕانکارییە ئابوری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، وردە وردە خەڵك بۆ باشتر بەکارهێنانی ویست و بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسەکانیان و کاریگەری زیاتریان لەسەر دەسەڵات و تەنانەت دەسەڵات گرتنە دەستیش، خەبات و کۆششەکانیان لە دروستکدرنی گروپ، سەندیکا، کۆمەڵە و پاشان حیزبی سیاسیشدا، ڕێك خست. هاوزەمانی دروست کردنی کۆمەڵە و سەندیکا و حیزبی سیاسی فشاری خەڵك خولقاو بیروڕای گشتی هاتە ئارا. بە دروست بونی حیزب و هاتنە ئارای بیروڕای گشتی، دەهە دوای دەهە دیموکراسی پێش کەوتوە و دەستکەوتە دیموکراسیەکانی زیاتر بوە و خەڵك زیاتر هاتونەتە مەیدانەکانی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.هەر لەم ریگایانەشەوە هەڵبژاردن بۆتە بەشێکی دانەبڕاوی دیموکراسی و پرنسیپیهەڵبژاردن لە هەڵبژاردنی خەڵکانی هەڵبژاردەوە، کراوە بە هەڵبژاردنی گشتی بێ کۆتی سیاسی و ئابوری.

لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژی و سیاسیەکان سەلماندویانە کەوا پێشکەوتنی دیموکراسی لە جیهاندا پەیوەست بووە بە ئازادی حزبایەتی. هەتا ئازادی حیزبایەتی باشتر دەستەبەر کرابێ، دیموکراسی پێش کەوتووە، بەپێچەوانەشەوە، هەتا ئازادی کەم یان سنور دیاری کراو بوبێ، دیموکراسیش کەمتر پێشکەوتووە. بەشێکی گەورەی شانازییە هەرە گەورەکانی دەستکەوتە دیموکراسیەکان، لە جیهانی دیموکراسیدا، دەگەڕێتەوە بۆ خەبات و قوربانیدانی سیاسی – دیموکراسی حیزبە سیاسیەکان. تەنانەت بەدیهێنانی سیستەمێکی دیموکراسی کە لە سایەیدا تەواوی ئازادیەکان، بە ئازادی ئەقڵ و تاکە کەسەوە، دابین بکرێ، بەبێ بوونی جۆرەها حیزبی سیاسی کارێکی مەحاڵە. بگرە بەشێکی زۆری دەستکەوتەکانی دیموکراسی و ئازادییەکانی خەڵکی دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی ئۆرگانە حیزبیە کارامەکان.. کە حیزبی راستەقینەی ژان و خواستە کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەلسەفیەکان بوون.

یەکێك لە دەستکەوتە هەرە گرنگەکانی ژیانی حیزبایەتی، دابین کردنی رەوشی بەردەوامی هەڵبژاردنە. هەڵبژاردن زادەی فشارە کۆمەڵایەتیەکان و پاراستن و پەرە پێدەری هەڵبژاردنیش ئەرکی حیزبەکان بووە. هەتا وای لێهاتووە جگە لەوەی هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی حکومەتەکان و بەرنامەکان بۆتە نەریتێکی چارەنوسساز، هەڵبژاردن شۆڕبۆتەوە بۆ ناو خەڵك، بۆ ناو حیزبەکان،

بۆ ناو گروپ و ئۆرگانە مەدەنیەکان. بەڵکو لە نیو سەدەی رابوردودا، هەڵبـژاردن لـق و پـۆپی دیکەشـی لـێبۆتەوە، وەکـو راپرسـی گشـتی و راپرسـی تایبـەتی، تەنانەت راپرسیەکان دەیـان پـەیمانگا و کەرەسـە و ئـامێری نـوێ چەشـنیان بـۆ داهێنراوە کە لەسەر هەموو روداوێـك، دیاردەیـەك، دەرکەوتەیـەك، دەتـوانرێ لـە کورتترین ماوەدا بیروڕای گشتیان لەسەر بزانرێ.

شایەنی باسە، بوونی حیزبەکان و خەبات و شانازیەکانیان، نابێ رۆڵـی گـروپ و ئۆرگانە مەدەنیەکان، هـەروا رۆڵ و ئـیرادەی تاکـەکانی کۆمـەڵمان بیربباتـەوە. لەم بارەوە بیروڕای جیاواز جیـاواز زۆرە، بـەڵام بـیروڕا زانسـتیەکەی ئەوەیـە کـە دەمێکـە لـەپاڵ سـەرکەوتنی رەوشـی حیزبایـەتی، لـە رێـرەوی دیموکراسـیدا، روناکبیر و ئەندێشمەندەکانیش بایی خۆیان توانیویانە کـار بکەنـە سـەر بـیروڕای گشتی و خزمەتێکی گەورەی گۆڕانکاریەکانیان کردووە.

دەمێکیشـە تـاکی کۆمـەڵ، بەتایبـەتی تـاکی رونـاکبیر، تـەنهاو تـەنها لـەناو سیسـتەمی حیـزب و ئەقڵسـالاری حیزبایـەتی و دەسـەڵاتدا، حسـابی بـۆ نـاکرێ. بەڵکو خەسڵەتێکی تایبەتیان لە دونیای دیموکراسیدا هەیە. دیارە ئەمـەش نـەك بە مانای دابڕان لە دیموکراسی، بەڵکو وەکو تەواوکەری دیموکراسی.

(٢)

## رۆژهەڵات و نەریتی لاوازی هەڵبژاردن

ئێمەی رۆژهەڵاتی و لە رۆژهەڵاتیش دا، ئێمەی کوردستانی، لەچاو ئۆروپا، بە حـوکمی ئـەوەی قۆناغـەکانی گۆڕانکـاری لامـان سروشـتی نـەبوون. چـینەکان چینبەندی کۆمەڵایەتی ئاسـایی نـەکراوون. هـەر بـەو پێیـەش، نـە دەسـەڵاتەکان دەسـەڵاتی راسـتەقینەی خواسـتە چـینایەتیەکان و نـە یاسـا و رێساکانیشـیان خولقـاوی پێویسـتیەکانن. بۆیـە ئـەبینین؛ لـە حوکمڕانیـدا ئـاڵۆزی، لـە یاسـادا دژواری، لە رێکخستندا حیزب سالاری، لـە سیاسـەتدا توتالیتـاری، لـە کولتـوردا مەزهـەب سـالاریی و نائەقڵانیـەت، زاڵکراونەتـە سـەرمان. بێگومـان لـە حاڵـەتی واشدا، نە دیموکراسی دابین کراوە، نە هەڵبـژاردنی راسـتەقینەش ئـەنجام دراوە. ئیـدی رابوردوویـەکی بـێ شـانازی لـە رووی کولتـوری دیموکراسـیەوە ئێسـتاش ئاسەوارەکەی لەسەرمان نەسڕاوەتەوە. ئـەم ئاسـەوارەش بەشـێوەی جۆراوجـۆر رەنگ دەداتەوە. لە شەڕێ نـاوخۆدا بـەجۆرێك و لـە رەوشـی هەڵبژاردنەکانـدا بـە

جۆرێکی دیکە. هەر حیزبێك پێکهاتەکەی حیزب سالاری بێ، دیارە چۆن مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردن و دەسەڵات دەکا. هەر حیزبێکیش نوێنەری دەسەلاتی خواوەندی سەرئەرز بێ، ئەمیش دیارە چۆن دەڕوانێتە دیموکراسی و دەسەڵات. هەر حیزبێکیش ئایدیۆلۆژیا سەراپاگیر بێ.. ئەمیش دیارە دیموکراسی بۆچی دەوێ و چۆن لەگەڵ سەرەنجامی دیموکراسی هەڵدەسوڕێ.

لە دوای راپەڕینەوە، کورد پێی نایە قۆناغێکی سیاسی نوێ و بالاوە. بەلام مەخابن، ئامادەگی رابوردوو بە هەموو پێکهاتەکەیەوە، بەبێ ئەوەی بەربەستێکی ئەقلانی هەبێ بەرامبەر کاریگەریە سلبیەکانی ئامادەگی رابوردوو، لەسەر هەمان زەمینەی کۆمەلایەتی و چوارچێوەی سیاسی رۆژهەلاتی، زیانی خۆی پێگەیاندین و لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی پەرلەمان و دیاریکردنی رێژەی بەشداری حیزبەکان بۆ بێبەش کردنی بەشێکی زۆری حیزبەکان لە پەرلەمان، هەروا، کردنی هەڵبژاردنی سەرەنجامی هەڵبژاردن بە مەیدانی سەپاندنی بالادەستێکی حیزبایەتی و تۆڵەسەندنەوە لەبەرامبەر نەك بۆ بەکارهێنانی ئیرادەی زۆرینە بۆ سەرخستنی سیستەمی دیموکراسی و رێزلێگرتنی بەرامبەر. هەموو ئەو راستیانە و گەلێ راستی دیکە، وای کرد یەکەمین پەرلەمانی (٩٩٪) هەڵبژێراوی زۆرینەی گەل، نەیتوانی ویستی گەلەکەمان بەرجەستەی هەولی سیستەمێکی دیموکراسی بۆ دەورەیەك لە دەورەکانی پەرلەمان بکا. هەر لە یەکەمین مشت و مڕەکانی کۆبونەوە سەرەتاییەکانی پەرلەمانەوە، تەکلیفی پەرلەمان رۆشن بوبوو. هەتا بەو دەردە برا کە برا!

سێ چەشن شەڕی ناوخۆ، یەکەمیان شەڕی بزوتنەوەی ئیسلامی دژی یەکێتی (کە دەکرا نەکرێ)، دوا بەدوای ئەوەش، شەڕی (بزوتنەوە — پارتی) دژی یەکێتی، دوای ئەوەش، شەڕی پارتی دژی یەکێتی، لە ساڵی (١٩٩٣) وە، هەتا ئێستا لە رەگ و ریشەوە هەڵنەکێشراوە.

لەوساوە، نەمان پەرژاوە بگەڕێینەوە بۆ ویستی خەڵك. دەسەلات و حیزب هەموو بڕیارەکانیان بەدەستەوە بووە. دوا توانای دەسەلات و حیزبیش لەناو روداوەکاندا، لەم قۆناغەدا بە چاکە و خراپە بەکارهێنران. کەچی لە باشترین حاڵەتدا، هەلومەرجی سیاسی گەیەندرایە دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی. ئەم دۆخەش هەر ئەوەیە باشترە لە شەڕ، ئەگینا باش نیە. واتا: باشی دوو خراپە.

## (٣)
## دەرچون لە بنبەست!

دەرچون لەو بنبەستە و گەڕانەوە بۆ ویستی خەڵك، مەسەلەیەكی زۆر گرنگ بوو. نەدەكرا لەناو بازنەیەكی داخراودا بمێنینەوە. نەدەكرا ململانێكان گیر خواردووی ئاستەنگەرێی رابوردوو بن. لە رێگەی هەندێ رێكخراوی دیموكراسیەوە چەند مەشقێكی دیموكراسی كرا، بەڵام مەشقێكی سنوردار بوو. كۆمەڵ هەژێن نەبوو. هەتا سەرەنجام، بڕیاری هەڵبژاردنی شارەوانیەكان درا.

یەكێك لە بڕیارە هەرە باشەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، سەربەستی حیزبەكان بوو لە ململانێی هەڵبژاردندا، ئەمە وای كرد هەر حیزبێك، بە توانا و كەرەسی تایبەتی خۆی، لە مەحەكی جەماوەر بدرێ. ئیدی سەنگی حیزبەكان لە مەزەندە دەركرا. خۆش بەختانە حیزبەكان، گەورە و بچوكیان دابەزینە مەیدانەكانی مل ملانێ. سەرەنجامەكەش بەو چەشنە بوو كە دەزانرێ. ئێستا ئیتر هەموو حیزبێك، لەناو سنوری شارەوانیەكاندا، دەزانێ چ پایەیەكی جەماوەری هەیە. چونكە هەڵبژاردنەكە سەربەست بوو. هەڵبژاردنی لیستی هاوبەشی خوێندكاران یان مامۆستایان نەبوو كە بەشی زۆری نوێنەری حیزبەكان بەهۆی لیستی هاوبەشەوە دەرچێنران، كەچی لە گفت و گۆ و بڵاوكراوەكاندا، ئەو دەنگانەی هێناویانن، بە دەنگی راستەقینەی خۆیانیان دەزانن. بەتایبەتی حیزبی كۆمۆنیشتی كرێكاری عێراق كە پێیان وابووە (مامۆستاكانیان) بە پایە و پایەداری كۆمۆنیستی خۆیان متمانەی مامۆستایانیان وەرگرتووە. ئەمە لەكاتێكدا، ئەگەر دەنگی مامۆستاكان دەنگی راستەقینەی خۆیان بوایە، لە هەڵبژاردنی شارەوانیەكاندا هێندە دەنگی كەمیان نەدەهێنا. سەرجەم ئەو دەنگانەی لەناو تەواوی خەڵكدا لە هەڵبژاردنی شارەوانیەكان حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری هێناویەتی، بەقەد نیوەی ئەو دەنگانەش نابێ كە لە هەڵبژاردنی مامۆستایاندا، بەهۆی لیستی هاوبەشەوە، لیستی سەوزی مامۆستایان پێی داوون!

ئەم حیزبە، كێشەی گەورەی ئەوەیە، چۆن جاران پێش سەركەوتنی شۆڕشی دیموكراسی دەسەڵات داران خەڵكیان دەخستە خزمەتی دەسەڵات و دەسەڵاتیان نەدەخستە خزمەتی خەڵكەوە، ئەمانیش لە روانگەی تیۆریەوە

سەیری خەڵك دەکەن، نەك لە خەڵکەوە سەیری مەسەلە تیۆریەکان بکەن. پێیان وایە پێوانە تیۆریەکان بڕیار دەری بزوتنەوە چینایەتی و خەباتە میللیەکانە. نەك بەپێچەوانەوە. هەربۆ نموونە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەم دەهەیەی راپەڕیندا، لە ژێر زەمینی خەباتەوە هاتونەتە سەر زەمینی ئازادانەی خەبات. ئەم دەهەیەش، دەهەی فراوانترین و کاریگەررین گۆڕانکاری قوڵی سەر ئاستی جیهانە. جیهانبینەکان سەراپا گۆڕاوون. کەچی ئەم حیزبە، لەناو گەرمەی ئەو هەموو گۆڕانکاری و.. وەرگۆڕانانەدا، کە هیچ دەوڵەتێك، هیچ حیزبێك، هیچ گروپێك، هیچ دەزگایەك و تەنانەت هیچ کەسێکیش نەماوە نەکەوتێتە ژێر تەوژمی گۆڕانکاریەکان، کەچی ئەم حیزبە، لەم سەردەمەی گۆڕانکاریەکاندا، لەکاتێکدا:

- لەسەر ئاستی جیهان دیموکراسی بۆتە شا رێبازی ژیان، کەچی ئەمان دیموکراسیەتیان نەکردۆتە ئامانجی بەرنامەی لایەنی کەمی خۆشیان.
- خەباتی رزگاری گەلان و هەستی ناسیۆنالیستی لە زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئۆروپا و ئاسیادا، پەرەی سەندووە، ئەمان ناسیۆنالیزم بە شەرمەزاری دەزانن.
- کۆمەڵێك بنچینەو لایەنی تیۆری و فەلسەفەی مارکسیزم لەلایەن ئەندێشمەند و ئابوری زانە هەرە بەناوبانگەکانی جیهانەوە، هەڵوێستەیان لەسەر کراوە و رەخنەیان لێگیراوە، ئەمان لە مارکسی کلاسیکی، کلاسیکترین لەسەر ئەدەبیاتی مارکسیزم.
- دیالۆگی شارستانیانە بۆتە سیمای سەردەم، ئەمان بە رەوشی دورەپەرێزی و گیانی دوور لە سەردەم پەلاماری هەموو لایەنەکان دەدەن و بە تەریکی کاردەکەن.

بەڵێ.. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، بەو جۆرە بنچینە فەلسەفییە بەسەرچوانە و بەو پێکهاتە حیزبی و رەوشە سیاسییە، هەڵدەسوڕێ، بۆیە لەناو جەماوەردا تەنانەت بە ئەندازەی رێکخراوی دیموکراتی تازە دامەزراویش، ئەندام و جەماوەریان نییە. سەیر ئەوەیە، واش لە خۆیان رائەبینن وەکو یەکێك لە حیزبە کاریگەرەکان لەبەرامبەر دەسەڵات و ئاکارە سیاسی و فکریەکانی دیکەدا،

مل ملانێ بکەن. هەر بەو قەناعەتەش لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا، بەشداریان کردووە. لە دوای دەرچونی سەرەنجامی هەڵبژاردنەکەش، کە بۆیان دەرکەوتووە رادەی کاریگەری و جەماوەریان چۆن و چەندە، هەڵوێستێکی دوور لە راستیەکانیان نواندووە. ئەم رونکردنەوەیەی هەڵێ دەسەنگێنین، بەڵگەی ئەو راستەیەیە.

(٤)

## نادیموکراسیەتی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، سەرەتا پێی وابوو بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان هیچ سودێکی بۆ کرێکاران و کۆمۆنیزم نییە. بەڵکو خزمەت کردنیشە بە بۆرژوازی کوردستان. لەم پێودانگەوە، لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا نەك بەشداریان نەکرد، بەڵکو هانی ئەندامان و دۆست و لایەنگرانی خۆیان دا بەشداری هەڵبژاردنەکەش نەکەن. لە راستیدا، بە حوکمی ئەوەی ئەم حیزبە (کە ئەوسا رەوتی کۆمۆنیست بوون)، جارێ لە مەحەکێکی جەماوەری فراوان نەدرابون و لە خەباتی کورتی ژێرزەمینی پێش راپەرینەوە، یەکسەر سەرکەوتنی دوای راپەرینیان دیبوو، پێیان وابوو پایەیەکی جەماوەری فراوان و کاریگەریان، بە ئەندازەی هەڵوێستەکانیان، هەیە. وایان دەزانی هەتا توندترین هەڵوێستیان هەبێ، زۆرترین خەڵکیان لێ کۆدەبێتەوە. هەر لەم روانگەیەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانیان رەت کردەوە بە حسابی خۆیان، بەڵکو سەنگەری بەرهەڵستکاری لەناو یەك پرۆسەی فراواندا، ساغبکەنەوە. بەڵام کە سەرەنجامی هەڵبژاردنەکە بڵاوکرایەوە، ئەوسا بۆیان دەرکەوت چ رێژەیەکی جەماوەریان لەناو جەماوەردا بە گشتی هەیە، چ جای بۆ ناو کرێکاران کە بە قەولی خۆیان، حیزبەکەیان، شیلگیرترین حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و کوردستانە. ساڵێکی نەبرد رەوتی ناوبراو لەو هەڵوێستە پاشەکشەیان کرد و رەخنەیان لەو سیاسەتە گرت.

دوای ئەو ئەزمونە، رەوتی کۆمۆنیست، لەگەڵ چەندین گروپ و کەسایەتی چەپ، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقیان لە (١٩٩٣/٧/٢١) دامەزراند. لەوساوە، ئەم حیزبە، لە کوردستاندا بە گشتی هەڵدەسوڕێ، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ك) یش ئازادانە لە تێکۆشاندایە. لە گوتارێکی وادا نامانەوێ

ڕەوش و سیاسەتی ئەم حیزبە هەڵبسەنگێنین، کە سەراپا سیاسەت و هەڵوێستەکانیان مایەی لێکدانەوە و بەشێکی زۆریشی مایەی ڕەخنەلێگرتنە. بەڵام لەبەرئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کەمترین کاریگەری لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هەیە، بۆیە هیچ لایەك، بەتایەبتی (ی.ن.ك) خۆی لە قەرەی وەڵامدانەوە نەداوە بەرامبەریان.

ئەگەرچی ئەمان ڕۆژانە ڕەخنەی هەمەجۆر لەیەکێتی دەگرن. سەرەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانیش، دوای (٨) ساڵ لە هەڵبژاردنی پەرلەمان دەریان خست هەڵوێست و بۆچونەکانی ئەم حیزبە نەك سەنگەرێکی چینایەتی کۆمۆنیستی کرێکاری بەرامبەر دەسەڵات و حیزبە ناکۆمۆنیستەکانی دیکە، دروست نەکردووە، بەڵکو زیانی زۆریشی بەو سەنگەرە گەیاندووە.

بارەگای سەرەکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، ئیزگە، ناوەندەکانی ڕوناکبیری، ڕێکخراوە دیموکراتی و چالاکیە جۆراوجۆرەکانیان؛ هەروا، سکرتێر، مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیشیان لە سلێمانیدایە. لەو چەند ساڵەدا، ئەم حیزبە بەوپەڕی ئازادی هەڵسوڕاوە و هەڵوێستی نواندووە. بە سەدان میتنگ و کۆڕو کۆبونەوەی جەماوەری سازداوە. بڵاوکراوە، بەیاننامە و ناڕەزایی بێژماری بڵاوکردۆتەوە. هەفتەنامەی (بۆ پێشەوە) ی دەرکردووە و ڕۆژانەش ئیزگەکەیان بەرنامەکانی پەخش دەکاو درێغی لە پەلامارو پلارگرتن ناکا!

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، چ سیاسەتێکی هەبوە و دەبێ، خۆیان بەرپرسیاری سیاسەتی خۆیانن. بەڵام سەنگی مەحەك بۆ سەرکەوتن یان پاشەکشەی حیزبێك قسەو بۆچونی تیۆری نییە. بەڵکو پێشکەوتنە لە خەباتی سیاسی و سەرکەوتنە لە تاقیکردنەوە سەختەکانی سیاسیو چینایەتی دیموکراسیو شۆڕشگێڕانەدا. ئەم حیزبە، بەو هەموو بوارە فراوان و ئازادییە ڕەخساوەی بەردەمیان، لە هەشت ساڵی چالاکیئازادانەیاندا، تەنها توانیویانە (٣٨٢) دەنگ لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا، لە سەرجەم حەوزەکانی هەڵبژاردنی کوردستاندا، بەم شێوەیەی خوارەوە کۆبکەنەوە:

- سلێمانی؛ کاندید (سالار سابیر رشید) کۆی دەنگ (٢٢٨)، ڕێژەی دەنگ (٨.و. ٪).

- قەزای شارەزوور؛ کاندید (شادیە عبداللە حمد) کۆی دەنگ (٢٦)، رێژەی (١٥و. ٪).
- رانیە؛ کاندید (عویز حەمەد ئەمین طە)، کۆی دەنگ (١٢٨) رێژەی دەنگ (٤٨و. ٪).

هەروەها کاندیکێان بۆ ئەنجومەنی شاری سلێمانی دەوروبەری (٣٠٠) دەنگی هێناوە. بێگومان سەرجەمی ئەو دەنگانە دەنگی کەسایەتیەکی بێلایەنیش نییە. چ جای بۆ حیزبێك کە دان بە هیچ حیزبێکی تردا نانێت.

کاتێك لەناو گەرمەی پرۆسەکەدا زانیویانە لەدوای دواوەی تەواوی حیزبەکاندان، ئینجا کەوتونەتە پاشەکشە لە هەڵبژاردن و بەیاننامەیەکیان رۆژی (٢٠٠٠/٢/٥) دژی چۆنیەتی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکان دەرکردووە. پێمان باشە هەندێ لە بۆچوون و برگەکانی بەیاننامەکە، تاوتوێ بکەین، بەهیوای ئەوەی راستی و ناڕاستی هەڵوێستەکان ساغبکەینەوە.

## (٥)
## هەڵسەنگاندنی پاساوی نوشستی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەژێر ناونیشانی: (رونکردنەوەیەك لە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی شارەوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە بۆ جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان) بەیاننامەیان دەرکردوە، لە سەرەتای رونکردنەوەکەدا، ئامانجی بەشداری کردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان سەبارەت بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ئاوا رونکراوەتەوە:

(ئێمە لەو روانگەیەوە کە ئەم پرۆسەی هەڵبژاردنە فرسەتێکە بۆ خەڵکی کوردستان بۆئەوەی دەخالەتێك لە چارەنووسی خۆیاندا بکەن و بوارێکە بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی هەندێك لایەنی ژیانی خۆیان. بڕیارماندا بەشداری ئەم پرۆسەیە بکەین و بە دەوری خۆمان ئەم فرسەتە هەرچی زیاتر بە قازانجی خەڵك بشکێنینەوە).

ئەگەر دیقەت لەم بۆچونە بدرێ، دەردەکەوێ کە حیزبی ناوبراو، دوورونزیک، باش و خراپ، باسی دیموکراسی، یان باسی دەسەڵاتی مەدەنی و کۆمەڵی مەدەنی لەم هەڵبژاردنەدا ناکا. واتە:

ئەم حیزبە، پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانیەکان بەوە نازانێ ئەرکێك لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی قۆناغی دیموکراسی، لەپێناوی داڕشتنی بناغەی کۆمەڵی مەدەنیدا، دەهێنرێتە دی، بەڵکو بەوەی دەزانێ کە (فرسەتێکە خەڵك دەخالەت لە چارەنوسی خۆی بکا). ئەم بۆچونە بۆچونێکی ناسیاسییە، مۆرکێکی زانستی پێوە نییە. ناکرێ حیزبێکی کۆمۆنیستی کە جگە لە خۆی هیچ حیزبێکی دیکە بە رادیکاڵ نازانێ، کەچی لە بەرامبەر پرۆسەیەکی (دیموکراسی – شارەوانی – کۆمەڵایەتی) گەورەدا، هەڵوێستی ئاوای نازانستی دەربڕێ. هەقوایە حیزبێکی ئاوا، کاتێك بەشداری لە هەڵبژاردن دەکا هیچ نەبێ لەجیهانبینی مارکسیەوە لە هەموو رویەکەوە، پرۆسەکە هەڵبسەنگێنێ و لە باری سیاسی، ئابوری، چینایەتی و فەلسەفیەوە، لایەنە گەش و خامۆشەکانی هەڵبژاردنەکە، دیاری بکا، ئینجا بڕیاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنێکی گەورەدا، بدا. ناکرێ حیزبێك، مۆری سیاسی رۆشنی بۆ پرۆسەیەکی سیاسی نەبێ. ئەمە لەکاتێکدا ئەو فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیەتەی خۆی بەنوێنەی دەزانێ، لەبارەی دیموکراسیو کۆمەڵی مەدەنیەوە، دیدو بۆچوونی کلاسیکی رۆشنی هەیە. ئەم حیزبە نەپابەندی بۆچونە کلاسیکیەکانی فەلسەفەی مارکسیزمەو نەدیدێکی نوێی خۆیشی هەیە. هەروەکو لەکۆڵ کردنەوەیەك قسە لە دەخالەتی خەڵك لەچارەنوسی خۆیان دەکەن کە لە راستیا، ئەم بۆچونە نزیکە لە بۆچونی بلانکیەکان (الفوضویة)، نەك کۆمۆنیستەکان.

لە بەشێکی دیکەی رونکردنەوەی حیزبی کۆمۆنیستدا، دەڵێ:

(بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانی بوو کە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی پرۆسەکەوە چەندین پێشێلکاری بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجامدران کە ناکۆك بوون لەگەڵ بەڕێوەچونی ئازادانەی پرۆسەکەدا، ئێمە لە کاتی خۆیدا و لە دەربەستیمانەوە بۆ خەڵکی کوردستان و بەڕێوەچوونی ئازادانەی هەڵبژاردنەکان، سەرجەم ئەو پێشێلکاری و هەڵسوکەوتە نایاسایانەی کە هاتنە

کایــەوە هــەم حیزبــەکان و هــەم خــودی لیژنــەی بــاڵای سەرپەرشــتیاری هەڵبژاردنەکانمان بە یاداشتنامە ئاگادارکردۆتەوە).

ئەم بۆچونانە ناکۆیان تیایە. لەلایەکەوە دەڵێن: (لـە سـەرەتای پرۆسـەکەوە چەندین پێشێلکاری بە شێوازی جۆراو جـۆر ئـەنجام دران).. کەچـی لـە درێـژەی بۆچونەکەدا، دەکەونە ناکۆکی لەگەڵ خۆیان و، پێشێلکاریەکان بەوە دەزانن کە: (ناکۆك بوون لەگەڵ بەڕێوەچونی ئازادانەی پرۆسەکەدا) ئەمـە چـی دەگەیـەنێ.. هەڵبەتە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم حیزبـە بەڕێوەچـونی پرۆسـەکەی پێئـازادبووە، بەڵام پێشێلکاری هەبووە. ئەگـەر وابـێ، هەڵوێسـتی حیزبـی کۆمۆنیسـت قـابیلی قبوڵە. بەڵام بەداخەوە تەنانەت واش نییە.

بەڵکو بەڕێوەچونی ئازادانـەی پرۆسـەکە لەسـەر هەنـدێ پێشـێلکاری سـەراپا رەت دەکەنەوە. ئایە ئەمە راستە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسـیارەش پێویسـتە ئاماژە بەو پێشێلکارییەی سەرەتای پرۆسەکە بـدەین کـە حیزبـی نـاوبراو باسـی کردوون:

(بەتایبەتیش لەسەر فشار هێنان بـۆ هەنـدێك لـە کاندیـدەکان کـە پاشەکشـە بکـەن هــەروەها بڵاوکردنــەوەی پروپاگەنــدەی برینــی کــۆپینی خــۆراك. وە لــە بەرانبەر ئەمانەدا لیژنەی باڵای سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان بەڵێنیاندا بـە بـەم پێشـێلکاریانە بگـرن و رەوتــی هەڵبژاردنــەکان یاســای بڕواتــە پێشــەوە و لــەم بارەیشەوە روونکردنەوە دەرکرا).

پـێش هـەموو شـتێك هەڵوێسـتی حیزبێـك لەسـەر پێشـێلکاری بەڕێوەچـونی ئازادانەی پرۆسەیەك، دەبێ بە بەڵگە بسەلمێندرێ. نـاکرێ بەشـێوەیەکی گشـتی تۆمەت و تاوان هەڵبەسترێ، کـە حیزبێـك باسـی فشـار، بـۆ پاشەکشـە پێکردنـی کاندیـد دەکـا، یـان دەبـێ لیسـتی کاندیـدە هەڕەشـە لێکراوەکـان بڵاوبکاتـەوە، یاوەکو نامە و بەڵگەیەکی رەسمی چۆنایەتی هەڕەشەلێکردنی کاندیدەکان بخاتـە روو. ئەگینا چۆن دەتوانێ لەخۆڕا لایەك تاوانبار بکا بەبێ بڵاوکردنەوەی بەڵگە!

ئەگـەر لـەم مەسـەلەیە مەبەسـت ئـەوە بـێ کـە (ی.ن.ك) هەنـدێ ئەنـدام و لایەنگری خۆی، یان دۆستی خـۆی، کـە خۆیـان کاندیـد کردبـوو، بـانگ کـردوە و تەکلیفی کشـانەوەی بـۆ بـەهێزکردنی کاندیـدە رەسمیـەکانی خـۆی، لێکـردوون. ئەمە لە ژیانی حیزبایەتیدا زۆر ئاساییە. چونکە ناکرێ یەکێتی لـە بەرامبـەر (١٠)

لایەنی ئاشكرای پایەدار و بێپایەدا، جگە لەوەی لەپشتی پەردەشەوە دژایەتی كراوەو نەیارەكانی لە هەڵبژاردندا بەهێز كراون، بكەوێتە ململانێی هەڵبژاردن، هەولێش نەدا كاندیدەكانی خۆی خزمەت بكا و جەماوەری خۆی لە دەوری سەرۆك و لیستی بڕیار لێدراوی بە ڕێكوپێكی كۆبكاتەوە؛ هەڵبژاردن مل ملانێیەكی دژواری هەمەلایەنەی سەختی سیاسی و كۆمەڵایەتییە، ناكرێ هیچ هێزێكی سیاسی بێباك دابەزێتە مەیدانەكانی هەڵبژاردن. بەتایبەتی لە كاتێكدا چەندین لایەن بەوپەڕی تواناو پشتیوانی دەرەكی و ناوەكی سەرقاڵی سەركەوتن بوون لە هەڵبژاردنەكەدا. دەپرسین: ئەگەر حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق، لەم هەڵبژاردنەدا بێباك بووە، ئەی بۆچی (لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی شارەوانی)یەكانی هەبوە و بە گەرمی خەریكی پرۆسەكەبون؟ دیارە بۆئەوە بووە كە لەناو خۆیاندا، یان لەناو حیزبەكەیاندا، كاندیدەكانیان مونافەسەی یەكدی نەكەن. لە هەر شارێك خۆیان چۆنیان بڕیارلێداوە تەنها ئەو كاندیدانە لەسەر لیستی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری بۆ سەرۆكی شارەوانیەكان بپالێون، هەربۆیە لیژنەی تایبەتی حیزبیان داناوە. كەوابێ: هەر حیزبێك بەپێی سەنگی خۆی و ڕووبەری جەماوەرەكەی بەرنامە و ڕێوشێنی بەشداریكردنی لە هەڵبژاردنی شارەوانیەكاندا، داڕشتووە.

لە هەموو ئەو قسانە سەیرتر، لە بەیاننامەكەی حیزبی كۆمۆنیستدا، وا هاتووە گوایە: (بڵاوكردنەوەی پڕوپاگەندەی بڕینی كۆپینی خۆراك) بڵاوكرابێتەوە.

ئەم قسەیە بخرێتە ناو بەیاننامەی حیزبێكەوە، هەر سەیر ومایەی سەرسوڕمانە. دەبوایە حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ڕونیبكردایەتەوە: چۆن چۆنی ئەو پڕوپاگەندەیە بڵاوكراوەتەوە؟ چ لایەك بڵاوی كردۆتەوە؟ هەڕەشە لە بڕینی كۆپینی كام جۆرە خەڵك كراوە؟ هیچی ئەم مەسەلانە ڕۆشن نین. تۆمەتێكە و هەڵبەستراوە و هیچی دیكە.

دەپرسین: ئایە یەكێتی پێویستی بەوە هەبووە هەڕەشە لە ئەندامەكانی خۆی بكات ئەگەر نەیەن بۆ دەنگدان، كۆپینی خۆراكیان دەبڕێ؟ هەڵبەتە نەخێر.

ئەی.. یەکێتی دەتوانێ هەڕەشە لە ئەندام و لایەنگری باقی حیزبەکان بکا ئەگەر نەیەن بەشداری بکەن لە هەڵبژاردن و دەنگ بە لیستی یەکێتی نەدەن، کۆپینی خۆراکیان دەبڕێ؟ هەرگیز نەخێر.

باشە.. لە ئەندامانی یەکێتی و لایەنەکانی دیکە بەولاوە کێ دەمێنێ؟ بێگومان، جەماوەری بێلایەن. نازانین، چۆن و بە چ مافێك یەکێتی دەتوانێ لە ڕێگەی هەڕەشەی نان بڕینی خەڵکەوە، دەنگی خەڵکی بێلایەن بۆ خۆی مسۆگەر بکا؟ سەدان هەزار خەڵك چۆن تەنها بە هەڕەشەیەك دەستەمۆی دەنگدان دەکرێن؟ ئەویش لەناو هەڵبژاردنی ئازادانەدا کە نوێنەری هەموو لایەنەکان چاودێری سندوقەکانی دەنگ دانن.

لە هەموش سەیرتر ئەوەیە لە بەیاننامەکەدا دەگوترێ: بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بڕینی کۆپین. ئەم حیزبە، دەبوو بزانێ پڕوپاگندەیەکی لەم چەشنە، ئەگەر بڵاویش کرابێتەوە، پڕوپاگەندەی نەیارانی هەڵبژاردنەکەبووە. نەك هی یەکێتی. چونکە پڕوپاگەندەی نەیاران هەمیشە لە سنورێکی تەسکدا دەبیسترێ، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر یەکێتی مەبەستی بوایە لەو چەشنە پڕوپاگەندانە بڵاوبکاتەوە، زۆر بە فراوانی دەیتوانی لەناو زۆرترین خەڵکدا بۆچونەکانی بڵاوبکاتەوە.

دوا بەدوای ئەوە، ریزێك پێشێلکاری تر وەکو: کەسانێك چەند جارێك دەنگیان دابێ، لە دێهاتەوە خەڵك بۆ دەنگدان هێنرابن، گواستنەوەی خەڵك لە بنکەکانەوە بۆ بنکەی دیکە، دروست کردنی لیستی پاشکۆ؛ تاد.

لە راستیا، ناکرێ نکوڵی لە رودانی وردە کێشە لەم کێشانە بکرێ، بەتایبەتی هێشتا هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ئەم قسانە نەکراوە. بەڵام ئەگەر تێکڕای ئەو قسانە راست بن، هەقبوو یەکێتی لە (٩٠٪) ی دەنگەکانی هێنابا. ڕێگەشی نەدابا ئیسلامی سیاسی لە (٢٧٪) یان بهێنایە.

لەناو ئەو ریزە تومەتانەی ناو بەیاننامەکە، دو تومەتیان زۆر کۆمیدین، کە ئەمانەن:

یەکەمیان: ئاوارە عەرەب زمانەکان کە بەپێی یاسای هەڵبژاردن مافی دەنگدانیان نەبوو، دەنگیان پێدراوە.

بۆ ئەم خاڵەیان دەڵێین: یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزێکی کوردستانیە. ئەو عەرەبانە هیچیان ئەندامی یەکێتی نین. گریمان بەهۆی دەسەڵاتەوە ناچارکراوون دەنگ بە یەکێتی بدەن. بەڵام حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، حیزبێکی عێراقیە. دەبوو لەناو ئەو عەرەبانە لایەنی کەم چەندین ئەندام یان دۆستی هەبوایە، ئەگەر راست دەکەن بۆ سەلماندنی قسەکانیان ئەندامێك یان دۆستێکیان بهێنن لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا ئەو سیاسەتە قانگ بدا. خۆ ئەگەر ئەندام و دۆستیشیان نییە، با کەسێك، هەر کەسێك بێ لەو عەرەبانە قەناعەت پێبکەن بۆ سەلماندنی قسەکانیان گەواهیەك بدا. دیارە هەتا ئێستا تاقە کەسێکیشیان دەست نەکەوتووە، دەنا لەسەری رانەدەوەستان!

دووەمیان دەڵێین: کەسانێك کە بەهۆی ناتەواوی عەقڵیەوە دەنگیان پێدراوە.

ئاخۆ دەشێ لایەنێکی وەکو یەکێتی خەڵکانی عەقڵ ناتەواو لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە ئاقڵە راکێشێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان؟ ئاخر یەکێتی چ پێویستیەکی بەو دەنگانە هەیە کە لە سەرانسەری کوردستاندا رەنگە نەیتوانیبێ هەزار کەسی لەوانە رابکێشێت بۆ هەڵبژاردن. کارەساتێکی سەیرە حیزبێك مشت و مڕی دیموکراسی بگەیەنێتە ئەو رادەیە بەم جۆرە تومەتانە دەسەڵاتدار تاوانبار بکا. حیزبێکی کۆمۆنیست دەتوانێ بە دەیان و سەدان بەڵگە و شێوە و شێوازی مەنتیقی قسە لەسەر دەسەڵات و حیزبی دسەڵاتدار لە هەڵبژاردن و دەرەوەی هەڵبژاردن بکا. نەك بیانوی چەواشەکردنی شێتو ئەقڵ ناتەواوی پێبگرێ.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا، حیزبی کۆمۆنیست لەسەر ئیسلامی سیاسی گوایە بەڵگەی گوتووە و بەڵگەکەش ئاوا دێنێتەوە:

(کەسانێك سەر بە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کە ویستویانە چەند جارێك دەنگ بدەن و رێگایان پێنەدراوە. بەڵام بە زۆرەملێ خۆیان کردۆتە ناو هۆڵی دەنگدانەوە و پەلاماری چاودێرەکانیان داوە).

جارێ دەپرسین ئەمە لە کوێ رویداوە؟ کێن ئەوانەی وایان کردووە؟ دەبوو شوێن و ئەو کەسانە دەست نیشان کرابان هەتا خەڵك باوەڕبکا. پاشان، حیزبی کۆمۆنیست لەسەر کارێکی ئاوا بۆچی بە ڤیدیۆ، یان بە وێنە، یاوەکو بە نارەزاییەکی لێبڕاوی ئاشکرا هەڵوێستی دەست بەجێی دەرنەبڕیووە. ئاخر کاتێك

کار دەگاتە پەلاماردانی چاودێر، ئیتر چاودێرەکانی حیزبی کۆمۆنیست بۆچی بێدەنگ بوون؟ بەتایبەتی بەرامبەر ئیسلامی سیاسی کە دەبوو خۆیان گوتەنی (قاتعانە!) هەڵوێستیان هەبێ. حیزبی کۆمۆنیست بە دەیان شێوە و ڕێگای ناڕاست، کە هەر هەمووی لە بەرژەوەندی ئیسلامی سیاسی دەشکێتەوە، دژایەتی ئیسلامی سیاسی دەکا، کەچی لە بەرامبەر پێشێلکاریەکی ئاوادا (قاتیع) نابێ.

ئەم قسانەی ئێمە بەرگریکردن نییە لە بزوتنەوەی ئیسلامی، بەڵکو خەفەت و ناخۆشییە کە بەداخەوە بەڵگەیەکی ئاوا (ئەگەر ڕاست بێ) بەفیڕۆ دراوە. وەکو بیستوومانە، لە هەڵەبجە و بیارەدا، بزوتنەوەی ئیسلامی پێشێلکاری زەقیان کردووە، چاودێرەکانی یەکێتیش بێدەنگ بوون بەرامبەریان. ئەمیش هەر هەڵە بووە، ناکرێ بزوتنەوەی ئیسلامی لە یەك دوو شاردا دەسەڵاتیان سەپاوە، بە ئارەزو هەڵبسوڕێن، تەنانەت ئاکامی هەڵبژاردنیش بە ئارەزووی خۆیان بێ، کەچی لە شوێنەکانی دیکەشدا ڕێزبگیرێن.

لە کۆتاییدا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەڵێت:

(ئێمە لەکاتێکدا کەنیگەرانی و نارەزایەتی خۆمان لەم پێشێلکاری و کردەوە نایاسایییانە بەیان دەکەین، لە هەمان کاتدا ئەوە رادەگەیەنین کە ئەمانە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان شێواندوە. دەنگدانێك کە بەم جۆرە بەڕێوەبراوە ئەنجامەکەی تعبیر لە حەقیقەت ناکات).

ئەمە حوکمێکی رهایە و هیچ جۆرە راستیەکی رێژەیی تیا رەچاو نەکراوە. جگەلەوەی ئیهانەکردنی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکیشە کە بەوپەڕی دڵسۆزی و پاکی و پەرۆشی ئەزیەتیان کێشاوە و دەنگیان داوە.

هەقوابوو حیزبی کۆمۆنیست دژی ئەو رادە پێشێلکارییە بوەستێ یان هەڵوێست وەربگرێ کە خۆیان پێیان وابووە رویانداوە. نەك سەراپا پرۆسەی هەڵبژاردنەکە رەت بکاتەوە.

ئەمانە، لە بنەچەدا چونکە دژی دیموکراسی و لایەنگری یەکسەرە (شۆڕشی سۆسیالیتین! !)، بۆیە دڵیان بەرایی نادا هەنگاوی سەرکەوتوی دیموکراسی ستایش بکەن.

گەلێك یەکەمین جاریەتی لە مێژوودا هەنگاوی ئاوا بنێ، هەق نییە بەم شێوەیە ماندووبونی خەڵك و حیزبەکان و پرۆسەکە، درزێو بکرێ. ئەمە هەست نەکردنە بە ئۆباڵی مللی و دیموکراسی. ئەمە گوێنەدانە بە بەهاکانی رزگاری نەتەوە و بونیادەکانی ئەزمونی حوکمڕانی ئازادانەی گەلەکەمان. ئەم هەڵبژاردنە ئۆباڵی هاوبەشی دیموکراسیو میللی هەموو لایەك بوو، نەدەبوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەبەر هەر رەخنەیەك هەیبێ، خۆی لەلایەنە چاکەکەی هەڵبژاردنەکە بێبەش بکا.

له کام وڵاتی دونیاو، لەناو کام گەل و، لە سایەی چ حوکمڕانیەك، پرۆسە دیموکراسیەکان (١٠٠٪) پاکژ و بێگەردن. بەتایبەتی ئەو ئەزمونانەی بۆ یەکەمین جار تاقیکرابنەوە. ئێستاش، دوای دوو سێ سەدە لە ئەزمونی دیموکراسی لە ئەوروپادا، ناتوانین باوەڕ بکەین کە هەڵبژاردنەکانیان کەموکورتیان تیا نییە:

لەهەڵبژاردنی دەزگای یاسارێژی یان هەر هەڵبژاردنێکی دیکەی وڵات، دەست تێوەردانی سنوقەکانی دەنگدان، تەزویر کردنی کارتی پێناسەی هەڵبژێر، یاوەکو راگەیاندنی ناڕاستی سەرەنجامی دەنگەکان، لەو شێوە گزی کردنانەن کە لە تەواوی جیهاندا، روودەدەن[٣].

**هاورێیان!**

کورد یەکەمین جارێتی هەنگاوی ئاوای هەڵهێناوە، ناکرێ چاوەڕی بکرێ پرۆسەیەکی یوتوبیایی دیموکراسی شارەوانیەکان ئەنجام بدا. ئەم قسانە بۆیە دەکەین چونکە دەزانین کەموکورتی هەبووە. رەنگە لاساری و سەرکێشیش هەبوبێ. بەڵام ئایە لیژنەی باڵای هەڵبژاردن، یان حکومەتی هەرێم، یاخود سەرکردایەتی یەکێتی بە بەرنامە، یان بە بڕیار، یان بە ئاڕاستەی ناڕاستەوخۆش بووبێ، رێگەی کەموکوڕی یان پێشێلکاری داوە؟ ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست بەڵگەیەکی بەڵگەنەویستی لەسەر یەکێتی بە رەسمی هەیە، هەقە هەتا زووە بیخاتە بەردەم رای گشتی. ئەگەر مەسەلەکە راپۆرتی ئەم چاودێر و بۆڵەبۆڵی ئەو لایەنگرە کە خۆیان نەیانتوانیووە دەنگ بۆ حیزبەکەیان کۆبکەنەوە و لە

[٣] ابو الفضل قاضي، حقوق اساسي ونهادهای سیاسی، جلد اول (تهران: انتشارات دانشطا تهران – ١٣٦٨) صفحه (٧٤٦)/ اطلاعات سیاسي – اقتصادی ژماره (١٤٨–١٤٧) ص١٥٠.

بەرامبەر وردە کەموکوریشدا (قـاتیع) نـەبوون، هـەق نـەبوو ئـەو راپـۆرت و بۆڵـە بۆڵانـە حیزبێـك لـە بەرامبـەر یـەکێك لـە هـەنگاوە گـەورەکانی دیموکراسـی و بـە دیموکراسـی کردنـی دەسـەڵاتی خەڵکـدا، هەڵوێسـتی ئـاوای دوور لـە راسـتیە بابەتیەکان بنوێنێ.

**دوا دێرەکانی روونکردنوەی حیزبی کۆمۆنیست ئاوا قفڵ دەدرێ:**

(پێویستە ئەوەش بڵێین کـە ئێمـە لـە سـەعات ٦ ی ئێـوارەی رۆژی ٢/٣ ەوە گەیشتین بەم هەڵوێستە بەڵام بەوپێیەی لەسەر ئەم کێشانە لەنێوان لایەنـەکانی بەشـداردا گفتوگـۆ هاتـە ئـاراوە، وامـان بـە گونجـاو زانـی کـە راگەیانـدنی ئـەم روونکردنەوەیە بخەینە دوای ئەو گفاتوگۆیانەوە).

جـارێ بۆچـی لـە (٨) بەیانیـەوە هـەتا (٦) ی ئێـوارە، دوای (١٠) سـەعات گەیشـتوونەتە ئـەو هەڵوێسـتە. ئایـە پێشـێلکاریەکان زۆربـەیان لـە دوا سـەعاتی هەڵبژاردنەکەدا رویانداوە. ئەگەر هەڵبژاردنەکـە وەکـو فیلمـە کارتۆنیـەکانیش بـە پەلەپەل لە دوا سەعاتدا ئەنجام درابێ، هێشتا یەکێتی و لایەنەکانی دیش فریـای ئەو هەموو پێشـێلکارییە نەدەکـەوتن و ئێـوەش پێتـان نـەدەکرا پێشـێلکاریەکان تۆمار بکەن و پاشانیش لێکیان بدەنەوە و بڕیاریان لەسەر وەربگرن.

گریمان ئەمەیان وایە، ئەی بۆچی راوەستاوون هەتا (٢٠٠٠/٢/٥)؟

ئاشکرایە لە (٢٠٠٠/٢/٥) دا، دەنگەکان ساغ کرابونەوە و حیزبـی کۆمۆنیسـت زانیویانـە لـە سەرانسـاری کوردسـتاندا (٣٨٢) دەنگیـان هێنـاوە. ئـیتر چـارێك لەبەردەم ئەم حیزبەدا نەماوە ئەوەنەبێ کە ئەو قسانەی چاودێرەکان لـە لاوازی خۆیان پێیان گەیاندوون بکەن بە هەڵوێستی رەسمی حیزبەکەیان و ئەو شەڕە بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بفرۆشن. دڵنیاش بن ئەم جـۆرە هەڵوێسـتانە نـەك پایـەی جـەماوەری هـیچ حیزبێـك بـەهێز ناکـا، بـەڵکو لاوازتـری دەکـا. ئـەزمونی دوای راپەڕینیش سەلمێنەری ئـەم راسـتیەیە، ئەگـەر بـە هەڵوێسـتی تونـد و ئەوپـەڕێ کۆمۆنیستانە بوایە، دەبوو ئێستا هەموو کرێکاران و زەحمەتکیشان و چـەپەکانی کوردستان لە دەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێـراق کۆبونایەتـەوە، کەچـی بە پێچـەوانەوە، کـەمترین خـەڵکیان لـێکۆبۆتەوە. تەنانـەت بـە دەیـان هـاوڕێی خۆشیان وازیان لـێهێناوون.

دەمێنێتەوە بڵێین: تەواوی رەخنە و ناڕەزایی و گلەییەکان، کە لە پرۆسەی هەڵبـژاردنی شـارەوانیەکان بـە بەڵگەو بـێ بەڵگـە خراونەتـەروو، ئێسـتا لەلایـەن یەکێتیەوە لیژنەی لێکۆڵینەوەیان لە هەموو شارەکان بۆ دانراوە. هەقیش وایـە یەکێتی چاو لە هیچ کـەموکوڕی و پێشـێلکاریەك ئەگـەر ناڕاسـتەوخۆش کـرابن، نەپۆشی. هەتا بتوانێت بناغەی نەریتی دیموکراسی پتەو داڕێژێ و، خـەڵکیش و، هەموو لایەنێکش دڵنیـا بکـا کـە ئەگـەر کـاری نـاڕەوا لـە کـاتی هەڵبژاردنەکانـدا، لێرەولەوێ کرابـێ، کـاری کەسـانی ناوشـیار و تێنەگەیشـتو بـووە لـە بنـەماکانی دیموکراسی و بەرنامەکانی یەکێتی.

هێشتا ناشزانرێ رێژەی چەند کەموکوڕی و هەڵـە هـەبووە، بـەڵام سـەرەنجام کەمورزۆر هەرچی بسەلمێ، بێگومان لە بەهای گرنگی پرۆسەکە کـەم ناکاتـەوە.. چـونکە ئـەم مەسـەلە مێژوویانـە، نـاکرێ بخرێنـە گـرەوی ئـەقڵی حیزبایـەتی و شەوارەی تیۆری ئەم و ئەو لایەن.

* * *

## روونکردنەوەیەك لە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە بۆ جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان*

پـاش تـەواوبوونی هەڵمـەتی پرۆپاگەنـدەی هەڵبـژاردن بـۆ ئەنجومـەنی شـارەوانیەکان. سـەرەنجام رۆژی ٢٠٠٠/٢/٣ خـەڵکی شـارەکان بەمەبەسـتی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی شـارەوانیەکان روویـان کردە سندوقەکانی دەنگدان. ئێمە لەو روانگەیەوە کـە ئـەم پرۆسـەی هەڵبژاردنـە فرسەتێکە بۆ خەڵکی کوردستان بۆئەوەی دەخالـەتێك لـە چارەنووسـی خۆیانـدا بکەن و بوارێکە بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی هەندێك لایەنی ژیـانی خۆیـان. بڕیارماندا بەشداری ئەم پرۆسەیە بکەین و بەدەوری خۆمان ئەم فرسەتە هەرچـی زیاتر لە قازانجی خەڵك بشکێنینەوە. بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانی بوو کـە هـەر

* دەقی روونکردنەوەی لیژنەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی شارەوانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق.

لـە سـەرەتای دەسـت پـێکردنی پرۆسـەکەوە چـەندین پێشـێلکاری بـە شـێوازی جۆراوجۆر ئەنجامدران کە ناکۆك بوون لەگەڵ بەڕێوەچونی ئازادانەی پرۆسەکەدا، ئێمە لەکاتی خۆیدا و لە دەربەستیمانەوە بـۆ خـەڵکی بـۆ خـەڵکی کوردسـتان و بەڕێوەچوونی ئازادانەی هەڵبژاردنەکان، سەرجەم ئەو پێشێلکاری و هەڵسوکەوتە نایاسـایانەی کـە هاتنـە کایـەوە هـەم حیزبـەکان و هـەم خـودی لیژنـەی بـاڵای سەرپەرشـتیاری هەڵبژاردنـەکانمان بـە یاداشـتنامە ئاگـادار کردوەتـەوە. بەتایبەتیش لەسەر فشار هێنان بـۆ هەنـدێك لـە کاندیـدەکان کـە پاشەکشـەبکەن هەروەها بڵاوکردنەوەی پروپاگەنـدەی برینـی کـۆپینی خـۆراك.. وە لـە بەرانبـەر ئەمانـەدا لیژنـەی بـاڵای سەرپەرشـتیاری هەڵبژاردنـەکان بەڵێنیانـدا بـەر بـەم پێشـێلکاریانە بگـرن و رەوتـی هەڵبژاردنـەکان یاسـایی بڕواتـە پێشـەوە و لـەم بارەیەیشەوە روونکردنەوە دەرکرا.

بـەڵام بـە پێچـەوانەی ئـەو بـەڵێن و رونکردنـەوە. لەگـەڵ دەسـت پـێکردنی دەنگدانەکانـدا پێشـێل کـاری و کـردەوەی نایاسـایی جـارێکی تـر دەسـتی پێکرایەوە. لەوانەش نموونە زۆرن وەکو، ئەوەی کەسانێك چـەند جار دەنگیـان داوە. لە دێهاتەکانەوە خەڵك هێنراوە بۆ دەنگدان بەبێئەوەی مـافی دەنگـدانیان هـەبووبێت. لـە بنکەیـەکی دەنگدانـەوە خـەڵك بـراوە بـۆ بنکەیـەکی دیکـە بـۆ دەنگدانی دووبارە. لە زۆرێك لە بنکەکان بەبێ ئـەوەی هـیچ هەویەیـەکی معتـبر و رەسمی نیشاندرابێ تەنها لەسەر بناغەی کۆبۆنی خۆراك یـان کـارتی ئەنجومـەنی ئاوارەکان و شتی لەم بابەتە کە بۆیان دروست کـراوە دەنـگ دراوە. لـە چـەندین بنکەی دەنگدان سەدان کەس بەناوی لیستی پاشـکۆوە زیـاد کـراوە بـۆ ژمـارەی دەنگدەران. خەڵکانێك کە لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵیەوە بە کۆبۆنی خۆراك یان بە هـەمان کـارتی ئەنجومـەنی ئاوارەکـان دەنگیـان داوە. لـەناو قاعـەی دەنگدانـدا پروپاگەندە بۆ پاڵێوراوان کـراوە و فشـار خراوەتـە سـەر خـەڵك بـۆ دەنگـدان بـە لیستی ئەحزابی دیاریکراو. ئاوارە عەرەب زمانەکان کە بەپێی یاسای هەڵبـژاردن مافی دەنگدانیان پێنەدرابوو. کۆبۆنیان بۆ دروست کراوە و بـراون بـۆ دەنگـدان. تەنانـەت کەسـانێك کـە بـەهۆی ناتـەواوی عەقڵیـەوە مـافی دەنگـدانیان نـەبوو دەنگیان پێدراوە. ئەوانەی خوێنەوارییان نەبووە بەپێچەوانەی ئـەوەی داوایـان کردوە کاتبەکان کە کەسانی بێلایەن نەبوون نـاوی کاندیـدی جێگـای مەبەسـتی خۆیانیـان بـۆ نوسـیوون. هـەروەها هەنـدێك لایـەن کـارتی دەنگـدانیان بەسـەر خەڵکیدا دابەش کردووە تـا دەنگیـان پێبـدەن. بـە درێـژی مـاوەی دەنگدان لـە

دەوروبەری هۆڵەکان پڕوپاگەندە کراوە و پۆستەرات و ناوی کاندیدەکانی هەندێ لایەن بڵاوکراوەتەوە. لەکاتێکدا بەپێی یاسای هەڵبژاردنەکە لە ٢٤ سەعات پێش دەنگدانــەوە دەبــوو هــەموو پروپاگەندەیــەك رابوەســتێ. کەســانێك ســەر بــە بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کە ویستویانە چەند جارێك دەنگ بدەن و رێگایان پێنەدراوە. بەڵام بە زۆرەملێ خۆیان کردۆتە ناو هۆڵی دەنگدانەوە و پــەلاماری چــاودێرەکانیان داوە. ئەمانــە چــەند نمونەیــەکن لــە دەیــان نموونــەی دیکــە کــە بەزۆری لەلایەن کەسانی یەکێتی نیشــتمانی کوردســتان و یــەکگرتوی ئیســلامی و بزووتنــەوەی یــەکبوونی ئیســلامیەوە کــراون. شــایانی باســە لــە هــەموو ئــەو جێگایانەی ئەم جۆرە پێشێلکاریانە کراون چاودێرانی ئێمە و هەندێ حیزبی تــر یاداشــت نامــە و ناڕەزایــەتی خۆیانیــان داوە بــە حــاکمی بنکــەکانی دەنگــدان و تەنانــەت لیژنــەی بــاڵای سەرپــەرشــتی هەڵبژاردنــەکانیان لــێ ئاگادارکردۆتــەوە. کەچی بەداخەوە بێدەربەستانە مامەڵەیان بەم هەڵوێستانە کردووە و تەنانەت لە زۆر جێگــا حاکمــەکانیش لایــەنگریان لــە پێشــێلکاران کــردوە. چــونکە لــە کــاری چاودێریدا بێلایەن نەبوون. ئەمــەش ئێمــەی ناچــار کــرد کــە هــەر هــەمان رۆژی هەڵبــژاردن کاتــژمێر ٦ ی ئێــوارە یاداشــتنامەی ناڕەزایــەتی خۆمــان ئاڕاســتەی لیژنــەی بــاڵای سەرپــەرشــتی هەڵبــژاردنی ئەنجومەنــەکانی شــارەوانی بکــەین و وێنەشــی ئاڕاســتەی بــەڕێز ســکرتێری گشــتی یــەکێتی نیشــتمانی و حیزبــەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکاندا بکــەین و خروقاتــەکان بــە بەڵگــەی تــەواوەوە بخەینــە بەردەمیان.

ئێمە لەکاتێکدا کە نیگەرانی و ناڕەزایەتی خۆمان لەم پێشــێلکاری و کــردەوە نایاســاییانە بــەیان دەکــەین، لــە هــەمان کاتــدا ئــەوە رادەگەیــەنین کــە ئەمانــە ئــەنجامی هەڵبژاردنەکــەیان شــێواندوە. دەنگــدانێك کەبــەم جــۆرە بــەڕێوە بــراوە ئەنجامەکــەی تعــبیر لــە حەقیقــەت ناکــات.. ئێمــە جگــە لــە ناڕەزایــەتی خۆمــان، بەپێی بەڵێنێك کە بە خــەڵکمان داوە و وەکــو رەوشــتێکی خۆمــان ئــەوەمان بــە ئەرکی خۆمان زانی ئەم راستیانە بخەینە بەرچاوی خەڵکی کوردســتان. پێویســتە ئەوەش بڵێین کە ئێمە لــە ســەعات ٦ ی ئێوارەی رۆژی ٢/٣ وە گەیشــتین بــەم هەڵوێستە بــەڵام بەوپێیــەی لەســەر ئــەم کێشــانە لــەنێوان لایەنــەکانی بەشــداردا گفتوگۆ هاتە ئاراوە، وامان بە گونجاو زانــی کــە راگەیانــدنی ئــەم روونکردنەوەیــە بخەینە دوای گفتوگۆیانەوە.

٢٠٠٠/٢/٥ کاتژمێر ٨ ی ئێوارە

# سلێمانی.. پێکهاتەی شارێکی پێشکەوتوتر
## ( ١٧٨٤-٢٠٠٠ )*

(١)

### بایەخی گۆڕدراوی شارەکان

ئەگەر لە بنەما سروشتیەکان بۆ هەڵکەوتنی شار وردنەبینەوە و فاکتەرە تایبەتیەکانی پێکەوەنانی شارەکان بکۆڵینەوە، بێچەند و چۆن بنەمای ئابوری و بڕیاری سیاسی رۆڵی کاریگەریان لە پێکهاتن و پێشخستنی شارەکاندا گێڕاوە. دژوارە شارو شارستانیەتی گەورە بەبێ بنەمای ئابوری و دەسەلاتی سیاسی، بەپێی پێویست گەشەیان کردبێ و بەرگەی ئاڵوگۆڕە نالەبارەکانیان گرتبێ. زۆر جاریش بونی یەکێك لەو هۆیانە لە نەبونی هۆیەکەی تریاندا، شاری شیاوی خستۆتە پەراوێزەوە. هەندێ جاریش فەوتاندویەتی. هەر لە کوردستاندا، شاری ئەوتۆ هەیە بەهۆی هەڵکەوتی جوگرافی و رێکەوتی بازرگانیەوە کۆن دروست کراوە و بوژێندراوە، بەلام بەحوکمی ئاڵوگۆڕەکانی رێگاوبان و ناوەندە بازرگانیەکانەوە، ئەو شارانە کەوتونەتە پەراوێز و شاری دیکە دروستبون.

لە قۆناغی بازرگانی کاروانسەرایی و سەرەتاکانی ئاڵوویڵەوە، هەڵکەوتی شارەکانی وەکو رەواندوز، کۆیە، کفری و هەڵەبجە، پایەیەکی گرنگیان هەبووە. کەچی بەرە بەرە بەهۆی گۆڕینی رێگای بازرگانی و دۆخی سیاسیەوە، ئەو شارانەلە پێشکەوتن رادەوەستن و دورتر یان نزیکتر لەو شارانە، شاری نوێ پەیدادەبن. لەپاڵ رەواندوز دیانە دروست دەبێ. لەپاڵ کفری کەلار و لە سەروی کەلاریش دەبەرندیخان قوت دەبێتەوە. لە خوار هەڵەبجەش سەیدسادق دەبوژێتەوە. کۆیەش پاشەکشە دەکا و بایەخەکەی بەشێکی دەگوێزرێتەوە ناو

* لە گۆڤاری (سلێمانی) ژمارە (٣) ی (ئابی ٢٠٠٠) ل: ١٤ دا بلاوکراوەتەوە.

هەولێر، بەشێکی بۆ کەرکوك و بەش بەشیش پەرش و بڵاو دەبێتە ناو شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری، رانیە، شەقڵاوە، مەسیف، و دوکانیش. (پاشان ئەم شارانە لە سایەی راپەڕیندا دەبوژێنەوە).

ئەم راستیانە، وەکو کاریگەرن لەسەر پێشکەوتن یان دواکەوتنی شارەکان، هەر بەو شێوەیەش، لە دونیادا و لە کوردستانیشدا کەموزۆر کار دەکەنە سەر رەوتی روداوە سیاسیەکان و ناوەندی کاریگەری سیاسی شارەکانیش. زۆر جار شارێك لە قۆناغێکدا دەبێتە ناوەندی خەباتی نیشتمانی و چینایەتی، دوای چەندین دەهە، ئەم دیاردەیە دەگۆڕدرێ و قۆناغی نوێ پەیدا دەبێ و شارێکی دیکە دەبێتە ناوەندی سیاسی. لە شۆڕشە دیموکراسیەکاندا، هەروا لە شۆڕشە چینایەتیەکانیشدا، ئەم راستیانە لە چوار سەدەی رابوردودا هەبوە و هەیە. ئەمە جگەلەوەی لە دێر زەمانیشەوە، سەبارەت بە شارستانیەتیش هەر وابوو؛ قۆناغێك لە یونان و قۆناغێکیش لە هیند و رۆما، پاشان بۆ ئیسپانیا و ئینجا بۆ ناو عەرەب و لە عەرەبیشەوە دیسان بۆ رۆژئاوا و لەناو وڵاتە رۆژئاواییەکانیشدا، سەنگی شارستانیەت، ئەمسەرو ئەوسەری ئاسیا و رۆژئاوای پێکراوە: بەریتانیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئەمریکا، ژاپۆن، چین، هیندستان..تاد

ئەگەر لەو سوکە گەشتەی شارەکان و شارستانیەکان بمانەوی ئاوڕ لە شارێکی وەکو سلێمانی بدەینەوە و کەمێك لەسەری بوەستین، دەبینین سلێمانی، جۆرێك تایبەتمەندێتی هەیە لەگەڵ خۆیدا خولقاوە و هاوشانی نشونماکردنیشی پارێزراوە و پەرەشی پێدراوە.

(٢)

## سەرەتاو .. جیاوازی

سلێمانی.. بەسەریەکەوە، دروستکردنی (٢١٦) ساڵ لەمەوبەرە. کۆی ئەو ساڵانە بۆ دروستکردنی شارێکی رۆژهەڵاتی، لەناو وڵاتێکی پڕ ئاشوپ، شەڕی ناوخۆی بەردەوام، جەنگی پەیتاپەیتای رۆم و عەجەم، برسێتی، قات و قڕی، نەخۆشی، کاریگەری ئایینی، لە هەموو ئەوانەش نالەبارتر، نەبونی دەوڵەتی سەربەخۆ، زۆر نییە. کەچی دەبینین، سەرباری ئەو هەموو کێشانە، و سەرەڕای

ئەوەش هەڵکەوتی سەرزەمینی سلێمانی نەکەوتۆتە سەر دەریا، یان نزیك لە دەریا، لە مێژووی نوێشدا، لە نیوەی تەواوی تەمەنی ئەم شارەدا کە نەوت لە دونیادا و لە کوردستانیشدا، دەدۆزرێتەوە، سلێمانی لەو دۆزینەوەیەش بێبەشدەکرێ و ناکرێتە شارێکی پیشەسازی وەکو کەرکوك، خانەقین، موسڵ. (ئەمە لەکاتێکدا نەوت لە ناوچەکانی سلێمانیدا هەیە) تاد، وێڕاش سلێمانی وەکو یەکێك لە شارە هەرە زیندوەکانی کوردستان، بگرە رۆژهەڵاتیش، بەپێی قەبارە و توانای پەرەسەندنی خۆی، پەرەدەسەنێ. پەرەسەندنێکی هەمەلایەنەش. هەر بۆ نمونە، ئەگەر لەگەڵ دوو شاری وەکو هەولێر و کەرکوك بەراوردی بکەین، دەردەکەوێ کە وێڕای ئەوەی هەولێر یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان. بەرامبەر کارەساتەکانی رۆژگاریش خۆی پاراستووە. سەرباری فشاری سیاسەتی تەعریبی ئیسلامی و پاشان هی تەتریکی عوسمانی، سیمای کوردانەی نەدۆڕاندووە و لەگەڵ دەرد و ژانەکانی رۆژگاردا، ئەگەر وەکو دەریاچەیەکی مەنگیش بوبێ، ئازادی کوردانە و ئاواتی دواڕۆژی لە هەناودا بۆ دەرفەتی خۆی هەڵگرتووە؛ چاندنی بە نەخشەی تورك و تورکمان لەناو جەرگەی شارەکەدا و لە هەمان کاتیشدا، فشاری والیەکانی بەغدا و شەپۆلەکانی هۆزە عەرەبەکان لە دەوروبەریدا، هەتا رادەیەك کاریان کردە سەر هەولێر، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی پێکهاتەی شارەکە و تان و پۆی چێنراوی کوردەواری هەرێمەکە، بە دەردی شارێکی وەکو موسڵ بەرن. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازیەکی بەرچاو لەنێوان هەولێر و سلێمانیدا هەتا نیو سەدە لەمەوبەریش، هەیە.

هەولێری دێرینە شاری گەورە لە کوردستاندا. سلێمانیش کە بە سەدەمین نەوەی هەولێر دەشێ، ئینجا زەق زەق دەبینین لە رووی: کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، زمان و زمانەوانی، کولتور، رۆشنگەری، مەدەنی، سیاسی و کوردایەتیەوە، سلێمانی دەبێتە پێشەنگ، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بە حوکمی دێرینەیی و هەڵکەوتی بازرگانییەوە بێ، هەقوابوو هەولێر لەمێژ بێ لە سلێمانی باشتر و پێشتریش ببوایە پێشەنگی شار و شارستانی لە کوردستاندا. کەچی بەپێچەوانەوە، هاوزەمانی میرنشینی بابان، کە بابانیەکان قەلاچۆلان دەڕوخێنن و گوندی (مەڵکەندی) ئاوەدانی شارستانی دەکەنەوە، دوای ئەوە بەنیو سەدە میری سۆران لە رەواندوزێکی زۆر گچکەتر لە هەولێر هەڵدەکەوێ و میرنشینی

سۆران دادەمەزرێنێ، بەڵام هەولێر هەر لەناو منارەی چۆلی و حوجرە و فێرگە ئایینیەکانی قەڵادا، سەرقاڵی دەرسە ئاینیەکانیان بوون. تەنانەت رۆڵێکی گەورەشیان لە پاراستنی میرنشینی سۆراندا، نەبینیووە.

میرنشینی بابان و بەهۆی ئەوەشەوە سلێمانی کە پایتەختی بابانەکان بووە، لە تەمەنی دوو سەدەی خۆیدا، لە رەواندوز زیاتر و زۆرتریش لە هەولێر، دەردەسەری دیووە. شەڕی ناوخۆی دیووە. برای بابانزادە لەشکری بێگانەکانی هێناوەتە سەر دەسەڵاتدارانی بەبە، کەچی کە دەوران وەردەچەرخێ، سلێمانی دەتوانێ رۆڵی پێشەنگی خۆی بپارێزێ و ئەمجارەیان هەر لەناو شاردا، لە بنەماڵەی (شێخ مارف نۆدی)یی کە هەرگیز لەگەڵ بابانیەکان نەبون و دۆستی والیەکانی بەغدا بون (بەبێ‌ئەوەی شەڕی بابانیەکانیان کردبێ)، شێخ مەحمود هەڵدەکەوێ و دەبێتە سەردار و حوکمڕانی کوردستان. بەڵام نە لە شوێنەوارەی ئەردەڵانەکاندا راچەنینێکی وەکو شێخ مەحمود دێتە ئارا؛ نە لە دوای میرنشینی سۆرانیشدا، هاوزای راپەڕینی شێخ مەحمود، راپەڕینی سمکۆی شەکاک بەرپا دەبێ، ئەویش بە سەدان کیلۆمەتر دوور لە پایتەختی ئەردەڵان و ناوچەکانی سۆران. لە ناوچەکانی شەکاک. هەر لەو سەروبەندەدا، لە کوردستانی عێراقیشدا، بزوتنەوەی بارزانیەکان گرەوی سیاسی لە سۆران و هەولێر دەبەنەوە و سەرانسەری کوردستانیش لە دوا ئاکامدا دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. ئەم گرە و بردنەوەیە هەتا شۆڕشی نوێی کوردستان (١٩٧٦) درێژە دەکێشێ. لەوەبەدواوە، هەولێر و سۆران گۆڕانێکی قوڵیان بەسەردا دێت و خەباتێکی سیاسی شۆڕشگێڕانە، لەناو نەوەی هەفتاکان بەدواوە، لە گرتنەبەری رێبازێکی نوێ، رودەدا.

(٣)

## تایبەتمەندی سلێمانی و هەولێر و کەرکوک

لەناو ئەو هەموو گۆڕان و گۆڕانکاریانەدا، سلێمانی لە دامەزراندنیەوە، کاریگەرترین شاری کوردستان دەبێ لە رووی سیاسی، روناکبیری، کۆمەڵایەتی و مەدەنیەوە. نهێنیلەم دیاردە شارداریە، برەوی روناکبیریەو، پێشەنگی سیاسیەدا، بە درێژایی دو سەدە زیاتر چییە ئاوا دەتوانێ هەم لە شارێکی

دێرینەی شارستانی و ئاینی وەکو هەولێر کاریگەرتربێ، هەم لە شارێکی وەکو کەرکوکی دێرینی شارستانی و پاشان پیشەسازییش، زیاتر پێش بکەوێ؟ پێمان وایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە مایەی باس و بابەتی دورودرێژی مێژوویین و هەقوایە مێژوونوس و لێکۆڵەران سۆراغی زانستیانەیان بخۆن.

ئەوەی دەرهەق بە گوتارێکی ئاوا پێویستە بۆ زانینی جیاوازیەکانی (هەولێر— کەرکوک — سلێمانی) و ئەو رۆڵە پێشەنگییە بەردەوامەی سلێمانی هەیبووە، هۆی هەرە گرنگی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە دوای تێك شکاندنی دەسەڵات و شارستانیەتە کۆنەکانی پێش ئیسلام، کە لە سایەیاندا هەولێر و کەرکوك پیك هاتون، بەهۆی کاریگەری (رۆحی، ئاینی، مەزهەبی) ئیسلامەوە، هیچ گۆڕانکاریەکی گەورەتر لە ئسلام، لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی ئیسلامدا، لەو هەرێمانەدا رویاننەداوە هەتا لەسەر ئاسەوارە دێرینەکان و جیاوازییە ئەتنیکیەکان چەمك و ئاڕاستەی جیاواز بخولقێنن و.. وەرچەرخانی هەمەلایەنە بهێننەدی. هەرچیەکیش بە درێژایی مێژووی هاتنی ئیسلام لەو هەرێمانەدا رویاندابێ، هەر لە ناو بازنەی گۆڕینی دەسەڵاتەکانی ئیسلام، لە دەسەڵاتێکەوە بۆ دەسەڵاتێکی نوێ، لە قەڵەمڕەوی نەژادێکەوە بۆ نەژادێکی دیکە (عەرەب، فارس، تورك) رویانداوە، ئەم روداوانەش، چەند گەورە و کاریگەریش بوبن لە زەمانی رودانیاندا، جگە لە زیان نەبونە هۆکارێکی باش. بەتایبەتی لەم هەرێمانەدا، رەسەنایەتیەکی کوردایەتی تایبەتی و جیاواز نەبووە. هەتا هاتوشە، ئیسلام و دەسەڵاتە مەزهەبیەکانیان کاریگەری نێگەتیفیان لەسەر رۆحیەتی میللی خەڵکەکە داناوە. لە بیرکردنەوەی شارستانیە کۆنەکانەوە بەرەو ئەندێشەی رۆحی میتافیزیکی و لاهوتیان کێش کردون. هەربۆیە، تەنانەت لە رووی بیناسازیشەوە، تەلارسازییەکی شاکاری ئیسلامی ئەوتۆ نابینین کە مایەی شارستانیەتێکی مێژوویی بن. هەروەکو چۆن تەلارسازی ئاوا لە شوێنانی دیکەدا دەبینین.

بە هەموو حوکمێك هەولێر یان کەرکوك دەبوو ئاڵای کوردایەتی لە مێژوودا بەرزبکەنەوە، کەچی بەپێچەوانەوە، ناوچەیەکی شارەزوور بەم لاپەڕییەی کە

دەبێتە ئیالەت کەرکوکیش لەناو بازنەی قەڵەمڕەوەکەیدا دەبێ. کە قەڵەمڕەوی سەفەویەکان دروست دەبێ، بابانەکان لە سەردەمی میرایەتی (میربوداق) دا، دەسەڵاتەکەیان کەرکوکیشی گرتۆتەوە. کە عوسمانیەکان دەکەونە ناو قەیرانێکی خنکێنەرەوە، ئیدی روداوەکان کار لەو هەرێمانە دەکەن و زیاتر لە رابوردوو، گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و روناکبیریی، بەرە بەرە لەناویاندا، نشونمادەکا. هەتا لە بیستەکان بەدواوە کاریگەرییە میتافیزیکیەکان پاشەکشە دەکەن و کاریگەرە دونیایی و دانراوەکان دەبنە پێناوی خەڵك. ئەو راستییە مێژوویە سەبارەت بە هەولێر و کەرکوك، هاوشانی کۆمەڵێك راستی دیکەی جوگرافی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، ئاراستەی شارستانی ئەو دوو شارەیان بەو ئاقارانەدا بردووە کە ئێستا مایەی مشتومالکردنن. سەرەڕای هەموو ئەو راستیانەش، پێکهاتەی کوردانەی هەولێر و کەرکوك، بە گیانی بەرەنگاری هەستی میللی خەڵکەکەیانەوە، هەر پارێزراوە.

بەڵام.. سلێمانی، هەر لە بنەچەوە، وەکو شارێکی هەتا رادەیەك سەرفراز لەو کاریگەرییە مەزهەبیانەی گیانی میللی و چەمکی نەتەوەیی و ئاراستەی روناکبیریی جیاواز دەتاسێنن، دروست کراوە و ئۆبالێکی دیاری مێژوویی کەوتۆتە ئەستۆی؛ هەرێمەکە لە بنچینەوە لە رووی گیانی میللییەوە تایبەتمێندێتیەکی هەبووە. دوورنیە رەگ و ریشەی ئەم تایبەتمەندێتیە بگەڕێتەوە بۆ پێش هاتنی سوپای ئیسلام بۆ کوردستان، تەنانەت بۆ ئەو کاردانەوەیەی بەرامبەر کوشت و کوشتاری سوپای ئیسلام لە شارەزوور و دەروبەریا بەرامبەر کورد و زەردەشتیەکان کە بەوپەڕی دڕندایەتی لە سوتاندنی ئاتشگاکان و بە کەنیزەك بردنی ئافرەتان و تالان کردنی سامانی ناوچەکە، ئەمانە هەمو کاریگەریان بۆ پێکهاتەی خەڵکەکە و هەستی میلیان وەکو ئاسەوارێکی کۆن، نەوە دوای نەوە پارێزراوە. لەخۆڕا ناوچەکانی هەورامان زیاتر لە (٣٥٠) ساڵ بەرەنگاری دەسەڵاتەکانی ئیسلام نابنەوە.

ئەم گیانە میللیە، ئەم تەوژمە کوردایەتیە و ئەم پێشەنگە سیاسییەی هەرێمەکە و بابانیەکان، لە دروستکردنی شاری سلێمانیدا، گورێکی گەورەی

بەخۆیەوە بینیووە. هەموو توانا و پەرۆشی و.. وزە جۆراوجۆرەکان لـە ئـەدەب، زمان، پیشە، داب و نەریت و هونەر، لە پەرش و بڵاوی نـاو گوندەکانـەوە، لـەناو ئەم شارەدا کۆدەکرێنەوە و ئیدی ناوەندێك بـۆ ئیـدارە و حـوکمڕانی و داهێنـان، دەخوڵقێ. کە بۆ زەمانی خۆیان لەناو ئـەو هـەموو کێشـانەدا گـرنگ بـون و هـەتا هاتوشـە پـەرەیان سـەندووە. تەنانـەت شـاعیرێکی گـەورەی وەکـو شـێخ رەزای تاڵـەبانیش کـە لـە فـەزای کەرکوکـدا گـەورەبووە، یـەکێك لـە شـاکارە هـەرە جوانەکانی بەسەر سلێمانیدا هەڵدەڵێ:

**لەبیرم دێ سولەیمانی کە دار المولکی بابان بوو**
**نە سوخرە کێشی عەجەم نە مەحکومی ئالی عوسمان بوو**

(٤)

## کاریگەری رەگەکانی گیانی میللی

گیـانی میللـی.. لـەم هەرێمـەدا هێنـدە کاریگـەری بـووە، تەنانـەت شـێخێکی پایەبـەرزی وەکـو (شـێخ مـارفی نـۆدیی) کـە لـە رووی مەزهەبییـەوە لایـەنگری عوسمانیەکان بووە، لەگەڵ بابانیـەکانیش کوردایـەتی نـەکردووە، بـەڵام هەسـتی میللی وای لێکـردووە فەرهـەنگێك لـە (١٤٧٥) وشـە بـەناوی (ئەحمـەدی) یـە بـە هۆنراوەی کوردیەوە دانـاوە. ئـەو راسـتییە مێژووییانـە، سـەبارەت بـە سـلێمانی دەیسـەلمێنن کـەوا بزوتنـەوەی مێـژووکردی کوردایـەتی، هەلومـەرجێکی بابـەتی ئەوتۆ دەخوڵقێنێ کە جگە لە بورەکانی داهێنان و کولتوری و کۆمەڵایەتی، کاری کاریگەریش لە دروستکردنی شار و شارستانیەتی نوێش بە چەشنێ دەکا کە ئـەو شارە ببێتە پێشەنگی شارەکانی سەدان ساڵ پێشتر دروستکراوی هەمان میللەت و هەمان نیشتمانیش.

سلێمانی دەبێتە لانکی پـەروەردەکردنی دەیـان شـاعیری بـەناوبانگ (نـالی، مـەحوی، سـالم، ئەحمـەد بـەگ، حەمـدی.. تـاد)، هـەر ئـەم شـارە و روداوە چارەنوسسـازەکانی کوردسـتان کـە لـە سـلێمانیدا دەنـگ و رەنگێکـی سـەنگین دەنوێنن، دەیان رۆشنگەری گەروەی کورد لە تورکیـاوە کـێش دەکـەن و هانیـان دەدەن دەست لە پایـە و پلـە هـەڵبگرن و بەقەڵـەم و ئەندێشـە لـە دوای جـەنگی

یەکـەمی جیهانـەوە، بناغـەی سـەرەتای وەرچـەرخانی رۆشـنگەری کـوردیی لـە کوردستانی عێراقدا دارێژن. (ئەمین زەکی، پیرەمێرد، توفیـق وەهبـی، مسـتەفا پاشای یا مولکی، رەفیق حیلمی.. تاد).

دەتوانین بڵێین: بەشـێکی زۆری پێشـکەوتن و سـەرکەوتنە هـەرە جوانـەکانی داهێنان و سیاسەت، لە دوو سەدەی رابوردوودا، لە شاری سلێمانیەدا خولقاوون. هەر لە سلێمانیدا، کوردایەتی لە شاخەوە وەردەچـەرخێ بـۆ نـاو شـار و دەبێتـە زایگای راپەڕین دژی دەسەڵاتە کۆلۆنیاڵەکانی داگیرکـەران. بۆیـە داگیرکـەران بـە درێـژایی مێـژووی سـلێمانی رقێکـی زۆریـان لـەم شـارە و لـە خـەڵکی ئـەم شـارە بۆتەوە. هـەوڵێکی زۆریشـیان داوە جگـە لـە دوژمایـەتیکردنی، رقەبەرایەتیـەکی زۆریش لەنێوان سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردسـتاندا دروسـت بکـەن، بـەڵام هـەموو هەوڵـەکانیان لـە هـەموو قۆناغێکـدا پـوچ دەردەچـێ. چـونکە روداوە چارەنوسسازەکانی کوردسـتان، زاڵـن بەسـەر خـەڵکی کوردسـتاندا، نـەك گرفتـی لاوەکی.

(٥)

## راپەڕین و بوژانەوەی شارەکان

لـە هەلومـەرجی دوای راپەڕینیشـەوە، سـلێمانی لـە راپەڕانـدنی ئەرکـە دیموکراسـیەکاندا، چ وەکـو جێبـەجێکردنی ئەرکـەکان و چ وەکـو پاراسـتنی ئەزمونەکەمان، نەك لەو کاروانە شکۆمەندە بەجێنەماوە کە دوو سەدە لەمەوبـەر بناغـەی ئـەم شـارەی لـەپێناودا دامـەزراوە، بـەڵکو بـە راسـتی سـلێمانی بۆتـە پایتەختی بەرەنگاری و پایتەختی ئازادی و پایتەختی روناکبیریی.

لـە کۆتاییـدا دەڵـێین: ئـەوەی مایـەی سـەرنجێکی نـوێی (سۆسـیۆلۆژی — سیاسی) یە، ئەوەیە کە راپەڕین قۆناغێکی باڵای خەباتی راچەنیوی کوردایەتیـە. لـەم قۆناغـەدا، لـە هـەموو بارێکـەوە: ئـابوری، کۆمەڵایـەتی، سیاسـی و روناکبیریـەوە، سـەرەتایەکی زۆر دڵخۆشـکەرە خەریکـە دەردەکـەوێ، ئـەویش ئەوەیە کە بە حوکمی ئەوەی کورد خۆی خۆی بەڕێوەدەبا، بایەخ دان بە تەواوی کوردستان هەتا رادەیەکی باش هەیە، بۆیە، سەرباری ئەوەی سلێمانی ئـەو رۆڵـە

پێشەنگ و کاریگەرەی هێشتا بەردەوامە، بەڵام وەکو راستیەکی مێژوویی، خەریکە شارەکانی دیکەی کوردستانیش کە بەشێکی بەمەبەست داگیرکەران فەرامۆشیان دەکردن، وا دەبوژێنەوە. وەکو: کۆیە، هەڵەبجە، رانیە، دیانە، کەلار، زاخۆ، قەڵادزێ.. تاد

هەروا.. هەولێریش، سەرەرای ئەوەی دوچاری جەزرەبەیەکی کوشندەی خیانەت کرا، بەڵام هەولێر، پاڵێوراوە لە دەهەکانی ئایندە، ببێتە یەکێك لە شارە گەورە و زیندوەکانی کوردستان و ناوچەکە. بە دوریشی نازانین، لە ئایندەی روداوەکاندا، هەولێر سەرکەوتنی ئەوتۆ بەدەست بهێنێ، کە قابیلی پێش بینی ئێستا نەبێ. گەر روداوەکان وا بمێنێ و پەیوەندیە ئابوری سیاسیەکان، لە دوای ئاشتی و چەسپاندنی ئەم ئەزمونەی فیدرال لە کوردستاندا، بپارێزێ، پێم وایە شارێکی وەکو دهۆکیش زۆر پێش دەکەوێ. دەشبێتە شارێکی گرنگ و کاریگەر.

کوردستان.. لەبەردەم ئایندەی گۆرانکاری هەمەلایەن و کاریگەرترە لە ناوچەکەدا، سەرلەنوێ کوردەواری لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هێزی بەرهەم هێنان و داهێنان، بە چەشنێکی شارستانی و لەژێر کاریگەری گۆرانکارییە نوێکاندا، رابونێکی فراوان و ئاراستەی نوێ لەناویا دەخولقێ. هاوئاهەنگیەکی پێشکەوتوانەش لەنێوان شارەکان و تەنانەت گوندەکانیش، دروست دەبێ.

لە هەموو حاڵەتەکانیشدا.. سلێمانی، ئەوەی لێی چاوەروان دەکرێ، بێگومان زیاتر لەوەیە کە هەتا ئێستا بەدیهاتووە لەم شارەدا. سلێمانی پاشەرۆژێکی شارستانی گەورەتر لێبەدیدەکرێ. سلێمانی، رۆژگاری تەختی کۆنی بە سەربڵندی بردبێتەسەر، بێگومانین لەمەودوا، برشتی زیاتر و داهێنانی زۆرتر چاوەروانێتی.

# کاریگەری شەڕی برایەتی .. ئازادی و ئاشتی*

## - برست لێبڕان:

کە سەری ساڵی دوو هەزارمان بەڕێکرد، هەموو لایەك ئاواتی خواست، لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، ئاشتی بهێنرێتە دی و گەلی کوردستان لە وەیشومەی شەڕی ناوخۆ، سەرفرازبێ. بەڵام وا یەکەمین ساڵی هەزارەی سێیەمیشمان بەڕێکردو، هێشتا ئاشتی، لە گێروگازی نە شەڕ و نە ئاشتی، نەك رزگاری نەبووە، بەڵکو، کاتێك دوژمنانی نەتەوەکەمان هەستیان کرد ئەقڵانیەتی سیاسی، باشتر لە ساڵانی پێشوو، لەنێوان هێزە سەرەکیەکانی کوردستاندا، لەم سێ ساڵەدا زاڵە و مەترسی شەڕبونەوە هێشتا لەئارادا نییە، دوریشە جارێکی دی شەڕ بێتەوە، بۆیە، لە پشتی چیاکانەوە سیناریۆیی شەڕێکی دیکەیان دژی گەلەکەمان سازدا و، ئەمجارەیان، نۆرەی (P.K.K) درا کە راستەوخۆ، دابەزێتە مەیدانی شەڕی خوێن لەبەرڕۆیشتنی ئەزمونی باشوری کوردستان.

ئەگەر چاودێری سیاسی، وردی ئەم چەشنە شەڕانە بێ، کە لە کۆتایی (١٩٩٣) ەوە، لە کوردستاندا، لەنێوان هێزە (سیاسی – چەکدارەکاندا) قەوماون، راستیەکی بەڵگەنەویستی بۆ دەردەکەوێ، کە ئەمەی خوارەوەیە:

داگیرکەران و.. دوژمنان و.. دژەکانی گەلەکەمان و، ئەزمونە دیموکراسییە تازە ئومێدبەخشەکەی، دەردە دێرینەی کوردیی (شەڕێ ناوخۆ) بەشێوە و شێوازی دیکە، وەکو پەتایەکی چارەسەرنەکراو، لە کوردستاندا، بڵاودەکەنەوە و تەشەنەی پێ دەسەنن.

* لە ژمارە (٢٢) ی گۆڤاری (گەلاوێژینوێ) دا بڵاوکراوەتەوە.

کورد.. لە رابوردودا، بە حوکمەکانی دواکەوتن و ژیانی دەرەبەگایەتی، داگیرکەرانی بەهۆی دەسەلات و بەهۆی ئاین و مەزهەبەوە.، توانیبویان گرفتەکانی بقۆزنەوە و شەڕی کوشتن و بەکوشت دانی کورد، بکەنە بەشێکی سایکۆلۆژیەتی کوردیی. هیچ نەبێ لەناو چەندین وەچەی کوردەواریدا. هەر بە راستیش، پێکهاتەی سایکۆلۆژی کوردیی، ئاوێتەیەکی لە گیانی بەرەنگاری لە کورد و شەڕەنگێزی ناو خۆی کوردەواریی، لێ پێکهات؟. وەچە دوای وەچە، ئەم پێکهاتە سایکۆلۆژییە (بەرەنگاری — شەڕەنگێزی) پارێزراوە و گوێزراوەتەوە ناو وەچەکان.

هەتا خۆری عوسمانیان ئاوای ستەمکاری و، دەسەلاتی سەفەویان لە بەرامبەر بزوتنەوەی دەستوریدا، تێك و پێك نەشکا و، کوشتن و بەکوشت دانی کورد ساناترین سیاسەتی سەرخراوی هەردوو ئیمپراتۆرە خوێن خۆرەکەی تورك و فارس بون، بەرامبەر بە کورد. هەربۆیە، لەبری ئەوەی میرنشینەکانی کوردستان، وەکو ناوکی دەسەلاتی فیدرالی ئەو سەردەمە، پەرەبسەنێ بۆ دەسەلاتی سەربەخۆیی، بەپێچەوانەوە، یەك لە دوای یەك لەناوبران. کاتێکیش چەرخی زەمانە وەرچەرخا و، تەوژمەکانی سەرمایەداری وەرچەرخانێکی گەورەی لە رۆژهەلاتدا، بەتایەبتی لەناو قەلمڕەوەکانی عوسمانی و سەفەویدا، خولقاند، بەهۆی نەزیفی وزەی کوردەوە، لە شەڕی ناوخۆدا، کوردەواری بەجۆرێ برستی لێبڕابوو، ئامادەییەکی تەواوی وەکو گەلانی عەرەب و گەلانی بەلکان نەبوو، بتوانێ هەلومەرجی جەنگی یەکەمی جیهان و هەلومەرجەکانی دوای ئەوەش، لەپێناوی رزگاریدا، بقۆزێتەوە. هەربۆیە، لەم هەلومەرجەشدا، بزوتنەوە و حوکمڕانێتی شێخ مەحمود نەیتوانی تەواوی باشوری کوردستان لەخۆی کۆبکاتەوە؛ بزوتنەوەی (بارزان) یش، لە مەلبەندێکی دیاریکراوی بادینانـدا، قەتیس مایەوە؛ تەشەنەی نەسەند بۆ ناوچەکانی دیکە. هیچ پەیوەندیەکیشی بەسەردار و ناودارانی کوردایەتی ئەوسا، نەبوو. بزوتنەوەی سمکۆی شکاکیش نەیکرا تەنانەت سەرانسەری ناوچەکانی موکریانیش لە راپەڕینەکەی بئالێنێ، چ جای بۆ ناوچەکانی دیکە. حوکمڕانێتی شێخ مەحمود و

راپەڕینی سمکۆ، هەلومەرجی باشیان بۆ هەڵکەوتبوو، بەڵام بەهۆی لاوازی وزەی کورد خۆیەوە، بە پلەی یەکەم، سەرکەوتنێکی گەورە لە دەست درا. گەرچی (سمکۆ) ئامادەیی بە کردەوە دەربڕی راپەڕینەکەی بخاتە خزمەتی حوکمڕانێتی شێخ مەحمودەوە. بەڵام وادیارە تەقدیری شێخ بۆ هەلومەرجەکە وا بووە کە نەتوانن هەردوو بەشەکەی کوردستان تێکەڵاو بکەن.

ئەگەر کورد، پێشتر بەو چەشنە لاواز نەکرابا و، شەڕی ناوخۆ، میرنشینەکانی بەسانایی لەناو نەبردبا، بێگومان ئاڵوگۆڕەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، یارمەتیدەری کاریگەر دەبون بنەمایەکی ئابوری باش بۆ بازاڕی کوردستان پێك بێ و، بەو هۆیەشەوە، گیانێکی باشی یەکێتی نەتەوایەتی بخولقێ. هەنگێنێ، کورد ئامادەگیەکی باشی دەبوو بتوانێ لە جنگی یەکەمی جیهاندا، سەربکەوێ. بەڵام هەمووی لەکیس چوو.

وەکو.. رابوردومانیان، بەو دەردە کوردە برد؛ لە دوای جەنگی یەکەمیش، تازە ئاسان نەبوو کورد بتوانێ لەژێر باری هەرەسی رابوردوو دەربچێ و، باری گلاوی راستبکاتەوە. ژێرخانی ئابوری داتەپێنراوی میرنشینەکان و نەبوونی سەرمایەی بازاڕی یەکخراوی کوردستان و کۆمەڵێکی لێك دابڕاوی کوردەواری، هەلومەرجی گۆڕدراوی جیهان، بەتایبەتی جیهانی کۆلۆنیالیزمی کلاسیکی، نەیانتوانی بەو دەست و بردە کورد هەڵسێنێتەوە. بە پاشماوەی وزەی پارێزراویش، رەنگبوو کەمێك زیاتریش لەو سەرکەوتنە هاتبایەتە دەست، کە لە حوکمڕانێکی شێخ مەحموددا هاتە دی، بەڵام سەرکەوتنی گەورەی بە ئاوات خوازراو، نەدەهاتە دی، تەنانەت دوای ئەوەش، لە کۆماری مەهابادیش مەحاڵ بوو بێتەدی.

## - برایەتی و.. کولتوری ئایینی:

هەڵکەوتی هەردوو جەنگی یەکەم و دوەم، لە بنچینەدا بەهۆی خۆمان رۆچوون؛ کە ئەو هەڵکەوتانەمان رۆچون، ئیدی چارەنوسی کوردەواری کەوتە دەست بارودۆخێکی نوێوە، کە پێشتر سەبارەت بە کوردستان، روینەدابوو.

لـە بـارودۆخی پـێش جـەنگی یەکـەم، میرنشـینەکان نیمچـە سـەربەخۆبون؛ راپەڕینـــەکان ناوبـــەناو بـــەرپاکراوون؛ لـــەدوای تێـــك شـــکانی میرنشـــینێك و دامرکاندنـەوەی هـەر راپـەڕینێك، کـورد، بەهـەمان کەرەسـە و لەسـەر ژێرخـانی هـــەمان پێکهاتـــەی ئـــابوری و، لەبەرامبـــەر یاســـای هـــەمان قـــەڵەمڕەوەکانی نـــاو ئیمپراتۆریەتەکان، رووبەڕووبۆتەوە. واتا:

لە دوای کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، چوار سەدەی رەبـەق، روداوەکـان لـەناو چوارچـێوەیەکی دیـاریکراوی بـنج بەسـتودا، بـە نـەختێ ئـاڵوگۆڕەوە، دوپـات بونەتـــەوە. کودەتایـــەك، گۆڕانکـــاری قـــوڵ، لـــەو قۆناغەکـــەدا کـــە قۆنـــاغی دەرەبەگایەتی و لە سیستەمەکەشدا، کە سستەمی (ئۆروستوکراتی — تیـوکراتی) دواکـەوتوو بـوون، رویـان نـەداوە. تەنانـەت لـە کولتـور و جلوبـەرگ و رەوت و نەریتیشـەوە، گۆڕانکـاری قـوڵ روی نـەداوە. ئەمـە جگـە لـەوەی بـە رواڵـەت لـە سایەی دەسەڵاتە ئیسلامیەکانی عوسمانی و سـەفەویدا (بـرای موسـڵمان) بـوین. بەڵام بە کردەوە قڕیان تێخستوین.

لـە کۆتـایی سـەدەی نـۆزدەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمەوە، ئـەو دوو قـەڵەمڕەوە: ژێرخـانی ئابوریـان گـۆڕدران؛ سـەرخانی حوکمڕانیـان هەڵوەشـان؛ پەیوەندی کۆمەڵایەتیان بناغەی پێشکەوتنیان داڕێژران؛ یاسا و ڕێسـای ژیانیـان خرایە سەر ئاستانەی ئاڵەگۆڕ. کاتێك جەنگی یەکەم و روداوەکانی جەنگی دوەم، بەتـەواوەتی ناوچـەی رۆژهـەڵاتی پەسـتایە نـاو قاڵبـە نوێکـانی سـەرمایەداری جیهانەوە. بەتایبەتی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا، لەناو ئـەو قاڵبـەدا، نقـەیان لێبڕا. کودریش بە زۆرەملـێ لەقاڵب درا

ئەم گۆڕانکارییە سـەراپاگیریە و، ئـەو قاڵبـە نقـە لـێبڕینەی ئێـران، سـوریا، عێـراق و تورکیـا، راسـتەوخۆ کـاری کـردە سـەر ئـابوری کوردسـتان، ژیـانی کوردەواری، کەسایەتی کوردیی و، بگرە، کولتوری گەلەکەشمان. ئیدی، دوور لـە خواستی میللەت، بەزۆرداری لکێندراینە چوار دەوڵەتەوە. هەر دەوڵـەتێك بـەپێی خەسڵەتە تازەنشونماکردوی خۆی، کاریگـەری لەسـەر بەشـەکانی کوردسـتان لـە هەموو بارێکەوە، دادەنا. تەنانەت لە باری روناکبیری کولتوریشەوە.

ئەمجارەیان، جگە لەو برایەتیە ئایینیەی (١٣٠٠) ساڵەی رابوردووی بە زەبری شمشـێر سـەپێنراو، برایـەتی بەرژەوەنـدی ئـابوری و نیشـتمانی و نەتـەوەیی هاوبەشـیش، بـەبێ رەچـاوکردنی لایـەنی کـەمی مافـە نەتەوایەتیـەکانمان، بـە پشتیوانی کۆلۆنیالیزم و کۆنەپەرستان، سەپێنرانە سەرمان.

نەخشەیەکی سیاسی سەیر و سـەمەرەی (سیاسـی و برایـەتی) بـوو: مێـژووی ئیسلام و (سەلاح الدین) ئەیوبی و حکومەتی پاشایەتی و کۆلۆنیالیزمی بـەریتانی و فەرەنسی و ناسیۆنالیزمی تازەسەرهەڵداوی عەرەبی، پێکەوە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیان، دژی کورد و گەلانی کەمینەکان، بوبونە یەك (بـەرەی) دوژمنایـەتیکردنی خـەباتی رزگـاری کـورد و مافـە دیموکراتیـەکانی کەمینـەکان. ئەمـە لەکاتێکـدا، عـەرەب و تـورك، هـەر راپـەرینێکیان دژی کۆلۆنیـالیزم بـەرپا کردبـێ، کـورد بەهانایانەوە چووە و نەچۆتە پاڵ دوژمنەکانی. لەشکرکێشی (شێخ مەحمود) بـۆ حەبانیـە و شۆرشـی بیسـتی عێـراق و، راپـەرینی کەمالیـەکان لـە تورکیـا و، بزوتنەوەی (مەشروتیە — الحركة الدستورية) لە ئێراندا، و پەرچدانەوەی فەرەنسا لە سوریادا، هەموو گەواهی ئەو راستیەن. ئەمـەش، زۆر بـاش دەیسـەلمێنێ کـە کورد لەژێر گاریگەری (برایەتی ئایینی) دا، چۆتە ژێر باری هەڵسـانەوەی نەتـەوە سەردەستەکان؛ نەتەوە سەردەستەکانیش دیسان بەهۆی نەتەوە سالاری ئایینی خۆیانـەوە، (عـەرەب بـەهۆی ئیسـلام و تـورك بـەهۆی شـانازی دەسـەڵاتی عوسمانیەوە، بچوکترین ئاوڕیان لە کورد، وەکو برای بچـوك، نەداوەتـەوە. ئەمـە جگـە لـەوەی ئـەزمونی دەسـەڵات دەسـەڵاتدارێتی لای عـەرەب و تـورك وای لێکردوون وردتر لە هەلومـەرجی دوای جـەنگی یەکـەم تێبگـەن، بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەڵام کورد بەهۆی کـەم ئـەزمونی دەسـەڵاتدارێتی و نـەبونی کولتـوری ئیـدارەی دەوڵـەتی سـەربەخۆوە، سـتراتیژێکی لاوازی دامەزرانـدنی دەوڵەتی هەبوو. ئـەویش تـەنها لـە باشـوری کوردسـتاندا، برایـەتی سـێ نەتـەوە سەپێندرایە سەرمان. برایەتی نەتەوەی گەورەتر لە خۆمان، خۆشمان کراینە بـرا بچوك. دەمێکیشە پێشینان تاڵاوی برا بچوکیان چەشتووە!

پێمــان وایــە، بەشــی زۆری ئارایشــتکردنی ئــەو برایەتیــە، لەلایــەن نەتــەوە سەردەســتەکانەوە، زیــاتر لەســەر بناغەیــەکی ئــایینی بــووە کــە هــیچ جــۆرە بەرژەوەندیــەکی سیاســی هاوبەشــی تیــا رەچــاو نــەکراوە. کولتــوری ئــایینیش، ئاشکرایە کـە کولتـوری توانـەوەی نەتـەوەکانی دیکەیـە. نـەك سـەلماندنی مـافی نەتەوایــەتی نەتــەوەکان. ئەمــە لەکاتێکــدا ئەگــەر چــەند روداوێکــی مێــژوویی لێــدەرهاوین (بەتایبــەتی هــی ســەلاحەدینی ئــەیوبی) هەمیشــە کــورد لەلایــەن دەســەڵاتدارانی عــەرەب و تــورك و فارسیشــەوە، پــەلاماردراوە، ئــەنفال کــراوە، کوژراوە و نێژراوە. هەر ئەو چەکەی لەدێر زەمانەوە دەسەڵاتدارانی ئەم نەتەوانە (دەردەکوردی شەڕی ناوخۆ) بۆ قوڵکردنی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا، یـان بـۆ دەسکەلاکردنی کورد لەبەرامبەر یەکتردا، بەکاریان هێناوە، خۆی لە خۆیدا باشتر دوژمنایەتی کردنی ئەو دەسەڵاتدارانەی، ئەم نەتەوە دراوسێیانەیە، دژی کـورد و کوردستان؛ بە کردەوە، بەکوشتیان داوین و کوشتویانین، بـەڵام بـە پروپاگەنـدە برای ئایینی بوین. ئەمە لەکاتێکدا، لەوپەڕی دەسەڵاتی ئایینی عەرەب و تـورك و فارسدا، لە سەرەتای پەیدابونی ئیسلامەوە، بەشی کورد هەر کوشتن و مەینـەتی بووە.

کـە هەلومـەرج.. لـە دوای جـەنگی یەکەمـەوە، وەرچـەرخا و، ئـەو نەتەوانـە پێویسـتیان بـەوە بـوو کـە لەگـەڵ پێویسـتی گۆڕانکاریەکانـدا، لـە چوارچـێوەی قەوارەی دەوڵەتی سەرمایەداری خاوەن سەرمایەی دابینکراودا، بگـونجێن، ئەمـە پێویستی بەوە کردووە نەك بـازاڕی نەتـەوەیی نەتـەوە سەردەسـتەکان، بـەڵکو، بازاڕی سەرزەمینی سنوری قەڵەمڕەوی سیاسیان، رێك بکەن و یـەك بخـەن، هـەتا بتـــوانن کـــوت و مـــت، بـــەپێی بەرژەوەندییـــە ســـتراتیژیەکانی کۆلۆنیـــالیزم هەڵبسـوڕێن. بـۆ دابینکردنـی بـارودۆخێکی ئـاواش، ئـیتر کەوتنـە پاڵەپەسـتۆی سەپاندنی (دەوڵەتی نەتەوەیی) بۆ سەر بەشـەکانی کوردسـتان، بۆئـەوەی هـەتا هەتایە حـەلاڵیان بکـەن. ئەمـەش، وایکـرد، لەلایەکـەوە رێبـازی (نیشتمانچـێتی) هاوبەش لـە بەشـەکان کوردسـتاندا چـەکەرە و نشـونما بکـا، لەلایـەکی دیکـەوە، شەڕی ناوخۆی کردستان رەهەندێکی نوێ لەگەڵ نەتەوە سەردەستەکاندا پەیـدا

بکا و بزوتنەوەی کورد لەناو مەنگەنەی خەباتی رزگاری نەتەوەیی و خەباتی هاوبەشی (نیشتمانچێتی) بکەوێتە گێروگازێکی گەورەوە، کە بە هیچ شێوەیەك برایەتی ئارایشتکراوی کورد و ئەو نەتەوانە، لەسەر بنەمای ئایینی، نەك نەیتوانی دەستەبەری زوڵم لێنەکردنی کورد بێ، بەڵکو لە کۆن و.. لەم سەردەمەشدا، ئەو برایەتیە ئاینیە، زەرەری بۆ کورد و قازانجی بۆ نەتەوە سەردەستەکان هەتا ئەو رادەیە هەبوو، هەر بە راستی خۆیان لێ ببێتە براگەورە و کوردیشیان بە برا بچوك سەرکوێر کردووە.

ئێستا.. کە ئەزمونەکانی رابوردوو، قۆناغ و هەلومەرج و دۆخەکان تێکڕا دەخوێندرێتەوە، و لەگەڵ سەرجەم روداوەکان بەراورد دەکرێن، دەشێ قسە لەوە بکرێ کە برایەتی نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەندین نەتەوەی سەردەستە، کاتێك تەنها لایەنە ئایینیەکەی لەبەرچاو گیرابێ، لایەنە سیاسی و نەتەوەیی و شارستانیەکەی رەچاو نەکرابێ، هەولێش درابێ ئەو برایەتیە بە ئاین ئارایشت کراوە لە هەموو هەلومەرج و بارودۆخێکدا، وەکو رێژەیەکی نەگۆڕ، بسەپێندرێ، بێگومان روداوەکان کاتێك دیاردە و دەرکەوتەی تازە دەخولقێنن و خواست و بەرژەوەندی نوێ دێننە ئاراوە، هەڵبەتە، برایەتیەکی رێژە نەگۆڕدراوی سەدەکانی ناوەڕاست، نەك ناتوانێ ببێتە مایەی یارمەتی برایەتی گەلان، بەڵکو دەشبێتە هۆکاری رۆحی و مێژوویی خۆبەزلزانینی نەتەوە سەردەستەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی هەژمونگەری براگەورەیی. لێرەوەیە، رەهەندی ئەتنیکی رەوتێکی دژوار و ئاڵۆز لە رۆژهەڵاتدا، لەناو کورد و نەتەوەکانی دیکەدا، بەخۆیەوە دەگرێ. کە بەرەنجامەکەی، گواستنەوەی بەرژەوەندیەکانە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتی تر؛ لە حاڵەتی ناوخۆی کوردەوە، بۆ حاڵەتی نێوان کورد و نەتەوەکانی دراوسێ. بەمەش، ناکۆکی نێوان کورد و داگیرکەرانی، زاڵبۆتە سەر ناکۆکییە لاوەکیەکانی ناوخۆ. ئەگەرچی هەر بە فیتی داگیرکەران، یان بەهۆی دەمارگیری کۆنەپەرستیەوە، هەندێجار ناکۆکییە لاوەکیەکانیش ناوەخت قوڵکراوون و، نابەجێش، تەقێنراونەتەوە.

نەتەوە سەردەستەکان ئەم راستیەیان باش زانیووە. بۆیە تەواوی توانای ناوەوە و دەرەوەیان، بۆ بردنەوەی گرەوی ئەم ناکۆکییە نەتەوایەتییە، بۆ خستۆتەکار. بەڵام کورد، بە حوکمی ژێردەستەیی و بە حوکمی ئەوەش کە هێشتا وزەی هەمەجۆر لەدەستدراوی رابوردوی پارسەنگ نەداتەوە، بۆیە نەك

نـەیتوانی تـەواوی توانـای بـۆ بردنـەوەی ئـەم شـەڕ و گێروگـازە، لـەناوەوە و دەرەوەدا، بۆ کۆبکاتەوە، بەڵکو هەتا ئێستاش ستراتیژێکی یەکالا کـەرەوەی بـۆ دەربازبون لە ناکۆکی و گێروگازی کورد و دەوڵەتـە سـەپێنراوەکانی نەتـەوەکانی سەردەسـتە، گەڵاڵـە نـەکردووە. تەنانـەت، لەلایەکـەوە، دەسـەڵاتداران وزەی دادەچـۆڕێنن، لەلایـەکی دیشـەوە، خۆیشـی نـەیتوانیووە، لـە دەردە کـوردە دێرینەکەی شەڕی کورد و کورد، سەرفرازبێ. ئەمـەش خەتـەرێکی گەورەیـە کـە: نەتەوەیەکی داگیر و دابەشکراو، نەتـەوە سەردەسـتەکان بـە هـەموو توانایـەکی سیاسی، ئابوری، ئاینی و پشتیوانییە جیهانیـەکان، بچـن بەگژیا؛ خۆشـی لـەناو خۆشیا، بچێ بەگژ خۆیا.

هەڵبەتە.. ئەم بارودۆخە، ئەم گێروگازە دوولایەنییـە، کـە هـەتا ئێسـتاش لـە جەنگی یەکەمەوە درێژەی کێشاوە و نەبڕاوەتەوە، هەروا لە خۆیەوە، بەبێ هـۆی ئابوری، سیاسی و کۆمەلایەتی، بەرۆکی کـورد بـەرنادەن. نـەخێر، ئـەم راسـتییە ترسناکە، رەگو ریشەی هەیە. بۆیـە، کاریگەریەکەشـی، درێـژەی هەیـە. ئـەگینا، لەخۆڕا، نە لـە شۆرششـی ئەیلولـدا دووبـەرەکی دەژیایـەوە؛ نـە لـەم شۆڕشـەدا، دوبارە دەبوەوە؛ نە لە دوای راپەڕینشدا، سێبارە دەکرایەوە.

## - زەمینەی نەگۆڕ و زەمینەی گۆڕاو:

زەمینەی ژیانی کۆمەلایەتی، بنەمای بژێوی کۆمەڵ و ژێرخـانی ئـابوری وڵات، هەموو تەواوکەری یەکترن و پێکیشەوە، کار لـە پێکهاتـەی تـاکو کـۆی میللـەتان دەکەن.

کورد.. کە دەسەڵاتیمیرنشینەکانی لـێسەندرایەوە، ئیدی بەرە بەرە، هەموو دەسەڵاتەکانی دیکەشـی لـێ زەوت کـران، یـاوەکو داگیرکـران. دەسـەڵات زەوت کراوەکـانی، لـە دەسـتی کـورد دەرچـون. پاشمـاوەی تواناکانیشـی کـە نـەتوانرا زەوت بکرێن، بەڵام توانییان داگیری بکەن، بێگومان خێر و بێری کەمی بـۆ کـورد و زۆری بـۆ داگیرکـەران بـوون. مەترسـی حاڵـەتی، زەوت کـردن و داگیرکـردن لەوەدایە، کە هۆکارەکانی یـەکێتی میللـەتێك، یـان لێـك دەتـرازێن، یـاوەکو لاواز دەکرێن. زۆر زەحمەتە، میللەتێك بنەمای ئابوری هاوبەش، یـان بـەهێزی نـەبێ، ویستی یەکگرتوی نەتەوایەتی هەبێ. کە بنەمای ئـابوری و، ویسـتی نەتـەوەییش نەبوو، یان لاواز بوو، بێگومان میللەتی ئاوا بەتوانای خۆی دەوڵەتی سەربەخۆی،

لــە بەرامبــەر جۆرەهــا داگیرکــەری بــەتواناتر و خــاوەن پشــتیوانی زیــاتر، پێدانامەزرێ.

لێرەدا.. مەترسیەکانی ئارایشتکردنی (برایەتی) بە ئایین و بە مێژووی هاوبەش، لەنێوان گەلی ژێردەستە و نەتەوەی سەردەستە، زۆرتر و کارگەرتر دەبێ. چونکە، بنەما پتەوەکانی پاراستنی میللەتانی ژێردەستە، کاتێك لەدەست دەچن، یان زەوت دەکرێن، ئیدی کاریگەریەکانی کولتوری نەتەوە سەردەستەکان ئاسانتر رۆدەچنە هەناوی کۆمەڵ و ناخی کەسەکانی ئەو میللەتانە. هەربۆیە دەبینین، ئایین، لەناو میللەتانی بێقەوارەدا، کاریگەری زیاتریان هەیە؛ لەناو میللەتانی ئابوری لاوازیشدا، دیسان کاریگەرە. بەڵام لەناو میللەتانی ئابوری بەهێزدا، نەتوانراوە شارستانیەت، کولتور، گیانی یەکێتی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سەربەخۆیی ئەو میللەتانە، لەناو ببرێ. یاوەکو لاوازبکرێ. تازە هیچ دەسەڵاتدارێکی عەرەبی ناتوانێ وڵاتی ئێران، یان تورکیا، تەنانەت ئیسرائیلیش، لەناو بەرێ. بەڵام دەسەڵاتدارانی عەرەب و فارس و تورك، توانیویانە کورد، ئەرمەن، چەرکەس، ئازەری، بلوجی و تورکمان سەحرایی.. تاد هەتا ئێستاش بەشێوەیەکی ئەوتۆ سەرکوت بکەن، کە تا ئێستاش رێگای سەربەخۆییان لێبەستون. بگرە، توانای بەدیهێنانی رزگاری و سەربەخۆییشیان، بە لاوازی هێشتۆتەوە و بەردەوامیش، ئەو توانایەیان، هەڵدەلوشن. مەگەر هەلومەرجی گەورەی گۆڕدراوی جیهانی و ناوچەیی لاسەنگی تەرازووی هێزی نەتەوە و میللەتان بگۆڕێ. دەنا گۆڕینی ئەم قاڵبە سەپێنراوانەی داگیرکەران تەنها بە توانای لاوازکراوی میللەتانی ژێردەستە، بە دڵخوازی چارەی خۆنوسینی گەلان، زۆر زەحمەتە.

زیانەکانی کاریگەرییە جۆراوجۆرەکان، لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆ، ئاڵوگۆڕەکان، ئەمانیش دەگۆڕێ، بەڵام ناوەرۆکی زیابنبەخشیان، وەکو خۆیان پارێزراون و سەپێندراویشن.

لە دوای جەنگی یەکەمەوە، هیچ دەرفەتێك نەبووە کورد بتوانێ پارسەنگی زیانەکانی داگیرکردن بداتەوە. بەڵکو بەردەوام دەلاقەکانی ئەو زیان

پێگەیاندنـەی کـورد قـوڵتر کـراوون، هـەر بۆیـە ناکۆییـە چارەسـەرنەکراوەکانی رابوردوو، لەسەر ناکۆکییە نوێکان کەڵەکەبون. برینی ناکۆکیە کۆنەکانمانیان، بـە برینی ناکۆکییە تازەکان، بـە هـەر دنـەدانێك بۆیـان چوبێتەسـەر، کولاندۆتـەوە. هـەر قۆنـاغ و رەوتێـك، بـە پاسـاو و بیانویـەك توانیویانـە شـێوازی قـوڵکردنی ناکۆکیەکان بگـۆڕن. تەنانـەت، دروسـتکردنی رەوتـە ئیسـلامیە سیاسـیەکانیش، بوژاندنەوەی ناکۆکییە کۆنەکانە، کە بەرە بـەرە بـەهۆی گۆڕانکاریەکانـەوە، ئـەو ناکۆکییە کۆنانە، بە چارەسەرنەکراوی زەمانە خستنیە ژێـر دیـاردە و دەرکەوتـە نوێکان، ئەمەش کێشەیەکی مێـژوویی قـوڵ و ترسـناکە، چـونکە گـەلێك کێشـەی رابوردووی دوور هەن چارەسەر نەکراوون، بەڵکو خەفەکراوون و ژیلەمۆئاسـا، بـە رواڵەتی گۆڕانکاریەکان

داپۆشراوون. لەبەرئەوەی گۆڕانکاریەکان تەنها رووپۆشـی کێشـە کۆنـەکانن و بەتــەواوەتی رۆنەچـوونەتە نـاخی کۆمــەڵ (چـونکە گـەلێکی بـێ رێنسـانس و رۆشنگەری و دەوڵەتی دیموکراتین)، بۆیە، هەرکاتێك ئاستەنگێك، یـان قـەیرانێك، یاوەکو تەنگوچەڵەمەیەکی قوڵ سەرهەڵبدا و نـەتوانرێ چارەسـەرێکی ئـەقڵانیان بۆ بدۆزرێتەوە، ؛ یان داگیرکەران بیانەوێ دەست کێشـە دینـی و دونیاییـەکانیان بخەنە کـار بـۆ جێبـەجێکردنی پیلانـەکانیان و تەقاندنـەوەی کێشـەکان، بـەپێی بەرژەوەندیەکان، یان پشـت بـە کێشـە کۆنـە چارەسـەرنەکراوەکانی سـەدەکانی ناوەڕاست دەبەستن، یاوەکو، بە کێشە نوێکان، یاخود بە هەردوو کێشـە کـۆن و نوێکان پێکەوە، دەکەونە نەخشەکێشان و سەپاندنی نەخشەکانیان.

رۆژمێـری هــەر کێشـەیەکی ناوەخــت وروژێنــدراو، لەکۆنــەوە هــەتا ئــەمڕۆ هەڵبدرێتەوە، بە وردی دەتوانرێ بچیتە سەر سەرچـاوەی کێشـەکان و چـۆنیەتی تەقاندنەوەشیان.

گەلی کوردستان.. لە روخاندنی میرنشـینەکانەوە، دەرفـەتی چارەسـەرکردنی بنچـینەیی کێشــەکانی نــەبووە. چــونکە تــەواو مــافی سیاسـی و دەســەڵاتی بەڕێوەبردنی خۆی پێنەدراوە. هەر سەرکەوتنێکیشی لە دوای جەنگی یەکەمەوە (حوکمڕانێتی شێخ مەحمود، کۆماری مەهاباد و بـەیانی ١١ ی ئـازار) هیچی ئـەو

سەرکەوتنانە نەیانتوانیووە کێشە بنچینەییەکانی کوردەواری بەتایبەتی ژێرخانی ئـابوری و دەسـەڵاتی سیاسـی و ئەرکـە روناکبیریـەکان، چارەسـەربکەن. چارەسـەرنەکردنی ئـەو کێشـانەش، وزە و توانـای گەلەکـەمانی داوەشـاندوە و جیاوازیەکی هەمەلایەنەی گەورە گەورە لەنێوان تواناکانی گەلەکەمان و تواناکانی نەتەوە سەردەستەکاندا، هەیە.

لـەناو شۆڕشـی چەکداریشـدا، کـورد بەرامبـەر داگیرکـەرانی، لـەناو هـەمان چوارچـێوەی کۆمەڵایـەتی کوردەواریـدا، لـەپێناوی رزگاریـدا، تێکۆشـاوە. جگـە لـەوەی لـەناو شۆڕشـدا توانـای چارەسـەرکردنی کێشـە بنچـینەیەکان نـەبووە، زۆرجار کێشە کـۆن و نوێکـانیش ئـاڵۆزاون، یـان ئاڵۆزێنـدراون و کراونەتـە بـەڵا و ئاڵاونەتە باڵای شۆڕشەوە. ئەوەی کە دەشێ قسەی راستەقینەی لسەر بکـەین، تەنها هەلومەرجی دوای راپەڕینە.

## - راپەڕین و بوژانەوە:

لـە دوای جـەنگی یەکەمـەوە، هـیچ دەرفـەتێکی دەسـەڵات، بەئەنـدازەی سـەرکەوتنی دوای راپـەڕین، تەمـەن درێـژ و ئومێـدی زۆرینـەی گـەلی لەسـەر هەڵنەچنراوە. ئەمە جگە لەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەشـێوەی ئێسـتا، پشـتیوانی سیاسی و ئابوری و دیبلۆماسیش نەکراوە.

لە رابوردودا، نە هەلومەرجی جیهانی و نە بارودۆخی ناوچـەیی و، نـە ئاسـتی کوردەواریش، بە ئەندازەی ئێستا بۆ کورد، لەباربون، بـەڵام خـراپترین دیـاردەی ئێستا لەوەدایە کەوا:

- لە سەردەمی حوکمڕانێتی شێخ مـەحموددا، ئەگـەر هـۆزە کوردەکـان تێکـڕا، یـەك دڵ نـەبون لەگـەڵ شـێخ مـەحموددا، بـەڵام کـەمیان هـەتارادەی شـەڕی نـاوخۆ و جـاش دروسـتکردن و یـاخیبوون، لێـی هەڵگەڕانـەوە. کێشـەکانی ناوخۆ نەگەیشتنە شەڕێ درێژخایەنی ناوخۆ.
- لـە دامەزرانـدنی کۆمـاری کوردسـتاندا (مـەهاباد)، حیـزب هـەبوو، حکومـەت دامەزرا، بەشـی زۆری هۆزەکـانیش بـەهۆی ئـەوەوە کـە دەسـەڵاتی دەوڵـەت نـەمابوو، شـورەویش پشـتیوانی لـە کۆمـاری کوردسـتان دەکـرد، لەگـەڵ حکومەتی کوردستاندا، بون. بەڵام کێشەی عەشـرەتگەری بـەهێزیش هـەبوو.

سەرەڕای ئەو راستیەش، هەتا کۆماری مەهاباد روخێندرا، دوبەرەکی و یاخیبون و شەڕی ناوخۆ رویاننەدا.

- لە سەرکەوتنی بەیانی (١١) ی ئازاری (١٩٧٠) شدا، راستە پێشتر ناکۆکیەکی قوڵی خوێناوی لەناو پارتی و شۆڕشی ئەیلولدا، هەبوو. بەڵام لە دوای بەیانی ئازارەوە، ئەو ئەو ناکۆکیانە بەهەست کردنی بەرزی مەسئولیەتی نەتەوایەتی، چارەسەرکران و کۆتایی بە درێژترین شەڕی ناوخۆ، هێنرا؛ هەردوو لایەنی شەڕەکە و حیزبەکە، لە ئاستی پێویستی روداوەکان، لە دوو روانگەی جیاوازەوە، بڕیاری چارەسەرکردنی دووبەرەکیەکەیان، پەسەند کرد.

لە دوای ئەو سێ ئەزمونە، تەنها لە راپەڕین بە دواوە، کورد توانی دەسەڵاتی چارەی خۆنوسینی سەربخا. سەرخستنی ئەمجارەش، لە هەرسێ ئەزمونە دەسەڵاتەکەی (شێخ مەحمود و کۆماری کوردستان و بەیانی ئازار) باشتر، کاریگەرتر، دان پیانراوتر و فراوانتر بوو. ئەمە جگە لەوەی تەنها لەم ئەزمونەدا، گەلی کوردستان توانی لە ماوەی یەك ساڵدا، هەڵبژاردنێکی ئازاد سازبدا و، پەرلەمانێکی دیموکراسی هەڵبژێرێ. زۆربەی هەرەزۆری جەماوەریش لە دەوری پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرکەوتنی راپەڕین کۆبونەوە. لە رۆژهەڵاتیشدا نمونەی بەشداری دیموکراسیانەی ژن و پیاوی کۆمەڵ و حیزبە سیاسیەکانی، دوور لە ترس و فشار و بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ دەرچواندنی حیزبی دەسەڵاتدار، هەڵبژاردنی بەم رادە ئازادییە فراوانە، نمونەی نەبووە. گەرچی کەموکوڕی؛ لە دەستور و رێوشوێنی هەڵبژاردندا، لە شێواز و ئیدارەی هەڵبژاردندا، لە کاری هونەری هەڵبژاردندا هەبوو.

ئەوەی ئەم ئەزمونە هەتا ئێستا سەرکەوتوە، لە هەرسێ ئەزمونە سەرنەکەوتوەکەی رابوردوو، بەشێوەیەکی زیانبەخش جوێ دەکاتەوە و لەناو ئەزمونەکەدا بۆتە مایەی نیگەرانی و نائومێدیەکی نالەبار، دوو مەسەلەن:

یەکەمیان: هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان و لە پاڵیشیاندا، رەوتێکی ئیسلامی و چەندین حیزبی دیکەش، هێزی چەکداری جیا و جیاوازیان هەیە. نەتوانرا، بەشی زۆری ئەم هێزە چەکدارانە، یەك و رێك بخرێن، لەشکری

یەکگرتوی راستەقینەی کوردستان، پێك بهێندرێ. ئەمە خەتەرێکی گەورەبوو، کە لە ئەزمونەکانی رابوردودا، دیاردەی ئاوا نەبوو.

دوەمیان: لە ئەزمونی حوکمڕانێتی شێخ مەحموددا، شێخ خۆی بوو بە مەلیکی کوردستان؛ لە ئەزمونی کۆماری کوردستاندا، قازی محەمەد بوو بە سەرۆك کۆمار، کەچی لەم ئەزمونەی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دا، پارتی رازی نەبوو سەرۆکی پارتی، نە پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و، نە پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت، هەڵبژێرێ. ئەمە لەکاتێکدا، سکرتێری یەکێتی ئامادەبوو یەکێك لەو دوو پۆستە هەڵبژێرێ؛ تەنانەت سەرۆکی پارتیشی سەرپشك کرد لە هەڵبژاردنی پۆستێکیان. بەڵام کە سەرۆکی پارتی رازی نەبوو، ئیدی نەدەگونجا سکرتێری یەکێتی پۆست هەڵبژێرێ. ئەمەش زیانێکی گەورەی گەیاندە ئەزمونەکە، چونکە دەسەڵاتی حیزبی و هێزی چەکداری حیزبەکانی، زاڵکردە سەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم. هەتا ئێستاش هەروایە.

ئەم دوو مەسەلەیە، وەك دوو کەناڵی دەسەڵاتی حیزبی، لە ناوجەرگەی گرفتەکان و، گەرمەی ناکۆکیەکاندا، فشاری مەترسیدار بوون بۆ سەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، هەتا گرفتەکان زیاتر ئاڵۆز و ناکۆیەکان قوڵتر بونایە، دەسەڵاتە حیزبیەکان، پشت ئەستور بە لەشکری تایبەتی و بڕیاری بەرزترین پلەی حیزبی، دەیانتوانی لە دەەروەی دەسەڵاتی شەرعی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، بڕیاری سیاسی و عەسکەری بدەن و، رەنگێکی نێگەتیفیش لە پەرلەمان و حکومەتدا، لە داوودەزگاکانیشدا، بداتەوە. لە دوا ئاکامیشدا، روداوەکان گەیەندرانە بنبەستێکی خەتەرناك، کە بەرەنجامی (٣١) ی ئابی لێکەوتەوە. ئەو بەرەنجامەی کە سەرۆکی پارتی پێشتر لە کۆبونەوەی باڵای (بەرەی کوردستانی) دا گوتبووی ((ئامادەم رژێمی عێراق بۆ سەر کوردستان بهێنمەوە، بەڵام ئامادە نیم دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان قبوڵ بکەم)). ئەم قسەیەش، رێك و رەوان ئەوە دەگەیەنێ کەوا: پارتی دەسەڵاتی کوردستان بە پاوانکراوی خۆی دەزانێ. خۆیشی بە سەرچاوەی شەرعی رێبەرایەتی کورد دەزانێ. جگە لە خۆی، نەك یەکێتی، بەڵکو هیچ لایەکی دیکەشی قبوڵ نییە، تەنانەت ئەگەر بە هەڵبژاردنیش دەسەڵات بگرنە دەست.

ئەو سیاسەتە نائەقڵانییە، کوردیی دوچاری گەورەترین کێشەی شەڕی ناوخۆ کردەوە. شەڕێکی خەتەرناکی ئەوتۆش، کە هەرگیز لە مێژووی کورددا، تەنانەت لە سایەی راپەڕینە چەکدارییەکانی پێش جەنگی یەکەمیشدا، هیچ سەردارێکی کورد کێشە ناوخۆکانیان لە دواکەوتوترین رۆژگاری سیاسی کوردایەتیدا، نەگەیاندە ئەم دۆخە بنبەستە، کە بەشێکی کوردستان بکەنە دوو دەسەڵات و ئامادەش نەبن ئاشتی بەدیبهێنن.

ئەگەر شەڕی ناوخۆ، لە دوای ئەنفالەکان و راپەڕین، هەرگیز نەدەبوو لەناو کورددا روبداتەوە، ئاوا بەدیئەهێنانی ئاشتی، لە شەڕ خراپتر، زیانی گەیاندۆتە بنەما و پێکهاتەکانمان. لە بەرنامە و چارەنوسیشمان.

گەلی کوردستان، هەلێکی کەم وێنەی بۆ هەڵکەوتووە ئەزمونەکەی بچەسپێنێ. بە چەسپاندنی ئەم ئەزمونەش (سەرەڕای ئەو زیانانەی پێی گەیەندراوە) گەلەکەمان دەتوانێ پارسەنگی گەلێك زیان بداتەوە کە بەدرێژایی مێژوو لێی کەوتووە. بەتایبەتی لە رووی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و روناکبیریەوە. تایبەت لەم کاتەدا کە بۆ یەکەمین جارە، بەپێی بڕیارێکی نێونەتەوەیی، سامانی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، تەرخان کراوە. بەپارەی تەرخانکراویش بەپێی رێکەوتننامەی نەوت بەرامبەر خۆراك دەتوانرێ زانستانە ژێرخانی ئابوری پتەوبکرێ؛ توانای دارایی مرۆی کورد ببوژێندرێ؛ بازاڕی ئازاد بژێ،درێ و، سەرمایەی گشتی پێك بهێندرێ.

## - ژێرخان و ژیانەوە:

بە درێژایی مێژوو، داگیرکەران نەیان هێشتووە کورد ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی ئابوری خۆی. چونکە زانیویانە هەرگەلێك ئابوری بەهێزی هەبێ، یەکێتی بەهێزیشی دەبێ. کە یەکێتی بەهێزیش هەبو، سەردەکەوێ. هەر بەهۆی ئەم سیاسەتەشەوە، ئابوری کوردستان و بازرگان و سەرمایەداری کوردستان لاواز بووە و بە لاوازیش، شەتەکی بازاڕی دەوڵەتی داگیرکەرەکانی کوردستان، دراوە. لە دوا بەرەنجامیشدا، بۆرژوازی نیشتمانی، بە چەمکە راستەقینەکەی لە کوردستاندا، نەرسکاوە. بۆیە هەمیشە، ئابوری کوردستان خراوەتە پەرێزی ئابوری وڵاتە داگیرکراوەکانی. ئەمەش، واتا: نەبونی چینی بۆرژوای نیشتمانی،

وەکو چینێکی ناوەنجی خاوەن ئـابوری بـەهێز و، پایـەی کۆمەڵایـەتی تۆکمـە و، کولتوری نیشتمانی کاریگەر، دەبێتە مایەی لاوازی یـەکێتی نەتـەوەیی و سسـتی خەباتی (رزگاری — دیموکراسی).

ئێسـتا هەڵـە کـورد ئـەو زیانانـە ببژێرێتـەوە. سـەرەڕای شـەڕی نـاوخۆش، لەبەرئەوەی هەڵکەوتەکە گەوەرەیە بۆ کورد، دەیبینین هەتا رادەیـەکی بەرچـاو، سـەرەتاکانی بوژانـەوەی ئابوریـەکی بـاش و نشـونماکردنی سـەرەتایی چـینی مامناوەنجی لە رێگـەی بازرگـان، کۆمپانیـا، بەسـتنەوەی بـازاڕی کوردسـتان بـە بازاڕەکـانی دەرەوە و ئۆروپـا، لـەم هەلومەرجـە سیاسـیەدا و، لـەم دەرفەتـە ئاواڵەیەی ئابوری سیستەمی نوێی جیهانـدا، دەرکـەوتووە. سـەرباری کێشـەکانی شـەڕی نـاوخۆ و ئـەو کۆسـپ و تەگەرانـەی دەخرێنـە بـەردەمی، لەبەرئـەوەی هەلومەرجێکی بابەتی خوڵقاوە، و زەمینەی بوژانەوەی ئـابوری رەخسـاوە، بۆیـە ژێرخانی ئابوری شار و لادێ، لە نشونماکردندایە؛ چینی بۆرژوای مام ناوەنجیش، لە پێکهاتندایە.

ئـەو راسـتییە ئابورییـە، لـە سـایەی مـانی دەسـەڵاتی سیاسـی کوردسـتان و پاراسـتنی خـۆی راگرتـووە؛ ئـەو دەسـەڵاتەی گەرچـی جەزرەبـەی کاریگـەری لێدراوە، بەڵام بە حوکمی گۆڕانکاریەکانی جیهان و ئاڵوگۆڕە سیاسی و ئـابوری و دیبلۆماسیەکان، پشـتیوانی ئەزمونەکـەمان هـەر مـاوە و مەترسـی نەمانیشـی لـە ئایندەی بینراوی سیاسیدا نییە. هەڵبەتە، ناکرێ تـا هەتایـە دەسـەڵاتی سیاسـی کوردستان ئاوەها بە دابەشکراوی و هەڵپەسێردراوی بمێنێتەوە. لە دوا ئەنجامدا، برینەکان گەرچی قوڵ و، فیچقەی خوێنی کوشتن و بەکوشتت دانی کـورد، چـەند هەڵچوبێ، هەر دەبێ رێکەوتن نامـەی ئاشـتی راسـتەقینە مـۆربکرێ. هـەر دەبـێ یەکماڵی کوردەواری ئاوەدان بکرێتەوە.

لـە سـایەی ئاشـتیدا.. زۆر زیـاتر دەسـەڵاتی سیاسـیمان کارگـەرتر دەبـێ؛ یـەکرێزی کۆمەڵایـەتیمان تۆکمـە و بـاری روناکبیریمـان گەشـاوەتر و، دەسـەڵاتی سیاسیمان رەواتر دەسەلمێ.

هاوشان ئەو سـەرکەوتنانە، و لەسـایەی ئـەو پێشـکەوتنانە، ئینجـا دەتـوانین هەنگاوی گەورەتر و بەجێتر لەپێناوی کۆمەڵی مەدەنیـدا بنـێین. چـونکە، کاتێـك ژێرخانی ئابوری لەسەر بنەمای ئـابوری ئـازاد ببوژێتـەوە، و دەسـەڵاتی سیاسـی بتوانێ هاوسەنگیەکی گونجاو لەنێوان ئازادی بازاڕی ئازاد و دەسـەلاتی سیاسـیدا

بخولقێنێ، بێگومان ئەمە لە ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵدا ڕەنگ دەداتـەوە و ژینگـەی مافە ئازادیەکان، هەتا بێت، لە ئالودەیی هـەوای پیسـی بـیروڕا دژە ئازادیـەکان، پاك دەبێتەوە. ئیدی بەرە بەرە، ئازادی تاك، لە ئازادی بیروڕاوە، دەبێتە ئازادی ڕاستەقینەی کەسایەتی هەموو کەسێك. مرۆڤ دەبێتـە هـاوولاتی وڵات و دادەبـڕێ لە پەیوەندییە دواکەوتووە رزیوە زیانبەخشـەکان دادەبـڕێ؛ فشـاری ڕای گشـتی دەسازێ؛ ڕێکخراوی خۆبەخش، بۆ هەموو بوارێك دادەمـەزرێ؛ ئەمانـەش تێکـڕا، دەبنـە ئـەو فەزایـەی تیایـدا، کۆمـەڵی مـەدەنی لـە دەسـەلاتی سیاسـی یـەکالا دەبێتەوە و، دەسەڵاتەکانی خەڵکی، بۆ خودی خەڵك، لە ڕێگەی تاکو کـۆوە، بـۆ خۆیان دەگەڕێتەوە.

ئـەو بـاس و خواسـتانە، پرنسـیپی لەبەرچـاوگیراوی بەرنامـەی دورونزیکـی دیموکراتـە ڕاسـتەقینەکانی ئەزموونەکەمانـە؛ جگـە لـە ڕاپەڕانـدنی تێکـڕای ئـەو ئەرکانـە، چارەنوسـێکی دیکـەمان نییـە. بێگومـانین کـە بـەدیهێنانیان، لـە کوردسـتاندا و، لـەناو چوارچـێوەی چـوار دەوڵـەتی نەسـەلمێنەری مافـە دیموکراتیەکانمان، لەناوچەکەدا، کارێکی سـەختە. بـەڵام بەدیهێنانیان حـوکمی ڕەوتی مێژووە، دەبێ تەواوی توانایان بۆ بخەینەکار. دەبێ بێ درێغ خەباتیان بۆ بکەین و، بچوکترین هەتا گەورەترین تواناکانی بۆ بخەینە کۆڕی تێکۆشانەوە.

کـۆڕی تێکۆشـان، بـە چـەمکە زانسـتیەکەی، نـەك بـە واتـا ڕۆمانسـی و ئەدەبیەکەی. چەمکی زانستی تێکۆشانیش، تێکۆشانە لەپێناوی ڕاپەڕانـدنی ئـەو ئەرکانەی کە لە کۆنەوە هەتا ئێستا، لـە ڕووی: ئـابوری، سیاسـی، پیشەسـازی، روناکبیری، کۆمەڵایەتی و شارستانیەوە، ڕانەپەڕێنراوون. ئەمەش تێکڕا ئۆباڵێکی نەتـەوەیی، سیاسـی و ڕۆشـنگەری سەرشـانی حیزبـە سیاسـیەکان، ڕێکخـراوە دیموکراتیەکان، ناوەند و کەسـە روناکبیریـەکان، کۆمپانیـا و دەزگـا ئابوریـەکان، ئیدارە و دەسەڵاتەکان.. تاد ئەمەش، لەباری بۆچونی ئێمەوە، ئـەوە دەگەیـەنێ کە:

کورد گەلێکی لـە کـاروان جێمـاوی شارسـتانیەتی هاوچـەرخە. ئـەم بـە جـێ مانەش، هۆیە سـەرەکیەکەی بـۆ داگیر و دابەشـکراوی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە. داگیر و دابەشکردنی کوردستانیش، هەر ئاسەوارێکی زیانبەخشی لێکەوتبێتـەوە؛ یاوەکو هەر ئەرکێکی ڕانەپەڕێندراوی ڕابـوردوی بـە هەڵپەسـێردراوی بـۆ وەچـەی ئێسـتا، هێشـتبێتەوە، تـەواوی ئـەو ئاسـەوارانە، و سـەرجەم ئەرکـە هەڵپەسێردراوەکان، کەوتونەتە سەرشانی تێکۆشەرانی سیاسی و روناکبیریی کـە

ئامـــانجی راســـتەقینە و راســـتگۆیانەیان، سەرخســـتنی چـــارەی خۆنوســـینی گەلەکـــەمان و، ئەزمونـــە دیموکراســـی و، ئازادیـــە مەدەنیەکانـــە. تـــەواوی ئـــەو ئامانجانەش، لێك ئاڵاون. ناکرێ لێك دابڕدرێن.

## - ئازادی بیر و.. سەرکەوتنی دیموکراسی:

لە ئۆروپادا، لـە سـەدەی چواردەمەوە، خـەبات بـۆ ئـازادی و ئـازادی ئـەقڵ، ئازادی عەقیدە، دژی دەسەڵاتە دینی و دونیاییەکان کراوە. واتا:

کاتێـك ئۆروپـا دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـان هـەبووە. لـەناو ئیمپراتۆرەکانـدا، جۆرەهـا میرنشـینی جیـاواز هـەبون؛ دەسـەڵاتی کەنیسـە و پاپـا بـە رەهـایی باڵادەست بون. لە ئۆروپایەکی ئاوادا، پێش سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی بـە چـوار سـەدە، خـەباتی ئـازادی و پاشـان، رێنسـانس و دوای رێنسانسـیش، تێکۆشـانی نوێگـەری دەسـتیپێکردووە و، هـەموو ئـەو هەوڵـە رونـاکبیریی و دونیاییانـەش، زەمینـەی سـەرکەوتنی شۆڕشـی دیموکراسـیان بـۆ دیمـوکرات و ئازادیخوازان، کە چینی بۆرژوای نیشـتمانی — پیشەسازی تـازە کـە لـە کۆتـایی سـەدەی پانزەهەمـەوە، بـۆرژوا وەکـو چـینێکی خـاوەن هێـز و پەیوەنـدی بەرهـەمهێنانی نـوێ، ئاکـامی دۆزینـەوەی رێگـەی دەریـایی ئەتڵەسـی بـەرەو ئـەمریکا، هـەروا، پـەیبردن بـە دەروازەی دەریـایی (رأس الرجـاء الصـالح) کـە ئۆروپای رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی دەبەستەوە بە رۆژهـەڵاتی دورەوە، ئەمانـە هـەموو رێگاکانی بازرگانیان پان و پـۆڕ کـرد و سـەدان بەنـدەری رۆخـی دەریـا و بـازاڕی ئـاڵوێڵ کردنیـان بوژانـد. لـە مامـانی ئـەم بـازاڕ و بازرگانیـەدا، چـینی نـاوەنجی بـۆرژوازی خـەملی کـە هـەر ئەوکاتـە، داهێنـانی ئـامێری چـاپ و چـاپەمەنی بـوو بەمایەی پەرەسەندنی بیروڕاکـانی شـۆڕش و راپـەڕین دژی دەسـەڵاتە رەهاکـانی کەنیسە و خواوەندەکانی سەر ئەرز.

ئەو سەرکەوتنانە، چینی بۆرژوای ناوەنجی لە سەدەی شانزەهەمدا، گەیانـدە ئاستێکی پێشکەوتوی ئـەوتۆ لـەناو مەزهـەبی (پرۆتسـتانت)ەکانـدا، دوو ئاقـاری جیا دروست ببێ و ریفۆرمی ئایینی بێتە ئارا و لە هەژمونی (پاپا) رزگاریـان ببـێ و چیکە (پاپـا) بـە سەرچاوەی ئـایین و بـاوەڕی مەزهـەبی نـەزانرێ. ئەمـەش، رێگایەکی فراوانی بـۆ ئـازادی بـیرو.. بیروبـاوەڕ تـەخت کـرد. ریفـۆرمی ئـایینی و

گۆڕانکاری سیاسی پێکەوە فشاریان خستە سەر دەسەڵاتی کەنیسە یان لە گۆشەی سروشتی خۆی گوشا، ئیدی مرۆڤ لە دەسەڵاتی رەهای کەنیسە و پاپا، ئازادکرا. بەم پێیە، لەلایەکەوە مرۆڤ سەرپشك بوو لە چۆنیەتی عیبادەت (خۆی و خوای خۆی). لەم لاشەوە، ئاڕاستەی نوێی سیاسی باڵادەستێتی رای گشتی خەڵکی لە چاودێریکردن و لابردنی فەرمانڕەوا هێنایە کایە. لێرەوە چەمکەکانی گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ گەل و چاودێریکردنی دەسەڵاتدار لەلایەن گەلەوە، وەکو سەرەتای ژیانی دیموکراسی لە سەدەی هەڤدەهەمدا، بڵاوبویەوە.

دوای ئەوەی ئازادی و دیموکراسی، وەکو بیروباوەڕ، تێکەڵاوی رای گشتی خەڵك و بەرژەوەندی سەرمایەداری خەڵك لەبەرامبەر دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتە دەرەبەگیەکاندا بون، (دەسەڵاتی دینی و دونیایی) ئینجا شۆڕشی دیموکراسی توانی سەرکەوتنێکی گەورەبەدەست بهێنێ. و پەرەبسەنێ. بەتایبەتی لە شۆڕشی گەورەی فەرەنساوە (١٧٩٩).

ئەو شەڕە فکری و فەلسەفییە دەستەویەخانەی بیروڕا نوێ و نوێگەرییەکان دژی فکر و فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، لاهوتیەت، دەسەڵاتی رەهای رۆحی و دونیایی دەرەبەگایەتی، کە ئاکامەکەی قوربانیەکی بێشوماری ئازادیخوازان و زانستخوازان بوو، رۆڵێکی ئێجگار مەزنی لە هەڵتەکاندنی پرنسیپ و ئاکارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست گێڕا. تاکوکۆی کۆمەڵە خەباتگێڕەکەی ئۆروپای بۆ سیستەمی نوێی دیموکرای، سازدا. هوشیاریکردنەوە و، ئەقڵی سەرفرازکردن و، کەسایەتی سەربەخۆی خستە سەر رەوتی ژیانێکی مۆدێرن.

هەڵەیەکی گەورەیە وابزانرێ سەرکەوتن بەسەر بیروڕاکانی سەدەکانی ناوەڕاست، لە سەرکەوتنی شۆڕشی سیاسی بۆرژوازی ئۆروپاوە، بەدیهاتووە. نەخێر، پێش شۆڕشی سیاسی، شۆڕشی رێنسانس و شۆڕشی ئازادی ئەقڵ و پاشەکشەپێکردنی کاریگەریە زیانبەخشەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئاسۆی مێژوویەکی نوێی، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، نەخشاند. سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی تاج لەسەرنانی ئەو هەموو خەباتە رۆشنگەرییەی چەندین سەدەی ئەندێشمەندانی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست بوو.

دەکرێ بڵێین: لەناو قەڵمڕەوی ئیمپراتۆرەکاندا، کاروانی روناکبیریی لە سەدەکانی چواردەهەمەوە کەوتۆتە کار. بەرە بەرە، سیستەمی کۆن لەناوبراوە

و سیستەمی دیموکراسی بنیات نراوە. دوای سیستەمی دیموکراسیش، ئینجا، روناکبیران، بۆ چۆنیەتی سەرکەوتنی تەواوی دیموکراسی، بە گوتاری رەخنەی داهێنراوی دەربەست بەو سیستەمانە، بەردەوامی گوتاری روناکبیری ئۆرگانیکیان، پاراستووە.

لای ئێمە.. دۆخەکە ئاقاری دیکەی گرتۆتەخۆی. ئاقاری ئێمە، ئاقاری ئایدیای گەلێکی ژێردەستەی بێدەوڵەت و دەسەڵاتە. دەوڵەت و دەسەڵاتی میرنشینی ئێمە، لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی گۆڕانکاریەکانی رۆشنگەری رۆژهەڵاتدا، لە ناوەڕاستی سەدەکانی نۆزدەوە لەناوبران. لەوساوە، یەك پشوو، بۆ دەهەیەکیش دەسەڵاتی خۆمان نەبووە. بە نەمانی دەسەڵاتە کوردییەکان، ئیدی کولتوری کوردیی، بۆتە کولتوری بەرەنگاری.. لەناو کولتوری بەرەنگاریدا، لەناو راپەڕین، یان دوای تێك شکان، یاوەکو لە هەلومەرجە هەڵکەوتوەکاندا، پرشنگی رۆشنگەری لەژێر کاریگەری گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە، لێرەو لەوێ، دەبینرێ. پرشنگێك هەر زوو تیشکەکانی خامۆش کراوون. بەشێکی کەمی ئەرکەکانی رۆشنگەری هێنراونەتەدی. ئەویش لەرێی رۆژنامەنوسی، یان مێژوونوسینەوە، یاوەکو ئەدەبیاتەوە. رۆژنامەی کوردستان و پاش نیو سەدە، گۆڤاری گەلاوێژ، لە هەوڵە جوانەکانی مێژوون لەم بارەوە. لە رێڕەوی ئەو نیوسەدەیەشدا، پێش دەرچواندنی گەلاوێژ، هەوڵی دیکە لە کوردستانی باشور و باکوردا، دراوون. بەڵام هیچیان ناگەنە ئاستی گەلاوێژ.

تێکڕای ئەو هەولانەی دراویشن، بە هەوڵەکانی دوای ئەوانەش، بە دامەزراندنی رێکخراو و حیزبە سیاسیەکانیشەوە، هەتا دەگاتە دەسەلات و سەرکەوتنەکانیش، تەنانەت بۆ سەردەمی راپەڕین و بیگەیەنینە ئێستاش، تێکڕا، هێشتا نەتوانراوە ئەرکە جۆراوجۆرەکانی رۆشنگەری سیاسی و رۆشنگەری مەعریفی، نەك بەتەواوەتی سەر بخرێ، بەڵکو هەتا ئێستاش، لە هەناوی کوردەواریدا، بیروڕاکانی سەدەکانی ناوەڕاست زاڵە. تەنانەت ئەو بیروڕایانە، بەسەر روبەرێکی فراوانی دەسەلاتی سیاسی حیزبەکان، یاسای دەسەلات و نەریتی کۆمەلایەتیدا، بەڵکو روناکبیرانیشدا، هەتا رادەیەك، کاریگەرە. هەر ئەم زاڵیەش وایکردووە لەکۆنەوە هەتا ئێستا، بزوتنەوەی سیاسیمان لە رووی

هوشـیاریەوە و هـەوڵی روناکبیریمـان لـەباری ئەقڵانیـەوە، لـە ئاسـتی پێویسـتی (رزگاری — دیموکراسی) نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراودا، نەبێ.

وەچـەی ئێسـتا، هـەر بـیرورا و رێبازێکیـان، هـەبێ، بیانـەوێ و نەیانـەوێ، میراتگـری گـەلێك ئـەرکی جۆراوجـۆرن. لـە ئـەرکی سیاسـیەوە هـەتا ئـەرکی روناکبیری. ئەرکەکانیش بە چەشنێ ئاوێتەن کە نە سیاسیەکان دەتوانن خەباتی سیاسـی چارەنوسـخوازی کـوردیی زاڵبکەنـە سـەر ئەرکـە روناکبیریـەکان و، نـە روناکبیرانیش بۆیان هەیە کۆششی روناکبیری لە ئەرکە سیاسـیەکان، بەچەشـنی ئۆروپا، دابـڕن. ئەمـەش خەسـڵەتی تایبـەتی کـورد و کوردایـەتی و رونـاکبیرانی کوردن. هەر لەم سۆنگەیەشەوە، بینای کۆمەڵی مـەدەنی و رەوشـە مەدەنیـەکان دێنە ئاری چۆنیەتی بینای ئەزمونەکەمان.

## – مەدەنیەت و رزگاری سەردەم:

مەدەنیەت.. لە نیشتمانێکی داگیر و دابەشکراودا، لەناو گـەلێکی بێدەوڵـەتی سـەربەخۆدا، وەکـو بەشـێك لـە ئەرکـە دیموکراسـیەکانی بینـای حکومـەتێکی دیموکراسی و دەسەڵاتی مەدەنی دامەزراو لە سایەی حکومەتە دیموکراسیەکەدا، دەبێ تەماشا بکرێ. ئەم ئەرکـەش، وەکـو ئەرکـە روناکبیریـەکان، پەیوەندیـەکی ئۆرگانیکی بە خەباتی سیاسی کوردایەتی و رۆشنگەری کوردەواریەوە، هەیە.

هەتا ئەو هەلومەرجەی کە کورد لە چارەنوسی دەسەڵاتی چارەی خۆنوسینی دڵنیـا نـەبێ، هـەق نییـە، نـە رونـاکبیرانی و نـە مـەدەنیخوازەکانی، بـە بیـانوی جۆراوجۆری فەلسەفی و تیـۆری، یـان رەخنـەیی و مـەعریفی، خۆیـان لـە ئەرکـە چارەنوسسازە سیاسـیەکە، بدزنـەوە. چـونکە، مێـژووی کـۆن و نوێمـان، هیچـی دەرنەخستبێ، ئەو راستییە تاڵەی سەلماندووە، کەوا:

مـادام گەلەکـەمان.. گـەلێکی بێدەسـەڵاتی سـەربەخۆیە، کەواتـە: لـە هـیچ بارێکی دیکەشدا، ناکرێ ببینە خاوەن بڕیاری سەربەخۆ، نە لـە بـاری ئـابوری و، نە لە باری کۆمەڵایەتی و، نە لە باری.. روناکبیریش.

راستە.. ئێستا کەوتوینەتە هەلومەرجێکی نوێی جیهانی کە سـەراپا جیـاوازە لەو هەلومەرجانەی دەوڵەتی دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنییان، وەکو دوو ئەرکی پێکـەوە بەسـتراوی دیموکراسـی، دامەزرانـدووە. بـەڵام هەلومـەرجی ئێسـتاش،

سـەرباری ئـەوەی جیهـان بـەرەو جیهـانگیری دەڕوا، هێشـتا لـە ئۆروپاشـدا، ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتی سیاسی دیموکراسی نەهێناوەتـە پێشـەوە. لـە ئاینـدەی خوێنراویشـدا، ئەڵتـەرناتیفی وا نییـە؛ ئەوپەڕەکـەی تێکـەڵاوبونی بـازاڕ و دراو و یاسا لـە بەرنامەدایـە. نـەخوزاڵڵا بـۆ رۆژهـەڵات.. کـە رۆژهـەڵات لێـوان لێـوە لـە کێشەی چارەسەرنەکراوی دیموکراسـی. لـە پێشـەوەیاندا، کێشـەی نەتەوایـەتی. بۆیە، هەموو جۆرە هیوا هەڵچنینێك لەسەر مۆدێلەکانی ئۆروپا، لەباری سیاسی و ئـابوری و کولتوریـەوە، وەکـو لاسـاییکردنەوە، کـارێکی هەڵەیـە و هەڵـدێرانی بەدواوەیە.

گەورەترین خزمەتی مێژوییش لەم بارودۆخەدا، ئـەو خزمەتەیـە کـە هـەموان تێکۆشین، ئـەزمونی ئێسـتا لـە قەیرانـەکان، بەتایـەبتی قـەیرانی شـەڕی نـاوخۆ، رزگار بکەین. ئینجـا خـەمی سەرخسـتنی تـەواوی ئەرکـەکانی ئەزمونەکـەمان لـە ڕێڕەوی (رزگاری — دیموکراسی) دا، هوشیارانە، بخۆین. لـەناو ئـەم ڕێڕەوەشـدا، هـەموو هێزێـك، ڕێکخراوێـك، گروپێـك، کەسـێك و دڵسـۆزێك، دەتوانـێ چـمکێکی ئەرکێکی نیشتمانی، رزگاری، دیموکراسی و مەدەنی بگرێتە دەست.

بەوشـێوەیەی بـە راسـت بزانـرێ، هوشـیارانە و ئازادانـە، لـەناو ڕێڕەوەکـەدا، ئەرك بە ئەرك، بهێنرێنە دی. ئەرکەکان.. تەواوکەری یـەکتر بـن. لەسـەر حسـابی یەکتر نەبن. ئازادی چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەرکەکانیش دەستەبەر بکرێ: ئـازادی مەدەنی.. ئازادی فشاری رای گشتی. ئـازادی سیاسـەت و مەدەنیـەت و. ئـازادی تاك.

بەمەرجێ.. دەبـێ بزانـرێ کـە ئـازادی و ئازادییـە مەدەنیـەکان، بەشـێکن لـە بینـای سیسـتەمی دیموکراسـی. دژ و پێچـەوانەی سیسـتەمی دیموکراسـی نـین. بەڵکو پەیوەندیەکی ئۆرگانیکیان هەیە. دەبێ هەر بەشێکی ئەو ئەرکانە، بازنـەی لۆژیکیان بزانرێ.

لــەناو ئــەو بازنانــەی ئەرکــەکانی دیموکراســیدا، بازنــەی ئــازادی تــاك.. تایبەتمەندێتیەکی هەیە کە بۆ کورد و ئەزمونەکەی، تەنانەت لە کارکردن لەسـەر روبەری دیموکراسیش، تایبەتمەندترە. تاك.. بەدرێـژایی مێـژوو کراوەتـە کۆیلـەی خێڵ و هۆز و باوك و دەسەڵات. لەوانەش زیـاتر، کراوەتـە کۆیلـەی ئـایین. بۆیـە،

ڕێگایەکی دوورودرێژی تێکۆشانی پێویستە تاك لەو هەموو کۆیلەیەتیە ڕزگار بکرێ و بکرێتە خاوەن کەسایەتی سەرفراز و ئەقڵی ئازاد و هۆشی سەربەست.

ئازادکردنی تاك و ئازادی ئەقڵانی، بە ئەندازەی ڕزگارکردنی نیشتمان، ئەرکەکانی لەسەر دەسەڵات و ڕوناکبیران و مەدەنیخوازان، سەنگینە. زۆر سەنگینترە لەوەی وادەزانرێ ئازادی و تاکی ئازاد، بە دروشم، یان بە یاسا، یاوەکو بە ئاراستە و ڕەخنەی جۆراوجۆر لە دەسەڵات دێتەدی. نەخێر. ئازادی تاك، چەند پەیوەندی بە بنەماکانی مۆدێرنێتەوە هەیە، هێندەش پەیوەندی بە ڕزگاری تاکەوە لە کاریگەریە قوڵەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەیە. ئەو کاریگەرییە ڕۆحی و میتافیزیکیانەی سەدەکانی ناوەڕاست، لە ناخی تاکدا، لە هۆشی تاکدا، لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاکدا، لە چەمکەکانی پابەندی تاك بە دەسەڵاتە دینی و دونیاییەکاندا، لە باوەڕی باوکسالاری تاکدا، لە هەژمونگەری خورافیات لەسەر تاکدا، لەو ڕاستیانە و گەلێ ڕاستی دواکەوتوی دیکەدا، کە بونەتە مۆتەکەی سەر هۆش و ئاوەزی تاك، دەبێ چۆنیەتی ئازادی تاك ببینین و خیتابی ڕزگاری هەمەلایەنەی تاك گەڵاڵە بکرێ.

ئەو ئەرکانەش سەبارەت بە کۆمەڵ و دەربەست بە تاکی ئازاد، مەحاڵە لە کوردستاندا، بەبێ کوردستانێکی ڕزگار و، کوردەوارییەکی دیموکرات و، ئەزمونێکی شارستانی، بێتەدی. دوربینی سیاسی و ژیری ڕوناکبیری هوشیار لەوەدایە، پەیوەندییە ئۆرگانیکیەکانی ڕاپەڕاندنی تەواوی ئەرکەکان ببینێ. نە پاشکۆی کوێرانەی ئەرکێك لەو ئەرکە سیاسی و ڕۆشنگەریانە بێ. نە بەهۆی پاساوی بایەخی یەکێك لەو ئەرکانەش، لە خزمەتکردنی ئەرکەکانی دیکە، یاخی بێ. یاخیبون لە ئەرکە مێژوییەکانی ڕزگاری و دیموکراسی و مەدەنیەتی ڕاستەقینەی گەلێك.. لەژێر هەر پەردە و بیانویەك بێ، یاخیبونە لە شارستانیەت.. یاخیبونە لە ڕەوتی بابەتی مێژوو. یاخیبونە لە چارەسەرکردنی کێشە چارەنوسسازەکانی گەل. بەڵکو لەڕاستیا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خزمەتکردنی دوژمنانی دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیشە.

## بەشی دووەم؛ سەرگوتار:

١- دیموکراسیەت.. مەدەنیەت و مافی مرۆڤ.
٢- یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت.
٣- ستەمی هەزارەی دووەم و
دیموکراسی هەزارەی سێیەم.
٤- دیموکراسی و مافە دیموکراسیەکانی تاک.
٥- تاک و.. مەدەنیەت.

# دیموکراسیەت ..
# مەدەنیەت و مافی مرۆڤ*

دیموکراسـیەت، مەدەنیـەت و مـافی مـرۆڤ، سـێ چـەمك و سـێ زاراوەو سـێ ئامـانجی بەشـەری لێـك دانـەبڕاون.هەریەکـەیان ئـەوی دیکـەیان تـەواو دەکـا. هەرسێکیشـیان مـافی خـەڵکن. خـەڵك بـەدی هێنـاوون؛ هـیچ دەسـەڵاتێکی (بەخشندە !) پێش شۆڕشی دیموکراسی، پێی نەبەخشیوون.

شۆرشـی دیموکراسـی، ئاکـامی پێویسـتییە چارەنووسسـازەکانی ئـابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئازادی گەلان، دژی دەسەڵاتدارە ملهوڕو ناپەسـەندەکان، سـەرکەوتن. ئـەم سـەرکەوتنە، سـەرکەوتنی پێشـکەوتن بەسـەر دواکـەوتن؛ سـەرکەوتنی ئـەقڵ بەسـەر خورافیـات؛ سـەرکەوتنی دەسـەڵاتی گـەل بەسـەر دەسەڵاتی ڕژێمە دژی گەلیەکانی ئۆتـۆکراتو ثیـوکراتـی دوونیـایی و دینـی بـوو. ئەوڕژێمانەی بەجۆرەها ناوی جیاواز: قەیسەر، ئیمپراتۆر، خەلیفـە، سێبەرەکانی خواوەنـدی سـەرئەرز..تـاد سـەدان سـاڵ گاڵـەو گاڵتـەیان بەخواسـت و خولیـای ئادەمیزاد کرد. هەتا گەیشتنە بنبەست و درانە دادگای داوەریەکانی عەقڵ.

—مەدەنیەت.. نـاوەرۆکێکی نـوێی کۆکردنـەوەو ڕێکخسـتنی تـاك و کۆمـەڵ و ژیـانی کۆمەڵایەتیـە لەسـایەی سیسـتەمی دیموکراسـیدا. هـەتا شۆرشـی دیموکراسـی سـەرنەکەوت، بـاس لەمەدەنیـەت بەچـەمکە شارسـتانیەکەی، بەچەمکە ئازادیەکەی، بەچەمکی خولقانی رای گشتی و، فشـار خسـتنە سـەر دەسەڵاتە ترسناکەکانی دەرەبەگایەتی، ئاینەکان، خێڵایەتی، بنەماڵـەو بـاوك سالارێتی، لەئارادا نەبوو.

—مافی مرۆڤیش.. لەمافە پیرۆزەکانی دیموکراسی و سایەی کۆمەڵی مەدەنیەتـە. ناشێ قسە لەدیموکراتیەت و مەدەنیەت بکرێ، بەڵام مـافی مـرۆڤیش ئاشـکرا بخورێ.

مـرۆڤ.. زۆر گەورەیـە. گـەورەیی مـرۆڤ بەقـەبارەی جەسـتەو بـەژن و بـاڵای ناپێوری، مرۆڤ بـەدونیای هەسـت، هەڵوێسـت، بـەهرە، حـەز، ئـازادی، ئـارەزوو،

* سەروتاری ژمارە (٣) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی یەکەم، (١٩٩٩).

خولیاو تواناکانی دەپێووریێ. هەر بۆیە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ تەنها ئەشکەنجەدانی جەستەی مرۆڤ نییە. بەڵکو ئازاردانی هەست، تاساندنی نەست، ئاڵۆزاندنی مەسەلەی رۆح، خەفەکردنی توانا و، رێ لێگرتنی بەهرە، زەوت کردنی ئازادی و، داوەریەکانی عەقڵی مرۆڤ و هەژموونگەری لەسەر توانای دەربڕین و.. ویستی مرۆڤ، بەهەرهۆیەکەوە بێ، هۆی مادی یان ئایدیالیستی.. تاد ئەوانە زیاتر پێشێل کردنی مافی مرۆڤن لەچاو ئەشکەنجەدانی جەستەی مرۆڤ. چونکە مرۆڤ بەهەست و بیر کردنەوە دەژی.

گەلەکەمان قۆناغی جۆراو جۆری ژیانی بڕیوە. هەموو جۆرە حکومەتەکان، دەسەلاتەکان، بیرو ئەندێشەکانی تاقی کردۆتەوە.

دەسەلاتی سەدان ساڵەو، دەسەلاتی دەیان ساڵەو، دەسەلاتی ساڵەهایشی تاقی کردۆتەوە. کاتێکیش ئاوڕ لەمێژووی دەداتەوە، نەك مێژووەکەی داڕوخێنراوە، بەڵکو تەنانەت گەلەکەشمان لەرەوتی شارستانێتی مێژوو وەدەرنراوە. ئێستاش کەلەکۆتایی هەزارەی دووەمداین و سەرەتاتکێ لەگەڵ هەزارەی سێهەمدا دەکەین، داخۆ ئەرکی سەرشانمان، بۆ ئەوەی بتوانین بەووریایی بچینە ناو رەوتی شارستانێتی مێژوو، چییە؟

ئایە.. دیسان گەرانەوەیە بۆ دواوە، بۆ ژیانی کوێرەوەری هەزارەی یەکەمی ژیان؟ یان گیرساندنەوەیە بەبنەماکانی هەزارەی دووەم و گوێنەدانە بە گۆرانکاریەکانی هەزارەی سێهەم؟ (کەهەرلەئێستاوە کاریگەریەکانی کاری خۆرسکیان تێکردووین) یاخود بەعەقڵی کراوەو ئەقڵانیەتێکی نوێخوازییە، هەتا بە بەرنامەو بڕواو بڕیاری خەمخواردنی گۆرانکاریەکان، بەپیر هەزارەی سێهەمەوە بچین؟

بێگومان.. جگەلەوەی هەر دەبێ بەپیر هەزارەی سێهەم بەعەقل و ئەقلانیەتێکی کراوەوە بچین، رێگەیەکی دیکەمان لەبەر دەمدا نییە. چونکە رێگاکانی رابردوو لەزۆر رووەوە پێوەدراوون. رێگاکانی نوێ ئاوەلان و دەبێ بەپیریانەوە بچین. ئەم بەپیرەوە چونەش، ئەرکی دیموکراسیو، ئەرکی مەدەنیو، ئەرکی مافی مرۆڤمان سەنگین دەکا.

ئەزمونەکانی گەلان، دەریان خستووە کە دیموکراسیو مەدەنیەتو مافی مرۆڤ، بە چەمکی هەمە لایەنیانەوە، بە موتوربە کردنیان بە عەلمانیەت، عەلمانیەتێکی واقیعی، رێگا ڕاستو دروستەکانی سەرکەوتنو پێشکەوتنن. بەلام هەتا ئێستا ژیان تاقە ئەزمونێکی نیشان نەداوین، کە ئەزمونێکی ڕابردوو، بە

تایبــەتی ڕابــردووی کۆنینــە، لــە دوای شۆڕشــی دیموکراســیەوە، ســەرکەوتنی بەدەست هێنابیٚو بوبێتە نەریتی گەلان.

کەم گەل هەیە لە گۆی زەویدا، بە ئەندازەی گەلی کوردستان، نرخـی ڕزگـاری و ئــازادیو ئاســودەیی دابــێ. گــەر هــەتا ئێســتا ئــۆ بــاڵی بەشــی زۆری کارەساتەکانمان، لە ئەستۆی داگیر کەرانو زلهێزەکان بوبیٚ، بـەلاٚم لەمـەودا، بـە حوکمی هەلو مەرجی نوێی جیهان، زۆرتر لە ڕابردوو، ئۆباڵی کارەساتەکان، یـان شکست و دواکەوتنەکان، لە ئەستۆی خۆماندایە. ئەگەر زیانە مـادیو مرۆیـەکانی ڕابــردووی داگیرکــەران و زلهێزەکــان بێشــوماربوبن، ئــەوا زیانــە دیموکراســیو مەدەنیو مافەکانی مرۆڤ، کەمترنابن لەو زیانانە، ئەگەر بێتو لەسەر دەمەکەو لە ئەرکەکانیو لە چۆنیەتی بەدەنگەوە چونی پێویستـیەکانی، ورد نـەبینو .. وریـا هەنگاو هەڵ نەهێنین.

هــەروەکو چــۆن ئەشــکەنجەی جەســتەی مـرۆڤ بـە ئەنـدازەی پێشـێڵ کردنـی هەستو نەستو ئازادیو مەسەلە ڕۆحیەکانی مـرۆڤ، بـۆ مـرۆڤ زیانبـەخش نییـە. ئاواش، دژایەتی کردنـی شارسـتانیەت، دیموکراسـیەتو مەدەنیـەت، زیـانی گـەلیٚ زیاترە لـە زیانـە مـادیو بەشـەریەکان. مەترسـیەکانی ئـەم جـۆرە زیانانـەش لـە ڕۆژهەلاٚتدا کەم نین.

لــە کوردستانیشـدا ئاشـکران. بۆیـە، هــەموو جــۆرە بێبـاکی و خەمسـاردیەك بەرامبەر مەترسیەکانی ئێسـتا لەسـەر دیموکراسـیەتو مەدەنیـەتو مـافی مـرۆڤ، لەلایەن داوو دەزگا حکومیو حیزبیو مەدەنیەکانەوە، هەروا لەلایەن ڕوناکبیرانو شارەزایانەوە، نەك هـەر زیـانێکی گـەورە بـە پرۆسـەی دیموکراسـیو ڕاپەڕانـدنی ئەرکــەکانی دیموکراســی دەگەیــەنیٚ، دژە، بــەڵکو دژەکــانی دیموکراســیو مەدەنیەتو مافی مرۆڤیش بـە هێـز دەکـا. هـیچ دووریـش نییـە، بـە شـێکی ئـەو خەڵکــە خــەم ســاردو بێباکانــە، لــە پرۆســە دیمــوکراتی و مەدەنیەتەکــە هەڵبگەڕێنەوەو لەبەرەی دژەکانیشدا یەك بگرنـەوە. (لایـەنی کـەم وەکـو ئـەقڵ‌و ئەقڵیەت).

بەڵیٚ.. لە ناو دونیای سیاسەتو بۆ ئەو خەڵکانەی لەسەر مەسەلە ڕۆحیـەکان دڵە ڕاوکێیانە، بۆ ئەوانەی هێشتا پاشکۆی ئەفسانەو ترسو بیمی سەپێنراوون لە ناخی خۆیاندا، بۆ ئەم جۆرە خەڵکانە، هەڵگەڕانەوە لـە ڕێبـازی دیموکراسـیو لـە پێناوی مەدنیو لە ئامانجی مافی مرۆڤ، سەرەنجامێکی سەر سوڕهێنەر نییە!

# یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت*

لە دەرکردنی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (مەدەنیەت) وە، پێشوازیەکی دڵخۆشکەرە لە دەستپێشخەریەکە کراو، روناکبیران و شارەزایان، دەستخۆشیان لێکردین، ئەمەش هانیدایین کە پەرۆشتر بین بۆ ژمارەکانی دیکە. کە دەستمان کرد بە ئامادەکردنی دوەمین ژمارە، بیرۆکەی سازدانی سیمینارێك بۆ مەدەنیەت لامان گەڵاڵە بوو. بڕیاریشمان لێدا. نیمچە بەرنامەیەکی سەرەتاییشمان بۆ دارشت. کەوتینە پەیوەندیکردن بەو بەرێزانەی لێمان رادەیتن بۆ سیمینارەکە بانگێشتیان بکەین. مەخابن، کەمترین کەس بەدەنگمانەوە هاتن. ئەمەش دڵساردیەکی لا دروست کردین، بەڵام کۆڵمان نەدا، گەرچی دوای خستین. کە سەرلەنوێ کەوتینەوە خۆمان و بەرنامەیەکمان بۆ ئەو بەرێزانەی بەدەنگمانەوە هاتن، دانا، دیتمان تاقیکردنەوەی سەری ساڵی خوێندن فشاری بۆ هێناوین، چونکە ئەو بەرێزانەی لێمان گێران بەشی زۆری مامۆستای زانکۆ بون، ئەمیش ژوانێکی سیمینارەکەی لێ‌تێك داین. هەر کۆڵمان نەدا. بەتایبەتی ئەو مامۆستا بەرێزانەی (زانکۆی سەلاح الدین) گفیتان داینێ لە پشوی ساڵدا، ئامادەن، ئامادەی سیمینارەکە ببن، ئیدی دوابڕیاری کات و شوێن و رێوشوێنی سیمینارەکەمان داو، ئەمجارەیان بۆمان چووەسەر، گەرچی چەندین تەگەرەی لۆجستیکیش هیلاکی کردین، لەوانە، کارەبا !

* سەروتاری ژمارە (٤) ی گۆڤاری مەدەنیەت، ساڵی یەکەم، ئەیلولی (١٩٩٩).

سـیمینار، ڕۆژانـی (٢٠-١٩٩٩/٧/٢٢) دەسـتی بـە کارەکـانی کـرد. دەسـت بەکارکردنێکی ئاسان نەبوو، تایبەت بۆ ئێمەی روناکبیرانی گەلێکی بێ پێشـینە، لەم بوارەدا. دەتوانین بڵێین: بەو بێ ئەزموونییەش، رچەکەمان شکاند.

گەرچـی سـەرجەم سـیمینارەکە بـێ کـەموکوڕی نـەبوو، هـەم لـە رووی ئامادەکردنی بابەتەکانەوە و، هەم لە رووی مشت و مـاڵ کـردن و سـاغکردنەوەی چەمکەکانی لەمەڕ مەدەنیەت، سیاسەت و دەسەڵات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، سیمنار گەیشتە گەڵاڵەی راسپاردەی گشتی دەربارەی مەدەنیەت و بە رەسمیش وەکو دیکۆمینت بڵاویش کرایەوە. پەیمانیش بەسترا کە لەمـەودوا ئـەم سـیمنارە بەردەوام بێ و، پێش وەختیش زەمینەی باشتری بۆ بڕەخسێندرێ.

لەکۆتایی دانیشتنەکانیشدا، بڕیاردرا، بابەتەکان و گفتـو گـۆی سـیمینارەکە، لەگەڵ هەموو ئەو هەواڵ و ریپۆرتاژ و چاوپێکەوتنانەی لە پەراوێزی سیمنارەکەدا کـران، تێکـڕا و پێکـڕا، لـە ژمـارە (٤) گۆڤـاری مەدەنیەتـدا، بڵاوبکرێتـەوە، بـەو ئومێدەی ئەو خەڵکانەی لە شارو شـوێنەکانی کوردسـتان و هەندەرانـدا، هـۆگری ئەم بابەتە باسانەن، بێبـەش نـەبن لـە باسـەکان. هیوادریشـین توانیبێتمـان بـەم هەوڵـە، رەوڕەوەی هـەوڵێکی نـوێ بخەینـە سـەر ڕێـڕەوی کـاروانی مەدەنیـەت، ئـەرکی سەرشـانی هەموانیشـە، رەوڕەوەکـە لـە لادان و راوەسـتان، بپـارێزین. دڵنیاشین، مەدەنیخوازە راستەقینەکان لەم پێناوەدا درێغی ناکەن.

# ستەمی هەزارەی دووەم و دیموکراسی هەزارەی سێیەم*

وا دوا مۆمی هەزارەی دووەمی گۆی زەوی خامۆش دەکەین و یەکەمین مۆمی هەزارەی سێیەم هەڵدەکەین. دوو هەزار ساڵی هەزارەی دووەم ژیانئاواییان لێکردین. ژیانئاواییەك کە لەو دوو هەزار ساڵەدا، بێژمار روداوی هەمەچەشن رووبەڕووی ئادەمیزاد بۆتەوە؛ لە رووداوی سروشتیەوە، هەتا روداوی کۆمەڵایەتی، گەردونی، دەرونی، سیاسی و کولتوری. تەنها کارەساتەکانی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان و هەناسە ساردەکانی جەنگی ساردو جەنگە ناوخۆییەکانی دەوڵەتان، میللەتان، جەنگی ئایدیۆلۆژی، مەزهەبی و نەژادپەرستی ئەژمار بکرێن، قوربانییەکانی لە (١٠٠) ملیۆن مرۆڤ تێپەڕیوون. ئەمە جگە لەکارەساتەکانی سروشت و نەخۆشییە چارەسەرنەکراوەکان، هەژاری و برسێتی و بێ عەدالەتی سەرسوڕهێنەر لەنێوان باشورو باکوری جوگرافیای ئادەمیزاد... تاد.

هەر گەلێك، نەتەوەیەك، وڵات و دەوڵەتێك، بیەوێ وردی ساڵنامەی دوو هەزارەی خۆی بێتەوە، دەتوانێ هاوشانی کارەسات و روداوە ناخۆشەکان، هەزاران سەرکەوتن و سەروەریش بدۆزێتەوە و شانازیان پێوە بکا؟ رەنگە تەنها چەند نەتەوەیەکی وەکو کورد لە ژیاندا مابن، پێچەوانەی نەتەوە سەربەخۆکان، رۆژمێری مێژووی دوو هەزارەیان زۆرتر بە کارەسات، روداوی جەرگبڕ، کاولکاری، مەرگەسات، نەهامەتی و زەلیلی پڕ کرابێتەوە. بەڵکو کورد لەناو ئەو نەتەوانە، وەکو دوا سیناریۆی سەردەمی جەنگی سارد، لەسەر دەستی دڕندەترین رژێمی دوای رژێمی ئەڵمانیای نازی، لەبەرچاوی رای گشتی جیهان و لەبوونی "ئۆردوی سۆسیالیستی"دا، دوچاری ئەنفال و کیمیابارانیش کرا. لە هەموو ئەوانەش ناخۆشتر، هێشتا لەناو سەدان ئاڵای واڵای وڵاتاندا، ئەم کوردە کلۆڵەی دەستی

---

* سەروتاری ژمارە (٥-٦) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی یەکەم، (٢٠٠٠).

داگیرکردن و کوێرەوەری و کۆنەپەرستی، ئەم گەلەی کارەسات نەما نەیسەپێننە سەری، کەچی نەك قەڵەمڕەوەکانی ناوچەکە هەتا ئێستاش پێی رەوا نابینن ئالایەك هەڵبکا، بەڵکو حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵاتێکی داتاشراوی وەك عێراقیش، بە هەزار ئەملاوئەولا، بە هەزار منەت، دوای حەوت ساڵ لە راگەیاندنی ئەزمونی فیدراڵ، ئینجا لەدوا کۆنگرەی نیۆرکدا، فیدراڵەکەیان سەلماندین، ئەگەر هاو هەڵوێستی هێزە کوردستانیەکانیش نەبا، ئەو سەرکەوتنەش نەدەهاتە دی. (چابوو، دوای دوو هەزار ساڵ، فیدراڵیان سەلماندین!).

ئێستا.. کە کورد ئاور لە دوو هەزار ساڵ (با لەوەوبەر لێگەڕێین) دەداتەوە، جگە لە جەستەیەکی ئەنجن ئەنجن کراوی نەتەوایەتی، خاکێکی داگیر و دابەشکراوی نیشتمان و، عەقڵێکی کەسایەتی سەرکوێر کراو، کەمترین دەستکەوتمان لەناو بازنەی مێژوودا لەبەر ئەوەی داگیرو دابەشکراویش بوین، لەهەر بوارێکدا داهێنانیشمان هەبووبێ، نەتەوە سەردەستەکان تەنانەت داهێنانی رۆڵەکانیشیان دزیوین.

ئەگەر نەتەوەیەك بە درێژایی دوو هەزار ساڵ تاقیکردنەوەی تێکڕای دەسەڵاتەکانی: دەسەڵاتە ئاینیەکان، مەزهەبیەکان، ناسیونالیستیەکان، فەلسەفەکان، کۆمارییەکان و چەپەکان.. تاد ئەوە رابووردوی بێ، ئاخۆ دەبێ چۆن بڕوانێتە ئێستاو ئاییندە؟

– تۆ بڵێی گەڕانەوەی کوت و مت بۆ رابردوو، دادی ئێستا و ئاییندەمان بدا؟

بێگومان هەن بە گەڕانەوە بۆ دەقەکانی دەقاودەقی رابوردوو ڕێگەچارەی مەینەتیەکانمان دیاریدەکەن. بەبێ ئەوەی ئەو ئەزیەتە بکێشن رابوردوو بە وردی بخوێننەوە. تەنانەت ئامادەنین رەخنەیەکی بچوکیش لە دەقە دۆگمو بەسەرچووەکانی رابوردوو بگرن کە بەشێکی بەرچاویان نەك پیرۆز نین، بەڵکو هەڵەشن.

– ئەی تۆ بڵێی بە چاوپۆشین لە رابوردوو بتوانرێ ئێستا بینا بکرێو ئاییندەیەکی باش بخوڵقێنرێ؟

هەن سەرومڕ بەو چەشنە بیردەکەنەوە کە توخن کەوتنی رابوردوو بە کارێکی دژوار دەزانن. بەڵام نەتەوەیەك نەتوانێ رابوردووی خۆی بخوێنێتەوە، ئاخۆ دەتوانێ بەرچاوی نەوەی ئێستای رۆشن و .. وەچەی ئایندەی ئازادبکا؟ بێگومان نەخێر.

چەند دەقاودەق کۆپی کردنی رابوردوو هەڵەیەکی کوشندەیە، لێك نەدانەوەی رابوردووش هەڵەیەکی کەمتر نییە لە هەڵەی کۆپی کردنی رابردوو. هەڵەیەکی کوشندەیە نەزانرێ رابوردوو چ ئامادەییەکی لە ئێستا و بۆ ئایندەش هەیە. ئامادەیی جەستەیی، رۆحی و روناکبیریی، ئامادەیی هەژموونگەریو داگیرکردنی ئەقڵ!

لێگەڕان لە روبەری دژواری رابوردوو، نەك تەنها رووبەری ئێستا تەسك دەکاتەوە، بەڵکو ئاسۆی ئایندەش دەخاتە ژێر جۆرەها پرسیاری دژوارەوە.

ئێمە .. دوو هەزارەمان بە پەشێوی مێژوویی تێپەڕاند، بەڵام ناکرێ هەر بە پەشێوی روبەڕووی هەزارەی سێیەم بینەوە. ئەگەر لە هەزارەی یەکەمدا دەسەڵاتی مەزهەب و ئاین، توانای دەسەڵاتەکانی سەرەتای مێژووی دەسەڵاتەکانی کوردستانی زەوت کردبێ؛ لە هەزارەی دوەمیشدا سەپاندنی دەسەڵاتی (خواوەندەکانی سەر ئەرز) رێگەی لە گۆڕان و چونە ناو مێژووی هاوچەرخی لێگرتبێ، ئەدی لە هەزارەی سێیەمدا چ باسە؟ بێگومان باس باسی جیهانێکی پڕ لە باسە. تەنها یەك باسی لاهوتی یان ئایدیۆلۆژی یاخود ناسیۆنالیستی نییە، بەڵکو باسێکی زۆرو هەمەلایەن هەن. زۆرترین باسەکانیش لە بەرژەوەندی چارەنووسی سیاسی و شارستانی و ئازادییەکانمانە. ئەگەر لە رابوردوودا پاساو هەبێ بۆ پاساو دانەوەی بەشێك لە شکستەکان، یان دواکەوتنو هەڵدێرەکان، ئاوا لەمەودوا هیچ پاساوێك دادمان نادا. چونکە حیکمەتەکانی ئەقڵ و .. وزەکانی خۆمانو ئاستو توانای رێبەرایەتی، ئیداری، پەروەردەییو کۆمەڵایەتیمان بڕیارەکانی چارەنووسمان .. سەرجەم چارەنووسمان، دیاری دەکەن، نەك ئامادەییەکانی ئامادەکراوی رابوردوو!

ئیدی ئۆبـاڵ کەوتۆتـە ئەسـتۆی خۆمـان، ئـەم راسـتیەش ئازایـەتی و ئـازادی بڕیـاری دەوێ. سـەرکزکردن و گوتنـەوەی گوتـە بێهودەکـان، چـیکە چـارەی کێشـەکانمان ناکـەن. خیتابـە شکسـت خواردوەکـانی لەمەوبـەر بـۆ مـردووی گۆڕستانەکانیش ناشێن چ جای بسەپێنرێنە سەر زیندووەکانی ئەم سەدەیە!

هـەزارەی سـێیەم .. لـە ئێسـتاوە، سـەرەتاتکێی دیموکراسـی و ئـازادی و مەدەنیـەتمان لەتـەك دەکـا. بـەرە بـەرە باشـترو زیـاتر تێکەڵاویشـمان دەبـێ. سەرەنجام، هەموان، بێ جیاوازی رەگەز و رەنگ، دەشـبینە خێزانـی سـەرخوانی دیموکراسـی؛ کـورد لـە رۆژهەڵاتـدا، لـەو گەلـە شایسـتانەیە کـە لەسـەر خـوانی دیموکراسـیدا، جێگەیـەکی شـیاوی هـەبێ. دەسـت خسـتنی ئـەو جێگەیـەش، بەدەست پێشخستنو ئـازادکردنی ئەقڵـەکانی خۆیـەتی، دەبـێ ئـەم ئەقڵانـە، لـە سـاواییەوە بـۆ پێگەیشـتوان وردە وردە ئامـادەی چـونە نـاو هـەزارەی سـێیەم بکرێن. ئامادەییەکی شارستانی ئـەوتۆ، بـە پێشـکەوتن و زانسـت و داهێنـان، لـە هەزارەی سێیەمدا، تۆڵەی ستەمی دوو هەزار ساڵەی هەزارەی دووەم بکەینـەوە. ئەمەش، بەرنامەی گۆڕان و گۆڕانکاری لە سەرجەم بوارەکاندا دەوێ، بەتایبەتی: کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، حوکمڕانی، روناکبیریی و سیاسـی. ئـەم بەرنامەیـەش مەحاڵــە بێتــەدی ئەگــەر بێتــوو لەتــەواوی مــافو ئەرکــەکانی دیموکراســی، بەتێگەیشــتنی زانســتیانەو جێبــەجێکردنی شارســتانیانە ورد نەبینــەوە. وردبوونەوەیەك کە لەبەهێزکردنی ئۆرگانو دەسـەڵاتەکانی کۆمـەڵ، بـەهێزبوونی خۆمان ببینین نەك بەپێچەوانەوە، کە هەم دەسەڵاتی سیاسـیو هـەم دەسـەڵاتی کۆمەڵایەتی لاواز دەکا، بەڵکو سەرەنجام دووچاری کارەسـاتی جۆراوجۆریشـمان دەکا. هەر میللەتێکیش بەرنامەکانی گۆڕان بۆ پێشوازی لێکردنی شارسـتانیانەی سەدەی نوێ بەرە بەرە گەڵاڵـە نـەکا، بێگومـان ناتوانـێ لـە هـەزارەی سـێیەمدا، هاوئاهــەنگی پێشــکەوتنەکان، پێشــکەوێ. ســەربکەوێ. ئۆبــاڵیش لەئەســتۆی خۆمان!

مەلا بەختیار

# دیموکراسی و
# مافە دیموکراسیەکانی تاک*

دیموکراسی؛ ئەوەتەی بۆتە سیستەم و پاشان کە بڵاوبۆتەوە بۆ ناو کۆمەڵ و دوای ئەمـــەش کراوەتـــە دەســـتەبەری مافـــەکانی تـــاک، دەهـــە دوای دەهـــە، پێشکەوتوە و بۆتە بەشێکی چارەنوسسازی تاك و کۆی کۆمەڵەکان.

ئۆروپـــا، زایگـــای دیموکراســـی و، ئـــەزمونگای ئـــازادی و دیـــدگای مافـــە مەدەنیەکانە. خەباتێکی سەخت کراوە و خوێنێکی زۆر لەپێناوی دیموکراسی بە چـەمکە فراوانەکـەی رژێنـراوە. هـەتا دیموکراسـی لـە ئۆروپـای رۆژئـاوادا، وەکـو سیستەم و، وەکو مافە مەدەنیەکان، کراوەتە هێزێکی سیاسی و کۆمەڵایـەتی لـە شکان نەهاتوو.

گـــەر دیقـــەتێکی وردی پێشـــکەوتن و گۆڕانکـــاری ژیـــانی دیموکراســـی، لـــە قۆناغـــەکانی پەرەســـەندنی بـــدرێ، دەبیـــنین نشـــونماکردنی دیموکراســـی زادەی پێشکەوتنی پیشەسازی و کۆمەڵایەتی و روناکبیری گەلانە. کاتێك پیشەسازی لـە هەموو رویەکەوە پێشدەخرێ، ژیانی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ و کـاروانی رونـاکبیری پـــەلوپۆ دەهـــاوێ، ئیـــدی پەرەپێـــدانی دیموکراســـیش دەبێتـــە پێویســـتیەکی چارەنوســـاز. مەحاڵـــە پێشـــکەوتن وەکـــو ســـتراتیژێکی هەمەلایـــەن، بـــەبێ دیموکراسی بێتەدی.

هەر ئەزمونێك، دەوڵەتێك، حکومەتێك، تەنها لایەنێکی ژیانی بایەخ پێدابێ و لایەنـەکانی دیکـەی فـەرامۆش کردبـێ، هـەرگیز نـەیتوانیوە تێکـڕای تواناکـانی کۆبکاتەوە و ئاڕاستەی شارستانیانەیان بکا. لە دوا ئاکامیشدا، دوچاری قـەیرانی قـوڵ هـاتووە. بـەڵام کـە هـەموو ئەرکـەکان، هـەر ئـەرکێك بـە جیـا و پەیوەنـدی ئۆرگانیکی ئەرك بە ئەرك تێکڕا، لەبەرچاو گیران، هەنگێنێ، هاوئاهەنگی رەوتـی گۆڕانکاری دەپارێزرێ. ئەو راستیانە، لە ئەزمونەکانی ژیاندا، سەرەنجامی گەلـێ تاقیکردنەوەی دژوار و دەوڵەمەند، بونەتە میراتی مرۆڤایەتی.

ئێســـتاش.. لەکاتێکـــدا دیموکراســـی بۆتـــە پەلکەزێڕینـــەی گـــۆی زەوی و سنورەکانی لەئامێزی ئـازادی گرتـووە، ئێمـەی کـورد لـە رۆژهەڵاتـدا، بەتایبـەتی

* سەروتاری ژمارە (٧) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)،ساڵی دووەم (٢٠٠٠).

دیموکراتخـوازە راسـتەقینەکان، ئـەرکی سەرشـانمانە لـە راپەڕانـدنی سـەرجەم ئەرکەکانـدا، هـەر ئـەرکێك لـە جێـی خـۆی و لـەپێناوی ئامانجێك، رابپـەڕێنین. بەتایبەتی روناکبیران لەم رێڕەوەدا، دەبێ وریا بن و نابێ هاوئاهەنگی راپەڕاندنی ئەرکەکانیان لـێ بئاڵۆزێ و ناشبێ بە پاسـاوی دوور لـە چـەمکە راسـتەقینەکەی دیموکراسـی، چـۆنیەتی راپەڕانـدنی ئەرکـەکانیان لـێ‌تێك و پێـك بـدرێ. گـەلی کوردسـتانیش، لـەم ئەزمونـە تـازەی بینـاکراوەدا، رووبـەڕووی چـەندین ئـەرکی جیاجیا و ئەرکی گشتی‌یە. ئەرکی بینای دەوڵەت، دەزگای یاسارێژی، تـەنفیزی، داوەری، ئابوری، تەکنەلۆژی، زانست، زانیاری، ئیـداری، پـەروەردە، بیناسـازی، گەشتوگوزار، پاکی ژینگە، مافی مرۆڤ و دەوڵەتی یاسا. . .تاد، هـەروا دەسـەڵاتی چـوارەمیش، کـە راگەیانـدن و رۆژنامـەی ئـازادە. ئـەو ئەرکانـە لـە ئەرکـە زۆر گرنگەکانن. ئەمانە سەرجەم، بەبێ سیسـتەمی دیموکراسـی نایەنـەدی. لەرێگـەی راپەڕانـدنی هـەموو ئـەو ئەرکانەشـدا، بـەدیهێنانی مافـە مەدەنیـەکان و دەسـتەبەرکردنی ئازادیـەکان، لـە ئامانجـە پیرۆزەکـانی دەسـەڵات پێبەخشـینی خەڵك و تاك و گروپەکانە.

دیموکراتخـوازان، ئـازادیخوازان، رونـاکبیران، پێشـکەوتوو، مـەدەنیخوازانی کوردستان، ئەرکی سەرشانیانەئەو ئەرکانە هەم پێکـەوە و هـەم ئـەرك بـە ئـەرك جیا جیا لەبەرچاو بگرن و بەپێی توانـاو بـاوەڕی خۆشـیان خـەباتیان لـەپێناودا، بکـەن. دیـارە ئەرکـە گشـتییەکانی گەلەکـەمان ئۆبـاڵێکی گشـتی و ئەرکـە تایبەتیـەکانیش، تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە. بایـەخ دان بـە ئەرکـە گشـتیەکان لەسەر حسابی ئەرکە تایبەتیەکان هەڵەیە، سوربونیش لەسەر ئەرکە تایبەتیەکان بەبێ بەستنەوەی ئۆرگانیکیانەیان بە ئەرکە گشتیەکان، دیسان هەڵەیە.

بەش بە حاڵی مەدەنیخوازەکان، دەبـێ ئـەو راسـتیە بـاش رەچـاو بکـەن کـە کۆمەڵی مەدەنی و مافە مەدەنیەکان، بە یوتوبیا نایەتـەدی. بـەڵکو سـەرەنجامی بەدیهاتنی ئەرکە گشتیە ستراتیژیەکان، مەدەنیەتیش لەپاڵیانـدا، لـەژێر فشـاری رای گشتی و خواستی ئازادی و مەدەنیخوازان، دێنەدی.

ئێمـە گـەلێکی غـەدرلێکراوین، تـازە تـازە خەریکـە ئاسـۆمان سـاماڵ دەبـێ. هێشـتا زۆرمـان مـاوە لـەم ئاسـۆ سـاماڵییەش دڵنیـابین. چ جـای بـۆ ئـەوەی چەمکەکان.. وەکو زەرورەتی خوڵقاوی ژانی هەلومەرجی خۆیان.. نەبینین و بـاز بـدەین بـۆ ئایندەیـەك.. کـە هێشـتا رێگایـەکی دورودرێـژمان مـاوە بیگـەینێ. گرتنەبەری ئایندەی چەمکە یوتوبیایەکان، وەکو رەدووکەوتنی تراویلکە وایە !

# تاك و .. مەدەنیەت*

تاك.. وەك هاولاتی هەر كۆمەڵێك، تەنها لە سایەی سیستەمی دیموكراسیدا و، لەسایەی سیستەمە دیموكراسیەكانیش، تەنها لە پەنای كۆمەڵی مەدەنیدا، دەبێتە خاوەن كەسایەتی سەربەخۆی خۆی و دەتوانێ توانا و سەلیقە و بەهرەی، چۆنی بوێ، بخاتە خزمەتی پێشكەوتن و داهێنانەوە.

پێش ئەوەی ئۆرگانەكانی سیستەمی دیموكراسی بچەسپێ و كۆمەڵی مەدەنی و مەدەنیەت جێگیر ببێ، تاك نەك مافی پێشێل و دەستەبەركراو نییە، بەڵكو لەوانەش خراپتر، تاك شەتەك دراوی پەیوەندی كۆنەپەرستانەی كۆمەلایەتی و بیروڕای دواكەوتوی سەدەكانی ناوەڕاستیشە؛ لەلایەكەوە، پێش چەسپاندنی دیموكراسی و مەدەنیەت لە كۆتەكانی دەرەبەگایەتی — خێڵەكێتی — خزمایەتی رزگاری نابێ و لەلایەكی دیشەوە، لەژێر هەژمونی بیروڕاكانی سەلەفیەت تاك توانای بیركردنەوەی سەربەخۆی ئەقڵانی نابێ. بەلام دوای سەركەوتنی دیموكراسی و دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵ و، لە دوای هاتنەدی ئۆرگانە مەدەنیەكان و كۆمەڵی مەدەنی، ئیدی تاك بەرە بەرە لە پەیوەندی دواكەوتوی كۆمەڵ دادەبڕدرێ و لەژێر هەژمونی بیروڕاكانی سەدەكانی ناوەڕاستیش سەرفراز دەبێ. بەمەش، ناتوانین تاك، وەكو تاكی هاولاتی دوور لە پەیوەندی خێڵەكی و بەدەر لە هەژمونی سەلەفی، پێش سەركەوتنی دیموكراسی و دەسەلاتە مەدەنیەكان ببینین.

هەموو هەوڵێك لەم بارەوە، پێش سیستەمی دیموكراسی و مەدەنیەت، لە هەر جیهانبینیەكەوە، سەلەفی یان خێڵەكی درابێ و بدرێ، یان هەوڵی پاساو هێنانەوەی كۆن لە ئارایشتێكی نوێدا بەم ئاڕاستە نوێیانەدا بدرێ، هەرگیز ناتوانێ مافە یاسایی و ئازادییەكانی تاكی سەربەست دەستەبەر بكا، یاوەكو كەسایەتی سەربەخۆ، تاك بە دابڕاو لە كۆتی كۆنەپەرستی و هەژمونی سەلەفی، وەكو هاولاتیەكی راستەقینەی گەل و نیشتمان، بخولقێنێ. ئێستا لە كوردستاندا، چەندین هەوڵی بینای كەسایەتی تاكی كوردەواری دەدرێ:

١) هەوڵی دیموكراسی، علمانی و ئەقلانی.

٢) هەوڵی خێڵەكی و كۆنەپارێزی.

* سەروتاری ژمارە (٨) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی دووەم (٢٠٠٠).

٣) هەوڵی سەلەفی کەسایەتی رۆحی.

جگە لەو هەوڵانە، هەوڵی کەسایەتی بانچەپ و هەوڵی تاکی روناکبیریی دابڕاویش لە هەموو ئۆباڵ و دەربەستیەکیش، هەتا رادەیەکی کەم هەیە. بەلاّم زۆرتر، سێ هەوڵەکەی سەرەوە، هەوڵی سەرەکی ئاڕاستەکانی تاکی دوای راپەڕینن. هەر سێ هەوڵەکەش بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتی ناکۆك و لە مل ملانێدان.

بێگومان، وەکو پرنسیپ، هەوڵی یەکەم (دیموکراسی و علمانی و ئەقلانی) راستەوخۆ پەیوەندیان بە کۆمەڵێ مەدەنی و بینای کەسایەتی تاکی کوردەوە، بە چەمك و پەروەردە و ئاڕاستەی نوێوە هەیە. وەکی دی، رەهەندی دوو هەوڵەکەی دیکە (خێڵەکی و سەلەفی) لە گەوهەردا دژی پێکهاتەی کەسایەتی سەربەخۆی تاکی مەدەنیخوازی راستەقینەن. چونکە بیرو پەیوەندی خێڵەکێتی و سەلەفی، سەربەخۆیی تاك پێشێل دەکەن. تەنها دیموکراسییە راستەقینەکان کە دیموکراسیەت دەبەستنەوە بە علمانیەت و لە عیلمانیەتیشدا، ئەقلانین، دەتوانن بە راستی بینای کەسایەتی سەربەخۆی مرۆڤ بکەن. تاك بکەنە هاوڵاتی کۆمەڵ و نیشتمان و دایبڕن لە کۆت و پێوەندەکانی رابوردوو. رابوردوی هەمەلایەنەی سەدەکانی ناوەڕاست.

کەسایەتی و مافەکانی تاك، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، جیاوازە. هەر لە سایەی شۆڕشی سەرکەوتوی دیموکراسیدا و لە بەدیهێنانی قۆناغەکانی مەدەنیەتیشدا، مافەکانی تاك چونیەك نەهێنراونەتەدی. بەڵکو پەیتا پەیتا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەتا گەیەندراوەتە بەشی زۆری مافە ئازادیەکانی ئابوری، کۆمەلاّیەتی و روناکبیری.

ئێستاش.. لەم هەلومەرج و ئاستە پێشکەوتوەی جیهاندا، مافەکانی تاك تێکەلاّوی داو و دەزگا نێودەوڵەتیەکان و دیاردە و دەرکەوتە جیهانیەکانیش بووە. پێبەپێی پەرەسەندنی ئابوری جیهان و گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەلاّیەتیەکان، مافەکانی تاکیش گۆڕاوون. بگرە پێش خراوون. لە ولاّتە پێشکەوتوەکاندا، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی ئابوری ولاّتان بۆ سەدەیەکیش دەچێ لەناو سنوری ولاّتەکانی رۆژئاوادا قەتیس نەماوە، بۆیە، نیو سەدەیەك دەبێ لەژێر فشاری خەباتی دیموکراتخوازان و رای گشتی جیهان، مافەکانی تاك هەتا هاتووە رۆچۆتە گۆشە و کەناری جیهان و جیهان کراوەتە مەیدانی مل ملانێی مافە رەواکانی تاك.تەنانەت ئێستا رژێمە ملهوڕەکانیش ناتوانن وەکو جاران رێگاکانی تەوژمی مافەکانی تاك بتەنن.

لــە رۆژهەڵاتــدا.. لەبەرئــەوەی بنــەمای ئــابوری پاشــکۆی مۆنۆپۆڵەکانــە و مۆنۆپۆڵە جیهانیەکانیش هێشتا بەرژەوەندی تەسکی ئابوری دەخەنە سەروو بەرژەوەندییە مرۆیی و دیموکراسیەکان، بۆیە، نەك لەسەر ئاستی جیهان، بەڵکو لە ناوخۆی وڵاتەکانی رۆژهەڵاتیشدا هێشتا تاك گیرۆدەی بیری کۆنەپەرستانە و باوەڕی سەلەفیانەیە. ئەمەش، ئەرکێکی گرنگی سەرشانی ئازادیخوازانی راستەقینە هاوشانی باقی ئەرکەکان زیاد دەکا لە راپەڕاندنی ئەرکی تاکی بێبەشکراو لە مافە سروشتیەکانی. بەڵام ورد تێگەیشتنیش لە چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەم مافانەدا، کارێکی پێویستە.

ماف و سەربەستی تاك، بگاتە هەر ئاست و ئاراستەیەك، ناکرێ بە دابڕاوی لە یاسا و رێساکانی دانراوە پێشکەوتوەکانی کۆمەڵەکان، سەیر بکرێ. یاوەکو حوکمی لەسەر بدرێ. بەڵکو تاکیش، وێڕای دەستەبەرکردنی مافە ئازادیەکانی، ئازادی وایلێدەکا هوشیارانەتر بڕوانێتە ئەرکە دەربەستەکانی سەرشانی بەرامبەر گەل و کۆمەڵ و نیشتمانەکەی. تێگەیشتن، یان کارپێکردنی مافەکانی تاك، ئەگەر بخرێتە ناو فەزای پەروەردەی فکری دابڕاو لە کۆمەڵ و ئەرکە چارەنوسسازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ، بێگومان ئەم جۆرە تێگەیشتنە پەیڕەوانیان بەرەو هەڵدێری فکری و مەعرفی دەبا. بەڵام بەپێچەوانەوە، گەر ماف و ئەرکەکانی تاك، بەپێی تایبەتمەندێتی کۆمەڵ و ماکەکانی پێشکەوتن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، پێکەوە کاری پێویستیان ئەنجام بدرێ، بێگومان دەتوانرێ هەم باشتر مافەکان بەدیبهێندرێن و هەم پابەندێتی ئەرکەکانیش بپارێزرێن.

هەڵبەتە.. ئەزمونەکانی ژیانیش.. بۆتەی زاخاودانی هەموو چەمك و ئاراستەکانە. لە دوا سەرەنجامدا، هەر چەمك و ئاراستە بابەتیەکان.. ئەوانەی دەتوانن لەگەڵ پەیامی خۆیاندا راستگۆبن، سەرکەوتن بەدەست بهێنن و ماف و ئەرکەکانی تاك بەرجەستەی ژیانی دیموکراسی و مەدەنی و پاشەڕۆژی ئازادی بکەن. تاکی سەربەخۆی تەفاعول لەگەڵ کۆمەڵدا بکا، نەك لە کۆمەڵ یاخی ببێ!

ئەمەش مەحاڵە بێتەدی، ئەگەر بێتو لە کۆمەڵە دواکەوتوەکاندا، تەواوی دیموکراسی خوازان لە بەرامبەر دژ و دوژمنەکانی سەربەستی راستەقینەی تاکدا، لە مل ملانێ چارەنوسسازەکانی پێشکەوتن و دواکەوتندا، لە خەباتی سەختی علمانیەت و سەلەفیەتدا، ئەرکی مێژوویی سەرشانیان لێبڕاوانە رانەپەڕێنن. **چونکە هەتا پەیوەندی کۆنەپەرستی و هەژمونگەری سەلەفی لەناو کۆمەڵدا کاریگەر بێ، دیموکراسی و مەدەنیەت و مافەکانی تاك .. بەتەواوەتی نایەنەدی.**

## بەشی سێیەم؛ تاوتوێی ڕێکخراوەیی:

١- ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و پرۆسەی دیموکراسی.
٢- هەڵبژاردنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و
خوڵقاندنی رای گشتی گەل.
٣- گوتاری سەرەتای یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت.
٤- گوتاری کۆتایی یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت.
٥- گوتاری کۆانفرانسی
ناوەندی روناکبیری راهێنانی کولتوری مەدەنی.
٦- بەهرەی ئازاد و کۆنگرەی ئازادی هونەرمەندان.
٧- گوتاری هەڵبژاردنی
بنکەی ئەدەبی و روناکبیریی گەلاوێژ – لقی کۆیە.
٨- دەسەڵات، حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان.

# ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و پرۆسەی دیموکراسی*

ڕێکخراوە دیموکراتییەکان .. لەهەموو جیهاندا، بەشێکی گرنگ و کاریگەری بنەماکانی پێکهێنانی کۆمەڵی مەدەنین. تەنانەت، لەسەرەتای پێکهاتەی ڕێکخراوی سەربەخۆی مەدەنی لە کۆمەڵی مەدەنیدا، ڕێکخراوە دیموکراتییەکانو سەندیکا پیشەییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، پێویستی بوونی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانیش، لەسەدەی هەژدەهەمەوە هەتا ئێستا، قۆناغ بە قۆناغ، هەتا هاتووە هەم بۆ سیستەمە دیموکراسییەکان و هەم بۆ ئازادییەکان و هەم بۆ خواستە پیشەییەکان، وێرای پێویستییە مەدەنییەکان، سەلماندویەتی کە هیچ کۆمەڵێك ناتوانێ کۆمەڵێکی پێشکەوتوی سەقامگیری ئاسودەی دیموکراسی بێ، ئەگەر ڕێکخراوی دیموکراتی سەربەخۆی نەبێ .. ئەگەر ڕێکخراوەکان مافی ئازادی هەڵسوڕانیان ئازادانە بەکارنەهێنن. ..

ڕۆژهەلات بەشێوەیەکی گشتی، لەگەڵ ئەوروپادا بەراورد بکرێ، لە خەباتی ڕێکخراوە دیموکراتییەکاندا، خاوەن ئەزمونێکی قوڵ و دوورودرێژ نییە. کاتێك بایەخی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و سەندیکا پیشەییەکان لە ڕۆژهەلاتدا بەتەواوەتی زانرا، ڕۆژهەلاتی خرابووە پەراوێزی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی. کاتێکیش کۆلۆنیالیزم لە ڕۆژهەلاتدا سەپێندرا، زۆر بە گران مافی دیموکراسی سەندیکاو ڕێکخراوەکان سەلمێندرا. کە خەباتی ڕزگاری نیشتمانیش و لەهەندێ وڵاتی ڕۆژهەلاتدا سەرکەوت، سەرکوتکردنی دیموکراسی لەبری جێبەجێکردنی دیموکراسی، پەیڕەو دەکرا. بۆیە دەبینین، نە پێش جەنگی یەکەم و نەدوای ئەوەش و نە پاشانیش، نەریتێکی ئەوتۆی دیموکراسی نەبووە

* لە ژمارە (١) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی یەکەم، (١٩٩٨) ل: ٢٢٢ دا بلاوکراوەتەوە.

هــەتا لــە ســایەیدا نــەریتێکی دیموکراســی و مــەدەنی بەرچــاوی ڕێکخــراوە دیموکراتییەکان بخوێنینەوە. ئەو بارودۆخە لە عێراقدا وەکو وڵاتێکی ڕۆژهــەڵات ڕەنگــی دابــوەوە، لــە کوردستانیشــدا، چــڕ بۆتــەوە. عێراقێکــی نــا دیمــوکرات نادیموکراتییەکەی لە کوردستاندا بە دەمارگیری نەتەوایەتیش جیبەجێ دەکرد. ســاڵی (١٩٥٨) هــەتا ڕادەیــەك و بــۆ مــاوەی دوو ســاڵ دۆخەکــە هێمنیــەکی دیموکراسی تێکەوت، بــەڵام لــە (١٩٦١)وە. هــەتا هــاتووە نــەك دیموکراســی لــە کوردستاندا جێبەجێنەکراوە، بەڵکو شۆڤێنیەتی نەتەوەی سەردەست خەســتترو دڕندانەتر سەپێندراوە. چوار ساڵی ئەزمونی بەیانی ( ١١ی ئازاری ١٩٧٠-١٩٧٤) لێدەرچێ کە کورد توانی یەك ویستی خۆی بســەپێنێ و ئــازادی لــە کوردســتاندا، (بە بێ بوونی دیموکراسی لــە عێراقــدا) دەســتەبەر بکــا، ئــیتر کــوردو کوردســتان هەمیشە باجی نەبوونی دیموکراسی و ئازادییان لە عێـراق و لەناوچەکەشـدا داوە. ئەم باجدانە، باجی خوێن و خاك و تراژیدیای کارەسات و مەرگەسات بــووە هــەتا ڕاپەڕینی (١٩٩١) ئیدی لەوە بەدوا، ویست و خواستی و ئارەزووی کــورد جۆشــی ئازادیو ئازادانەی خوارد.

ئەزموونی دیموکراسی لە دوای ڕاپەڕینەوە هــەتا ئێســتا، هێشــتا ئــەزموونێکی سەرەتاییەو ناتوانین وەکو ڕێسایەکی دیموکراسی مامەڵەی لەگەڵ بکەین. چونکە جگە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی بونەتەوە، حەوت ساڵ بــۆ ئــەزموونی دیموکراســی لــەوڵاتێکی ڕۆژهەڵاتــدا، لەچــاو پرۆســەی دوورو درێــژی دیموکراســی، تایبــەتی پرۆســەی بــە کۆمەڵایــەتی کردنــی دیموکراســی، هەناســەیەکی کــورتی ژیــانی دیموکراســییە. بــەڵام دەشــێ ئــەم ئەزمونــە، وەکــو مشــتێ لــە خــەروارێ، وەکــو سەرەتایەکی باش (کێشەو ناخۆشییەکانی لێدەرهاوین) هەڵبســەنگێنین، تایبــەت لەڕووی یاساییو ڕاگەیاندن و ئازادی هەڵسوڕانیشەوە.

ڕێکخــراوە دیموکراتییــەکان.. گەرچــی ڕێگایــەکی دوورو درێــژیان لەبەردەمــدا ماوەببنە ڕێکخراوی دیموکراتی ڕاستەقینەی سەربەخۆی دیموکراســی، بــەڵام لــەو حەوت ساڵەدا بوونی خۆیان سەلماندووەو هەتا ڕادەیەکیش ئازادانە تێکۆشــاوون.

گەرچی نەشتەری شەڕی ناوخۆ ئەمانیشی تووشی نەخۆشی لێك دابڕان و خۆهەڵواسین بەناوەندو دەسەڵاتە سیاسییە جیاجیاکان کردووە. تەنانەت هەندێ جار زیاد لە سنوریش ئەم دابڕان و خۆ هەڵواسینە ڕۆ دەچێنرێتە ناو ریزی رێکخراوەکان.

ئەزمونی حەوت ساڵ .. وێرای تاقیکردنەوەی خەباتی شاخی هەندێ لە رێکخراوەکان( خوێندکاران،مامۆستایان، هونەرمەندان، ماف ناسان، نوسەران..تاد) زۆر نییە بۆ دوا حوکم دان لەسەر کارو ئاکاری ئێکخراویی. بەڵام بایی ئەوەشە کارەکان تاوتوێ بکرێن و ناو بەناو بە بەرنامەی ریفۆرم هەوڵی پەرەپێدانی کاری رێکخراوەیی بدرێ، ( مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان) کە مەکتەبێکی تایبەتە بە کاری (پیشەیی – دیموکراسی) رێکخراوە دیموکراتییەکان هەتا رادەیەکی دیار بەرچاوێکی روونی هەیە لە هەڵسەنگاندنی چالاکییەکاندا. لە چوار ساڵی رابوردوشدا کە (مەکتەبی رێکخراوەکان) وەکو مەکتەبێکی سەربەخۆ تێدەکۆشێ، پێمان وایە توانیویەتی خزمەتێکی بەرچاوی سەرجەم رێکخراوەکان هەم بۆ سەربەخۆییان و هەم بۆ خواستەکانیان و هەم بۆ دابین کردنی پێویستییەکانیان، بکا سەرەڕای ئەوەی ئەم ساڵ لەچاو ساڵانی پێشوو، رێکخراوەکان باشتر پێشکەوتون، بەڵام پێشکەوتنەکان لەچاو ئەرکەکانی رێکخراو بە رێکخراو، هەروا، لەچاو ئەرکەکانی بەمەدەنی کردنی کۆمەڵ و کۆمەڵی مەدەنی، هێشتا رێگایەکی دورو درێژ لەبەردەم رێکخراوەکاندا ماوە. ئەمە جگە لەوەی کەم و کوڕیەکی بەرچاویش لە: هەڵسوڕان، چالاکی، ئەرك راپەڕاندن، تۆکمەیی رێکخراوەین، شایەن و شایستەیی، لێبرانی پیشەیی، خزمەتگوزاری، سەرچاوەی داهات چۆنیەتی سەرف کردن، ئەقڵیەتی دیموکراسی، بڕوای ئازادی، ئاستی رووناکبیری و پەروەردەی کادرو ئەندام..تاد کەمو کوڕی لە هەموو ئەو کارانەدا هەن. گەرچی ئەمە ئەوە رەت ناکاتەوە رێکخراوەکانیش لەو تەمەن کورتەدا خزمەتی باشیان کردووە.

مەکتەبی ڕێکخراوەکان .. وەکو ئەرکێکی سەر شان، سەرەنجامی تاوتوێ کردنی چالاکی ڕێکخراوەکان بۆی دەرکەوت بەرنامەیەکی نوێ بۆ چالاکی و هەڵسوڕانی ڕێکخراوەیی پێویستە. پاش لێوردبونەوەیەکی باش، بڕیاردرا دوور لە گیانی بیروکراتی کاری حیزبی، ڕێو شوێنی لێکدانەوەی تێکڕای ڕێکخراوەکان لە هەناوی خودی ڕێکخراوەکانەوە بەرنامەی بۆ داڕێژرێ. بۆ ئەم مەبەستەش، پرۆژەی سازدانی سیمینار بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکان گەڵاڵە کرا. لە ڕۆژی(١٢/٨/١٩٩٨) دەست کرا بە ڕێکخستنی سیمینارەکان. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەت و دام و دەزگاو پارێزگاکان، هاوکارییەکی باشیان کردین.

پێشتر خاڵە سەرەکییەکانی سیمینارەکان دابەشکرایە سەر هەموو ڕێکخراوەکان هەتا خۆیان باشتر ئامادە بکەن. دوای ئەوەی وەڵام وەرگیرا کە ڕێکخراوەکان بەپێی خاڵە سەرەکییە پێش نیازکراوەکان ئامادەن، ئینجا بڕیاری دانیشتنەکان درا. سەرجەم (١٤) سیمینار سازدران. تێکڕا (٦١) سەعات مشت وماڵی ڕێکخراوەیی کرا بەرنامەی سیمینارەکان بەرێکوپێکی بەڕێ بران و بوون بە مایەی ڕەزامەندی ڕێکخراوەکان. سەرەنجامی گرنگیش لەناو ڕێکخراوەکان بۆ کارو چالاکی و بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەسەرنەکراوەکان هەڵهێنجێندران. کە بەشێکی خرایە بەردەست ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان، دام و دەزگاکان. تەنانەت هەندێ لە کێشەکان چارەسەریش کران.

# هەڵبژاردنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و خولقاندنی رای گشتی گەل*

ئاشکرایە کەوا؛ دیموکراسیو پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە، مەحەکی راستەقینەی دیموکراسیەتی هەموو ئەزمونو دەسەڵاتو حزبێکە. بەڵکو بێ هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی ئازادانەش، جگە لەچەواشەکردنی خەڵكو رای گشتی، چی دیکە ناگەیەنێ.

پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسی، وەکو هەموو مەسەلە سیاسیو پرەنسیپەکانی ژیان، لەنەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە، لەدەسەڵاتێکەوە بۆ دەسەڵاتێکی دیکە، لەحزبێکەوە بۆ حزبێکی دیکە، جیاوازە. وڵاتانی پێشکەوتوو ئەزموونی پێشکەوتووی دیموکراسیو هەڵبژاردنی دیموکراسی پێشکەش دەکەن. وڵاتانی مامناوەنجیش ئەزمونی مامناوەنجی. وڵاتە دواکەوتووەکانیش، بەپێی پابەندی جیاوازی حزبەکان، لەهەوڵی جیاوازی چۆنیەتی بەدیهێنانی دیموکراسیدان.

هەتا راپەرینی بەهاری (١٩٩١) گەلەکەمان لەباشووری کوردستاندا، دەرفەتێکی سەربەخۆی تاقیکردنەوەی دیموکراسی بۆ هەڵنەکەوتبوو. هەلکەوتی پاش شۆڕشی (١٩٥٨)و پاش بەیانی ئازاری (١٩٧٠)، پاشکۆی دۆخی ناو عیراق بوون. تاقە دەرفەتی هەلکەوتوی سەربەخۆ، لەپاش راپەرینەوە هەلکەوتووە کەگەلەکەمان بتوانێ جیاوازی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتە نادیموکراسیەکانی ناوچەکە، لەبۆتەی پراکتیکی دیموکراسیانەدا، بسەلمێنێ. مەخابن ئەم هەلکەوتەش گرفتاری گرفتی خەتەرناك کراو خەریك بوو لەگرێژەنەش دەربکرێ.

---

* ئەم گوتارە لە ژمارە (٣) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)،ساڵی یەکەم، (١٩٩٩) ل: ٢٢٨دا بڵاوکراوەتەوە.

هەڵبـژاردنی یەکـەمین پەرلـەمانی کوردسـتان (١٩٩٢) بەبەشـداری زۆربـەی هەرەزۆری گەلەکەمان، بەنێرومێیەوە، بەڵگەی عیشقی ئـازادیخوازی گەلەکەمانـە بەئازادی. بـەڵام بەداخـەوە ئـەو عیشـقە بەشـەڕی نـاوخۆ هـەتا رادەیـەکی دیـار، خەفـەکراوە. لەوسـاوە هـەتا ئێسـتا، جگـە لەهەڵبـژاردنی ئازادانـەی رێکخـراوە دیموکراتیـەکان، بـواری دیکـەمان نـەبووە گیـانی هەڵبـژاردنی ئـازاد، زاخـاوی دیموکراسـی بـدەین. مـەخابن، رێکخـراوە دیموکراتیـەکانیش، نـەك هـەر لەوەیشومەکانی شەڕی ناوخۆ نەپارێزران، بـەڵکو راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ، کەموزۆر، تێوەگلێندرانە شەڕی ناوخۆو شەڕی حزبایەتیەوە. هەر بۆیە؛ تەنانـەت پێش قەوماندنی شەڕی ناوخۆش، کۆسپو تەگەرەی حزبایەتی دەخرایە بـەردەم هەڵبژاردنی سەرانسەری رێکخراوە دیموکراتیەکان. هـەر دەڵێـی: توێژینەوەیـەکی چینو کەرتو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ کرابێو پێشوەخت زانرابێ سەرەنجامی هەڵبـژاردنی رێکخـراوە دیموکراتیـەکان لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان چـۆن دەکەوێتـەوە، بۆیـە، هەنـدێ حـزب پەرۆشـی هەڵبـژاردنی سەرانسـەری نـەبوون. ئەمەش، ئەو راستییە (سۆسیۆ-سیاسیە) ساغ دەکاتەوە کەوا: پایەی حزبەکانی کوردستان، لەناو رووبەری کۆمەڵو ژیانی کۆمەڵایەتیدا، چونیەك نییـە. حزبـی وا هەیـە پایـەی لـەناو ئـەو خەڵکـەدا بـەهێزە کەکـەمتر پەیوەنـدییان بەپرۆسـە دیموکراسـییەکەی رێکخـراوە دیموکراتیەکانەوە،هەیـە. یـان وردتـر بڵـێین: گۆڕانکارییەکان وایان کردووە ئاڵوگۆڕێکی باش لەناو کوردەواریدا، لەناو هەستو هەڵوێسـتی چـینو توێـژ، خوێنـەرو رووناکبیرانـدا، بخوڵقـێ. بـەڵام کاریگـەری گۆڕانکارییەکان بەپێی پێویست نەگەیشتۆتە ناو خەڵکی دیکە. تایبەت نـاو هـۆزو خێڵو کۆنخوازو جوتیارە دوورە دەستەکانی شارو شاخ.

کاتێك، هێزە سیاسییەکانی کوردستان رووبەڕووی (سۆسیۆ-سیاسـی) واتـە: حاڵەتی کۆمەڵایەتی- سیاسی تێکەڵاوی ئاوا دەبنەوە، ئـەرکی هێـزە دیمـوکراتو عـەلمانیو مـەدەنیخوازەکان چـیە؟ ئـەرکیان ئەوەیـە سـەنگەرە بابەتیـە هاوبەشەکانیان لێك بترازێنن، یان لەبەرامبـەر سـەنگەری نەیارەکانیانـدا، لێکیـان نزیك بخەنەوە؟ بێگومان ئەزمونەکانی تێکڕا ئەزموونە سیاسی- دیموکراتیـەکانی جیهان سەلماندوویانە کەخەباتی هاوبەش لەناو میللـەتانی وەکـو کـورد، کـارێکی

دیموکراسی گرنگو کاریگەرە؛ بەپێچەوانەشەوە، لێکترازان، دەرتان رەخساندنە بۆ دژو دوژمنانی دیموکراسیو ئازادی.

لەناو هێزە سیاسیەکیانیشدا، لەهەر قۆناغێك، یاخود لەگەرمەی هەر گوژمێکی سیاسیدا، لایەکی سیاسی ئەگەر نەشبێتە پێشڕەو، ئاوا دەبێتە پێشەنگ، یان داینەمۆی پرۆسێسی دیموکراسی. ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تێکڕای هێزە دیموکراتخوازەکان ئەرکی سەرشانیان بێ کەبەرنامەی هاوبەشیان بەرامبەر نەیاران هەبێ، ئەوا ئەرکێکی تایبەتیتر دەکەوێتە سەر پێشەنگی سیاسی لایەنە سیاسییەکان کەئەویش پتەوکردنی زەمینەی دیموکراسیو خولقاندنی بیروڕای دیموکراسیو بەدیهێنانی ئەو ئەرکە دیموکراسییانەیە کە دەتوانرێ بەرەبەرە بەدیبهێنرێت. سەرجەم ئەو مەسەلە دیموکراسیانەش، ئاکامی کارلێككردنیان، بیروڕای گشتی دیموکراسی لەناو خەڵكو دەوروبەردا دەخولقێنن. خولقاندنی بیروڕای گشتیش، مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە بۆ پێشخستنی دیموکراسیو بەدیهێنانی خواستە دیموکراسیەکان. یان بۆ نەهێشتنی گرفتەکان. یاخود بۆ ساغکردنەوەی راستیەکان. یاوەکو بۆ رێلێگرتنی گزیو فزیو فێڵو مانۆڕی ئەم لاو ئەولا.

لەولاتە هەرە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، کەبیروڕای گشتی خولقاویش هەیە، کاتێك بڕیاری هەڵبژاردن دەدرێ، تەواوی توانا دەخرێتە کار بۆ ئاراستەکردنی دروستی رای گشتی. کورد کە رای گشتی خولقاوی نییە، دژوارە بتوانین بەشێوەو شێوازی دروست خەڵك ئاراستەی دیموکراسیانە بکەین، بەڵام هەم لەپێناوی ئەوەی بەرەبەر رای گشتی لەئایندەدا بخولقێنێتو، هەم بۆ ئەوەی راستیەکان بکەینە هەوێنی خولقاندنی رای گشتی، زۆر گرنگە دەزگا راگەیەندنەکان، بەتایبەتی رۆژنامەو تەلەفزیۆن، لەم بارەوە رۆڵێکی بەر چاو بگێڕن.

ئێستا.. تەنها رێکخراوە دیموکراتیەکان تاقە بواری ململانێی ناو هێزە بەرنامە جیاوازەکانن. رێکخراو بەرێکخراویش نۆرەی هەڵبژاردنیان دێت. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵبژاردنی رێکخراوەکاندا، دیقەتی سیاسی، یاسایو دیموکراسی راگەیاندنی لەهەموو بارێکەوە دەوێ. مەسەلەکە تەنها بەوە تەواو

نابــێ هــەواڵی هەڵبژاردنەکــە بڵاوبکرێتـــەوە. مەســـەلەکە لـــەوە فـــراوانترو پـــەلوپۆدارترە. پێشـــمان وایـــە، هـــەموو کادرێـــکو هـــەموو کاربەدەســـتێك لەئۆرگانەکاندا، ئاستو لێوەشاوەیی ئەوەی نییـە بڕیار لەنەخشـەی راگەیانـدن، یان رێکخستنی پرۆسەی هەڵبژاردن بدا؛ پرۆسەی هەڵبژاردن، پرۆسەیەکی ئاسان نییە. هەڵبژاردن، چڕ کردنەوەی تەواوی حاڵەتە ئـابوری، کۆمەڵایـەتی، سیاسـی، رووناکبیریو سایکۆلۆژییەکانی چینو توێژو کەرتـەکانو کـەسو کەسایەتیەکانی کۆمەڵن.

هـەر حاڵـەتێك لـەو حاڵەتانـە، توێژینـەوەو لێکدانـەوەی گشـتیو تایبـەتییان دەوێ. چـۆنیەتی بەرنامـە دارشـتن، چـۆنیەتی پڕوپاگەنـدە کـردن، چـۆنیەتی کەسـایەتی پێگەیانـدن، چـۆنیەتی کاریگـەری وروژانـدن، چـۆنیەتی متمانـە پەیـداکردن، چـۆنیەتی راسـتگۆیی سـەلماندنو چـۆنیەتی کاندیـد دیـاریکردن، هەموو ئەو حاڵەتو مەسەلانە، پێویسـتیان بـەورد کردنـەوەی هەمەلایەنـە هەیـە. کـاری ئـاواش، سـەنگینو دژوارە. نـە لـەتوانای تاقـە دەزگایەکـەو لـەناو دەزگاکانیش، بەتایبەتی راگەیاندن، کارێکە لەدەستی هەموو کەسێك دێت.

ئەم راستییانە ئەگەر هەتا هەنوکە کادرو نوسـەرو هەڵسـوڕاوی بـۆ پـەروەردە نەکرابێ، ئەوا ناکرێ بیرێکی مەسئولانەی دیموکراسیانەی لێ نەکرێتەوە، چـونکە، هەڵبـژاردن، بەتایبـەتی لـەناو خـەڵکداو لەچـۆنیەتی خولقانـدنی رای گشـتیو ئاراسـتەکردنی سـاتبەسـاتی رای گشـتیدا، بـەرپرسو کـادرو نوسـەرو خـەڵکانی شایسـتەو لێوەشـاوەیان دەوێ. پرۆسـەی هەڵبـژاردن نەدەدرێتـە دەسـتی (قەدەر!)و نەدەشخرێتە گرەوی ئارەزووی ئەمو ئەو کاربەدەست. یان ئەمو ئـەو کادری راگەیاندن، یان رێکخستن!

ئێستا.. ئیدی دەبێ هۆشی دیموکراسیمان هاتبێتە بەرو چارەنووسی سیاسـیمان بزانین. ئۆباڵی دیموکراسیش بۆ سەرجەم هەڵبژاردنەکان، بەهەڵبژاردنی رێکخراوە دیموکراتیەکانیشەوە، ئۆباڵێکی هەرەوەزییە. گەرچی بەرپرسـیارێتی تایبەتیشـی هەیـە. پـێشو لـەکاتی هەڵبژاردنەکانـدا، دەبـێ وریـا بـین. لـەپاش هەڵبـژاردنیش خـەمسـاردو بێبـاك نـەبین. بـەردەوام پـەرۆش بـین. بـەردەوام لەتێگەیانـدنو پێگەیاندنی رای گشتی گەلەکەمانو چینەکانو رێکخراوەکانـدا بـین. بـەردەوام.. لەکۆششی مەدەنیدا بین.

# گوتاری سەرەتای
# یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت*

خۆشحاڵین بەناوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی ی.ن.ك و دەستەی نووسەرانی گۆڤاری مەدەنیەتەوە، پڕ بەدڵ بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێ بکەین، هیوادارین هاتنی مامۆستا بەڕێزەکانی زانکۆی صلاح‌الدین و هاوکاریکردنی مامۆستا بەڕێزەکانی زانکۆی سلێمانی، پێکەوە هەموویان لەراپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەم سیمینارە سەرکەوتووبن و ببێتە مایەی باشتر تێگەیشتنمان لەچەمکەکانی مەدەنیەت، لەچۆنیەتی تێگەیشتن لەمەدەنیەت و، لەچۆنیەتی راپەڕاندنی ئەرکەکانی مەدەنیەت لەکوردەواریدا.

ئەمە بۆ یەکەمین جارە بۆ کاروانی کولتوری کورد سیمینارێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو، بۆ چەمکێك لەچەمکە هەرە گرنگەکانی چارەنووسی بونیادی کۆمەڵ و بنەماکانی مەدەنیەت، لەناو کۆمەڵا ساز دەکرێت، سازدانی سیمینارێك و بانگهێشتکردنی ئەو مامۆستا بەڕێزانە بۆ شاری سلێمانی، بەڵگەی ئەوەیە کوردیش، کوردەواریش، ئەزمونە سیاسیەکەی کوردیش لەکوردستانا تێگەیشتووە لەروانگەی هاوچەرخیەوە، لەرووبەری فراوانی روناکبیریەوە بڕوانێتە راپەڕاندنی ئەرکە دیموکراسی و ئازادی و سەربەستیەکانی سەرشان، هیوادارین سیمینارەکە بەشێك لەئەرکەکانی رونکردنەوەی چۆنیەتی بینای کۆمەڵی مەدەنی رابپەڕێنێ و چرایەك داگیرسێنێ بۆ روناککردنەوەی ئەو جیهانەی کەزۆری ماوە لەکوردستانا روناك بکرێتەوە.

بەڕێزینە !

ئێمە لەکۆتایی هەزارەی دووەمداین، ساڵێکی تر پێ ئەنێینە هەزارەی سێیەمی ژیانی ئادەمیزاد، لەکاتێکدا دوو هەزارەی کاروانی شارستانی بەرێ

---

* یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت رۆژانی ٢٠ — ٢٢ / ٧ / ١٩٩٩ لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی بەڕێوە چوو.

دەكەین، هێشتا سەدان پرسیاری بێ وەڵام لەكوردستان، لەناو ڕووناكبیران، لەناو حزبەكان، لەناو سیاسەتمەداران، لەناو ئەزموونەكەمان، لەمێشكمان، لەناخمانو لەویژدانمان هێشتا سەدان پرسیاری بێ وەڵام ماونەتەوە، دوو هەزارەی پێشوو بەهەموو ڕووداوەكانی، بەهەموو دیاردەكانی، بەهەموو دەركەوتەكانی، بە قۆناغەكانی گۆڕانو گۆڕانكاریەكانی، دوو هەزارەیەك بوو سەبارەت بەچارەنووسی ئێمە دەتوانین بڵێین: هەر قەڵەمڕەوێك بیری كردبێ، هەر ڕەوتێك، هەر ڕەوشێك سەری هەڵدابێ، هەر فەلسەفەیەك زاڵكرابێ، هەر بنەمایەك سەپێنرابێ، لەدووهەزارەی ڕابردوودا، هەرچی هات، هەرچی حوكمی كرد، هەرچی سەپێنرا، هەتا ئێستا ئەگەر مشتومالێكی زانستی، مشتومالێكی هەمەلایەنە، مشتومالێكی بەویژدان، مشتومالێكی بەبەرنامە لەدوو هەزارەی ڕابردووی بەشەریەت بكەین، ئەبینین كوردو كوردستانو كوردەواری جگە لەمەینەتی، جگە لەكوێرەوەری، جگە لەغەدر، جگە لەزوڵم، جگە لەدەستدانی كەسایەتیمان، جگە لەكوێركردنو سەركوێركردنی نەتەوەكەمان، جگە لەداگیرو دابەشكردنمان، جگە لەبێ مافكردنو بێبەشكردنمان لەهەموو پێویستیەكانی شارستانی، مەدەنی، دیموكراسی، چارەی خۆنووسین، تەنانەت زۆر جار بێبەشكردنمان لەمافە مرۆڤایەتیەكانی سەرئەرزیش، دوو هەزارەی تەمەنی مرۆڤایەتی لەسەر ئێمە تێپەڕین؛ ئەو هەموو ناعەدالەتیەمان بەسەر سەپێنران. واخەریكە پێ دەنێینە هەزارەی سێیەم، هێشتا وەڵامی چارەنووسی كورد وەكو خۆی نەدراوەتەوە، وەڵامی مافی چارەنووسی خۆی وەكو خۆی نادرێتەوە، ئەمە بۆخۆی ئۆباڵێكی زۆر گران، ئۆباڵێكی هەمەلایەن، ئۆباڵێكی ناسك، ئۆباڵێكی وردبین، ئۆباڵێكی پڕ لەمەعریفە، ئۆباڵێك پڕ لەپێویستی، ئۆباڵێك پڕ لەڕووناكبیری، ئۆباڵێك پڕ لەزانستی، ئۆباڵێك كەدەبێ هەموو كەسێك، هەموو لایەك، هەموو حزبێك، هەموو چینێك، هەموو ڕووناكبیرێك، هەموو گۆڤارێك، هەموو ڕۆژنامەیەك، هەموو تەلەفزیۆنێك، هەموو كەسێك كوردبێو دۆستی كوردبێ، دەبێ بزانێ ئێمە پێ دەنێینە هەزارەی سێیەمو هەزارەی سێهەمیش نەك ڕێگایەك نییە تایبەت حكومەتێك، یا چەند حكومەتێكەوە، یا ناوەندێك یا

چەند ناوەندێکەوە، بەڵکو هەزارەی سێیەم دەیان رێگەی لێ کراوەتەوە، دەیان پەنجەرەی لێ ئاوەڵابووەو، پرشنگەکانی هەزارەی سێیەم، پرشنگەکانی جیهانگیری، پرشنگەکانی شارستانی، پرشنگەکانی مەدەنیەت، پرشنگەکانی رووناکبیری، پرشنگەکانی مەعریفەت، دژی بیری چەقبەستوو، دژی بیری کۆنەپەرستی، دژی بیری کۆنخوازی، دژی بیری کوێرەوەریی، دژی بیری پاراستنی نەریتی دواکەوتوو، دژی هەموو بیرێك کەکۆسپ بێت لەبەردەم پێشکەوتن، کەکۆسپ بێت لەبەردەم پێشکەوتنخوازی، کەکۆسپ بێت لەبەردەم ئازادی، کۆسپ بێ لەبەردەم ئازادی ئەقڵ، ئەقڵانیەتی ئەقڵ، داوەرییەکانی ئەقڵ، پێویستییەکانی ئەقلانی، هەموو ئەو فشارانە، هەموو ئەو کۆسپانە، هەموو ئەو رێگایانە، هەموو ئەو دەسەڵاتانە لەهەزارەی سێیەما هەتا دێت بەرەو خوسان، بەرەو کەمبوون، بەرەو نەمان، بەرەو تەختبوونی چۆنیەتی خزمەتکردنی نەتەوەکەمانو چۆنیەتی گەیشتن بەچارەنووسمان، چۆنیەتی دارشتنی بونیادەکانی کۆمەڵی ئێمەو نەتەوەی ئێمەو ئەزموونی ئێمەو وڵاتی ئێمە ئەروا.

ئەگەر دووهەزار ساڵی رەبەق لەدەستمان چووبێ، ئاورێك وەکو میللەتێك لەمیللەتە خاوەن مافەکان لەئێمە نەدرابێتەوە، ئەگەر دوژمنان، ئەگەر داگیرکەران، ئەگەر بیرورا جیاوازەکان، ئەگەر دەوڵەتە گەورەکان، ئەگەر جەمسەرە گەورەکان، بەرۆژهەڵاتو رۆژئاواوە؛ ئەگەر ئیمپراتۆریەتەکان، ئەگەر دەسەڵاتە ئایینیەکان، نائایینیەکان، لەدوو هەزارەی ساڵی رابردووی بەشەریەتدا، نەك وەکو پێویست، بگرە دەلەسەر سەدی پێویستیش ئاورپیان لەئێمە نەدابێتەوە،و ئۆباڵێکی بەشێکی زۆری کارەساتە تراژیدیاکانمان، دواکەوتنمان، نەبوونی بچووکترین قەوارەمان، ئەگەر ئۆباڵی هەموو ئەو ئۆباڵانە لەدوو هەزار ساڵی رابردوودا بکەوێتە سەر دوژمنانمان، ناحەزانمان، کۆنەپەرستان، ئەوا هەزارەی سێهەم خەریکە رێگاکان ئاوا دەکاتەوە کە هەر میللەتێك خۆی، دوور لەو فشارانەی لەوەو بەر ئەخرانە سەر میللەتان، بتوانێ رێگاکانی پێشکەوتن، رێگاکانی شارستانی، رێگاکانی دیموکراسی، رێگاکانی

ئازادی، ڕێگاكانی مرۆڤایەتی، ڕێگاكانی ڕووناكبیری، ڕێگاكانی ڕزگاركردنی ئـەقڵ بدۆزێتەوە. كەواتە ئێمە لەئاستانەی سـەدەیەكداین كـەئیتر ئۆباڵەكـە لەئەسـتۆی خۆمانە، بڕیارەكە بەدەستی خۆمانە، پێویستیەكان لەمێشكی خۆمانـەوە، دەبـێ ڕەنگی بۆ بڕێژرێ، بەرنامەی بۆ دابنرێو بڕیاری بۆ بدرێ، لـەپێناوی ئـەو پێنـاوە هەموو حزبە سیاسییەكان، سەركردایەتی سیاسی كورد، هـەموو ڕووناكبیرەكـان، كاربەدەستەكان، دامو دەزگا ڕووناكبیرییەكان دەبێ زۆر مەسئولانەتر لەپێشـوو، لەبەر ڕۆشنایی كارەسـاتەكانی ڕابـردوو، ئەركـەكانی سەرشـانی ڕووناكبیریمـان، ئەركـــەكانی سەرشـــانی شارســـتانیمان، ئەركـــەكانی سەرشـــانی چـــۆنیەتی بەگەڕخســـتنی هـــەموو وزەكـــانی ئـــەقلی مرۆڤـــەكانمان، دوور لـــەترسو بـــیری خورافیاتو تۆقاندن، ئەكەكانی چۆنیەتی بینـاكردنی ئـەو پێویسـتیانە ڕاپـەڕێنێ كەتواناكانی ئێمە، نەك هەر توانای دەسەڵات، تواناكانی غەیرە دەسەڵاتی ئێمـە، توانای ڕێكخراوەكـان، توانـای ڕووناكبیرەكـان، توانـای تاكـەكان، توانـای هـەموو كەسێك كەبیەوێ ئازادبێ، بیـەوێ سەربەسـت بـێ، بیـەوێ یەكسـان بـێ، بیـەوێ ژمارەیەك بێ لەژمارەكانی كۆمەڵ، لەپێناوی ڕاپەڕاندنی ئەركەكانی كۆمەڵ، بەبێ ئەوەی پێویستی بەوەبێ دەسەڵات پێی بڵێ بیكە یـا نەیكـە، ئـەركی سەرشـانی هەموو لایەكە، هـەموو كەسێكە، هـەموو پێویسـتیەكانی چۆنیەتی خسـتنەكاری تواناكانی كۆمەڵی ئێمە، وزەكانی كۆمەڵی ئێمە، بیرەكـانی كۆمـەڵی ئێمـە بخاتـە گەڕو پێویسـتیەكانی فەراهـەمبكـاو دامو دەزگاكـانی دابمـەزرێنێ، تـەواوی توانـا بخاتە كـار، هەرچـی توانـا هەیـە لەكوردسـتانا دوور لەگۆشـاری حزبایـەتی، دوور لەترسـی مەزهـەبی، دوور لەتۆقانـدنی دەسـەڵات، هـەموو تواناكـان، توانـای سەربەخۆ، توانای ئازادو توانای پابەند، هەموو تواناكان لەناو بۆتەی پێشخستنی كۆمەڵو، لەناو ڕێبازی گۆڕانكارییەكان، سەرفرازی، ئازادی، ڕزگاریو پتـەوكردنی هەموو مەعریفەكان، دەبێ تواناكان هەموو ڕێگاكانیـان بـۆ ئـاوەڵابكرێ، كۆسـپو تەگەرەكانیان لابرێ، فشارەكانیان لەسەر لابرێ، بۆ ئەوەی مرۆڤی بەهرەمەند، مرۆڤـی بـەتوانا، مرۆڤـی بـەوزەی ئێمـە هـەر توانـاو وزەیـەكی هـەبێ، بشـێ بـۆ خزمـەتكردنی كۆمـەڵ، بشـێ بـۆ بینـای كۆمـەڵ، بشـێ بـۆ خولقانـدنی هـەموو

بـەهرەکان، دەبـێ هــەموو دەرفەتــەکانی بـۆ برەخســێنین، هــەموو ڕێگاکــان بکەینەوە، هەموو کلاورۆژنەکان ڕۆشنکەینەوە، هەتا بتوانرێ چی وزە هەیە لەناو کۆمــەڵا، چــی وزە کەبەدرێــژی ســەدان ســاڵی ڕابــوردوو خەفــەکراوە، چــی وزە کەلەژێرکاریگــەری هــەموو دەســەڵاتەکانی لەمەویــەر، دەســەڵاتە سیاســیەکان، دەســەڵاتە مادیــەکان، دەســەڵاتە ڕوحیــەکان، وابکــەین لــەژێر هــەژمونی ئــەو دەســەڵاتانە: تواناکانمــان، وزەکانمــان، عــەقڵمان، بــەهرەمان هــەر هــەمووی ســەرفرازبێ، ئازادبــێو داوەریــەکانی بــەهرەو داوەرییــەکانی ئــەقڵ حــوکم بــدەن لەچۆنیەتی خزمەتکردن، لەچۆنیەتی بڕیاردان، لەچـۆنیەتی بـەدیهێنانی ئـازادیو بەکارهێنانی ئازادیو بەئازادانە کارکردن.

بەڕێزینە !

بـەبێگومان هــەزارەی ســێهەم کەهــەموو ئــەو ئۆبالآنـە ئەخاتـە سەرشـانمان، ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کارێك نىیە تــەنها بەقســە، تــەنها بـەبڕیار، تــەنها بــەوتار، تەنها بەیاسا داڕشتن، بتوانین تەواوی ئەو ئەرکانەو ئەو ئۆبالآنە ڕاپــەڕێنین، ئــەو ئەرکانەی کەئۆباڵەکەی لەسەر خۆمانەو چارەنووســەکەی خۆمــان دیاریئەکــەین، لەخۆبووردن، ماندووبوون، قوربانیدان، بێباکی، دەستپێشخەری، فەراهەمکردنــی تواناکان، دابینکردنــی پێویســتیەکان، شــەونخونی، پــەرۆشــی، خولیــاو ئەوپــەڕی مانــدوو بــوونی ئــەوێ، کــورد ئەگــەر تــوانیبێتی بەدرێــژایی مێــژوو ســەنگەرەکانی بەرەنگاری خۆی پتەوبکاو، بوونی خۆی بپارێزێو بەمــەش شــانازییەکی گــەورەی لەچاو میللەتە توێنراوەکانی هێنابێتەدی، ئەوا لەمەودوا کورد دەبێ لەم شانازییە زیاتر بێنێتە دی، شانازی پێداگرتن لەسەر تێکەڵاوبوون بەشارستانیەت، شــانازی چــوونە نــاو بازنـــە ڕۆشـــنگەریەکانی مێـــژوو، شـــانازی بـــەدیهێنانی ئەرکـــە مرۆڤایەتیەکان، ئەرکە مەدەنیــەکان، ئەرکــە عەلمانیــەکان، ئەرکــە ئەقڵانیــەکان، دەبێ ئەو شانازیانە کورد هەروەکو ســەنگەری بــەرەنگاری خــۆی ســەیریان بکــا، وەکـــو ســـەنگەری ســـەرکەوتنی خـــۆی ســـەیریان بکـــا، وەکـــو ســـەنگەری دەستەبەرکردنی بڕیاری مافی چارەنووسی خۆی سەیریان بکا. ئەمە بڕیارەکــانی ئەم ســەردەمەن، لەمــەودوا چــارەنووسمان تــەنها بەتفــەنگ، تــەنها بەسیاســەت،

تـەنها بـەگیانی حزبایـەتی، تـەنها بەیاسـا دیاریناکرێ، جگـە لەیاسـا، جگـە لەسیاسەت، جگە لەپێویستیە ئایدۆلۆجیەکان، جگە لەپێویستیە فەلسـەفیەکان، پێویستیەکانی تری بینای کۆمـەڵو لـەپێش هەموویانـەوە، دابـینکردنـی ئـازادی، لەسـایەی ئازادیشـا چـۆنیەتی بینـاکردنی کۆمـەڵێکی مـەدەنی دوور لـەترسو تۆقانـدن، یەکێکـە لەمەسـەلە هـەرە پیرۆزەکـانی سەرشـانمان، ئەگـەر بمانـەوێ تەواوی تواناى کوردەواری لەپێناوی خزمەتی کوردەواری بخەینە گەڕ.

پێمان وایە ئەگـەر ئۆرگانـەکانی مەدەنیـەت، مەدەنیانـە دانەڕێـژرێ، ئازادانـە مافی ئازادییان نەدرێن، دەسـتەبەری یاسـایی پێویسـتیەکانی مـادی بـۆ ئۆرگانـە مەدەنیەکان، بۆ پێشکەوتەکان، بۆ بەهرەمەنـدان، بـۆ تـەواوی تواناکـان، ئەگـەر هەموو پێداویستیەکانیان وەکو پێویسـت دابـین نـەکرێن، بەپەرۆشـیەکی زۆرەوە خزمەتی ئۆرگانەکانی مەدەنیو بینای مەدەنیو کۆمـەڵی مـەدەنی نەکـەین، پـێم وایە بەدەستی خۆمان ئەبینە مایەی زەرەرێکی ئێجگـار گـەورە لـەم هەڵکەوتـەی کەلـەجیهانا بۆمـان هەڵکـەوتووە، هەڵکـەوتێکی گـەورە لـەجیهانا هەڵکـەوتووە کەلـەهیچ قۆناغێـك لەقۆناغـەکانی سیاسـی رابـردوودا، بـۆ نەتەوەکـەمان، بـۆ گەلەکــەمان، بــۆ ئــەزموونمان، بــۆ حزبــە سیاســیەکانمان، هەڵکــەوتی وا هەڵنەکـەوتووە. ئـەم هەڵکەوتـە زۆرتـرین ئۆباڵـەکانی لەسـەر خۆمانـە، پـڕ بـەدڵ هیوادارین هەموو ئۆرگانەکانی ئێستای کۆمەڵمان، حزبە سیاسیەکانی ئێسـتامان، رێکخـراوە دیموکراسـیەکان، کەسـە ئازادەکـان، رووناکبیرەکـان، مامۆسـتای زانکۆکان، پەیمانگاکان، هونەرمەندو وەرزشـکارو هـەموو کەسـێك کەبەشـێوەیەك لەشـێوەکان پەیوەنـدی بەپێشـکەوتن، پەیوەنـدی بەدیموکراسـی، پەیوەنـدی بــەئازادی، پەیوەنــدی بەیەکســانی، پەیوەنــدی بەدژایــەتیکردنی بــیری کۆنەپەرسـتیەوە هەیـە، هیـوادارین هـەموان بەشـێوەیەك لەسـەنگەری خزمـەتو پێشـکەوتنو بینـای مەدەنیـەتا کۆببینـەوە، کەبەراسـتی ئـەو پرۆسـەیە، ئـەو پێشــکەوتنە، رۆژ بــەرۆژو مــانگ بــەمانگو قۆنــاغ بــەقۆناغ هــەتا بێــت لەپێشکەوتنابێت.

ئێمـە وەکـو گۆڤـاری مەدەنیـەت جگـە لـەوەی پێشـتر بەپێویسـتمان زانـی گۆڤارێك بۆ ئەم ئەرکە دەربکەین، دەمێکیشە بیر لەوە دەکەینـەوە سـیمینارێکی ئاوا سازدەین، پێمان وایە سازدانی سیمینارەکە سەرەتایەك دەبێ‌و بـەس؛ ئەمـە سـەرەتایە پێویسـتی بەپـەیگیرکردن‌و لەسـەر رۆیشـتن‌و دەوڵەمەنـدکردن‌و قووڵکردنـە، دڵنیـاین پێویسـتیەکانی مەدەنیـەت هێنـدە پەیوەنـدییان بەپێشکەوتن‌و بەچارەنووسی تـاك‌و کـۆی کۆمـەڵی ئێمـەوە هەیـە، دڵنیـابن هـەتا دێـت بەتەنگـەوە هـاتنی ئـەم پێویسـتیانە، بەتەنگـەوە هـاتنی ئـەم بڕیارانـە، بەتەنگەوەهاتنی ئەم لێکۆڵینەوانـە، هـەتا دێـت زیـاتر ئـەبێ، هـەتا دێتـیش ئـەم چەمکانەی مەدەنیـەت شـۆڕ ئەبێتـەوە بـەناخی چینەکانا، بـەناخی دەزگاکانـا، بـەناخی ئۆرگانـەکانا، بـەناخی گروپـەکانا، بـەناخی رێکخراوەکانـاو، بـەناخی بەهرەمەندو توانامەندەکانی کۆمەڵی ئێمەدا، بۆیە هیوادارین ئەم سیمینارە ببێتە مایـەی هانـدانێکی دڵخۆشـکەرتر، ببێتـە مایـەی ئاسـوودەییەکی ئـازادی زیـاتری خزمەتکردنی ئەم پێناوە، لەناو هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەم پێناوە هەیە.

جارێکی تـر بـەناوی مەکتـەبو دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری مەدەنیەتـەوە بـەخێرهاتنی مامۆسـتا بـەڕێزەکان‌و هـەمووتان دەکـەین، هیـوادارین لـەم شـەش ئێـوارە دانیشـتنەی باسـەکانی مەدەنیەتـدا، لـەئازادی رادەربڕینـی ئێـوەو بەموداخەلـەی وشـیارانەی ئێـوە، ئـەم بابەتانـە دەوڵەمەنـد کـەین، ژمـارە (٤)ی گۆڤاری مەدەنیەت بەتایبەتی بابەتەکان‌و مشتومڕەکانی ئـەم سـیمینارە بگرێتـە خـۆ، هـەتا ئەوانـەی نـاتوانن لەسـیمینارێکی ئـاوادا بەشـداربن، بتـوانن لەرێگـەی خوێندنی گۆڤارو بابەتەکانیەوە، کەڵك لەبۆچوونی بـەپێزی مامۆسـتا بـەڕێزەکانی ئـەم سـیمینارە وەربگـرن، هیـوام سـەرکەوتنی سـیمینارەکەیە،و هیواداریشـین لـەدەهاکانی ئاینـدە، ئێمـەش وەکـو کۆمەڵـە مەدەنیـەکانی دنیـادا ببیننـەوە، ئازادی‌و بەتایبەتی ئازادی ئەقڵو داوەریەکانی ئەقڵ، چ کاریگەرییەکی پیرۆزییان لەسەر پێشکەوتن‌و لەسەر سەرکەوتن‌و لەسـەر گۆڕانکـاری‌و لەسـەر وەرچـەرخان دەبێ..

جارێکی تر بەخێر بێن‌و سەرکەوتووبن‌و زۆر سوپاس.

# گوتاری کۆتایی
# یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت*

مامۆستا بەڕێزەکانو ئامادەبووانی خۆشەویست!

ئەم سێ رۆژە بەهۆی ئامادەبوونتان لەبەرنامەکانی ئەم سمینارە، لەم هۆڵە گەرمەدا، هەموتان ماندوبوون. سوپاس بۆ ئەو هەموو مامۆستا خۆشەویستانە، هەروەها بۆ مسیو گیرا بۆتێ کەهاوبەشیکرد لەو سمینارەو چەند تێبینیەکی گرنگی خستە روو. هیوادارین ئەم یەکەمین سمینارە بناغەیەکی بچووك بێت لەو بناغە پتەوو فراوانو گرنگەی کەمەرجە لەسەر هەموولایەکمان لەئایندەدا هاوکاری بکەین لەداڕشتنیو پەرەپێدانی، لەسەر رۆیشتنیشی، ئەوە پرۆسێسێکی دوورودرێژە نەبەسمینارێك، نەبەکتێبێك، نەبەرۆمانێك، نەبەدانیشتنێك تەواو نابێ.

دوێنێ شەو لەگەڵ مسیو ژیرال دانیشتبووین ئەو قسەیەکی زۆر جوانی کرد کەمن بەش بەحاڵی خۆم چەند جارێك قسەی وام کردووەو ئەوەم نووسیوە، وەزۆر زۆریش ئەو قسەیەم بەلاوە گرنگە کەوتی ((ئێستاش لەئەوروپادا ئەرکەکانی دیموکراسی تەواو نەبووە)) من چەند جارێك ئەوەم وتووە وەدەیانجار لەسەر ئەو مەسەلەیەم نوسیوەو قسەم کردووە ئەگەر هاتباو قۆناغی دیموکراسی لەئەوروپادا تەواو بووبا، ئەوە مرۆڤ ئەیگواستەوە بۆ پلەیەکی نوێتر لەژیاندا، بۆ قۆناغی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ناویشی نەنێین قۆناغی سۆسیالیزم.

---

* یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت رۆژانی ٢٠ — ٢٢ / ٧ / ١٩٩٩ لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی بەڕێوە چوو.

ئەوروپایەك كەلەسەدەی حەڤدەهەمەوە شۆڕشی دیموكراسی تیا سەركەوتبێ هێشتا قۆناغی دیموكراتی نەهێنابێتە دی، كەئێمە لەكۆتایی سەدەی بیستەمداین.. هێشتا ئەركەكانی دیموكراسی بەدینەهێنابێ. لەسەدەی حەڤدەهەمینەوە لەكۆمەڵەكانی ئەوروپا باسی مەدەنیەت كرابێ. تائێستا جارێ تازە تازە لەئەوروپای رۆژهەڵاتدا سەرلەنوێ مەسەلەی كۆمەڵی مەدەنی دێتە بەرباسو لێكۆڵینەوە، ئێمەی كوردی كوێرەوەر، تازە تازە چرۆمان كردووە بەرەو دەسەڵاتێكی بچوك، دەسەڵاتەكەشمان توشی ئەو وەیشومەیە هاتوە كەهاتوە، ئەبێ ئێمە چ رێبازێكی دورودرێژمان لەبەردەمدا مابێ تا بتوانین ئەزموونە دیموكراتیەكانمان سەرخەین؟!. ئەو پرۆسە مەدەنیەی كەدەستمان داوەتێو هەمووومان، هەریەكە لەروانگەی جیاوازی خۆیەوە، لێوەی بڕوانین، ئەبێ كەی بیگەینێ..؟

پێش ئەوەی كۆتایی بە سمینارەكە بهێنین، یەك شت بەگرنگ ئەزانم حەزئەكەم بیكەم بەپێشنیارو هیوادارم هۆڵەكە پەسەندی كا، ئەویش ئەوەیە ئەم سمینارەمان بۆ ئەوە نەكردووە كەكۆمەڵێك تێز، كۆمەڵێ بابەت پێشكەش بكرێو كەچووینە دەرەوە لەبیربچێتەوە.. من پێشنیار ئەكەم هەر ئەو مامۆستا بەڕێزانەی كەلەو سمینارە دانیشتوونو بابەتەكانیان پێشكەش كردووە، ئەمشەو بەیەكەوە سەرەنجامی ئەو مشتومڕانەی كەكران سەرەنجامی ئەو پرسیارانەی كەهاتوون.. بەرەنجامی سمینارەكە بكەین بەراسپاردەیەك، راسپاردەیەكی مەدەنی بۆ ئەوەی وەكو دیكۆمێنتێك بمێنێ كەبگونجێ (٣٠)ساڵ (٤٠) ساڵ، (٥٠) ساڵ دواتر بزانرێ كەلەسلێمانی سیمینارێك كراوەو راسپاردەیەكی بۆ بەمەدەنیەت بوون راگەیاندووە. ئینجا راسپاردەكە چۆن دادەڕێژرێ لەدانیشتنەكەدا بەدرێژی قسەی لەسەر دەكەین.. تائەو راسپاردەیە خزمەتێك بكا، رێیەك نیشانبدا، تاریكییەك رووناك بكاتەوە لەتاریكییەكان، من ئەوە بە پێویست ئەزانم، چونكە لەگەڵ مامۆستا بەڕێزەكانی زانكۆ كەلێرە دانیشتوون.. لەمن زۆر باشتری ئەزانن كەسمینار لەگەڵ كۆڕدا جیاوازی زۆرە.. كۆڕ ئەكرێ نەراسپاردەی تێدابێ نەئەنجامی تێدابێو نەبڕیاری تێدابێ.. كۆڕ بابەتێكی رۆشنبیرییە پێشكەش ئەكرێتو ئەروات، بەڵام سمینار بەتایبەتی هەمووشی نووسرابوو، سمینار باسێكە سەرەنجامی لێدوان بەرەنجامەكەی ئەبێ بە موڵكی

کۆمەڵ.. ئەبێ بەموڵکی ئەو ئەزموونە. چونکە ئەبێ بەبابەتێك لەبابەتەکان کەڵکی لێوەربگیرێ.. ئەوە نیە راگوزەر باسی بکەیتو تێپەڕێ.. بابەتێکی زانستیە، لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە دوانی لەسەر ئەنجام دراوە.. ئەبێ ئەنجامەکانی بگێڕدرێتەوە بۆ کۆمەڵەکە خۆی.

ئەوەی راستی بێ قسەو باسی زۆر کرا لێدوان زۆر ئەنجام دران.. نامەوێ زۆر لەو رووەوە بدوێم.. بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم: دەرەنجامو لێدوانەکان هەندێك توندوتیژی تێکەوت، لەراستیدا نەئەوروپا ئەو نەتەوە بیکەڵکانەن کەلەسەر بنەمای دزی پێگەیشتبن. نەئێمەش سەرچاوەی ئەو هەموو زانستو مەعریفەیە بووین کەلەئەوروپا هاتبێو هەمووی لەئێمە دزیبێ..و بردبێتی بۆ ئەوێ.. بەراستی.. ئێستا هەموو ئەو بەرێزانەی ئەوروپایان دیوە.. بچنە مۆزەخانەکانیان کە سەرجەم (١٥) تا (١٦) مۆزەیەو ئەوەی من پێی سەرسام بووبم.. مۆزەی لۆڤەرە بگەڕێن بەشوێنە گەورەکانا.. بە کاتدراکانا.. لەوڵاتێکی وەکو فەرەنسا.. ئەڵمانیا.. سویسرا.. روسیا.. بەریتانیا..ئەمریکا تێدەگەی کەئەم تەلارو کۆشکانە بەدزی دروست نەکراوون..

تەلاری وا هەیە لەئەوروپا کەبەرامبەری ئەوەستی بەراستی ئەبلەق ئەبی. ئێستاش بەهەموو وڵاتە عەرەبیەکانا بگەڕێیت، لەپێش سەردەمی دەرەبەگایەتیدا یەك تەلاری جوان نابینی، مەسەلەی عیلمو مەعریفەتیش راستە لەوڵاتە عەرەبیەکانا تاقیگەی کیمیایی هەبووە، هەوڵی جۆراوجۆری زانستەکان دراوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەلەهیچ دەڤەرێکی دیکەی ئەم دنیایەدا دەرفەتو بواری زانستی ئاوا نەخولقاوەو سەری هەڵنەداوە.. یان ئەوە بەو مانایە نیە کەدیاردەی مەعریفەو کیمیاو فیزیا ئەگەر هاتوو لەوڵاتێکدا سەریهەڵدا وڵاتێکی تر ناتوانێ بایەخی پێبدات یان پێشی بخات.. یاخود بیدۆزێتەوە.

گریمان، سەرچاوەی زانستو مەعریفە لەوڵاتانی ئیسلامیدا وەك سەرچاوە هەڵقوڵیبێ، لەئەوروپاش چەندین روبارو جۆگاو بەربەستی تری لێهەڵگیراوە.. پەلوپۆی هاویشتو هەزاران زانکۆ، پەیمانگا، خوێندنگا، پرۆفیسۆر، پسپۆر، مامۆستاو راوێژکار هاتونەتەبوونو ئەمانە هەمووی سەرەنجام ئەزموونی زانست، ئەزموونی مەعریفەت، ئەزموونی شارستانیەتو ئەزموونی گەورەی مەدەنیەتیان لێکەوتۆتەوە. کەئەوان رۆڵی گرنگی تێدا ئەبینو جیهانیان خستۆتە ژێر

کاریگەری جیهانگیری خۆیانەوە، ئێمەش هێشتا بەدەوری خۆماندا ئەخولێینەوە. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو مەسەلانە ئەبوو تۆزێ بەیەکەوە ئارامتر قسەی لەسەر بکەینو ئەو دەستکەوتانەی کەهاتوونەتەدی، سەرجەم دەستکەوتی مرۆڤایەتیە، هەموومان ئەتوانین سوودی لێوەرگرین..

بێگومان منیش لەگەڵ دکتۆر فەرهاد، لەگەڵ هەموو ئەو برادەرانەم.. نابێ خۆمان گیرۆدەی ئەو عەقڵە خۆ بەزۆرزانیەی ئەوان بکەین کەپێیان وابێ هەموو شتێك لەوانەوە داهاتووەو ئێمەش دەبێ کڕنووشیان بۆ بەرینو کۆیلەی زانستو مەعریفەتی ئەوان بین. ئەو شارستانیەتانە کارلێکی کردووە بەئاسۆییو بەستوونی، تاقە شارستانیەت لەدنیادا نیە سوودی لەشارستانیەتی پێش خۆی یان دەوروبەری خۆی وەرنەگرتبێت. ئەسڵەن یەك رەگەز لەڕەگەزە مرۆییەکان لەم دنیایەدا بەپاکی نەماوەتەوە. رەگەزی عەرەب، تورك، فارس، کورد، نەئەوروپی، کلتوریشمان تێکەڵاوبووە، شارستانیەتیشمان تێکەڵاوبووە.. ئێستا زیاتر شارستانیەت بەرەو کارلێكو تێکەڵاوبوونی زیاتر ئەڕوات.. من لەسەر مەسەلەی پەرلەمان ئەمەوێ کورتە قسەیەك بکەم: لەراستیدا، ئەگەر بمانەوێ بەپێوەرەکانی پەرلەمانەکانی ئەوروپا حوکم لەسەر پەرلەمانی کوردستان بدەین، پێم وایە.. تۆزێك قورسە.. ئەم ئەزمونەی ئێمە بەرگەی ناگرێ.. ئێمە لەساڵی ١٩٩٤ توشی شەڕی ناوخۆ بووین.. شەڕی ناوخۆ لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی.. شەڕی ناوخۆی یەکیەتیو پارتی. نامەوێ نەئێوە بەرەو مەسەلەیەکی سیاسی بەرم، نەمیوانەکانو کەسیش ئیحراج ناکەم، (٣) ساڵ لەئەزمونی پەرلەمان تێپەڕ بووە، هەناسەیەکی کورت، کورت لەمێژووی پرۆسەی پەرلەمانو ئەزموونی پەرلەمان لەدنیایا. بە(٣)ساڵ ناکرێ حوکم لەسەر پەرلەمان بدرێ کەنوشستی هێناوە یان هیچی نەکردووە.. ئەوەندەی چاکەی کردویەتی لەو سێساڵەدا دەبێ بڵێین باشی کردووە.. ئەوەندەی کەدەبوو بیکاو ئەنجامی نەداوە ئەوە رەخنەی لێدەگیرێ. (٦٧) یاسا لە ٣ساڵدا داڕێژرا.. باشتریان یاسای چاپەمەنیە کەمن پێم وایە ئەگەر سمینارەکە بیەوێ لیژنەیەك دابنێ بەراوردی یاسای چاپەمەنیو یاسای پارتو رێکخراوە دیموکراتیەکان بەیاسای سەرجەم وڵاتە عەرەبیەکانو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکات، سەرتان بەرزبێ کەپێشکەوتووترین یاسا ئێوە داتانڕشتووە.

یاساکانی ئێرانیو عەرەبیو تورکی لەیاسای چاپەمەنیو مۆڵەتی پارتایەتی لەگەڵ یاسای خۆماندا بەراوردیان دەکەین، دڵنیاین هی ئێمە باشترە. ئەگەر لەهەندێ وڵاتانی تریش پێشکەوتووتر نەبێ.

هەڤاڵان، خوشکان، برایان، بیرتان نەچێت.. ئەوروپاو سەرکەوتنی شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی لەئەوروپادا، ٥٠ ساڵ لەمەوبەر هەندێ وڵات هەبووە، وڵاتی هەرە پێشکەوتوو بووە (٦٢) ساڵ لەمەوپێش لەو وڵاتەدا ژن بۆی نەبووە نەبێتە ئەندام پەرلەمان نەبۆی هەبووە دەنگ بدات بۆ پەرلەمان، وڵاتێکی گەورەی وەك فەرەنسا کەلانکی پێشکەوتنو ئازادیو یەکسانیە هەر ٧٥ ساڵە مافی تەواویان داوە بەژن، بەشداری بکەن لەپەرلەماندا، ئەو فەرەنسایە ئەو وڵاتەیە کەرەشترین مێژووی هەیە بەرامبەر خەباتی سەندیکایی کرێکاران لەمێژووی رابردوودا. هەزاران کرێکاری لەسەر مافی رەوای خۆیان کوشتووە. ئینجا جگە لەوەی کەلەم چەند ساڵەدا سەیری پەرلەمانی روسی بکەن لەلایەن حکومەتی روسییەوە لەسەر دەسەلات پەرلەمان تۆپباران کرا. کۆشکی سپی ئەمریکا، کەئێستا سەرکردایەتی دنیا ئەکا لەشەڕی ناوخۆ سوتێندرا.. شەڕی ناوخۆی دادگاکانی پشکنین لە ئۆروپای مەسیحیەتدا بخوێننەوە (٥) ملیۆن مرۆڤی تێدا کوژراوە، ئێستاش لە (لوبنان) شەڕی ناوخۆ نەبڕاوەتەوە.. کەلەئەیلولی ١٩٧٥ لەشەڕێکی بچووك کەلەباشووری لوبنان دەستی پێکردووە، شەڕ هەر بەردەوامە، بەداخێکی زۆرەوە کەئێمە ئەمڕۆ لەشەڕی ناوخۆداین. خۆزگە ئێمە لەوشاخە شەهید بووینایەو دووچاری ئەم شەڕی ناوخۆیە نەبووینایەو بەدەستی خۆمان دووچاری ئەو بەرگریو شەهیدبوونی هاوەڵەکانی خۆمان نەبینیایە.. خۆزگە... بەڵام ئێستا کامتان کەلێرە دانیشتوون پێش ئەوەی کەشەڕ دەستی پێکردبێت.. دەستی پارتی بگرن، کەمیلی تفەنگمان لێ نەهێننەوە.. ئەمە شەڕی ناوخۆیە.. مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە، ناکرێ بەهۆی شەڕی ناوخۆوە هەموو مەسەلەکان بسڕینەوە، تابتوانین بەرگری لەشەڕی ناوخۆ بکەین کەمە، بەڵام زۆر دژوارە ئەگەر روناکیەك هەبێت ئەو روناکیە باهەر بەردەوام بێو رووناکمان بکاتەوە، لەدەرونمان، لەمێشکمان، بۆ ئەوەی ورەمان بداتێ، گەشبینمان بکات. وردە وردە ئاگرەکە بکوژێنینەوە باشترە لەوەی پەرەی پێبدەینو هەموو شتێك بسڕینەوەو کۆتایی پێ بێت.

لەکۆتاییشدا، حەز ئەکەم لەسەر کۆمەڵی مەدەنی کەمێك بدوێم.. لەباسێکی وادا پێم باشە ئێمە بەرچاومان دەربارەی مەسەلەی مەدەنیەت رونبێت وەك شەفەقێك، رونکردنەوەیەك: ئەویش ئەو پەرەگرافەیە کەزۆرم پێخۆشە رێزی لێبگرم دکتۆرێك بەناوی دکتۆر ((حبیب الجنحانی)) مامۆستایە لەکۆلێژی علومی ئینسانیو کۆمەڵایەتی لەزانکۆی تونس، لەسەر کۆمەڵی مەدەنی ئەفەرموێ لەگۆڤاری ((العالم الفکر))دا کەزۆربەی باسەکانی لەسەر کۆمەڵی مەدەنیە: ((أود، بادیء ذي بدء، التأکید علی ان مفهوم "المجمع المدني" مفهوم دخیل علی تراث الفکر السیاسی العربي الاسلامي، ولم یبرز في الخطاب السیاسي العربي إلا في العقود الاخیرة، واتسم عند ظهوره بسمات خاصة جعلته یختلف عن میزات المفهوم في بیئته الاولی، کما سنری في القسم الثاني من هذه الدراسة، وعندما تأثر رواد الفکر الاصلاحي العربي الاسلامي في القرن التاسع عشر بمفاهیم سیاسیة غربیة جدیدة مثل الوطن والدستور والانتخابات یعني:) نیشتمانو دەستورو ئینتخابات. ئەمانە پێشەنگی ئەندێشمەندی عەرەبی ئیسلامین لەئەوروپاوە سەرچاوەیان گرتوە،و کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو. (والانتخابات لم یکن من ضمنها مفهوم المجتمع المدني) بەواتە هەموو دامەزراوە عەرەبیەکانو سەرجەم دەستوری عەرەبی، لەهەر گۆڤارو رۆژنامەیەکی ئەوسەردەمە ئەگەر بیانخوێنینەوە، چەمکی کۆمەڵی مەدەنی تێدا بەدیناکەی. (رغم ان طبیعة الموضوعات السیاسیة والفکریة التي شغلت النخبة الاوروبیة في النصف الثاني من القرن التاسع عشر بصفة اخص، وهي الفترة التي رحل فیها بعض هؤلاء الرواد الی أقطار اوروبیة، وسجلوا ماشاهدوه..))[٤] سەرەڕای ئەو رووداوانە کەسەردانی ولاتانی ئەوروپیان کردووەو گەڕاونەتەوەو لەئەوروپا باس باسی کۆمەڵی مەدەنی بووەو کەهاتونەتەوە جگە لەدەستوری نیشتمانی هیچ باسێکیان لەسەر کۆمەڵی مەدەنی نەکردووەو چەمکی کۆمەڵی مەدەنییان نەهێناوەتەوە بۆ ولاتەکانیان. جگە لەوە چوار دیراسەی چڕی تیایە هەر هەمووی باس لەکۆمەڵی مەدەنی ئەکات کەزادەی کۆمەڵی ئەوروپیە، بۆ ولاتە عەرەبیەکان هاتووە. کتێبێکی تریشم لایە.. کتێبی

[٤] المجتمع المدني بین النظریة والممارسة:- د.حبیب الجنحاني: مجلة عالم الفکر / المجلد السابع والعشرون/ مارس/١٩٩٩

دکتۆر کریم ابو حلاوەیە ئەویش کەسایەتیەکی ناسراوە، ئەویش دیسان دووپات ئەکاتەوە کەکۆمەڵی مەدەنی لەئەوروپاوە هاتووە.. کۆمەڵی عەرەبی لەچارەکە سەدەی رابوردووەوە ئاشنای بووە، کتێبێکی تریشم لایە بەناوی: ((جامعەی مدنی ایران ئەمرۆز)) هەموو ئەندێشمەندە ئێرانیەکان: عبدالکریم سرویشی، حسن بشی، علی رضای علی خیاط، موسی بن نژاد، فخرالدین عظیمی، سعیدی حجاریان، حشمتالله رحابی، هوشمندی امیر احمدی، تبریز توران، علی رضائی مراد، ئەمانە ناسراوترین نووسەرەکانی ئێرانن، مونازەرەو گوتاری ئەوانە، ئەمانە سەرجەم راوبۆچوونیان دەربارەی کۆمەڵی مەدەنی ئەوەیە کە هەموویان پێیان وایە کۆمەڵی مەدەنی لەئەوروپاوە سەریهەڵداوەو لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتۆتە ئێرانەوە. کتیبێکی ترم لایە دکتۆر (عزمي بشارة) یەکێکە لەباشترین ئەندێشمەندەکانی عەرەب بەناوی: (المجتمع المدنی دراسة نقدیة. مع اشارةللمجتمع المدني العربي) تەئکیدی ئەوە ئەکاتەوە کەمەدەنیەت لەئەوروپا چۆن سەریهەڵداوەو چۆن خیتابی عەرەبی پێویستی بەوەیە لەناو خۆیدا شوێن بۆ ئەو چەمکە بکاتەوە. ئەڵێ: ئەبێ بەتەواوەتی تەئکید لەسەر عەقڵیەتمان بکەین بۆ ئەوەی بتوانین قبوڵی کۆمەڵی مەدەنی بکەینو جێگای عەقڵیەتی کۆمەڵی مەدەنی تێدا بکەینەوە، جگە لەوە من دەیان سەرچاوەی ترم لایە لەگۆڤارو کتێب کەچەندین ئەندێشمەندی عەرەبی کەهەرهەموویان باوەڕیان بەخواو بەپێغەمبەرو ئیسلام هەیەو ئەندێشمەندی غەیری عەرەبیش، کەئەوە دووپات ئەکەنەوە کەکۆمەڵی مەدەنی لەئەوروپاوە سەریهەڵداوەو بەرەبەرە ئەم چەمکە مەدەنیە لەناو کۆمەڵی رۆژهەڵاتو وڵاتە ئیسلامیەکاندا پێگەی بۆ خۆشکراوەو هاتۆتە ناوانەوە.

ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە ئەو قسانەی کەلێرە کراون وەئەو قسانەی کەلەکۆڕەکانی تریش کراونو ئەو بابەتانەی کەلەهەر سێ ژمارەی گۆڤاری مەدەنیەتدا نووسراونو بڵاوکراونەتەوەو لەگۆڤارەکانی تریش نوسراون، کەسمان ناتوانین یەکتر ناچار کەینو بەیەکتری بسەلمێنینو قسەی یەکتر قبوڵ بکەینو بیکەین بەیاساو بیسەپێنین، هەموو ئەمانە هەوڵو کۆششی هەموولایەکمانە. هەموو رێکخراوو، گۆڤارێك، هەموو روناکبیرێکە بۆ ئەوەی بتوانین لەچەند ساڵی ئایندە، ناڵێم چەند مانگی ئایندە، ئێمە هەوڵ بدەین

چەمکەکانی مەدەنیەت بەشێوەیەکی زانستی وەربگرین‌و بەشێوەیەکی ریالیستی لەولاتی خۆماندا بەئەنجامی بگەیەنین. هەر هەمووشمان دەبێ خەبات لەو پێناوەدا بکەین چونکە پێویستە هەر هەمووشمان ئەوە بزانین کەخەباتێکی هێجگار گرنگە، پێشم خۆشە لەو پێناوەدا کەدەستمان داوەتێ، ئەگەر رای جیاوازیشمان هەبێ بەلام کۆسپی جیاواز نەخەینە بەردەمی یەکتری باشە. یانی گومان لەبۆچوونی یەکترو هەوڵی یەکتر نەکەین باشە، نەڵێین ئەو رێکخراوە دیموکراتیانە هەمووی هی حزبەکان‌و دەسکردی حزبەکانە.. ئێمە چۆنین لێتان ناشارینەوە، پەرلەمانمان هەیە، حکومەتمان هەیە، هێزیشمان هەیە، لەشەڕی ناوخۆ بووین، چەندین جۆر پلان لەئارادا هەیە، بەلام ئێمە لەو بارودۆخەدا کەدەمانەوێ کۆمەڵی مەدەنی پێکبهێنین، دەبێ ئێوە کامەتان پێ باشە، ئەوە ئێمە هاودەنگین لەگەڵتاندا، زەمینەی بۆ خۆش ئەکەین، سمیناری بۆ ئەبەستین، هەوڵی بۆ ئەدەین، گۆڤاری بۆ دەرئەکەین، مەکتەبی بۆ پێکدێنین، لەوپەڕی دنیاوە سەرچاوەی بۆ پەیدا ئەکەین، بەئازادی‌و بێ قەیدو شەرت ئەو باسانەی لەسەر کۆمەڵی مەدەنی ئامادە ئەکرێن، لەگۆڤارو رۆژنامەکان بلاوئەکرێنەوە، ئێمەش لەروانگەی خۆمانەوە ناڵێین هەموو روانگەکانی ئێوەمان قبوڵە.. مەعریفەی دەسەلات شتێکەو روانگەی دەسەلات شتێکی هەیە، هەرچەندە ناتوانین نکوڵی لەئازادی روناکبیر بکەین لەگۆڤارو رۆژنامە لەدیدو بۆچوون بکەین، لەتەلەفزیۆن‌و باری سەرنجی حزبەکانی تر بکەین، بەلام من پێم وابێ: خۆش بەختیە بۆ میللەتێك.. دەسەلاتەکەی گەرم بێت بۆ پیادەکردنی کۆمەڵی مەدەنی، ئەمەش خۆش بەختیە بۆتان، بەعەقڵی خۆمان بەرۆژنامەی خۆمان، بەتەلەفزیۆنی خۆمان ، بەشێك لەدەسەلاتەکان ئەدەینە ئۆرگانەکانی مەدەنیەت. خۆمان رێگاکە پیشانئەدەین.

هەرگیز وانیە کۆمەڵی مەدەنی پرنسیپی دیموکراسی بەخۆوەگرتووە پێشتر. قەد قەد شەرتی موتڵەقی وانیە لەدنیای کۆمەڵی مەدەنی لەهیچ کۆمەڵێك لەکۆمەڵەکانی دنیادا وانیە.

بەپێچەوانەوەی ئەوەی کە وایوت.... مەدەنیخوازەکانی ولاتانی ئەوروپاو لەهەموو ئەزمونەکانی جێبەجێکردنی مەدەنیەتی ئەوروپادا، دەورێکی گەورەیان هەبوو لەجێبەجێکردنی پرۆسەی دیموکراتی لەسەرانسەری ئەوروپادا.

لەبەدیهێنانی ئەو ئەرکانەی کەدەسەڵاتەکان نەیانئەهێنانەدی، لەسووربوون لەسەر خواستە دیموکراتیەکان.. ئۆرگانە مەدەنیەکان هەوڵی ئەوەیان داوە ئەو خواستە دیموکراتیانەی دەسەڵاتدارەکان نەیانتوانیوە بەئەنجامی بگەیەنن ئەوان لەرەوتی ئۆرگانەکانی خۆیان کاریان بۆ کردووەو هەوڵی چەسپاندنی بنەما دیموکراتیەکانیان داوە.. من دەڵێم.. ئەو ئەرکانەی کەدەسەڵاتدارەکان نەیانتوانیوە وەك خواستی جەماوەر لەرووی دیموکراتیەوە بیچەسپێننو بگرە زەبرو زەنگیشیان بەکارهێناوە، ئۆرگانە مەدەنیەکان.. کەناڵە مەدەنیو رێکخراوە دیموکراتیەکان توانیویانە هەوڵی بۆ بدەنو خەباتی بۆ بکەن بۆ وەدیهێنانیان، تەنانەت دەسەڵاتەکانیشیان ناچار کردووە. بەوەی خواستەکان بسەلمێنن. لەرێگەی ئۆرگانە مەدەنیەکانەوە فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ ئەوەی ئەرکە بەدی‌نەهاتوەکانی سەردەستی دەسەلات، بەدی‌بێن.

هەموو دەسکەوتە دیموکراتیەکانی ئەوروپا (کەپیاوێکی ئەوروپی لەناوماندا دانیشتووە..)و دکتۆرەکان دانیشتون کەدکتۆراتان لەئەوروپا هێناوە، حەز ئەکەم بزانین ئێستا ناتوانین تاوتوێیەکی وردی ئەزموونە دیموکراتیەکانی ئۆروپا یەکە یەکە بکەین کەچۆن بونەتە دیموکراسی، بەڵام ئەتوانم بڵێم لە(٥٠٪)ی دەسکەوتە دیموکرایتەکان، رێکخراوە دیموکراتیەکان، یانە مەدەنیەکان، ئۆرگانە مەدەنیەکان، رووناکبیرانو فشاری کۆمەڵایەتی هێناویەتە دی. دەسەڵاتدارەکان بەخواهشت نەیانداوە بەخەڵك، بەفشار هاتۆتە دی، بۆیە، ئەگەر تۆ بڵێی خەڵك دیموکراسی نییەو مەدەنیەتیش بێ دیموکراسی نایەتەدی، کەواتە ئیتر بچینە خەڵوەتەوە بۆ ئەم مەسەلەیە، بچینە خەڵوەتێکی دیموکراسی کەی دیموکراسی هاتەدی ئەوکاتە بەشێنەیی بێینە دەرەوە باسی کۆمەڵی مەدەنی بکەین. نەخێر پێکەوە خەباتی بۆ بکەین باشە، ئەگەر بیروڕای جیاوازیشمان هەبێ، هەر بەگیانی دیموکراسیانە مامەڵە لەگەڵ یەك بکەین.

شتێکی تریش، ئەو ئۆرگانانەی کەهەن ئۆرگانی رێکخراوە دیموکراتیەکان، ئۆرگانە کولتورییەکان، ئۆرگانی زانکۆو پەیمانگاو دەزگا سەربەخۆکان، هەرچی هەیە، هەموو ئەمانە هەریەکێك شتێك لەئەرکەکانی خۆی بەرامبەر بەمەدەنیەت لەم قۆناغە بێنێتە دی بێ گومان دوای ئەوە خەڵکی تر دێ شتێکی تر بەرهەم دێنێ.. ئەم پرۆسەیە وەکو مامۆستا حەسەن ئاماژەی پێکرد ئەگەر ٢٥ ساڵی

کەش بتوانین ئێمە ئەم مەسەلەیە پێك بهێنین شتێکی زۆر گرنگو بایەخدارە بەراستی. هەرچەندە مەخابن رەنگە تا (٥٠) ساڵی تر لەکوردستان دیموکراسی نابێ بەدیموکراسی کۆمەڵایەتی. دیموکراسی دەسەڵات شتێکەو کارلێکی دیموکراسی لەناو کۆمەڵا شتێکی ترە.

تێبینیانەی بەرێزتان ئەو خۆشەویستانەی دانیشتوونو ئەو خۆشەویستانەی قسەیان بۆ ئێوە کرد، سەبارەت بەو بابەتانەی گوایە راستەوخۆ پەیوەندی بەچەمکەکانی مەدەنیەتەوە نەبووە باسی شارستانیەتو مێژوو بوو، ئەو مەسەلانەش پێویستن، ناراستەوخۆش پەیوەندی پێوە هەبێ، پێویستن، ئەمەش هەمووی وەك سەرەتایەك سەرەتای پرۆسەیەکی مێژوویی دوورو درێژە. هیوادارم هەمووما لەسەری بڕۆین، پڕبەدڵ، ئاواتەخوازم کەلێرە ئەچینە دەرەوە، مێشکمان روونتر بێ، سەرەڕای بڕوڕا جیاوازەکانمان، لەپێناوی دیموکراسیو مەدەنیەتدا تێبکۆشین.

لەسەر ئەوەش راکانمان یەکگرتوو نەبێت، لەسەر ئەوەش کەئازادی تاکەکانو گروپەکانی کۆمەڵ یەك راو یەك بڕیارو بۆچوونمان نەبێت، سەرەڕاش دەبێ هەوڵی بۆ بدەینو ئیشی بۆ بکەین، ئەمەش بەندە بەئازادی، کەئازادیش بۆ مەدەنیەت زۆر زۆر گرنگە.

مەدەنیەت لەراستیدا تەنیا مەسائیلی ویژدانیو جلو بەرگو هونەر نیە، مەدەنیەت چوار روکنی گرنگی هەیە چوار جومگی ئەساسی هەیە:

١_ جومگی ئابووری هەیە، ٢_جومگی سیاسی هەیە، ٣_ جومگی فەلسەفی هەیە، ٤_جومگی سۆسیۆلۆژی هەیە.. چوار جومگی ئەساسی مەدەنیەت ئەمانەن کەتۆ لەسەر بینا ئەکەی، ئەوانیتر هەموو لقو پۆپن. لێکدانەوەی ئەم جومگانە کەدەبێ ئێمە ئیشی بۆ بکەین، زۆر زۆر پێویستە. پەلوپۆش لەسەر ئەوانەوە چەکەرە ئەکەن، ئەچنە ناو کۆمەڵ، ئەچنە ناو مێشكو گەشەمان پێ ئەکەن. پڕ بەدڵ هیوادارین ساڵی ئایندە گۆڤاری مەدەنیەتەکەتان بتوانێ دووەمین سمینار بەبەرنامەیەکی باشتر، بەشێوازێکی باشتر، بەئەزمون وەرگرتن لەو سمینارە.. دووەم سمینار سەرکەوتووترو بەرنامەی باشترو بەهاتنی زۆرتری ئێوە سەرکەوتووتربێت..

مەلا بەختیار

# گوتاری کۆنفرانسی ناوەندی روناکبیریی راهێنانی کولتوری مەدەنی*

هـەڤاڵانی بـەڕێز خوشـك و برایـانی ئـازیز، پێشـەکی بـەناوی مەکتـەبی رێکخراوەکانەوە پیرۆزبایی بەستنی یەکەمین کۆنفرانس لە ناوەندی روناکبیری کە بە هاوکاری رێکخراوی دیاکۆنیا بەڕێدەچێ، پیرۆزباییەکی گەرمیان لـێ‌ئەکەین و هیوادارین ئەم کۆنفرانسە، دوای نۆ مـانگ چـالاکی، بناغەیـەك دابڕێـژێ لەمـەودوا بەرنامـە و کـارو کۆششـەکانی ئـەم رێکخـراوە چوستوچـالاکتر و رێـك و پـێکتر و بەبەرنامـەتر بەڕێوەبچـێ. ئـەم رێکخـراوە لەڕاسـتیا تـازە لـە سـلیمانی بناغـەی داڕشت، سێ چوار سـاڵ دەبـێ لـە ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی پـارتی لـە دهـۆك چالاکییەکی زۆری نواندوە و توانایەکی ئێجگار زۆری بۆئەوێ تەرخان کردبوو، بـە توانایـەکی کـەم لـەم نـۆ مانگـەی کـە لـە سـلیمانی ئـەم رێکخـراوە دامـەزراوە توانیویەتی بەرنامەیەکی رێك و پێك پیادە و خزمەتێکی زۆری خەڵك بکـا. ئێسـتا ئەو سەرژمێریەی کە هەڤاڵ فاروق خوێندیەوە (٦٤٠٠) کـەس لـە خولـەکانی ئـەم رێکخراوە بەشدارییان کردوە (٦٤٠٠) هەزار کەس زۆر زۆرە بۆ شارێك لەماوەی نۆ مانگدا خـولی جۆراوجـۆری زمـان و فێرکـردن و هونـەر و وەرزش و کۆمپیوتـەر و هەموو ئەو شتانەی فێربکرێ، بەڕاستی ئەوە مایەی دڵخۆشـیە، مـن نـاڵێم مایـەی شانازیەکی گەورەیە بەڵام مایـەی دڵخۆشـیە رێکخراوێـك لـەماوەی نـۆ مانگـدا بـە توانایەکی دیاریکراو بتوانێ شەش هەزار کـەس لـە خولەکانیـدا بەشـداری بکـا و بەردەوامە لە خـول سـازدان و لـە خزمـەتکردنی. ئێمـە ئـەم خولانـە بـۆ بـەگرنگ

* گوتاری (کۆنفرانسی ناوەندی روناکبیری راهێنانی کولتوری مەدەنی)، لـە بارەگـای ناوەنـدی روناکبیری،٢٨-١٢/٢٩/١٩٩٩. لە ژمارە (٥-٦) ی مەدەنیەت ل: ٢٧٣ دا بڵاوکراوەتەوە

ئەزانین؟ هۆی چییە ئێمە ڕێکخراوێکی بچوکی وەکو دیاکونیا ئەگەر بەراوردی بکەی لەگەڵ قوربانیدانی هێزە سیاسیەکان، ئەگەر بەراوردی کەی لەگەڵ ئەو هەموو ماندووبونەی کە هێزە سیاسیەکان و تێکۆشەرانی ناو هێزە سیاسیەکان نواندویانە، بۆچی ڕێکخراوێکی بچوکی ئاوا بەبایەخ و بەهاوە مامەڵەی لەگەلا بکەین.

مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگ هەیە لەناو هەموو کۆمەڵێك، لەناو هەموو شۆڕشێك، لەناو هەموو نەتەوەیەك، ئەویش ئەوەیە نەتەوەیەك لە قۆناغی ڕزگاریا کە ئەگۆڕێ بۆ قۆناغی بینای دەوڵەت، کە ئەگۆڕێ بۆ قۆناغی بینای دام و دەزگای دەوڵەت، کە ئەگۆڕێ بۆ بینای دام و دەزگا دیموکراسیەکان، بۆ ئازادیەکان، بۆ کۆمەڵی مەدەنی، ئەو قۆناغە یەکێکە لە قۆناغە هەرە چارەنوس سازەکانی ئەو میللەتانە، ئەو قۆناغە هەرگیز کەمتر نییە لە قۆناغی بەربەرەکانی، لە قۆناغی ململانێ، لە قۆناغی خەباتی ڕزگاری، لە قۆناغی قوربانیدان، چونکە هەموو شۆڕشێك لە دنیادا چەند شۆڕشکردن و بەرەنگاری شۆڕشکردنەکەی لا گرنگە؟ هەرواش پاراستنی دەستکەوتەکان و سەرکەوتنەکانی ئەو شۆڕشە گرنگ و پیرۆزە. هەر شۆڕشێك لە دنیادا، لە قۆناغی ڕزگاریا توانیبێتی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ ئەو سەرکەوتنە لەدوای سەرکەوتنی سەربازی بە بەدیهێنانی دەسکەوتەکان و پەیمانەکان و ئەو بەڵێنانەی کە بە میللەتەکەیداوە ئەپارێزێ. هەرگیز ئەو شۆڕشە ناتوانێ هەتاسەر بچەسپێ و هەتا سەر متمانەی زۆرینەی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێ ئەگەر دوای سەرکەوتن پەیوەندییە دیموکراسیەکانی لەگەڵ خەڵکدا پتەو نەکا. نمونەی ئێجگار گەورە لە مێژوودا هەیە، باوەڕناکەم کەستان ناوی شۆڕشی ئوکۆبەرتان نەبیستبێ، کە ئیتر مانگی رابردوو یادی شۆڕشی ئوکتۆبەربوو، باوەڕناکەم کەستان ئێستاش کاسترۆتان لەبیرچووبێ، باوەڕناکەم کەستان کیم ئیل سونگ تان لەبیرچووبێ، باوەڕناکەم کەستان ئەوروپای ڕۆژهەلاتتان بیرچوبێ، باوەڕناکەم کەستان ناوی ستالین و ماوتسیتونغ و هۆشی منە و هەموو ئەو سەرکردە مەزنانەی دنیاتان نەبیستبێ یا نەزانیبێ یا زانیاریەکتان لەسەریان

نەبێ، ئەوانە پیاوە هەرەگەورەکانی مێژوو بوون سەرکردەی سەرکەوتنە هەرە گەورەکانی شۆڕشەکانی مێژوو بوون، کاتێ کە سەرکەوتن لە بەرەنگاری بەرامبەر ئیمپریالیزم، لە بەرامبەر کۆلۆنیالیزم، لە بەرامبەر داگیرکەران و شارەکانیان دەست کەوت، جڵەوی حوکمیان دەست کەوت، دام و دەزگاکانیان دەست کەوت (١٠) ساڵ (٢٠) ساڵ (٣٠) ساڵ (٤٠) ساڵ حوکمڕانیان کرد، سەرەنجام چونکە نەیانتوانی لەگەڵ خواست و پێویستیەکانی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکا هاوئاهەنگ بگۆڕێن، گەشەبکەن و بچنە پێشەوە، وردە وردە سیاسەتی ئەوان و مینتالیتیەتی ئەوان و ئایدولوجیەتی ئەوان، جۆری حوکمڕانی ئەوان وردە وردە گەیشتە بن بەست و بەرەنجام وای لێهات ئەو بە بن بەست گەیشتن و کەڵەکەبوونی کێشە و تەنگ و چەڵەمەکانیان وایلێکردن خۆتان ئەزانن لە راپەڕینێکی یەك لەدوای یەك وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵاتی روخان، پاشەکشێیان کرد و ئێستا جۆرێك لە حکومەت لەناو ئەو وڵاتانە هاتۆتەدی کە پەیڕەوی لە دیموکراسیەت دەکەن. لینینی مەزن لە دنیادا کە ملیونەها کرێکار و ملیونەها کۆمەنیست دوای ئەکەوت وای لێهات پەیکەرەکانی لەناو زبڵدان فڕێ ئەدرا، هەریەکێك لەو دیمەنانە پیاو کە ئەیبینێ خەم و خەفەتێکی ئێجگار گەورەی بۆ ئەخوات، ماوتستۆنگی گەورە کە بە راستی نەك چینیەکان بگرە هەموو میللەتانی دنیا بە کوردیشەوە شانازیمان پێوە ئەکرد، سەرەنجامی باش خزمەتنەکردنی میللەتەکەی وای لێهات جۆرەها گۆڕانکاری لەناو ئەو وڵاتە هاتۆتەدی ئێستە ماوتسیتۆنگ ماوتستونگی جاران نیە، جگە لەوە هەموو سەرکردەکانی وەك شاوسیسکۆ و سەرکردەکانی گەورەی وڵاتە ئەورووپیەکانی رۆژهەڵات بە راستی بە چارەنوسێکی تراژیدی کۆتاییان لە ژیانا هات و خواحافیزیان لە ژیانی سیاسی کرد و هەتا هەتاشە کۆتاییان هات. پێم وایە ئەگەر پاشەڕۆژ مێژوونووسی بە ویژدان زیندوبێ بەشێك لە ژیانیان بکرێتەوە، پارسەنگی بەشێك لە تێکۆشانیان بداتەوە بەڵام بەشێکی زۆری ژیانیان تازە هێڵێکی رەشی بەسەرا هات و لە مێژوودا بە شکست خواردوو لە بەدیهێنانی دیموکراسی سەری هەتا هەتایەیان نایەوە. ئەوە ئەزمونی وڵاتانی رۆژهەڵاتی

ناوەڕاستی لای خۆشمان، ئەبینین جەزائیر چی لێ هاتوە، ئەبینین وڵاتە دواکەوتوەکانی عەرەب چی لێهاتوە و خۆشمان یەکێکین لەو میللەتانەی کە لە گۆڕانکاریاین لە قۆناغی رزگاری شاخ بەرەو قۆناغی چەسپاندنی ئیدارەی شار هاتوین ئەم قۆناغی چەسپاندنی ئیدارەی شارە رەنگە (٢٠) ساڵی تر بخایەنێ خەڵك بە شانازی شەهیدەکانمان، بە شانازی رابوردومان، بە شانازی شانازیەکانمان بتوانین مێشکیان زاخاو بدەین، بتوانین رایان بگرین، بتوانین عەقڵیان رابگرین، بتوانین سۆزیان بەرامبەر بە خۆمان رابگرین، بەڵام دوا پرسیار لە مێژوودا ئەوەیە کە ئاخۆ تۆ دەتوانی تا سەر متمانەی خەڵك وەربگری و خەڵك وا لێ بکەی کە لە جۆش و پەرۆشی بەرەنگاریەوە بۆ جۆش و پەرۆشی ئیدارە و باشی ئیدارە و دام و دەزگای باشی ئێدارە بگۆڕێن و بیچەسپێنی یا ناتوانی بیچەسپێنی؟ ئەزمونەکانی مێژوو سەلماندیان کە هەموو ئەو شۆڕشانەی توانیبێتیان لە قۆناغی گۆڕانکاریدا گۆڕانێکی باش بەرەو بەدیهێنانی دام و دەزگا ئیداریەکان، دام و دەزگا مەدەنیەکان، دام و دەزگا دیموکراسیەکان، ئازادیەکانی ئینسان بەدیبهێنن، ئەو شۆڕشانە تەمەنیان درێژ بووە. ئەوە سەیری ئەوروپا بکەن ئەوروپای رۆژئاوا توانیویەتی ئەو سەرکەوتنانە بەدەست بهێنێ و هەتا ئێستاش ئەو حکومەتانە حکومەتی گەورە گەورەی مێژوون، ئێستاش حزبی بورجوازی حیزبی دیمەکراسی وا هەیە لە ئەوروپا (٧٠) ساڵە (٨٠) ساڵە (١٠٠) ساڵە (٩٠) ساڵە دامەزراوە و ئەتوانێ شانازی بە هەموو دەسکەوتەکانی خۆیەوە بکا و پێشیش ئەکەوێ، هەتا دێت پێشیش ئەکەوێ (٤) ساڵ لەسەر حوکم دائەبەزێ جارێکی تر یەتەوە سەر حوکم (٥) ساڵ دائەبەزێ دوو جاری تر یەتەوە سەر حوکم، حزبی دیموکرات و حزبی سوشیال دیموکرات و حزبی لیبرالی وا هەیە لە ئەوروپا و لە ئەمەریکا بە درێژایی تەمەنی (١٠٠) ساڵەی (٦٠) تا (٧٠) ساڵ حوکمی کردوە و ئێستاش لە حزبە هەرە بەهێزەکانە، ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزبێ ئەگەری هاتنە سەر حوکمی زۆر زۆر بەهێزە و ئەگەرێکی زۆر هەیە بێتە سەر کار، بەڵام هیچ ئەگەرێك بۆ زیندوکردنەوەی شاوسیسکۆ نەماوە، هیچ ئەگەرێك بۆ زیندوکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ستالینی نەماوە، هیچ ئەگەرێك بۆ

زیندوکردنەوەی شانازیەکانی کاسترۆ نەماوە، لە راستیا بە پێچەوانەوە کاسترۆ خواخوایەتی هەتا ئەو رۆژەی ئەژی میللەتەکەی لێی رانەپەڕێ، ئێستا ڤێتنامی مەزنی هۆشی منە، ڤێتنامی مەزنی ژەنەراڵ جیاب، خواخوایەتی ئەمەریکا دوکانێکی ماکدۆناڵی بۆ بکاتەوە، یەك دووکانی ماکدۆناڵ کە بە سادەترین دوکانی دنیایە (ماکدۆناڵ سەندەویچی سەرپێیی ئەیخۆیت و ئەڕۆیت) وڵاتی هۆشی منە وڵاتی ژەنەڕاڵ جیاب داوا لە ئەمەریکا دوکانێکی سەندەویچ فرۆشتنی بۆ بکاتەوە یانی چی؟ یانی خزمەتکردنی خەڵك، ئاسودەکردنی خەڵك، ئیدارەکردنی خەڵك، ئیترخولیاو حەز و ئارەزوەکانی خەڵك تەحەکوم لە حکومەتەکان ئەکا، چۆنیەتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵك تەحەکوم لە حکومەتەکان ئەکا، بۆیە دوکانێکی ماکدۆناڵ بۆئەو حزبەی کە (٥٠) ساڵ بەرەنگاری ئیمپریالیزم و بەرەنگاری فەرەنسا و بەرەنگاری بەریتانیا و بەرەنگاری ئەمەریکای کرد و داستانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی لە مێژوودا بەرامبەر بە ئەمەریکا و بەرامبەر بە ترسانەی عسکری ئەمەریکا تۆمارکردوە، ئێستە ئەو ژەنەراڵ جیاب و ئەو هۆشی منە و ئەو مێژوە گەورەیە بۆ یەك دوکانی ماکدۆناڵ بۆ چەند فرۆشگایەکی ئەمریکی ئامادەن هەموو دەرگاکانی سنوری خۆیان بۆ وڵاتی ئەمەریکا بکەنەوە. سەیرکەن جیاوازی رۆژگار و ساڵانی بەرەنگاری لەگەڵ ئیدارەی حکومەتەکان چۆن چۆنە؟ لەکاتی بەرەنگاریا سێ چوار ساڵ دانوستان لە نێوان کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمەریکا و لە نێوان سەرۆکی وەفدی دانوستانی شۆڕشی ڤێتنام ئامادەنەبوون لە فاریزەیەکی دەسکەوتەکانی خۆیان واز بهێنن، ئامادە نەبوون لە دێڕێکی دەسکەوتەکانی خۆیان وازبهێنن، بە هیچ شێوەیەك سازشیان لەگەڵ حکومەتی ئەمەریکا نەکرد، بەڵام ئێستە لەسەر دوکانی ماکدۆناڵ سازشیان لەگەڵ ئەکەن، ئەوە ئەحکامی ژیان.

ئێمە ئەم جۆرە ئەزمونەی کە هەمانە ئەزمونی وەکو ئەم رێکخراوە بچوکانە، رێکخراوە دیموکراتیەکان دام و دەزگا مەدەنیەکان، لە راستیا ئێستە ئەگەر بایەخی نەزانین لە پاشەڕۆژدا وردە وردە ئەم دام و دەزگایانە کە ئەبن بە دام و

دەزگای کۆمەڵ و لەناو کۆمەڵا دەسکەوتە دیموکراسیەکان شۆردەکەنەوە بۆ ناو ناخی خەڵك و خەڵك هەست بە بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراسیەکانی لە ڕێگەی ئەم ڕێکخراوانە ئەکا، ئەوکاتە لە پاشەڕۆژدا ئیتر دژەکانی ئێمە، دوژمنەکانی ئێمە ڕووبەڕێکی فراوانیان دەست ناکەوێ بتوانن دژایەتی ئێمە بکەن و خەڵك لە دیموکراسی چەواشە بکەن، بەپێچەوانەشەوە هەتا ڕووبەری دیموکراسی لەناو خەڵکدا تەسك بکەی هەتا ڕووبەری دیمکراسی لە ناخی خەڵکا کەم شۆڕبکەیتەوە خوارەوە، هەتا باوەڕو ئاواتەکان لە میشکی ئینسانە نا ئازادەکانا ئازاد تر نەکەی، ئەوکاتە ڕووبەڕێکی زۆر بۆ کۆنەپەرستی، بۆ شۆڕشی چەواشە، بۆ سەلەفیەکان، بۆ عەقڵبازەکانی چاخەکانی ناوەڕاست ئەهێڵیتەوە لێت هەڵگەڕێتەوە و خەڵکت لێ هەڵبگەڕێننەوە؛ چونکە تۆ هەتا رابوردوو باش بخوێنی، دراسەیەکی باشی بکەی و هەتا ئێستە ورد بیتەوە و سنوری دەسەڵاتی دەسەڵاتەکەی خۆت،و سنوری دەسەڵاتە دیموکراسیەکانی دەسەڵاتی خەڵك بزانیو ئیش بۆ هەردوو دەسەڵاتەکە بە پارسەنگێکی ویژدانی، بە پارسەنگێکی مەدەنی بکەی بێگومان تۆ بەرە بەرە ڕووبەری ژێرپێی شۆڕشی چەواشە تەسك ئەکەیتەوەو تواناکانی قۆستنەوەی کۆمەڵایەتی لەبەردەم شۆڕشی چەواشە کەم دەکەیتەوە، ئەوان ناتوانن هیچ شتێکی گەورە بەرامبەر بە تۆ بکەن. جەزائیری خاوەن یەك ملیۆن شەهید یەك ملیون شەهیدیان داوە ئەگەر هەرکەرس و کاری شەهیدەکانیان بگری ئەبوایە لەگەڵ حکومەتی جەزائیری لایەنی کەم (٥) ملیون ئینسانیان لەگەڵ بوایە، چاوتان لێیە چۆن کەوتۆتە گێروگازی مان و نەمان، یەك ملیون ئێمە شانازی بەوە ئەکەین (١٠) هەزار شەهیدمان داوە (١٠) هەزار شەهید ئەوپەڕی (٣٠) هەزار کەسو کاری هەبێ لە دەوری ئێمە بمێنێتەوە (٣٠) هەزار کەس و کاری شەهید بۆ کۆمەڵێکی پێنج شەش ملیونی ناتوانێ دەستەبەری گرنتی مانەوەمان و سەرهەڵنەدانی تەنگ و چەڵەمەی قوڵ بێ بەرامبەرمان، نەخێر ئەوەی کە گرنتی مانەوەمان و ئاسودەکردنی ویژدانی شەهیدەکانیشمان بێ، تەنها ئەوەیە کە ئێمە چەند ئەتوانین وشیاری کەین چەند ئەتوانین خزمەتگوزاری بین، چەند ئەتوانین دەسکەوتی زیاد بەدیبهێنین، چەند ئەتوانین لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، خەڵکێکی بەدەسکەوت دیموکراسی، بە عەقڵ ئازاد، بە پێشکەوتنی ژیان، بە ئازادکردنی ژن، ئازادکردنی گەنج، ئازادکردنی

هەموو ئەو ئەقڵانەی بە درێژایی (١٤٠٠) ساڵ هەر کوێرکراون، ئێمە بەوانە ئەتوانین دەستەبەری ئێستا و دەستەبەری ئاییندە و دەستەبەری سەرکەوتنە گەورەکانی ئاییندەش بکەین بۆیە ئەم جۆرە رێکخراوانە رێکخراوی بچوکن، پرشنگێکی بچوکی مەدەنیەتن، بەلام لە پاشەرۆژا ئەم پرشنگانە کە کۆئەبێتەوە روناکیی ئێجگار گەورە لە مێژوومانـدا ئەبەخشن و میللەتەکەمان وردە وردە لە دەرەوەی بازنەی نەزانینی مێژوو ئەباتە ناو بازنەی زانینی مێژوو کە بەداخێکی زۆرەوە تا ئێستا ئێمە لە دەرەوەی بازنەی پێش کەوتنین، لە دەرەوەی بازنەی مەدەنیەتین، لە دەرەوەی بازنەی عیلمانیەتین، لە دەرەوەی بازنەی عەقڵانیەتین، لە دەرەوەی بازنەی رۆشنگەرین، کە ئێمە ئەوانەمان هیچی نەدیوەو هەر بۆیە ئەبینین بە درێژایی خەباتی رزگاری خوازی ئێمە لەسەردەمی سەدەی (١٨) وە بۆ (١٩) و بۆ (٢٠) یش، هەرکاتێ حزبێکی سەلەفی، هەرکاتێ سەردارێکی کۆنەپەرست، هەرکاتێك بنەماڵەیەکی خێڵەکی ویستبێتی زۆرینەی خەڵك دوای خۆی بخا چونکە ئێمە نە رۆشنبیریمان هەبووە، نە چەرخی بوژانەوەمان هەبوە، نە عەقڵانیەتمان هەبووە، نە مەدەنیەتمان هەبووە، نە عیلمانیەتمان هەبووە لەبەرئەوەی روبەرێکی ئێجگار فراوان لەبەردەم هێزە کۆنەپەرستەکان، سەردارە کۆنەپەرستەکان، بنەماڵە کۆنەپەرستەکانا بوە بۆیە هەرکاتێك ئەوان دامەزراون توانیویانە لەناو خەڵکدا خەڵکی خۆیان کۆبکەنەوە و چۆنیشیان ویستبێ بوونەتە مۆتەکەی سەرسنگی خەباتی رزگاری خوازانەی گەلەکەمان.

لەدوای دامەزراندنی یەکێتی وردە وردە لە رووی سیاسیەوە روبەری بەردەمی هێزە کۆنەپەرستەکان، هێزە کۆنەپارێزەکان، هێزە سەلەفیەکان کەم کراوەتەوە، بەلام ئەم روبەرە ئایدیولۆجی و سیاسیە جیاوازی زۆرە لەگەڵ روبەری سیاسی و روبەری ئیداری و روبەری مەدەنی دوای سەرکەوتنی عەسکەریمان لە راپەرین بەدواوە، ئەوە بۆ شاخ باش بوو، ئەوە بۆ قۆناغی ململانێی حزبایەتی باش بوو، بەلام ئەوە دادی ئێستامان بە تاقی تەنها نادا، ناڵێم هەمووی ئەبێ واز لێبهێنین ئایدیۆلۆجیەت هەوێنێکی گرنگە چەسپێکی گرنگی پێکەوە بەستنی هەموومانە بەلام ئایدیۆلۆجیەت و سیاسەت دادی ئیدارە و دادی بەرێوەبردن و دادی ئاراستەکردنی هەموو خەڵکی ئێمە بە تاقیتەنها

نـادا، هاوشـانی ئایدیۆلۆجیـەت هاوشـانی سیاسـەت دەبـێ خزمەتگوزاریـەکانمان جگـە لـەوەی لـە حوکمـا زۆر زۆر بـاش، بـێ لـە ڕێکخـراوە دیموکراتیـەکان و لـە ڕێکخــراوە خۆبەخشــەکان و لــە ڕێکخــراوە مەدەنیــەکان و لــە ئــازادکردنی عەقڵەکانمان ئەوانە بەڕاستی دەبـێ خزمـەتێکی زۆری بکـەین بۆیـە ڕێکخراوێکـی بچوکی وەکو ئەم ڕێکخراوە و ڕێکخراوە سەربەخۆکانی تر بەبۆچوونی من ئەهێنن مرۆڤ ماندووبێ تیایا، ئـەهێنن کـادر مانـدووتربێ تیایـا، ئـەهێنن خزمـەت بکـەیت چونکە خزمەت بە خزمەت ساڵ بـە سـاڵ دو سـاڵ سـێ سـاڵ چـوار سـاڵ هـەموو ساڵێك (٧) هەزار (دە) هەزار لە دەورەکانا بەشداری بکا لە (١٠) سـاڵدا ئـەبێ بـە چەند هەزار کەس لە (٢٠) ساڵدا ئەبێ بە چەند هەزار کەس؟ ئەمە بۆ ڕێکخراوێك بۆ (٢٠) ڕێکخراو ئەبێ بە چەند بە بێگومان بۆ (٢٠) ڕێکخـراو و بـۆ (٣٠) ڕێکخـراو کە ئێمە پشتیوانی تەواویان بکەین و پێویستیەکانیان بەتەواوی دابـین بکـەین لـە (١٠) ساڵ و (١٥) ساڵی ئایندە ئەگەر ئەم جۆرە ڕێکخراوانە زۆربن و خەڵکی ئێمە ئیشیان تیابکەنو نەوە دوای نەوەش کـە پـێدەگـا ئێمـە ئـەتوانین کاریگەریـەکی باشیان تیا بکەین، کاریگەریەکی دیموکراسی باشیان تیا بکەین.

پڕبەدڵ هیوادارین ئەم یەکەمین کونفرانسە مشتومالێکی باشی کارەکان بکا و خۆشبەختانە ئێستە لەدوای سەری ساڵ لە کەلاریش و لە هەڵەبجـەی شـەهیدیش دو لقی دیاکۆنیا دائەمەزرێ لە بەرنامەشا هەیە لە ڕانیەش دابمەزرێ و هیـوادارین لە دوای ئاشتی لە ناوچەکانی تری کوردستانیش بتوانین دایبمەزرێنین، ئەمـە بـە بێگومان ئەبێتە مایەی پێشکەوتنێکی زۆر باش لە هەڵەبجە ڕێکخراوێك بتوانێ بـۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە بۆ (٤) هەزار و (٥) هەزار کەس خول بکاتەوە، لە کانگای ئەنفال و کیمیابارانی گەرمیانی ئێمە ڕێکخراوێك بتوانێ بـۆ (٤) هـەزار کـەس (٥) هەزار کەس سەدان هەزار دینار سەرف بکا و خزمەت بکا، بێگومان ساڵ بە سـاڵ ئـەتوانین لـە هـەموو لایەنەکانـەوە پـەل و پـۆ بهـاوێن بـێ گومـان هاوشـانی ئـەم ڕێکخراوە زیاد لە ٣٥ – ٣٦ ڕێکخراوی دیموکراتی ترمان هەیـە جگـە لـە دەزگـای چـاپ و جگـە لـەو ئازادیانـەی کـە هەمانـە و جگـە لـەو تەلەفزیونـە بـەهیواین بەزووترین کاتیش تەلـەفزیونی سـەتەلایتی یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتانیش لـە دنیا دەنگ بداتەوە، خۆشبەختانە ئەوەندەی من زانیبێتـم زۆربەی کەرەستەکانی گەیشــتۆتە کوردســتانو ئێســتا خــەریکی دروســت کردمنــی ســتودێوکەین و

خستنەکارین، ئەوکاتە بە هەموولایەك بە هەموو ئەو پرشنگانەی کە هەن بتوانین روناکیەکی ئێجگار گەورە لەم کوردستانە بەدی بهێنین و ئەمەش ماندوبون و هیلاکی ماندونەناسینی هەمووانی دەوێ، هەمووجان کاربەدەست کادر بەرپرس خوارەوە، سەرەوە، ئەندامان، دۆستان، هونەرمەندان و وەرزشکارمان‌و، نوسەرمان، ئەدیبمان، مەڵبەندمان، کۆمیتەکانمان هەر هەموو ئەرکی سەرشانمانە لە گەوهەرەکانی ئێستا، لە حیکمەتەکانی ئێستا، لە پێویستیەکانی ئەرکی سەرشانی ئێستامان لە لە ئیدارەی حوکم و لە چونە ناو خەڵك تێبگەین.

بۆ نمونە ئێستا ئاخر قسەم ئەوەیە ئەوە هەڵبژاردنی شارەوانی لەم هەفتەیە کاندیدەکان ئاشکرادەکەین و لە مانگی (٢) دا هەڵبژاردن لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێمە دەست پێ دەکا، ئەمە یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکان، یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکان کە تۆ بەشێك لە دەسەڵاتی خەڵك ئەژێنێتەوە لەناو پرۆسەیەکی دیموکراسی خودی خەڵکەکە خۆی، ئەمە حەقی خەڵکەکە خۆیەتی بە راستی هەتا ئێستە ئێمە هاتوین بەڕێوەبەری شارەوانیمان هێناوە، برۆ بەڕێوەبەری شارەوانی بە ئیشی خۆت بکە، وەزیرمان ئەمری پێ کردوە، پارێزگارمان ئەمری پێکردوە خۆمان هەزاران واستەمان پێکردوە، جاری وا هەیە سەریشمان لێتێکداوە، بەڕاستی جگە لەوەی کە هەزاران دڵسۆز دەوری تیا بینیوە، بەڕاستی کەمتر توانیویەتی دەسەڵاتی مەدەنی خۆی بەکاربهێنی، کەمتر توانیەتی دەسەڵاتی شارستانی خۆی بەجێبهێنێ، ئێستە کە تۆ ئەو دەسەڵاتە ئەدەی بە خەڵکەکە، خەڵك نوێنەری خۆی هەڵبژێرێ بۆئەوەی شارەوانیەکی شارستانی بەڕێوەبەرێ، ئەو کاتە سەرۆکی شارەوانی و ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی شارەوانی، لەخۆی رائەبینێ بڵێ بابە من نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکم، ئەبێ خزمەتی خەڵك بکەم و ئەگەر نەیشیکا خەڵك لە هەڵبژاردنێکی تر متمانەی لیئەکێشێتەوە ئەحزابی تر منافسمان هەیە، ئەمە یەکێکە لە مەسەلە گرنگەکان وردە وردە ئەم جۆرە دەسکەوتانە بدەینەوە بە خەڵك، ئەم جۆرە مافە دیمکراسیانە بدەینەوە بە خەڵك، ئەوکاتە هاوشانی ماف ئەرکە دیموکراسیەکانیش لەلایەنی خەڵکەوە جێبەجێئەکرێ، ئێستا هەر ئێمە نین ئەبێ ئەرك جێبەجێکەین ئەبێ وا بکەین خەڵکیش ئەرك جێبەجێ بکا، یەکێ لە گرفتەکانمان ئەوەیە دەسەڵاتمان هەیە دەسەڵاتدار هەرچی بۆ خەڵك بکا خەڵك

ئـەڵێ بـێ منەتـە، ئـەڵێ حـەقی خۆتـە ئـەبێ بیكـەی تـۆ دەسـەڵاتت هەیـە، بـە پێچەوانەیشەوە حزبێك دەسەڵاتی نەبێ بۆنمونە بۆ مانگی رەمـەزان ئـەوە بـەڕێز پارێزگاری سلیمانی لێرەیە هـەموو شـەوێك بـە هـەزار كـەس بانگهێشـت كـا رۆژو بشـكێنن، خۆشـترین خواردنیشـیان بـۆ بكـا، كـە رۆیشـتنەوە خەڵكەكـە ئـەڵێن حكومەتە و ناچارە بۆم بكا، بەڵام حزبێك هیچی نـەكردوە بزنێكـی لات سـەربڕێ بیدا بە (٥٠) كـەس ئـەڵێ بەڕاسـتی خزمـەتیكرد، بزنێكـی بـۆ سـەربڕین چـونكە حكومەت نیيە، ئەڵێ باوكم لـە پیـاوەتی خـۆی بـۆی كـردوین گرفتـی دەسـەڵات ئەمەیە ئەبێ تێبگەین ئەم دەسەڵاتە لەگەڵ پێكهاتەی دەروونـی خـەڵك و لەگـەڵ خولیاكانی خەڵك و لەگەڵ دەسكەوتەكانی خەڵك چۆن ئیش بكـەین، چـۆن خـەڵك تێبگەیەنین كە دەمانەوێ خزمەتی بكەین، باشترین رێگـای خزمـەتكردنی خـەڵك ئەوەیە خەڵك دەسەڵاتی هەبێ، ئـابوری ئازادبـێ، خـەڵك ئـازاد ئـەبێ تـۆ بتـوانی رێنمایی گشـتی بكـەی و بتـوانی لـە رێگـای ئاڕاسـتەكردنی گشـتیەوە هەیبـەت و توانای دەسەڵات و مەركەزیەتی دەسەڵاتی دیموكراسی خۆت بپارێزی.

پڕ بە دڵ هیـوادارین ئـەم كۆنفرانسـە سـەركەوتو بـێ، سـەركەوتنێكی بچوكە بەڵام لە ئاییندە كە كۆیان بكەیتەوە ئەمانە گـەورەن، هیـوادارم سـاڵی دوو هـەزار كە هەزارەی سێیەمی ژیـانی بەشـەریەتە و خۆشـی بـەحاڵی وەچـەی ئێمـە ئـەم هەزارەی سێهەمەمان بینـی (٥٠) وەچـەی تـر ئینجـا هـەزارەی چـوارەم ئـەبینێ، ئێمە ئەمەمان بینی هەزار ساڵ لەمەوبەر باوباپیرانمان هەزارەی دووەمیان بینیوە كە هەزارەی دووەمی دەسەڵاتەكانی كۆنەپەرستی بوە (٢) هەزار سـاڵ لەمەوبـەر پێشینەمان لە ناخۆشترین رۆژگاردا ژیاون، ئێستە لەو كاتەی كە هەزارەی یەكـەم دەسەڵاتەكانی ئێمەیان سەندو ئیمپراتۆریەتەكانی ماد و دەسەڵاتە ناوچەییەكانی ئێمەیان برد، لە هەزارەی دووەما كە دەسەڵاتەكانی خواوەند عەقڵی زەوت كرد، ئـەوە لـە هـەزارەی سـێیەما قسـە لـە مەدەنیـەت و قسـە لـە ئـازادی و قسـە لـە رزگاربوون و قسە لە تۆڵەسەندنی شارستانیانەی رابوردوی خۆشمان ئەكەینـەوە، هـەزارەی چـوارەم بـەبێگومان كوردسـتان مـن دڵنیـام كوردسـتان هـەر چـوار پارچـەكەش، وڵاتـە، ئازادیـە، دیموكراسـیە، شارسـتانیە، رەنگـە مەدەنیـەتیش لەسەر مانگیش هەبێت نەك لەسەر زەوی.

هیوادارم سەركەوتوو بن و زۆر زۆر سوپاس؟

# بەهرەی ئازاد و کۆنگرەی ئازادی هونەرمەندان*

پێشەکی بە راستی من نەم ویست لە کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا، بەیانی قسە بکەم، یانی ئامادە نەبووم بۆ قسە کردن، هۆیەکەشی ئەوەبوو، نەم ویست بەرەسمی قسە بکەم. لە کۆبونەوەیەکی ئاوادا دەبوو سیاسەتی رەسمی (ی.ن.ك) باسبکەم، کە خۆتان ئەزانن لە قسەکردنی رەسمیدا، مرۆڤ دەبەسترێتەوە، ئەبێ هەندێ رستەو پەرەگرافی دیاریکراو، سیاسەتی رەسمی لایەنەکەی خۆی باس بکات، لەوە زیاتر ناتوانێ بترازێ بۆ لایەنێکی تر، من ئەم ویست وەکو نزیکێك لەخۆتان، وەکو پاڵپشتێك لەخۆتان، وەکو هونەردۆستێك، وەکو کەسێك بە حوکمی ئیشەکەم و خۆشم لە ناخی خۆما، هۆگریەکم لە دوونیای هونەر و روناکبیری و ئەدەب و ئەو مەسەلانەدا هەیە، حەزم کرد لە دانیشتنێکی ئاوای خۆمانەدا، بیروڕای خۆم دەربڕم.

پێش هەموو شتێك هیوادارم دانیشتنەکانی کۆنفرانسەکەتان باش بەڕێوەچوبێت و، ئاخر دانیشتنیش کە دانیشتنی پەسندکردنی یا نەکردنی، بەستنی یا نەبەستنی کۆنگرەکەتانە، ئەوە زۆر بە وردی بیری لێ بکەنەوە، بەڵام ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان، وەکو (ی.ن.ك)، وەکو مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان، لایەنگری بەستنی کۆنگرەین چونکە کۆنگرە ئەتوانێ زۆر مەسەلە یەکالا بکاتەوە. ناشکرێ کۆنگرە بەوە ببەسترێتەوە ئایا ئاشتی لە کوردستانا یەتەدی یا نایەتەدی؟ ئەم چاوەڕوانی گۆدۆیە بۆ ئێوە رێکخراوێك کە لە ساڵی (٩٢ و ٩٣) کۆنگرەی بەستووە، وا بوو بە ساڵی (٢٠٠٠) سەدەکەشمان بەجێهێشت.، کۆنگرەی ترتان نەبەست.

ئێوە بەرەو پیری لە سەدەی تازەن، دنیایەکی تازە، تاقیکردنەوەیەکی زۆر لێتان کۆبووەتەوە، پێم وایە ئەو مەسەلانە کۆتایی‌بێ باشترە لە کۆنگرە

* دەقی گوتارێکی کۆانفرانسی گشتی هونەرمەندانە، لە (٢٠–٢١/٥/٢٠٠٠) لە هۆڵی رۆشنبیری سازکراوە.

بڕیاریان لێبدرێ شیاوتر، گونجاوتر دەبن بۆ هونەرمەندان. مەبەستم بەرە و وەرچەرخانێکی تازەیە لە ژیانی ڕێکخراوەی هونەرمەندان. خۆشتان ئەزانن نامەوێ بچمە ناو وردەکاری سیاسەتەوە. باوەڕناکەم ئەوەی کە لە بەرامبەر ئێوەیە و، ئێوە بە ئومێدی ئەوەن هێمن ببنەوە لەگەڵیان و هێمن ببنەوە لەگەڵتان ئەوان لەسەر ئەوە ناوەستن، ئێوە کۆنگرە ببەستن، یا کۆنفرانس، یا پلنیوم، ئەوان ئیشی خۆیان ئەکەن، ڕێکخراوێکیان قوت کردەوە، دوێنێ کاک فەرەیدون ئیشارەتێکی زۆر جوانی دایە، وتی: تەجروبەك وەرگرن لەو تەجروبەیە کە فەشەلی هێنا ئەویش دروستکردنی کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان بوو، کە هونەرمەندان لە دەوری کۆنەبووەوە و، نەشیتوانی لەسەر رووبەری هونەر بچوکترین کاریگەر دابنێن، ئەسڵەن ئەوانەی کە بوون بە خاوەن ئەو کارەش، خۆیان شەرم ئەکەن باسی ئەو ڕێکخراوە بکەن، ئەوە سودی نەبوو.

ئێستا نەك بۆ هونەرمندان بۆ باقی ڕێکخراوی تریش هەندێ شتی دەستکرد بەناوی سەندیکاوە دروست ئەکەن، نازانم ئێوە تا چەند ئاگاداریتان لە دروست کردنی سەندیکاکان و دروستکردنی نیە، باوەڕتان هەبێ پیاو قێزی لێئەبێتەوە، ئاوا بەزۆرداری ئەو ڕێکخراوانە ئەسەپێنن. دوێنێ بۆ نمونە: ڕێزم هەیە بۆ هەمووتان کە لێرە دانیشتوون، ئەگەر هەبێت تیاتانا، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، بەپێچەوانەی یەکێتی هونەرمەندان، یا بە پێچەوانەی ئەم قەناعەتەی ئێمە بیربکاتەوە، یا بە جۆرێ عەتفی هەبێ لەگەڵ ئەوان و ئەو هەنگاوانەی لەوێ ئەنرێت؛ بەهەرحاڵ، من پێم وایە هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئەو سیاسەتانەی کە بەعس دەیسەپاندن، لەگەڵ ئەم سیاسەتەی کە ئێستا لە هەولێر لە پارتیەوە ئەسەپێندرێ، نییە. پارتی ئەڵێ ئەوەی نەێتە سەندیکای هونەرمەندان، ئەبێت هیچ پەیوەندیەکی بە هونەرمەندانەوە نەبێت، ئەمە هەمان سیاسەتی سەپاندنی یەك ڕێکخراوەی بەعسە. جیاوازی لەنێوان سیاسەتی بەعس و ئەم سیاسەتەدا نیە. ئەوەی ئەولا هی بەعسە ئەوەی ئەم لا هی پارتیە. ئەگینا چ مەنتقی تیایە جگە لە ئەندامانی سەندیکای هونەرمەندانی دروستکراوی پارتی، هیچ کەسێك بۆی نەبێ هونەرمەندبێ. بۆچی هونەرمەندی بەئەندامەتی ڕێکخراوەکانە؟ چەند هونەرمەند هەیە لەم سلێمانیە، لە یەکێتی هونەرمەندانیش نیە، ڕقیشی لە ئێوەیە، مل ملانێشتان لەگەڵ ئەکات، بەڵام کێ ڕێگەی لێئەگرێ بڵێ تۆ

پەیوەندیت بە هونەرەوە نیە، کێ ئەتوانێ ڕێگەی لێبگرێ، یارمەتیش ئەدرێن، چۆن دەبێ بگوترێ یا ئەبێ لە ڕێکخراوەکە بیت، یا هونەرمەند نیت، ئایە داهێنان بە بڕیار رائەگیرێ لەنێوان بەهرەمەندا.

ئایە تێڕوانێکی ئاوا دەتوانێ سەندیکایەکی هونەرمەندانی ئەسڵی دروست بکات؟ ئەکرێ بەو جۆرە بیر بکرێتەوە کە حیزبیانە سەیری هونەر و هونەرمەند و بەهرەو بەهرەمەند بکرێ بشویستریێ ڕێکخراوێکی زۆر باشی سەندیکایی دروست بکرێ؟ بتوانێ نوێنەری راستەقینەی هونەرمەندانیش بێ و، هونەرمەند بەرەو ئەفراندنی ئێجگار فراوان و گەورەتر بەرێ؟ بەم ئەقڵیەتە؟ بەم پێکهاتەیە، بە سیاسەتی لە بورجی عاجی روانین لە بەهرە، ئەکرێ بچن بەڕێوە، من تەصەور ناکەم بچێ بەڕێوە و، ئەشی بینمەوە تا شەش مانگی تر چارەنوسی ئەو جۆرە سەندیکایانەی کە هەموو هەفتەیەك لە ڕۆژنامەکانی برایەتیا ئەیان خوێنینەوە چیان لێدێت.

ڕێکخراوێك رەسەنایەتی خۆی لەناو دروست بونێکی بابەتی خۆدی چینەکان و توێژە کان، پیشەکان، بەهرەکان نەخوڵقێ، سەرکەوتنی دیموکراتیانەی ئیمکانی نیە بتوانی هیچ توێژێك و هیچ خزمەتێکی ئەوتۆ بکا. رەسەنایەتی هەموو ڕێکخراوێك، رەگ و ریشەی هەموو ڕێکخراوێك لە توێژی راستەقینەی ڕێکخراوەکە، چینەکە، پیشەییە دیموکراسیە ئازادی خوازیەکە دایە. نەك بە زۆری زۆرداری بتەوێ بیبەستێتەوە بە بەرنامەیەکی حیزبیەوە. چۆنت بوێ وا رایکێشین، قەت راناکێشرێ، چونکە بەهرە دونیایەکی تایبەتیە، لە راستیشدا دنیایەکە پێویستە لە ئارەزووەکانی، لە خولیاکانی لە هەست و نەستە ئازادەکانی، لە زۆر شتی ئەم دنیایە تێبگەی، ئینجا ئەتوانی لە بنج و بنەوانیا ڕێسایەك دابنێی. ڕێکخراوبێ، سەندیکا بێ، یەکێتی بێ، کۆمەڵەبێ، هەرچیەك بێ.

کۆنگرە بەنسبەتی ئێوەوە، بە تەسەوری من رەنگە بتوانێ زۆر مەسەلە یەکالابکاتەوە و، کۆتایی پێبێنێ. هیواداریشم ئەم مەسەلەیە زۆر بە جدی وەربگرن، بۆ خۆتان زۆر باشە و، کۆنگرە ئەشتوانێ کارێك بکات، ئەو کێشانەی کە ئێستا لەم کۆنفرانسە، ئێوە پێتان ساغ ناکرێتەوە لە کۆنگرەدا ئەتوانن

بڕیاری لێ‌بدەن. من هەموو ئەم قسانەم پێشەکی بوون بۆ ئێوە، بۆئەوەی پێتان بڵێم:

ئێوە ئەبێ ئەوە بزانن، لە کۆمەڵدا پێتان ئەڵێن هونەرمەند، پێتان ئەڵێن بەهرەمەند، پێتان ئەڵێن قابیلیەتتان هەیە لە بوارەکانی هونەردا، ناوتان هەیە، خزمەتتان کردووە، ماندوبوون، تێکۆشاون، شەونخونیتان چەشتووە، لە پارەی خۆتان، لە ماڵتان، لە منداڵتان بڕیوەتەوە بۆ بەهرەکانتان، بۆ ڕێکخراوەکانتان، بۆ تیپەکانتان، بۆ مۆسیقیەکانتان، بۆ هونەری تەشکیلیتان، بۆ شانۆتان، ئێوە ماندووبوون لەپێناویاندا، کە ماندو بوون بەری ڕەنجی ئەو ماندوبونەتان گەیشتۆتە سەرئەوەی ئەو هەموو چالاکیەتان هەیە، ئەم هەموو ڕێکخراو و تیپەتان هەیە و، یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستانیشتان هەیە، لە ڕاپەڕین بەدواوە هەلومەرجێك هاتۆتە پێشەوە، کە هەلومەرجێکی ئازادییە، ئەم ئازادیە شێوێنراوە، تێکدراوە، جۆرەها کێشەی بەسەر هاتووە، سەرەڕای کێشەکان، بەڵام مەسەلە ئەساسیەکان، باوەڕە ئەساسیەکان، پەرۆشیە ئەساسیەکان لەلای هەموو ئەو خەڵکانەی باوەڕیان بە چارەنوسی میللەتەکەمان هەیە، میللەتەکەمان بە هونەرمەندانەوە، ئەو مەسەلە ئەساسیانەمان نەدۆڕاندووە، زۆریش لەلامان پیرۆزن، ئەگەر بێ‌تاقەتیەك، ڕەخنەیەك، ناڕەزاییەك و، جاری وا هەیە نەفرەتێکیشمان هەبێ لە دۆخەکە، هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەویش پەرۆشیە بۆ چارەنوسمان، ئەویش پەرۆشیە بۆئەوەی دووچاری هەڵدێرێ دووچاری کارەساتێك نەبینەوە، واتە: کێ ڕەخنەی هەیە با هەیبێ، چونکە ڕەخنەی لەبەر ئەو نیە کە هەڵگەڕابێتەوە لە مەسەلە ئەساسیەکانی نەتەوەکەی و میللەتەکەی و دیموکراسیی و بەرەو سەربەخۆیی چونی وڵاتەکەی، لەوە بێزار نەبووە؛ لەوە بێزلر بووە ترس هەیە ئەم هەلومەرجە کار لەو پەرۆشیەی بکا کە دەیان ساڵە هەیەتی. ترسی هەیە بۆ ئەو ڕێباز و پرۆسەیەی ئەمانەوی بەرەو چارەنوسێکی باشتر و ئایندەیەکی گەشتر بڕۆین.

لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانا باسم کرد، وتم: هەموو میللەتێ دوای ئەوەی سەرئەکەوێ ڕووبەڕووی گۆڕانکاری گەورە ئەبێتەوە، ڕووبەڕوی وەرچەرخان ئەبێتەوە، ڕووبەڕووی قۆناغێك ئەبێتەوە کە قۆناغی بیناکردنە، قۆناغی

بونیاتەکانی کۆمەڵە، قۆناغی ئۆرگانیزم، دەسەڵاتی خۆتە، ئەم قۆناغە قۆناغێکی زۆر پــەلوپۆدار، قۆنـاغێکی زۆر ناسـك، قۆنـاغێکی پـڕ لـە مەعریفـە، فەلسـەفە، داهێنـان، بـەهرە، قۆناغێکـە کـە رەخنـەی تێدایـە، قۆناغێکـە بیرکردنـەوەی زۆر زۆری تیایە، قۆناغێکە بە راستی زۆرجار زەحمەتە لـە دوو دەهـە لـە سـێ دەهـە بتوانی شتێك بکەیت بۆ دوا نهێنیەکانی ئـەم قۆنـاغی گۆڕانکاریـە لـە کۆمەڵدا لـە دونیایا هەروابووە، لە ئەوروپا وا بووە، لای ئێمەش هـەروا دەبـێ، بچـن مێـژووی ئەوروپا بخۆننەوە، بچن مێژووی بەهرەمەندان بخوێننەوە، بچن مێـژووی ئـەدەب بخوێننــەوە، بچـن مێـژووی دنیـای کۆمەڵـەکان، ئۆرگـانی کۆمەڵـەکان، بنیـادی کۆمەڵەکان، دامودەزگاکانی کۆمەڵەکان، مێژووی ئەفراندن، مێـژووی خوڵقانـدن، مێژووی پێك هاتنی هەموو ئەو ئۆرگانە پـەلوپۆ و جۆگەلانـەی ژیـان بخوێننـەوە، هەروا بە ئاسانی نـەکراوە، بـەهرە دابـەش بکـەی لـە خزمـەتی ئۆرگانـەکانی، لـە خزمـەتی پێویسـتیەکان، لـە خزمـەتی پێشـکەوتوەکان، لـە خزمـەتی عـەقڵ، لـە خزمەتی عەقڵانیەت، لە خزمەتی رامان، لە خزمەتی مەعریفە، لە خزمەتی هـەموو ئەوانە، ئەمـە بـە راسـتی توانـاو سـەلیقەیەکی زۆر زۆری ئـەوێ، لێوردبوونـەوە و توێژینەوە و ماندوبوون و پەرۆشیەکی ئێجگار زۆری ئەوێ، ئەم مەسەلانە زۆر زۆر سەختن. بۆ نموونە: ئـەم هۆڵـەی کـە تیایـا دانیشـتوین حـەز ئەکـەی لـە زەرفـی مانگێکا بە (٢٠) قۆنتەرات لە باتی ملیۆنێك (٥) ملیون دنیاری بۆ دائەنێن، ئـەڵێن لـە زەمــەنی مانگێکـا ئەمانــەوێ جـوانترین دیکـۆری ئـەم هۆڵـە بـە کورسـی و پێداویسـتیەوە، هـەموو شـتەکانمان بـۆ بگۆڕێـت، لـە زەمـەنی مانگێکـا، لـەباتی قۆنتەرات چیەکان (٢٠) قۆنتەرات چی ئەوروژێنە ئەم هـۆڵ،ە ئـەڵێن لـەباتی (٢) ملیون (٥) ملیون دنیارتان ئەدەینێ بۆمان چاك بکەنـەوە، لەوانـە لـە مـاوەی ٢٥ رۆژا بۆمان چاك بکەن و کۆتایی پێبێنن، بەڵام من ئێستا داوا لە ئێوە ئەکـەم لـە زەمەنی یەك مانگا یەك شـانۆگەری شـاکارمان پێشـکەش کـەن، پێتـان ئـەکرێ؟ داواتان لـێئەکەم لەماوەی سـێ مانگـا سـیمفۆنیایەکمان پێشـکەش کـەن، وەکـو سیمفۆنیاکانی مـۆزارت و بتهـۆڤن؛ پێتـان ئـەکرێ؟ داواتـان لـێئەکەم یـەکێ لـە نوسـەرەکانتان بچـن درامایـەك بنوسـێ لـەوەی شکسـپیر باشـتربێت، ئـەتوانێ بینوسێ؟ ئـەم مەسـەلانە، زۆر زۆر قورسـتر و سـەخت تـر و دژوارتـر و ئـاڵۆزتر و ژانترە بەنیسبەت ئینسانی بەهرەمەندەوە، وەکو تۆ بینایەك دروست بکەیت، بە پارە دروستی کەی، بە کەرەستە دروستی کەی، بە ئەنـدازیار دروسـتیکەی، بـە

کرێکار دروستی کەی، قەت ناکرێ من فشار بخەمە سەر هیچ بەهرەمەندێك، بەهرەیەکی گەورەم، شاکارێکی گەورەم بۆ بخولقێنێ بەفشار و بڕیار.

ئەمەوێ بڵێم: کە ئێمە لەم زەمەنی گواستنەوەی خەباتی شاخ بۆ شار، لەم قۆناغی وەرگۆڕانە، لەم قۆناغی وەرچەرخانە، لەم قۆناغی بیناکردنە، چاومان لە بیناکردنی بەهرە و چاومان لە بیناکردنی هونەر و چاومان لە کاری گەریەکانی بەهرە و بەهرەمەندان بۆ سەر ئەم پرۆسیسەی کە ئێمە هەمانە، بە چاوێکی تەسکو بە چاوی دەسەڵات و بە چاوی حزب و بە چاوی پارە و بە چاوی واستە و بە چاوی ئەتك و بە چاوی گیانی گۆشەگیری حزبایەتی، نابێ سەیریان بکەیت. بە راستی سەیریش ناکەین. چونکە ئەو جۆرە سەیرکردنە فۆتۆکۆپیکردنی هەموو ئەو سەیرە ناشیرینانەیە کە لەمەوبەر دەسەڵاتە خۆسەپێنەرەکان بۆ ئارایشت کردن بڕیاریان لێداوە. جوانی ناکرێ بشێوێنرێ بە دڕکی سیاسەت، بە دڕکی دەستەڵات، بە چقڵی گۆشەگیری، یاخود بە ئیرادەی پارە، یا بە زەبر، یا بە ترساندن و تۆقاندن، ئیمکانی نیە جوانیەکانی ژیان لە روانگەی وشکی دەستەڵات و لە گۆشەگیری وشکی حیزبایەتیەوە، بتوانی بیگەشێنیتەوە، یا هەڵبسوڕێنی، ئەمە ئیمکانی مەحاڵە.

سەبارەت بە ئێمە ئاوا بیری لێئەکەینەوە. ئەی سەبارەت بە ئێوە چۆن بیری لێئەکەنەوە؟ دوو لایەنی هەیە، دوڕیانێکە ئەم مەسەلەیە، چۆنیەتی خزمەت کردنی ئەم پرۆسیسی بەهرانە، دوولایەنی هەیە، لایەنێکی ئەوەیە: دەسەڵات بخاتە ناو خولیا و خەمە راستەقینەکانی بەهرە و ناچاری سەلماندنی ئازادی بەهرەی بکا. رێگاکەی تریشی ئەوەیە، بەهرەش خۆی دەبێ بزانێ چۆن خۆی رێك ئەخا، ئەبێ بزانێ تواناکانی رێگاکانی بەهرە چۆن ئەخاتە خزمەت کردنی دەوڵەمەندکردنی بەهرە و بەهرەمەندانی. رێگایەکیان ئۆباڵێکە لە سەر دەسەڵات کە نابێ ئازادی بەهرە بشێوێنێ و کۆسپ و تەگەرەی جۆراوجۆری ناشایستەی، نادیموکراسی، نائازادی، نا سەربەستی بخاتە بەردەم ئەم و ئەو، دوو رێگایە ئەبێ حەقی بدرێتێ؛ حەقە دەسەڵات ئەو حەقە بدا بە خاوەن هەقە راستەقینەکانی بەهرە، رێگایان لێنەگرێ کە ئازادبن لە پێشکەشکردنی بەهرەکەت خۆیان و، حەقیشە بەهرەمەندە راستەقینەکانیش، لە رێگەی بەدیهێنانی خولقاوترین داهێنان و بەهرە، کارێك بکەن کە بە راستی گونجاوترین رێکخراو و رێکوپێك ترین شێوازی کارکردن لە نێوان خۆیاندا بدۆزنەوە ئۆبالی یەکەم لە ئەستۆی ئێمە. ئۆبالی دوەمیش لە ئەستۆی ئێوە. سوپاس.

مەلا بەختیار

# گوتاری هەڵبژاردنی
# بنکەی ئەدبی و روناکبیریی گەلاوێژ – لقی کۆیە *

هـەڤاڵان و ئەنـدامانی بنکـەی گەلاوێـژ و خوشـك و برایـانی ئـازیز.. بـەناوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی (ی.ن.ك)ەوە، پێشەکی پیرۆزبـایی یەکـەمین کۆنفرانسی بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ لقی کۆیـە لـە هـەموو ئەنـدامانی ئەم لقە و دۆست و لایەنگرانیان و ئەدەب دۆسـتان دەکـەین، هیـوادارین بەسـتنی کۆنفرانسەکەتان گوڕ و گوژمێکی ئەدیبانە، داهێنەرانە، خۆشەویستانە ببەخشێتە ئەدیبان و نوسەرانی ئەم ناوچەیە، ئەم ناوچـەیەش بتـوانن باشـتر لـەناو دونیـای ئەدەبی کوردی و نوسینی کوردیا خزمەت بکەن و، برەو بە پێشخستنی بدەن.

بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ گرنگترین دەزگای روناکبیرییە ئێستا لـە کوردستانا، دوای ئەوەی کە پەکی یەکێتی نوسەرانی کورد خرا، لەسـەر ئاسـتی سەراپای کوردستان لە خزمـەتکردن و پێشخسـتنی بـواری ئـەدەبی و رونـاکبیری کوردییە. لەو ساڵانە کە دامەزراوە توانیوەیتی خزمـەتێکی بەرچـاوی بـە بەرنامـە بگەیەنێتە ئەدەب، بەگەیەنێتە روناکبیر، بگەیەنێتە نوسین، چـەندین فێسـتیڤاڵی سازداوە، سێ کۆنگرەی بەستووە و، توانیویەتی ساڵ بە سـاڵ کارەکـانی باشـتر پێشتر بخات. دیارە ئەوەی بنکە کردوویەتی بەشێکی ئەو ئەرکانەیە لەم بـوارەدا رادەپەڕێ، شانبەشـانی ئەمـەش دەزگـای تـر و بـواری تـر هـەن کـە خزمـەت بـە ئـەدەب و رونـاکبیری گەلەکـەمان دەکـەن، بـە هـەموویان لـە دوای راپەڕینـەوە خەریکی خەم خواردنی چۆنیەتی پێشخستنی ئەدەب و روناکبیری گەلەکەمانن.

---

* لە ژمارە (٨) ی گۆڤاری (مەدەنیەت)، ساڵی دووەم (٢٠٠٠)، ل: ٢٤١) دا بلاوکراوەتەوە.

ئەکرێ بپرسین: ئایا ئەوەی کراوە لەم بوارەدا بایی ئەوەیە میللەتەکەمان ئازادە و لە سایەی ئەو ئازادیەدا توانراوە ئەو داهێنان و شاکارانە بەدیبێت؟ یان بە دیوێکی ترا بپرسین: ئایا داهێنانی کورد، توانای پێشکەشکردنی روناکبیری کورد، لە دوای راپەڕین، ئایا توانیویەتی، لە سایەی ئەو ئازادیەی هەیە، باشتر لە دوای راپەڕین خزمەت بە ئەدەب و روناکبیری کورد بکات یا نەیتوانیوە؟ ئەمە پرسیارێکەزۆر کراوە و زۆر کەسیش هەوڵی وەڵامدانەوەی داوە، ئێستاش پێویستی بە تاوتوێکردن و قسە لەسەرکردن هەیە.

خۆتان ئەزانن کە رژێمی عێراقی لەپێش راپەڕین بە هەموو توانایەکیەوە هەوڵی ئەدا نەك زمانی کوردی لە بێخ دەربێنێ، بگرە هەوڵی ئەدا نوزەی ئازادیش لەناو ئازادی خوازانا و لەناو روناکبیرانی گەلەکەمان نەهێڵێ، بەڵام پێم وایە روناکبیران و ئەدیبانی کورد نەك نەچونە ژێر باری ئەو سیاسەتە کە رژێمی فاشی بەغدا بە کاری ئەهێنا، بگرە بەپێچەوانەوە، بەرپەرچێکی پڕ هەڵوێستیان ئەدایەوە، لە شار و لە شاخا، نوسەرانی کورد ئەیانتوانی کارێکی وا بکەن هەم بۆ ئێمە لە شاخدا، هەم بۆ رژێمیش لە شاردا و، هەم بۆ جەماوەرەکەشمان لەناو شارو شاخدا بیسەلمێنن کە ئەدەبی کوردی ئەدەبێکی زیندووە و، نوسەری کورد زیندوون و، بەرەنگاری ئەکەن؛ چۆك لەبەردەم فشارەکانی دوژمن دانادەن. هەر بە راستی وابوو، بە راستی هەر بوارێك لە شارا رەخسابێ بۆ نوسەرە دڵسۆزەکان، نوسەرە راست گۆکان درێخیان نەدەکرد و، ئەگەر لە شارا کۆمەڵێك لەو معاناتەی کە لە ناخیانە هەبو، بواری ئەوەیان نەبوایە بڵاویبکەنەوە، بە نهێنی بەرهەمی خۆیانیان دەنارد بۆ شاخ لە گۆڤارەکانا و لە ئیزگە و لە بڵاوکراوەکانی شاخا بڵاوئەکرایەوە و چەندین ناوی نهێنی گەورەگەورە هەیە لە شاخا، رەنگە کەستان نەتان زانیبێ و، ئێستاش نەزانن کە کێبوون، ئێستا ئەوانە لەناو دەزگای سەردەم و لەناو بنکە و لەو بوارەنەدا ئیش ئەکەن، خزمەت ئەکەن؛ لەوکاتەدا قەڵەمەکانیان ئەخستە کار بۆ خزمەتکردن و، بۆ پێشکەشکردنی داهێنانی خۆیان.

من ئەوەندەی لەم ناوەندە نزیك بم، ئاگام لە بواری روناکبیری هەبێ، تەسەورم وایە جارێ ئەدەبی کوردی، داهێنانی کوردی، نوسینی کوردی بەپێی پێویستی ئەو ئازادیە فراوانە نیە کە ئێستا لە کوردستاندا خوڵقاوە. هێشتا

ئەتوانم بڵێم لەچاو نەبونی ئازادی پێش راپەڕین، ئەو ئازادیەی کە ئێستا فەراهەم کراوە، لەپێش راپەڕین نوسەران زیاتر تەفاعولیان لەگەڵ خەمەکان و خولیاکان و پێویستیەکانی روناکبیری کوردی ئەکرد، وەکو لەپاش راپەڕین؛ ئەمەش بێگومان بێهۆ نیە؛ لە دنیای نەبونی ئازادیا برشتی زیاتری روناکبیری هەبێ، کەچی لە سایەی ئازادییا ئەو برشتە وەکو پێویست هەمەلایەنە و راستگۆیانە نەبێ و، بگرە بەپێچەوانەوە، هەندێ نەخۆشی ئەوتۆش ئێستا لە ئەدەبی کوردی و ناوەندە روناکبیریە کوردیەکەدا هەیە، کە بە راستی مایەی سەرسوڕمانە. هۆی ئەمە چیە؟

لێرەدا زۆر گرنگە تیشکێکی بخەینە سەر، ناتوانین بە دورودرێژی بچینە ناو بنج و بنەوانی ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لەناو دونیای نوسینی کوردیا هەیە. پێم وایە هۆیەکی گرنگی ئەم وەکو پێویست نەخەملینەی داهێنانی کوردی، لە دوای راپەڕین، دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە هێشتا لە کوردستاندا سەقامگیریەکی کۆمەڵایەتی، بنەمایەکی ئابوری، حاڵەتێکی دەرونی لە کوردستانا، لە کوردەواریا جێگیر نەبووە، هەتا ئەو حاڵەتە جێگیرە حاڵەتێکی بابەتیتر بخولقێنێ و ئەرکێکی بابەتی تازە لە بینای دیموکراسی، ئەزمونی دیموکراسی، ئازادی، مەدەنی، مەسەلە عەقلیەکان، مەسەلە فەلسەفیەکان، مەسەلە دەرونیەکان، مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان بە مەسەلەکانی داهێنانیشەوە، بهێنێتەپێش.

پێش راپەڕین نوسەر ئەیزانی رژێمە و ئەیەوێ لەناوییەرێ ئەمیش ئەبێ لە چ سەنگەرێکا بێ، ئەمە ئاقارێکی دیاری بەرەنگاری هەموو یەکێك بو بەپێشمەرگە و غەیرە پێشمەرگەوە؛ بەڵام دوای راپەڕین چ جۆرە سەقامگیرییەك، چ جۆرە هەڵخستنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی ئێمەدا هەیە؟ چ جۆرە حاڵەتێکی بابەتی بۆ مەسەلە دیموکراسیەکان لە کۆمەڵێ ئێمەدا هەیە؟ ئەمە پرۆسەیەکە هێشتا ماویەتی دواوەڵامی وەرگری، هێشتا ماویەتی لە هەموو لایەکەوە پەلوپۆی تەواوی خۆی لەناو کورد و لە کوردستانا جێگیر بکات (٩) ساڵ بۆ سەرکەوتنی راپەڕین و ئەزمونی بینای دیموکراتیەکی تازە لە رۆژهەڵات و لە رۆژهەڵاتیش بۆ ئەزمونی بێقەوارەی وەکو کورد، زۆر نیە. سەیری ئەزمونە دیموکراسیەکانی میللەتانی تر بکەن بە (٥٠) ساڵیش سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سەقامگیری

سیاسی نەهاتۆتەدی. لەبەرئەوە بە (٩) ساڵ تۆ رەچاوی ئەوە مەکە هەموو پرسیارەکانت وەڵام بدرێنەوە. رەچاوی ئەوە مەکە هەموو بەڵێنەکانت بۆ بێتەدی؛ رەچاوی ئەوە مەکە هەموو ئەو بەڵێنانەی لە شاخ حزبەکان داویانە هەمویان بێنەدی، من پێم وایە هەناسەرکورتیەك بەهۆی شەڕی ناوخۆ و بەهۆی تەنگوچەڵەمە سیاسی و ئابوریەکان کە لە ناو کۆمەڵی ئێمەدا هەیە سەبارەت بەوەی راپەڕین و هێزەکان دوای راپەڕین و حکومەتی هەرێمی ئێمە چی کردوە و چی نەکردووە، خەڵك تەقریبەن ئەیەوێ بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئامانجەکانی بۆ بەدیبێت و، لە ماوەیەکی کورت و لە مەودایەکی تەسکا، بتوانێ لە ئەدەبا، لە هونەردا، لە وەرزشدا، لە کۆمەڵایەتیا، لە ئابووریا، لە هەمو ئەو مەسەلانەی کە رەچاوی ئەکا دەسکەوتی گەورەتری بۆ بەدیبێ؛ پێم وایە پەلەکردنێ لە حکومدان لەسەر زوو یان درەنگ بەدیهێنانی دەستکەوتەکان لە کوردستان و لە باری سیاسی ئێمە هەیە، کە حەقی وایە وەکو سیاسەت، وەکو یەکێتی، وەکو دامودەزگاکانی یەکێتی، وەکو داموگەزگا روناکبریەکانیش، وردتر و جدیتر قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین، رونیبکەینەوە ناکرێ بە (٩) ساڵ تۆ چاوەڕێکەی یەك ئامانجی ستراتیجی دیموکراسی بەدیبێ لەکاتێکدا نمونەی ئاوا لە دنیایا بە (٥٠) ساڵیش بەدینەهاتووە.

بگرە نمونەی ئاوا لە دنیایا بە (١٠٠) ساڵیش بەدێنەهاتووە. ئێستا لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیایا وڵاتانی ئەسکەندینافیایە، سوید، دانیمارك، نەرویج، فنلەند پێشکەوتوترین وڵاتانی دیموکراسی دنیان، ئێستاش لێکۆڵەرەوەکانی ئەوێ ئەڵێن قۆناغی دیموکراسی لەوێدا ماویەتی تەواوی ئەرکەکانی بەدیبێنێ، سەیرکەن لە دوای (٢٠٠) ساڵ سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراسی لە دوای (٢) سەدە بەدەستهێنانی سیستەمی دیموکراسی لەو وڵاتانە و لە پێشکەوتوترین وڵاتانی رۆژئاواش، کە دەوڵەتانی ئەسکەندەنافیایە، هێشتاکە بیرمەندە هەرە گەورەکانی ئەوێ ئەڵێن پرۆسیسی دیموکراتی هێشتا ماویەتی تەواوی ئەرکەکانی بەدیبهێنێ، ئێستاش لە سوید و دانیمارك و فنلەند جیاوازی لەنێوان ژن و پیاو هەیە، مافی ئابوری ژن لەچاو پیاو جیاوازی هەیە، ئێستاش لە چرکەساتێکدا لە سویدا حەوت ژن دەچەوسێنەوە، لەوێ قسەی درێویش پێی ئەڵێن چەوسانەوە، چاوسانەوە وەکو لای ئێمە نیە کوتەکت

خستبێتە ئاو بۆ ژنەکەت ئینجا بڵێیت ژن دەچەوسێنێتەوە، لەوێ قسەیەك هەستێکی نەستێکی ئەو ژنە بریندار بکا پێی ئەڵێن چەوسانەوە.

هەموویشی ئێستا ئەکرێ، لەوێ ناکرێ شتێکی ئاوا بکرێ داموگەزگاکان پێ ی نازانن، یەکسەر پێ ی ئەزانن، تەلەفۆن ئەکرێ، تەحقیقات ئەکرێ هەموو مەسەلەیەك ئەزانن. لەو قسەیە مەبەستم ئەوەیە لە وڵاتە هەرەپێشکەوتوەکاندا، ئینجا بۆ ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەمریکای لاتین، قۆناغی دیموکراسی لە دنیایا مابێتی ئەرکەکانی دیموکراسی بە ئەدەب و هونەر و ئابوری و کۆمەڵایەتی‌یەوە بەدیبێ، دە ئیتر کوردە هەژارەکە بۆ ئەوەندە پەلەی لێ بکەین؟ بۆ ئەوەندە فشاری بێ‌سنوری بخەینەسەر؟ بۆ بەدەسەڵاتەکەمان بڵێین بۆچی هەموو ئەو ئامانجانە نەهاتونەتەدی کە بەناوی دیموکراسیەوە گفتیان بەم هەموو خەڵکە داوە؟ ئاخر نابێت، نایەتەدی، ئەگەر ئەفلامکارتۆنیش بێت ناتوانێت بە (٩) ساڵ ئەو هەموو ئامانجانە بهێننەدی، یانی فیلمێکی کارتۆنی دیموکراسیش دەربهێنین ئێستا ناتوانین دیموکراسی بە تەواوی لە کوردستانا بێنینەدی کە هەندێ نوسەر و هەندێ حزبی تێنەگەیشتوو لە دیموکراسی و، تێنەگەیشتوو لە ئەرکەکانی دیموکراسی ئەوجۆرە رەخنە و ئەو جۆرە بەیاننامانە لەسەر ئێمە دەردەکەن. هەندێجار نوسەریش ئەو جۆرە قسانە ئەکەن کە بەداخەوە ئەوە تێنەگەیشتنە لە چەمکەکانی دیموکراسی و، تێنەگەیشتنە لە چۆنیەتی بەدیهێنانی ئەرکەکانی دیموکراسی.

حکومەتێك، ئەزمونێك هێشتا فرۆکەخانەی نیە، هێشتا بانقی دەرەوەی نیە، هێشتا دیبلۆماسیەتی نیە، هێشتا پەیوەندی بازرگانی نیە، هێشتا جۆرەها گەمارۆی نێونەتەوەیی عێراقی، پارتی، هەموو ئەمانەی لەسەرە، ئەوەی هەتە لەناو خۆتایە بۆ خۆتە، بۆ بینای خۆتە، بۆ خۆت بەکاریئەهێنی و، ئەتەوێ خزمەتی پێ بکەی؛ لەولاوە شەڕی ناوخۆی بزوتنەوەی ئیسلامی روبەڕوی‌کرایەوە، جارێ لەو نەبوەتەوە پارتی ئەچێتە پاڵی و بەیەکەوە شەڕت لەگەڵ ئەکەن، بەرەنگاریان ئەکەیت، لێك ئەترازێن، بزوتنەوە وازدەهێنێ، پارتی دێ بەشەڕت دەدا، ئەوەتەی هەین بە راستی نەمان توانیوە پشویەك بدەین، یانی ئەمەی ئێستاش بەناوی پشوو توانیومانە بیپارێزین، لەچاو پشووی دیموکراسی، پشوو نیە، بەراستی ئەمەش هەر بە کولەمەرگی ئەیبەینە سەر،

گەمارۆکان هێشتا فشارمان بۆ ئەبەن، ژیانمان هێشتا زۆر زۆر سەختە و، بە راستی سەختە و، لەگەڵ ئەوەشا چارەیەك لەبەردەمی ئێمەدا نیە، قەدەرێك لەبەردەمی ئێمەدا نیە، بەرەنگاری و تێکۆشان نەبێ، لە بەرەنگاری و تێکۆشان هەیە تێئەگا و، هەیە نەك تێت ناگا، وەکو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بەڵکو ئامادەی ئەوەش نییە پابەندی یاسا بێت. بچوکترین یاسا پەیڕەو ناکا. ئەمە لەکاتێکدا لە ئەوروپایا کۆمۆنیست بی کۆمۆنیست نەبی، یاسا هەیە، چەپ بی و چەپ نەبی، یاسا هەیە، مەسیحی بی و مەسیحی نەبی، یاسا هەیە، ئەوەی نیانە مادام تۆ مسوڵمانی با مەسیحیت یان کۆمۆنیستیت پاساوی ئەوەت هەیە بە هەوەسی خۆت هەڵبسوڕێی، ئەمە مەحاڵە. خۆت بە کۆمۆنیستی کرێکاری و کرێکار و ئەوپەڕی کرێکاری بزانی بە هەوەسی خۆت هەڵبسوڕێی، هەرگیز کاری وا ڕێگە نادرێ. چوارچێوەیەکی یاسایی هەیە ئەبێ بچیتە ناوی، هیچ چارەیەك لەبەردەمت نیە دنیای دیموکراسی و دنیای وڵاتی یاسا ئاوایە، کە لای ئێمە، ئەمە تێناگەن کە ئەبێ پابەندی یاسا بیت. کە تۆ لە وڵاتێکدا تێناگەی ئەبێ پابەندی یاسا بیت، چۆن چاوەڕێی ئەوە ئەکەیت چۆن حکوم لەسەر ئەزموونەکەت ئەدەی کە ئەبێ هەموو دەستکەوتەکانت بۆ بەدیبێ؟ پێم وایە ئەوە حوکمێکی یەکلایەنەی کاڵە حەق وایە هەموومان ئیش بکەین بۆئەوەی ڕاستی بکەینەوە، هەوڵ بدەین باشتر خەڵکەکە تێبگەیەنین و، باشتر ئاڕاستەی بکەین، لەناو پرۆسیسی دیموکراسی ئیش بکەین، بۆئەوەی کارەکانمان باشتر بچێتە پێشەوە.

ئەدیب و نوسەران لەم بوارەدا بە ڕاپەڕاندنی ئەم کارانە ئەرکێکی گەورەیان لەسەرشانە، پێشمان وایە سێ بەشی ئەدیبان و نوسەران و روناکبیران هەیە بەشێکی روناکبیران، ئازادی روناکبیری و ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەی لەبەرچاو ئەگرن، لەناو حیزبا بن یان نەبن، دەربەستی بەدیهێنانی ئەم ئەرکەن؛ بەشێکیشیان بتەوێ و نەتەوێ لەسەنگەری دوژمنەکان و شۆڕشی چەواشەن، چاك بکەین و خراپ بکەین ئەوان هەر تێکدەرن و قسەی خراپ و قسەلۆکی خراپ و پروپاگەندەی خراپت لەسەر بڵاوئەکەنەوە؛ بەشێکی تریش هەیە بە راستی خەڵکێکی دابڕاون لە واقیع، بە دابڕاوی بیر لە ژیان و ئەدەب و فەلسەفە و روناکبیر و ئەو کارانە ئەکەنەوە، ئەوانەیش بەشێوەیەکی خەیاڵی بیر لە روناکبیری و قەڵەمی روناکبیری ئەکەنەوە، ئەم سێ بەشەی ئێستاش سێ بەشی

سەرەکین کە ئێمـە بـەپێی ئـەزمون بۆمـان دەرکـەوتوە و، تـەعامولیان لەگەڵدا ئەکـەین، ئایـە چ تەعامولێکیشـیان لەگـەڵا ئەکـەین، تـەعامولی سـەرکوتکردن و سەرکوێرکردن؟ نەخێر. لەگەڵ هەموو ئەو بەشـانە بـە هێمنـی و بـە ئـارامی و بـە دیموکراسی هەڵئەسـوڕێین؛ لـە ناوچـەکانی ئێمـە تـەواوی ئـازادی بڵاوکردنـەوەی هەموو بڵاوکراوەکان هەیە، لێرە بڕۆن لـە سـلێمانی بـڕۆن لـە شـارەکانی تـر هـەر بڵاوکراوەیـەك بتـەوێ دەکڕیـت. ئـەوە باشـترین بەڵگـەی ئـازادی بڵاوکراوەیـە لـە کوردستانا کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمەیا هەرچـی نوسـەر و هەرچـی هونەرمەنـد و هەرچی دام و دەزگای نوسین هەیە، بودجە و چاپەمەنی و هەیە.

ئەمجارەیان (کەریم مروە) کە پیاوێکی ئەندێشـمەندی چـەپەکانی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاستە بە بەڕێز (مام جەلال) ی وتبوو ئەو ئازادیەی ئێوەئـازادی دیموکراسـی نیە کە داوتانە بە بەهرەمەنـدان، ئـازادی سۆسالیسـتیە داوتانـە بـە نوسـەر و بـە هونەرمەندان، وتبوی لە سۆسیالیزما هەم ئازادیەکە ئەدەن، هـەم پێویسـتیەکانی مـــاددی ئازادیەکـــەش دابـــین ئەکـــەن، ئێـــوە ئازادیەکەشـــیان ئـــەدەنێ و پێویستیەکانیشیان دابین دەکەن.

پێم وایە هەرچی دەزگایە لە کوردستاندا نـاتوانن یـەك دانـە مـانگ درێـژە بـە ژیانی خۆیان بـدەن بـە پشـتیوانی نـەبێت. جگـە لـەوەی ئـەوە بـۆ (٥) سـاڵیش ئەچێت هەموو نوسەر و هونەرمەندێك لە کوردستاندا، جۆرێك لە یارمەتی، جۆرێك لـە هاوکـاری بـەردەوام دەکـرێن. هـەموو چاپەمەنییەك تـاکو تـەرای لێدەرچـێ لەسەر حسابی خۆیان لەچاپی ئەدەن، هەرچی چاپەمەنی هەیـە لـەم کوردسـتانە پشتیوانی دەکرێ. ئەمەش منەتی تیا نییە، بەڵکو ئازادی و ژیـان دابینکـردن بـۆ نوسەران ئەرکێکی دیموکراسی سەرشانە.

لە هەموویشی خۆشتر و گرنگتر ئەوەیە کـە لـەلای ئێمـە سانسـۆر نیـە، هـیچ نوسەرێك ناتوانێ یەك شیعر و یەك بەرهەمی، یـەك ڕەخنـە، یـەك نوسـینی، یـەك ڕۆمانی هیچ شتێکی بێنێ بڵێ ئەوە لـە وەزارەت یـا لـە ئاسـایش یـا لـە مـەکتبی سیاسـی یـەکێتی یـا لـە دەزگایـەك لـە دەزگاکـانی ئێمـە سانسـۆر کـراوە، کـەس ناتوانێ وا بڵێت، من پـێم وایـە ئـازادیی مانایـەکی هـەبێ ئەمەیـە کـە کردوومانـە، بەڵام ئایە ئەمە هـەموو شـتێکە؟ نـەخێر مـن ئەگەڕێمـەوە سـەر قسـەکەم ئـەڵێم نەخێر ئێمە (٩) ساڵ نـاتوانین هـەموو شـتێك بکـەین، ئـەم پرۆسیسـە ڕێگایـەکی

دورودرێـژ بـەرەرەوە مـاوە. ئێمـە خزمـەت بکـەین، پـەرەی پـێ بـدەین و بچێتە پێشەوە (٩) ساڵی تری بخەینە سەر (١٨) سـاڵی تـری بخەینـە سـەر (٢٠) سـاڵی تری بخەینە سەر، من پێم وایە لە (٥٠) ساڵی ئایندەیا دەبینە یەکێك لە ئەزمونـە هەرە زیندوەکانی رۆژهەڵات و دنیاش و، دنیاش ئەتوانێ گـەواهیمان بـۆ بـدات و، بشزانن کە ئێمە خەمخۆری بەدیهێنانی ئەزمونێکی دیموکراسی بوین و، بە دنیـای روناکبیر و ئەدەبیشەوە.

پڕ بە دڵ هیوادارین بنکەی ئەدەبی و روناکبیری کۆیە و هەموو بنکـەکانی تـر و، هــەموو روناکبیرەکــان، هونەرمەنــدان، لــەم بارەیــەوە بــە هۆشــێکی تــەواو تەواوەوە چۆنیەتی دەربەست بونیان بـە ئەرکـەکانی دیموکراسـی، بەئەرکـەکانی ئازادی، بە ئەرکەکانی نەتەوایەتی، بە ئەرکەکانی حـوکمڕانی، دەربەسـت بونیـان لــەم بارەیــەوە بــە هۆشــێکی تــەواوە تێبگــەن و، ئــازادی تــەواوی خۆشــیان بەکاربهێنن؛ کە ئەڵێت دەربەست بـوون، بـەو واتایـە ناڵێـت کـە چـاوی خـۆت لـە ئاست هەموو کەموکوڕیەکان بنوقێنی، هەڵەکانمان نەڵێین، رەخنەمان لـێنەگرن، نەخێر هەڵە و رەخنەگرتنیش دەربەستبون بە جۆرێکی دیکە بۆ ئـەوەی هەڵـەی ترمان نەبێت، ئێمە ئازادی بەتەواوی ماناکەیەوە ئەڵێین و، ئیشی بـۆ ئەکـەین، پـڕ بەدڵ هیوادارین ئەم کۆنفرانسە و، کۆنفرانسەکانی تری بنکەو، کۆنگرەی بنکەو، تــەواوی دامودەزگاکــانی کوردســتان، لــەم بارەیــەوە وشــیارترین لــە راپەڕانــدنی ئەرکــەکانیان، لەدەســت نیشــانکردنی ناحــەزان و نــەیارانیان و، لــە چــۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی دژەکان، بۆئەوەی هەمووومان لە مـاڵی دیموکراسـیا بحەوێنـەوە و، هــەمووومان ئایندەیــەکی گەشــتری دیموکراســی لەبەرچــاو بگــرین، بــەبێ دیمـوکراتیش باوەڕتـان هـەبێ نـە نەتەوەکـەمان نەتەوەیـە، نـە ئەزمونەکـەمان ئەزموونە و، نە کەسیشمان کەسە؛ تەنیا دیموکراسی ئەوچەترەیە کـە هـەمووومان ئــەتوانین لــەژێریا بحەوێنــەوە و، تــەنها دیموکراســیش مایــەی ســەروەری و ســەرکەوتن و ســەرفرازی ئێمەیـە و، هـەمووومان پابەنـدی ئـەو دیموکراسـیەین، لەپێناویا خـەبات بکـەین، لـەپێناوی هەرچـی مانـدو بیـت مانـدوێتی نییـە، بگـرە بەپێچـەوانەوە ئاسـوودەییە، جـارێکی تـر پیرۆزبێـت کۆنفرانســەکەتان و هیـوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

# دەسەڵات، حیزب و ڕێکخراوە دیموکراتیەکان

هەموو ساڵێك، بەجوانی هەست دەکرێ کەوا کاروباری ڕێکخراوەیی، هەتا دێت، پێش دەکەوێ. بەڵام پێشکەوتنێکی لەسەرخۆ. هەڵبەتە، ئەمەش جگە لە هۆی بابەتی و لاوازی بنەماکانی ژیانی مەدەنی، هۆی تایبەتی و خۆییشی هەیە. ئەم هۆ تایبەتی و خۆییەش، پەیوەندی بە: سیستەمی حوکمڕانی و کاری دیموکراسی؛ ئەقڵیەتی حیزبایەتی و کاری ڕێکخراوەیی و، ئاستی هوشیاری دیموکراسی کاربەدەست و کادر و بەرپرسەکانەوە، هەیە.

کورد.. بەڕێوەیە بەرەو پەرەپێدانی ئەزموونێکی دیموکراسی تازە دامەزراو. ئەمەش لەم هەلومەرجە و، لەم بارودۆخەدا، ئەرکێکی سەنگین و دژوار و ئاڵۆزە. جگە لەوەی خۆمان گەلێکی بێئەزمونین لە ئەزمونی دیموکراسیدا، داگیرکەرەکانیشمان هیچ جۆرە دەرفەتێکی دیموکراسیان نەداوین هەتا پاشەکەوتێکی دیموکراسی ئەوتۆمان هەبێ، بۆ ئێستامان سوودی لێوەر بگرین. ئەمەش، کاریگەریەکی زۆری لەسەر حوکمڕانی دیموکراسی کوردستان هەیە. بەتایەبتی لەبارەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵ و چۆنیەتی دەسەڵات پێبەخشینی ئۆرگان و دەسەڵاتە مەدەنیەکانی کوردستاندا.

لە باری حیزبایەتیشەوە، لە دوای جنگی یەکەمی جیهانەوە، ئێمە گەلێکین حیزبایەتیمان تەنها بۆ بەرەنگاری و کوردایەتی و ڕزگاری بەکارهێناوە. واتە: نەریتی حیزبایەتیمان، نەریتی خەباتی ڕزگارییە. نەك خەباتی بیناکردنی ئەزمونی دیموکراسی. تەنانەت لەناوخۆی خودی حیزبەکانیشدا، هێندەی ئەقڵیەتی حیزبایەتی بەرەنگاری و ڕزگاری زاڵبووە، زۆرجار دیموکراسی ناوخۆی حیزبەکانیش تاسێندراوە، بەڵکو تاوانی گەورە گەورەش لەم بارەوە، دەرهەق بە تێکۆشەران و دڵسۆزان، ئەنجام دراوە. هەتا ڕادەی کوشتن و شکاندن و سەرنگونکردن.

لە دوای ڕاپەڕینەوە، لەکاتێکدا پێشینەیەکی دیموکراسی لە کوردستاندا، لە ڕووی حوکمڕانیەوە نەبووە؛ ئەقڵیەتی حیزبسالاریش لە قۆناغی ڕزگاریدا،

زاڵبووه، هەر بۆیە دەبینین لە دوای راپەڕینەوە، کارێکی ئاسان و سانا نابێ بە بەرنامە و ئاڕاستەی دیموکراسیانە و ئازادی راستەقینە، کار لەناو روبەری ئەزموونی دیموکراسیدا بکرێ. تەنانەت دوای (٩) ساڵیش لە سەرکەوتنی راپەڕین و کێشە و گرفتەکانیش، دوای ساڵەها ئەزمون و ململانێ، هێشتا ناتوانین لە بەرامبەر ئۆرگانە دیموکراسییە دوور لە دەسەڵاتەکەمان، یان یەکالا لە دەسەڵاتەکەمان، لە رێسایەکی بابەتی دیموکراسی دڵنیابین. چونکە جگە لەوەی (٩) ساڵ زۆر کەمە بۆ رەخساندنی رێسای دیموکراسی، پیلان و تەنگوچەڵەمەش کەم نەبون بۆ لاوازکردنی هەوڵە دڵسۆزەکان لەپێناوی رێسایەکی ئاوای دیموکراسیدا؛ لەمەش زیاتر و زیانبەخشتر ئەوەیە کەوا:

هێشتا نەك نەمان توانیوە لە ئەقڵیەتی حیزبسالاری هەتا رادەیەکی دڵخۆشکەرە سەرفراز بین، بەڵکو هێشتا دەتوانین بڵێین: ئەقڵیەتی حیزبسالاری لەناو سەرکردایەتی و ئۆرگانە کاریگەرەکانی حیزبەکاندا، زاڵە. کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش ماویەتی لەم راستییە لە خۆی دڵنیابێ. ئەمەش وایکردووە، بە بیانووی ئەوەی گوایە:

ئەندامانی حیزبەکان لەناو رێکخراوە دیموکراتیەکاندا زۆرن، کەوابێ: هەق نییە رێکخراوە دیموکراتیەکان سەربەخۆبن. بەڵکو پێویستە بکرێنەوە بە بەشێك لە ئۆرگانە حیزبیەکان لەگەڵ رەچاوکردنی تایبەتمەندێتی ئەرکە پیشەیی و دیموکراسیەکانیان.

بێگومان.. ئەو بیروڕایانە سەراپا هەڵەن. بەڵکو هەڵدێرێکی جەماوەری ترسناکیشی لەدواوەیە، ئەگەر بێت و بڕیاری ئاوا، یان بەرنامەی ئاوا، پەسەند بکرێ. چونکە، کاری رێکخراوەیی رێکخراوە پیشەیی و دیموکراسیەکان بەوە ناپێورێ کە چەندیان حیزبن و چەندیان بێلایەنن. بەڵکو بەوە دەپێورێ: ئایە خەباتی پیشەیی و دیموکراسی، وەکو راستیەکی بابەتی، زەمینەی کۆمەڵایەتیان هەیە یان نییە؟ گەر لە رووی بابەتیەوە، سەندیکا و رێکخراوەکان زەمینەیان هەبێ، ئیتر ئەرکی حیزب و دەسەڵات ئەوەیە رووبەری زەمینەکە بزانێ و مافی دەسەڵاتە دیموکراسیەکانی پەسەندبکا. تەنانەت خەباتیشی بۆ بکا.

کە قسەش بێتە سەر ئاماری ئەندامانی حیزب، لەناو ئەم یان ئەو رێکخراودا، ئەمەش هێندەی پەیوەندی بە مافی دیموکراسی و پیشەیی ئەو ئەندامانەوە هەیە

کە بە دڵخواز لەناو ئەو ڕێکخراوانـەدا تێدەکۆشـن، هێنـدە پەیوەنـدی بـە بڕیـاری حیزبەکانەوە نییە. خۆ مرۆڤ کە دەبێتە ئەندامی حیزب، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کـە ئەو مرۆڤـە بـۆی نییـە داوای خواسـتی پیشـەیی، یـان دیموکراسـی، یـان ئـازادی بەهرە، یاوەکو چالاکی وەرزشی، بکا. نەخێر ئەم دو بوارە، دو بواری جیان، دوو ئەرکن تایبەتمەندی جیایـان هەیـە. دوو خـەوون و خولیـای جیـاوازی مـرۆڤن کـە هیچیان لەسـەر حسـابی ئـەوی دیکـەیان نییـە. بـەڵکو سـەرەڕای ئـەوەی جیـا و جیاوازیشـن، بـەڵام لـە هـەمان کاتـدا، تەواوکـەری ئـەرك و مافـە دیموکراسـی و سیاســیەکانن، بــۆ ڕاگرتنــی هاوســەنگی کــارە حــوکمڕانی و حیزبایــەتی و دیموکراسیەکان. ئەمـە جگـە لـەوەی گـەر مەسـەلەکەش بێتـە سـەر سـەرژمێری ئەندام و ناو، بەڵگـە هەیـە لـە زۆر ڕێکخـراودا، بسـەلمێندرێ کـە ئامـاری ئەندامـە سەربەخۆکان، سەندیکا و ڕێکخراوەکان، لە هەندێکدا زۆر زیـاترە لـە حیزبـەکان، لە هەندێکیشدا، کەمێ زیاترە و لە هەندێکی دیکەشدا، هاوتا و تێکەڵە.

بـۆ نموونــە: لــەناو ســەندیکای کرێکــاران، کۆمەڵــەی خوێنــدکاران، لاوان، ســەندیکای کارمەنــدانی تەندروســتی، وەرزشــکاران، نوســەران، هونەرمەنــدان، جوتیـاران، پزیشـککاران، پـارێزەران، فیدراسـیۆنی کـەم ئەنـدامان، تیکۆشـەری بێلایـەن زۆرتـرن کـە لـە دەوری مافـە پیشـەیی و خواسـتە دیموکراسـییەکانیان کۆبونەتەوە.

سەەرای ئەو ڕاستیانە، دوپاتی دەکەینەوە، مەسەلەکە ئەوە نییە حیزب یـان ڕێکخراو ئەندامی زۆرترە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیـە، مـادام گەلەکـەمان خـەریکی دامەزراندنی ئەزمونێکی دیموکراسییە، کەواتە: ئۆرگانە دیموکراسـییە نـاحیزبی و ناحکومەتیـەکان، کـەم بـن یـان زۆر، مـافی خۆیانـە سـەربەخۆبن. دووربـن لـە دەسەڵاتی سیاسی و دەست تێوەردانی حیزبایەتی.

ئەزمونـە دیموکراسـیەکانی گـەلانیش دەریـان خسـتووە، کـە لـە ئایینـدەدا، بزوتنەوەی سەربەخۆیی دیموکراسـی باڵادەسـت و کاریگـەرترە. جـا ئێمـە وەکـو گەلێکی هەمیشە بێبەشکرا ولە مافە دیموکراسیەکان ، چی دەکەین؟

چـاوەڕێ دەکـەین هـەتا بزوتنـەوەی دیموکراسـی بـە تـەواوەتی زاڵـدەبێ، هەنگێنێ فریـای ڕاپەڕانـدنی ئەرکـە دیموکراسـیەکانمان بـۆ پێکهێنـانی ئۆرگانـە مەدەنی و دیموکراسیەکان بکەوین؟

یاوەکو، بەپێی رادەی گەشەکردنی ئێستا و لە روناگەی پێشبینی ئایندەوە، بەرە بەرە لەناو ئەزمونە تازەکەماندا، مەشقی خەباتی دیموکراسی بکەین و خەمی ئێستا و ئایندەمان بخۆین؟

گەلی کوردستان.. هەمیشە لە مێژودا کوشتەی ئەوە بووە پێشبینی روداوەکانی کەم کردووە؟ زەمینەی بۆ ئەگەری گۆڕانکاریەکان نەڕەخساندووە. هیچ نەبێ لە زهن و ئەقڵیەت و پەروەردەدا. هەق نییە ئێستاشمان بە دەردی رابوردوو بەرین، بەڵکو هەقە، ئێستامان، سەرەڕای کێشەکان، بە کۆشش، ببەستینەوە بە گەشانەوەی ئایندەمان.

نەك لەناو کورددا، بەڵکو لەناو گەلانی پێشکەوتوشدا، لەکاتی هەڵبژاردندا، ململانێ و ناکۆکی گەرم دا دێن. تەنانەت گیانی پروپاگەندەی هەتاڕادەیەك لەرادەبەدەریش، زاڵبدەبێ. ئەمە جگەلەوەی بەکەم پشاندانی تواناکانی بەرامبەر و قەبەترکردنی توانا (خود)کان، سەرهەڵدێنن. رەنگە لەناو گەلانی دواکەوتوی وەکو کورددا، ئەو راستیانە تێکەڵاو بە جۆرەها گرفتتی لاوەکی و تایبەتیش، بکرێ. بەتایبەتی کە مەسەلەکە دێتە سەر پەیوەندی دەسەڵات و رێکخراوەکان و، دەسەڵاتی حیزب و رێکخراوەکان. ئیدی دەسەڵات، بە دەسەڵاتە حکومی و حیزبیەکەوە، کاریگەریەکی سەیری لەسەر پێکهاتە حکومەتی و حیزبیەکە، بگرە لەسەر کاربەدەست و کادریش هەیە. دەسەڵات وادەکا:

بەچاوێکی کەم سەیری کاری رێکخراوەیی بکرێ. بەرپەرچی خواستە پیشەیی و دیموکراسیەکان بدرێ. مافە مەدەنیەکانی دەسەڵاتی رێکخراوەییان، کەمتر بسەلمێندرێ. چونکە ئێمە گەلێکین، ئەزموونی دیموکراسیمان نییە. هەڵبەتە، تاقیکردنەوەی دەسەڵاتە مەدەنیەکانیشمان، هەر زۆر کەممە. زۆرمان کاربەدەست و بەرپرسیاریش هەن، دوورونزیك لەناو تاقیکردنەوەی رێکخراوە دیموکراتیەکان، نەك پێنەگەیشتون، بەڵکو وەکو ئیداریەك و حیزبیەکی وشك، پێشکەوتون.

ئەو کێشە و گرفتانە، بەشێوەیەکی گشتی هەن. ناشکرێ تەنها بە بڕیار هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێ. چونکە لە بنەچەدا، بەشێکی زۆری کێشەکان پەیوەستی بنەما و پێکهاتەی کۆمەڵەکەمان و ژێرخانی ژیانمان. بەشێکی کەمی پەیوەندیان بە پەروەردەی حیزبی و رێوشوێنی ئیداریەوە، هەیە. دەکرێ،

هەوڵبـدرێ هێنـدەی کێشـەکان ڕەنگدانـەوەی هـۆش و پـەروەردە و ڕەوشـی کارکردنی خۆمانەوەیە، چ وەکو دەسەڵات و، چ وەکو ئەقڵیەتی حیزبیی، دەشـێ بەرنامـەی باشـتر بـۆ چارەسـەرکردنیان داڕێـژین. ڕێوشـوێنی گونجـاوتری چارەسـەرکردنیان دابنـێین. ڕێگـەی کـاری لاسـاری ئیـداری و، هەڵسـوڕانی حیزبسالاری نـەدەین. بـەڵام وەکـو دی، پێویسـتە لـە چوارچێوەی سـتراتیژێکی گشتیدا، بڕوانینە پێشکەوتنی کۆمەڵ و، هوشـیاری خـەڵك و، نەریتـە جوانـەکانی دیموکراسـیی. دەبـێ، چـەمك و بنچـینە و ئاڕاسـتەکانی دیموکراسـی، بکەینـە پرۆژەیـەکی هەمەلایـەنی ژیـان و ژیـانی پـێ پـەروەردەی شارسـتانیانە بکـەین. پەروەردەیـەکی دوورودرێـژی ئـەوتۆ، کـە بـە هاوئاهـەنگی پتـەوکردنی ژێرخـانی ئابوری و پێشخستنی پیشەسازی، هۆشی کۆمەڵایەتی دیموکراسی، بـە پـرۆژەی مەعریفەی سیاسی و فکری و ڕەخنەیی، قوڵتر بکرێ. مافی هەموو بوارێکی ژیانی هاوچەرخ بدرێ. دەسەڵاتەکان لێك یەکالابکرێن. سنوری دەسـەڵاتی حکومـەتی و حیزبـی سـاغبکرێنەوە. ئـازادی ڕێکخراوەیـی و ئـازادی تـاك و ئـازادی تـەواوی دەسەڵاتە مەدەنیەکان، بکەینە بەشێکی گرنگی چۆنیەتی بیناکردنـەوەی کۆمـەڵ و ئیدارە و حیزب.

بـەرە بـەرە، بویسـترێ و نەویسـترێ، حـوکمی گەشـەکردنی دیموکراسـی و شارستانیەتی سەردەم، دەیسەپێنێ کەوا: گەلانی دواکـەوتوش، پـێش بکـەوون. ئیدی، پێکهاتـەی دواکـەوتوو، نـەریتی دواکەوتوو، نـاوداری دواکـەوتوو، کـادر و سەرکردەی دواکەوتوو، کارەبدەست و بڕیاربەدەستی دواکەوتوش.. ئەگەر پـێش نەکـەوێ، ئەگـەر لـە کرۆکـی سـەردەم و لـە ئـەرکی هاوچـەرخ.. وردنەبنـەوە و خزمەتیان نەکەن، بێگومان لە کاروان جـێدەمێنن گـەلی کوردسـتانیش بەڕێوەیـە بەرەو دونیای پێشکەوتن. ساڵ بـە سـاڵیش، چـەند چوبێتەپێشـەوە، هێنـدەش، دواکـەوتوەکان، چ پـارێزەرانی نـەریتی دواکـەوتوو، چ دواکـەوتوانی کۆمـەڵ، چ سـەلەفیەکان، چ کـادر و کاربەدەسـتان، چ ئۆرگانـە حکومـەتی و حیزبیـەکان، ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ، بەرپەرچـی پێشـکەوتنیان داوەتـەوە. هەیـە بـە بەرنامـە و ئاڕاسـتە بەرپەرچـیداوەتەوە. هەشـە، بەمەبەسـت بەرپەرچـی نەداوەتـەوە. هەشـن.. وەکـو دوژمنایـەتی دابەزیونەتـە مەیـدان. مەیـدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەسکەریش!

## بەشی چوارەم؛ هەڵبژاردنی شارەوانی:

١- وەرگۆڕان.. بەرەو حوکمڕانی
وەرچەرخان بەرەو کۆمەڵی مەدەنی.
٢- کۆمەڵی مەدەنی..
گەڕانەوە بۆ خەڵك و بەخەڵکیردنی دەسەڵات.
٣- هەڵبژێر و.. هەڵبژاردنی شارەوانیەکان.
٤- هەڵبژاردنی مەدەنیانە:
سەرەتای نەریتێکی سەرکەوتوو.
٥- هەڵبژاردن و کەسایەتی هاووڵاتی.
٦- پێوانەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی.

## وەرگۆڕان.. بەرەو حوکمڕانی
## وەرچەرخان.. بەرەو کۆمەڵی مەدەنی*

هەموو شۆڕشو تەواوی شۆڕشگێڕان، دوای سەرکەوتنی خەباتی شاخ، یان خەباتی نهێنیو راپەڕین، دوو ئەرکی سەنگینو دژوار لەشارەکاندا، رووبەڕوویان دەبێتەوە.

یەکەمیان: وەرگۆڕانە (تحول) لەخەباتی یاخی شۆڕشگێڕانەوە بۆ ناو بۆتەی یاساو رێسای حوکمڕانی شار.

دووەمیان: وەرچەرخانە لەدەسەڵاتی سیاسییەوە بۆ دەسەڵاتەکانی مەدەنیو مەدەنیەت.

رووبەڕووبوونەوەی ئەم دوو ئەرکەو راپەڕاندنی پێویستییەکانی هەردوو ئەرکەکە، سەبارەت بەگەلان، لەڕووی دیموکراسیو چەسپاندنی یاساو پێدانی چەمکەکانی شارستانی حوکمڕانی، دوو مەسەلەی چارەنووسسازن. سەرکردایەتی هەر گەلێك، لەخەباتی نهێنیدا سەرکەوتوو بوبێو لەڕاپەڕاندنی ئەم دوو ئەرکەی شاردا، کەمتەرخەم بوبێ، خۆیو گەلەکەی دوچاری تەنگوچەڵەمەی ئاڵۆزو ترسناك کردووە. ئەزمونەکانی ئۆروپای رۆژهەڵاتو کوباو چینو کۆریاو نیکاراگوا، باشترین نمونەن کە بونەتە مایەی پەندو ئامۆژگاری بۆ گەلان؛ ئەزمونە دیموکراسیە راستەقینەکانیش کە بەرەبەرە پەیڕەویان لەدیموکراسی کردو پابەندی دەسەڵاتی مەدەنیبوونو عەلمانیەتیان چەسپاند، لەنموونە پێشکەوتووەکانی ئۆروپای رۆژئاوان.

* کوردستانی نوێ ژ(٢٠٥٠) ٢٠٠٠/١/١٨

لەباقی هەرێمەکانی گۆی زەوی، دەیان جۆر نمونەی لەمام ناوەنجی بەرەو خراپترمان هەق. خراپ هەتا رادەی فاشیەتو دیکتاتۆریەتو تۆتالیتاریەت، مام ناوەنجیش لەبرینی بەشێکی قۆناغی دیموکراسیو بەدیهێنانی هەندێ لەئەرکەکانی.

ئێمە گەلێکین، دوو سەدەیە داگیرکەران جگەلەبەرەنگاری شاخ، هیچ دەرەتانێکی دیکەیان بۆ نەهێشتوینەتەوە. (١٨٨٠) سەرداری گەورەی کورد (عبیداللەی نەهری) بە حەسرەتێکی سەدان ساڵەوە بەئۆروپایەکان دەڵێ: بۆ یەك جار تاقیمان بکەنەوە بزانن ئەزانینن حوکمی خۆمان بکەین یا نە؟ لەوەوبەرو لەوە بەدواش هەر رێگەیان نەدایەو نەداین. لەدوای سەرکەوتنی راپەرینەوە، ساڵی (١٩٩٢) توانیمان لەحوکمو ئەقڵیەتی شاخەوە، وەربگۆڕێین بۆ حوکمی یاسایی شار کە بەداخەوە لەم حوکمەدا بەجۆرەها دەردی خەتەرناك براین، دوای بەرگە گرتنی هەموو دەردە خەتەرناکەکانیش، ئەوەکاتێ ئەزمونەکەمان وەردەچەرخێ بۆ حوکمی مەدەنیو کۆمەڵی مەدەنی.

گەلی کوردستان، گەلێکی رۆژهەڵاتییە، لەو گەلانەیە خزمەتی نەتەوە گەورەکانی رۆژهەڵاتی لەبەرەبەیانی مێژووەوە هەتا ئێستا کردووە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو هەموو خزمەتانەی کردونی، کەمترین خزمەتو زۆرترین ئازاری دیووە. هەر قەڵمڕەوو حوکمڕانێك لەدوو هەزارەی پڕ ستەمی رابردوودا، بەهەر ناوو ناوبانگێکەوە هاتبێتە کایە، کایەی لەناوبردنی سەپاندۆتە سەر کوردستان. ئەو دوو هەزارەیە، رۆیشت، هیوادارین ڤایرۆسی ئاسەوارەکانی نەگوێزرابێ بۆ هەزارەی سێیەم.

ئێستا.. لەهەموو کوردستاندا، تەنها لەباشووردا، گەلەکەمان توانیویەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکا، وێڕای قەوماندنی دەیان کارەساتی ترسناك، نەك گیانی بەرەنگاری لەکوردستاندا پارێزراوە، بەڵکو پەرۆشی پەرەپێدانی دیموکراسی زیندووە، وا لەمانگی یەکەمینی مانگی هەزارەی سێیەمدا یەکێك

لەئەزموونـە دژوارەکـانی دیمـوکراتیزەکردنی کۆمـەڵو بینـای کۆمـەڵی مـەدەنی، تاقیدەکرێتەوە.

ئەم ئەزمونە، ئەگەر سەبارەت بەگەلانی تەواو سەربەخۆی قـەوارە چەسـپیودا، ئەرکێکی سەخت بێو تەنانەت لەزۆربەی وڵاتانی دواکەوتوودا نـەیان ویرابـێ هـەر توخنیشی بکەون، ئەوا سەبارەت بەکوردستان کـە: گـەمارۆ دراوە، سـەربەخۆیی تەواوی دابین نەکراوە، ئاشتی تیا نەچەسپاوە، کارێکی سەنگینو سەختە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، دواخسـتنی ئـەم جـۆرە ئەرکانـە زیـانی لـەقازانجی زیـاترە. زیانـەکانی ئاشـکران کـە: دیموکراسـی شـۆڕنابێتەوە بـۆ نـاو خـەڵك. هـەموو دەسـەڵاتەکان لەدەسـت حزبەکانـدا دەمێـنن. توانـاو بـەهرەی خـەڵك بـواری خزمەتیان کەم دەبـێ؛ ئەمـە جگـە لەدەسـتێوەردانو کـاری نایاسـاییو حـوکمی سەرپێیی.. تاد جێبەجێکردنی ئەم جۆرە بڕیارانـەش سـەرەڕای دۆخـی سیاسـی سەرانسـەری نالـەبار، تاقیکردنەوەیـەکی گرنگـی تواناکـانی خەڵکـە، توانـای حزبەکانە، لەمەحەکدانی دیموکراسیەتە، هەوڵدانە بۆ چارەسەرکردنی گرفتـەکانی خـەڵك لەڕێگـەی دەسـەڵاتی خەڵکییـەوە، دەرخسـتنی توانـای شارسـتانیانەو مەدەنیانـەی کۆمەڵەکەمانـە. بـوار رەخسـاندنە لەبـەردەم کـادری شایسـتەی کۆمەڵایەتی.. تاد.

ئـاوا.. کـورد، بڕیاریـدا. وا جێبەجێشـیی دەکـا، بێجیـاوازی رەگـەزو ئـاینو مەزهـەبو بیروبـاوەڕی سیاسـیش، شـارەوانییەکان هەڵدەبـژێرێ. ئەمـە لەکاتێکیشدا، چەندین وڵاتی رۆژهەڵات لەمشتومڕی ئەوەدان ئایە رێگە بەژنانیان بدەن یان نەدەن.. بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن!

هـەنگاو نـان بـۆ ئـەزمونی هەڵبـژاردنی شارەوانییەکان لـەناو پرۆسـەی حـەوت سـاڵەی دیموکراسـی گەلەکەمانـدا، ئەگـەر بێتـو بمانـەوێ بەڕاسـتی هەڵبـژاردنی شارەوانییەکان وەکـو سـەرەتای حـوکمی مـەدەنی، لەهـەموو بارێکەوە بایـەخی بـدەینێ، دەبـێ بـزانین ئیـدی لەمـەودوا دەسـەڵاتی کـوردیی (حزبیـو حکـومی) دەخاتە نـاو چـوار چێوەیەکی (سیاسـی–ئیـداری–مـەدەنی) جیـاواز لـەرابردوو.

جاوازیەکەش ئەوەیە کەوا: لەپاڵ حکومەتو توانای حزبیدا، ئیدارەی وەکو لەمەوبەر بەرنامەو بڕیاری ئیدارە کردنی شارەکان دابڕێژرێو بدرێ. دەبێ بەتەواوی بڕواوە (بەکردەوەش) ڕێگەبدرێ شارەوانییەکان خاوەن دەسەڵاتی یاساییەو تەنفیزی خۆیان بن، خاوەن کەسایەتی مەدەنی خۆیان بن، بۆ ئەم مەسەلەیەش حکومەتو حزب، دەبی ئامادەبن ئەو دەسەڵاتەی لەمەوبەر لەبەڕێوەبردنی شارەکاندا هەیانبووە، کەم بکرێتەوە، دەسەڵاتەکانی شارەوانی شارەکان بدرێن بەشارەوانییەکان. بەڵکو پێویستە بەزووترین کات، یاساو ڕێسای دیموکراسی–مەدەنی تۆکمەو پێشکەوتووش بۆ سەرۆکو ئەنجومەنی شارەوانیەکان داڕێژرێ هەتا بتوانن، بەیاساو ڕێسایەکی باشترو کاریگەرتر لەو یاسایەی پەرلەمانی کوردستان وەکو یاساییەکی سەرەتایی دایڕشتووە، ئەرکەکانیان رابپەڕێنن.

دەبێ.. تەواوی توانـاو.. وزەی خۆمان بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزمونە، بخەینەکار، هەتا بیسەلمێنن کە گەلەکەمان نەك شایستەی وەرگۆڕانە لەخەباتی شاخەوە بۆ ئیدارەی شارەکان، بەڵکو شایەنی ئەوەشە لەئیدارەی شارەکانیشدا، ئەزمونە دیموکراسییەکەی وەربچەرخێنێ بۆ کۆمەڵی مەدەنی. هەر گەلێکیش بتوانێ لەناو پرۆسەی دیموکراسیدا، لەوەرگۆڕانی ئیداریو.. وەرچەرخانی مەدەنیدا، سەرکەوتووبێ، ئەو گەلە، گەلێکی زیندووە، گەلێکی پێشکەوتووە، گەلێکە.. بەڕاستی شایستەیە چارەنوسی خۆی.. بەدڵخوازی خۆی، ئەقڵانیو دیموکراسیانە، دیاری بکا.

# کۆمەڵی مەدەنی.. گەڕانەوە بۆ خەڵك و بەخەڵکیکردنی دەسەڵات*

جارێ سەرەتای هەڵمەتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی شارەوانیەکانەو کوت ومت سەرەنجامەکەی نازانرێ؛ ناشتوانرێ حوکمی تەواو لەسەر چۆنیەتی سەرکەوتنی ئەم ئەزمونە بدرێ؛ بەتاقی تەنها پروپاگەندەی حیزبەکان، یان حکومەتی هەرێمیش دەستەبەرنییە بۆ دڵنیابوون لەم تاقیکردنەوەیە؛ یان تەنانەت تێك نەدانی تاقیکردنەوەکەش، چ لە رووی یاساییەوە و چ لە رووی پراکتیکیەوە، بەتایبەتی ئەگەر تاقیکردنەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان بیربخەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە نەك هەر دوای داتەپاندنی پەرلەمان، بەڵکو پێش ئەوەش، نیوەی پێویستیش کار بە بڕیار و یاساکانی پەرلەمان نەدەکرا. هەتا سەرەنجام پەرلەمان هەڵدێرا!

هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیەکان (٢٠٠٠/٢/٣) دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان (١٩٩٢/٥/١٩) دووەمین هەوڵی فراوانی پەنابردنەوەیە بۆ خەڵك. ئەم هەوڵە، وێڕای ئەوەی لە سایەی ئاشتیدا ئەنجام نادرێ و تێکڕای گەلەکەمان سوودی دیموکراسی لێنابینن، سەرەڕاش، بڕیاری هەڵبژاردنەکە، خۆی لەخۆیدا، سێ هۆی گرنگی هەیە:

یەکەم: دواکەوتنی بەدیهێنانی ئاشتی بەم زوانە.

دووەم: دەرکەوتنی باشتری رۆڵی خەڵك و تواناکانی دەرەوەی دەسەڵات، لە دەسەڵاتدارێتیدا.

سێەم: پەیڕەولێکردنی فراوانتری پرنسیپەکانی دیموکراتی.

ئەم سێ هۆ کاریگەرە، دووانیان دەریدەخەن کەوا سەرەتای پێگەیشتنێکی هۆشی کۆمەڵایەتی باش لەدوای راپەڕینەوە، لە کوردەواریدا، چەکەرەی دیموکراسیو حوکمی مەدەنیان کردووەو فشاری بابەتیان بۆ سەر دەسەڵات هێناوە کە گرفتەکانی خەڵك لەرێی خەڵکەوە باشتر چارەسەر بکرێنو نەخرێنە گیروگازی دەسەڵات و پاوانخوازی دەسەڵاتەوە. بەڵام مەخابن، هۆیەکەی تریان

* کوردستانی نوێ ژ(٢٠٥١) ٢٠٠٠/١/١٩

کـە سیاسـی و بەتەنگەوەنـەهاتنی ئاشـتیە، پێچـەوانەی پێگەیشـتنی هۆشـی کۆمەڵایەتی خەڵك، لەگەڵ خواسـتە دیموکراسـیەکانی خـەڵك و بـە خـەڵکیکردنی دەسـەڵات ناسـازێ. رەنگـە پێگەیشـتنی هۆشـی کۆمەڵایەتیەکـە بـە حـوکمی سـەرەتای چـەکەرەکردنیەوە، مـابێتی باشـتر نشـونما بکـا. بـەڵام پرۆسـەیەکی سیاسی – کۆمەڵایەتی لـەم چەشـنە دەبـێ ماکێك رۆڵـی لـە خێراتـر خەمڵانـدنی هەبێ: دەست پێشکەری بۆبکا، ببێتە پێشەنگ و زەمانەتی سەرکەوتنی لە پەیام و پەیمانەوە بگۆڕێ بە کار و کۆشش.

زۆرجـار لـە مێـژوودا، بڕیـار و بەرنامـەی سیاسـی، کۆمەڵایـەتی و رونـاکبیری پێویست بەتەمای باشتر پێگەیشتنی هەلومەرج، یان چاکتر رەخسـانی دۆخـەوە، دواخـراوون، بـەڵام لـەبری باشـتر پێگەیشـتنی هەلومـەرج یـان چـاکتر رەخسـانی دۆخەوە، هەلومەرج لەبارچوە و دۆخ نالەبارتربووە. گەلی کوردسـتانیش هەمیشـە هـەلی لـەکیس دراوە، هـەرگیز هـەلی بـۆ نەقۆزراوەتـەوە. بۆیـە لـەبری ئـەوەی سەرکەوتن بسپێرێتە سەرکەوتنێکی دیکە، بەپێچەوانەوە، شکستی خستۆتە سەر شکستەکانی دیکەیەوە. لـەدوای شکسـتەکانیش تەنانـەت هۆیـە راسـتەقینەکانی شکستەکانیشی زانستیانە هـەتا ناوەڕاسـتی هـەفتاکان، لێـك نەداوەتـەوە. لـەوە بەدوا خوێندنەوەی خیتابی سیاسی کورد زانستیانە هێنراوەتە ئارا.

بە درێژایی مێژوو، سەردار و سەرکردایەتی سیاسی کوردیی، بەناوی خەڵکەوە، شەڕێ کردووە، گفت و گۆی کـردووە، چۆتە شـاخ و دابەزیوەتـەوە شـارەکان. تەنانەت بۆ هەڵبژاردنی پەرلـەمانیش تـەنها متمانـەی خـەڵکی وەرگرتـووە، دوای ئەوە نەك برێ لە دەسەڵاتەکانی پێشکەش نەکردۆتەوە خەڵك، بەڵکو بە حـوکمی پێکهاتە نەگونجاوەکەی پەنجا بە پەنجای پەرلـەمان و حکومـەت و، کارەسـات و کێشـەکانی شـەڕی نـاوخۆوە، نەشـتوانرا لایـەنی کـەمی بەڵێنـەکانی گەرمـەی هەڵبژاردنی پەرلەمانیش بۆ خەڵك بهێنرێنەدی.

ئەمە یەکەمین جارە، ئەو گەلەی هەردەم خەڵکەکەی بۆتە قوربانی، بڕیاری بـۆ دەدرێ خۆی دەسەڵاتی شارەوانەکانی لەناو خۆیا هەڵبژێرێ.

پەنابردنـەوە بـەر خـەڵك، باوەڕهێنـان بـە بـەهرەو توانـای خـەڵك، دەسـەڵات پێبەخشـینی خـەڵك و بەخـەڵکیکردنی دەسـەڵات، بـۆ شۆڕشـگێڕە دیمەکراتخوزەکان، پیرۆزییـەکی تیایـە. پیرۆزیـەك سـەرەتاکانی دەگەڕێتـەوە بـۆ شانە سەرەتاییەکانی پەروەردەی ئایدیۆلۆژی، بۆ خەباتی نهێنـی، بـۆ سـەرەتای

مـەفرەزە پێکـەوەنانی شـۆڕش و پەرەسـەندنی شـۆڕش، بـۆ گیـان بەخشـینی شەهیدان، بۆ بەستنی کۆبونـەوە فراوانـەکان و کۆنفرانسـەکان، بـۆ سـەرکەوتن و شکستەکان، بۆ بەرگ گرتنی رۆژگارە نالەبارەکان.. تاد.

دیارە... رەگەکانی ئەم شانازیانەی ئێستا لەناو پرۆسەی دیموکراسیدا زاخاو دەدرێن، هی هەلومەرجێکن جیاواز لـەم هەلومەرجـە، بـەڵام ئـەم هەلومەرجـەش، گەوهەری خۆی هەیە و خەم و خولیا و چێژی تایبەتیشیان هەیە کە هەقـە لێیـان وردبینەوە و بنج و بنەوانی چۆنایەتی خزمـەتکردنیان زانسـتیانە لێـك بدەینـەوە. ئەم ئۆباڵەش لە ئەستۆی ئەو هێزانەدایە کە بە راستی لەدایك بووی ژانەکانی نـاو خەڵکن و لەناو خەڵکیشدا پەروەردەبوون.

ئەگەر جاران گەورەترین سەرکەوتن لەوەدا بدیدەکرا کـە زۆرتـرین خـەڵك بـۆ سەرخستنی دەسەڵاتی شۆڕش رابکێشرێنە کۆڕی خەبات و قوربانی. ئەوا ئێسـتا گەورەترین سەرکەوتن لەوەدایە چـۆن چـۆنی پاداشـتی دیموکراسـی ئـەو خەڵکـە دەدرێتەوە کە درێغی نەکرد لە بەخشینی گیان، ماڵ، مناڵ و سەرچاوەی ژیـانی. میللـەتێك هەڵەبجـەی بووبێتـە گۆڕسـتانی کیمیـایی و گـەرمیان و کوێستانیشـی کرابێتـە دۆزەخـی ئـەنفالی دونیـایی، میللـەتی ئـاوا نـەك شایسـتەی هەڵبـژاردنی دەسەڵاتی مـەدنیی شـارەوانییە، بـەڵکو شـایەنی ئەوەیـە بـەرە بـەرە سـەراپای ژیانی کۆمەڵایەتی ببێتە ژیانی مەدەنی.

(ی.ن.ك)، وەکو بەرپرسـیارترین هێـزی سیاسـی لـە چارەنووسـی خـەڵك، بـەم هەڵبژاردنـــە، سیاســـەتو بەرنامـــە و.. بگـــرە راســـتگۆیەتی بـــاوەڕبوونی بـــە دیموکراسـیش، لـە مەحـەکی ویسـتی خـەڵك دەداو دەکەوێتـە ژێـر پـەیمانێکی دیموکراسی کۆمەڵایەتی. ئەمـەش وا لـە یـەکێتی دەخـوازێ بـەردەوام پشـتیوانی سـەرکەوتنی پرۆژەکـانی شـارەوانیەکان بکـا. هەڵبەتـە، لـە روی پرنسـیپەوە، پاشەکشە لەم پەیمانـە دیموکراسـیە کۆمەڵایەتیـە، قـابیلی بیرکردنـەوەش نییـە. کەوابێ: لەمەودوا، بەکردەوە، فراوانترین خەڵك، دروشمە دیموکراسـیەکانی ئێمـە تاقی دەکەنەوە. دەبێ لـەم تـاقی کردنەوەیـە بەڕاسـتی سەرکەوتووبین. دەبـێ وابکەین دیموکراسی ببێتـە هێزێکـی مەتریالیسـتی لەشـکان نـەهاتوو. تـەنها ئـەو کاتـەش دەتـوانین لـە دیموکراسـی دڵنیـابین کـە لـەناو خەڵکـدا، بـەهێنانی دی دەسـتکەوتەکانیان، ببێتـە هێـزی لەشـکان نـەهاتوو. نـەك دیموکراسـیەتێك هـەر کاتێك بویستری پێشێلی دەسەڵات، یان سیاسی تاك حیزبی بکرێ!

# هەڵبژێرو.. هەڵبژاردنی شارەوانیەکان*

هاووڵاتی، لەژیانی ئاسایی خۆیدا، گەلێ مافی یاسایی، کۆمەڵایەتی، روناکبیری، ئاینی، دڵخوازیو ئیداری هەیە. هەتا دێتیش، پلە بەپلەی پێشکەوتنی هاووڵاتی، بازنەی مافە ئاساییو سروشتیەکانی، باشترو فراوانتر دەبێ. ئەمە سەبارەت بەمافە شەخسیەکانی مرۆڤ ئاوا..

ئەمما.. سەبارەت بەمافە گرنگو چارەنوسسازەکان، هاووڵاتی لەژیاندا دوو جار ئەرکی نیشتمانیو سیاسیو کۆمەڵایەتی گشتی دەکەوێتە ئەستۆی: جارێکیان کە دوچاری رژێمێکی دیکتاتۆری فاشی دەبێو ناچاری گرتنەبەری رێبازی شۆڕشگێڕانەی لەناوبردنی رژێمەکە دەبێ؛ جارێکی دیش لەهەلومەرجی ئازادیو دیموکراسیدا، کاتێك رووبەڕووی هەڵبژاردنە گشتیەکان دەبێ. لەگرتنەبەری خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەختدا، بەهۆی مەترسیەکانەوە، زۆربەی خەڵك نە قوربانی دەدەنو نە پابەندی خەباتی شۆڕشگێڕانەش دەبن. زۆر بەدۆستو دڵسۆز دەبن، بەڵام زۆربە ناچنە ریزی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە. دیارە دوای سەرکەوتنو لەکاتی هەڵبژادنە گشتیەکانو، بڕیاری چارەنووسی دیموکراسیدا، هەموو هاووڵاتیەك رووبەڕووی ئەرکی نیشتمانیو میللیو کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. لەم ئەرکەدا هاووڵاتی دەبێتە هەڵبژێرێکی سەربەست.

* هەڵبژاردن ژ(٨) ٢٠٠٠/١/٢٤

بەوپــەڕی سەربەســتی بــیر لــەخۆیو لەچارەنووســی نیشــتمانو کۆمەڵەکــەی دەکاتەوە. واتە:

هاووڵاتی، لەم بڕیارە گشتیەدا، بەپلەی یەکەم بیر لەوەزیفە، یان موچە یـاخود مـافی ئاسـایی خـۆی ناکاتـەوە. بـەڵکو بـیر لـە ئەرکـە گشـتیەکانی سەرشـانی دەکاتەوە. لەم ئەرکەدا، هاووڵاتی کەسـایەتیەکی تـازەی بڕیـاردەر پەیـدا دەکـا. ئەو کەسایەتیە کەسایەتی هەڵبژێرێکی سەربەستە بۆ هەڵبژاردنێکی شایستە.

هەڵبـژێر (ناخـب).. لـەناو لایەنـەکان، لـەناو کەسـایەتیەکان، لـەناو ناسـراوو نەناسـراودا، ویـژدانی دەبێتـە مەحـەك. لـەناو سـەدان کەسـدا، دەیـان لیژنـەو ئەنجومەندا، سەرپشك دەبێ باشـترو شـیاوترو کارامـەتریان هەڵبـژێرێ. ئەمـەش کارێکی ئاسان نییە. لەکاتی هەڵبژاردندا رووبەڕووی هەڵبـژێر دەبێتـەوە. کـارێکی گرانە بەڵام پیرۆزە. گرانە چونکە هەڵبژێر نابـێ بـیر لـە خـزم، عەشـرەت، خـێڵو ناسیاو بکاتەوەو بەس. بەڵکو دەبێتە ئـەرکی سەرشـانی کـە پـێش لەنزیکـەکانی خۆی، بیر لە خەڵکی شایستە بکاتەوە، ئەگەر دوریش بن لێـی. ئەمەشـە پـیرۆزی هەڵبژاردن.

هەر لێرەوەیە، هاووڵاتی کوردستان، پێویستە بەوپەڕی وشـیاری، هەڵبـژێرێکی سەربەست بێ.. بۆ ئەوەی بتوانێ لەم بڕیارە چارەنوسسازەدا وەکـو هاووڵاتیـەك سـەرکەوتوو بـێو وەکـو هەڵبـژێرێك بەویـژدان بـێ کـە دوور لـە سـۆزو دوور لەپڕوپاگەنـدە کـردن، لـەناو پـاڵێوراوان سـەرجەم، بـژارێکی وردو هەڵبـژاردنێکی زیرەکانە بکاتە پێناوی خۆی هەتا سەرۆکێكو ئەنجومەنێك زۆرینەی دەنگ بهێـنن کە کارامەی کار لەدەست هاتوو بن.

# هەڵبژاردنی مەدەنیانە: سەرەتای نەریتێکی سەرکەوتوو*

هەڵبــژاردن و هەڵبــژاردنی مەدەنیانــە، دوو چــەمکی پێکەوەبەســتراو و لێــك دابڕاویشن. پێکەوە بەستراوون، لەبەرئەوەی هـەردوو چـەمکەکە سەرچـاوەکەیان پرۆسەی بەردەوامی دیموکراسـیەتە. لێـك دابڕاویشـن، لەبەرئـەوەی سـەرەتاکانی نەریتی مەدەنیەت، لە بنەچـەدا، یـەکاڵاکردنی دەسـەڵاتی خەڵکـە لـە دەسـەڵاتی مەرکەزی سیاسی. تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتە سیاسییە مەرکەزیەکە، کـوت و مـت دیموکراسیش بێ.

کاتێك، دیموکراسیەت، وەکـو سیسـتەمی هـەرە پێشـکەوتوی کۆمـەڵ و ژیـانی کۆمەڵایــەتی، ســەرەنجامی ســەرکەوتنی شۆڕشــی دیموکراســی، هاتەکایــە و چەسپی، کوت و پڕ ئەم سیستەمە لـە هـەموو بارێکـەوە پێنەگەیشـت. سـەرەتا وەکو پێویستیەکی سیاسی سەرخرا، پاشان پێویسـتیە یاسـایی و کۆمەڵایـەتی و کولتورییەکانی تری، گەڵاڵە بوون. بەرە بەرە فەلسەفەی نوێگەری (الحداثـة) لـە هەموو بارێکەوە، ڕۆدەچێنرایە ناو سیسـتەمی دیموکراسـی و پێکهاتـەی کۆمـەڵی دەگۆڕێ. واتە: نە دیموکراسیەت بە کودەتا لە ئۆروپا سـەرخراو، نـە نوێگـەریش کودەتـا ئاسـا چەسـپا. ئیـدی وردە وردە ڕۆشـنگەری، ئەقڵانیـەت، مەدەنیـەت، عەلمانیەت وەکو تەواوکەری پێویستیەکانی دیموکراسیەت، لەگەڵ گۆڕانکاریەکان و فشـارە کۆمەڵایەتیەکانـدا، کاریـان لێـك دەکـرد و یەکـدیان زاخـاوی کولتـوری شارستانیەتی نوێ دەدا.

مەدەنیەت، لە سەدەی هەڤدەوە، وەکـو زەرورەتـی دەسـەڵاتی کۆمەڵایـەتی، بۆئـەوەی هاوشـانی دەسـەڵاتی سیاسـی دیموکراسـی، لـەناو کۆمەڵـدا، لـەبری دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و مەزهەبی، تواناکانی دەرەوەی دەسەڵات کۆبکرێنـەوە

* کوردستانی نوێ ژ (٢٠٥٢)

و ئاراستەبکرێن، ئۆرگان و بنکە دیموکراسییە کۆمەڵایەتی – ئابوری – کولتوری – پیشەیی – سەندیکاییەکانی کۆمەڵەکان، ئازاد و خۆبەخش رێك بخرێن و بشخرێنە خزمەتی پێشکەوتنەوە، مەدەنیەت و کۆمەڵی مەدەنی هاتنە ئارای ژیانەوە. پێبەپێی پێشکەوتنی چەمکەکانی مەدەنیەت و نەریتەکانی کۆمەڵی مەدەنیش، ئیدی بیری پەیوەندی خێڵەکێتی و، هەژمونی مەزهەبی هەروا، دەستێوەردانی دەسەڵات لە هەموو کاوربارێکی کۆمەڵدا، بە شێنەیی لەژێر کاریگەرییەکانی دیموکراسیەت و مەدەنیەت، پاشەکشەیان دەکرد هەتا کرانە بەشێك لە مێژوو!

لە سەدەی نۆزدەو بیستەمدا، ئیتر مەدەنیەت وەکو دیاردەیەکی چارەنوسسازی نەتەوەکانی ئۆروپای لێهات. ئێستا کە بەرەو هەزارەی سێیەم هاتوین، جگەلەوەی نەریتی مەدەنیەت و کۆمەڵی مەدەنی هێزێکی لە شکان نەهاتووی ئۆروپای رۆژئاوایە، ئۆروپای رۆژهەلاتیش لە دوائاکامدا، دوای سەپاندنی سۆسیالیزم و بازدان بەسەر قۆناغی دیموکراسی لەناو وڵاتانی (کامپی سۆسیالیستی!)دا، دەسەڵاتی سیاسی (تۆتالیتاری) ئەو وڵاتانە گەیشتنە بن بەست، ئیدی خولیا و توانای خەڵك وەکو ژیلەمۆ لەبنەوە گەشانەوە و خەباتی مەدەنی پێش دەسەڵاتی سیاسیش، کلپەی سەند و رژێمی لە پۆڵۆنیادا یەکەم جار گۆڕی، پاشان وڵاتانی دیکەی ئۆروپای رۆژهەڵاتیشی هەڵتەکاند.

ئێستا نەریتی زیاد لە دووسەد ساڵەی مەدەنیەت و کۆمەڵی مەدەنی، لەناو وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا، بۆتە راستیەکی بەهێز، لەژێر کاریگەری ئەم نەریتەشدا، گۆڕانکاری بەدیدەکرێ. هەموو گۆڕانکاریەکانیش لە قازانجی خەڵکە.

ئەگەر لە ئۆروپادا، لەسایەی سیستەمە دیموکراسیەکانیشدا، کۆمەڵی مەدەنی و ئۆرگانە مەدەنیەکان بۆ خەڵك زۆر گرنگ بوبێ، بۆیە خولقاوە، ئەوا لە وڵاتە دواکەوتوەکاندا، لەبەرئەوەی لە زۆربەیاندا دیموکراسی نییە، یان بەناو دیموکراسی هەیە، خەبات کردنی لەپێناوی کۆمەڵی مەدەنیدا، ئەرکێکی زۆر گرگترە لە ئۆروپا. چونکە لەوێ مافی سیاسی دیموکراسی هەشبوو، ئینجا مافە

مەدەنیەکانیشیان هێنایەدی. لێرە کەمترین مافی سیاسی هەیە، بۆیە مافە مەدەنیەکان دەتوانن پارسەنگی گەلێ لە نەبوونی مافە سیاسیەکان بۆ خەڵك بدەنەوە.

لە کوردستاندا، داگیرکەران لە سنوری دەسەڵاتیاندا رێگەیان نەداوە کولتوری نوێگەری بڵاوبێتەوە. چونکە لە بنەچەدا، ئەوەتەی کوردستان داگیرو دابەشکراوە، رژێمە داگیرکەرەکان دیموکراسی نەبوون. مەدەنی نەبوون. دیموکراسی و مەدەنیەتیش لەژێر فشاری گەلاندا، لەناو ئەو وڵاتانەدا، ناڕاستەوخۆ، یان هەندێجار، بە مەرام، راستەوخۆش بڵاوبونەوە، لەبەرئەوەی رێژمە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتانە هەمیشە دامرکێنەری خواستە دیموکراسیەکانی گەلی کوردستان بوون، بۆیە، ئەو رادە دیموکراسی و مەدەنیەتە کەمەی لەناو نەتەوە سەردەستەکانیشدا تەشەنەیان سەندووە، زۆر لەوە کەمتر، یان هەر هیچی لە کوردستاندا، بواریان نەدراوە بڵاوببنەوە. هەرکاتێك کورد لەم سەردەمەدا، خۆی دەرەتانی ئیداری خۆی بوبێ، شتێکی باشتری لە سیاسەتی داگیرکەران لە کوردستاندا کردووە، بەڵام تەمەنی ئەزمونەکانی حوکمڕانی — ئیداری کوردستان: (حوکمڕانی شێخ مەحمود، کۆماری مەهاباد و بەیانی یانزەی ئازار) هێندە کەم بوون فریای پڕۆژە و بەرنامەی قۆناغ هەر نەکەوتون. ئەمە جگەلەوەی لەناو ئەو ئەزمونانەشدا، بیری کۆنەپەرستی و پەیوەندی دەرەبەگایەتی و کۆنەپارێزی کۆسپی گەورەی پێناوی دیموکراسیەت و کۆمەڵی مەدەنی بوون.

لەدوای راپەڕینەوە، هەڵبژاردنی پەرلەمان و پاش داتەپاندنی پەرلەمانیش، سووربونی هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخواز و جەماوەری ئازادیخواز لەسەر دیموکراسی و ئازادی و گۆڕانکاری سیاسی — کۆمەڵایەتی — کولتوری، سەرەتای سەرەتاییەکی نوێ باوی لەناو خیتابی سیاسی و کولتوری و ئیداری و پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، خولقاندووە. جگە لە روناکبیران، خەڵکێکی بەرینی کۆمەڵ لە هەموو رویەکەوە تێکەڵاوی چارەنوسی گەلەکەمان و گۆڕینی پێکهاتەکەی بوون، هەرچەندە شەڕی ناوخۆ و گەلێ کارەساتی چارەنوسساز، جۆرێك لە خەمساردی

و بێباکی دروست کردووە، بەڵام لە ناوەرۆکدا، هێشتا رۆحیەتی خەڵك، زیندووە. ئەم رۆحیەتە بۆ هەموو ئەزمونێك لە ئەزمونە دیموکراسیەکان زۆر زۆر گرنگە. بەڵام گرنگتر لەوە چۆنیەتی دارشتنی پرۆژەکانی گۆڕانکارییە لەسەر ئەم رۆحیەتە.

رۆحیەتی خەڵك وەکو کەرەسەیەکی مەعنەوی ئەگەر کاریگەری زیانبەخشیشی لەسەر نەبێ، فەرامۆشکردنی ئەك کەرەسە مەعنەویەکە لەکیس دەدا، بەڵکو کۆنەپەرست و دوژمنەکانی گۆڕانکاری سوودی لێوەردەگرن. چونکە فەرامۆش کردنی تواناکان کەلێن بۆ دوژمنان دروست دەکا دزەی کۆنەپەرستی تیا بکەن. بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ئەو کەرەسە مەعنەویەی خەڵك، بەرنامە و پرۆژەی گونجاوی دوور لە لادانی راست و بادانی چەپ، دوور لە تێزی بێپێزی تیۆری، بۆ دارێژێ و کاری راستەقینەی لەسەر بکرێ، هەڵبەتە، گۆڕانکاری باشیش دێنێتەدی.

هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، وەکو بەشێك لە ئەرکە مەدەنیەکان، پرۆژە و کارێکی گرنگە بۆ پاك کردنی ئەو رۆحیەتە مەعنەویەی راپەڕین بوژاندیەوە و گرفت و کارەساتەکان خەریکبوو بەرە بەرە دایبمرکێننەوە.

سەرخستنی ئەم پرۆژەیە، بە کردەوە، دەبێتە مایەی خستنەوەگەڕی بەشێکی توانا وەگەڕنەخراوەکانی خەڵك. دەزگایەکی مەدەنی گرنگیش لەپێناوی کۆمەڵی مەدەنیدا، بۆ ئێستاو ئایندە، دەخولقێ. هەتا روبەری ئەم دەزگا مەدەنییە فراوانتر و کاریگەرتر بکرێ، بێگومان رووبەری هێزەکانی دژە مەدەنیەت بەرتەسك دەبێ. کاری راستەقینەی دیموکراتخوازانیش ئەوەیە دیموکراسی لەناو تاك و کۆی کۆمەڵدا، پەرەپێبدەن. کاری پێ بکەن. جۆشی بدەن. کورتیەکەی: نەهێڵن دیموکراسی بکرێتە پێناوی پاوانکروای دەسەڵات و بەس. چونکە هەر پرۆسەیەکی دیموکراسی، وەکو ئۆروپای رۆژئاوا، لە رێگەی بەدیهێنانی باقی ئەرکە دیموکراسیەکان: مەدەنیەت، عەلمانیەت، ئەقڵانیەت.. تاد لە خەم نەرەخسێندرێ، بێگومان بە دەردی سیستەمە (دیموکراسی – سۆسیالیستەکان!) ی ئۆروپای رۆژهەڵات دەچێ.

## هەڵبژاردن و کەسایەتی هاووڵاتی*

هەموو گەلێك؛ وەکو تێکڕای دیاردەی کۆمەڵایەتی و ئەنتیکیەکانی ئادەمیزاد، بە قۆناغەکانی سەرهەڵدان، نشونماکردن و پێگەیشتن و خەملینی تەواودا، تێدەپەڕێت. ئەم قۆناغانەش، ڕێسای ئۆرگانیکی خۆیان هەیە و پەیوەستن بە بنەماکانی ئابوری، خەباتی سیاسی و پێکهاتەی چینەکانی کۆمەڵ. واتە: هیچ گەلێك لەپڕ دروست نەبوە و بە بڕیاریش گەلانی تازەپێگەیشتوو ناخرێنە ریزی گەلانی پێشکەوتوو.

کاتێك.. بازرگانی و پیشەسازی تۆکمە دەبن، بازاڕی نیشتمانێك رێك دەخرێ، زمانی گەلێك یەك دەگرێ و قەوارەی دەوڵەتێك پێك دەنرێ، ئیدی پێویستیە هاوچەرخەکانی گەلانیش دەرسکێن. بەپێچەوانەشەوە، کە پێکهاتەی گەلان دوابکەون، یان لەلایەن داگیرکەرانەوە دوچاری شێواندن و ئاڵۆزاندن بکرێن، پرۆسەی رسکانی هاوچەرخانەی گەلانیش دوادەکەوێ. هەروا هی نەتەوەکانیش. یەکێك لەوانە، چۆنایەتی کەسایەتی هاووڵاتیە.

تاقیکردنەوەی پێگەیشتنی گەلانی پێشکەوتوو کە توانیویانە پێکهاتەکانیان لەسەر بنەمای دیموکراسی لە هەموو بارێکەوە بچەسپێنن، دەریدەخەن کەوا یەکێك لە کارە گرنگەکانیان پێگەیاندنی چۆنیەتی کەسایەتی هاووڵاتی گەلانە. هاووڵاتی بەواتای: دابڕانی مرۆڤ لە هەموو جۆرە ئینتیمایەکی پێشتری بە خێڵ، هۆز، بنەماڵە، تایفە، مەزهەب، عەشرەت و خوێنبایی و کردنێتی بە هاووڵاتی گەل و نیشتمان. ئەم دابڕانە یەکێکە لە پرۆسە پڕ لە گرفت و تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵی گەلان لە رووی ناوچەگەری، تایفەگەری، خێڵگەری، هەروا، لە رووی ئابوری، سیاسی، خزمایەتی، سایکۆلۆژی و کولتوریەوە.

خەڵکانی ولاتێك، ئاسەواری پەیوەندییە ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری و سایکۆلۆژیەکانی سەدان ساڵی لەسەربێ، ئاسان و ئاسایی نییە لێیان دابڕدرێ و بەشێوەیەکی دیکە ببەسترێتەوە بە نیشتمان و بکرێتە هاووڵاتیەکی نیشتمانی و

* کوردستانی نوێ ژ(٢٠٥٥) ٢٠٠٠/١/٢٤

نەتــەوەیی و دیموکراســی دوور لــە پەیوەندیــەکانی خوێنبــایی (رابطــة الــدم) رابوردووی.

ئەزمونە دیموکراسیەکان، لـە رووی سیاسـی، ئـابوری و یاسـاییەوە، توانییـان سەرکەوتنی رادیکاڵانە بەسەر سیستەمی دەرەبەگایەتی بەدەسـت بهێـنن، بـەڵام هەتا هانایان بۆ کۆمەڵی مەدەنی نـەبرد نـەیان تـوانی هاوچـەرخەکانی هـاووڵاتی لەناو هاووڵاتیەکانیاندا، بچەسپێنن. مەدەنیەت و کۆمـەڵی مـەدەنی، لـەم بـارەوە ئەرکێکی گرنگ و کاریگەری دیموکراسی راپەڕاند، کە تەنها و تەنها بە ئاڕاسـتەی سیاسی رانەدەپەڕی. کە دەشلێین کۆمـەڵی مـەدەنی و مەدەنیـەت ئـەم ئەرکـەی پێڕاپەڕی، مەبەستمان لەمەدا ئـەوە نییـە کـە ئـەم کـارە سـەنگین و دژوارە بـە بڕیارێك ئەنجام درابێ، یان لە ماوەیەکی کەمدا کۆتایی پێهێنرابـێ، نـەخێر، ئـەم ئەرکـە ئـەرکێکی گـران و دژواربـووە، پشـویەکی درێـژی ویسـتووە، بـە قۆنـاغ هاتۆتەدی. جێی خۆیەتی بپرسین: بۆچی شۆڕشی سـەرکەوتووی دیموکراسـی بـە سیاسـەت و بـە یاسـا و بـە مەرکەزیـەت نـەیتوانی پـەیامی هـاووڵاتی بـوون بـە گەوهەرە راستەقینەکەی بۆ گەل و نیشـتمان بـەدی بهێنـێ، کەچـی مەدەنیـەت و کۆمـەڵی مـەدەنی بـەبێ مەرکەزیـەت و بـەبێ سـوپا و بـەبێ دەسـەڵاتی تونـد، توانیویەتی باشتر ئەرکەکە بەدیبهێنێ؟

بە کورتی.. هۆیە سـەرەکیەکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوە کـە کۆمـەڵی مـەدەنی بەشێك لە دەسەڵاتەکان دەکاتە دەسەڵاتی خەڵکی؛ توانا خەفـەکراوەکانی خـەڵك دەبوژێنێتەوەو لە هەموو بارێکەوە: ئابوری، کۆمەڵایەتی، پیشەیی، رێکخراوەیی، کولتوری و شارەوانی دەسەڵات دەبەخشێتە خەڵك بۆئەوەی خۆیان لەو بارانـەوە کاوڕباری خۆیان هەڵبسوڕێنن. بەم دەسەڵات پێبەخشینەی خەڵکیش، خـەڵك لـە هــەموو بارێکــەوە والێــدەکا بــەرە بــەرە لــە پەیوەنــدی رابوردویــان دابــڕێن و پەیوەندیەکی نوێی کۆمەڵایەتی و ئەقڵیـەتێکی تـازەی شارسـتانیان بـۆ بخوڵقـێ، هەتا وایان لـێدێت سەرەنجام ئاسەواری پەیوەنییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان لەسەر نامێنێ. هەڵبەتە کارێکی لـەم چەشـنە، زەمینـەی پتـەوی دەبـێ هـەبێ و بزوتنەوەیــەکی کولتــوری و مــەدەنی و کۆمەڵایــەتی فراوانــی وردە وردە بــۆ

بڕەخسێ. کە دەشڵێین وردە وردە مەبەست ئەوەیە ئەرکی مێژوویی ئاوا ڕێڕەوێکی دووورودرێژە، لە خۆرا ناهێنرێتەدی.

سەبارەت بە کوردستان، بە حوکمی رزگارنەکردنی کوردستان و نەهاتنەدی دەوڵەتێکی کوردستانی سەربەخۆ، هەر بەم حوکمەش گەلێ لە ئامانجە دیموکراسیی سیاسیی ئابوری و یاساییەکان کە لە وڵاتە دیموکراسیەکان هێنراونەتەدی، لە کوردستاندا نەهاتونەتەدی، بۆیە، درێژەکێشانی داگیرو دابەشکردنی کوردستان وای لە کوردەواری کردبوو جگەلەوەی شەتەکی پێکهاتە سەقەتەکانی قەوارە و کۆمەڵی عێراقی درابوین، لەناو خۆشیا، کوردەواری، گەشەکردنەکەی تێك و پێك درابوو. بەرەنجامێکی زیانبەخشی ئەو دۆخە، ئەوەبوو کە نە وەکو هاوولاتیەکی عێراقی سەقامگیر دەبوین و نە لەناو کوردەواریشدا ڕێگەمان دەدرا بەئاسایی گەشە بکەین. لە هەردوو جەژنەکە بوبوین. هەربۆیە دەبینین پەیوەندییە دواکەوتوەکانی رابوردوو، کە هەموویان کۆسپن لەبەردەم رسکانی هاوولاتی کوردستانیدا، بە حوکمی ئەوەی گەلەکەمان بازاڕی هی خۆی نەبوو، دەسەڵاتی هی خۆی نەبوو، زمانی یەك نەخراوە.. تاد ئینتمای هاوولاتی کوردستانی وەکو ئینتمایەکی مەدەنی دوچاری گیروگازی رابوردوو خوازی بووە. هێشتا پەیوەندیەکانی پێشینە ئاسەواری زیانبەخشیان کاریگەرە. بەڵکو بەشێکی بەرچاوی کارەساتەکانی دوای ڕاپەڕین و دوای ئەوە، هەڵپەساردنی ئاشتی هەتا ئێستاش، ڕەگەکانیان بۆ ئاسەواری پەیوەندیە دواکەوتوەکان دەگەڕێتەوە. ئاڵۆزە، گۆڕینیشی بە بڕیاری سیاسی یان سەپاندنی یاسا، ئاسان نییە.

لەدوای ڕاپەڕینەوە، خەریکە، کەموکوڕی و غەدرێکی زۆری رابوردوو بەشێنەیی پارسەنگ دەدرێتەوە. درێژەکێشانی ئەزموونی هەشت ساڵەی ئازادی لە مێژووماندا کەم وێنەیە. ئەگەر هێزە کوردستانیەکان خۆیان جەزرەبەیان لەم ئەزمونە نەدابا، ڕەنگبوو کاری کاریگەرتر لەسەر تەنە (أجسام) ناتەباکان لەگەڵ گیانی سەردەم کرابا. لەژێر کاریگەری ئەو کاریگەبیانەش، بەرە بەرە مرۆڤی کورد زیاتر بەرەو هاوولاتیی مەدەنی پەروەردە بکرایە. نەك بەپێچەوانەوە،

ناکۆکیەکان و شەڕێ ناوخۆ و بازاڕی رەشی سیاسەت و عەسکەرتاریەت، وایان کردووە پەیوەندیەکانی پێشینە ببوژێنەوە! جارجاریش بە پاساوی واقیعەکەمان، زیاد لە پێویستیش پەیوەندییە دواکەوتوەکان دنە دەدرێن!!

ئێستا کە بڕیاری هەڵبژاردنی شارەوانیەکان دراوە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی پەیوەندییەکانی پێشینە کۆسپی بەردەمی باشتر هەڵبژاردنی شارەوانیەکانن، بەلام بەشێوەیەکی گشتی، بۆ یەکەمین جارە لەناو کۆمەڵدا، دەزگایەك هەڵدەبژێردرێ هەم دەسەلاتی پرۆژە وهەم دەسەلاتی بەرنامە و هەم دەسەلاتی تەنفیزکردنی بڕیارەکانیشی هەیە. ئەم دەسەلاتانە بە تاقیتەنها پەیوەندیان بە سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیە هەڵبژێردراوەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سەراپای پێکهاتەی کۆمەڵەوە هەیە. بە هەموو چین و توێژ و گەڕەك و ماڵ و کۆلانێکەوە، بەوانەشەوە کە لە دێهات دابڕاوون و لەناو شارەکاندا دەژین. بەو دێهاتانەشەوە کە ماوون و ئێستا پەیوەستن بە شارەکان لە هەموو بارێکەوە. هەر بەم پێیەش، ئەگەر (ی.ن.ك) و هێزە بەڕاستی پێشکەوتوەکانی کوردەواری بتوانن بە کردەوە ئەم پرۆسانە سەربخەن، بێگومان لە دەهەکانی ئایندەدا، دەبینین کەسایەتی هاوولاتی گۆڕانی چۆنایەتی بەسەردا دێت. بەشێنەیی، ئینتمای مرۆڤی کوردیش دەبێتە ئینتما بۆ گەل و نیشتمان. ئیدی خوێنبایی خێڵ و هۆز و بنەماڵە، وەکو هەوری رەش.. لێك دەترازێن و لەدوا سەرەنجامیشدا، دەڕەوێنەوە.

# پێوانەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی*

(٢٠٠٠/٩/٣)یش، لە مێژووی بینای ئەزمونی دیموکراسیدا (کە هێشتا ڕێگایەکی دورودرێژی لەبەردەمدایە) لە دەرگایەکی گەورەوە، دەچێتە ناو مێژوو. چونکە، یەکەمین جارە، نەتەوەیەکی ڕۆژهەلاتی، نەتەوەیەکی هەمیشە سەرکوتکراو، نەتەوەیەکی لە دوو هەزارەدا لە بچوکترینی مافی سیاسی بێبەشکراو، لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا، لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا، دوای دەیان پیلان و گەمارۆدان، خەباتی سیاسی — دیموکراسی وەردەچەرخێنێ بۆ خەباتی مەدەنی هەڵبژاردنی شارەوانی.

مایەی سەروەری سیاسی گەلەکەمانە کە ئەوتەی باشوری کوردستانی بە زەبروزەنگ لکێندراوەتە وڵاتی داتاشراوی عێراقەوە، لە عێراقدا، چل ساڵ ڕژێمی پاشایەتی هەبووە؛ دوای ئەوە (٥) ساڵ سیستەمی کۆماری قاسمی و (٥) ساڵیش سیستەمی کۆماری عارفی و، پاشان (٣٢) ساڵ ڕژێمی بەعسی لەسەرکاربوون، کەچی لەبەرئەوەی دیموکراسی نەبوون، نەیانوێرا تەنانەت هەڵبژاردنێك لایەنی کەمی دیموکراسی تیابێ لە شارەوانیەکاندا ئەنجام بدەن.

گەلی کوردستان.. کە هەمیشە داگیرکەران، بە گەلێکی کێوی و ناشارستانی و نا شایستەیان لە حوکمدانی خۆیدا زانیووە، ئەوەتانێ، دوای ساڵێك لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی پەرلەمانی هەڵبژاردو دوای (٨) ساڵیش لە هەڵبژاردنی

* هەڵبژاردن ژمارە(٩).

پەرلەمان، سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانەکە دوچاری روداوی ترسناك کراوە و پەکی شەرعیەتی کەوتووە، بەڵام بۆئەوەی زیندویەتی رۆحیەتی خەڵك پارێزراوبێ، بڕیاری هەڵبژاردنی شارەوانیەکانیش درا.

ئێستا کە لە گەرمەی هەڵمەتی پروپاگەندەی شارەوانیەکانداین، دەپرسین، ئەرکی هاوولاتی، ئەرکی ژن و پیاو، لاو و پیر، کوڕ و کچی کوردەواری لەم هەڵبژاردنەدا چییە؟

بێگومان.. بۆئەوەی لەم هەڵبژاردنەدا سەرکەوتنێکی زۆر دڵخۆشکەرە وەدەست بێت و کاریگەری خیتابی سیاسی و ئازادی و رزگاری خوازیمان لەناو گەلان، دەوڵەتانی جیهان و دەوروبەردا، جوانتر و راستگۆیانەتر دەربخەین، بۆئەوەی بە سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانمان بە داگیرکەرانی بسەلمێنین کە لە رابوردوودا و لە ئێستاشدا، چەند هەڵە بوون، چەند رای گشتیان بەرامبەر گەلەکەمان لەبەر مەرامی شۆڤێنی خۆیان چەواشەکردبوو؛ هەروا بۆئەوەی خەڵك بە کردەوە چێژی دەستکەوتی دیموکراسی لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکان وەربگرێ، هەقوایە، هەموو کوردێکی دڵسۆز، وەکو هاوولاتی کوردستان، وەکو چارەنوس پارێزی کورد، وەکو ئازادیخواز و مەدەنیخوازێکی سەردەم، لەم هەڵبژاردنەدا، دوور لە رقەبەرایەتی، دوور لە تایفەگەری، دوور لە مەزهەبگەری، دوور لە ناوچەگەری، دوور لە عەشرەتگەری، دوور لە باوەڕی حیزبایەتی تەسك. پێوانەی شارستانی و دیموکراسی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانیەکان بەکاربهێنێ. پێوانەی شارستانیش، ئەو پێوانەیەیە کە لەناو هەموو لیستەکاندا، لەناو هەموو سەرۆکەکاندا، شیاوترین، شایستەترین، ماندوترین و کارامەترین سەرۆك و ئەنجومەن هەڵبژێردرێ.

هیچ گەلێك، هیچ کۆمەڵێك هەڵبژاردن تەنهاوتەنها بۆئەوە ناکا لیستی حیزبێك زۆرینەی دەنگ بهێنێ.

نەخێر، هەڵبژاردن، بەتایبەتی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی خەڵك و بەخەڵکیکردنی دەسەڵاتە، لەپێناوی ئەوەیە لەناو حیزب و

دەرەوەی حیزبەکەدا، دڵسۆزترین و لێزانترین و پەرۆشترین سەرۆك و ئەنجومەنی شارەوانی هەڵبـژێردرێ. حیزبـەکان و دەسـەڵات دەسـت وەرنەدەنـە کاروباریـان. ئەمە پێوانەی شارستانیانەی هەڵبژاردنە، نەك پێوانەی تەسکی حیزبایەتی.

ئەگەر دیقەت لە لیستی سەوزی (ی.ن.ك) بدرێ، لەسەر ئەو بنەمایـە دانـراوە کـە سەرۆك و ئەنجومەنێکی شایستەبن. بێلایـەن و لایەنـداری تیایـە. ئـەو ئامانجـەی لەبەرچـاویان گرتـووە، خزمـەت کردنـی هەمەلایەنـەی شارسـتانیانەی شـار و شـارەوانیەکانە. بۆیـە، هـەقی خۆیانـە، زۆربـەی هـەرەزۆری دەنگـەکانیان پێببەخشرێ. بـۆ دەورەیـەك لـە دەورەکـانی هەڵبـژاردن تاقیبکرێنـەوە، ئەگـەر سەرکەوتوو بن خـەڵك خـۆی هـەڵیان دەبژێرێتـەوە. سـەرکەوتووش نـەبون هەقـە خۆیان... چیکە خۆیان هەڵنەبژێرنەوە!

# بەشی پێنجەم؛ دووەمین کۆنگرەی (ی.ن.ک):

١- ڕۆشنگەری و.. دووەمین کۆنگرەی یەکێتی.
٢- مەدەنیەت و.. دووەمین کۆنگرە.
٣- ئازادی تاك و.. دووەمین کۆنگرە.

# رۆشنگەری و .. دووەمین کۆنگرەی یەکێتی

یەکێتی (٢٥) ساڵە دامەزراوە. لەو ساڵانەدا، (١٥) ساڵی رەبەق لە شۆڕشی چەکداریدا بووە. لە راپەڕین بەدواوە، (٩) ساڵە بۆ ناو شار و دەسەڵاتی سیاسی، وەرچەرخانەوە.

تەمەنی یەکێتی، لەچاو حیزبەکانی سییەکان و چلەکانی عێراق و کوردستان و، رووداوی پەنجاکان و شەستەکان، تەمەنێکی کورتە. بەلام تەمەنێکی هەتا بگوترێ، پڕ لە روداو و گۆڕانکاری جیهانی و ناوچەیی و کوردستانییە. دەتوانین بڵێین: لە مێژووی نوێی کوردستاندا، لە دوای جەنگی یەکەمەوە هەتا سەروبەندی راپەڕین، قۆناغی جیهان و ناوچە و کوردستان هەژێنی وەکو ئەم قۆناغەی کە یەکێتی چارەکە سەدەیەکی تیا بردۆتە سەر، نەبینراوە. لە شۆڕشی نوێوە، بۆ ئەنفالەکان، جەنگی عێراق و ئێران و کوێیت، راپەڕین و هەرەسی بلۆکی رۆژهەلات، ئینجا دیاردە و دەرکەوتەکانی جیهانگیری بەدواوە.

ئێستا، دوای تێپەڕاندنی ئەو چارەکە سەدەیە، و دوای ئەزمونی (٩) ساڵەی حوکمڕانی، یەکێتی دەیەوێ دووەمین کۆنگرەی ببەستێ و بەرنامە و بڕیارەکانی سەرلەنوێ لێك بداتەوە و داڕێژێتەوە. بۆئەوەی بشتوانێ لە راپەڕاندنی ئەرکێکی وادا سەرکەوتووبێ، ئاخۆ دەبێ ئەرکی یەکێتی چی بێ؟

- ئایە.. بە ریفۆرمێکی نیوەچڵ، دەتوانێ کۆنگرەکە سەربخا؟
- ئایە.. بەم پێکهاتەیەی هەیەتی، سەرکەوتو تر دەبێ؟
- ئایە.. بە پێداگرتن لەسەر فەلسەفەیەك، ئایدیۆلۆژیەتێك، تیۆرێك، دەشێ رووبەڕووی ئەرك و فەرمانە تازەکان بێتەوە؟
- ئایە.. بەم ئاستەی ئۆرگان و ناوەندە حیزبی و ئیداریەکانی، دەرەقەتی دوژمن و دژ و نەیارە جۆراوجۆرەکانی دێ؟
- ئایە.. خیتابی یەکێتی، بەراستی خیتابێکی دیموکراسی علمانی مەدەنی ئەقلانییە؟

ئەو پرسیارانە و پرسیارگەلێکی دیکە، ساڵەهایە دەکرێن و هەڤاڵانی یەکێتی و لایەنگر و پشتیوانەکانی، چاوەڕێین وەڵام بدرێنەوە. ئەوا دووەمین کۆنگرەش دەبەسترێ چاوی چاوەڕوانیەکە تیژتر بوە و دەبێ چ جۆرە وەڵامێك لە یەکێتی رەچاو بکرێ؟

یەکێتی لە دامەزراندنیەوە، هەتا ئەو کۆنفرانس و کۆنگرانەی باڵەکانی، و پاشان یەکەمین کۆنگرەی (١٩٩١)، بە حوکمی هەلومەرجە سیاسیەکە، رووبەرووی گەلێك ئەرکی گرنگ نەبۆتەوە، کە لە دوای راپەڕینەوە، وردە وردە رووبەروی بونەتەوە. لەو ئەرکانە: رۆشنگەری، مەدەنیەت، علمانیەت، ئەقلانیەت، ئازادی ئەقڵ و ئازادی راستەقینەی مرۆڤ. بێگومان هۆی ئەم راستیانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژێردەستەییە درێژخایەنەمان کە بۆتە مایەی رانەپەڕاندنی ئەرکە رۆشنگەریەکان (تنویر – ئینتلینجستیا).. تەنانەت هەتا ئێستاش. هەربۆیە ئێستا وای لیهاتووە ئەرکی چارەنوسی سیاسی و راپەڕاندنی ئەرکە رۆشنگەریەکان بونەتە دوو ئۆباڵی مێژوویی ئۆرگانێکی لیچك دانەبڕاو، سەرەڕای ئەوەی هەریەکەیان تایەبتمەندێتی خۆیان هەیە.

پێم کارێکی زۆر گرنگە، ئیدی یەکێتی لە دوەمین کۆنگرە و، لە بەرنامەی کارەکانیدا، جیهانبینیەکی هەمەلایەنەی هەبێ، کە تیایدا، جگە لە ئەرکە سیاسی و ئابوری و ئیداریەکانی، ئەرکە روناکبیری و رۆشنگەرییەکانیش، بە بەرنامەیەکی وردتر و، میتۆدێکی زانستیانە، لە ستراتیژی بینای ئەزمونی دیموکراسی ئێستادا، رەچاو بکا.

یەکێتی، راستە بە درێژایی مێژووی خۆی، جگە لە ئەرکە سیاسیەکان، بایەخی بە ئەرکی روناکبیریش لەناو خۆی و گەلەکەماندا داوە. کاریگەریشی لەم بارەوە، تەنانەت لە رووی ئەدەبیات و زمانی یەکگرتوی سیاسیشەوە، دیار و رۆشنە. بەلام ئەرکی روناکبیریی وەکو بەشێك لە ئەرکی رانەپەڕێندراوی رۆشنگەری، مەسەلەیەکی فراوانترە لە ئەرکی روناکبیریی حیزبایەتی. یان روناکبیریی گشتیش.

رۆشنگەری، بەرنامەیەکی تێروتەسەلی هەموو رویەکی ژیانە. لە مرۆڤەوە بۆ کۆمەڵ و بۆ سیستەمی دەسەلات. چونکە، هەم مرۆڤ و، هەم کۆمەڵ و، هەم سیستەمی دەسەلاتی گەلی کوردستان، جگە لەوەی بەدرێژایی مێژووی

سـەرهەڵدانی دیموکراسـی بواریـان نـەدراوە خـەمێکی شایسـتەی ئەرکـەکانی ڕۆشنگەری بخۆن، دەڵێین جگەلەوە، مەخابن، هێشتا کاریگەرییە هەرە نالـەبار و زیانبەخشـەکانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت لەسـەر مـرۆڤ کـورد و کـوردەواری و دەسەڵاتی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکانی ئێمـە، ڕەگـی قوڵیـان هەیـە. مەحاڵیشـە گـەلێکی ژێردەسـتەی وەکـو کـورد بتوانـێ بـە راسـتی ئـەزموێکی دیموکراسـی دابمەزرێنێ، ئەگەر ئەرکە ڕۆشـنگەرییەکانی جێبـەجێ ناکـا. ئەمـەش راسـتیەکی ساغکراوی مێـژووی دەسـەڵاتە دیموکراسـیەکانی تـەواوی گـەلانی پێشـکەوتووە. هـیچ گـەل و نەتەوەیـەك نـەیتوانیووە ببێتـە خـاوەن سیسـتەمی دیموکراسـی راستەقینەی تاکو کۆی کۆمەڵ، ئەگەر بێتو پێش وەخـت، بـە راپەڕانـدنی ئەرکـە ڕۆشـنگەریەکان (ئـازادکردنی ئـەقڵ، داوەریـەکانی ئـەقڵ، چەسـپاندنی پێوانـەی فەلســەفە دانراوەکــان، پاشەکشــەپێکردنی لاهوتیــەت، فەلســەفەی نــوێی پـەروەردە.. تـاد) زەمینـەی مـادی سەرخسـتنی دیموکراسـی نەڕەخسـاندبێ. نمونـەی وڵاتـە دیموکراسـییە پێشـکەوتوەکان لـەمبارەوە باشـترین گـەواهین. بەپێچەوانەشـەوە، نمونـەی ئـەو وڵاتانـەی بایـەخیان بـە چـەمك و ئاڕاسـتەکانی ڕۆشـنگەری وەکـو ئـەرکێکی مێـژوویی دیموکراسـی نـەداوە، نـەك هـەر زیـانی پێگەیانــدون، بــەڵکو روبــەرێکی فراوانــی لەبــەردەم هێــزە کۆنەپەرســت و کۆنخوازەکانـدا هێشـتۆتەوە کـە هـەم ڕێگـە لـە پێشـکەوتن بگـرن و هـەم ئـەو روبــەرەش لــە ئــان و کــاتی خۆیــدا، بــۆ ئاژاوەنانــەوە و هەڵگەڕانــەوە و دوژمنایەتیکردنی دیموکراسی، تەنانەت خیانەتکردنیش بقۆزنەوە.

یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان، وەکـو هێزێکـی پێشـەنگی سیاسـی، ئـەرکی چارەنوسسازێتی هەڵوێستەیەك لەسەر رابوردوو لە کۆنگرەدا بکا و، هەڵوێستێکی هەمەلایەنـەی بـۆ ئێسـتا و ئایندەش بـۆ گەڵاڵـەکردنی پرۆژەیـەکی رونـاکبیری و ڕۆشنگەری فراوانی هاوشانی مەسەلە سیاسیەکان هەبێ. ئەمیش ئـەرکێکی هـەتا بگوترێ پیرۆز و چارەنوسسازە. چونکە، ئەرکە سیاسی و ئایدیۆلۆژیـەکان چـەند بەرامبەر دژ و دوژمنانی دەرەکی گرنگن، ئەرکە ڕۆشنگەریەکانیش لەلایەکەوە بـۆ ئەرکـە سیاسـیەکان گـرنگن؛ لەلایـەکی تریشـەوە، لـەناو گەلەکـەمان و لـەناو کۆمەڵەکەمان و، لەناو کەسەکانماندا، بەرامبـەر نـەیار و دژەکـانی دیموکراسـی و، ئازادی و مەدەنیەتی راستەقینە، نەك هەر گرنگن، بەڵکو گرنگیەکەیان گرێبەندی مەسەلە سیاسیە چارەنوسسازەکانیشمانن.

تاقیکردنەوەی چەند ساڵی رابوردوو سەلماندویانە کە هەموو جۆرە خەمساردی و بێباکیەك، لە راپەڕاندنی ئەرکە رۆشنگەریەکان دا، زیانی راستەوخۆی بۆ ئاڕاستە راستەقینەکانی دیموکراسی و ئازادی تیا هەبووە؛ بەڵکو لە قازانجی کۆنخوازەکانیشدا، شکاوەتەوە. پێمان وایە یەکێتی لەم بێباکی و خەمساردیەی ساڵانی رابردوو هەڵەیەکی بەرچاوی هەبووە، نەیار و بەرامبەرەکانیشی بە لێزانی سودیان لە بێباکی و خەمساردی یەکێتی و هێزە دیموکراتیە راستەقینەکان بە جۆرەها شێوە و شێوازی ئاشکرا و نهێنی، وەرگرتووە.

دوەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك) لە بەرامبەر ئەرکێکی ئاوای مێژوییدا، لەپێناوی گەشانەوەی ئایندەی هۆش و بیر و توانا هاوچەرخەکانی تاك و کۆی کوردەواریدا، ناکرێ بەرنامە و کاری روناکبیری و رۆشنگەریش نەکاتە ئەرکێکی هەرە گرنگی دیکەی یەکێتی، هاوشانی ئەرکەکانی دی. ئەرکێك لە سەرکردایەتیەوە بۆ تەواوی ئۆرگانەکان، داوو دەزگاکان، روناکبیران، هاوئاهەنگ، بەپێی پرۆژەیەکی زیندوی واقیعی، ئەنجامبدەین. تەنانەت چاودێری وردی چۆنیەتی راپەڕاندنی ئەم ئەرکە هاوئاهەنگیەش بکرێ لەوەی چۆن و چەند، سەرکردایەتی و ئۆرگان و ناوەندەکانی سیاسی، ئیداری، روناکبیری و هونەری وەکو ئەرکێکی سەرەکی خەمی دەخۆن و لەپێناویاندا، تێدەکۆشن. خەمخواردنێکی ئەوتۆ.. بەرە بەرە، لەم جیهانەی جیهانگیریەدا، گەلەکەمان و ئەزمونەکەمان و تاکە ئازادەکانی، لەناو بازنەی شارستانیەتی پێشکەوتودا، شوێنی شیاوی هەبێ. بۆیەش دەڵێم تەواوی ئۆرگان و ناوەندەکانی یەکێتی و بگرە ئەزمونەکەشمان، چونکە ئەرکێکی پیرۆزی ئاوا بە دروستکردنی مەکتەبێکی نوێ، یان دەزگایەکی تایبەت، یان بە هەوڵ و کۆششی بێبەرنامە و بێ پرۆژە، نایەتەدی. ئەگەر بێتو تەواوی تواناکانی بۆ نەخرێتەکار. بەرنامە و پرۆژەی بۆ دانەڕێژرێ و بۆی تێنەکۆشین. تەنانەت قوربانیشی لەپێناودا نەدەین و بڕیاری ئازایانە و ئازادانەیان لە ئان و کاتی خۆیدا، لە بەرامبەر دوژمنانی دیموکراسی و مەدەنیەتدا، نەدەین. ناشکرێ لەوە زیاتر، ئەرکەکانی رۆشنگەری بەبێ بەرنامە و بەبێ پرۆژە و بەبێ میتۆدی زانستی، لێگەڕێن بۆ روداوەکان. کاری ئاوها گەر درێژە بکێشێ، ترسناکە ! !

## مەدەنیەت و .. دووەمین کۆنگرە

مەدەنیــەت.. و کۆمــەڵی مــەدەنی، دەمێکــە بیســتومانە و درەنــگ  بوارمــان هەبووە لەپێناویا بکەوینە خۆمان. کاتێکیش کەوتوینەتە خۆمان، دوو ســەدەیەك بەسەر مەدەنیەتی رۆژئاوادا تێپــەڕیوە و ئێســتا قســە لــەوە دەکــرێ مەدەنیــەت بکرێتە راستیەکی جیهانی.

تــەواوی حیزبــە سیاســیەکانی کوردســتان، لــە ســییەکانەوە تــا ئێســتا، لــە دامەزراندنیانەوە هەتا نەمانیان، سەرلەنوێ دامەزراندنی حیزبی تــر و حیزبــی تــر و.. تاد هیچی ئەو حیزبانە، بە حوکمی ئەوەی لە سییەکانەوە، لــەژێر کاریگــەری فەلســەفەی بلــۆکی رۆژهــەڵات، بــەرە بــەرە ئایدیۆلۆژیــەت زاڵکرایــە ســەر هــەموو ئەرکــەکان و، لــەناو ئەرکەکانیشــدا، ئۆتۆنــۆمی چەســپێندرا، بۆیــە ئەرکــە دیموکراســیە کۆمەڵایەتیــەکانی کۆمــەڵ بەشــێوەیەکی گشــتی و ئازادییــە تایبەتیەکانی تاك، بەشێوەیەکی تایبەتی، فەرامۆش کران. ئەمەش وایکرد حیزب لە دیموکراسی گرنگتر و ئایدیۆلۆژیەتیش لە ئازادیەکان پیرۆزتربێ.

ئامانجێکی گرنگی دیموکراسی کە کرایە قوربانی حیزبایەتی و ئایدیۆلۆژیــەت، مەدەنیــەت و کۆمــەڵی مەدەنییــە. هەربۆیــە، ئەگــەر هەڵســەنگاندنێکی مێــژوویی بەرنامە و ستراتیژی حیزبەکان بکەین، دەبینین هەتا ئێســتاش مەدەنیــەت وەکــو ئەرکێکی گرنگ و چارەنوسسازی دیموکراسی پەسەندکراوی هیچ لایەك نییە.

لــە دوای راپەڕینیشــەوە، چــەندین ســاڵ، ســاڵ بــەڕێکران، چــەندین حیــزب، چەندین کۆنگرە و کۆنفرانسی بەست، دیسان ئەو بایەخە پێویستەی مەدەنیەت، لــە بەرنامەکانــدا شــوێنی شــیاوی نەدرایــە. یــەك دوو ساڵیشــە باســی مەدەنیــەت هێنراوەتــە ئــاراوە، ئــەمیش هێشــتا باســی تیۆریــە. زۆری مــاوە وەکــو رێســا و ستراتیژی حیزبایەتی، بڕیاری لەسەر بدرێ. مەسەلەی جێبەجێکردنی مەدەنیــەت و هێنانەدی کۆمەڵی مەدەنیش، پرۆســەیەکی دورودرێــژی سیاســی، کۆمەڵایــەتی،

فەلسەفی و روناکبیری ناو ململانێکانە. تەنانەت ئێستا هی ناو شارستانیەتەکانیشە.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای چارەکە سەدەیەك خەباتی شاخ و شار و گوزەراندنی هەلومەرجی جیاوازی جیهانی و ناوچەیی و کوردستانی، گەرچی بەشێوەیەکی گشتی بنچینەی بۆچونەکانی و ئاراستە دیموکراسیەکانی، خولْقاندنی فەزای کۆمەلْی مەدەنی و دەسەلاتە مەدەنیەکان بووە، بەتایبەتی دەربارەی رێکخراوە دیموکراتیەکان و سەندیکاکان و ئەرکە روناکبیریەکان هەلْوێستێکی رۆشنی لە کۆنگرەی یەکەمەوە هەبوە، بەلام لەگەلْ ئەوەشدا، هەتا هاتووە مەدەنیەت لە دوای سەرکەوتنی راپەرینەوە وەکو ئەرکێکی مێژوویی و بابەتی روبەرووی بۆتەوە و یەکێتیش بەرە بەرە باشتر و کاریگەرتر دەرکی پێکردووە و زیاتر کردویەتیە بەرنامەی خەباتی خۆی. بەتایبەتی لە سێ — چوار سالْی رابوردودا، لە رێگەی رێکخراوە دیموکراتیەکان و، یانە وەرزشیەکان و، تیپە هونەریەکان و، ئۆرگانە پیشەییەکان و راگەیاندن و ناوەندە روناکبیریەکانەوە، هەولْیداوە چەمکەکانی دەسەلاتە مەدەنیەکان بچەسپێنێ و کاری حیزبی و مەدەنی، هەروا، دەسەلاتە مەدەنیەکان و دەسەلاتی سیاسی، یەکالا بکاتەوە. سەرەرای ئەم راستیانەش، هێشتا کاروانی بەمەدەنیکردنی ئۆرگانە دیموکراتیەکان و کۆششی پەروەردەکردنی بەرپرس و کادرە حیزبی و ئیداریەکان بە گیانی سەلماندنی دەسەلاتە سەربەخۆکانی مەدەنی، رێگایەکی دورودرێژی لەبەردەمدا ماوە. ئەمەش ئەرکێکی سەختە سەبارەت بە گەلێك کە هاوشانی دروستکردنی بنەماکانی ئابوری و کۆمەلایەتی حکومەتێکی دیموکراسی، بیەوێ هاوزەمان ئۆرگان و ئەقلْیەتی مەدەنی و مەدەنیەتیش، لە ناوخۆی و دەرەوەی خۆیشیدا، تێبگەیەنێ و پێبگەیەنێ.

دوەمین کۆنگرەی (ی.ن.ك) گەورەترین و بالاترین دەسەلاتی حیزبی و سیاسی یەکێتییە کە بتوانێ بۆ ئێستا و ئایندەش، وەرچەرخانێکی بەرچاو لە بنچینە و ئاراستە مەدەنیەکاندا بەدی بهێنێ و لە بەرنامە و راسپاردەکانی کۆنگرەدا، بە رۆشنی و راشکاوی ئەم پێویستییە مێژووییەی بەرەو دونیای

مەدەنیـەت، بکاتــە راســتیەکی بــە راســتی پــەیڕەوکراوی یــەکێتی لــەپێناوی یەکێتیەکی دیموکراسی و مەدەنی.

ئەرکێکی مێژوویی ئاوا کە لـە رووی بابەتیـەوە سـەرەتای زەمینـە سیاسـی و کۆمەڵایەتیەکـەی خولقـاوە، بێگومـان پێویسـتی بەوەیـە کـۆنگرە لـەو ئاسـتە مێژووییــەوە بڕیــاری بـۆ بـدا کـە شـایەن و شایسـتەی چـۆنیەتی بـەدیهێنانی مەدەنیـەت بـێ. نـەك وەك کـارێکی راگـوزەر، یـان بـە راسـپاردەیەك، یـاخود لـە دووتوێی بەندەکانی بەرنامەدا، باسـی لێـوەبگرێ. نـەخێر. مەدەنیـەت، بەشـێکی ئۆرگـانیکی هێنانـەدی سیسـتەمی دیموکراسـییە بـە چـەمکە فـراوان و ئاڕاسـتە راستەقینەکەی ئـازادکردنی تـاك و کـۆی کۆمـەڵ. سیسـتەمی سیاسـی بـە مانـای فرەلایـەنی راسـتەقینە و، ئـازادیش بـە مانـای ئـازادکردنی راسـتەقینەی تـاك لـە هەموو چەشنە تەوژم و هـەژمونێکی حـوکمڕانی، خێڵـەکێتی، مەزهـەبی، دینـی و فریودانی مرۆڤ دوور لە دەسەڵاتی ئەقڵ و دادوەریەکانی ئەقڵانیەت.

لە کۆنگرە بەدواوە، یەکێتی چەند پێویسـتە واقعـی بـێ لـە گـۆڕینی واقیعـدا، هێندەش دەبێ واقیعی بێ لە ناسینی دژ و دوژمنەکانی گۆڕینی واقیعیانـەی ئـەم واقیعەمان دا. گرنگی ناسینی واقیع لەوەدایە چۆن ڕێگاکانی گۆڕینی زانسـتیانەی بدۆزیتەوە. ئەمەش بەبێ ناسـین و بـەرە بـەرە نەهێشـتنی ئـەو هێزانـەی بونەتـە ماکی ئەو پێکهاتە دواکەوتوەی واقیع، مەحاڵە.

یەکێتی بەرپرسیار نییە لەو میراتە دواکەوتنەی بەدرێژایی مێژوو کەڵەکە بـوە و بـۆی بـەجێماوە؛ بـەڵام بەرپرسـیارە لـەوەی لـەم قۆناغـەی مێـژوودا وەکـو پێشەنگێك چیکە نەهێڵێ هێزە میراتگرەکانی ئەو دواکەوتنە لەناو گەل و.. لـەناو کۆمــەڵ و.. لــەناو مێشــکی تاکەکانــدا، لــەژێر پــەردەی کەلــەپور و، واقیــع و، ئەحکامـەکانی دێرینـەخوازی کوێرەوەریـدا، شـەرعیەتی پاراسـتنی دواکـەوتنیان لەژێر هیچ پەردە و پاساوێکی دینی و دونیایدا، قبوڵ بکا.

گەلان، بەتایەبتی گەلان وەکو کورد، لەناو ئەم چوارچێوە ناوچـەییەدا، کـەم جار هەلیان بۆ رزگاری و دیموکراسی و مەدەنیەت بۆ هەڵدەکـەوێ. لـە رابـوردودا هــەتا راپــەڕین، داگیرکــەران و نــەبونی رێبەرایــەتی لێوەشــاوەی راســتەقینە،

هەلەکانیان لەکیس داوین. ئێستا، کە دەسەلات بەدەست خۆمانە و هەلومەرجی جیهانی و، هەتا رادەیەك ناوچەییشمان باشترە لە جاران، کەچی بەهۆی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و کەلەپوری سەدەکانی ناوەڕاستەوە، بەشێکی گرنگی یاسایی و سیاسی ئەرکە دیموکراسیەکان و ئامانجە مەدەنیەکانمان، یان دواخستووە، یاوەکو هەڵپەساردووە.

بەڵێ.. ئێمە راپەڕاندنی ئەرکەکانمان دواخستووە یان هەڵپەساردووە، بەلام لەو باوەڕەداین، ئەم هەلەی بۆ ئێمە لە دەسەلاتداریتیدا هەلکەوتووە، بۆ ئەوان هەڵبکەوێ، هیچ بڕیار و بەرنامەیەکیان لەبەر خاتری ئێمە دوانەخەن. ئەوەی بەراستی بزانن بۆ خۆیان دەیسەپێنن. یان هەر مەسەلەیەك بە قازانجی ئایندەی دیموکرات و مەدەنیخوازانی بزانن، هەتا پێیان بکرێ، تەنانەت رێگەی ئەگەرەکانی ئایندەشمان لێدەتەنن.

دوەمین کۆنگرە.. هەقوایە لەم بارەوە، تەنها ئەو لایەنەی ئەرکەکانی یەکێتی نەبینێ کە دیموکراسی و ئازادی دەبەخشێتە بەرامبەرەکانی. کە بە راستیش دەبێ ئەم دیموکراسی و ئازادییە بەردەوام بێ. بەلام جێی خۆیەتی ئەو لایەنەش ببینێ کە ئازادی لە کادر و ئۆرگان و ناوەندەکانی یەکێتی و دەرەوەی یەکێتیش، لە دەربڕینی دڵخوازانەی بیروڕای خۆیان، سنوردار نەکا. بەبێئەوەی رێگەی بشێوی و سەرلێشێواویش لەبارەی دەربڕینی بیروڕا سەربەستەکانەوە، بدا.

لە دوای کۆنگرەوە، ئیدی دەبێ مێژوو هەنگاوە جوان و ئاراستە ئەقلانیەکانی مەدەنیەت و ئازادییە مەدەنیەکان، بەشی بە حاڵی یەکێتی، وەکو راستیەکی وەرچەرخاو لە رووی فکر و سیاسەتەوە، لەمەودوا تۆمار بکا. وەرچەرخان بە چەمکە فراوانەکەی مەدەنیەت و لەپێناوی کۆمەڵێکی مەدەنی راستەقینەدا کە تیایدا، بە راستی:

تاکەکانی ئازاد بن؛ رێکخراوە مەدەنیەکانی دەسەلاتدار بن؛ هاوولاتیەکانی سەربەست بن؛ رای گشتی خاوەن بڕیار و فشار بن؛ دادوەریەکانی ئەقڵ.. ئەقلانی بن.

## ئازادی تاك و.. دووەمین کۆنگرە*

رەنگە لە رۆژهەڵاتدا، کەم گەلی ژێردەستە هەبێ، زاراوەی (رزگاری و ئازادی) بەئەندازەی گەلی کورد بەکارهێنابێ. بەڵام کەم گەلیش هەیە بەئەندازەی گەلی کورد، لەژێر هەژمونی سیاسی و ئایینی نەتەوە سەردەستەکان، بەناچاری موحافیزکارانە باسی رزگاری و ئازادی کردبێ. چەندین دەهە زاراوەی رزگاری لە ستراتیژی سیاسیماندا، لە ئۆتۆنۆمیدا، بەرجەستەکرا؛ ئازادیش، نەك لەمەوبەر بەڵکو هەتا ئێستاش بە چەمك و بنچینە زانستیەکەی، لە کوردەواریدا کاری پێنەکراوە. بێگومان، گوتاری سیاسیمان لەمەڕ رزگاری، (کە لە ئۆتۆنۆمیدا بەرجەستەکراوە) خۆی لەخۆیدا کاریگەری هەبووە لەسەر تێگەیشتن و چۆنیەتی خەباتکردنمان بۆ ئازادی. هەربۆیە، بە درێژایی دەهەکانی دوای جەنگی یەکەم و بەتایبەتی لەدوای دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە (١٩٤٦ — مەهاباد) کە ئیدی ئۆتۆنۆمی کرایە ستراتیژی رزگاری، تێگەیشتنێکی هاوچەرخمان لەباری دیموکراسی و ئازادییەوە، لە هیچ قۆناغێکی (رزگاری — دیموکراسیدا) نەکردۆتە گەوهەری گوتاری کوردایەتی. هەمیشە، لەبەرامبەر دەسەڵاتدارانی نەتەوە سەردەستەکاندا، چەمکی چارەی خۆنوسینی (رزگاری)مان لەناو قاڵبێکدا داڕشتووە کە دەسەڵاتداران و هێزە سیاسیەکانی نەتەوە سەردەستەکان لێمان نەوروژێن. لەبارەی (ئازادی) یشەوە، حسابێکی لەرادەبەدەرمان بۆ کاریگەری بیروڕاکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەباری ئەحکامە شەرعی و مەزهەبیەکانەوە، لەناو کۆمەڵانی خەڵکی خۆماندا، کردووە. هەربۆیە، ئازادی راستەقینە هەتا دوای راپەڕینیش، لەناو گەلەکەماندا، نە وەکو چەمك و، نە وەکو ئاڕاستە و، نە وەکو پراکتیکیش، کاری پێنەکراوە.

لە راپەڕینەوە، کە ویستی گەل گڕی گرت و راپەڕینێکی چاوەڕواننەکراوی کردە نەخشی مێژوو، ئەگەر بە نەخشەی حیزبە ئۆتۆنۆمیخوازەکان بوایە،

* لە کوردستانی نوێ ژ (٢٣٤٨) سێشەممە (٢٠٠١/١/٩) دا بڵاوکراوەتەوە.

نەدەبوو لە جوغزی ئۆتۆنۆمی بترازێین. هەنگێنێ دیاربوو چۆنیش مامەڵە لەگەڵ دیموکراسی و، لەتەك ئازادیدا، دەکرا. بەڵام تەوژمی راپەڕین ئەو گوتارە موحافیزکارییەی ئۆتۆنۆمی پەستاندە چاڵە بەفری زەمانە و فیدراڵ کرایە چارەنوسنمای ئەم قۆناغەمان. دیارە گۆڕانکاریەکانی دوای جەنگی سارد، لەم بارەوە زۆر یارمەتیدەر و مەترسیەکانی (سایکیس پیکۆ) و (لۆزان) ی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان و؛ رێکەوتنامەی (یالتا) و (تاران) و (قەوام سەڵتەنەی) سەرەك وەزیرانی ئێران و شورەوی، دوپات نەبونەوە. هەربۆیە، دیموکراسی و ئازادی، رەهەندێکی دیکەیان لەئەزمونی دەسەڵاتداریێتی کوردستاندا بینی، کە زۆر جیاوازە لەچاو دەهەکانی رابوردوو.

ئێستا.. کە تێگەیشتنی سیاسیمان بۆ ئازادی، هەتا رادەیەك ئازادترە لەو موحافیزکارییەی سەردەمی ئۆتۆنۆمی، جێی خۆیەتی بپرسین: ئایە توانیومانە لە چاوگی زانستیانەی ئازادییەوە، پەیڕەو لە ئازادی بکەین یان نەء؟ بێگومان وەڵام ئەوەیە کە نەخێر؛ بۆئەوەی ئەم (نەخێر)ەش، رۆشن بکەینەوە، دەبێ خوێنەر لەوە وریا بکەینەوە کە جیاوازیەکی بەرچاو لەنێوان دەسەڵاتی دیموکراسی و گەوهەری ئازادیدا، هەیە. دیموکراسی زۆرتر پەیوەندی بە رەخساندنی بوارەکانی دیموکراسییە بۆ رێبازە جیاوازەکان و، جێگۆڕکێی دەسەڵات، بەڵام ئازادی لە دیموکراسی فراوانتر و فرەبوارتر، دەنگی هەموو تاکێك و سەرجەم ئەو گروپ و رێکخراوە خۆبەخشانەی تاکەکانە، کە نە دەیانەوێ دەسکەلای خێزان و بنەماڵە بن و، نە دەشیانەوێ بکرێنە دەستەمۆکراوی کوت و متی دەسەڵات.. تەنانەت دەسەڵاتە دیموکراتیەکانیش. بەم مانایە: ئازادی ئامانجێکی گەلێ ناسك و ئۆباڵ لەئەستۆتری سیستەمە دیموکراسیەکانە. بەڵکو دوا مەحەکی راستەقینەی سیستەمە دیموکراسیەکانیشە.

ئەو راستیانە سەبارەت بە ئازادی، ئەگەر لە دووتوێی زانستی سیاسەتدا، لە سەرکەوتنی شۆڕشی گەورەی فەرەنساوە هەتا کۆتایی سەدەی بیستەم، بەو چۆنیەتیە چەسپیبێ، ئاوا لە دوای سەرهەڵدانی سیستەمی نوێی جیهان و جیهانگیریدا، (ئازادی) یش لە چوارچێوەی ئەو چۆنیەتیە نەماوە و ئەمیش، وەکو: ئابوری ئازاد، مافی مرۆڤ، دیموکراسی، تەکنەلۆژیا، دەسەڵاتی یاسا، راگەیاندن، کۆمپیوتەر، سەتەلایت و ئەنتەرنێت، داوای مافی زۆرتری خۆی دەکا.

نـاکرێ هــەموو بوارەکـانی ژیـان، ببوژێنــەوە، بـەڵام ئـازادی وەکـو رابـوردوو بهێڵرێتەوە.

(ی.ن.ك) لە دوای راپەڕینەوە، لەبەرئەوەی بەیەکجارەکی ئۆتۆنۆمی وەلانا و سـەنگی خـۆی بـۆ فیـدراڵ و ئامانجـە سیاسـیەکانی خسـتە مەیـدانی خەباتـەوە، هەربۆیە، لەسـەر ئـەم هەڵوێسـتەی، لەلایەکـەوە کەوتـە بـەر زنجیرەیـەك پیلانـی ناوخۆ و ناوچەیی؛ لەلایەکی تریشەوە، ئەرکـە دیموکراسـیەکەی سـەنگینتر و، لـە بـەدیهێنانی (ئـازاد)یـش، کارامــەتر بـوو. بـەڵام یـەکێتی، جگـە لــەوەی لـە دیموکراسـیەتی پراکتیزەکـراوی کۆمەڵـدا، رێگەیـەکی درێـژی لەبەردەمـدا مـاوە، دەڵێین؛ جگە لـەم مەسـەلە دیموکراسـییە، دەتـوانین بڵـێین: لـە رووی چـۆنیەتی تێگەیاندن و پێگەیاندنی تاکی ئازادەوە (ئازادی بە چەمکە زانسـتیەکەی) هێشـتا یەکێتی بارتەقای مەسەلە سیاسییەکانی دیموکراسی کاری لەسەر روبەری ئازادی نەکردووە؛ هێشـتا، وەکـو پێویسـتە چـەمکی ئـازادی لەسـەر تـاکی کـوردەواری، هەمەلایەنە تاقینەکردۆتەوە؛ ماویەتی کاری وردتر لەسەر پـرۆژەی ئـازادی لـەناو تاکوکۆی کۆمەڵدا، بکا؛ ماندووبونێکی فەلسەفیی، فکری، سیاسی و کۆمەڵایـەتی زۆری لەبەردەمـدا مـاوە؛ یـەکێتی.. هـەردەبێ، ئـەم رووبـەرە بـەیارەی ئـەقڵی ئازادنـەکراوی تـاکی کـوردیی، بکێڵـێ و کێڵگەیـەکی سـەوزی ئـازادی لــێبەرهەم بهێنێ.

ئەمڕۆ، گۆڕانکاریەکانی جیهان راستەوخۆ خیتـابی جۆراوجـۆری لەگـەڵ مـرۆڤ وەکو تاك هەیە. نەك رۆژانـە، بـەڵکو لـە ئـان و کاتـدا مـرۆڤ دەتوانـێ بـە ئـازادی ئەوەی مەبەستێتی وەربیگرێ و هەرچییەکیشی بوێ پێشکەشی بکا. هیچ یاسـا، و سانسۆرێك ناتوانێ ئازادی پەیوەندیەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئەم دونیایە، زەوت بکا. ئیتر مایەی سەرسوڕمانە هێزێك لەبـەر هـەر هۆیـەك بـێ، تەنانـەت هـۆی ئـاینی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژیش بێ، خـۆی لـە بەرنامـە و پـرۆژەی ئـازادی راسـتەقینەی مرۆڤ، ببوێرێ.

لە دوەمین کۆنگرەی یەکێتیـەوە، هـەرگیز نـاکرێ، تـاك، تـەنهاو تـەنها وەکـو بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵ ببینێ. نەخێر، بازنـەکانی دۆزینـەوە و خسـتنەگەڕی تواناکانی تاك، جگەلەوەی لەناو کۆمەڵێکی دیموکراتدا دەبێ ببینرێ، وەکو تاکی ئازادی سەربەخۆش دەبێ یەکێتی خیتابی رۆشنی بـۆی هـەبێ. راسـتگۆیانە کـار

لەسەر ئازادی تاك بكا و بیكاتە كەسێكی ئازادی ئەوتۆ، هیچ توانایەكی بە خەفەكراوی نەمێنێتەوە و تەواو بخرێتە خزمەتكردنی دیموكراسی و پێشكەوتن.

لەمەوبەر، ئەگەر یەكێتی و لایەنەكانی دی، مەسەلەی كوردایەتی و پاراستنی كوردەواری و برەوپێدانی رێبازی چینایەتیان كردبێتە پێناوی سەرەكی، ئەوا لەمەودوا، هەموو لایەنەكان، بەتایبەت یەكێتی بە حوكمی ئەو سەنگە سیاسی و حوكمڕانییەی هەیەتی، بە حوكمی بیروباوەڕ و ئامانجەكانی، پێویستە كاری كاریگەری ئەوتۆ لەسەر تاكی كورد و تاكی كۆمەڵ و تاكی مرۆڤ بكەن كە شایستەی هەموو كەسێكی كوردستان بێ. شایستەی بێ لە رووی ئابوری، كۆمەلایەتی، روناكبیری و كەسایەتییەوە، لەرووی ئازادی مرۆڤ و ئازادی ئەقڵ و ئەقلانیەتی سەرفراز لە هەموو مۆتەكەیەكی سەدەكانی ناوەڕاست.

كە دەشڵێین ئازادی تاك، مەبەست ئەوە نییە تاك لە كۆمەڵ و لە ئۆباڵە هاوبەشەكان دابڕدرێ؛ مەبەستیش ئەوە نییە بە بڕیار و سەپاندن و هەژمونگەری، تاكی كورد وەكی تاكی رۆژئاوای لێبكرێ. نەخێر. نە مەبەست ئەویان و نە ئەمیانە. ئەوەی مەبەست و ئامانجیشە، ئەوەیە كە لە دوهەمین كۆنگرەدا (ی.ن.ك) لەسەر ئەو راستیە رابوەستێ كە چیكە بۆی ناچێتەسەر بە بڕیارە گشتیەكان بتوانێ تاكی هوشیارتری ئێستای كورد (لەچاو جاران) ئاڕاستەی دیموكراسی، یان سیاسی، یاوەكو كوردایەتی بكا. نەخێر خولانەوە لەناو بازنە گشتیەكانی سیاسەت و فەلسەفەی سیاسەتی جاران، نەك دادی یەكێتی نادا، بەڵكو دوچاری گەورەترین گرفتی كۆمەلایەتی و سیاسیشی دەكا. یەكێتی دەبێ لەناو قەلای بەربلاوی جەماوەر، خۆی وردتر بكا و لە هەموو كەناڵەكانی خۆیەوە، لە دەسەلاتی سیاسی و حیزبییەوە، بۆ ئابوری ئازاد، بۆ دەسەلاتە مەدەنییەكان، لە پەروەردەی باخچەی منالانەوە بۆ زانكۆ، چینەكان، توێژەكان، بۆ داوودەزگاكان.. تاد تێكڕا و پێكڕا دەبێ بزانین جگە لە ئەركی گشتی و كاری بەكۆمەڵ، لە هەموو بوارێكی ژیان و لە هەموو بەشێكی كۆمەڵ و لەناو هەر یەكەیەكی ئیداریدا، جگە لە گشت و كۆ و دەزگا، تاك وەكو تاكیش، خەم، خولیا، حەز، ئارەزوو، كێشە، گرفت، توانا و سەلیقەی هەیە، خوازیاری كەسایەتیەكی سەربەخۆیە. هەموو ئەو ئامانجانەش پێویستیان بە ئازادی تاكە. ئازادی بەپێی دەستەبەركردنی یاسا. وەك پەروەردەی گشتی. ئازادی.. وەكو ئاڕاستە و چەمك و پێویستیی هاوچەرخ. ئازادی بە چەمكە زانستیەكەی.. كە ئازادی ئەقلی تاك پێش ئازادی جەستە دەگرێتەوە.

# بەشی شەشەم؛ کۆڕ:

١- رۆڵی زانکۆ و پەیمانگاکان
لە بینای کۆمەڵی مەدەنیدا.
٢- ئازادی و دیموکراسی لە روانگە جیاوازەکانەوە.
٣- کاریگەری ئازادی و خوێندنی هاوچەرخ
لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا.

# ڕۆڵی زانکۆ و پەیمانگاکان
# لە بینای کۆمەڵی مەدەنیدا*

ئـەم بابەتـە.. بابـەتێکی ئێجگـار بایـەخ دارە، بەتایبـەتی دۆزینـەوەی ئـەو پەیوەندیـەی کـە لـەنێوان زانکـۆو خوێنـدکارو کۆمـەڵی مـەدەنی و ڕۆڵیـان لـە بنیادنانی کۆمەڵی مەدەنیدا، پێشکەوتنی مەدەنیدا، مەسـەلەیەکیزۆر زۆر گرنگـە بۆ ئەزمونەکەمان، گرنگـە بـۆ گەلەکـەمان، گرنگـە بـۆ کۆمەڵەکـەمان، گرنگـە بـۆ نەتەوەکـەمان، ئێجگـار گرنگیشـە بـۆ سـەردەمەکەمان؛ ئەشـتوانم بڵـێم مەحاڵـە بتوانین قسـە لـەوە بکـەین کـە زانکۆمـان هەیـە، کـە خوێنکارمـان هەیـە، ئەگـەر نەتوانین ئەو چوارچێوە مەدەنیەی کە لەدنیادایە خوێندکارو زانکۆ تیایا ئـەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، ئەو چوارچێوە مەدەنیـە لـەڕوی، تیـۆر و پراکتیکیـەوە، لای خۆمان ڕۆشنی ئەکەین وەکو پەیامێك لە پەیامەکانی سەرشانمان لـە زانکـۆ، وەك خوێندکاریش لە خوێندنگاکان، ڕۆڵ بگێڕن، کە بتوانین بینـای مـەدەنی، کۆمـەڵی مەدەنی، پێش خستنی مەدەنیو ژیانی مەدەنیەت لەناو خۆماندا بچەسپێنین.

مەدەنیەت دنیایەکی پـەلوپۆدارە، هەمەلایـەن پەیوەنـدی بـە هـەمو بەشـێك لەبەشەکانی ژیانی کۆمەڵ و ئینسانەوە هەیە، باوەڕ ناکەم شت هەبێ لـە ژیانـدا، لە ژیـانی کۆمەڵایەتیدا، لـەژیانی ئینسـاندا، وەك هاوڵاتیـەك زانسـت، مەعریفـە، لەخوێنـــدن، لەکۆمـــەڵ، لەسیاســـەت، فەلســـەفە، لەئـــەدەب، لـــە هونـــەرو لەهەڵسـوکەوتی شارسـتانی ئینسـان، ڕەوشـتی شارسـتانی، لـە پەیوەندیـەکانی شارستانی، مەدەنیەت هەمو ئەم مەسەلانە ئەگرێتـەوە، پەیوەنـدی پێـوە هەیـەو

* بابەتی کۆڕێکە لەزانکۆی سلێمانی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩٩٨/١١/٢٥ لەهۆڵی ڕاپەڕین پێشکەش کراوە و لە ژمارە (٢) ی گۆڤاری (مەدەنیەت) ، ساڵی یەکەم (٩٩٩) ل: ٧ دا بڵاوکراوەتەوە.

کارلێکردنی هەیە لەگەڵ هەمو بەشێك لە بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵ و چۆنیەتی بینای ئەزمونی ئەو مەسەلانەی کە ئێمە قسەی لێ دەکەین، مەدەنیەت قسەی لەسەریان هەیە، کە بەداخێکی زۆرەوە بۆچونی مەدەنیەت، کۆمەڵی مەدەنی لای ئێمە هەم لاوازە هەم لەڕوی تیۆریەوە رون نیە؛ هەم لەڕوی فەلسەفیەوە رون نیە هەم لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە رون نیە لە مەسەلەی خوێندن و زانکۆو پەیمانگاو زانست و زانیاریو هەمو ئەو مەسەلانە بەداخێکی زۆرەوە، رون نیە، ئۆباڵەکەی لەسەر ئێمە نیە وەکو (کورد)، زۆر نەتەوە هەیە ئۆباڵی کۆمەڵێك لە کلتورە مرۆڤایەتیو پێشکەوتوەکان، شارستانیو روناکبیری، ئۆباڵی دزین، یان نەبونی ئەوکلتورە شارستانیە هاوبەشە کە تەواوی ژیانی بەشەری گرتۆتەوە، ئۆباڵەکەی ئەکەوێتە سەر شانی باڵادەست و دەسەڵاتدارو دەوڵەت دامەزرێنەری ئەو نەتەوانەی کە خاوەن قەوارەن، قەڵەم ڕەون، خاوەن یاسان، خاوەن کلتوری سیاسی دەسەڵاتن، خاوەن کۆمەڵێ مەسەلەن.

ئەگەر کەم و کوڕیەك، کەم تەرخەمیەك، وەکو پێویست بینانەبونی مەدەنیەت و شارستانیەت لە وڵاتە خاوەن قەوارەو دەسەڵات و قەڵەم ڕەوەکانی دنیا و ئۆباڵەکەی لەسەر قەڵەم رەوەکانی ئەو وڵاتانە بەدرێژایی مێژوو هەتا ئێستا هەبێ بەش بەحاڵی خۆمان وەك نەتەوەیەکی داگیرکراو، دابەش کراو، وەکو گەلێکی ژێردەستەی بێ قەوارە لە کوردستانی عێراقدا زۆرترین ئۆباڵەکانی وەکو پێویست لەخەملێن و لە خولقانی مەسەلە شارستانیەکانی ئەم سەردەمە بە(مەدەنیەت)یشەوە، بەڕۆشنگەریشەوە، بەعیلمانیەتیشەوە، بە کۆمەڵێك مەسائیلی زۆر گرنگی ئینسانیشەوە مرۆیشەوە بەمەسەلە دیموکراتیو ئازایخوازەکانیشەوە، لەڕاستیدا ئۆباڵی نەبونی ئەو دەستکەوتانە لای خۆمان، لەسەر داگیرکەرانە.

کەمترین ئۆباڵی لەسەر ئێمەیە، کەمترین ئۆباڵی هەمو ئەو دەستکەوتە شارستانیەتانەی کە ئەمڕۆ، کۆمەڵەکانی جیهان، لەسایەیدا ئەحەسێتەوە، شانازی پێوە دەکەن و، تیایدا خولقاون، تیایدا چەسپیون، تیایدا تێگەیشتون،

ئەگەر لەوڵاتی ئێمە وەکو پێویست ئەو کلتورانە، ئەو دەستکەوتانە، ئەو مەدەنیەتە، ئەو شارستانیەتیانە، ئەو هەمو بیرە پێشکەوتوە، دیموکراسیە، ئازادیە، سەربەستیە لە وڵاتی ئێمە نەبوبێ بەشی زۆری ئۆباڵەکەی ناکەوێتە سەر ئێمە، بۆیە کاتێك کوردەواری لێك دەدەیتەوە، کاتێك هەنگاوی کوردەواری لێك دەدەیتەوە، کاتێك چینەکانی کوردەواری لێك دەدەیتەوە کاتێك مەسەلە فکری‌و رۆشنگەریەکانی کوردەواری لێك دەدەیتەوە، کاتێك شارستانیەت و مەسەلە مەدەنیەکان لە کوردەواری لێك دەدەیتەوە، هەڵیدەسەنگێنی و رەخنەی لێ‌دەگرێ، خیتابت هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، ئەبێ ئەوەت لەبەرچاو بێت کەمتەرخەمیەکان و کەم و کورپیەکان و نەبونی ئەو مەسەلە گرنگانە کە ئەمرۆ بونەتە مایەی پێش کەوتن، بونەتە هەوێنی تێگەیشتنی ئادەمیزاد، لەلای ئێمە ئۆباڵەکەی زۆرتر لەسەر ئێمە نیە وەك نەتەوە، ئەتوانم بڵێم ئۆباڵەکەی لەسەر سەرکردایەتی ئێمەش نیە کە ئەم چەند ساڵە ئەزمونی دوای راپەرین دادەمەزرێنن، لەبەر ئەوەکاتێك کە قسە بۆ خۆمان ئەکەین، وەکو خۆمان بیر لەخۆمان بکەینەوە، بە وردی و زانستیانە بیر لەخۆمان بکەینەوە، نەمێژومان و نەئێستامان زیاد لە رادەی خۆی بارنەکەین، زیاد لەرادەی خۆی رەخنە ئاژەن نەکەین، خەڵکیش چەواشە نەکەین، لەحەقیقەتدا گوناحێکی ئێجگار گەورەیە کە خەڵك بەناوی مەعریفەتەوە، بەناوی زانست و فەلسەفەوە، بەناوی شارستانیەتەوە، بەناوی مەدەنیەتەوە، بەناوی (لۆجیك)ەوە، بەناوی عەقڵانیەتەوە، بەناوی رۆشنگەریەوە، بەناوی ئەو فەلسەفانەی لەدنیادا هەیە، گوناحێکی ئێجگار گەورەیە تۆ بێیت دەسەڵاتی ئێستا، دیموکراسیەتی ئێستا، کۆمەڵی ئێستا، مەدەنیەتی ئێستا، عیلمانیەتی ئێستا، هەمو ئەو مەسەلانەی کە لەفەلسەفە قسەی لێدەکرێ، لەلۆجیك قسەی لێدەکرێ، لە ئایدۆلۆژیەت قسەی لێدەکرێ، لە ئەدەب قسەی لێدەکرێ، لەهونەر قسەی لێدەکرێ، گوناحێکی ئێجگار گەورەیە بەپێوانەکانی (ئەوروپا) بەپێوانەکانی ئەمەریکا، واقیعی ئێستای کوردستان بەو پێوانانە بپێوی، ناپێورێ، بەراستی ناپێورێ، لەوێ ژیان

قۆناغەکانی خۆی بە سروشتی بڕیوە، گەشەکردنی کۆمەڵایەتی لەوێ قۆناغ بە قۆناغ ئیشی خۆی کردوە، شۆڕش لەوێ لە قۆناغی مێژووی چارەنوسسازی خۆیا بەرپابوە، سەرکەوتوە، دەستکەوتەکانی هاتۆتەدی، دەست کەوتی ئابوری هاتۆتەدی، دەستکەوتی سیاسی هاتۆتەدی، دەستکەوتی یاسایی هاتۆتەدی، لەوێ ژێرخان ژێرخانە، سەرخان سەرخانە، دەوڵەت دەوڵەتە، دین دینە،بیروڕا بیروڕایە، ئازادی ئازادییە، ئۆرگانە مەدەنیەکان ئۆرگانی مەدەنین، ئۆرگانە غەیرە مەدەنیەکان ئۆرگانی غەیرەمەدەنین، زانکۆ زانکۆیە، پەیمانگا پەیمانگایە، خوێندن خوێندنە، خوێندکار خوێندکارە، لای ئێمە وانیە، لای ئێمە تازە تازە...چەکەرەیەکمان کردوە بەرەو دنیای ئازادیی، گۆڕانێکمان کردوە بەرەو دنیای خۆناسین، راپەڕینێکمان بۆ ئازادیو دیموکراسی کردوە، لە (٩١) ەوە بۆ ئێستا حەوت ساڵ ئۆباڵی ئەم ئەزمونە لەسەر ئێمەیە، بە حەوت ساڵ ناتوانی تۆ بڵێی بۆ مەدەنی نین، ناشتوانی بڵێی لەڕوی فەلسەفیەوە بۆچی لاوازین، نەئەتوانی بڵێی بۆ ئایدۆلۆژیەت و فەلسەفە لەیەك جیانەکراونەتەوە، نە ئەشتوانی بڵێی بۆ بەرهەڵستکار نیە، هەمو ئەوانە ناکرێ بەپێوانەکانی ئەوروپا قسەی لەسەر بکرێ. ئەکرێ هەڵوێست بەرامبەریان هەبێ، ئەکرێ قسە لە بنجوبناوانی بکەی، ئەکرێ ئیش بکەی بۆ ئەوەی بیگۆڕی، بۆئەوەی بینای بکەی، بۆ ئەوەی بەهەڵە بڵێی هەڵەو بەراست بڵێی راست، بەلام ناکرێ بەپێوانەی ئەوروپا ئێرە بپێوی، ئەوە کوێرانە گواستنەوەی فەلسەفەکانە، کوێرانە گواستنەوەی بڕواکانە، کوێرانە فۆتۆکۆپی کردنی دەستکەوتەکانە کە ناکرێ دەستکەوتێکی ئێجگار فراوانی ئەوێ لەقالبی تەسکی ئێرەی بپەستێویت، ناپەستێنرێ، قالبەکەی ئێرە تەسکە بۆ ئەو کولتورە گەورانەی لە جیهاندا هەیە، واقعی ئێرە بەرگەی ناگرێت، بیروێنێ لێرە سەوز نابێ، دەبێ باشی بکێڵی، دەبێ باشی ئاو بدەی، پاراوی بکەی، جۆرەها پەینی بۆ بەکاربهێنیت، بە عەقڵیەتی ئەم کۆمەڵە ئیشی تیا بکەی، بۆ گۆڕینی عەقڵی ئینسانی ئەم کۆمەڵە ئیشی تیا بکەن بۆ پێشکەوتن دام ودەزگاکانی ئەم کۆمەڵە ئیشی تێدا بکەن، تابیخەنە

سەر رەوتێکی گشتی، رێبازەکانی دەستکاری بکەن، کۆرسی دراسی بۆ مامۆستاکان بۆ پرۆفیسۆرەکانیشی پێویستە، پرۆفیسۆرەکانی ئێمە، دکتۆرەکانی ئێمە، مامۆستاکانی ئێمە، تا ئەگاتە مامۆستاکانی سەرەتایی‌و باخچەی ساوایان زۆر بەرێزن لەم زانکۆیانەی (عێراق) دەرچون، زۆری لەناو ئەم سیستەمەی عێراقدا دەرچون، لەناو ئەو پەروەردەو بەرنامەیەی عێراق قاڵ کراون، مەنهەجی سەقەت هەیە، سیاسەتی خراپ، سیاسەتی شۆڤێنی، لەبەر ئەوە ئەبێ بیر لەمانە هەموی بکەینەوە، ئەمە جگە لەوەش کە بەشێکی زۆری ئەم بڕوانامانەی گوێزراونەتەوە بۆ وڵاتی ئێمە بەشێکی زۆری لە (ئەوروپای رۆژهەڵات) بەشێکی زۆری لە (شورەوی)یەوە، کە ئەوانەش قابیلی گفتوگۆ لەسەرکردنن، تاوتوێکردن و پیاچونەوەن، نابێ ئینسان لەوڵاتێك لە وڵاتە ئەوروپایە رۆژهەڵاتیەکاندا کە بە ململانێ لەگەڵ ئەمەریکا بڕوانامەیان بەخشیوە، کە زۆرتر هاندەرەکانی مسائلی ئایدۆلۆژی بون، ئێستا لەگەڵ زانستو مەعریفەتی زۆر شەهادە بەرزەکانی جیهاندا بەراوردی بکەین، شەهادە بەرزەکان لە جیهاندا لە ئەوروپاو لە زانکۆکانی گەل ئازادیدا کە بەڕاستی لەوێ هەمو کەناڵە زانستی‌و ئازادیەکان حەقی خۆی دراوەتێ، ئاکاری سروشتی خۆی وەرگرتوە، بەڕاستی لەوێ زانست وەك زانست مامەڵەی لەگەڵ ئەکرێ، لەکاتێکدا کە لەئەوروپای رۆژهەڵات ئەوەی شەهادەی هێناوەو هاتۆتە ئێرەهەتا ئەو رۆژەی گۆڕانکاری لە ئەوروپای رۆژهەڵات هاتەدی، دکتۆرەکانمان کە خاوەن شەهادەی بەرزی ئەوێن، راستیەکانیان لێ شاردینەوە. هیچ راستیەکیان بە ئەمانەتەوەلەسەر ئەو وڵاتانە باس نەئەکرد. کێ ئەیزانی کورد لە ئەوروپای رۆژهەڵات تەفروتونا کراوە؟ کێ ئەیزانی لەوەوپێش راگوێزان هەیە؟ بە پێچەوانەوە کە هاتن باسیان بۆ کردین‌و نوسراوەکانیشیان هەمو ماوە، کوردەکانی شورەوی وەك کەمینەیەکی لەبەهەشت ژیاوی سەرزەمین بۆ باس ئەکردین، وا دەرچو؟ وا دەرنەچو! کۆمەڵێك مەسائیلی مەنهەجی لەڕوی ئەدەبەوە، لەڕوی سۆسیۆلۆژیەوە، لەڕوی سیاسیەوە، لەڕوی فەلسەفەوە، کۆمەڵێك کەم و کوڕی لەمەنهەجی دراسی

عێراق و لە شەهاداتی عێراق و لە ئەقڵیەتی شۆڤێنی مەنهەجی وەزارەتەکانی پەروەردەی عێراق و خوێندنی باڵای عێراق و بەزۆری زۆرداری تەعریب کردنی خوێندن، تەعریب کردنی زانست، نەهێشتنی زمانی کوردی، دژایەتی زمانی بێگانە، پێچەوانەکردنەوەی مێژوو بەپێی شۆڤینیەتی نەتەوەیی، هەمو ئەمانە کاریگەری ئێجگار گەورەی لەزانکۆکانی ئێمە کردوە، لەکۆمەڵی ئێمە کردوە، لە تواناکانی ئێمە کردوە.

ئەمە راستییەکە کەس ناتوانێ نکوڵی لێ بکات، بۆیە، کە قسە لەهەمو ئەو مەسەلانە ئەکەین بەوردی بچینە ناو ئەو مەسەلانەوە، بەکوێرانە حوکم لەسەر هیچ شتێك نەدەین، وردیش ئیش بۆ ئەوە بکەین، ئەو واقیعە سەپێنراوەی سەرشانی کۆمەڵی ئێمە ، سەپێنراوەی سەر کوردستانی ئێمە، کوردستانی لە قاڵب دراوی قاڵبە شۆڤێنیەکانی عێراق هەمو ئەمانە دەبێ بزانین؛ کاریگەری شۆڤێنی، کاریگەری نازانستی، کاریگەری ئایدۆلۆژی لەسەر بونیادنانی زانکۆ، لەسەر خوێندکار، لەسەر بونیادنانی مەدەنیەتی ئێمە، لەسەر پەیوەندییەکانی زانکۆو کۆمەڵی ئێمە، ئێستاش کاریگەریەکانیان ئەتوانم بڵێم ماوە. زۆر رێگایەکی سەختمان لەبەردەمە کە ئەو مەسەلانە بگۆڕین، بۆیە کە قسە لە زانکۆ ئەکەین یان قسە لەخوێندکاران ئەکەین، پێمان وایە خوێندکارانیش پێویستیان بە تاوتوێیەکی تازە هەیە، پێویستیان بە پیاچونەوەیەکی تازە هەیە، پێویستیان بە خەبات و کۆششی هەمو لایەك هەیە. وردە وردە شان بەشانی ئەرکە دیموکراسیەکانمان، شان بەشانی ئەرکە سیاسیەکانمان، ئەرکە ئازادیەکانمان، ئەرکەکانی پێشکەوتنمان کە بیر لەوەش بکەینەوە ئێمە هەمو مەنهەجەکانمان و بیروبۆچون و هەمو ئەو ئەرکانەی لەسەر شانمانە لەبوارەکانی خوێندن، زانست، زانیاری و بەشەکانی تری ژیان دەبێ بەشێوەیەك کاربکەین کە وردە وردە بیگۆڕین و بیگونجێنین لەگەڵ پێویستیەکانی ناو کۆمەڵەکەمان، پێویستییەکانی زانستی ناوکۆمەڵەکەمان و کارلێکردنی لەگەڵ ئەوەی کەچۆن دەبێ زانکۆ وە چۆن دەبێ پەیمانگاکان و خوێندکارەکانی ئێمە رۆڵێکی ئەوتۆ ببینن بەراستی

خۆیـان بەشـێوەیەك پـەروەردە بکـرێن و فکریـان بەشـێوەیەك والآ بکرێتـەوە، عـەقڵیان بەشـێوەیەك موتوربـە بکـرێ، مەنهەجەکـەیان بەشـێوەیەك دابرێـژرێ، هاوئاهەنگی گۆڕانکاریەکانی ئـەم سـەردەمە، ئێمـەی کوردیش لـەم کوێرەوەریـە بەرەو پێشکەوتن و لەم دواکەوتنە بەرەو سەرکەوتن و بەرەو مەدەنیەت و بـەرەو شارستانی، بەرەو کۆمەڵێك لەمەسەلە گرنگەکانی ئەم ژیانـەمان بـەرێ کـە ژیـانی ئێمەی کورد لە کوردەواریدا پێویستی پێیانە، تینوی زۆری ئـەو ژیانـەین، ئەگـەر بەراوردمان بکەی لەگەڵ ئەوروپادا، لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتوەکان، لەگەڵ کۆمەڵـە پێشـکەوتوەکان، بەڕاسـتی جیاوازیـەکی ئێجگـار گـەورە لـەنێوان ئێمـەو ئەوانـدا هەیـە، هـەموتان ئـەزانن کـە ئێسـتا زانکۆکـانی جیهـان بەشـێوەیەك، بـەجۆرێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکرێ کـە بەڕاسـتی دەزگایـەکی پێشـکەوتوە سەرچـاوەی کۆمەڵێك لەهەرە مەسەلە گرنگەکانی ژیانە.

ئەتوانم بڵێم: بەشێکی زۆری تێـزو لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوە هـەرە قوڵـەکانی سیاسـەت، مەسـەلەکانی سـتراتیژی، تەنانـەت مەسـائیلی عەسـکەریش، لـە زانکۆکـانی ئـەوروپاو ئەمـەریکاوە بـۆ حکومەتـە گـەورەکانی دنیـا بنوسـرێت. بەشێکی زۆر ئەوانە لەوێوە ئەنوسرێ؛ حکومەتە گەورەکانی دنیا پشتێکی گەورە بە پسپۆڕان و بە شارەزایان و بە دام و دەزگا گرنگـەکانی زانکـۆ تایبەتیـەکانی ئەو وڵاتانە ئەبەستن بۆ زانست، بۆ روناکبیری، بۆ پێشـکەوتن، بـۆ دام و دەزگـا، بۆ وەزارەتەکانیان، تەنانەت بۆ مەسائیلی چەکی ئەتۆمی و کۆمپیوتـەرو...هتـد، کە مەسەلەی زۆر حەساسن لە عالەمدا. گرنگترین وەزارەت لە عالەمدا وەزارەتـی دفاع (پەنتاگۆنی ئەمەریکی) یە باوەڕ ناکەم پەنتاگۆن بتوانـێ سـتراتیژێکی تـازە لەسیسـتەمی چـەکداری خـۆی دابرێـژێ ئەگـەر راوێـژو وتوێـژ بەچـەندین زانکـۆو چـەندین پسـپۆری مەسـەلە زانسـتیەکانی ئـەو سـەردەمە نـەکردبێ، ئەمـە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەستراتیژی تازەوە هەیە. پەیوەندی بە ئیدارەی تازەوە هەیە؛ پەیوەندی بەسیستەمی نوێوە هەیە.

هەر وەزارەتێك لە وەزارەتەكانی تر دەیان جار لەگروپ و پرۆفیسۆرەكان و لە شارەزاكانی ئەو زانكۆیانە ئەو مەسەلەیە تاوتوێ ئەكرێو زاخاو ئەدرێو بیری لێ ئەكرێتەوە و سیمیناری لەسەر ئەبەسترێ و قسەی تایبەتیو گشتی لەسەر ئەكرێ، ئینجا ئەگەر مەسەلەیەك بڕیاری تەواوی لەسەر بدرێ، بۆ لەوێ وایە؟ چونكە بەڕاستی زانكۆ لەوێ زانین كۆ ئەكاتەوە، زانست كۆئەكاتەوە، لەوێ قۆناغەكانی خۆی بەشێوەیەكی سروشتی ئەوتۆ بڕیوە، ئێستا زانكۆ دەزگایەكی سەربەخۆی یەكالاكراوە لە دەوڵەت، وەتەرخانی ئەركەكانیتایبەتی سەرشانی خۆیەتی

زانكۆ بەڕاستی هەمو حەقەكانی پێ دراوە، هەمو بڕیارێك بەدەست ئەوانە، سەرەك كۆمار ناتوانێ دەست لە كاروباری زانكۆ وەربدات، مەحاڵەدەست لەپرۆگرامی خوێندنو لەچۆنێتی وەرگرتنی خوێنكارو لە بڕوانامە، لەگۆڕینی پەروەردە، لەگۆڕینی كۆرسیان، لەچۆنێتی وانە وتنەوە، لەبەڕێوەبردنی زانكۆكانیان، لەهەڵبژاردنیان، لەهەمو ئەو مەسەلانە لەوێ ئیمكان نیە كەس دەستی تێ وەربدات. بۆیە لەوێ هەمو شتێك بەهای تایبەتی خۆی هەیە، بەقەد بەهای تایبەتی خۆی حسابی بۆ ئەكرێ، ئەو دەستكەوتە پەیوەندی بە پرۆسەی مێژویی ئێجگار دورو درێژەوە هەیە، ژیان لەوێ وەك چۆن لای ئێمە سەرەتای بەشەریەت هەبوە، كوێرەوەری و كۆیلەیەتی هەبوە، ژیانی جوتیاری دواكەوتو هەبوە، هەروا وردە وردە بازرگانی و وردە وردە پێشكەوتن بەرەو ئازادی، بەرەو گۆڕان، بەرەو دیموكراسی و گۆڕانكاریەكان هەبوە، لای ئەوان و لای ئێمە لەوێ جیاوازی تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، لای ئێمەش لەچوارچێوەیەكی گشتیدا هەر وابوە، لەوێ لەسەردەمی كوێرەوەریەوە هێناویانە تا ئەگاتە خوێندنگا دینیەكان، تا ئەگاتە سەرگۆڕان و گۆڕانكاری، ئیتر مەسەلەی خوێندن و زانست وەكو گەرایەك لە گەراكانی معرفەو علمانیەتی جیهان، پێش ئەوەی عیلمانیەت تێكەڵاوی دەوڵەت بێ، پێش ئەوەی زانست تێكەڵاوی دەسەڵات ببێ، پێش ئەوەی عیلم و عیلمانیەت لە دەوڵەت ببێ بەمەسەلەیەكی یاسایی، دین و مەسەلە

دنیاییەکان، لەیەك جیا بکرێنەوە، لەخوێنـدن و خوێندنگاکانـەوە ئـەو مەسـەلانە نەهاتۆتە پێشـەوە، لـە ئەزمونـە سـەرەتاکانی ئـەویّو، دۆزینـەوەکانی ئـەویّ و، شـارەزاکانی ئـەویّو، مامۆسـتاکانی ئـەویّو، فەریکـە عالمـە سـەرەتایی بەشەریەتەکانی ئەویّو، تازە داهێنـەرەکانی ئـەویّو، وردە وردە ئـیتر سـەرەتای بناغەی مەعریفەت دەست پێ دەکات ئینجا ببێت بە زانکۆو ئەو سیستەمەی کـە تێیدا هەیە.

نازانم مێژووی یەکەم زانکۆ لـە عالەمـدا ئەگەڕێتـەوە بـۆ کـەی، بـەڵام ئـەزانم سـەرەتای عیلمانیـەت لـە عالەمـدا سەرچـاوەکەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ خوێنـدن، خوێنـدنگاکانی دنیـا، دابڕانـی عـیلم و مەعریفـە لەسـەرەتاوە لـە کەنیسـەو لـە مەزهەبـەکانی دنیـا. شـانازی ئـەوە لەسـەرەتاوە ئەگەڕێتـەوە بـۆ خوێنـدن و خوێندنگاکانی دنیا، لەوێوەیە ئیتر مەسـەلە گرنگـەکانی خوێنـدن وەکـو زانسـت، زانیاری، کیمیا، فیزیا، سۆسیۆلۆژی، مێژوو، سیاسەت هەمو ئەو مەسـەلانە وردە وردە لـەوێوە خـەملێون و دەوڵـەت گرنگیەکـەی زانیـوەو کردویـەتی بەبەشـێك لەبەشەکانی سیستەم و دامەزراندنی سیستەم و دامەزراندنی دەوڵەت، هەمو ئـەم بڕواناما‌نـە ئەگەڕێتـەوە بـۆ زاناکـان، بـۆ ئەندێشـمەندەکان،بۆ ئەوانـەی کـە لـەو بوارەدا ماندوبونێکی ئێجگاریان چەشتوە توانیویانە بە گیانی خۆیـان، بـەخوێنی خۆیان، توانیویانە لـەپێناوی مەسـەلەیەکی زانسـتی لەخوێنـدن و خوێنـدنگا، لـە تاقیگەکاندا جاری وا هەیە سەدان کەس سـوتێنراوە لەسـەر ئـەو مەسـەلانە، کـێ باوەڕ ئەکا (پێنج ملیۆن) کەس کوژرابێ لە دادگاکانی پشکنیندا! کـێ بـاوەڕ بـەم ژمارەیە ئەکا !

باوەڕ بەم ژمارەیە ئەکەن (٥٠٠٠٠٠٠) ملیۆن ئینسـان لەسـەدەی (١١)هەمـەوە تا سـەدەی (١٦)هـەم، پێـنج ملیـۆن ئینسـان لەسـەر دەسـەڵاتی پـاپ و بـەهۆی دەزگاکـانی پشـکنینی کەنیسـە، پێـنج ملیـۆن ئینسـان کوژرابـێ لەسـەر عـیلم و مەعریفەت. لەسەر ئەوەی زانست و زانیاری، فەلسەفەو مەنتیق، عەقڵانیـەت جیـا بکرێنەوە لە خەیاڵ و لە ئەفسانە و لـەدین و لەسـەر ئـەو مەسـەلانە. ژمارەیـەکی

خەیاڵیـیـە، پێـنج ملیـۆن کـەس کوژرابـێ لەسـەر ئـەو مەسـەلانە. ئێسـتاش کـە ئێسـتایە کۆمـەڵێك لـە مەسـائیلی خورافیـو میتـافیزیکی و لـەزۆرێك لـەوڵاتانی عالەمـدا بەتایبـەتی لـە ئاسـیادا، لـە باشـوری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا، لەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، کۆسـپ و تەگـەرە ئەخەنـە بـەر عیلمانیـەت و مەدەنیـەت و بینـای سەربەخۆی ئازادو خوێندنی هاوچەرخ بۆ خوێندکارەکانی ئـەم دنیایـە، لـەوڵاتانی ئێمەشدا وایە، لەرۆژهەڵاتیش وایە، لـە ئاسـیاش وایـە، وە لەباشـوری ڕۆژهـەڵاتی ئاسـیا لـە ئـەفریقاش وایـە، ئێسـتاش، سـەرەڕای ئـەوەی کـە (٦٠٠-٧٠٠) سـاڵە سەلمێنراوە کە مەعریفەت هەر لە خزمەتی ئینسان و چەند لە خزمەتی کۆمـەڵ و چـەند دژی دژەکـانی ئینسـانی کۆمەڵیشـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆمـەڵێك بـیروڕای سەلەفیو کۆنەپەرستی هەیە کە بەڕاسـتی وەکو دوژمنێکـی سەرسـەخت ئەچـن بەگژ عیلمدا، بەگژ مەعریفەو زانیاری و وەدەستکەوتە بەشەریەکان دا کەهەمو لـە خزمـەتی بەشـەریەت و مەدەنیـەت و شارسـتانیەت بـوەو ئێسـتاش کـە ئێسـتایە قسەی لێ ئەکەین.

لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەم شـەڕی قوربانیدانـەدا کـە زانکۆکـان و مامۆسـتاکان و زاناکـانی جیهـان لەسـەرەتای سـەدەی (١١)یەمـەوە تـا ئێسـتا ئـەی دەن، هـەتا هاتوە خۆش بەختانە عیلم زاڵ بـوە بەسـەر پیـاوی دواکـەوتودا، زانکۆکـان هـەتا هاتوە بایەخێکی ئێجگار گەورەیان لەدنیادا پەیدا کردوە.

ئێسـتا وای لێ هـاتوە زانکـۆ ئـەتوانێ بڕیـار لـە کۆمـەڵێك مەسائیلیچارەنووسسازی کۆمەڵ و دەوڵەتانی جیهـان بـدات، هـیچ نـەبێ لـەڕوی زانست و ئبدارەو معریفەو پـەروەردەو کاریگـەری هـەزاران جـۆر کـادر بـۆ بینـای دەوڵـەت، چ دەوڵـەتێك هەیـە بتوانـێ دەرگـای زانکۆکـانی دابخـات و دەرگـای پەیمانگاکانی دابخا؟ چ مەدەنیەتێك هەیە بتوانێ قسـە لەسـەر ئـەو باسـە بکـات مەگەر "تالیبان"، ئەفغانستان، بەڕاسـتی ئـازان! ! ئـەوان ئەیانـەوێ بەچـەکێکی هەزارو پێنج سەد ساڵ لەمەوبەر، دوژمنایەتی زانست و زانیاری پێبکەن و هەزارو پێـنج سـەد سـاڵ ئەگەڕێنـەوە بـۆ دواوە، بەڕاسـتی ئەمـە دەعـەجانێکی ئێجگـار

گەورەیە کە تالیبان دەیانەوێ بیکەن لەسەر روی ئەرزدا، مەگەر هەر لە تالیبان بوەشێتەوە کە ئەفکاری وەکو تالیبان قبوڵ بکات لە جیهاندا.

کەوابێ گرەو زانکۆ بردویەتیەوە، زانکۆ ئێستا راستیەکی ئۆرگانێکی چارەنوسسازی مرۆڤ و کۆمەڵ و دەوڵەت و نەتەوەو هەمو ئەزمون و ئەزمونگایەکی جیهانیە، ئەمە مەسەلەیەکە نکوڵی لێ ناکرێ، هەر کەسێ بتوانێ نکوڵی لێ بکات پێم وایە نکوڵی لەخۆی ئەکات وەکو ئینسانێ کە بتوانێ عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت و یەك چرکە عەقڵ بەکار بهێنێت ناتوانێ دژی ئەمە بوەستێ کە زانکۆ رۆڵێکی چارەنوسسازی هەیە بۆ ژیان و بۆ بینای دەوڵەت و بۆ هەمو پێویستیەکانی ژیان. زانکۆ نەبێ هەمو ئەو بڕوانامانەی کۆلێژەکان وەردەگیرێ لەکوێ وەربگیرێ. ئەو بڕوانامانەش دەربهاوین، کۆمەڵ چۆن بنیاد دەکرێ؟ چۆن بیر لەپێشکەوتن دەکرێتەوە؟ بیر لە عالەم بکەرەوە بیر لە مەدەنیەت بکەرەوە، بیر بکەرەوە کەوەکو ئینسان بژێت لەگەڵ ئەو هەمو توانایەدا کە لەم سەرچاوەیەوە هەڵ دەقوڵێ، دەبێ وەکو سەرچاوەی توانا و دانا و زانا هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ، زانکۆی ئێمەش دەبێ وەکو زانکۆکانی ئەوروپا بەرەبەرە لەگەڵ پێشکەوتنی دیموکراسیەت و ئازادی ئەم زانکۆیانەی ئێمەش بچنە ئەو حاڵەتەی زانکۆکانی ئەوروپای تێدا دەژین، جگە لەو چارەیەك لەبەردەم چارەنوسی زانستی، ئیداری، مەعریفی، یاسایی، جگە لەم حاڵەتە حاڵەتی تر لەبەردەم ئێمەدا نیە، ئێمە بیر لەمەدەنیەت بکەینەوە، هەرگیز ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە، شەتەك دانی زانکۆ و مەنهەجی خوێندن بەدەستەڵات، بەشێوەیەکی موتڵەق، بەشێوەیەك کە هەناسەی ئازادیان لێ ببڕێ، یان سەربەخۆیی دیموکراسیان لێ ببڕێ، بەشێوەیەك کە نەتوانن مەنهەجی زانستی خۆیان دابڕێژن، مەسەلەیەکی ئێجگار کوشندەیە بۆ ئێستاو ئاییندەمان.

یاسای ئێمە یاسای دیموکراسیە، ئەگەر لەڕوانگەی فراوانی مەدەنیەتەوە بیر لەسەربەخۆیی زانکۆ، لەبڕیاری سەربەخۆی زانکۆ، بۆ هەمو ئەرکەکانی سەرشانی زانکۆ، وەکو زانکۆ نەکەینەوە، هەروەها بیر لە پەیمانگاکانیش بۆ

خوێندن، بۆ مەنهەجی خوێندنیش لە باخچەی ساوایانەوە بۆ سەروتر وا بیری لێ نەکەینەوە، مەحاڵە بتوانین لە پاشەڕۆژدا سەربکەوین و پێشکەوتن لە سایەی ئەزمونێکی دیموکراسی پێشکەوتوی ئازادی دابین کەردا ئێمە بینای خۆمان بکەین. بەڵام ئەمە بەو مەعنایە نیە کە بەقەڵەمباز بتوانین ئەمە بکەین، بەشبەحاڵی خۆم لایەنگری ئەوەش نیم، ئێمە دابڕاین لەدەوڵەتێکی مەرکەزی شۆڤێنی، چەند ساڵێکە زانکۆکانمان خەریکن، زانکۆ هەیە باش خەریکە، هەیە مامناوەندی خەریکە و زانکۆ هەیە بەداخێکی زۆرەوە بە حوکمی دۆخە سیاسیەکە ئەتوانم بڵێم کۆمەڵێك سلبیاتی لەناویدا روی داوە.

ئەمانە هەموی تاقیکردنەوەن لەبەرچاوی ئێمە، ئەم تاقیکردنەوانە لەشەش حەوت ساڵی رابردو، بۆ شەش حەوت ساڵی تر، بۆ چواردە ساڵی تر، بیست ساڵی تر، ئێمە ئەبێ بەرنامە هەبێ بۆ ئێستاو بۆ گۆڕانەکانی ئایندەشمان، هەمو گۆڕانێك هەمو ساڵێك لەدوای ساڵێك دەبێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە کە چەند توانیومانە زانکۆکان پێش بخەین و مەنهەجەکانی پێش بخەین، ساڵێك ئێمە نەمانتوانیبێ مەنهەجەکان پێش بخەین و گۆڕانێك بەدی بێنین لەمەنهەجەکانی خوێندن، لەهەمو بوارێکدا بەبێ گومان ئێمە نەمانتوانیوە ئەو ساڵە هیچ پێشکەوتنێك بەدەست بێنین لەمەسەلەی گرنگی ژیان کە مەسەلەی گرنگی خوێندن و چۆنێتی پێگەیاندنی خوێندکارە، ساڵێك ئێمە نەتوانین ئەگەر یەك گۆڕانیش بەدی بێنین، زیانی هەیە. لەبەر ئەوە ئێمە هیوادارین ئاوا سەیری زانکۆکان بکەین و دەوری زانکۆ ئاوایە بمانەوێ یان نەمانەوێ، دەبێ کاریگەر بێ.

سەرۆکی زانکۆ کە دانیشتوە و بۆ هەمو مامۆستا بەڕێزەکان، هەمو دەستەڵات، ئەمڕۆ ئەنجومەنی خوێندنی باڵا، لەسەرۆکی ئەنجومەنی خوێندنی باڵامان، هەمو هەنگاوەکانمان هەتا بێت بەپێی ئەرکەکانی سەرشانمان لەدنیای سیاسی ئازادی، لە کۆمەڵی مەدەنیەت و دەستەڵاتی سیاسی ئێمە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئۆرگانێکی ئۆرگانە گرنگەکانی یەکالاکردنەوەی مەدەنیەت،

بنیات کردنی کۆمەڵی مەدەنی، مەسەلەی زانکۆو خوێندن. ئەمە مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە چونکە بنچینەیەك لە بنچینەکانی پێناسەی مەدەنیەت ئەوەیە تا چەند توانراوە سەربەخۆیە مەدەنیەکان تەواو بکات.

ئەمە یەکێکە لەبنچینە هەرە گرنگەکانی پێوانی کۆمەڵی مەدەنی و بینای مەدەنیەت، بەپێچەوانەشەوە هەتا دەستەڵات بینەقاقای خوێندن و زانست و بەرنامەکانی خوێندن بگرێ و بیتاسێنێ، بێگومان هەتا بێ پرشنگی کەمتر ئەداتەوەو پێش کەوتن کەم تر ئەبێت، ساڵی وا هەیە دوو هەزار یان هەزارو پێنج سەد خوێندکار لە زانکۆی سەلاحەدیین لە زانکۆی دهۆك و لە پەیمانگاکان لەم سەرژمێریە نازانم بەلام گەر هەموی کۆبکەینەوە لەوانەیە ١٠٠٠٠تا ١٥٠٠٠ کە توانای جیاجیادا بیرژێنێتە نا کۆمەڵێکەوە چوار ساڵی زانکۆکەیو دوو ساڵی پەیمانگاکەی لەوەوبەریش ئامادەیەکەی...

ئەگەر بەپێی مەنهەجێکی هاوچەرخ پەروەردە بکرێن، لە پاشەڕۆژ دا لەچەند ساڵێکی ئاییندەدا، لە (١٥) ساڵی ئایندە چەند (١٥٠٠٠) خوێندکار دەردەچێ و چەند ئەم خوێندکارە دەرچوانە لە ٢٠ ساڵدا ئەتوانن گۆڕانکاری گەورە گەورە بەدی بێنن.

ئێستا هەم زانکۆ هەم خوێندکار، کە قسەی تیا دەکەین، جیاوازیەکی ئێجگار زۆری هەیە لەگەڵ بیستوپێنج ساڵ لەمەوبەر، لەگەڵ سی ساڵ لەمەوبەر، ئێستا دنیای نەمانی دیکتاتۆریەتە، ئێستا دنیای عەولەمەیە (جیهانگیری) ئەوەی کە بەفەڕەنسی پێی ئەڵێن (گلۆبالیزاسیۆن) جیهان هەمو ئەگرێتەوە، دنیا ئەبێ بە گوندێك و بەسەریدا زاڵ ئەبن، ئێستا دنیای عەولەمەو دنیای نەمانی جەنگی ساردو دنیای سیستەمی نوێو دنیای قسەکردن لەوەیە کە شارستانیەتەکان و مەدەنیەت و دەستکەوتەکانی جیهان لەسەر ئەم گۆی زەویە تەفاعول ئەکات، ئەگەر جاران دەوڵەت و دەستەڵاتێك توانیبێتی بەربەستێکی بەرامبەر دابنێ هەمو ئەو مەعریفانە هەڵبچنێ کە زیانی بۆ دەستەڵاتەکەی هەبوە. ئێستا هیچ بەربەستێك نەماوە وردە وردە هەمو بەربەستەکان ئەخوسێن، بەربەستی یاسا،

بەربەستی دیکتاتۆرەکان و بەربەستی شۆڤێنەکان و بەربەستی سەلەفیەت ئەخوسێ، بەربەستی کەللەڕەقیو بەربەستی نەبونی ئازادی و تێنەگەیشتن لەوەی ئازادی چی بوە، بەربەستی یەکسانی ژن و پیاو ئەخوسێ، هەمو وردە وردە خەریکە ئەم گۆڕان و گۆڕانکاریەی عالەم بەشێوەیەك فشار بۆ ولاتە دواکەوتوەکانی ئێمە ئەبات، بێگومان ئێمە ناتوانین نەکەوینە ژێر تەوژمی ئەو گۆڕان و گۆڕانکاریانەو هەرگیز ناتوانین و کەس ناتوانێت.

ئێستا چ حیزبێك ئەتوانێ گرەو لەسەر ئەوە بکات کە بڵێ من ئەتوانم دەستەبەری ئەوە بکەم کوردو کوردەواری، یان عێراق و عێراقیەکان، تورکیا و تورکەکان، حیزبێك لە حیزبەکان، حیزبەکە هەر ئایین و عەقیدەیەکی هەبێ، ئەی هێنێتە سەر کار بابتوانێ دەستەبەری ئەوە بکات کۆمەڵێ مەنهەجی ئەم ولاتانە نەکەونە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕان و گۆڕانکاریانە، هەرگیز شتی وەها نابێت. ئێستا تاڵیبان دوا بەختی رەشی خۆی تاقی دەکاتەوە، ئەوە ئێران دراوسێمانە ببینین ئەوەتەی بەڕێز خاتەمی هاتۆتە سەر کار چەند باس لەمەدەنیەت و چەند باس لەعەقڵیەتێکی تازەی دین ئەکرێ.

لە سعودیە پرسیار بکەن، لەدەوڵەتانی خلیج پرسیار بکەن، کام دەوڵەتی ئیسلامی ئێوە بە دڵتانە بچن پرسیار بکەن بزانن هەیە بتوانێ سنورەکانی خۆی لە گۆڕان و مەعریفەتەکانی ئەم عالەمە دابخات، شتی وا نابێت.

هەرگیز ولاتێك نیە لەدنیا ئەمە بکات، لەبەر ئەوە ئەم سەردەمە سەردەمێکی ترە، تعامل لەم سەردەمە شتێکی ترە، خوێندن لەم سەردەمە شتێکی ترە، پێگەیاندن لەم سەردەمە شتێکی ترە، تێگەیشتن لەم سەردەمە شتێکی ترە، ئێستا وەك جاران نیە، نە سیاسەت سیاسەتی جارانە، نە سۆسیۆلۆژیەت سۆسیۆلۆژیەتی جارانە، نە تعامل لەگەڵ مرۆڤیشدا وەك کۆمەڵی جارانە، هەموی گۆڕاوە، لەماڵی خۆت دانیشتوی، نوێترین دۆزراوەی عیلمی، فەلسەفی، ئابوری، هونەری، وەرزشی، لە ئەمەریکا لە ئەوروپا، لە ئەمەریکای لاتینیدا، نوێترین خیتابی ئەمانە لەماڵی خۆتدا، لەگەڵ تۆ قسە ئەکات، تۆ ناتوانی ماڵی خۆت

داخەی عەقڵی خۆت داخەی، باوکێك زۆر دواکەوتو بێ سەتەلایت لەماڵیدا نەبێ نەهێڵێ مناڵەکانی ببینێ بەیانی کە هاتە دەرەوە هەرچیەك خەڵکی تر بیستویەتی بۆی ئەگێڕێتەوە، لەرۆژنامە ئەیخوێنێتەوە، لەکۆڕێکی وادا ئەیبیستێ، مەحاڵە ئێستا مێشك دابخرێ، نە مرۆڤی داخراو، نەخێزانی داخراو، نە بنەماڵەی داخراو، نە ماڵی داخراو، نە نەتەوەی داخراو، نە گەلی داخراو هەیە، دەرگاو پەنجەرەکان هەموی والآیە ئێستا. هەمو ئەوانەی لە دنیادا یەتەدی و دائەهێنرێ، رومان تێ دەکات، ئێستا مەسەلەی خوێندن لە عالەمدا ئەتوانم بڵێم لە هەمو مەسەلەیەکی تر گرنگترە، ئێجگار ئێجگار گرنگە مەسەلەی خوێندن، چونکەبنچینەیەکی هەرە گرنگی ژیانە، بنچینەیەکی هەرە چارەنوسسازی ئابوری و، دەستەڵاتەکانی سیاسی لەژیاندا ئەگەڕێتەوە بۆ زانستی بەڕێوەبردن و دەستەڵاتی زانستی ئیدارەی تازە لە عالەمدا.

ئێستا ئابوری، دەستەڵات، کۆمەڵ و عالەم هەر هەموی بەبێ ئەم سەرچاوە تازەیە بەڕێوە ناچێ، جاران پشت بە کانزاکانی ژێر زەوی و هێزی کار دەبەسترا، ئێستا پشت بە مێشك دەبەسترێ، چارەنوسسازی بینای پاشەڕۆژی دەوڵەتەکان، پاشەڕۆژی پیشەسازی، بینای پاشەڕۆژی کۆمەڵەکان، دەوڵەتەکان، پیشەسازیەکان، کارخانەکان، بەرهەمەکان، کالآکان، هەمو پێویستیەکانی ژیان، پاشەڕۆژیان باس کراوە، مێشك مەسەلەیەکی گرنگە لە عالەمدا، چەند مێشك پەروەردە بکەی چەند ئایندە بەرهەم بێنی، چەند مەنهەجی خوێندنت بۆ گۆڕان و گۆڕانکاریەکانی ئەم سەردەمە لەدەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا، بەرهەمت بەهێزتر بێ، ئەوەندە تۆ ئەتوانی زاڵ بی بەسەر ئابوری تازە، بەسەر بازاڕی تازە، مەعریفەی تازە، لەعالەمدا، ئەتوانی بەسەر ئەوانەدا زاڵ بیت لەبەر ئەوە خوێندکاری ئەم سەردەمە خوێندکاری (٢٠-٣٠) ساڵی لەمەوبەر نیە، (٣٠) ساڵ لەمەوبەر خوێندکاران لە وڵاتی ئێمە توێژێك لە توێژەکان بون کە لەدوای کرێکارو لەدوای جوتیارو لەدوای کۆمەڵێك قسەیان لەسەر ئەکرا، بەڵام ئێستا هەتا دێت وانامێنێ، لەعالەمیشدا وا نامێنێ سەیر کەن سەیری فەرەنسا کەن،

سەیری ئەڵەمانیا کەن، سەیری مالیزیا کەن، سـەیری باشـوری رۆژهـەڵاتی ئاسـیا کـەن، بـزانن مەسـەلە سیاسـیەکان، راپەڕینـەکان، هـەمو مەسـەلەکان بـزانن کـێ ئێستا ئەتوانێ کاریگەر بێ لە گۆڕانیان، ئەندەنوسیا کێ گـۆڕی؟ زۆرتـرین خـەڵك ئەهاتە سەر جادە خوێندکارانی وڵاتەکە بون، لەزانکۆکانەوە ئێستا بڕیـار ئـەدرێ کە ئەو وڵاتە چی لێ بێ و دەسەڵاتی چی لێ بێ، هەواڵێك لەمەسـیرەکان، لـەیادی راپەڕینی خوێندکارانی فەرەنسا، خوێنـدکارانی فەرەنسا چـییان کـرد ئەمسـاڵ؟ (١٠) ملیار دۆلار زەرەریان لـە حکومـەتی فەڕەنسـی دا، ئەمـە ژمارەیـەکی گاڵتـە نیە، ئێستا ناکرێت وڵاتێك خۆی لە قـەیرانی ئاینـدەدا خـۆی لـە ئـابوری ئاینـدە، خۆی لەگەورەترین ئاستەنگی سیاسی بپارێزێ ئەگـەر بـیر لـەوە نەکاتـەوە چـۆن خوێنـدن و خوێنـدنگاکان بـەزانکۆو خـوار زانکۆشـەوە ئەخاتـە حاڵەتێکـەوە کـە لەگــەڵ مــەنتیقی زانســتی ئــەم ســەردەمەدا بگونجــێ، ئەمــە مەســەلەیەکی چارەنوسسازە، پێگەیشتن، بەرنامەی خوێندن لەخوێندنگاکان، بۆ زانکۆکان، بـۆ خوێندنی بەرز، پەیوەندی بە کۆمپیوتەر، بەئەنتەرنێت، پەیوەندی بە سەتەلایت، پەیوەنـدی بەوەیـە خـەڵکی شـارەزای بچـوك، خـەڵکی عالـەمی گـەورە، چـەند پێدەگەیـەنێ، هـەر کۆمـەڵێك بـەپێی پێویسـتەکانی گۆڕانـەکانی ئـەم سـەردەمە پێویستی پێیەتی ئەگەر وا نەکرێ مەحاڵە ئەو کۆمەڵە توشی ئاستەنێکی ئێجگار گەورە نەبێ لە عالەمدا.

ئەو رێگایەی ئێستا لە (٢٥) ساڵی ئایندەی ئەمەریکا لەبەرامبەر یابان و چین و هەندێك لە وڵاتاندا کە مەنهەجێکی زانستی ترو وردتریان پیـە بـۆ خوێنـدن، بـۆ منداڵ و گەورە، لە ئێستاوە تا (٢٥) ساڵی ئاینده نەخشە لـەوە ئەکێشـن ئەگـەر کارێك نەکەن گۆڕانێکی گەورە لەناوسیستەمی خۆیاندا بەدی بکەن لە (٢٥) ساڵی ئاینـدە ئـەبن بـە بەریتانیایـەکی تـر لـەم سـەردەمە، بـەریتانیای جـەنگی یەکـەم خۆتان ئـەزانن چ دەورێکـی هـەبو، وردە وردە بـەرەو پاشـەوە رۆشـت ئەمـەریکا بەرەو پێش هـات، ئێسـتا ئەمـەریکا ئەترسـێ جـارێکی تـر، لەسـەردەمێکی تـردا بەرەو دواوە بڕوات، ژاپۆن، ئەڵمانیا دەمێکە ئەو راستیەیان زانیوە، ئێوە ئـەزانن

ژاپـۆن و ئـەڵمان دوو جـەنگیان دۆڕانـد بـەڵام چـۆن لـە عـیلم و مەعریفەتـدا بردیانەوە،لـە ئـابوری بردیانـەوە، ئـەڵمانیای دۆڕاو لەجـەنگی یەکـەم و دووەم، ژاپۆنی دۆڕاو لەجەنگی یەکەم و دووەم، کە ئێستاش ئەڵمانیاو ژاپـۆن بـاجی ئـەو خەتایانــە ئــەدەن کــە لەجەنگــەکانی یەکــەم دو دووەم کردویانــە، کەچــی بەنەخشەیەکی تر توانیویانـە ئـەڵمانیاو ژاپـۆن گـرەو لـە هـەمو عالـەم بەرنـەوە، ئەمـەریکاو بـەریتانیاو هـەمو عالـەمیان خسـتە ژێـر رکێفـی ئـابوری خۆیانـەوە، سەرەنجامی چـی، سـەرئەنجامی ئـەوەی کـە بەڕاسـتی بەرنامـەی ئـەوان لـەدوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، بەرنامەی زانست و رێسایەکی عیلمیـو بەرنامەیـەکی بینـای مەدەنیـەت، بەرنامـەی بـەرەو پـێش بردنـی کۆمـەڵی مەدەنیـە بەهـەمو پێویستیەکانیەوە، ئێمە ئێستا دەسـەڵاتێك کـە هەمانـە، ئـەزمونێك کـە هەمانـە، بەرەو ئاشتی ئـەڕۆین، زانکۆکانمـان لـەژێر دەسـەڵاتی خۆمـانن، پـەیمانگاکانمان لەژێر دەسەڵاتی خۆمانن، بەرنامەی خوێندنمان لەژێر دەسەڵاتی خۆمانـە، ئێسـتا ئـــەبینین دەوروبـــەرمان، ئاینـــدەشمان لەبەرچـــاوە، وردە وردە گـــۆڕان و گۆڕانکاریەکانیشمان لەبەرچاوە، حەقی وایە هەمو ئەم مەسەلانەی کـە لەعالەمـدا هەیـە، ئێمـەش بـەوردی بچینە نـاوی بـزانین گۆڕانکاریـەکانی بـۆ کـوێ ئـەڕۆن، ئەوەیش بزانین ئەرکی سەرشانی ئێمەیـە کـە بینـای مەدەنیـەت لـەبواری زانکـۆو خوێندکارانەوە چیەو بەپێی ئەو پیەش ئەبێ قسە لەوە بکەین کە بینـای خۆمـان چۆن ئەکەین و پاشەڕۆژی خۆمان چۆن ئەبەینە پێشەوە.

زانکۆو پەیمانگاکانمان چۆن چۆنی ئەکرێنـە سەرچـاوەی زانسـت و زانیـاری و ژیانی شارستانیو رەنگدانەوەو دەنگدانەوەی مەدەنیـەت. مەدەنیـەتێك هـاوڵاتی کوردسـتانی.. بکـات بـە هـاوڵاتی کوردسـتان و دابـڕێ لـەخێڵ، لەسـەلەفیەت، لەبەرنامـەی خوێنـدنی دواکـەوتو.. لەپـەروەردەی دواکـەوتو. کەسـایەتی کـورد بینای نوێ بکاو ئازایەتی تاك یەکالا بکاو ژیانی کۆمەلایەتی لە گەوهـەردا.. پـێش بخا.. پێشکەوتن بەرەو مەدەنیەت.. مەدەنیەتی پێشکەوتو.

# ئازادی و دیموکراسی
# لە روانگە جیاوازەکانەوە*

**کۆڕگێڕ:**

**بەئەنـدازەی کۆبونـەوە و بـاس کردنیـان و گوێلـێگرتن و بیسـتنیان، لـە دواجاردا گەڵاڵەکردنیان لە دنیای واقعدا، لە یەك کاتدا کارێکی مرۆڤانـە، هـەروا، رۆحی و ژیانێکی شیاو و بەختەوەر پێك دێن؛ بۆیـە بەتەنیشـت ئـەم دوانەیـەوە ئازادی و دیموکراسی لە روانگە جیاوازەکانەوە، بابەتێکی هەنوکەی زۆر گرنگـە. کاك ملا بەختیاریش لای هەموو رۆشنبیرێکی کورد، ناسراوە بە وروژاندنی بابەتە گرنگ و حەساس و زیندوەکان کە خۆی لەخۆیدا ئەمە ئەرکی رۆشنبیری ئێمەیە، بـا پێکـەوە گـوێ بدەینـە کـاك بـەختیار بـۆ ئـازادیی و دیموکراسـی لـە روانگـە جیاوازەکانەوە.**

**مەلا بەختیار:**

سوپاس بـۆ لقـی زانکـۆ، بـۆ نوێنەرایـەتی زانکـۆ، سوپاسـیش بـۆ هـەمووتان خوشکو برایانی خۆشەویست و مامۆستایانی ئازیز کە زەحمەتتان کێشا لـە دوای خوێندنیش هەر هاتوون. پێشتر گوێتان لە برای گەورە و بەڕێز کاك "هۆمەر شێخ مووسی" گرت، ئێستاش گوێتان لە ئێمە دەبێ لەسەر ئەم بابەتە.

من پێش ئـەوەی بچمە نـاو بابەتەکـە، پـێم وایـە لـەپێش کـەش کردنـی کـاك هۆمەردا غـەدرێکتان لـێکرد، حەزدەکـەم راسـتیکەمەوە، ئـەویش ئەوەیـە کـاك هۆمەر هـەر ئـەو ئاسـتە زانیاریـە بـەرزەی نـەبوو کـە پـێش کەشـتان کـرد وەکـو

* ئەم کۆڕە، لەلایەن لقی زانکۆی کۆمەڵەی خوێنـدکارانی کوردسـتانەوە، رۆژی ٢٠٠٠/٢/٢٤ لـە هۆڵی راپەڕین، سازکراوە.

دکتۆرێ، وەکو مامۆستایەك، وەکو شارەزایەك، کاك هۆمەر تێکۆشەرێکی زۆر زۆر پشوودرێژ، دڵسۆز، قارەمان و رزگاریخوازە، لەڕاستیا ئەتوانم بڵێم: لە تافی لاوێتیەوە تا ئێستا کوردایەتی ئەکا و زۆرترین خەباتیشی بۆ بەشەکانی تری کوردستان بوە ئەگەرچی خۆی رۆڵەی کوردستانی سوریایە، لە دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە لەخەباتدایە. یەکێك بووە لە هوشیارترین و هەڵسوڕاوترین ئەندامەکانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە بە دڵخوازی خۆی وازی هێناوە و دوورکەوتۆتەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی گشتی خزمەت بە نەتەوەکەمان بکا، حەزم کرد ئەو حەقیقەتانەشی لەسەر بزانن و بابەتەکەی و بابەتەکانی تریشی دڵنیام هەمووی لە خزمەتی دیموکراسی و گەلەکەمان و پاشەڕۆژمان ئەبێت، زۆر سوپاسی ئەکەین بەڕاستی بابەتەکەی زۆر گرنگ بوو.

ئەم بابەتەی منیش ئازادیی و دیموکراسی لە روانگە جیاوازەکانەوە بابەتێکە لەڕاستیا بۆ باس کردنەوە، یا بۆ تاوتوێکردنەوەی مەسەلەی ئازادیی و دیموکراسییە کە دوو مەسەلەی زۆر گرنگن. دوو مەسەلەی ئێجگار گرنگن کە جارێ کلتوری سیاسی ئێمە، ئاستی روناکبیری ئێمە لەم دوو چەمکە زۆر لەخوار تێگەیشتنی زانستیانە و هەمەلایەنانەی ئازادی و دیموکراسییەوەیە، ئازادی و دیموکراسی زۆر لەوە فراوانترە، زۆر لەوە پێشکەوتووترە، زۆر لەوە قووڵترە کە ئێمە تێی گەیشتووین و مامەڵەیشی لەگەڵ دەکەین، جاری واهەیە بەڕاستی بەشێوەی چەواشە و چەواشەکاریش لەناو ولاتانی ئێمە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم دوو چەمکە، بەپێی مەرام، بەکاردەهێنرێ؛ هەر حزبێك بە ئارەزووی خۆی، لێکی ئەداتەوە و ئەشتوانێ هەزاران کەسیش لەخشتەبەرێ، لەکاتێکدا ئازادی چەمکی خۆی هەیە، دیموکراسی چەمکی خۆی هەیە، باجی خۆی هەیە، هەنگاوی خۆی هەیە، ئازایەتی خۆی هەیە و دەبێ هەر هێزێکی سیاسی و، هەر ئینسانێکی سیاسی و روناکبیر بیەوێ خزمەت بە ئازادی بکا، خزمەت بە دیموکراسی بکا، سیستەمێکی دیموکراسی دابمەزرێنێ، دەبێ بەڕاستی ئامادەی قوربانیدان بێ لە هەموو رووەکەوە، لە رووی باسکردنی مێژوو، لە رووی باسش کردنی کەلتور، لە رووی باسکردنی کەلەپوور، لە رووی باسکردنی چۆنیەتی گۆڕین و گۆڕانی کۆمەڵ، لەڕووی چۆنیەتی دامەزراندنی

سیســتەمێکی دیموکراســی، جگــە لــەوە لــەڕووی چــۆنیەتی پــەروەردەکردن و پێگەیاندن و تێگەیشتنی ئینسان بە گیانی ئازادی و ئـازادکردنی عـەقڵی ئینسـان کە بتوانێ ئازادانە دوور لە هەژمونەکان، دوور لە گاریگەریەکانی خورافیات، دوور لە ئەفسانە، دوور لە ترس، دوور لە هەموو ئەو کاریگەرە سلبیانەی کـەوا ئەکـەن عەقڵی ئینسان ئازاد نەبێ و ئازادانە بیرنەکاتەوە بۆخۆی و بۆ کۆمەڵەکەی، دەبێ ئێمە لەو روانگە راستەقینەیەوە ئازادی بین، دیموکراسـی بـین، ئـازادیخوازبین و لەپێناوی سیستەمێکی دیموکراسی تێبکۆشین. ئەم قسانەم بۆیـە ئەکـەم چـونکە ئێستا باوەڕ ناکـەم هێزێـك هـەبێ لەسـەر زەوری دەم لـە دیموکراسـی وەرنـەدا و قسە لە ئازادی نەکا، هیچ هێزێك نیە و هیچ حکومەتێکیش نـەماوە نـەك هێـز و تاکەکەس بەڵکو هێزێك حزبێك نیە قسـە لـە دیموکراسـی نـەکا، حکومـەتێکیش نیە لە دنیا بڵێ من دیموکراتی نیم، یا بە ئاشکرا بڵێ دژی دیموکراسیم؛ تەحدی ئەکەم هەبێ لێرە بۆم باس بکا بڵـێ حکومـەتێك هەیـە لـە حکومەتـەکانی دنیـای ئێستا بە حکومەتی دەستوری، بە حکومەتی وەزاری، بە حکومەتی مـەلیکی، بـە حکومـەتی سـەرۆکایەتی، هـەر حکومـەتێ ئێـوە نـاوی ئـەنێن و هـەر حزبێـك لـە حزبـەکانی دنیـا باسـی ئەکـەن، هـیچ حزبێـك، حزبەکـە فۆندەمـەنتالیزم بێـت، ئیسلامی بێت، مەسیحی بێت، جولەکە بێـت، یـاخود ناسـیونالیزم بێـت، یـاخود چـەپێکی زۆر تونـدڕەوبێت، یـاخود حکومـەتێکی موحافیزکـار، هـەر هـەموو ئـەو حزبانە باس لە ئازادی و باس لە دیموکراسی ئەکـەن، ئـاخۆ ئەمـە راسـتە هـەموو دیموکراسی و ئازادیخوازان؟ هەر هەموشی ئەتوانن وەکو یەك خزمەت بـە ئـازادی و دیموکراسی بکەن، یاخود نەخێر ئازادی خوازی راسـتەقینە هەیـە، دیموکراسـی خوازی راستەقینە هەیە، سیستەمی دیموکراسی هەیە، کە ئازادیەکان دابین ئـەکا بــۆ ئینســـان، بەپێچەوانەشـــەوە، دژەکـــانی ئـــازادیش هەیـــە، دوژمنـــەکانی دیموکراسیش هەیە بە رواڵـەت دیموکراتخـواز و ئـازادیخوازن، بـەڵام لەگەوهـەردا ئازادی و دیموکراسی هەڵئەتەکێنن، خەڵك چەواشە ئەکەن، وائەکەن خەڵك لـەبری ئەوەی ئازادبێ بۆ خزمەتکردنی دیموکراسی، بەپێچەوانەوە سەرکوێر و سـەرکوت ئەکرێ لە ناخیا، لە هەستیا، لە ویژدانیا، لە قەناعەتیا، لە پێکهاتەی کەسایەتیا، لــە ژیــانی کۆمەڵایــەتیا، لــە ژیــانی خێزانیــا و، لــە خوێنــدنا و، لــە دەرەوەی خوێندنا، لە هەموو ئەو بوارانەی کە کاریگەری سلبی ئەکرێتەسەر.

ئـــەتوانرێ بەڕاســـتی خزمـــەت بـــە ئـــازادی بکـــرێ و تێبکۆشـــرێ لـــەپێناوی دیموکراســـی، بەپێچـــەوانەوە ئازادی‌یـــەکانی خـــودی ئینســـانیش جـــاری وا هەیـــە خەفەئەکرێ، سەرکوێر ئەکرێ، بەناوی کۆمەڵێك بیرورا وە کەلە راسـتیا ئـازادی و دیموکراسی راستەقینە خۆیان ئەلتەرناتیڤی ئەو بیرو باوەڕانەن کە ئێستا بـەناوی ئازادی و دیموکراسی‌یەوە قسە ئەکەن و خەڵکێکی زۆریش چەواشـە ئەکـەن، وای پیشان ئـەدەن کـە ئـەوە ئـازادی و دیموکراسـی راسـتەقینەیە کـە خۆیـان باسـی ئەکەن. مەبەستم تەنها کوردستان نی‌یە، مەبەستم هەموو دنیایە، لـە ئـەورووپاش هەیە، لە ئەمریکاش هەیە، لە ئاسیاش هەیە، لە نیمچەقارەی هنـدیش هەیـە، لـە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەیە، لە وڵاتانی ئیقلیمی ئێمـە و ئـەوە کوردسـتانەکەی خۆشمان، ئەوە عێراقیش هەر هەیە و جۆرەها حزب و جۆرەها دەوڵەت هەیە لەو بـیرورا چەواشـەکارییە سـەبارەت بـە ئـازادی و دیموکراسـی دەکەنـە دەمـامکی سیاســەتەکانیان. بۆیــە زۆر زۆر گرنگــە ئێمــە بــزانین دیموکراســی و ئــازادی راســتەقینە چــی‌یە و چ هێزێــك ئــەتوانێ لــەناو کۆمەڵــدا بەڕاســتی نوێنــەری راستەقینەی بەدیهێنانی ئەو خواستانە بن کە چارەنوسی ئینسان و کۆمەڵـەکان، هـەموو میللـەتانی دنیـای پێـوە بەسـتراوە. ئەمـە مەسـەلەیەکی ئێجگـار گرنگـە، یەکالاکردنــــەوەی راســــتەقینەی ئــــازادی و دیموکراســــی بــــە نوێنــــەرە راسـتەقینەکانیەوە، ناسـین و دەستنیشـانکردنی ئەوانـەی کـە کۆسـپن، کـە تەگـەرەن، کـە دژن، کـە زۆر جـاریش دوژمـنن بـە ئـازادی و دیموکراسـی، ئـەوە مەسەلەیەکی زۆر زۆر گرنگـە چـونکە ئەگـەر تێکـەڵ و پێکەڵیـەك لـە پێوانـەکانی دیموکراسـی و ئـازادی هـەبێ و دەستنیشـاننەکردنێکی زانسـتیانە بـۆ ئـازادیی و دیمەوکراســـی نـــەبێ، نـــەتوانین بەڕاســـتی تێبگـــەین هێـــزە کۆمەڵایەتیـــە راستەقینەکانی پیادەکەری ئازادی و دیموکراسـی کـێن، ئـازادی و دیموکراسـی چ ئەرك و چ قۆناغێك ئەخوازێ ئێمە خەباتی بۆ بکـەین، بێگومـان ئەوکاتـە نـازانین کام رێگە راستە، کام چەمك راستە، کام بۆچوون راستە، کام فەلسـەفە راسـتە و ئەرکـەکانی چـی‌یە، چـۆن وردە وردە لـەناو کۆمـەڵ، لـەناو دەوڵـەتان، لـەناو ئەزموون، لەناو دام ودەزگاکـانی خۆمـان، لـەناو چـینەکان و لـەناو ئینسـانەکانی خۆمانا و لەناو دام و دەزگا و روناکبیریەکانی خۆمان جێبـەجێی ئەکـەین، بۆیـە هەمیشە تێکەڵ و پێکەڵ کردنی چەمکەکان لە قازانجی دوژمنـی چـەمکەکانە، لـە

قازانجی دژەکانی چەمکەکانە، بەپێچەوانەشەوە ساغکردنەوە و گەڵاڵەکردن و یەکالاکردنی چەمکەکان، لە قازانجی دیموکراسیدایە. هەر سەنگەرێك جیابکرێتەوە، هەربۆچونێك جیابکرێتەوە، هەر رێباز و فەلسەفەیەك جیابکرێتەوە و هەمووشمان بزانین ئەم فەلسەفەیە لەخزمەتی چ ئامانجێکی دوورونزیکیدایە، هەروا فەلسەفەیەکی تر لە خزمەتی ئامانجێکی دورونزیکدیایە، رێبازێکی تر لەخزمەت چ ئامانجێکی دوورونزیکدایە، ئەوکاتە رەنگە بتوانین لە میانەی ناساندن و ناسینی راستەقینەی فەلسەکان، رێبازەکان، بەرنامەکان، ستراتیژەکان، تاکتیکەکان، ئیتر رێگا بگرین لە چەواشەکاری، رێگە بگرین لە ئاوەژوکردنی راستیەکان کە بەڕاستی ئاوەژووکردنی راستیەکان هەروەکو کورد وتوویەتی لەئاوی لێلا ماسی راوکردن بۆ خەڵکی هەلپەرست و بۆ خەڵکی دژ بە بیروباوەڕی راسەقینە، کارێکی ئاسانە، ئێمە ئەبێ بەپێچەوانەوە، ئاوی لێڵ بە شەبی بیروباوەڕروونبکەینەوە، بۆئەوەی هەموو یەکێك بزانێ ئەم ئاوە رونە چی تیایە، هەموو شتێکی تیایە، بەڵام ئەگەر لێڵ بوو نازانی چ‌ی‌یە، رەنگە بچیتەناوی توشی جۆرەها گرفت بیت، بەڵام شەبێکی راستەقینەی زانیاری ئاوە لێڵەکەت روون کردەوە ئەوکاتە ئەزانی چی ئەکەی و چی ناکەی و چۆن سوود لە ئاوە زانیاریەکانی سەردم و رابوردوو ئایندەش وەرئەگری.

کەوابێ ئێمە دەبێ بزانین ئاوی راستەقینە چ‌ی‌یە و دەبێ بشزانین دیموکراسی راستەقینە چ‌ی‌یە و پێگەی خۆمان لە خزمەتکردنیشیان، توانای خۆمان لە خزمەتکردنیشیان، رێگاکانی خزمەتکردنیشیان بزانین. ئینسان کە خوڵقاوە، لەگەڵ خوڵقانیا خۆڕسکانە ئازادبووە، ئینسان کە خوڵقاوە پێش ئەوەی هیچ مەزهەبێك هەبێ، پێش ئەوەی هیچ فەلسەفەیەك هەبێ، پێش ئەوەی ئەفسانەیەك هەبێ، پێش ئەوەی هیچ بیروباوەڕێك هەبێ لەسەر زەوی، ئەوکاتە سەرەتاکانی بیرکردنەوەی ئینسانیش لە رووی فەلسەفی، ئایدیۆلۆجی، سیاسی، بیروباوەڕ، مەزهەبی، ئەو مەسەلانەوە نەبووە، ئینسان کە خوڵقاوە ئازاد بووە، ئازادی و ئینسان دوو جومگن بەیەکەوە لەدایك بوون، بەرەبەرە کە ئیتر مرۆڤ وردبۆتەوە لە گەردوون، لە سروشت، لە ژیانی کۆمەڵایەتی، لە نهێنیەکانی ژیان لە هەموو ئەو پێویستیانەی کە رووبەڕووی ئینسان بۆتەوە، بەرەبەرە ئیتر ئەفسانە و داستان و خورافیات و کۆمەڵێ مەسەلەی فەلسەفی، بیروباوەڕ،

مەزهەبی، بڕوای تایبەتی، ئەوانە هاتۆتە ئاراوە. ئیتر وردە وردە ئەمانە تێکەڵاو بە بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بوون و بەرە بەرە بەپێچەوانەوە، لەبری ئەوەی ئازادی ئینسان لەدێرزەمانەوە رێك بخرێ، ئاراستەبکرێ، باشتر بکرێ، کەچی بەپێچەوانەوە، هەموو بیروباوەڕە مەزهەبی و کۆنەپەرستەکانی سەرەتای پەیدابوونی ئینسان، وردە وردە وایان کردووە ئازادیەکانی ئینسان خەفەبکەن و ئینسان وەکو ئامێرێك لە ئامێرەکانی ژیان بۆ بەرهەم هێنان، بۆ کۆیلەبوون، بۆ جوتیاربوون، بۆ ئامرازی ژیان بەکارهێنان و بۆ کۆمەڵێك مەسەلە کە دوربوە لە ئازادی خۆڕسکی ئینسان، دووربوو لەو ئازادیەی کە لەگەڵ ئینساندا خولقاوە، ئازادیەکانی ئینسان ئیتر تێکەڵاو بە قاڵبەکانی ئابووری بووە، بە قاڵبەکانی کۆمەڵایەتی بووە، بە خێڵ بووە، بە بنەماڵە بووە، بە هۆز بووە، بە مەزهەب بووە، بە داستان بووە، بە ئەفسانە بووە، بەشتی زانراو و نەزانراو بووە، ئەم خەفەکردنەی ئازادی و زەوت کردنی ئازادی خۆڕسکی ئینسان، کەلەگەڵ ئینسانا خولقاوە، هەزاران ساڵی خایاندوە، ساڵ و دو ساڵ و دەساڵ و پێنج ساڵ سەد ساڵ و دو هەزار ساڵەی نەخایاندوە، هەزاران ساڵ خایاندویەتی هەتا ئەوکاتەی لە دنیایا سیستەمێك هاتە پێشەوە بەناوی سیستەمی سەرمایەداری، یا شۆڕشێك هاتەپێش بەناوی شۆڕشی بۆرجوازی، یا شۆڕشی دیموکراسی، لەوە بەدواوە ئیتر سەرلەنوێ بەشێوەیەکی فەلسەفی رونتر، راستر، قسە لەسەر ئازادی و پیادەکردنی ئازادی و دەستەبەرکردنی پێویستیە ئازادیەکانی ئینسان کراوە، مەبەستم وەکو سیستەمە، مەبەستم وەکو شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیەیە، دەنا پێش ئەوەش بە دوو هەزار ساڵیش قسە لە ئازادی کراوە، فەیلەسوفکانی سەردمی گریك کردویانە، فەیلەسوفەکانی سەردەمی رۆما کردویانە، دوای ئەوەش لەناو ئاینەکانی ترا راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە کراوە، لەناو مەزهەبەکان قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە کراوە، بەلام وەکو سیستەم ئازادی تێکەڵاو بە سیستەمێك بێت تێکەڵاو بە ئیدارەکردنی قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان بێت، تێکەڵاوی ئابووری ببێت، تێکەڵاو بە ژیانی کۆمەڵایەتی، پێویستیەکانی ئینسان و پێش کەوتنی کۆمەڵ ببێ.

لەدوای سەرهەڵدانی بازرگانی و نەش و نماکردنی پیشەسازی، بەرپابونی شۆڕشی دیموکراسی لە دنیادا، دوای ئەوانە، سەرلەنوێ ئازادی وەکو یەکێك لە

پێویستیە هەرە پیرۆزەکانی ئینسان خراوەتە دەستوورەوە، خراوەتە فەلسەفەوە، خراوەتە یاساوە، خراوتە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، وردە وردە خەباتیش کراوە هەموو ئەو ئازادیانەی لە ئینسان زەوت کراون، بەشێوەیەکی رێکخراوتر، بەشێوەیەکی رێك و پێك تر، بەشێوەیەکی یاسادارێژراوتر، ئەو مافانە بۆ مرۆڤ بژێتەوە و دابین بکرێتەوە.

ئەگەر قسە لە دیموکراسی بکەین لە ژیانی مرۆڤ دا، سێ تەوژم لە تەوژمەکانی دیموکراسی زاڵن لەسەر مێژوو، سێ جار لە ژیانی مرۆڤ دا دیموکراسی زاڵە بەسەر مێژوو؛ تەوژمی یەکەم: تەوژمی یەکمی دیموکراسی لەگەڵ خولقانی شۆڕشە دیموکراسیەکان لە دنیادا سەری هەڵداوە، کە ئەوکاتە خۆتان دەزانن شۆڕشی دیموکراسی لەبەرامبەر دەرەبەگایەتیا، لەبەرامبەر خورافیاتی دەرەبەگایەتی، فەلسەفەی دەرەبەگایەتی، ئایدیۆلۆجیەتی دەرەبەگایەتی، پەیوەندی و هێزەکانی بەرهەم هێنانی دەرەبەگایەتی، لەبەرامبەر سەرخان و ژێرخانی دەرەبەگایەتی و ژیانی دەرەبەگایەتی، شۆڕشی دیموکراسی بەرپابووە، چەسپیوە و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؛ ئەوە تەوژمی یەکەمی دیموکراسیە هەتا جەنگی یەکەمی جیهانیش خایاندویەتی. زۆرتر لە ئەوروپا سەرکەوت، لە ئەمریکا سەرکەوت، بە هیچ شێوەیەك شۆرشەکە تەشەنەی نەسەند بۆ ئاسیا، بۆ باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاش و بۆ نیمچە قارەی هیند و بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش. واتە شۆڕشی بۆرجوازی زادەی شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا بوو، تەشەنەی سەند بۆ ئەمریکا.

بەرلەوە دیموکراسی نەیدەتوانی ببێ بە سیستەم و سەرکەوتنی لە هیچ مەڵبەندێکی جوگرافی تر وەکو ئەوروپا بەدەست نەهێنا، ئەگەرچی کاریگەری دیموکراسی لە ئەوروپا ترازا بۆ باقی ناوچەکانی دنیاش. بەڵام لەکوێ سەرکەوت؟ لەدایك بونی دیموکراسی لەکوێ هاتەکایەوە؟ لە ئوروپا ولە ئەمریکا هاتەکایەوە و سەرکەوتنێکی گەورەشی بەدەست هێنا. ئەمە خایاندی هەتا جەنگی یەکەمی جیهان. لە جەنگی یەکەمی جیهان بەدواە کە خۆتان دەزانن جەنگی کۆلۆنیالیزم بۆ دەست بەسەراگرتنی زیاتری بازاڕی دەرەوەی خۆیان سەرەنجامی قەیرانە هەناویەکانی ناو ئەو وڵاتانە جەنگی یەکەم بەرپاکرا. لەوەبەدوا ئیتر دیموکراسی بەوشێوەیەی کە لە بەرژەوەندی وڵاتە

ئیمپریالیستەکانی دنیا بوو، هەوڵئەدرا شێوە سەرەتاییەکەی بۆ وڵاتـانی ئێمـە و وڵاتە ژێردەستەکان بهێنرێ، بـەڵام بەداخـەوە سـەرکەوتنێکی ئـەوتۆی بەدەست نەهێناوە، بەپێچـەوانەوە، واتـە ئـەتوانرێ ئینسـان دڵنیابـێ لەسـەر ئـەوەی ئـەو دیموکراسیەتەی ئەوروپا بۆ خۆیان قایل بوون لەکاتی داگیرکردنی وڵاتـانی وەکـو ئێمە، وڵاتە ژێردەستەکانی دنیا لە (٠٠٥٪) ی ئەو دیموکراسیەتەش بۆ وڵاتی ئێمـە قایل نەبوون، بەپێچەوانەوە، سەرکوت کردن و خـوێن مـژین و دزینـی کەرەسـەی خـاو، فرانـدنی دەسـتی هـەرزانی کرێکـار، ئەوانـە سیاسـەتی سـەرەکی دەوڵەتـە کولونسـتەکان و مۆنۆپۆلـەکانی دنیـا بـوو، هەربۆیـە ئـەبینی تـەوژمی یەکـەمی سەرکەوتنی دیموکراسی لە ئەوروپا و ئەمریکا سەرکەوتنێکی گـەورەی بەدەست هێنـا. دوای نـەمانی جـەنگی یەکـەمی جیهـان و سـەرکەوتنی ئەووڵاتانـەی کـە جەنگیشـیان کـرد، نـەك وەکـو پێویسـتە دیموکراسـی نەگوێزرایـەوە بـۆ وڵاتـی دواکـەوتوو، بگـرە بەپێچـەوانەوە زۆرجـار پێچـەوانەی دیموکراسـی لـە وڵاتـانی دواکـــەوتودا، دەســـەپێنرا، کاریگەریـــەکی زۆر کـــەمیان لـــەباری سســـیتەمی دیموکراسی، ژیانی دیموکراسـی و پەیوەندیـەکانی دیموکراسـی لـە وڵاتـانی ئێمـە بـــەجێ هێشـــت، هەربۆیـــە ئـــەبینی هـــەموو ئـــەو حکومەتانـــەی حکومەتـــە کۆلۆنیالیستەکانی ئینگلیز، فەرەنسا، هەموو ئەوانە کە ڕۆژهـەڵاتیان خستە ژێـر دەسەڵاتی خۆیان و ئیتالیاش لە هەنـدێ وڵاتـی ئـەفریقیای عـەرەبی، ئەوانـە کـە دەسەڵاتیان گرتە دەست بە هیچ شێوەیەك نەیانتوانی نمونەیەکی باش لـە نمونـە حکومڕانیـــە نیمچـــە دیموکراتیـــەکانیش لـــە وڵاتـــانی ئێمەجێبـــەجێ بکـــەن، بەپێچـەوانەوە، خـەڵك لەسـەر بـیروڕای ئـازادی لەسـێدارەئەدرا، خـەڵك لەسـەر خۆمـاڵیکردنی نـەوت لەسـێدارەئەدرا، خـەڵك لەسـەر چاکسـازی کشـتوکاڵی لەسێدارەئەدرا، ڕاپـەڕینی جوتیـاران، ڕاپـەڕینی کرێکـاران، تێکۆشـەری سیاسـی، سەدان حزبی سیاسی، هـەموو سـەرکوت ئـەکران و لەسـێدارەئەدران و کوشـتن و زیندان سەرجەم تیرۆرو تۆقانـدنان بەشـی ئێمـە بـوو، لەکاتێکدا دەمێـك بـوو لـە وڵاتانی خۆیان ئەو مەسەلانە نەمابوو، دەمێك بوو لە ئەوروپا، لە ئەمریکا لەسـەر ئەو مەسەلانەی کە ئێمەیان پێ سەرکوت ئەکرد، لەسەر ئەو مافانـەی بەئێمـەیان ڕەوا نەئەبینی، لە وڵاتانی خۆیـان قۆنـاغی باشـی بڕیبـوو، نـاڵێین هـەموو شـتێك تـەواوبوو دەڵـێین قۆنـاغی باشـی بڕیبـوو، لـەوێ ئـازادی دابـین بووبـوو، ئـازادی

سیاسی دابین ببوو، سیستەم سیستەمی دەسەڵات و کۆمەڵی مەدەنی و عیلمانیەت و عەقڵانیەت، کۆمەڵێك لەو مەسەلانە چەسپیبوو، لەکاتێکدا لە وڵاتی ئێمە هەر ئەیانویست تالان کەن، سەرەنجام جگە لە کارەساتێکی گەورەی سیاسی دەستکەوتێکی ئەوتۆیان بەجێنەهێشت و پێم وایە میللەتی کورد لە لەم بارەوە، لە بەدبەخترین میللەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستین کە نە فەرەنسا نە بەریتانیا و، نە لە پشتی پەردەوە ئەمریکا و، نە ئەڵمانیاش، ئەوەندە دەسەڵات و توانایان هەبوو لەناوچەکەیا، هیچ وڵاتێك لەو ولاتانە نەیانتوانی بچوکترین مافە دیمەکراتیەکانی ئێمە دابین بکەن، سەرەڕای ئەوەی کورد هەمیشە لە راپەڕین و لە خەباتی رزگاری و تێکۆشانابووە.

تەوژمی دووەمی دیموکراسی لە دنیادا، لەدوای جەنگی دووەمی جیهان دەست پێدەکات، کە زۆر زۆری خایاند، ئەوە وەکو پێویست نەیتوانی دیموکراسی ئەوروپا بگوێزرێتەوە بۆ وڵاتانی ئێمە و، بەپێچەوانەوە، کێشمەکێشەکانی ئەو سەردەمە لەلایەکەوە جەمسەری ئۆکتۆبەر و لەولاوە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لە نێوان خۆیان و، هەموو ئەو کێشمەکێشە ئابووری، سیاسی و ئایدیۆلۆجییانەی کە ئەو سەردەمە هەبوو، چ لەنێوان چەپەکان چ لەنێوان دیموکراتەکان، چ لەنێوان ئاینەکانی تر و ئەو کێشە نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەلسەفی، ئایدیۆلۆجی و ئەوانەی هەبوو کە دیسانەوە ئەوروپا توانی گەشەی باش بە سیستەمەکەی خۆی بدا، سوودی زۆر لە کەرەسەی دزراو، لەدەستی هەرزان، لە چەوسانەوەی ئێمە ببینێ و، بازاڕێکی زۆرتر بۆ خۆی دابین بکا بۆ تۆکمەکردن و باشتر چەسپاندنی سیستەمەکەی خۆی، لە خەم دەرچواندنی سیستەمەکەی خۆی بەرامبەر هەموو تەنگ و چەڵەمە و قەیرانێ کە رووبەڕووی بوەوە، بەڵام نەیانتوانی دیسانەوە دیمەکراسی پەرەپێبدەن بۆ وڵاتانی تر، دیموکراسی لە جیهاندا بڵاوبکەنەوە. ئەو سودەی کە خۆیان لە دیموکراسی و شۆڕشی دیموکراسیان بینی، چارەکی ئەو دیموکراسییەی ئۆروپا لە وڵاتانی ئێمە سودیان نەگەیاند. هەتا جەنگی دوەمی جیهانیش کۆتایی هات، دیسانەوە رێیان نەداین بەهیچ شێوەیەك سەرکەوتنێکی گەورەلەو بارەیەوە بەدەست بهێنین بۆیە ئەبینی زۆربەی هەرەزۆری کێشەکان، تەنگ و چەڵەمەکان، کێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوریەکانی ئێمە وەکو خۆیان

مانەوە و لە هەندێ بارەوە لەباتی ئەوەی یەکالابینەوە یا چەرەسەر بکرێن، بەپێچەوانەوە زیاتر ئالۆزان. ئەم دۆخە خایاندی هەتا دوای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهان تەواو بوو هەل و مەرجێك لە دنیا هاتە پێشەوە بەناوی جەنگی ساردەوە، جەنگی سارد، لە روکاردا سارد و لەناوەرۆکدا کێشمەکێشمەکان گەرمتر بوون. لەنێوان دوو سیستەم، لە نێوان دوو جەمسەر کە جەمسەرێك بەناوی با بلێین سەرمایەداری ئەوی دیش بەناوی سۆشیالیستی. لەکاتێك دا بەداخێکی زۆرەوە دەرکەوت نە جەمسەرە سۆشسیالیستەکە شۆسیالیتی بوو سەبارەت بە رۆژهەلاتی ناوەڕاست، نە جەمسەرە سەرمایەداریەکەش بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دیموکراسیانە هەڵسوڕان. ئەویش کاریگەریەکی سلبی زۆر گەورەی کردە سەر رەوتی گۆڕان و گۆڕانکاریەکان، جەنگی ساردبوو بە مەنگەنەیەك بۆ هارینی کرێکارن و خەباتی سەندیکایی و خەباتی دیموکراتی و خەباتی رزگاری گەلان لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستا. ئەگەرچی دیموکراسی لە سەردەمی جەنگی ساردا بە حکومی ئەو کێبەرکێ گەورە ئایدیۆلۆجیەی لەنێوان رۆژهەلات و رۆژئاوا هەبوو، دیموکراسی برەوێکی زۆری درایە و، توانرا بگوازرێتەوە بۆ ئەمریکای لاتین و کاریگەرێکی زۆرتری لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کرد، لە ئاسیاش کرد، لە زۆرێك لە ولاتانی کرد، دیموکراسی باش تەشەنەی سەند، بەلام نەیتوانی سەراپامەسەلەکان بگۆڕێ. دیارە جگە لەوەی ژیانی ئەوکاتە و، بەرژەوەندیەیە ستراتیژیەکانی ئەوکاتەی ولاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ئەیخواست بەجۆرێکی تایبەت مامەڵە لەگەڵ ولاتانی ئێمە بکا، لە رووی بابەتیشەوە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڕاستی ساز نەبووین، نەڕەخسابووین، کە گۆڕانکاری قووڵ لەباری کلتورەوە، لەباری ئابووریەوە، لە باری کۆمەلایەتیەوە گۆڕانکاری قووڵی ئەوتۆ بەدی بهێنین کە زەمینە خۆش کا بۆئەوەی ئێمەش وردە وردە دیموکراسی تێکەلاو بە پێویستسەکانمان، تێکەلاو بە گۆڕان و گۆڕاناریەکانمان، تێکەلاو بە خەبات و تێکۆشانمان بێ، بگرە زۆربەی زۆری ئەو خەباتانەی ئەکران لەلای ئێمە، زۆرتر خەباتی نیشتمانی و رزگارکردنی نیشتمان، خەباتی ناسیونالیزم و هەستی ناسیونالیستی، یان خەباتی ئیسلامی سیاسی لەوکاتە زاڵ بوو بەسەرمانا، دابڕانێك یا جۆرێك لە دابڕان لەنێوان خەباتی نیشتمانی و پێویستیە دیموکراسیەکان هەبوو، دابڕانێك

لەنێوان پێویستیە نیشتمانیەکان و ئامانجە دیموکراسیەکان هەبوو، لەنێوان پێویستیە مەزهەبیەکان و ئامانجە دیموکراسیەکان، لەنێوان پێویستیە ناسیونالیتیەکان و خواستە دیموکراسیەکان هەبوو. ئەوەندەی نیشتمانی بووین بۆ رزگارکردنی نیشتمان لە کۆلۆنیالیزم چارەکێکی ئەوە نە لەناو حزبەکان خۆمانا، نە لە وەرگرتنی دیموکراسیا، نە لە داخوازیەکانی دیموکراسی بایەخی دیموکراسیمان نەئەزانی. بۆ گۆڕینی سیستەمەکان ئەوەندەی ناسیونالستی بووین چارەکێکی ئەوە دیموکراسیو، ئازادی خواز نەبووین، نە لە پەروردەکردن؛ نە لە گۆڕین؛ نە لە ئاراستەکردنی خەباتی نیشتمانی و خەباتی کوردایەتی و خەباتی کۆمەڵایەتیمانا، تەنانەت زیاد لە پێویستیش بیری دواکەوتوی کەلەپوری کوردەواری زاڵدەکرایە سەر بیری پێشکەوتن. مەزهەبی بوون حزبە سیاسیەکانمان بەتایبەت حزبە مەزهەبیەکان هەر زۆر دوور بوون لە دیموکراسی، بگرە بە پێچەوانەوە زۆرێك لە حزبە مەزهەبیەکان کە لە چلەکان و، پەنجاکانەوە لە عێراقا دروست بوون، بەپێچەوانەوە پێیان وابوو هاتنی هەموو کلتورێکی ئەوروپا، هاتنی هەموو شارستانیەتێکی پێچەوانەی بڕوای ئەوانە، بۆیە زۆربەی هەرەزۆری حزبە ئیسلامیە سیاسەکان و، غەیری حزبە ئیسلامیە سیاسیەکان کە لەژێر کاریگەری مەزهەبیدا بوون، زۆربەی ئەوانە دژایەتی دیموکراسی، دژایەتی ئازادی، دژایەتی زانست و دژایەتی عەلمانیەتیان ئەکرد، بۆیە ئەبینین یەك روانگەیی، زاڵ بوونی یەك هەست، یەك فەلسەفە، یەك رێباز، یەك بیروباوەڕ بەسەر خەباتی ئێمەدا ئێجگار کاریگەریەکی کوشندەی هەبوو هەر بەوپێیەش لەسەر باشتر رسکانی نەتەوەکەمان و چاکتر پێشکەوتنی کۆمەڵەکەمان و زووتر ئازادکردنی تاکەکانمان. دەیان ساڵی لەکیس خەباتی نیشتمان پەروەرەکان و نەتەوەییە رزگاریخوازەکان داین بەهۆی وەرنەگرتنی وەکو پێویستی کولتوری دیموکراسی لەناو وڵاتانی ئێمە، لەناو حزبە نیشتمان پەروەرەکان، ئەمە نەك هەر کاری کردە سەر چۆنیەتی خەبات کردن بۆ گۆڕینی رژێمە دیکتاتۆرەکان بگرە لەناو خودی حزبەکان خۆشمان، لە مامەڵە و گفتوگۆ و ململانی و ساغ کردنەوەی مەسەلە فکریەکانیشا، دووچاری جۆرەها گیروگاز، شەڕی هەناوی ناو حزبەکان، شەڕێ ناوخۆی حزبەکان، کوشت و کوشتاری ناو حزبەکانیش بووین.

کاتـێ کـە هۆشـێ پەیـدا ئـەبوو بۆئـەوەی لـەناو حزبـەکان بـاس لـەئازادی و دیموکراسـی بکـرێ لـە بـری ئـەوەی وەربگـیرێ و، بـاش کـاری پێبکـرێ، زۆجـار بەپیچەوانەوە بە توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ پێویستی و بەپیرەوەچوونی مەسـەلە کاریگەریەکانی دیموکراسی و ئـازادی ئـەکرا، لـەبری ئـەوەی بـە پیریـەوە بچـن و قوڵی بکەن و سوودی لـێوەربگرین، بـەرە بـەرە تـاکو کـۆی کۆمـەڵی پـێ ئـازاد بکەین، بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی پێ موتوربەی باشتری دیموکراسیانە بکەین، بەپێچەوانەوە، هەم حزبەکان لەناو خۆیانا دووچاری جۆرەها کێشە و تەقینەوەی کێشـە ناوخۆییـەکان ئـەبوون و، هـەم حزبـە سیاسـیەکان لـە ژیـانی دەرەوەی حیزبایەتیدا دووچاری شـەڕی لاوەکیئـەوتۆ هـاتوون، کـە ئێسـتا ئەگـەر سـەیری مێژوو ئەکەی، ئەو شەڕانەی لە نێوانی حزبەکان بوون و، ئەو کێشمەکێشە بـە رق و قین تەقێنراوانەی لەناو خودی حزب بـە حـزب روویانـداوە، لەسـەر بیروبـاوەڕی جیـاواز، بەڕاسـتی ئێسـتە مایـەی گاڵـتەجاڕییە، بـەڵێ لەسـەر بیروبـاوەڕ وا لەیەکتر کـراوە، مایـەی گاڵـتەجاڕییە لەسـەر بەرنامـەی جیـاوازی سیاسـی ئـەو سیاسـەتە نادیموکراسـیانە گیراوەتەبـەر. لەسـەر فەلسـەفەی جیـاواز کـە دەکرائەوکاتە خاو بکرێتەوە بەشێوەیەك لـە شـێوەکان یـان هـیچ نـەبێ پـەنا بـۆ تاوان و کاری ناجوامێری نەبرێ.

ئێستە پێم وایە زۆر زۆر بە سروشتی لەو بیروڕایانەی رابوردوو قبوڵ دەکەین. کە پێشتر یەکدیمان لەناو دەبرد لەسەریان. لەکاتێکا (٢٠) ساڵ لەمەوبەر و (١٥) ساڵ لەمەوبەر و تەنانەت (١٠) ساڵ لەمەوبەریش، ئەو قسانەی ئێستە دەمانکرد، هەمووی بڤـەبون و کارەسـاتی زۆر گەورەشـیان لـێکەوتۆتەوە. بێگومـان ئەمـە بێجیاوازی حزبەکان لە عێراقا، هەموو حزبەکان لە کوردستانیشدا دووچاری ئـەو حاڵە بوون چ حزبـە ناسیونالیسـتەکان چ حزبـە نیشـتمان پـەروەرەکان چ حزبـە چەپـەکان و چ حزبە مەزهەبیەکان، ئێستەش کاریگەری سلبی باش تێنگەیشتن و باش وەرنەگرتن و باش تێنەگەیاندنی جەماوەری حزبـەکان و کـادری حزبـەکانی نـاو کۆمـەڵ، دەرەوەی کۆمـەڵ، پەیوەندیـە حزبیـەکانی نـاو حزبـەکان، بـاش وەرنەگرتنی ئـەو مەسـەلانە ئێسـتەش ئاسـەواری کاریگـەری سـلبی زیانبەخشـی مـاوە، زۆرجـار لـەباتی ئـەوەی بتـوانین کێشـەکانمان چارەسـەر بکـەین هانـا ئەبەینـەوە بـەر چـەك، ئـاربیجی، لەشکرکێشـی دەوڵـەتان و ئـەم لاو ئـەولا

کێشەکانمانی پێ چارەسەردەکەین، لە کاتێکدا (١٠) ساڵی تر گاڵتەش بەم عەقڵە ئەکەین (١٠) ساڵی تر رەنگە خۆمان زۆربەی هەرەزۆری ئەم نەوەیە بمێنێ مێژووی ئێستە بخوێننەوە، بۆیان دەربکەوێ ناکۆکیەکانی ئێستا قابیلی چارەسەرکردن بوون نەك تەقینەوە و لەشکرکێشی داگیرکەران. لەکاتێکدا ئێستە ئەو ناکۆکیانە نەك چارەسەری ناکەین بگرە لەباتی ئەوەی کێشەکانمان یەکالابکەینەوە، بەپێچەوانەوە پەنا بۆ چەك ئەبرێ، پەنا بۆ داگیرکەران ئەبرێ، پەنا بۆ تەقاندنەوەی کێشەکان و ئالۆزاندن و پڕوپاگەندەی زۆر دوور لە راستی دەبرێ، کە ئەمە هەمووی زیان بە پێشکەوتن وبە ئەزمونەکەمان چ لەناو خۆمان زیانێکی ئێجگار زۆری پێگەیاندوین.

لەراستیا ئاسەواری رابوردوو کە زۆر زۆر لام مەبەستە، ئاسەواری رابوردوو سەرەڕای دواکەوتنی رابوردوو، ئاسەواری وەکو پێویست لەسەر ئازادی، ئاسەواری دابڕاندنی دیموکراسی و، ئەرکەکانی دیموکراسی لەناو حزبە بەناو دیموکراسیەکان، لەناو حزبە نیشتمان پەروەرەکان، هەموو ئەوانە زیانێکی زۆر گەورەی پێگەیاندین، یان بەشێوەیەکی تر لێکی بەمەوە ئەگەر (٤٠) ساڵ لەمەوبەر ئەگەر (٥٠) ساڵ لەمەوبەر ئەگەر (٣٠) ساڵ لەمەوبەر، ئەگەر ئێمە باش یان نیمچە باشیش بەپیر دیموکراسی و پێویستیەکانی دیموکراسیەوە چووباین، رەنگ بوو ئەو کارەساتانەی ئەو باجی خوێنەی ئێستا ئەیدەین، نەماندابا. ئێستا ئەم کارەساتانەی کە سەرەنجامی باش بەپیرەوە نەچوونی هەتا رادەیەکی ئەوسای دیموکراسی، سەرەنجامی ئەو ئاسەوارە زیانبەخشە، ئێستا باجی ئەدەین، ئیستاش دوای تێپەڕبوونی چەندین دەهە، ئەگەر باش لە دیموکراتی و لە ئازادی و لە پێویستیە هەرە گەورەریکانی ئازادی و دیموکراسی تێنەگەین و، ئیشی بۆ نەکەین کە لەناو کۆمەڵدا شۆڕیکەینەوە، بنچ و بنەوانی پێویستیەکانی دیموکراسی بەپێی واقعی خۆمان، بەپێی لۆژیك کاری پێنەکەین، دڵنیام ئەگەر ئێستەش کەمتەرخەم بین، بێباك بین لە بەرامبەر ئەم مەسەلەیە، چەند ساڵێکی تر رەنگە بەشێوەیەکی تر باج بدەینەوە. بەشێوەیەکی تر دووچاری کارەسات دەبین. ئەگەر (٣٠) ساڵ لەمەوبەر پاساومان ئەوەبێ گوایە ئەقڵی ئەوەمان نەبووە، حکومەتی خۆمان نەبووە، دەسەڵاتی ئەوتۆمان نەبووە، یا ئاستمان لەو ئاستانە نەبووە باش بەرەو پیری دیموکراسی بچین، خۆ ئێستا ئەو پاساوانە

نەماوە، هیچی ئەو پاساو و، هیچی ئەو بیانوانە نەماوە کە وەکو پێویستە لە دیموکراسی، وەکو پێویستە لە عەلمانیەت، وەکو پێویستە لە عەقڵانیەت، وەکو پێویستە لە مەدەنیەت، وەکو پێویسیتە لە شارستانیەت، وەکو پێویستە لە ئازادی تێنەگەین. ئێستا ئەو بیانوانە نەماوە، هیچی ناخوا، ئەگەر خەباتی راستەقینە بۆ دیموکراسی نەکرێ ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا: خۆت باش تێی‌ناگەی، حزبە دیموکراسی‌یەکان باش تێی ناگەن، سیاسەتمەدارەکانمان باش تێی ناگەن، ئازادی خوازەکانمان باش تێی ناگەن، ئەرکی دیموکراسی راستەقینەی خۆیان جێبەجێ ناکەن.

ئێستاس هەموو ئەو حیزبانەی دیموکراسین و بەخۆیان ئەڵێن عەلمانی، لە بەرنامەی هیچ حزبێك لەو حزبانە عەلمانیەت نیە، هیچ حزبێك بە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە، لە بەرنامەکەیا عەلمانیەتی نەچەسپاندوە، راستە هەموو چەمکەکانمان عەلمانین، بەڵام عەلمانیەت وەکو یەکێ لە ئامانجە گرنگەکانی دیموکراسی، وەکو یەکێك لە سیما و گەوهەرە هەرە گرنگەکانی روناکبیری، عەلمانیەت لە بەرنامەی هیچ حزبێ لە حزبەکانا نەچەسپیوە، بە حزبی کۆمەنیستی عێراق و کوردستانیشەوە، بچن بەرنامەکان بخوێننەوە، وەکو چەمکەکان هەیە، ئەکرێ بڵێی ئەمە پێچەوانەیە، ئەکرێ بڵێی ئەمە بڕوای جیاوازە لە بۆچونێکی تر، بەڵام ئایا ئێمە بەشێك لە ئەرکەکانمان، بە شتێك لە سیاسەتەکانمان، بەشێك لە بەرنامەی کار بۆکردنمان، وەکو پرەنسیپ لە بەرنامەمانا، لە سیاسەتی قۆناغ و رۆژانە و تەکتیك و ستراتیژمان،ا چەسپاندومانە؟ نەمانچەسپاندوە و، تەنانەت مەدەنیەتیش وەکو یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی سایەی سیستەمکی دیموکراسی تازە تازە قسەی لێ‌دەکەین، ئەی باشە ئەگەر ئەم کەم و کوڕیانەی خۆمان بە هەموومان ئەڵێم، بە هەموو حزبە دیموکراسی‌خوازە راستەقینەکان ئەڵێم، ئەم کەم و کوڕیانە پارسەنگ نەدەینەوە، تێنەکۆشین بۆئەوەی ئەم کەم و کوڕیانە پڕکەینەوە، چەند ساڵی تر ئاسەواری سلبی ئەم کەم و کوڕیانە ئایە پێمان قەرەبووی مەعریفی دەکرێتەوە. کە تۆ دەرفەتت هەیە کۆمەڵەکە وا پەروەردە بکەی، دەرفەتت هەیە وتاری سیاسی خۆت لەبەر رۆشنایی پیپۆیستیەکانی عەقڵی مرۆڤی ئێستا و ژیانی کۆمەڵایەتی ئێستا و گۆڕان و گۆڕانکاریەکانی ئێستا بسازێنی، ئێستە ئەتوانی

بیکەی، دەسەڵاتت هەیە، تەلەفزیونت هەیە، ڕۆژنامەت هەیە، گۆڤارت هەیە، نووسینت هەیە، دەیان هۆڵت هەیە، دەیان ئیزگەت هەیە، زانکۆ، پەیمانگا و دەیان خوێندکارت هەیە، ئەتوانی ڕۆژانە قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەی، ئێستە ئەگەر نەیکەی بەیانی دوو بەیانی، تەنگ و چەڵەمە سیاسییەکانمان، تەنگ و چەڵەمە فکریەکانمان، تەنگ و چەڵەمە فەلسەفیەکانمان، سەرەنجامی دەست تێوەردانی ئەقلیمی، سەرئەنجامی هەرگۆڕان و گۆڕانکاریەك کە لەبەرژەوەندی ئێمە نەبێت، ئەگەر بەرۆکی گرتین بەشێوەیەکی خراپ تەقاندنەوەیەکی خراپی بەسەردا سەپاندین، ئەوکاتە پەشیمان دەبینەوە، پاشگەز دەبینەوە دەڵێین شەڵڵا دە ساڵ لەمەوبەر مەسەلە گەوهەریەکانی دیموکراسیمان ئەنجام بدایە، ئیتر دەمان توانی دەههەیەك لەمەوبەر ڕووبەری بڕوای دیموکراسی، ڕوبەری بڕوای ئازادی، ڕوبەری زەمینەکانی عەلمانیەکان، ڕوبەری پێویستیە مەدەنیەکانمان وا فراوان بکەین کە خەڵکی چەواشە نەکرێن، وە یاخود دوژمنەکانی ئازادی و دیموکراسی زەمینەی تێك دانی باری کۆمەڵایەتی، تێکدانی باری سیاسی، تێکدانی باری زانیاری، تێکدانی باری فیکریان لە هەر ئەگەرێکی ئایندە بۆ نەمێنێ.

یەکێك لە ڕەخنە هەرە گەورەکان کە ئێستە لە وڵاتێکی وەکو جەزائیر ئەگیرێ ئەوەیە کە جەزائیر لە کۆتایی پەنجاکانەوە سەرکەوتووە، هەتا ئەو ڕۆژەی ئیسلامیەکانی جەزائیر لە هەڵبژاردنا بردیانەوە، کێشەی گەورەی ئەوان ئەوەبوو وەکو پێویستە نەیانتوانی لە چەمکە ڕاستەقینەکانی دیموکراسی تێبگەن و، بەپێی چەمکە ڕاستەقینەکانی دیموکراسی کۆمەڵی خۆیان پەروەردە بکەن؛ زانکۆکانی خۆیان بگۆڕن، پەیمانگاکانی خۆیان بگۆڕن، بەرنامە و پرۆگرام و فەلسەفەی خۆیان بگۆڕن. ئازادی وەکو پێویستە خەڵکی پێ گۆش بکەن (٥٠) ساڵی ڕەبەقیان لەکیس خۆیان دا. هەتا لە هەل و مەرجێکی ترا پشت ئەستور بە کولتور و کەلەپورێکی دێرینەی پێشینەی (١٤٠٠) ساڵ جارێکی تر بۆیان هاتنەوە مەیدان و جەزائیریان دووچاری ئەو حاڵەتە کردوە کە کردوە. (٥٠) ساڵ لە ژیانا کەم نییە (٥٠) ساڵ لەدەست دانی هەلکەوت (٥٠) ساڵ لەدەست دانی هەلی سیاسی، کە دەسەڵاتی سیاسیشت بەدەستەوە بوو هەموو دام و دەزگاکانت بەدەستەوەیە، شانازیەکانی ڕزگارکردی نیشتمان بەدەستی

تۆوەیە، لەدەستی بدەی بێگومان نەیارەکانی تۆ لەدەستی نادەن، هەڵدەکوتنەوە سەرت.

باشترین لێکۆڵینەوە ئێستە لەسەر جەزائیر (محمد ئەرەگۆن) لەسەر جەزائیر هەیەتی، خۆیشی جەزائیریە، لەسەر هۆیەکانی ئەو تێکچوون و کوشت و کوشتار و دڕندایەتیە باسدەکا. یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی لە ڕێی زانستی کۆمەڵناسی و زانستی سیاسیەوە ئەگێڕێتەوە بۆ ئەو محافزکارێتیەی کە لەوێ بەکارهاتووە، دیارە ئەم قسەیەی من بەوە لێك نەدرێتەوە کە لایەنگری توندڕەوێتیم لە باس کردنی هەموو مەسەلەیەکدا، نەخێر من ئەڵێم ئەرکەکانی دیموکراسی لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی و بابەتی بۆ گۆڕینی ئەم واقعە، بۆ واقعێکی باشتر، نابێ فەرامۆشی بکەین، نابێ کەم تەرخەم بین بەرامبەری چونکە تۆ کەمتەرخەم بی خۆ دژەکانی دیموکراسی کەمتەرخەم نابن، دانانیشن بەرامبەرت، ئەو بیروباوەڕی هەیە تۆش بیروباوەڕت هەیە، بیروباوەڕێ ئەو لەتۆ جیاوازە و هی تۆش لەو جیاوازە، ئەو بۆ ئامانجێك تێئەکۆشێ و تۆش بۆ ئاماجێك تێئەکۆشی، ئەو ستراتیجێك و تۆش ستراتیجێکت هەیە، تۆ ناکرێ خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی ستراتیجی بەرامبەرەکەتا ئەمەنە محافزکاربێ، ئەو پەلاماری روبەری تۆ بدات، ئەو پەلاماری روبەری کۆمەڵایەتی تۆ بدات، ئەو پەلاماری لۆژیکی فەلسەفی تۆ بدات، تۆش هەر بە خەمساردی بیگری. وابزانی شانازییە مێژووییەکانت هەتا هەتایە دادت دەدا. تۆ ئەگەر کەوتیتە بەرگری سلبی بێگومان بەرگری سلبی ئەگەر لە شۆڕشگێڕیتا مردن بێ بۆ شۆڕشەکانی جیهان، لە خەباتی فکریشدا بەشێنەیی تاساندنی فیکرە پێشکەوتوەکانی ناو کۆمەڵەکانی دنیایە، بەدەستی خۆت قوڕگی زانیاری خۆت دەخەیتە دەستی نەیارەکانی خۆت وردە وردە بیتاسێنێ، هەتا وای لێدێ ئەتکا بە لاشەیەکی مردوو، دژایەتی فکرو فەلسەفەی تۆ ئەنوسێنی بە جەستەی خۆتا، خوێنت هەڵدەمژێ وردە وردە ئەو خوێنە لە شانە بە شانەی تۆ هەڵدەمژێ و وات لێئەکا خوێنت نەمێنێ بۆ پێشکەوتن، بۆ مۆدێرن، بۆ دیموکراسی و بۆ ئازادی بۆیە زۆر گرنگە ئێمە هەموو روانگە جیاوازەکانی دیموکراسی ببینین و، بشزانین ئێمە لە ململانێیەکداین لەپێناوی بونیادێکی تازە، سیستەمێکی تازە، بڕوایەکی تازە و، ژیانێکی تازە. بەتایبەتی ئێستایەك کە یەکەم خۆمان دەسەڵاتێکمان

هەیە، دووەم راپەڕینێکمان کردوە، سێیەم کارەستی ئێجگار گەورە بەسەر نەتەوەکەمانا هاتوە، ئەو میللەتەی ئێمە بەرگەی کارەساتی گەورەی تر ئاسان نییە بگرێت، ئەوەندەی کارەساتمان توش بووە پێویستە کار بکەین بۆئەوەی کە جارێکی تر کارەساتێکی ئەوتۆ وەکو جەزائیر یا وەکو ولاتانی تر تووشمان نەبێ، کە بەڕاستی بەجارێك دامان وەشێنێ، بەجارێك بێمتمانەیی لەناومانا بخولقێنێ کە کەس بەسەرکەسیەوە نەبێ. ئیتر ئەوە گرفتێکی ئێجگار گەورەیە ئاگامان لەخۆمان نەبێت، ئێجگار گەورەیە.

لەسەردەمێکداین سەردەمی گۆڕانکارییە، سەردەمی سیستەمی نوێی جیهانە، سەردەمی جیهانگیرییە. ئەم سەردەمە زۆر جیاوازە لەسەردەمەکانی تر، ئەم سەردەمە سەردەمی نەمانی ئەو سنوارنەیە کە جاران پیرۆز بوون، خەڵکی لەسەر لەسێدارەئەدرا، ئەم سەردەمە سەردەمی بەئاسانی گواستنەوەی زانیاریەکانی هەموو ولاتە پێش کەوتووەکانی دنیایە، سەردەمی خزمەت کردن و پێش خستنی دیموکراسییە لە هەموو دنیادا، هەڵبەتە ئەم قسانەم بۆئەوە نییە بڵێم من لێرەوە هەموو جارێکیش وا ئەڵێم بەرگری لە کەم و کوڕیەکانی ولاتە سەرمایەدارەکان ئەکەم، یا بەرگری لە ئەمریکا ئەکەم، یا بەرگری لە بەریتانیا ئەکەم، نەك هەر بەرگری ناکەم بەڵکو رەخنەیەکی زۆریشم لەسەر ئەو مەسەلانە هەیە، ئەو ژیانەی لەوێ چەوسانەوەی تیایە، تەنگ و چەڵەمەی تیایە، زۆر مەسەلەی تیایە کە لەگەڵ ئێمە ناگونجێ.

بەشێوەیەکی بابەتی کەهەل و مەرجی ئێستا لێك ئەدەمەوە، جیاوازی هەل و مەرجی ئێستا لەگەڵ جەنگی سارد، جەنگی دووەم، لەگەڵ جەنگی یەکەم و پێش جەنگی یەکەمی جیهانیش زۆر زۆرە، بەڕاستی ئەو کارەساتانەی کە پێش ئێستا میللەتانی ئێمە دووچاری ئەبوو لەسەر کۆمەڵێك لە خواستەکانی: خواستە دیموکراسیەکانی، خواستە میللیەکانی دوچاری کارەسات دوای کارەسات کراوە. ئەو کارەساتانە نە لەلایەن ئەمریکاوە نە لەلایەن بەریتانیاوە نە لەناو هیچ ولاتێکی سەرمایەداری دنیادا لەسەر خواستی دیموکراسی و میللی، نیوەشیان ئەنجام نەدراوە. ئەم دۆخەی ئێستە لەم دنیایە خولقاوە دۆخێکە ئەتوانین کەڵکێکی زۆری لێوەربگرین، ئەگەر لە ئاستی قۆستنەوەی هەلەکەدا بین، سەرکردایەتی سیاسیمان، دەسەڵاتەکەمان، حزبەکانمان، ئۆرگانەکانمان،

کۆمەڵمان، ئینسانەکانی کۆمەڵمان و، دام و دەزگاکانمان، هەلومەرجەکە بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشی گەورەی خستۆتە سەرشانمان. مەسەلەکە هەرئەوەندەیە کورد چاوەڕێ بکا بزانێ سەرکردایەتی یەکێتی یا سەرکردایەتی پارتی چی ئەکا، کارەکە زۆر لەوە فراوانترە، مەسەلەکە لەوە ترازاوە کە ئێستا تەنها سەرکردایەتی حیزبەکان بتوانن تەحەکوم لە ڕووداوەکان بکەن. یان سەرکردایەتی حزبێك بتوانێ هەموو ستراتیجیەکان قوفڵی خۆی بدات، ئێستە پێداویستیەکان، ئەرکەکان، ئۆباڵەکان، خزمەتەکان، بەرنامەکان فراوانترن لەوە، کێ ڕێی لە زانکۆکانی کوردستان، لە پەیمانگاکانی کوردستان گرتوە خەبات بکەن بۆئەوەی زۆرترین کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، پێداویستیە زانستیەکانی خۆیان دابین بکەن، کە ئێستا ئەوە بەشێکە لە خەباتی شارستانی دیموکراسی، ئێستا کێ ڕێی لە ڕێکخراوە دیموکراتیەکان ڕێی لە مامۆستا و دکتۆرەکانی زانکۆی ئێمە گرتوە کە بە زانستی ترین شێوە خوێندکارەکانی خۆیان پەروەردە بکەن، کەس ڕێی لێنەگرتون، ئەگەر نەیکا خۆیەتی، بێگومان دەسەڵات دەورئەبینێ کە لە روی زانستیەوە ئاڕاستەیەکی باشتری زانستیانەی دام و دەزگا کلتوریەکانی خۆی بکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیان وا تێکەڵاو بووە، گۆڕانکاریەکانی ژیان وای لێهاتوە کە بەڕاستی تاکی کۆمەڵی ئێمەش، دەزگاکانی کۆمەڵی ئێمەش ئەتوانن بەشێوەیەك لە شێوەکان تاڕدەیەکی کاریگەر تێکەڵاو بە گۆڕان و گۆڕانکاریەکان بن، ئەوەندەی دەکرێ‌هەل بقۆزنەوە و ئەوەندەی دەتوانێ پێویستیەکانی دابین بکا، ئەوەندەی کە ناشکرێ خەباتی فرەلایەنە و هەمەجۆر بکا بۆئەوەی کە بەڕاستی ئەم ساڵ نا ساڵێکی تر دوو ساڵی تر پێنج ساڵی تر خواستەکانی بێنەدی. ئەمەیش لە ئاستی خۆیەوە، لە دام و دەزگای خۆیەوە خزمەت بە پێداویستیەکانی خۆی بکا.

ئەرکی سەرشانی هەمووڵایەکمانە کە زۆریش گرنگە لەم راستیەیە تێبگەین چ ئینسانی ئێمە، چ گروپ، چ دەزگای بچوك، چ دەزگای گەورە، چ دەزگای زانست، چ دەزگای کۆمەڵایەتی، چ دەزگاکانی سیاسی و روناکبیری و کولتوری، هەموو دەبێ لە ئاستی پێویستیەکانی سەرشانی خۆمان هەڵبسوڕێن و، بەرنامەی نزیك و دورمان بۆ دابینکردن و بەدیهێنانی ئەرکەکانی سەرشان و ئامانجەکانی خۆمان هەبێ. هەڵەیەکی گەورەیە چاوەڕێ بکەین تەنهاو تەنها سەرکردایەتی

سیاسی، حکومەت خزمەتمان بکا، نابێ وەکو باڵندە دانیشتین دایکمان بەدەنوک خواردن بکا بەدەممانەوە، بێگومان باڵندەش لە بێچوێتی خۆی رزگاری ئەبێ ئیتر پشت بە خۆی ئەبەستێ و لەسەر دایك و باوکی خۆی تاسەر نابێ بە ئەرك.

ژیان وای لێهاتوە جگە لە دەسەلات، تەواوی تواناکان، هەموو سەرچاوەکانی زانیاری، کلتوری و روناکبیری هەر هەموو دەبێ لە تێکۆشاندا بن بۆئەوەی بتوانین بەرەبەرە پێویستیەکانمان دابین بکەین. ناڵێم کودەتایەك لەسەر ژیانی زانکۆ یا پەیمانگایەك یا کۆمەڵ بکەین. نەخێر دەڵێم وردە وردە خەبات بکەن بۆئەوەی پێویستیەکانمان دابین بکەین و، ئەوە ئەرکێکی زۆر گرنگی سەرشانی خۆمانە.

لێرە وە، ئەگەر ئینسان بێتە سەر قسەکە کە ئایا روانگە جیاوازەکان بۆ دیموکراسی، ئازادی و، بۆ گۆڕان، شارستانیەت، مەدەنیەت و عەقلانیەت، کامیان ئەتوانن بەڕاستی و راستەقینەیی خزمەت بکەن و، کامیان ناتوانن ئەوە بکەن؟ پێم وایە هەموو بیروباوەڕێك، هەموو فەلسەفەیەك لەو فەلسەفانەی هەن، هەموو رێگایەك لەو رێگایانەی بیروباوەڕی سەراپاگیریان هەیە، فەلسەفەی هەمەلایەنەیان هەیە، هیچی ئەوانە ناتوانن بەڕاستی دیموکراسی بن و ئازادیەکانی ئینسان و هەمەجۆری روناکبیری، هەمەجۆری سیاسەتی کۆمەڵ، هەمەجۆری بۆچوونەکانی کۆمەڵ لەبەرچاو بگرن. هەموو بیروباوەڕێك، بەرنامەیەك، فەلسەفەیەك سەراپاگیر بێت ناکرێ بتوانێ دیموکراسی بێت، ناکرێ بتوانێ هەمەلایەنی بیر، هەمەلایەنی فەلسەفە، هەمەلایەنی مەزهەب، هەمەلایەنی لۆژیك و ئایدیۆلۆجی پاوان بکا. ئەمە رێك پێچەوانەی دیموکراسی و ئازادییە، چونکە تۆ کە بە هەمەلایەنترین فەلسەفە هاتی مامەڵەت لەگەڵ هەموو چینەکان، حزبەکان، ئینسانەکانی کۆمەڵ و پێویستیەکانی کۆمەڵ کرد بێگومان تۆ بتەوێ و نەتەوێ سنوری ئازادیەکان دەبەزێنێ و سنوری فەلسەفەکان خەفە ئەکەی، گەر بۆشت بلوێ سەرکوتیان ئەکەی، لەبەرئەوە دەبێ بەڕاستی لە هێزەدیموکراسیخوازە راستەقینەکان، لە هێزە ئازادیخوازە راستەقینەکان وردبینەوە، بشزانین ناکرێ

لـەناو کۆمەڵێکـدا هـەموو حزبـەکان و هـەموو هێـزە کۆمەڵایەتیـەکان، هـەموو فەلسـەفەکان و هـەموو بیروبۆچـونەکان وەکـو یـەك خزمـەت بـە ئـازادی و بـە دیموکراسی و بە شارستانیەت بکەن، شتی وا نابێت، ناکرێ بۆ هەڵبژاردن هـەموو لافی دیموکراتی لێبدەین و هەمووش باوەڕ بکەین؛ چۆن شـتی وا ئـەکرێ، نـاکرێ نەزانین بەڕاستی جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان بۆچـونەکان، لـە هـەموو قۆناغێـك لـە قۆناغـەکان نوێنـەرە راسـتەقینەکانی کۆمـەڵ خـەبات بـۆ دیموکراسـی ئەکـەن. دژەکانیشـی هەیــە، دژەکــانی دیموکراســی و، دژەکــانی ئــازادی، دژەکــانی عەلمانیەت، دژەکانی مەدەنیەتیش هەیە.

چەمکەکانی کلاسیکی کۆن باوی نەماوە، سەد سـاڵ لەمەوبـەر نیـیە، پـەنجا ساڵ لەمەوبەر نییە ئێستاش لایەنی وا هەیـە ئـازادی و دیموکراسـی بـە حـوکمی گەل لە رێگەی گەلەوە تێدەگا. ئەمە کۆن بـوو، ئەمـە بـاوی نـەما، حـوکمی گـەل لەلایەن گەلەوە کە لە شانەکان و لە رێکخستنەکانی حزبـا فێریـان ئـەکردین ئـەم چەمکانە بەهایان لەدەست داوە. دیموکراسـی ئێسـتە لێکدانەوەیـەکی زۆر وردی لە دنیادا بۆ ئەکرێ، ئێستە گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکرێ هەتا حزبە کۆماریـەکانی دنیـا، وەکـو ئەمریکیـەکان، وەکـو هـەموو وڵاتـە کۆماریـەکانی دنیـا ئەوەنـدە ئـەحزابی یـەکێتیخوازن لـە وڵاتـی خۆیانـا، وەکـو پێویسـت نـاتوانن خزمـەتی دیموکراسی هاوچەرخ بکەن. تـۆ بـاوەڕ بکـە لـە ئـەمریکا و لـە ئوروپـا تـازەترین گفتوگۆ لەسەرئەوەیە حزبـە کۆماریـەکانی دنیـاش، وڵاتـە کۆماریـەکانی دنیـاش، ناتوانن وەکو پێویست خزمەت بە دیموکراسی بکەن چـونکە لـەناو خۆیانـا حزبـە کۆماریەکانی وڵاتە کۆماریەکان ئەوەندە یەکێتیخوازن، ئەوەنـدە گۆشـەگیرن لـە یـەکێتی وڵاتەکـەیان و لـە یەکێــتی حزبەکـەیان، نـاتوانن بـاش لـە چـۆنیەتی پـەرەپێدانی دیموکراسـی و ئەرکـە تازەکـانی دیموکراسـی لەسـەر ئاسـتی جیهـان تێبگەن، تۆ وەرە لەوێ گفتوگـۆ لەسـەر ئەوەیـە، لـەلای ئێمـەش تـازە تـازە بـۆ سەدەکانی ناوەڕاست بڕۆین، سـەیری ئـەم جیاوازیـە گـەورە بکـە لـەوێ گفتوگـۆ لەسەر چییەو لای ئێمە خەبات بۆ چی دەکرێ؟!

دیموکراسی حوکمی لە گەڵەوە بۆ گەل ئەوە یەکێکە لە پێویستیەکانی دیموکراسی، ئەوە یەکێکە لە ئەرکەکانی دیموکراسی، حزبی وا هەیە ئەڵێ من دیموکراسیم قبوڵە بە هەڵبژاردنەوە، ئێستا حزبی ئۆپۆزسیۆن هەیە، زۆر حزب لە حزبەکان ئەڵی من دیموکرسیم قبوڵە بە هەڵبژاردنەوە، ئەیەوێ هەڵبژاردن بکا بە ناسنامەی دیموکراسی راستەقینەی خۆی، هیچ وانیەیە، هەڵبژاردن ناسنامەی دیموکراسی راستەقینە نیەیە، دیموکراسی دانابڕێ لە مەدەنیەت، دیموکراسیەت دانابڕێ لە ئازادیەکانی ئینسان و لە داوەرەکانی عەقڵی ئینسان، ئەمە دیموکراسی راستەقینەیەناکرێ هێزێك دیموکراسی بێ و دژی عەلمانی بێت، ناکرێ هێزێ دیموکراسی بێ و دژی عەقڵانی بێت، ناکرێ هێزێك دیموکراسی بێ و دژی رۆشنگەری بێت، ناکرێ هێزێك دیموکراسی بێ و دژی چەمکە راستەقینەکانی دیموکراسی بێت، ناکرێ هێزێك دیموکراسی بێ و دژی ئازادی عەقڵی ئینسان بێت، ناکرێ بە هیچ شێوەیەك بنچینەکانی دیموکراسی راستەقینە نە لە کۆن و لە لەئێستا لێك دابڕدرێ. هەیە وای لێکدەداتەوە گوایە دیموکراسی و عیلمانیەت تەنها بۆ ئەوروپا و بۆ ئاینی مەسیحی ئەبێ، چونکە لەوێ ئاینی مەسیحی بەئاسانی لەدەسەلات جیاکرایەوە، پێی وایە عیلمانیەت (یا ئەیزانێ و بەپێچەوانەوە باسی ئەکا) تەنها جیاکردنەوەی دین و دەسەلاتە. هەرگیز وا نییە. عیلمانیەت ئازادکردنی عەقڵی ئینسانە، واتە یەکەم جار کە گفتوگۆ لەسەر عیلمانیەت سەریهەڵداوە، لەوەوە سەریهەڵداوە کە چۆن عەقڵی ئینسان ئازادبکرێ لە هەموو دوژمنەکان، لە هەموو تەنگژەکان، دەبێ ئینسان ئازادبێ لە ئاین، ئازادبێ لە فەلسەفە، ئازادبێ لە مەزهەب، ئازادبێ لە بیروباوەڕ و ئازادبێ لە هەموو نەریتە کۆنەکانی خۆی، عیلمانیەت لەسەر ئەم بنچینەیە ئەوە نیەیە کە هەندێك ئەحزاب وای لێکدەداتەوە کە عیلمانیەت جیاکردنەوەی ئاین و دەوڵەتە، گوایە ئەمەش لە کۆمەڵی ئێمە قبوڵ ناکرێ، لایەك بڵێ هەڵبژاردنم قبوڵە بە هەڵبژاردن و فرە حیزبیشەوە، بەڵام عیلمانیەتم قبوڵ نیەیە، ئەمە وەکو ئەوە وایە هەردوو چاوی دیموکراسی دەربهێنی، تۆ رێك هەردوو چاوی هەڵبکۆڵی،

بەڕاستی ئەمە ناکرێ تۆ وابزانی ئەتوانی بەوە دیموکراسی بیت، ئەزانم هەتا ئەوکاتەی دێیتە سەر حوکم دیموکراسیت قبوڵە، بەڵام کە هاتیتە سەر حوکم بڵێی عیلمانی نیم، مەدەنی نیم و عەقلانی نیم، ئەوکاتە هەزاران کەس بەر کوشتو کوشتار ئەکەوێ، ئەوکاتە بەر لێشاوێکی دڕندەیی ئەکەوێ، ئەوکاتە چونکە ئینسان هەتا دێت بەرەو ئەوە ئەڕوات جگەلەوەی بەشێکە لە کیانێك، بەشێکە لە کۆمەڵێك، بەشێکە لە نەتەوەکەی، بەشێکە لە ئەزمونەکەی، لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ هەتا دێت ئازادیەکانی خۆی زیادکات، چونکە مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە دابین کردنی هەرچی زۆرتری ئازادی و سەربەستییە، ئێستە کەمترین ئازادیمان هەیە بۆ تاکو کۆی کۆمەڵ. وردە وردە ئازادیەکان بە چەسپاندنی عیلمانیەت، مەدەنەیت، عەقلانیەت، شارستانی، ئازادی بۆ تاکو کۆمان زیاتر ئەبێ، وردە وردە ئازادی بەرەو زیادبوون ئەڕوا، وایلێ‌یەت مرۆڤ بەڕاستی هەست بە سەربەستی‌یەکی تەواو بکا لە ئایندەدا. هەروەکو چۆن لە ئەورووپا وایە، لەوێ بەڕاستی ئینسان ئازادە: ئازادە لە بیر، ئازادە لە مەزهەب، ئازادە لە بیروباوەڕ، ئازادە لە ئایدیۆلۆجیەت، ئازادە لە کارکردن، ئازادە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئازادە لە ژیانی خێزانی، ئازادی بەپێی یاسا، ئازادە لە هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی، لەوێ (عەیبە و مەمنوعە و حەرامە) نەماوە، لێرە دەست بۆ شتێك ئەبەی عەیبە قوت دەبێتەوە بەرامبەرت. بێگومان عەیبە سنوریشی نی‌یە، دەشتەوێ کارێکی سەربەخۆ ئەنجام بدەی، (مەمنوعە) بەرۆکت دەگرێ. ئەگەر ئەمانە سنورە لۆژیکیەکانی بزانین باشترە. سنورە لۆژیکیەکانی بە (حەرامە)ش لەولاوە بوەستێ بزانین سنورە لۆژیکیەکانی، بزانین زۆر ئاسایی‌یە. بێگومان ئێمەش پیرۆزیمان هەیە، ژیانی کۆمەڵایەتیمان هەیە، ئێمەش شەرەفمان هەیە، ئێمەش سەربەرزیی خۆمان هەیە، ئێمەش هەڵبژاردنمان هەیە، ناکرێ ئینسان دەست بۆ هەرشتێ بەرێ بقەبێت، بەشێوەیەك ئازادی ئینسان خەفەبکرێ کەلە ژێر کابوسی ژیانا بژی لە ئەورووپا وانی‌یە، لە ئەورووپا چونکە دیموکراسی لەوێ هەمەلایەنە پیادەدەکرێ، ئەکرێ

لەویّ دەستپێشخەریەکانی ئینسان، ئازادی ئینسان، بەرەوپێش چوونی ئازادی ئینسان، تێگەیشتن لە دیموکراسی و لە هەڵبژاردن، لە دەسەڵات، لە جیاوازی دەسەڵات، لە گۆڕینی دەسەڵات، لە گۆڕینی حزبەکان، ئۆرگانە مەدنیەکان و لە هەموو ئەوانە لەویّ بەڕاستی بەشێوەیەکی ئەوتۆ دابین کراوە کە ئینسان خۆزگە بەوە ئەخوازێ بەپێی واقعی ئێمەش لەسەدا نیوەی ئەوەش کۆمەڵەکەمان وای لێبکەین، بۆیە ژیانی ئێستا، پێویستیەکانی ئێستای دیموکراسی، وەکو حزب، دەسەڵات، هەموو ئۆرگانەکانی دەرەوەی دەسەڵات، ئینسانەکان، روناکبیرەکان، خوێندکار، مامۆستا، وەکو هەموو کەسێك ئەرکیانە، ئەرکی سەرشانی هەموو یەکێکمانە لە هەموو راستەقینەکانی دیموکراسی، روانگە جیاوازەکانی دیموکراسی بگەین و خەڵکی بۆ پەروەردەبکەین، خەبات بکەین لەپێناوی ئەوەی بەڕاستی چەمکە راستەقینەکان لەناوخەڵکدا بلاوبکەینەوە. بە رابوردومانا بچینەوە، بە کلتورمانا بچینەوە، هەمو شتەکان شایانی دیالۆگە. هیچ شتێك نیە شایانی هەڵسەنگاندن نەبێت. بەڵام لە سنوری لۆژیکدا زۆربەی هەرەزۆری شتەکانی مێژوو کفر بێ و گوناح بێ توخنی بکەوین، قسەی لێنەکەین ناکرێ نەتوانم بە ئازادی قسە لەسەر هەموو مەسەلە ئازادییەکانی خۆم بکەم. ناکرێ خەو بە ئایندەوە نەبینم، یانی چیە مێژوویێکی دوو هەزار ساڵە لەپێش ئێمەدا هەیە، ئەم مێژووە هەر هەمو شایانی دەست تێوەردان نیە. ئەم مێژووە شایانی گفتوگۆ نیە. ئەم مێژووە شایانی تاوتوێکردن نیە. ئەم مێژووە شایانی خوێندنەوەیەکی تازە نیە. لەم مێژووە دوو هەزار ساڵە کارەسات نیە. کوشتن نیە. برین نیە. دزی نیە. تالآن نیە. ئەنفال نیە. چۆن نیە؟ ئەکرێ و دەشێ هەموو ئەو شتانە. لە سنوری لۆژیك و لە سنوری پێویستی خۆیا ئەبێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ، نەك لە ئاستی مێژوودا چاو بنوقێنین. مێژوو وەك پێویستە بەپێی پێویستیەکانی دیموکراسی، بەپێی رزگارکردنی ئینسان دەبێ وردبکرێتەوە و لایەنی گەش و خامۆشی دیاربکرێ.

مێژوونووسـەکانمان، سۆسـیۆلۆژیەکانمان، لێکۆڵـەرەوەکانمان، ئـازا نـەبین، زانستیانە بیرنەکەینەوە، هەمەلایەنانە بە رابردوومانا نەچینەوە، نـاکرێ بتـوانین ئێستامان باش بینا بکەین و، خەونـەکانی ئاینـدەشمان بـەدیبهێنین. نـاکرێ تـۆ رابردووت وەکو خۆی داخەیت، بڵێی ئێسـتا و ئیانـدە لەبەرچـاو دەگـرم. نـەخێر چونکە هەزاران جۆر ئاسەوار لەسەر ئێستاش هەیە. پێشت لێدەگرن کـە عـەقڵی قفڵ دراو رێگەمان لـێئەگرێ بڕیاربدەین، رێگەمان لـێئەگرێ بیربکەینەوە، شـتی چاکیش هەیە و شتی خراپیش هەیە، لە رابردووا ئاسەوارە سلبیەکانی لە مێشکی خۆمانا لابەرین، ناکرێ کاریگەری سلبی، پەروەردە و ئاڕاستەو چەمکە مێژوویـیـە ناڕاستەکان، وەکو خۆیـان نـەوە دوای نـەوە لـەناو کۆمەڵدا بمێننـەوە. بـەجۆرێ پـەروەردەکراوین کـە ئـازادی خۆمـان بەکارنـەهێنین، ئـەم مۆتەکانـە ئـەبێ بڕەوێنینەوە، وردە وردە ئەبێ خراپەکانی ئاسـەواری رابـوردوو بڕەوێنێـەوە، لـە چاکەکانیان خزمەت بکەین و بەرەو باشتری بـەرین، بۆیـە ئەرکمانـە، ئەرکـەکانی دیموکراسی بۆ رابردوو، بۆ ئێستا و، بۆ ئایندە باش لەبەرچاو بگرین و، بـە وردی ئیشی تیا بکەین و، پێویستیەکانی لە کوردستانا بەدی بهێنین.

پڕ بە دڵ هیوادارم لـەم ئەزمونـەی ئێسـتا و بـۆ ئاینـدەمان ئـەو هەڵانـەی لـە رابـردوودا کـراوە راسـتیان کەینـەوە، چـاکیان کەینـەوە، وردە وردە وا بکـەین بەڕاسـتی ئەرکـەکانی زانسـتیانەی سەرشـانی خۆمـان لـە رووی ئـازادی و دیموکراسـیەوە بـەدیبهێنین، هیـوادارین ئێـوە لـە زانکـۆ مامۆسـتا و خوێنـدکار بەڕاسـتی لـەم بـارەوە وریایانـەتر. بـە زانیـاریتر وشـیارانەتر، مەدەنیانـەتر، عەقڵانیانـەتر، ئازادیخوازانـەتر بـە پیریـەوە بچـن و ئـیش بکـەین بۆئـەوەی ئـەو پێویسـتیانەی ئـەرکی سەرشـانمانن جێبـەجێیان بکـەین و، کـەم و کوڕیـەکانی رابردوومان و ئێستامان پارسەنگ بدەینەوە، نامەوێ لەوەزیاتر سـەرتان بێشـێنم پیشـم خۆشـە گفتوگـۆ بکـەین بـەپێی ئـەو کاتـەی کـە دانـراوە. هیـوادارم لـە گفتوگۆی ئازادانەی ئێـوە مـن بتـوانم ئەگـەر کـەم و کوڕیـەك لـە قسـەکانم هـەبێ پارسەنگ بدەینەوە بدەینەوە.

**مەلا بەختیار**

# کاریگەری ئازادی و خوێندنی هاوچەرخ لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا*

مامۆستایان و خوێندکارە ئازیزەکانی زانکۆی سلێمانی، پێش کۆڕەکە، بەناوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانەوە، سەرەخۆشی لە هەموتان بەبۆنەی جوانەمەرگ بوونی خوشکە (رازاو)ەوە بکەم و هیوادارم، ئەم کارساتە لەم هۆڵە و لەم زانکۆیە، جارێکی تر بەرۆکی ئێوە نەگرێ و هەمووومان دڵتەنگ نەکا و، هەمووشمان تێکۆشین ئەو خەون و ئاواتانەی رازاو هەیبوو لە زانکۆی سلێمانیدا، رازاوەتر لە کوردستاندا بێتەدی و روحی ئەو و هەموو جوانەمەرگێك و هەمو شەهدێك شادکردبێت.

ئەو کۆڕەی بۆ من دانراوە بەناوی (کاریگەری ئازادیو خوێندنی هاوچەرخ لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا) و لەم هەلومەرجەشدا کە هەم ساڵی نوێی خوێندن دەستیپێکردووە، و هەم پرۆسەی هەڵبژاردن لە (١٩) ی مانگەوە، هاودەنگ و هاوئاهەنگ لە سەرانسەری کوردستاندا دەستپێدەکات.

بابەتەکە بابەتێکی گرنگە، ئەشیهێنێت کات لە ئێوە وەربگرین، پشوتان درێژ بکەن، بۆئەوەی بتوانین دوای تەواوبوونی بابەتەکە، ئێوەش بە بیروباوەڕی ئازاد و جوانتان دیالۆگێکی هێمنانە لەنێوان خۆمان بکەین، بەهیوای ئەوەی لەم بابەتە کۆڕانە، هەر بۆ پڕوپاگەندەی سیاسی نەبێت، هەر بۆئەوە نەبێت دانیشین یەکێك قسە بکا و ئەوانی تری گوێ بگرن، نەخێر، دەبێت لەم جۆرە کۆڕانەوە خیتاب وەکو ئەرکێکی زانستی وەربگرین، ئەویش ئەوەیە، خیتاب وەکو دەق، خیتاب وەکو پێشکەشکەر، خیتاب وەکو وەرگر. ئەگەر هەر هەمووی بەیەکەوە ببەستین، بۆئەوەی ئەو بابەتە و، ئەو پێشکەشکەرە و، ئەو وەرگرەی کە دائەنیشین بەیەکەوە، هاوبەشی بکەین لە دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و، لە

* بابەتی کۆڕێکە، لە زانکۆی سلێمانی ١١/١٤/ ٢٠٠٠ پێشکەشکراوە.

زیـادکردنی زانیـاری مێشـکمان لـەپێناوی پێشـکەوتنمان، هەڵبەتـە بـەم جـۆرە پێشدەکەوین.

یانی هەر خیتابێك، ئەوەی کە خیتابەکە ئەڵێتەوە، تەنها دەق و وتنەوە بێت، وەرگـر وەرینـەگرێت، کـارلێکی لەگـەڵ نـەکات و، نـەتوانێت ئەگـەر بیروبـاوەڕی پێچەوانەی هەبوو، مناقەشەی لەسەر بکات و، شـتێك نـەزانێت زانیاریـەکانی پـێ زیاد بکات، بە راستی ئەو خیتابە نە خیتابە و نـە ئامـادەبوانیش وەکـو وەرگـری باس، وەکو وەرگرێکی زیندوی وشیار حسابیان بۆ دەکرێت. هیوادارین هەم ئێوە و هـەم ئێمـە بەیەکـەوە هـەموومان ئـەم کـۆڕە بکـەین بـە کۆڕێـك کـە سـوودبە هەمووماندا بگەیەنێت.

ئـازادی و خوێنـدنی هاوچـەرخ، کاریگـەریان لەسـەر کۆمـەڵ، دوو مەسـەلەی گرنگی پێکەوە بەستراون، دوو مەسەلەی ئۆرگانیکین، دوو مەسەلەی تەواوکـەری یـەکترن، دوو مەسـەلەن کـە هـەردووکیان بـە ئاقـاری جیاجیـا، بـەڵام پێکـەوە بەسـتراون، چارەنووسـی ئێمـە لـە گەڵـێ رووەوە دیاریدەکـەن و، ناشـتوانین لـە هەردوو ئەو مەسەلانە، کە دوو مەسـەلەی یـەکجار گـرنگن، خۆمـانی لـێ بێـدنگ بکەین، خۆمـانی لـێ تـەریك بکـەین، خۆمـانی لێنـەزان بکـەین و، گـوێ نەدەینـە ئەوەی کە ئازادی و خوێندنی هاوچەرخ، چ کاریگەرێکی لەسەر پێکهاتەی خۆمـان وەکـو خـود هەیـە پێکهاتـەی کۆمـەڵمان وەکـو کۆمـەڵ هەیـە، پێکهاتـەی ئەزمونەکەمان وەکو ئەزمون هەیە، پێکهاتـەی نەتەوەکـەمان وەکـو نەتەوەیـەك، وەك پێکهاتەی قەوارەکەشمان وەکو قەوارەیەك هەیە.

یانی هیچ مرۆڤێك ئەگەر وشیاربێت، ئەگەر خۆی بـە بەشـێك لـە کۆمـەڵ و لـە گەلەکەی بزانێـت، خـۆی بـە بەرپرسـیار لـە ئـەزمونێك کـە چارەنووسـی خـۆی و دەوروبەرەکـەی و نەتەوەکـەی پێوەبەسـتراوە، ناتوانێـت گـوێ نەداتـە ئـەوەی ئـازادی لـەم سـەردەمە چـییە؟ خوێنـدنی هاوچـەرخ لـەم سـەردەمە چـییە؟ هـەردووکیان بـە جیـا و پێکـەوە چ کاریگەرییـەك لەسـەر خـۆی، لەسـەر دەوروبەرەکەی و، لەسەر گەلەکەی دادەنێن؛ نـاکرێ مـرۆڤ لـەم مەسـەلەیە خـۆی نەبان بکات رەنگە هەبێ لەناوتاندا نەزانن نەبان چییە؟ با نەیان شەرح بکـەم، بـا وشەیەکیش فێـرببین خـراپ نییـە، هـەموو ئـەو بـەرخ و کارانـەی کـە لـە رانەمـەڕ دائەبڕێن هەر بەرخ و کارێك کـە لـە رانەمـەڕ دائـەبڕێت، ئـەوە پێـی دەڵـێن نـەبان

بووە. یانی دابڕاوە لە دایکی، دابڕوە لەو سۆزەی لەگەڵ دایکیا هەیەتی، لەگەڵ مەڕەکەیا هەیەتی، ئێمەش نابێت نەبان° بین، دابڕێین لەوەی کە زۆر زۆر گرنگە ئەویش ئازادی و خوێندنی هاوچەرخ کە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەرمان.

خوێنەدکارانی ئازیز! خۆتان دەزانن ئازادی لێکدانەوەی جیاواز جیاواز هەڵئەگرێ و لێکدانەوەی جیاواز جیاوازی بۆ کراوە. هەر ئایدیۆلۆژییەك لە ئایدیۆلۆژیەکان، هەر فەلسەفەیەك لە فەلسەفەکان، هەر مەزهەبێك لە مەزهەبەکانی ئێستا، هەر چینێك، نەتەوەیەك، دەسەڵاتدارێك لە دەسەڵاتدارەکانی ئێستا لە جیهانبینی جیاوازەوە سەیری ئازادی دەکەن، ئازادی هەڵئەسەنگێنن و، ئاڕاستەکانی ئازادی لەناو خەڵکا کارپێدەکەن. ئەمەش خۆی لە خۆیا دەوڵەمەندکردنی ئازادییە، یانی ئازادی کە خۆی ئازاد بێت ناکرێ ئازادی زەوت بکات، ناکرێ ئازاد نەبێ لە ئازادی پێبەخشینی ئازادیخوازاندا، هەردەبێ ئازادی؛ ئازادی بدا، هەر دەبێ ئازادی؛ ئازادیەکان بوروژێنی، هەر دەبێ ئازادی؛ ئازادیەکانی بکات بە ئەو چەپکە گوڵەی کە بۆ هەموو ئینجانەیەك پێویستە، بۆ ئەو گوڵستانەی کە بۆ هەموو باخچەیەك پێویستە و، بۆ ئەو دەنگانەی کە بۆ هەموو ئەزمونێك دەبێ دروست بکرێت.

دیارە ئازادیش وەکو هەموو چارەیەکی ژیان، وەکو هەموو دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی، پەیوەندی بە بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە دەسەڵاتە جیاوازەکانەوە هەیە. پەویەندی بەوەوە هەیە لە قۆناغەکانی ژیان دا، لە گۆڕان و لە گۆڕانکاریەکانی ژیاندا، چ بەرژەوەندیەك، چ چینێك، چ فەلسەفەیەك چ دیاردەیەك لە دیاردەکانی ژیان زاڵ دەبێت بۆ ئەو دیاردەیە بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئازادی و ئازادییە جیاوازەکاندا دەکرێ. من پێم وایە هەموو ئەو ئازادییانەی کە ڕێز بۆ ئازادی بەرامبەری دانێ و توانیبێتی بازنەکانی ئازادی پێکەوە ببەستێ، هەموو ئەو ئەزمونانەی لە ژیانا کە بە ڕاستی لە بنج و بناوانی ئازادی گەیشتوون، لە ئازادی تاك، لە ئازادی کۆمەڵ، لە ئازادی حوکمڕانی هەموو ئەو فەلسەفانەی ئازادی لەسەر ئەم بنچینە و چەمکە زانستییە تێدەگەن، کاری پێدەکەن، ئەو ئەزموونانە لە ئەزموونە سەرکەوتوەکانی ژیانن.

---

° نەبان : دابڕانی بەرخ و کار لە ڕانەمەڕ و لە دایك.

هــەر ئــەو ئــەزمون و فەلســەفە و رەوت و رەوشــانەی ژیــانیش کــە ئــازادی لــە روانگەیەکی تەسکەوە، لە ئایدیۆلۆژیـەتێکی تایبەتیـەوە، لـە فەلسـەفەیەکی تـاک رەهەنـدەوە، لـە دەسـەڵاتی تـاک دەسـەڵاتیەوە، دەبیـنین، ئـەو ئەزمونانـە وردە وردە خۆیان دەبن بە مایـەی لەبارچـواندنی ئـازادی و سـەرکوتکردنی ئـازادی و سەرکوێرکردنی ئازادیخوازان، بۆیـە شـەتەکدانی ئـازادی بـە ئایدیۆلۆژیـەتێك، بـە تاقی تەنیا، شەتەکدانی ئازادی بەدەسەڵاتێك، بەتاقی تەنیا، شـەتەکدانی ئـازادی بە فەلسەفەیەك، بە تـاقیی تـەنیا، شـەتەکدانی مەزهـەبێك بـە ئاینێـك، بـە تـاقی تەنیا، هەڵەیەکی گەورەیە، هەڵەیەکی ئەوەندە گەورەیە کە نەك ناتوانێت ئـازادی پـێش بخـات و ئـازادی لـەناو کۆمەڵـدا کاریلێـك پێبکـات، بگـرە بـە پێچـەوانەوە، ئازادی هەڵدەدێرێ و رەنگە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بۆ ماوەی دەیان و بگـرە بـۆ سەدان ساڵ، ملیونەها مرۆڤ بەهۆی ئەوەوە کە ئـازادی شـەتەکی ئایـدیۆلۆژیتێك، جیهانبینیـەك، روانگەیـەك، فەلسـەفەیەك، بـدرێت، بێبـەش دەبـن لـە ئـازادی و ئاسودەیی. رەنگـە بـۆ سـەدان سـاڵیش لـە مێـژوودا ئـازادی سـەرکوت کرابێـت و هــەزاران کــەس بــووبن بــەقوربانی ئــەو جــۆرە تــاك رەهەندانــە لــە ژیانــدا، بەپێچەوانەشەوە، هەموو ئەو دەوڵەت و ئەزمون و هێزانەی ئازادیـان بـە فراوانـی بینیـوە، بـە هەمەلایەنـە بینیـووە، و توانیویانـە ئـازادی خۆیـان لـەوێ کۆتـایی پێبێنن، کە ئازادی خەڵکی تر دەستپێدەکات، ئـەو جـۆرە ئازادییـە، ئـەو جـۆرە ئەزمونانە لە ژیاندا تەمەنیان درێژبووە، خەڵك لێیان رازی بووە. ئێستا مێژوو بـە شانازییەوە باسیان بکات. لە پێش زایین و پاش زایین، پێش شۆڕشی بورجـوازی دوای شۆڕشــی بورجــوازی، پــێش شۆڕشــی سۆسیالیســتی و دوای شۆڕشــی سۆسیالیسـت، لـە سـەدەی هەڤدەهـەم، لـە سـەدەی هەژدەهـەم، لـە سـەدەی نۆزدەهەم، لە سـەدەی بیسـتەم و، وا بـۆ کۆتـایی سـەدەی بیسـتەم و هـەزارەی سـێیەم دەڕۆیـن، جۆرەهـا زانسـت و دەسـەڵات و جۆرەهـا قەڵـەم رەو لـە ژیـان قسـەیان لـە ئـازادی و قسـەیان لـە شـورا و کـردن و قسـەیان لـە دیموکراسـیەت کردووە، بەڵام ژیان تەزکیەی چەندیانی کرد؟ چەند لـەو دەسـەڵاتانە، چـەند لـەو ئایدیۆلۆژیەتانە، چەند لەو مەزهەبانە، چەند لەو فەلسەفانە، چـەند لـەو حزبانـە، چەند لەو قەڵەمڕەوانە، چەند لەو ئیمپراتۆرانە، چـەند لـەو خەلیفانـە، چـەند لـەو سوڵتانانە، چەند لەو سەرەك کۆمارانـە، توانیوبانـە راسـتگۆ بـن لەگـەڵ ئـازادی؟

بەردەوام بن لە ئازادی؟ بەردەوام بە ئازادی قایل بن بۆ مرۆڤ بۆ چین، بۆ حیزب، بۆ گروپ، بۆ کۆمەڵ، بۆ دەسەڵاتە مەدەنیەکان، بۆ شارستانیەتەکان، بۆ هەموو ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە راستی بەبێ ئەو شتانە ناژین؟ بۆ ئازادیەکان بۆ هەموو ئەو شتانەی هەقی مرۆڤەکانە هەر لایەك بەکردەوە راستگۆبوبێ لەگەڵ ئازادیدا توانی راستگۆ بێت مێژوو بە شانازەوە باسی دەکات، کێش نەیتوانی راستگۆ بێت لەگەڵ حەقیەقتی مرۆڤدا، لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا، لەگەڵ خولیا و خواستەکانی مرۆڤدا، ئەو خەڵکانە خۆیان لەژێر هەر عەبایەك شاردبێتەوە، خۆیان لەژێر هەر پەردەیەك شاردبێتەوە، خۆیان بە هەر چەمکێك، یان بە هەر ئایدیۆلۆژیەتێك و بە هەر باوەڕێك گرێدابێت، ئەو خەڵکانە نەیانتوانیووە هەتا سەر مێژوو چەواشە بکەن و نەشیانتوانیووە قۆناغەکانی مێژوو بە ئارەزووی خۆیان ئاڕاستە بکەن و هەڵبگێڕن و هەڵبدێرن و، لە کۆتاییدا، لە دوا سەرەنجامدا سەدان ساڵیش حوکمڕان بوبن، لەسەر تەخت هێنراونەتە خوارەوە، و خەڵکی ئازادیخوازی راستەقینە توانیویەتی بێتە سەرکار، و ئازادی بوو بە خولیا و بوو بە خەم و بوو بە خەفەتی خەڵك و تێکۆشانی خەڵك و سیستەمی خەڵك و ئەلتەرناتیڤەکانی سیستەمە دژە ئازادییەکانی خەڵکیش.

گرنگترین شت لە ئازادییا دەسەڵات نییە، گرنگترین شت لە ئازادییا مەسەلەی سیاسی نییە، گرنگترین شت لە ئازادییا فەلسەفە نییە، ئەو لێکدانەوانە لێکدانەوەی دەسەڵاتدارەکانن، لێکدانەوەی لایەنە تاك رەهەندەکانن، لێکدانەوەی دوگمەکانن، ئەوەی کە بیری بەستەڵەکیان هەیە پێیان وایە ئازادی بەستراوە بە دەسەڵاتەوە، ئازادی بەستراوە بە حیزبەوە، یان ئازادی بەستراوە بە یەك ئایدیۆلۆژیەت و، یەك فەلسەفە و، یەك رەوت و یەك رەوشی ژیانەوە، ئازادی ئەوەندەی پەیوەندی بە ئازادکردنی عەقڵی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بە سیستەم و دەسەڵاتەوە نیە. کە ئەڵێی ئازادی، خۆ ناتوانی بڵێی ئەم سیستەمە سیستەمێکی ئازادە، ناتوانی بڵێی ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی ئازادە، ناشتوانی بڵێی ئەم حیزبە حیزبێکی ئازادە. ئەتوانی بڵێیت ئەم حیزبە حیزبێکی دیموکراسیە، ئەتوانی بڵێیت ئەمە سیستەمێکی دیموکراسیە، ئەتوانی بڵێیت ئەوە دەسەڵاتدارێکی دیموکراسی، دیکتاتۆری، پرولیتاریی، ئیمپراتۆریە یان ئیسلامیە یان دژی ئیسلامیە، یان دەسەڵاتێکی عیلمانیە، هەموو ئەو قسانە

ئـەتوانی بکـەیت، بـەڵام نـاتوانی بڵێیـت ئەمـە دەسـەڵاتێکی ئازادییـە. ئێـوە لـە دەستوری هیچ وڵاتێکدا بسستوتانە بڵـێن ئەمـە دەسـتوری ئازادییـە، دەسـەڵاتی ئازادییـە، یـان سیسـتەمی ئازادییـە. نـەخێر. فەلسـەفەی ئـازادی هەیـە، بـەڵام فەلسەفەی حوکمی ئازادی وەکو دەسـتور، وەکـو یاسـا، ئـەوە مەسـەلەیەکە بـە راسـتی ئـەبێ وردبینـەوە، چـونکە ئـازادی لـە بنەچـە، یـان لـە سەرچـاوەدا، لـە بنچینەی لێکدانەوە فەلسەفیەکاندا، ئازادی پەیوەندی بە خودی مرۆڤـەوە هەیـە. بە ئەقڵەوە هەیە، ئەقڵی مرۆڤ ئازادە، یان ئازاد نییە.

لێرەوەیە ئـەبێ مـرۆڤ مەحەکـەکانی ئـازادی بدۆزێتـەوە، لێـرەوە ئـەبێ مـرۆڤ پێوانەکانی ئازادی بوون و نەبوون بدۆزێتەوە. رەنگە مرۆڤ خۆی دەستەمۆ بکـات بەوەی بڵێ لە حیزبێکام لێوان لێو ئازادییە، چ پێویسـت ناکـات ئـیتر بـەوەی مـن ئـازاد بم، یـاوەکو جگـە لـەناو حیـزب، گوێنەداتـە ئـازادی خـەڵکی تـر. بڵێـی دەسەڵاتەکەم ئازادیخوازە و پێویست ناکـات ئـیتر مـن ئـازاد بم، یـان مەزهـەب و ئایدیۆلۆژیەت و عەقیدەم هەیە و خەبات دەکـات بـۆ ئیسـنانیەت، ئـیتر پێویسـت ناکـات ئـازادبم ئەمـە هەڵەیـە، هەڵەیـەکی قورسیشـە، هەڵەیـە بەدەسـتی خـۆت داگیرکەر ئەهێنی بۆ ناو مێشکی خۆت، بـە دەسـتی خـۆت مۆتەکەیـەك ئەخەیتـە مێشکی خۆت، بەدەستی خـۆت هەیمەنـەتێك ئەسـەپێنێتە سـەر مێشـکی خـۆت، ناهێڵێت ئەعقڵت پێش بکەوێ، نایەڵێت ئەقڵێکی ئەقڵانی بێت.

ئەمە ترسناکە، ترسناکیەکی گەورەشە، ترسناکیەکی گەورەیـە بـۆ تواناکـانی ئەقڵی مرۆڤ، بـۆ تواناکـانی داهێنـانی مـرۆڤ، بـۆ تواناکـانی خزمـەتکردنی مـرۆڤ و مرۆڤایەتی، کە تۆ بتوانیت لە دەرەوەی دەسەڵات بڵێیت دەسەڵاتێکی تر هـەبێ، کە دەسەڵاتی مرۆڤە، لە دەرەوەی هەیمەنەتی دەسەڵات نـەتوانی بڵێـی هـەزاران ئەقڵی تر هەیە دەسەڵات تۆ نەتدۆزیوەتەوە، نەتوانی بڵێـی دەسـەڵات تـۆ بـوارت نەداوە، دەسەڵات تۆ دەرفەتت نەداوە، دەسەڵات تۆ دیموکراسی راستەقینەت بۆ نەڕەخساندووە، کە تۆ بەدەستی خۆت، بە باوەڕی خۆت، بە خواهیشـتی خـۆت، ئازادی خۆتت دایە بەرامبەرەکەت، بە دەسەڵاتەکەت، بە حیزبەکەت، بەوانەی کە پشتگیرت دەکەن بتەوێ و نەتەوێ تـۆ خـۆت بەدەسـتی خـۆت داگیرکـەر بەسـەر خۆتدا دەسەپێنی. بتەوێ و نەتەوێ تۆ خۆت دەسپێرێتە ئاینـدەی یـەکێکی تـر، کە ئەو یەکە بەپێی بەرژەوەندی خۆی تۆ هەڵئەسوڕێنێ.

ترسناکە، ترسناکە مرۆڤ تێنەگات ئازادی مافی خۆیەتی، هی کەسی تـر نییـە منەتی بەسەرەوە بکات، هی کەس نییە، کەس بۆی نییە بێت تەراتێن بەو مافەی مرۆڤـەوە بکـات کـە ئایا چـەند ئـازادە یـا چـەند ئـازاد نیـە، هـیچ پاسـاوێك لـە پاساوەکانی ژیان، هیچ پیرۆزییەك، هیچ ئایدۆلۆژیەتێك و فەلسەفەیەك بـۆی نییـە بێت یاری بە چارەرنووسی ئازادی مرۆڤەوە بکات.

لێرەوە دەبێ ئێمە لە نـاخی خۆمانـدا راپـەڕین بەرامبـەر بـەو زەوتکردنانـەی هەتا ئێستا ئازادییـەکانی ئێمـەیان زەوتکـردووە، بـۆ وردکردنـەوەی تـا زۆر شـت هەیە بەبێ ئەوەی بـە خۆمـان بـزانین، مافـەکانی ئێمـە ئـەخۆن، بـەناوی ئـەوەی مافمان بۆ بـەدی ئـەهێنن. هەڵەیـەکی گەورەیـە کـە مـرۆڤ، مرۆڤـی راسـتەقینەیە بواری هەبێ گوزارشـتی لـێبکات، بـواری هـەبێ ئیشـی بـۆ بکـات، بـواری هـەبێ هەوڵی بۆ بدات، بواری هەبێ ئەوەی لە ناخیدایـە دەریببڕێـت، نـاکرێ لەبەرامبـەر سەرۆکا، لەبەرامبەر سـکرتێرێکا، لەبەرامبـەر وەزیرێکـا، لەبەرامبـەر ئوسـتازێکا، دکتورێکــا، پروفیســورێکا، بەرپرســێکا، ئاسایشــێکا، پۆلیســێکا، حیزبێکــا، رێکخراوێکا، یان هەر کەسێکی تر، هەر توانا و دەسەڵاتێکی هەیە، ناکرێ نـەوێرم من قسەکانی خـۆم بکـەم، نـاکرێ مـن نـەوێرم ئـەوەی لـە مێشـکمایە دەریبـبڕم، هەڵەبم یان راست.

کەوا بوو ئـازادی وەکـو پێویسـتە نـەدراوە بـە خـەڵك، کـەوابوو پێویسـتیمان بەوەیە خەبات بکـەین بـۆ ئـەوەی ئازادییـە زەوتکراوەکانمـان بـەدیبێنین، ئەمـە مەسـەلەیەکی زۆر زۆر گرنگـە کـە تێبگـەین ئـازادی پـێش ئـەوەی پەیوەنـدی بـە دەسەڵاتەوە هەبێ، پێش ئەوەی پەیوەندی بەو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیانـەوە هەبێ کە ئەدرێ، وەکو دەسکەوتی مادی، پەیوەنـدی بـە رزگـارکردنی زانیـاری و بە رزگارکردنی ئەقڵ و بە رزگارکردنی تواناکـانی ئـەقڵی مرۆڤـەوە، لـە دەربڕینـی هـەموو پێویسـتیەکانی خۆیـا پـێش ئـەوەی پەیوەنـدی بەوانـەوە هـەبێ، رادەی ئازادی بوون و ئازادی نەبوونی مرۆڤەکە بە فەلسەفەی ئازادی، لە راسـتیا لەسـەر ئەم حەقیقەتە بینـاکراوە کـە مـرۆڤ وەکـو مـافێکی سروشـت و وەکـو راسـتیەکی کۆمەڵایەتی دانراو، ئازادە. لەوێوە تێکەڵاو بە سیستەمەکان، لەوێوە تێکـەڵاو بـە دەسەڵاتەکان، لەوێوە تێکەڵاو بە حیزبەکان ئەبێ. ئیتر ئەمێنێتەوە سـەر حیـزب خـۆی و سیاسـەتەکەی، لـەم حەقیقـەتی راسـتەقینەیەی ئـازادی، ئـازادی مـرۆڤ

تێدەگات یا نەء؟ ئەگەر بشمانەوێ تۆزێك وردتر بگەڕێینەوە بۆ بەرەبەیانی مێژوو، ئەڵێین پێش ئەوەی هیچ سیستەمێك لە دنیایا هەبێ، پێش ئەوەی هیچ مەزهەبێك، هیچ ئایینێك، هیچ فەلسەفەیەك، هیچ بیروباوەڕ و نەریتێك، هیچ کەلەپورێك هیچ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی لە ژیانیا هەبێت، مرۆڤ ئازاد بووە. لە دوای ئەوەی دەسەڵاتەکان پەیدا بوون، لەدوای ئەوەی ئاین و مەزهەبەکان پەیدابوون، لەدوای ئەوەی کە لەپور و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە ئابورییەکان پەیدا بوون، هەریەکێك لەمانە هاتوون قەڵایەکیان بۆ چۆنیەتی دەستەمۆکردن و چاودێریکردنی مرۆڤ بۆ خۆیان دروست کردووە، بەشێك لە ئازادیەکانی سەرەتای ئازادبوونی مرۆڤیان زەوت کردووە. ئیتر وردە وردە یاساوڵ و سەربازگەی داگیرکەرانی ئازادی لە مێشکی مرۆڤا زۆر فراوان بووە. رووبەری ئازادیەکانی مرۆڤ بەرە بەرە لەگەڵ پەیدابوونی هەموو فەلسەفە و ئاین و مەزهەبەکان، روبەری ئازادی مرۆڤ تەسك کراوەتەوە.

لە دوای شۆڕشی پیشەسازی گەورە و، لە دوای خەباتی دیموکراسی و شۆڕشی دیموکراسی لە دنیادا، وردە وردە هەوڵدراوە، سەرلەنوێ بەجۆرێکی تر ئازادیە زەوت کراوەکانی مرۆڤ، کە مافی سروشتی مرۆڤ بووە لەگەڵ مرۆڤ خولقاوە، وردە وردە ئەو ئازادیانە وەرگیراوەتەوە. ئێستا رووبەری ئازادیەکان لە هەندێ وڵات زۆر بووە، لە هەندێ وڵاتی ترا زۆر کەمە و ئەتوانم بڵێم لە هەندێ کۆمەڵا هەر زۆر زۆر کەم ئازادی لەبەرچاوئەگیرێ و ئازادی زۆر کەم پیادە دەکرێ؛ ئەگەر پێش شۆڕشی دیموکراسی زۆرترین ئازادیەکان زەوت کرابێت، ئەگەر دوای شۆڕشی دیموکراسی بەشێك لە ئازادیەکان هاتبێتەدی، ئەوا تا ئێستاش، کە بەرەو هەزارەی سێیەم دەچین، هێشتا رێگایەکی دوورودرێژی بەدیهێنانی ئازادییە بەدینەهاتووەکانمان لەبەردەمدا ماوە، جارێکی تر، هێشتا رێبازێکی تری درێژمان لەبەردەمدا ماوە، و دەبێ تێبکۆشین،

ئێستاش سەرەتای ئاوەڵاکردنی دەروازەی هەزارەی سێیەمە، خەریکە پێئەنێتە چەمکی نوێتر لە تێگەیشتن لە ئازادی و لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادی سەردەم. چەمکی نوێتری دیموکراسی لە خولقاندایە. دیموکراسی بە چەمکە کلاسیکیەکەشی خەریکە باوی نامێنێت لە دنیادا؛ نە دەسەڵاتی دیموکراسی، نە چەمکی دیموکراسی، نە بۆچوونی دیموکراسی بە پێوەرە کۆنەکان، خەریکە

باویان نامێنێ لە دنیادا و لە دنیایەکی ئێستا دا کە بەرەوفراوانترین ئازادی ئەڕوات، دنیایەك کە ئێستا بەرەو ئازادییەکی تەواوی لیبرالی لە جیهاندا ئەڕوات، ئێمە هێشتا بەداخەوە خەریکی تاقیکردنەوەی ئەزمونێکی تازەی دیموکراسی خۆمانین کە رەنگە بە دەیان ساڵیکە، ئەم ئەزمونە سەربخەین، هێشتا نەگەینە ئەو چەمکە ئازادانەی کە بە تەنگ ئازدی و بەپێی پێویستیەکانی ئازادیەوە، ئازادی راستەقینەکانی مرۆڤە وە لە وڵاتەکانی تردا ئەچن، تەنانەت ئێستا مناقەشەی زۆر گەرم هەیە لەسەر ئەوەی دەسەڵات هەیبەتی جارانی نەمێنێ لە دنیادا، زۆرترین بوار بدرێت بە ئیداراتی خۆبەڕێوەبردنی ئازادانەی خەڵك، یانی دەسەڵاتی مەدەنی خەریکە هەڵدەکشێ بۆ سەروتری ئازادی لە ئەوروپادا و، مناقشاتی بیرمەندەکانی دنیا، ئەندێشمەندەکانی دنیا، لەسەرئەوەیە کە ئایا ئەو ئازادییەی هەتا ئێستا مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەشی مرۆڤی ئێستا دەکا، بەشی پێشکەوتنی، بەشی خولیا و خەم و خەفەت و هەموو ئارەزووەکانی مرۆڤی ئێستا دەکا؟ زۆر لە وەڵامەکان ئەوەیە نەخێر بەش ناکا. دەبێ ئازادی پەرەی پێ بدرێ، دەبێ ئازادی پێش بخرێ. ئێمە ناتوانین ئێستا بڵێین وا دەبین، بەڵام دەتوانین بڵێین ئەم تاقیکردنەوەی دەستمان داوەتێ بێگومان بەرەو دنیایەکی زۆر فراوانتر و باشتری ئازادیمان دەبات.

لەمەوە هەڵدەگوێزمەوە بۆ بەشی دووەمی کۆڕەکە کە بەشی خوێندنی هاوچەرخە، مەبەسشت لە خوێندنی هاوچەرخ چییە؟ خۆتان دەزانن لە دێر زەمانەوە، خوێندن هەیە، خوێندنی سەرەتایی دواکەوتوو هەیە و، خوێندنێکیش هەیە، کە لە دوای پەیدابوونی زانست و زانیاری و پیشەسازیەوە پەیدابووە و، وردە وردە تێکەڵاو بە زانکۆ، پەیمانگاکان، تاقیگای زانستی و زانیاری عەقڵی گەورە، داهێنانی گەورە، کانگای گەورەی داهێنان بووە و، وردە وردە خوێندن هەتا هاتووە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکان سیمایەکی هاوچەرخی بەخۆیەوە بینیووە، گەوهەرێکی هاوچەرخانەی بەخۆیەوە نواندووە، پێم وایە لە سەدەی (١٤) یەم (١٥) یەم بەداوە، هەموو ئەقڵە کۆنەکان پاشەکشەیان کردووە، بە پێچەوانەیشەوە، هەموو خوێندنە هاوچەرخەکانی دنیا، لە دنیادا، لە دواگەوتووترین بۆ پێشکەوتووترین وڵات زاڵ بووە.

ئێستا هیچ ولاتێك له ولاتەکانی دنیا خوێندنی دواکەوتوو، رووبەری فراوان و کاریگەر و بالادەست و فراوانی نییە؛ ناڵێم نەماوە، له ئەفریقا ماوە، له رۆژهەلات ماوە، له کیشوەری هندی ماوە، ئەوانە ماون، بەلام ئەگەر بەراوردی بکەیت بە خوێندنگا و بە زانکۆ و بە پەیمانگا و بە دراساتی بەرز، ئەوا سەیر دەکەیت خوێندنە دواکەوتووەکانی حوجرە و ئەم لاو ئەولا، هەر هەمووی پاشەکشە دەکا و ئەوان پێش دەکەون، ئێستا باوەڕ ناکەم لە سەرانسەری کوردستانی ئێمەدا، هەزار فەقێ هەبێ، بەلام رەنگە لە سەرانسەری کوردستاندا لایەنی کەم (١٥٠) هەزار خوێندکار له خوێندنە هاوچەرخەکاندا هەبێ، جیاوازیەکی زۆر زۆر گەورەیە (١٠٠) ساڵ لەمەوبەر، رەنگە له کوردستاندا هەر لە کوردستانی عێراقدا (٥٠٠٠) فەقێ هەبووبێ، بەلام (٥٠) خوێندکاری زانستی نەبووبێ، چوارمان چووە بۆ ئەستەنبوڵ و سیانمان چووە بۆ بەغدا و دوانمان چووە بۆ ئەنقەرە ئەمانە خەڵکی دەگمەن بون. ئەگەر ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر بپشکنی، ئەوانەی لە خوێندنی هاوچەرخدا بوون، وەکو توحفیات وابوون لە سەردەمی خۆیاندا، بەلام بەپێچەوانەوە خوێندنەکانی تر زاڵ و بالادەست بوون، دیارە ناتوانین بایەخی ئەو خوێندنە کۆنانەش کەم بکەینەوە، لە پەروەردەکردن، یان لە دروستکردنی داهێنەر، له شاعیر، له نوسەر، له زۆر بواری تر، ئەوانەش لە زەمانی خۆیاندا کاریگەریان هەبووە و کانگای پێگەیاندنێکی بەرچاویش بوون، بەلام کە بەراوردیان دەکەین به خوێندنی هاوچەرخ، چونکە نەیانتوانیوە وەلامی پرسیارە مەنتیقیەکانی زەمانە و گۆڕانکاریەکان بدەنەوە، ئەوان بەجێمان و خوێندنی هاوچەرخ پێشکەوت، خوێندنی هاوچەرخ قۆناغەکانی جۆراوجۆری بریوە، قۆناغی سەرەتایی کە لە سەدەی (١٣ و ١٤) هەمەوە، ئینجا بۆ قۆناغی سەرکەوتویی شۆڕشی پیشەسازی، پاشان سەرکەوتنی سەرمایەداری لەسەر ئاستی دنیا، ئینجا بۆ ئاستێك کە زانست و زانیاری بەتەواوەتی لە هەموو خورافیات، رزگاربوو، بە لێکدانەوەی ژیربێژی و ئەقلانی و مادی تێگەیەنرا و چەسپاوە، بنکەیەکی تەواو لە زانست و گەردونناسی، ئەندازیاری، دەریاوانی، فیزیا، کیمیا و بیرکاری، هەموو ئەمانە ئیتر لەسەر بنکەی زانست چەسپین، لەوەبەدواوە خوێندنی هاوچەرخ بووە بە راستیەك کە بەراستی خەڵکی هەرە

دواکەوتوی کۆنەپەرست نەبێ، ناتوانێ نکولی لەسەر بەدیهێنانی زانست و زانیاری بکا، بەڵام لە کۆنا وا نەبوو.

لە کۆنا هەزاران ئەندێشـمەند و سـەدان زانـا و سـەدان فەیلەسـوف کـوژراون، گـیراون، دەربـەدەرکراون، راونـراون، سـوتێنراون، لـە مەنجـەنیقا سـوتێنراون، کەسێك وتبێتی هەموو ئەستێرەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، کوژراوە، پێم وابێ پاریش لێرە باسم کرد، ئەوەی کە پێـی دەوترێـت دادگاکـانی پشـکنین، لـە سەدەکانی ناوەڕاسـتدا، دادگـای پشـکنینی ئـەقڵ بـووە، بـۆ زانیاریتـان دادگـای پشکنینی ماڵ نەبووە، کە ئەڵێم ئازادی ئەقڵ، لێرەوەیە قسە دەکەم. کـە کاتێـك لە ئـەوروپای پاپاکانـدا، لـە ئـەوروپای دەسـەڵاتی پرۆتسـتاند و کاسـۆلیکدا، کـە دیموکرات و ئازادیخواز و عیلمانیەکان، بەرژەوەندی دەسـەڵاتی ئـایینی ئـەوانیان خستە مەترسیەوە، ئەوان دادگایەکیان دانا بەناوی دادگاکانی پشکنین.

دادگای پشکنین مـاڵان نەگـەڕاوون بـۆ بڵاوکـراوە، دادگـای پشـکنین ئـەقڵ و ئاستی مرۆڤیان دەپشکنی هەتا بزانن ئەقڵی تا چەند رزگاری بـووە لـە هـەژمونی ئایینی و، تا چەند بڕوای بە زانست و زانیاری هەیە؛ باوەڕی بە زانست و زانیـاری هەبوایە، دەیانکوشت. سەرژمێرێك کە تۆمار کراوە لەسەر ئەوەی کە خەڵك چەند بـاوەڕی بـە ئـازادی ئـەقڵی خـۆی بـووە، (٥) ملیـون مـرۆڤ لەسـەر ئـەو ئازادییـە کوژراون، (٥) ملیون مرۆڤ لەسەر ئازادی ئەقڵ کوژراوە.

ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە لەو سەردەمەوە کە (٥) ملیون مرۆڤ لەسەر ئـازادی ئەقڵ دەکوژرێ، تا ئەوەی کە ئێستا سـەدان ملیـۆن مـرۆڤ ئازادانـە لـە خوێنـدنی هاوچـەرخدا دەخـوێنین، ئەمـە گۆڕانکاریـەکی یـەکجار گەورەیـە، ئـەوەی ئەمـە نـەبینێ وە بیـەوێ مێـژوو بـەرەو پێچـەوانەی ئەمـە ئاڕاسـتە بکـا، بێگومـان بەپێچەوانەی شەپۆلی ئازادانەی دەریا مەلە دەکا و ناشکرێ دەریـا رەوتـی خـۆی بۆ ئەقڵی داخراو بگۆڕێ، دەریا رەوتی خۆی نـاگۆڕێ، خـوڕەم بـەرەو خـوارەوە دەڕوا.

دەریاکانیش ئازاد دەڕۆن و ئازادانـەش شـەپۆل دەدەن. خوێنـدنی هاوچـەرخ ئیشی خۆی دەکات و سەرکەوتنی گەورە بەدەست دێنێ. لـە سـەدەی بیسـتەمدا خوێندنی هاوچـەرخ ئـیتر بەتـەواوەتی چەسـپی؛ لـە دەیـەکانی کۆتـایی سـەدەی بیسـتەمدا، خوێنـدنی هاوچـەرخ گەیشـتە لوتکـەی زانسـت. مـانگی دەسـتکرد و

هەموو ئەو شتانەی کە هەیە خۆتان دەزانن هـەمووی بەرهـەم و زادەی خوێنـدنی هاوچەرخن، دوایین دوو شتی گرنگ لە مێژوودا کە ساڵی رابـردوو دۆزرایـەوە، دوو داهێنانی زۆر گـەورە بـوو، کـە ئەگـەر (١٠) سـاڵ لەمەوبـەر بوایـە، هـیچ کەسـێك ئەوەی قبوڵ نـەکردووە، هـیچ کەسـێك، بەتایبـەتی خـەڵکانی مەزهـەبی ئـەوەیان قبوڵ نەکردوە، یەکێکی ئەوەیە زانایەکی میسر (محەمەد زویل) (١/١٠٠٠٠٠٠) یەك لەسـەر ملیـۆنێکی بەشـی سـانیەی دۆزیـەوە؛ دووەمیشـی ئـەوەبوو لـە کەنـەدا، زانایەك لە یەکێك لە زانکۆکانی کەنەدا توانی شانەیەکی نـوێی گیانلەبـەر دروسـت بکات بەبێ ئەوەی لە سروشتدا لەو شانەیە هەبێ.

ئەمە کودەتایەکی گەورە بوو لەسەر زانست، بە راستی کودەتایـەکی یـەکجار گەورەبوو، ئێستاش بۆتە مایـەی سەرسـوڕمانی زۆرێـك لـەو ناوەندانـەی کـە ئـەو جۆرە داهێنانە ناتوانن (١٠٠٠٠٠٠ / ١) ی بەشی سانیەیەك ئەزانن یانی چی؟ یـانی یەك بەش لە یەك ملیۆن سانیە ئەوە ماوە خاڵی عەدەم بدۆزێتەوە. خاڵی عـەدەم و چۆنیەتی دروست بوونی شانە بدۆزێتـەوە، ئەمـە مەسـەلەیەکی گرنگـە؛ دووەم دروستوبنی شانەی زیندوو، ئەوەی کە ئەوترا هەرچی زانا هەیـە دانیشـن بـا بچـن شانەیەکی زیندوو دروست بکەن بەمـەرجێ لـە سروشـتدا نـەبێ، ئـەوەتا دروسـت کـراوە، بێگومـان ئەمـە هـیچ پەیوەنـدی بـە کـوفر و ئیلحـادەوە نییـە، ئەمانـە لێکدانەوەی لابەلای بـۆ نـەکراوە. پـەیوەنـدی بـەوەوە هەیـە خوێنـدنی هاوچـەرخ وردە وردە پێش دەکەوێ و دەگاتە ئەوەی بنج و بناوانی نەزانراوەکانی ژیـان لـە سروشت و گەردووندا بدۆزێتەوە؛ ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگـە، وەڵامـی دەیـان پرسیاری چارەنووسـازە کـە تائێسـتا وەڵام نەدراوەتـەوە. بەداخـەوە رەنگـە لـە تەمەنی ئەم نەوەیەدا دوا پرسیار وەڵام نەدرێتەوە، بەڵام زۆر گرنگـە لـە تەمـەنی ئێمەشدا ئەو پرسیارانەی بـاوك و بـاپیری ئێمـە گـیرۆدەی بـوون بەدەسـتیانەوە، هەندێکیان وەڵام نەدراوەتەوە، ئێستا بەشـێکیان سـاغبونەوە. ئێسـتا مناقشـەی گەورە لە جیهاندا لەنێوان حیزبەکانـدا لەسـەرئەوە نییـە کامیـان ئایدیۆلۆجیـەتی یان فەلسەفەکەی راسترە لەوی تر نەخێر.

ئێستا کێشە و گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە کە کامیان ئـەتوانن، زۆرتـرین تواناکـان بـۆ دۆزینــەوەی زۆرتــرین نهێنیــە نــەدۆزراوەکانی ژیــان دابــین بکــەن، ئەمــە مەسەلەیەکی گرنگە. کتێبی فەیلەسوفێك ١٠٠٠٠٠ ی لـێ چـاپ بکـەیت کـە ٢٠٠٠٠

بتوانی لە ئەوروپا چاپ بکەیت، سەرجەم (٥٠) هەزار دۆلاری تێدەچێ. بەڵام بودجەی تەرخانکراو بۆ ناردنی مانگێکی دەستکرد بۆ (٦) مانگ بۆ یەکێك لە ئەستێرە نەدۆزراوەکان زیاد لە (١٠) ملیار دۆلاری دەوێ. جیاوازیەکی زۆر سەیرە (١٠) ملیار بۆ کتێبخانە سەرف بکەیت باوەڕناکەم تا (١٠) هەزار ساڵی تر مرۆڤ دروست ببێت بتوانێت هەموو بخوێنێتەوە ئەگەر (١٥) ملیار دۆلار کتێب چاپ بکەیت، بەڵام (١٥) ملیار دۆلار سەرف دەکەن بۆئەوەی بچن کە یەك پەڵە لەسەر ئەستێرەیەك بدۆزنەوە و لە تاقیگایەکدا دابنێن بۆئەوەی بزانن ئەمە چۆن پێك هاتووە، ئاوی تیایە، ئۆکسجینی تیایە، کاربۆنی تیایە، دووەم ئۆکسجینی تیایە، هەوای تیایە، تیایا نییە، گیانلەبەری تیایە، بەکتریای تیایە، تیایی نییە؟ (١٥) ملیار دۆلار (٢٠) ملیار دۆلار (١٠٠) ملیار یش ئامادەن سەرف بکن بۆ ئەوەی بتوانن نهێنیەکی نەزانراوی ئەم گەردونە بهێنە سەر ئەزر بۆمان، ئێستا دنیا لەسەر ئەوە ئیش دەکات.

کتێبێك چاپکراوە هی (١٠٠٠) ساڵ لەمەوبەرە، سەرلەنوێ چاپ بکەینەوە وەکو کاری مێژوویی باشە، بەڵام چی لە بابەتەکە ئەگۆڕێ، شتێك لە ڕۆشنبیری و زانیاریەکەمان دەگۆڕێ، ناتونی شتێکی زۆر گرنگ بکا، کودەتایەکی گەورەی زانستی لە دنیادا بکات، هەموو زانستە مرۆڤیەکان بۆ ڕۆشنبیری گشتی ئێمە باشن. بەڵام تەنها زانستە سروشتیەکان ئەتوانن بنج و بناوانی ئەم ژیانە بێننەدەرێ و بیدۆزنەوە و بیدەنە دەست، زانکۆکانی دنیایا لە زانستی مرۆڤی بێت یان لە زانستی سروشتی دەرس بڵێتەوە، پرۆفیسۆر و دکتۆری ئەو مادانە نایەن ئەو دەرسانەی فێری بون، یان فێرکراوون، لە دەرس وتنەوەدا دوپات ناکەنەوە. وەکو تەسجیل، نەخێر بچن تێزی تازە نوسراوی دکتۆرەکانی ئەوروپا و پرۆفیسۆرەکانی ئەندێشمەندەکانی ئەوروپا بخوێننەوە، زۆربەی دکتۆرەکانی وڵاتە پێشکەوتوەکان، لەبەرئەوەی، لە فەزایەکدا پەروەردەکراون تازەترین داهێنراو لەبەردەستیدایە، دوای دەرچوون، هەر زانستە فێرکراوەکەی ناڵێتەوە، نەخێر، خۆشی ئەبێ بە سەرچاوەی داهێنانی تازە بۆ خوێندکارەکان. واتا: کانگای زانست لە ڕۆژئاوادا سەرچاوەکەی لەبننایەت. چونکە پەروەردە و پێگەیاندنیان وایە.

ئەمەیە ئەو فەزایەی کە خوێندنی هاوچەرخ بۆ خەڵکی بەتوانای ئەوێ، بە خوێندنکار و بە مامۆستا و بە دکتۆر و بە پرۆفیسۆرەکان، دابین دەکات، سیستەمی ئێمە، سیستەمێکی هاوچەرخ نییە، کانگاکانی پەروەردەی ئێمە، کانگای هاوچەرخ نییە، کانگای پەروەردەی ئێمە، بەرهەمی هاوچەرخ نییە، بەپێچەوانەوە، ئەگەر لێکیبدەینەوە، کانگاکانمان هێشتا دواکەوتن بەرهەم دێنن، ئەمە لەچاو ئەو پێشکەوتنانەی لە جیهاندا هەیە؛ وەکو بەراورد ئەڵێم ئەگینا زانکۆی سلێمانی بەراوردبکەیت بە دواکەوتنی کۆمەڵەکەی خۆمان، زانکۆی سلێمانی دەزگایەکی یەکجار پێشکەوتووترە لە هەموو بارێکەوە، بەڵام زانکۆ و هەموو تاقیگەکانی زانکۆ و هەموو تواناکانی زانکۆ لەگەڵ داهێنەرەکانی جیهاندا بەراود بکەم، دەڵێم: بەداخێکی زۆرەوە بەجێماوین.

جارێ بەرهەمی زانیاری، لە بەرزترین دەسەڵاتی زانیاری، کە زانکۆی سلێمانیە، لای ئێمە زانیاری و هەموو زانستە سروشتیەکان بەڕاستی هێشتا زۆر زۆر ی ماوە، هەر زۆری ماوە، بەداخێکی زۆریشەوە، ئێستاش دەرچوون لای ئێمە بۆ مووچەیە، کچ خواخوایەتی زوو دەربچێت بەڵکو مووچەیەکی باشی دەست بکەوێت، دوای کە بەخێر شویکرد و کە هاوسەری خۆی دۆزیەوە، لەگەڵ مووچەی هاوسەرەکەی بتوانێت بە دوو مووچە ژیانێکی خۆشتر بباتە سەر؛ پێویستیەکانی خۆی و منالی و ژیانی و گوزەرانی باشتر دابین بکات؛ کوڕیش هەروایە، مووچە مەسەلەی گرنگە، بژێوی ژیان مەسەلەیەکی گرنگە، بژێوی ژیان لەلای ئێمە بەستراوە بە دەسەڵاتەوە، ئەمە ئەزمەیەکی گەورەیە کە تا ئێستا نەمانتوانیوە چارەی بکەین، ڕەنگە نەتوانین (١٠) ساڵی دیکەش چارەسەری بکەین.

یانی یەکێك لێرە گەر نەیاری یەکێتیە، خواخوایئەوەی نەبێ بڵێم ئەوە ئەزمەیەکمان نەتوانیووە چارەسەر بکەین، من ئەمەوێ حەقیقەتێك بڵێم، نامەوێ چێژ بدەم بە نەیاری خۆم، حەقیقەتە ئەیڵێم، دانی پیا ئەنێم و، ئیش ئەکەم بۆئەوەی بیشیگۆڕم. ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیووە دەسەڵاتی خۆمان و ئۆرگانەکانی خۆمان و کانگاکانی بەرهەمی زانستی خۆمان، بەرهەمی زانیاری و فکری خۆمان، بکەین بە کانگای چارەنوسی زانستی خەڵك، چارەنوسی پێشکەوتنی خەڵك، چارەنوسی داهێنانی خەڵك. لە ئەوروپا وا نییە، لە ئەوروپا

کەسێك کە ئەچێ بۆ زانکۆ بۆئەوە ناچێ کە دەرچوو دامەزرێت، دامەزراندن دواین شتە کە مرۆڤ لە زانکۆکانی ئەوروپا بیری لێبکاتەوە، بۆئەوە ئەچن بۆ زانکۆ ببێ بە خاوەن توانایەك ئیتر خۆی ببێ بە سەرچاوەی داهێنان و بەرهەم و زانستی گەورە، ئەگینا خۆ لە ئەوروپا ئیش نەکەیت، بۆ زانیاریتان مووچە هەر هەیە، یانی خوێندکار ناچێ ٢٠ ساڵ بخوێنێ بۆئەوەی مووچە وەربگرێ، چونکە هەر ئیش نەکەیت، تا پۆلی (٣) ی ناوەندی ئیجباریەیە بخوێنیت، دوای ئەوە برۆ بۆ خۆت ئیش مەکە، ئیشیش مەکە مووچەکەت هەر ئەدەنێ، مووچەش مەسەلەی خەمی گەورە نیە لەوێ، دیارە ئەوەی کە ئیش نەکات کەمترین مووچەی ئەدرێتێ، ئەوەی ئیش بکات زۆرترین مووچە وەردەگرێ، بەپێی توانا و لێهاتوویی.

قسەکەم ئەوەیە (حەز دەکەم دیقەت لەم قسەیەم بدەن) ئەویش ئەوەیە خوێندن و سیستەی ژیان لە ئەوروپادا تەنها بۆ ئێدارەی ژیان نییە بە تاقی تەنها، لەوێ زۆر شتی گەورەتر هەیە لە بژێوی گەدە، کە لای ئێمە گەدە مەسەلەی سەرەکی و لەوێ زۆر شتی تر هەیە لە گەدە گرنگتر وەکو مێشك، ئەقڵ و نهێنیەکانی ئەم دنیایە کە جارێ نەدۆزراوەتەوە، ئەوانە مەسەلەی گرنگن لە ئەوروپادا، بۆیە ئەبینین لە ئەوروپادا ساڵانە هەزاران بیریار و فەیلەسوف و رەخنەگر و زانا و فیزیایی و کیمیاوی بۆرپۆرێن ئەکەن کە کێ خەڵاتی نوبل و خەڵاتی گەورەکان و پایەی ئوستازی زانکۆ گەورەکان وەربگرێت، لەلای ئێمەش هەزاران کەس سەرقاڵی ئەوەیە کێ بە زووترین کات (٥) دینار مووچەکەی زیادئەکا، ئەم دوو کولتورە، ئەم دوو سیستەمە، ئەم دووئەقڵیەتە ئەم دوو خوێندنە، زۆر گەورەیە.

ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان، خوێندنی هاوچەرخ بەوە ئەزانین کە ساڵ بە ساڵ باشتربین لە پار، نەك ساڵ بە ساڵ بڵێین؛ خۆزگە بە پار، خۆزگە بە پار یانی ساڵ بە ساڵ زیاتر دوابکەوین، ساڵ بە ساڵ باشتر لە پار واتە: ساڵ بە ساڵ پار تێبپەڕێنین. ساڵی ئاینمدەش پێشوازییەکی باشتری لێ بکەین، خوێندنی هاوچەرخ بەوە تێئەگەین بەڕاستی زانکۆ و پەیمانگاکانمان، ئامادەییەکانمان، تەنانەت سەرەتا و باخچە و ساوایانی ئێمەش، دەبێ بخرێتە چوارچێوەیەکەوە ئەم فەلسەفەیەی خوێندن و ئەم بنەما پەروەردەییە و ئەم جۆرە خوێندن و

پەیوەندییەی نێوان خوێندن و خوێندکار و مامۆستا و ئیدارەی مامۆستاکانی هەرهەمووی وردە وردە بگۆڕێن، لایەنگری قەڵەمباز نیم، لایەنگری تەوەلابون و یاخی بوونیش نیم، چونکە نە بە بایەخی و نە بە قەڵەمباز ئێمە ناتوانین بگەین بە ئەوروپا، لایەنگری بەشێنەیی گەشەکردن، و خەباتکردن و، خەمخواردن و تێکۆشانین بۆئەوەی تاکو ئێستا ئەوەی بەدینەهاتووە، بەدیبێت، بۆ نموونە: ئەم ساڵ زانکۆی سلێمانی، کۆنگرەیەکی زانستی بەست، زۆر باشە لەو کۆنگرەیە کۆمەڵێك راستی بۆ ئەم زانکۆیە دەرکەوت، کە پێشتر نەیئەزانی، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی کۆنفرانسێکی زانستی بەست، کۆمەڵێك دەرئەنجامی باشی لێ گەڵاڵە کرد و توانی بۆ ئیش و کارەکانی ئیشی باشتر بکات، ئەمساڵ ساڵێکی تر (١٠) ساڵی تر، هەموو ساڵێك هەنگاوێك دوان (٥٠ و ١٠) ئەبێ ئیش بکەین.

پێشم وایە خوێندکاران، نابێ لەم کارەدا و لە راپەڕاندنی ئەم ئەرکانەدا، نە کۆمەڵەی خوێندنکاران و نە رێکخراوەکانی تری دیموکراسی خوێندکاران، ئەم ئەرکە فەرامۆش بکەن، کە ئێمە ئەڵێین نوێنەرایەتی خوێندکاران، کە ئەڵێین رێکخراوە خوێندکاریەکان، یەکێك لە خەمە گەورەکانیان ئەوەیە باشترین فەزای خوێندن و پەروەردەبوون، باشترین کانگاکانی بەرهەمی زانیاری لە خوێندنگاکاندا بەرهەم بهێنین، بەڕاستی فشار بخەنە سەر پرۆسەکە بۆئەوەی ئەو پرۆسەیە دەوڵەمەند بکەن و پێش بخەن و بچنە پێشەوە. ئەمە بە ئەرکێکی گرنگ دەزانین. نابێ فەرامۆشی بکەن.

دێمەوە سەر ناونیشانی کۆڕەکەم و کۆتاییش بە قسەکانم دەهێنم، بۆئەوەی تۆزێك بوار بە ئێوە بدەم، ئەویش ئەوەیە ئەم خوێندنی هاوچەرخە چ پەیوەندیەکی بە ئازادییەوە هەیە؟ ئایا ئازادی ئەتوانێ بەشداری بکات لە پەلەکردن، لە زووتر بەدیهێنانی خوێندنی هاوچەرخ، من پێم وایە ئازادی نەبێ، خوێندنی هاوچەرخیش نایەتەدی و لەو کۆمەڵانەی کە ئازادی هەیە، خوێندنی هاوچەرخ هاتۆتە دی، لەو کۆمەڵانەی ئازادی نییە خوێندنی هاوچەرخ بە واتا زانستیەکەی تەواو نەهاتۆتەدی، بۆیە پێم وایە هەتا هەوڵ بدەین، زۆرترین ئەقڵمان ئازاد بکەین، زۆرتر نزیك دەکەوینەوە لە خوێندنی هاوچەرخ هۆشمان هۆشمەندتر دەکەین بۆ داخوازیەکانی خوێندنی هاوچەرخ. بەپێچەوانەشەوە تا

ئـەقڵمان ئـازاد نەکـەین، هۆشمـان بـە تـاریکی ئەمێنێتـەوە و نـاتوانین خـەمی خوێندنی هاوچەرخی، باشتر بخۆین.

جا مـن نـازانم مـرۆڤ ئەگـەر بیـەوێت لـەم ژیانـە، لـەم گەردونـە، لـەم دونیـای ئینتەرنێتــە، لـــەم دونیـــای ســـەتەلایت و خـــەمخواردنی دۆزینـــەوەی نهێنیـــە نەزانراوەکان، بژی، ئایا ئەم هەموو ماندووبوونەی لە زانکۆ و پەیمانگا بۆ ئەوەیـە کە بە راستی بە دامەزراندنێکی ئاسایی بژی؟ ئایا ئـەم هـەموو ماندووبوونـەی لـە زانکۆ و پەیمانگا بـۆ ئەوەیـە کـە لـە دامەزرانـدنێکی ئاسـایی بێـت؟ نـازانم ئـەوە ژیـانێکی روتـین دێتـە بەرچـاوم، رۆتینـە چارەنوسـی خوێنـدن ببەسـتینەوە بـە دامەزراندنێکی ئاساییەوە.

زۆر دینامیکیـەتی تیـا نییـە ئـەو ژیانـە، زینـدوێتی تیـا نییـە ئـەو ژیانـە، جگەلەوەی کە خودی مرۆڤەکەش باوەڕناکەم ئاسودە بێـت، باوەڕناکـەم چـێژی تەواو لەم ژیانـە وەربگرێـت، باوەڕناکـەم زۆرێـك لـە خەمـەکانی هەیـە گـەر ئـازاد نـەبێت، بـۆی بـەدی بێـت. جۆرێـك لـە ئـارەزوو، لـە ئاواتـەکانی هەیـە، بـۆی بەدینایـەت. بۆیـە ئـازادی و ئـازادیخوازە راسـتەقینەکان دەبـێ مانـدووترین، تێکۆشەرتر بن، وشیار تر بن، و پەیگیرترین لەسەر بەدیهێنانی ئەو ئازادیانەی کە تا ئێستا بەدینەهاتوون، هاوشانی ئەوەش دەبێ فشـار بخەنـە سـەر هـەمو دم و دەزگا و دەسەڵاتەکان بۆئەوەی ساڵ بە سـاڵ خوێنـدنی هاوچـەرخ باشـتر بچێتە پێشـەوە و تواناکـانی خوێنـدنی هاوچـەرخ باشـتر فەراهـەم بکرێـت، پـڕ بـە دڵ هیواداارین ئێوەی خوێندکار و وشیار، وشیارتربن و بشـزانن هـەموو ئـەو شـتانەی کە ئەکرێ چەند پەیوەندی بەم مەسەلانەوە هەیە، ئازادبونی خۆت و، بەدیهێنانی خوێندنێکی هاوچەرخ، ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە تۆ بتـەوێ و نەتـەوێ، دەنگـت، رەنگـن، هەڵویسـتت، هەسـتت، پەیوەندیـەکانت، بیروبۆچـونت، راسـتەوخۆ یـان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بـە چارەنوسـی تـۆ و گەلەکەتـەوە هەیـە، پەیوەنـدی بـە ئـــازادی خـــۆت و دەوروبەرتـــەوە هەیـــە، پەیوەنـــدی بـــە خوێنـــدنی خـــۆت و دەورەبەرەکەتەوەهەیە، بۆیە بیورباوەڕێکی نـامۆ بـە ئـازادی و دیموکراسـی، بـە خوێندنی هاوچەرخ، بیەوێ و نەیەوێ کۆسپ ئەبێ لەبەردەم پێشکەوتنی ئـازادی و ئـازادی ئـەقڵ و خوێنـدنی هاوچـەرخ. بەپێچەوانەشـەوە، کردنـەوەی هـەموو دەرگاکان، پەنجەرەکان تەنانەت کلاورۆژنەکانی ئازادی لەبەردەم ئەقڵی مرۆڤدا و

هۆشی مرۆڤ، تواناکانی هەمووی بخەینە کار لەناو کۆمەڵ و دام و دەزگاکانمانـدا، بەرەو خوێندنێکی هاوچەرخی باشتر دەڕۆین.

پڕبــەدڵ هیــوادارم ئەمســاڵ، لــە هەڵبــژاردنی نوێنەرایــەتی خوێندکارانتانـدا، بیرلەوە بکەنەوە کە ئێوە مرۆڤێکی جیاوازن لە پلـەکانی خوێندنـەکانی تـر، هـەم تێپەڕیون لە ناوەندی و دواناوەندی و ئەو قۆناغانە و هەم پاشـەڕۆژێکی گـەورەتر چاوەڕێتان دەکات، بۆیە بە وشیاری لـە هەڵبـژاردن، کـە هەڵبـژاردنی نوێنەرایـەتی بەشێکە، جۆگەلەیەکە لە جۆگەلەکانی پرۆسەی وشاری هەتا وشـیارانە بەشـداری ئەو هەڵبژاردنە بکرێت، بێگومان ئازادیەکان باشتر دێتەدی و مـرۆڤ ئـازادتر بڕیـار دەدات لـە هەڵبـژاردنی نوێنـەری خۆیـدا؛ بەپێچـەوانەوە، هـەتا وشـیار نـەبین لـە هەڵبژاردنەکەدا، پێم وایە وەکو پێویستە نـاتوانین سـەرکەوتووبین و، دەوڵەمەنـد بین لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا، دیارە ویژدانیش لە هەڵبژاردن زۆر زۆر گرنگـە بـۆ هەڵسەنگاندنی خـەڵکی شایسـتە و خـەڵکی ناشایسـتە، خـەڵکی مانـدو و خـەڵکی ناماندوو، خەڵکێك کە توانیویەتی درێغی نەکات لـە قوربانیـدان بـۆ دابینکـردن و دەستەبەرکردنی ئـەم ئازادییـە، خـەڵکێك کـە لـە هـیچ ڕۆژگارێکـدا، لـە ڕۆژگـاری نـەمانی شۆڕشــی ئەیلولـدا، لـە ڕۆژگـاری ڕاگواسـتنی دێهاتەکانـدا، لـە ڕۆژگـاری تەعریبدا، لە ڕۆژگاری تەبعیسدا، لـە ڕۆژگـاری تـەهجیردا، لـە ڕۆژگـاری ئـەنفال و کیمیابارانکردنماندا، لە ڕۆژگاری نەمانی یەك دێی ئەم کوردستانە، لە ڕۆژگارێکـدا کە بوون و نەمانی کورد کەتوبوە غەرغەرەی ئەم ڕژێمە بەرەنگاریکرد. ئەوانـەی لەم ڕۆژگارانـە چـەقین لەبەرامبـەر ئـەو دووژمنـە دڕەندەیـەمان، نەفـەوتان، ئـەو هەموو شەهیدبەخشینە، هەرهەمووی  بە ڕاستی ئەبێ ئامادەیی هەبێ لە ویژدانی خوێندکاردا، ئەوانە کە ئەیڵێن بۆ ئەوە نایڵێین زەوتی ئازادی کـەس بکـەین، پـێم وایە شەرحی ئازادیەکەم روونبوو کە چۆنەو ئەوانە ناڵێم بۆئەوەی ئازادی لە هـیچ لایەك زەوت بکەین و، بە ڕاشکاویش ئـەڵێم: زۆر زۆرمـان پێناخۆشـە بەرپرسـێك، کادرێکی خوێندکاران، یان مامۆستایەکی زانکۆ، بەهۆی هەر هۆیەکەوە بێ، فشار بخاتە سەر کەس و هیچ ڕێکخراوێکی خوێندکاری بۆئەوەی ئەم دەرچـێ یـان ئـەو دەنەرچێ، نەخێر هیچی ئەو فشـارانە قبـوڵ نیـیە ئـەوەی کـە لای ئێمـە گرنگـە ئەوەیــە دەبــێ قســە لەگــەڵ ویــژدان و قســە لەگــەڵ مێــژوو و قســە لەگــەڵ دەسکەوتەکان و قسە لەگەڵ پاراستنی چارەنوسی خۆمان بکەین.

لێرەوەیە ئێمە منافسەی فکری، منافسەی ئەخلاقی، منافسەی سیاسی، منافەسەی مێژوویی، و منافەسەی بەرگری و ئەژمار و سەرژمێری شەهیدەکان دەکەین، هەقی خۆشمانە بڵێین ماندووین، هەقی خۆمانە بڵێین تێکۆشاوین، هەقی خۆمانە بڵێین خوێندکار ئێستا کە تۆ لەم هۆڵە دانیشتووین، گوێ لە (مەلا بەختیار) دەگریت، ساڵی (٧٥) و (٧٦) پشت بیردەخەمەوە کە بەعسی دوا لوتکەی ئەم کوردستانەی داگیرکردبو، بڕیاری شۆڕشمان دا، دوێنێ لە ناوەندییە وام وت ئەزانن لەم سلێمانیە کە یەکەمین مەفرەزەمان دروست کردووە وتمان ئێمە بەرگری دەکەین، نابێ کورد بفەوتێ، چەند چەکمان هەبوو؟

تەصەوری ئێوە ئەم هەزاران پێشمەرگە و ئەنجومەنی وەزیران و ئەو ئازادییە و ئەم هاتوچۆیە و دەسکەوتانەی کە ئەیکەن، ئێستا لەسایەی ئازادییەوە، باوەڕ ئەکەن لەم سلێمانیەوە یەکەمین مەفرەزەمان کە نارد بۆ شارباژێر (٥) پێشمەرگەمان نارد (٢) چەکیان هەبوو، بە دوو چەك وتمان مردن خۆشترە نەك رەزیلی و زەلیلیەکەی کە بەعس ئەیەوێ بیسەپێنێ بەسەرماندا. کەسمان باوەڕتان هەبێ کەس لە جەنابی مام جەلالەوە، تا ئەگاتە بچوکترین پێشمەرگەی ئیمە، کەس بەتەمای ئەوە نەبوو بگەڕێنەوە ناوتان و ئێستا ئاوا بە ئازادی قسەتان لەگەڵدا بکەین، هەر هەمووومان وتمان ئەچین سەرو کێلێك لە پەنای شاخەکانی کوردستان بەرزدەکەینەوە، هیچ نەبێ نەوەی ئایندەمان تێدەگەن کە کۆمەڵێك هەبووە لەم کوردستانەدا بەرگری کردووە، ئەو مام جەلالەی کە ئێستا ئێوە ئەیبینین سەرۆکی هەرێمە، سکرتێری یەکێتییە، کە ئەچێ بۆ دەرەوە و دێتەوە ملیونێك کەس پێشوازی لێدەکات، من دیومە بە چاوی خۆم جاری وا هەبووە مەفرەزەکەی (٣) پێشمەرگە بووە مەفرەزەی من و شەهید عەلی ئامە خان جاری وا هەبوو چوین پاراستومانە؛ چونکە خەڵك بەرگەی سەختیەکەی نەدەگرت، بەرگەی نەدەگرت پێشمەرگە بێت. زۆر هەبون شەش مانگ زیاتر بەرگریان نەئەکرد، تۆ ئێستا جانتایەکی بچوکت پێیە رەنگە پاس نەبێ نەتوانی بچیت هەتا بازاڕ، قورس و زەحمەتە بچیتە بازاڕ و دوایی بێیتەوە بەشی ناوخۆیی، خواواتە کەم چاوەڕێی پاس بکەیت و زوو سواری پاس بیت و بڕۆیت، ئێوە تەصەور بکەن پێشمەرگەی ئێمە (٦) مەخزەن و حەقیبەیەك و کلاشنکۆفێکی پێبوو. هەمیشە بەبێئەوەی مەقەرمان هەبێ، لە شەو و

رۆژێکیشدا لایەنی کەم ئەبوو (١٥) سەعات برۆین لایەنی کەم ٥و٣ کیلۆ قورسی کلاشنکۆف مەکخزەنەکان (٤) کیلۆن ئەمە (٧) کیلۆ، حەقیبەیەکمان پێبوو ئەویش کتێب و نانی تێدا بوو، ئەویش دوو کیلۆی تێدا بوو، ئەمە بەردەوام حەماڵی (١٠) کیلۆ بوین و جاری واش هەبوو ئەبوو (١٤) سەعاتیش بڕۆین، چونکە مەقەرمان نەبوو، لە هەر شوێنێك حکومەت سۆسەی بکردینایە لەباتی کۆپتەرێك (٢٠) کۆمبوتەرمان بۆ ئەهات ئینزالی بۆ ئەکردین، ئەبوو بە رۆژ لە سەختترین شاخدا خۆمان بشارینەوە، شەو بێینە دێهاتەکان نان بخۆین و فرسەتیش بدۆزینەوە لەم سەرجادە و لەو پەنا رەبایە و لەو شار، دەستێك لە حکومەت بوەشێنین، ئەم شۆڕشە ئاوا دروست بووە، ئەم راپەڕینە ئاوا دروست بووە. ئەم ئازادییە ئاوا هاتۆتەدی.

ئێستا هەیە هەنگوین دەخەیتە بەردەستی، قاپێك هەنگوین دەخەیتە بەردەستی، هەنگوین خۆشە، وەك ئازادی خۆشە، کە کەوچکەکەی تێوەردەدا، یان ئەیخاتە دەمی تەنها شیرنیەکەی لەبیرە، نازانێت هەنگوین بە هەوڵی هەڵمژینی هەزاران هەنگ لە شانە هەنگێکدا چکە چکە دروست بووە. لەسەر گوڵ هەڵمژراوە، تاکو براوەتە شانە هەنگەکە، بەئاسانی دەیشکێنی ئەیخەیتە بەردەستی خەڵك، ئەڵێی ئەمە هەنگوینە و بیخۆ، ئەم ئازادییە وەك ئەو هەنگوینە ئاوابووە، حەزدەکەم بزانن وەکو ئەو هەنگوینە وایە چۆڕ چۆڕ بە شیلەی خوێنی ئەو شەهیدانە هاتۆتەدی. خوێنی ئەو شەهیدانە ئۆباڵی سەرشانی هەموو یەکێکمانە، هەڵبژاردنمان هەبێ یان نەبێ، بەیانی و دوو بەیانی بەعس هات ناپرسێ کێ یەکێتییە؟ ناپرسێ کێ دڵسۆزی کورد بووە؟ کێ دڵسۆزی کورد نەبووە، لەوە ئەپرسێ هەر کەسێ دڵسۆزی کورد نەبێ دڵسۆزی ئەم ئازادیییە و بەدیهێنەرانی ئەم ئازادییە بێت لەناویدەبات. ئێمە کە ئەڵێین دڵسۆزبوون بەو مانایە نییە کە بڵێم ئازاد بەو رەخنەمان لێمەگرە، رەخنەمان لێ بگرە، کەم و کوڕیمان هەیە، جارێ زۆرمان پێخۆشە لە رۆژنامە و گۆڤار و T.V قسە بکرێ و رەخنە بگیرێ و بە ئازادانەش قسە بکرێ، بەڵام ئەو لەسەر حسابی ئەوە نەبێ کە مێژویەکە، یا ئەو مێژووە لەبیربچێتەوە، ئەوەی ماندوو نەبێ و ماندوبێ فەرقی زۆر زۆرە، کرێکارێك کە ئەچێ بە (٥٠) دینار رۆژێك ئیش دەکات (٨) سەعات ئەو پارەیەی ئەیبات بۆ مناڵەکانی، ئەو نان و تور و تەماتەیەی کە

ئەیکڕێت، مەگەر خۆی بزانێت چۆنی کڕیوە، بەڵام کەسێك کە ئیش ناکا و ئەچێ نان ئەخوا بەسەر حازری، باوەڕناکەم وەکو ئەو کرێکارە بزانێت کڕینی ئەو تەماتە و تور و نانە و روبعە کیلۆ گۆشتە چ نرخێکی هەیە؟! پڕبەدڵ هیوادارم کە بیر لە چارەنوسمان ئەکەین کرێکار بین، کە بیر لە ئازادییەکانیشمان ئەکەین، خەباتگێڕبین و، کە بیر لە بڕیارێك دەکەینەوە، بە ویژدان بین.

ئێوە کەم جار لە ژیانتاندا چارەنوسی پرۆسەیەك لە پرۆسەکان ئەکەوێتە دەستتان، تەنها لەکاتی هەڵبژاردندا ئێوە وەك ئیسنان سەربەخۆن، لەوکاتەی کە یەك جار سەربەخۆیی ئەزمونێك ئەکەوێتە دەستی تۆ، ئا لەوکاتەدا دەبێ هەموو ویژدانی خۆت بخەیتە کار، هەموو توانای ویژدان بخەیتەکار و هەموو ئامانجەکانی ئازادی و خوێندنی هاوچەرخ بخەیتەبەرچاو.

پڕبەدڵ هیوادارم ئەگەر لە خوێندنگاکانی ترا ئەم حەقیقەتانە وەکو پێویست بەرجەستە نەبووبن لە مێشکی ئێوەی خوێندکاری زانکۆ، سەرەڕای بیروباوەڕی جیاوازتان، ئەو حەقیقەتە بەرجەستە بن و سوپاستان دەکەم بۆ گوێگرتنتان و هیوادارم ئەگەر پرسیارێکیشتان هەبێ لە خزمەتتاندام.

زۆر سوپاس.

خوێندکارانی خۆشەویست بەناوی هەمووتانەوە لە نوێنەرایەتی گشتی خوێندکارانی زانکۆ و لقی زانکۆی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانەوە، زۆر سوپاسی هەڤاڵی بەڕێز کاك (مەلا بەختیار) دەکەین بۆ ئەو باسە بەپێزەی. ئومێدەوارین کە ئێمەی خوێندکاران بتوانین لەم باسانەو لەم کۆڕانە سودێکی باش وەربگرین. بەدڵنیاییشەوە پێیان دەڵێم؛ گەنجانێکی کوردین و پێشم وا نییە، هیچ گەنجێك رۆژێك لە رۆژان، یان ساتێك لە ساتەکان، زەرەی خۆی بوێت، ئەو ئازادییە کە بۆ خوێندنی هاوچەرخ کە لە زانکۆیا هەیە، ئێستا هەلێکە بەدەستی ئێمەی گەنجانەوەیە، ئومێدەوارین بەو بەرچاوڕونیە، زیاتر بەم باسانە ئێمەش بتوانین کاریگەرانەتر بەشداری لە رەوتی بەرەوپێش چوون لەکۆمەڵەکەماندا بکەین، بۆئەوەی بیسەلمێنین کە بۆ خۆشمان و، بۆئەوانەشی کە بوونەتە قوربانی لەپێناو بەدەستهێنانی ئەم رۆژەماندا، کە ئێمەش کەسانێکی دڵسۆزین، بەئەمەکین، ئەتوانین لە ئاستی پێویستدا هەنگاو بنێین و هیچیشمان کەمتر نیە لەو کۆمەڵانەی تری دنیا. ئێستاش دەرگای وتوێژ و پرسیار دەکەینەوە، هەر

خوێندکارێك دەیەوێت قسە بکات، یان موداخەلەیەك بکات، ئەتوانێت بفەرمویّ بۆ ئێرە و رای خۆی دەربڕیّ، بەڵام تکایەکمان هەیە لە دوو دەقیقە زیاتر کاتەکە نەبات بۆئەوەی کاتەکە بەش بکاو بواری هەموو لایەك بێت قسەی خۆیان بکەن.

+ مداخلە پرسیار بکات باشترە، مبەستمان ئەوەیە (کۆڕۆکەیەك!) نەبەستیّ لەناو کۆڕەکەی مندا.

- ئەبوبەکر فەرموو: هەندێك موفرەدە هەیە، ئیشکالی دروست کردووە، جاری وا هەیە کلتوری ئێمە موفرەدەیەك فڕیّئەیا نازانن دنیایەك بێحورمەتی پیّ ئەکرێت، نازانن دنیایە گرفتی تیایە، دنیایە پێناسی زۆر زۆر سەقەتی تیایە، بەو موفرەدانە، هەتا ئێستاش گرفتی ئێمە لە ئیستیعابنەکردنی موفردەکانە، لە ئیستیعاب نەکردنی دنیای دیاردەی مەدەنی و شارستانیە، گرفت لەوەدایە کە باگراوندێکی زانیاریمان نیە بۆ ئەو وشەیە. بەنیسبەت یەك بابەتەوە، بە جدی مەسەلەی ئازادی، وشەی ئازادی، من پێم وایە وشەی ئازادی، بێگومان دنیایەك پێناسەی هەیە و دنیایەك قسەی جیا جیا هەڵدەگریّ، کە ئێمە لەسەری بیکەین؛ بەڵام لە یەك مەوسوعەدا کە کاك بەختیار ئاماژەی بۆ کرد، ئەوەتا ئیشی ئێمە، ئیشی نازانم رزگارکردنی ئەقڵە و ئیشی ئازادی ئەقڵە و، ئازادی بیرکردنەوە و زیندوویەتە. لەودیو ئەوەوە ئێمە قسە لەسەر دەسەڵات بکەین، من حەز دەکەم بابەتێك بە جدی بڵێم: ئێمە کاتێك کە بێبەش بووین لەوەی کە قسە لە دەسەڵات بکەین، تۆ تا ئێستا کە کاك بەختیار قەناعەتی وایە قسەی لیّنەکراوە، من ئەڵێم وا نییە و بێگومانیش وا نییە، کەسێکی وەکو (میشیل فۆکۆ) نازانم چەندێك ئاگادارن بە راستی وەك رێبین ئەڵیّ: لە بیابانێکی نەخوێندەواری رۆشنبیری کوردیدا تا ئێستا کە موفرەدەکان قسەی لیّنەکراوە، تەنها بەو متمانەیە نییە وەریدەگرن، کاتێك کە دەسەڵات.. کاتێك کە (میشیل فۆکۆ) یەك قسە لەسەر کایە بووەکان دەکات، کایە نە ئاشکراکانی کۆمەڵی مرۆڤی ئەوروپییەك قسە لەوە دەکات دەسەت چەندە کاری لەم کاول بووانە کردووە، کە خۆشی بیّ شێتەکان، بیّ پەراوێز بووەکان بێت، ئەوە بابەتەکەیە. لەلایەکی کەوە کاتێك ئێمە قسە لە دەسەڵات ئەکەین، زۆر ترسناکە کە دەسەڵات پێمان بڵێت ئەمە فلان کەس زۆر بە ئازادی ئەقڵانی بیردەکاتەوە، فلان کەسیش بە ئازادییەکی زۆر بیّئەقڵانەوە

بیردەکاتـــەوە، ئیشـــی دەســـەڵات نییـــە بێـــت بنێـــرێ لێـــرەوە بڵـــێ تـــۆ زۆر دواکـــەتوویی، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ئـــەم وشـــەیە لـــە زانســـتی کۆمەڵناســـی (سۆسـیۆلۆژی)دا گـرفتێکن نـاکرێ بـە هەنـدێ کـەس بڵـێین دواکـەوتوون و کۆنەپەرسـت و چـی و چـین. دەسـەڵات لێرەوەیـە بـە مـن دەڵـێ کابرایـەکی ئیسـلامی دواکـەوتووە، نـازانم کۆنەپەرسـتە، دەسـەڵات لێرەوەیـە دەڵێـت (پارتی)یەك یا (یەکێتی)یـەك هـەموویان، ئەمەیـە گێروگازەکـە. قسـە لەسـەر بابەتێك دەکرێ.

بەنیسبەت تەکنەلۆژیاوە، ئێستا دنیا دنیـای ئەوەیـە زانیـاری و تەکنـەلۆژیا و ئیدیعات بڵێن کاك بەختیار تـۆ خـۆت بێئاگانیـت لـەوەی قسـە لـە سیسـتەمێکی بێئەخلاقی و سسیتەمێکی ئەکسۆلۆژیەت ئەکرێ، لەودیوی ئەو لـە ئـەوروپا ئـەو حەقیقەتە بۆت رون نەکرێتەوە دنیایەك قسـەی فەلسـەفی لەسـەر ئـەکرێ، ئـاخر شت کە ئەمەوێ باسی بکەم، بە جدی، من هەرگیز رازی نـابم سیاسـەت و سـوڵتە بێن باسی ئازادیم بۆ بکەن، ئـەبێ بـیر باسـی ئـازادیم بـۆ بکـات، ئـەبێ فەلسـەفە باسی ئـازادیم بـۆ بکـات، ئـەبێ جـان لـۆك بێـت کـە رەنگـە تـا ئێسـتا کـە ئێمـە نەخوێندەوارترین کەس بین لە خوێندنەوەی جولەکەکاندا لە (رسالەکەی — رسالة في حکم المدنیة) باسی ئازادی دەکات، حـەقێکی سروشـتی ئێمـە بـەدەر لەوەیـە، هەرکەسێك دێت لە دەروەی ئێوەیە ئازادی بەخەڵات بفرۆشێت. یەك مەوسـوعەی دیکە، حیکایەتی مێـژوو چـیە؟ ئێمـە ئەگـەر حیکایـەتێکی مێـژووییمان هـەبێ، ئێسـتا ئـەبێ ژیانـت نـەبێ، رحلەیـەکی خوێنـدکاری لـەناو زانکـۆدا حیکایـەتێکی مێژوویی نەبێ بۆ سەردەمی شەست و چلەکان بگەڕێنەوە، ئیتر چـۆن ئـەبێ خـۆی هەڵبژێرێ، جگە لەوەش ئەگەر حیکایەتێکی مێژوویی نەبێ، وەکو ئیسـلامییەك و پارتییـەك و یەکێتییـەك، بـەجۆرێك لـە جۆرەکـان روبـەڕووی دنیایـەك دەسەلاـی حیزبی داخستبێتەوە.

+ کاك مەلا بـەختیار: سـوپاس بـۆ حەماسـەکەت، بـۆ ئـازادی و پەرۆشـیەکی باشت تیا دیارە، بەڕاستی پێم خۆشە مرۆڤ ئاوا خەمی شـت بخـوات، بـەڵام حـەز دەکەم کە وەڵامم دایتەوە، وەکو من پێبکەنی.

بەداخـــەوە ئـــەبینم، ئەخوێنمـــەوە، هەنـــدێ بـــرای خۆشەویســـتی وەك کـــاك (ئـەبوبکر) تێکەڵاویـەك لـە مێشـکیا لـە چـەمکەکان هەیـە، تێکەڵاویـەکی زۆر کـە

ئیستا بـە روونـی باسـی کـرد، ئـەویش ئەوەیـە گرنگـی ئـازادی لـەناو میللـەتێکی ژێردەستەی بێ قەوارە، لەگەڵ گرنگی ئازادی لەناو وڵاتێکی پێشکەوتوی خـاوەن نەریتی ٢٠٠٠ ساڵەی دەسەڵات، وەکویەك دەبینـێ. جیاوازییـەکی یـەکجار گـەورە هەیە، هەڵەیەکی گەورەیە، رۆشنبیر لای ئێمە وا تێبگات دابڕاوە لە دەسەڵات، لـە بـەدیهێنانی دەســەڵات و لـە پاراسـتنی دەسـەڵات، میللـەتێکی بێڕێنیسـانس، میللەتێکی رۆشـنگەری لاواز، میللـەتێکی بـێ مەدەنیـەت، ئـەو باکگراونـدەی کـە باسی کرد و باگراوندی ئێمە، رۆشنگەری کزە، رێنیسانسی تیا نییە، مەدەنیـەتی تیا نییە، تاقیکردنەوەی دیموکراتی تیـا نییـە. دەسـەڵاتی سـەربەخۆ و شۆڕشـی پیشەسازی تیا نییـە. بنـەمای مـادی تەکنـەلۆجی لـە وڵاتـی ئێمـە نییـە، لەگـەڵ فەرەنسا، ئەوروپا و ئەڵمانیا کە بەراوردی ئەکەیت دەبێ جیاوازیـەکان فـەرامۆش نەکەین. لێرەوە پێوەرەکەت، پێوەری بەراوردەکەت هەڵەیە.

جـارێ مـن سیاسـیم و رۆشنبیریشـم، رۆشـنگەر و سیاسیشـم، ئـاوا سـەیری ئێستای خۆم ئەکـەم کـە سـەیر ئەکـەم رابـوردوم هێشـتا بیروڕاکـانی سـەدەکانی ناوەڕاست زاڵە بەسەریا، ناتوانم بڵێم سیاسیم پەیوەندیم بەوەوە نییە بیروڕاکـانی سەدەکانی ناوەڕاست دەربهێنم لە ئـەقڵی مرۆڤـەکانی تـرا، بەپێچـەوانەوە، ئـەبێ خـەبات بکـەم ئـەو بیروڕایانـە دەربیهێـنم لـە ئـەقڵی مرۆڤـەکانی کۆمەڵـدا. بـە پێچەوانەوە، کاتێك کە سیاسی دائەبڕێ لە راپەڕانـدنی ئەرکـەکانی رۆشـنگەریەو ئیتر ئەو سیاسیە، سیاسەت بۆ دیکتاتۆریەت پاڵ پێوەئەنێی، سیاسی بۆ ئـازادی پاڵ پێوە نانێیت. تۆ ئەتەوێ من سیاسیەکی دابڕاو بم لە رۆشنبیری، لە ئـازادی. ئەگـەر دەسـەڵات دابـڕێ لـە ئـازادی و دیموکراسـی چـێ لــێیەت؟ جگـە لـە دیکتاتۆریەت چـی بـۆ ئەمێنێتـەوە؟ باشـە مـن دەسـەڵاتدارێکی ئـازایخواز بم، یـا دەسەڵاتدارێکی نامۆ بە ئـازادی و دیموکراسـی؟ تـۆ کـە ئەتـەوێ لاسـایی ئـەوریا بکەیتەوە، بۆ ئەوروپا وایە، دەسەڵاتدار ناتوانێ رۆشنبیرێك فێری ئـازادی بکـات؟ چونکە تێپەڕیون لەوە، بەڵام بۆ رۆژهەڵات وا نییە، کاکە رۆژهـەڵات بـەیارە بـەیار ئەبێ بیکێڵیت، ئەبێ ئاوی بدەیت، تۆوی بکـەیت و وردە وردە خزمـەتی بکـەیت، بۆئەوەی بێتە بەر.

من زۆر گرنگی رۆشـنبیریم هەیـە مـە نەهاتۆتـە دی، ئـەبێ بیهێنمـەدی، ئەمـە یەك، دوو؛ من پێم سەیرە بە خوێندنەوەیەکی کـەمی فۆکـۆ ئیستشـهاد بـە فۆکـۆ

بکرێ، بەڕاستی فۆکۆ پیاوێکی ناتەواوە، ناتەواوە لە ئەقڵ، لە مەنتق، لە فەلسەفە، ئەسڵەن لە هەندێ مەسائلی داهێنەری و فسیۆلۆژی و مرۆڤیش مایەی سەرسوڕمانە فۆکۆ چووە هەمووو ئەزمونەکانی رزگارکردنی مرۆڤی لەسەر شێت کردووە. زانست تا ئێستا بە هەموو زانیاری پزیشکی خۆی، ناتوانێت شێت ساغ بکاتەوە. مرۆڤ کە شێت بوو چۆن ئەتوانی تۆ بڵێیت مافی ئازادیت لێ زەوت کردووە، بەپێچەوانەوە، شێت ئازادترین کەسە چونکە هیچ جۆرە کاریگەریەکی لەسەر نییە. ناشزانێ دەسەلات چەند یاسای سەپێندراوی هەیە. بەلام ئازادییەکی بێ هۆش و گۆش. جگە لەوەی (٩٩٪) ی رۆشنفکرەکانی ئەوروپا میشێل فۆکۆیان قبوڵ نییە، دەزگاکانی ئەوروپا فۆکۆیان قبوڵ نیە، (ئەبوبەکر لەناو هۆڵەکەوە دەڵێ: وا نییە) وایە کاکە، پێم وایە لە تۆ باشترم خوێندۆتەوە، کاکە بەکر، زۆر باشیش ئەزانم بونیەویەت یانی چی؟ پۆست مۆدێرنیزم یانی چی؟ کتێبێکی (٤٣٠) لاپەڕەییم لەسەر پۆستمۆدێرنیزم نوسیووە نازانم فۆکۆ کێیە؟!

پۆست مۆدێرنیزم و بونیەویەکان لە مێژوودا شانسیان هەبووە، ساڵی (٧٠ – ٨٠) بونیەوییەت لە ئەوروپا مناقشەیەکی گەرمی خستە ناو ناوەندێکی رۆشنبیری کە ساڵی (٨٠ – ٨٦ – ٨٧) یش نەگەیشتە (٩٠) یش پۆست مۆدێرنێتەکان بە خیتابێکی تازە هاتنە پێشەوە، قسەیان کرد و لە (٩٠) بەدواوە سڕاونەتەوە، وەکو ئاسەوارێك لە ئاسەوارە فیکریەکان ماون، نە لە زانکۆیە، نە لە دەزگایەکی گەورە، لە ناوەندێکی گەورە، ئێستا پۆست مۆدێرنێتە کاریگەری جارانی نەماوە، رۆشنبیر لەم لایەنە و بەتایبەتی لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا، لاساییان دەکەنەوە، ئەگینا لە ئەوروپا ئەو قسانە باوی نەماوە نوسەرێکی عەرەب کتێبێکی لەسەر پۆست مۆدێرنە لە فەرەنسا، نوسیبوو، فەرەنسیەکان قانگیان دابوو، وتبوویان تۆ جارێ خۆت تێنەگەیشتوویت پۆست مۆدێرنێتە یانی چی؟ ئەتەوێ ئینجا کێب بە فەرەنسی لەسەر فەلسەفەیەك، کە لە فەرەنسا لەدایك بووە، بە ئێمە بفرۆشیتەوە. من کە ئەمەم خوێندوە، بەسەرهاتی کاسبێکی نەزانی عەرەبم بیرکەوتەوە، ئەم کاسبە خورمای بردبوو لە خالص بیفرۆشێت، لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە دانیشبوو، هاواری کردبوو: خورما، خورما، کەس نیو کیلۆی لێ نەکڕیبوو. زەلامێکی بانگ کردبوو، وتبووی: ئەوە خەڵکی خالص بۆ خورما

ناکڕن. کابراش بە ئەقڵی پێکەنیبوو. گوتبوی: خورما لە خالص شین دەبێ، تۆ هاتویت لێرە بیفرۆشیت. ئەمەش لەوە ئەچێ بچی گوێز بەریت لە هەورامان بیفرۆشیت. وەکو ئەوەیە من ئێستا بچم لە فەرەنسا باسی پۆست مۆدێرنە بکەم، ئاخر لەوێ هەتا یەك کەس وتویەتی پۆست مۆدێرنێتە باشە، (٥٠٠) کەس رەخنەی لێگرتووە، ئەمە لەبارەی فۆکۆوە، دەسەڵات و ئازادی وەلامم دایەوە.

مەسەلەی تەکنەلۆجیا و سیستەمی، ئەخلاقی ئەمەشم قبوڵ نییە. ئەمە دوو چەمکی لەسەرە، چەمکێك ئەوەیە کە لە نیچەوە هاتووە بۆ هایدگەر و وردە وردە ئێستا هەندێك لە قوتابخانەکانی فرانکفۆرت و ئەوانە قسە لەو مەسەلەیە ئەکەن، گوایە تەکنەلۆجیا بوو بەهۆی ئەوەی کە کاریگەریەکی ئەخلاقی زیانبەخشی گەورە لە سەر مرۆڤ و ئازادیەکانی مرۆڤ دانێ، و ئەڵێن قۆناغی رۆشنبیری لە مێژوودا تەواو بووە، ئەوەی کە پێی دەڵێن (تەنویر) لە جیهاندا، تەواو بوو، وەلامەکەشی هەیە (هابرماس) و کۆمەڵێك لە فەیلەسوف و ئەندێشمەندە گەورەکانی دنیا، وەلام ئەدەنەوە، ئەڵێن: نەخێر، رۆشنگەری سەنگ و رەنگی هەیە، بەردەوامی هەیە، بە رەخنەگرتن و بە دەیمومەتێکی تازە ئەبێ بچێتە پێشەوە، بێگومان لەسەر ئاستی لە دنیادا، هابرماس بردیەوە. ئەوەی نیچە نەیخوارد، ئەوەی هایدگەر نەیخوارد، دوو فەیلەسوفن، قسەیەکیان کردووە، قسەی جوان و رێك و پێکیان کردووە و مەنتقیشی تیایە تا رادەیەك، بەلام نەبوو بە حەقیقەت. بەپێچەوانەوە حەقیقەت ئەوەیە کە رۆشنگەری بەردەوامییەکی مێژوویی خۆی هەیە، دەبێ بچێتە پێشەوە، ئەمە یەك.

لەبارەی ئەوروپاو، لەبارەی ئێمەوە، کاکە ئێمە گرفتمان ئەو نییە تەکنەلۆجیا ئەزمەی ئەخلاقی بۆ ئێمە دروست کردووە. ئێمە گرفتمان ئەوەیە تەکنەلۆجیامان نییە. ئەبێ قسە لەوە بکەین کە ئایا تەکنەلۆجیا هەیە تا ئەخلاق و شتی ئەخلاقی بۆ ئێمەدروست کردبێت. تەکنەلۆجیامان نیە. لە عێراقدا کوا تەکنەلۆجیا هەیە؟ لە کوردستاندا کوا هەیە؟ کە خۆی نەبێت ئیتر ئەزمەی چی بۆ دروست کردوین. لەبەرئەوە ئە چەمکانە فۆتۆکۆپیکردنە. لەگەڵ هەمووئەوانەشدا حەقی وایە ئێمە ئەم چەمکانەش بنووسین، مناقەشەی لەسەر بکەین، قسەی لەسەر بکەین، و ئەگەر بزانین لایەنێك دوو لایەنی سوودی لێوەدەگرین، سوود لەوەش وەربگرین، بەلام لاساییکردنەوە و

فۆتۆکۆپیکردنی ئەم فەلسەفە و ئەو فەلسەفە، سەردەمەکەی بەسەرچووە، زۆرمان تاقیکردەوە و زۆرمان کۆپی کرد و زۆرمان لاسایی‌کردەوە، ئەنجام هاتینە سەر ئەوەی کە بە راستی جارێکی تر واز لەو مەسەلانە بێنین و بەپێچەوانەوە، مێشکمان بکەینەوە بۆ هەموو فەلسەفەکان، بۆ هەموو ئازادییەکان بە گۆشەگیری و بە دۆگم، هیچ شتێك وەرنەگرین و نەشیکەین بە پیوەری هەمو پێوەرەکان.

– زمناکۆ ئەنوەر: لەوە دەچێ من و کاك بەختیار لە دوو دیدگای جیاوە قسە بکەین، لەبەرئەوە حەز دەکەم لە ئێستاوە کاك بەختیار، نە وەکو بەرپرسی مەکتەبێك وەڵامم بداتەوە. ئەو قسەیەی مارکست بیردەخەمەوە کە دەڵێت ئامانجم هەیە لە قسەدا، منیش داکۆکی زۆر لەوە دەکەم هەرکاتێك ئایدۆلۆژیا بووە هێزێکی مادی و بەو عەینەکە رەشەوە سەیری هەموو دید و بۆچوونەکان کرا، حەزدەکەم لەودیو ئەوەوە قسەم لەگەڵ بکەیت. کاك بەختیار، چونکە لە هەندێ شتا هەر لە ئێستا ئەیبیستین بە تەصەوری من وەك واقعێك وایە و لە سبەینێیشدا، لە بۆشاییدا قسە ناکەم، ئیتر داوا کاریەکە، لە وڵامی نامەیەکی ڤۆڵتێردا کە رۆسۆ بۆی ئەنوسێ، رۆسۆ باس لە واقیعێك ئەکات، واقیعێکی تاڵ لەسەر ئەدەب، کە چۆن دەسەڵاتدارانی ئەوکات چەندە ستەمکار بوون سەرەتا، بەڵام ڤۆڵتێر لە وەڵامەکەیا ئەڵێ: زۆر خۆشە هەندێ جاریش ئێمەش بۆ یەکتری باس لەو ستەمکاریانە بکەین و بۆ یەکتری بیر بخەینەوە، لێرەشدا هەندێ چەمك خۆشە باسی بکەینەوە، وەکو خۆشی من سەیرم لێ‌دێت کاك بەختیار یانی ئەو گرفتەی لای من هەیە، گرفتێکی چەمکە، گرفتێکی ژیان نییە لەسەر ماهیەتی کەسەکان، ئیشکالێکە لەسەر گرنگی کەسەکان مەعنەویەتی کەسەکان لای ئێمە مەعنەویەتێکی مردووە، سفرە، سەیرم لێ‌دێ کاك بەختیار هانی کۆمەڵێك ئەدا لە زمانی کاك بەختیارەوە کە هەر کاك بەختیار نییە ئەوە ژیان لەسەر سەروەری مانای چی؟ پێشکەوتن لەسەر سەروەری مانای چی؟ کێ هەیە لەسەر سەروەری بژی؟! کەی هاوچەرخ بوون لەسەر سەروەری بووە؟ کەی هەڵبژاردنەکان پەیوەندی بە سەروەریەوە هەیە؟! من لەگەڵتام حزبی شەهیدانی سەرچاو، سەرسامم بە قورسایی خۆم رێزت لێ‌دەگرم، بەڵام کەس بووە هەڵبژاردن لەسەر پرۆسەیەك، لەسەر سەروەری بووبێت، ئاخر ئەمە ئاوا ئەکات لە ئێمە لە

لاشعوریانە شوێن یەکتر بکەوین (سوکرات) قسەیەکی خۆشی هەیە ئەڵێ: مرۆڤەکانی ئێمە هەمووی چالاکن، بەڵام داخەکەی لەوەدایە چالاکییەکەی ئێمە بێسەروبەرە، نازانین بۆ چالاکین. هەمو هۆیەکەی ئەو شتانەیە. خاڵێکی تر باس لە خوێندنی هاوچەرخ دەکرێت، لەولاوە ئێمە قبول خاصمان هەیە (چەپڵە) کێ لە پشتی پرسەی قبول خاصەوەیە؟ کێ سیستەمی قبوڵ خاصی ناوناوە؟ ئاخر ئەمانە خۆی گرفتن، چ هێزێك هەیە لە دوای قبوڵ خاصەوە؟ بە تەزکیەی کێ قبوڵ خاص ئەکرێ؟

+ کاك مەلا بەختیار: من رێزی ئەوە دەگرم کە مێژوی سەروەری نییە، رێزی ئەوە ئەگرم کە بەرگری لە رەوتێك دەکا مێژووی نییە و ئازادیشم داوەتێ، لەمەودواش ئازاد ئەبێت، هەقی خۆیەتی ئەوە، بەڵام پێم سەیرە مرۆڤ کە بەرگری لە بێسەروەری بکا، رێز لە سەروەری خەڵکی تر نەگرێ، و حەقی نەبێ ئەو کەسەی کە سەروەری هەبێ باسی بکا، بەڵێ سەروەریم هەیە، بچن هەموو هەڵبژاردنەکانی دنیا بخوێنەوە، هەموو حیزبێك، هەر منافەسە دەکات، هەر کەسێتیەك کە ئەبێتە کاندیدی حیزبەکانی دنیا، مێژووی ئەو حیزبە باس دەکەن، مێژووی ئەو کاندیدە باس دەکەن، دەسکەوتەکانی باس دەکەن، تێکۆشانەکانی باس دەکەن، تواناکانی ئەو مرۆڤە باس دەکەن، بۆئەوەی خەڵك بزانێت ئەمە چیە؟ ئەکرێ لە بۆشایی مرۆڤ هەڵبژێری؟ ئەکرێ لە بۆشایی متمانە بە حیزبێك بکەیت؟ ئەکرێ لە بۆشسایی دەسەڵاتێك قبوڵ بکەین یان رەفز بکەین؟ ناکرێ، یانی چی من نەتوانم باسی سەروەریەکانم بکەم، چۆن؟ئەو ئازادییە چۆن لە من زەوت دەکەیت؟ ئەتوانی تۆ مناقشە لەسەر سەروەریەکانم نەکەیت. قبوڵتە یان قبوڵت نییە، راستت کردووە یان هەڵەت کردووە، بەڵام ناتوانی بڵێیت باسی مەکە. من ئازادم لە باسکردنی خۆم، تۆش ئازادیت لەوەی رەخنەی لێ بگریت، یانی چی هەڵبژاردن پەیوەندی بە سەروەری و بە خەبات و بە تێکۆشان و ماندووبونەوە نییە؟ چۆن شتی وا ئەبێ؟ پەیوەندی بە سەروەری یەوە هەیە، پەیوەندی بە خەباتەوە هەیە، پەیوەندی ەب تێکۆشانەوە هەیە، پیوەندی بە پەرۆشییەوە هەیە، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئایا راستەوخۆ خەم ئەخۆیت؟ ئەزمونت هەیە؟ کە خەم ئەخۆیت یان ناخۆیت؟ رابوردت هەیە کە تۆ راست ئەکەیت؟ ئەی هەروا بە ئاسانی بێیت و متمانەت پێبکەم، بەبێ ئەوەی بتناسم،

بەبێ ئەوەی بزانم فعلەن تۆ لە تەنگانەدا، لە ئایندەی رووداو و گۆڕانکاریەکاندا، ئەو مرۆڤەی بتوانیت نوێنەرایەتی من بکەیت، ئەو مرۆڤەی بتوانی ئازادیەکانی من بەدی بێنی، ئەو مرۆڤەی بتوانی خوێندنی هاوچەرخ بەدی بێنی. ناکرێ، تاقیکردنەوە زۆر گرنگە لە ژیاندا، هەموو قسەکانمان تێورین، تەنها تاقیکردنەوە، ئەتوانێ مەحەك بێ، بەدەستی ئێمە هەر قسەیەك بکەیت تۆ تیۆرییە تەنها ئەو شتە تیۆری و پەیمانەیە کە دراوە، ئەوەی کراوە زۆر دەوڵەمەندترە لە شتە تیۆریەکان، پێم خۆشە کاك زمناکۆ، ئیستیشهاد بە مارکس دەکات، منیش قبوڵی بێت یان نەء ئیستیشهادێك بە مارکس دەکەم، بۆ وەڵام دانەوەی ئەو مارکس ئەڵێ: (ان أي خطوة تخطوها الممارسة العملية لهي اهم في الالف دزينة في برامج) لە نامیلکەی رەخنەی گوتارا وا ئەڵێ، پێم وایە لە (ل ٧٦) دایە، ئەگەر لەبیرم نەچووبێتەوە. ئەگەر هەر هەنگاوێك پیادەکردنی کرداری ببینێ لە هەزار دەرزەن بەرنامە باشترە، کە هەزار دەرزەن بەرنامە ئەکاتە چەند؟ ئەکاتە (١٢) هەزار بەرنامە، بەقەد یەك هەنگاوی کردار گرنگ نییە.

بەرنامە پەیمانە کاکە. کاری کرداری راستگۆیەتیە، حەقیقەتی هێز، حەقیقەتی مرۆڤ لەوەدایە کە چی کردووە، لەوەدا نییە کە چ پەیمانێکی بەهەشتی و ئەم دنیایە و ئەو دنیایەی بە تۆ ئەدا، بۆیە سەروەری زۆر زۆر گرنگە. من ناتوانم ئێستا بە میسالی قسە بکەم، ئێستا کە خەو ئەبینم خەو بە شەهیدەکانمەوە ئەبینم، جوانترین شەهیدم بەخشیوە. ئەوکاتەی کاك شەهاب بەسە کۆی سێدارەدا سەرکەوت لە (١٩٧٦/١١/٢١) وتی (کەم بژی کەڵ بژی).

ئەوە کوردی پێ راچڵەکاندا. ئەوەی زانکۆ خەڵکی فێری بەرەنگاری کرد. کاك ئارام بە تاقی تەنیا بەرەنگاری جاشی کرد، تا شەهید بوو مرۆڤ چۆن بکرێ بۆ کورد و کوردستان ئاربیجیان پێوەناوە. هەزاران تێکۆشەر و قارەمان، تۆ نازانی کاکە کارەساتی هەکاری یانی چی؟ تۆ نازانی ئەنفال یانی چی، تۆ نازانی لە هەڵەبجە چیمان بەسەرهات؟ تۆ نازانی دێهاتەکان کە روخێنرا لە (٣) ژەم، ژەمێك نانمان دەست نەدەکەوت، تۆ نازانی ئێستا کە دائەنیشین چەند بیر لەوە نەکەنیەوە، ئەبێ ئەم میللەتە چی لێ بکەین، بڵێم تۆ نازانی بەرەنگاری ٣١ ی ئاب چەند گرنگە بڵێم چی، تۆ نازانی هەموو تەیارە پێشکەوتووەکانی تورکیا

هاتنە سەرمان لە شاخی سەفین و حەسەن بەگدا کە پێشمەرگە دوشکەی پێیە دۆشکاش چەکی بەرەنگاری جەنگی یەکەمی جیهانیە.

جیاوازی زۆرە مرۆڤ روبەڕووی مەرگ بێتەوە، و مرۆڤ لە هۆڵی جواندا قسە بکات، مەرگ دوا تاقیکردنەوەی سەختی ژیانی مرۆڤە. قبوڵتان نییە ئازادیت من ئازادم لەوەی شانازی پێوە بکەم و بیشیبەستمەوە بە سەروەریەکانم و بە هەڵبژاردنەکانیش. ناتوانم نەیبەستمەوە، ئەمە یەك. دووەم خوێندنی هاوچەرخ و قبوڵ خاص. حەزدەکەم بزانن ئەو ئۆباڵەی لەسەر ئێمەیە جیاوازە لەگەڵ ئەو ئۆباڵەی لەسەر خەڵکە وەکو مرۆڤ، یان ئەحزاب کە ئەو بەرپرسیاریەتیەی لەسەر شان نیە، کە لەسەر شانی ئێمەیە، من لەگەڵ تۆم قبول خاص لە کۆلێژە زانستیەکاندا کوفرە، بە راستی لە ئەندازیای لە پزیشکی لەمانە لە کیمیا، فیزیا، کوفرە، من قسەی خۆمت بۆ دەکەم.

ئەو وتی رای خۆت بڵێ، من ئەمانەم پێ کوفرە، بەڵام لە هەندێ کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتی هەیە، هەندێ حاڵەت دێتە پێشەوە کە خوێندکار باوکی شەهید بووە لە بەرمەکان بووە. بە هەزار کوێرەمەرگی گەورەیان کردووە، ئێستا پێگەیشتووە، یەت بەرۆکت دەگرێ و دەڵێ باوکی منت بەکوشت دا و یاسای ئەهلیەکەی ئێوە هەندێ کۆلێژی مرۆڤی هەیە، پەروەردە هەیە، هەرچ چۆنێك بێ دەبێ قبولم بکەیت، ئەتوانم هەر (٥٠) ی عاجز بکەم (١٠٠)ێ عاجز بکەم، عاجزیشی ئەکەم ئەچن ئازوقەی ئەدەنێ، ئەڵێن ئەوە (ی.ن.ك) خزمەتی مناڵە شەهیدەکانی خۆی ناکات، مانگی (١٠٠) دیناری ئەدەنێ (١٠) دۆلاری ئەدەنێ ئەڵێن (ی.ن.ك) خزمەتی مناڵە شەهیدەکانی خۆی ناکات. (چەپڵەیەکی گەرم) عاجزی ئەکەم لێم ئەکۆڵێتەوە، قبولی ئەکەم لێم قبول ناکەیت.

ئەمەوێ هەمووتان بزانن مناڵی شەهید بە فرمێسکەوە دەکەوێتە بەرچاوت، تۆ تەسلیم دەبیت، هەندێ حاڵەت هەیە ئەبێ ئیستسنای تێدا بێت، بەرای منیش بێت هیوادارم لە چەند ساڵی ئایندەدا قبول خاص نەمێنێ، بەڵام پێم وا نییە ساڵی ئایندەش و دواتریش هەندێ حاڵەت هەیە بتوانین مەراعاتی نەکەین، ئێمە چی ئەکەین، ئایا بنەمای یاسای ئێمە، یاسای قبول خاصە؟ یان پێداگرتن لەسەر خوێندنی هاوچەرخ و بۆ زانکۆکان ساڵ بە ساڵ ئەمە کەم بکەینەوە و ئاستەکان وای لێبێت پێویست نەکات قبول خاص هەر بە لاشیا برۆین.

سوپاس

- محمد عبدالله: ئێمە پێشەکی باسی قبـولّ خـاص، وەکـی کێشـەیەك ئەکـەین. تەمەنم ٦ ساڵان بووە بـاوکم شـەهید بـووە یـانی ئـەوە نـەك بڵـێم مـن بـواری خوێندن، تەنانەت جێگای خەوتنیشمان نەبووە، ئێمە سـەرەڕای دەربـەدەری و لەوەیە ڕۆژانە (٣) شارمان کردبێت، لەترسی ڕژێمـی بـەعس، دوای ئـەوەش ئێمـە خۆمـان بـە قبـولّ خـاص وەرگیرایـن. جـاری پێشـوش لەگـەڵ کـاك نەوشیروان لێرە دانیشتنێکی ترمان کرد و دواتریش خـۆم نوسـینێکم بـرد بـۆ کوردستانی نوێ سەبارەت بە وەڵامداونەوەیەکی کۆڕەکەی کـاك نەوشـیروان، ئەو شتە لەسەر قبـولّ خـاص بـوو، بـەڵام بەداخـەوە بۆیـان بڵاونەکردمـەوە. وەکـو قبـولّ خاصـی هەنـدێ خوێنـدکار خـۆی وا ئەبینێتـەوە، کەلـە پلـە و پایەیەکی زۆر بەرزترا ئەبینێتەوە، لە کەسانی قبولّ خـاص. مـن ڕۆژانـێ بـوە لەوانەیە، ١ دینارم پێ نەبووبێ دەیـەها شـارمان کردبێـت لـە دەسـتی حزبـی بەعس، لەوەیە ڕۆژانێ بووبێ کەسانی قبولّ خـاص کـەس و کـاری شـەهیدان هەزاران هـەبێ کـە خـۆی بەخێوکـەری ماڵـەو خوێندنیشـی ئـەکات، توانیومـە هەموو خوێندنەکانیش بە سەرکەوتوویی ببڕم بەبێ ئـەوەی دواش بکـەوم، بـە نمرەی باشیشەوە، لەگەڵ ڕێزما بـۆ ئەوانـەی تـریش، ئـەوە مەسـەلەیەك نیـە بۆئەوە مەسەلەی قبولّ خاص لە هەموو جیهاندا شتی وا هەیە، قبولّ خاصـی مـن ئەگـەر بەخێروکـەی ماڵـەوە نەبومایـە لـە پـۆلی ٦ ی زانسـتی (٧٨) م دەرکردووە. خاص پەیوەنـدی بەخۆمـەوە ئـەڵێم ئیشیشـم کـردووە، ڕۆژانـە، کۆلێژیش وەریدەگرتم، لەبەر نەبوونی چـوومەتە پەیمانگـە دو سـاڵ پەیمانگـە تەواو بکەم و بچم بە دەردی کاك بـەختیار وتـی دامـەزرێم و بۆئـەوەی بـژێوی ژیان دابین بکـەم، لەگـەڵ، ئەوەشـدا کـە ئیمڕۆکـە کـە ئـەم بـوار ڕەخسـاوە، پێویستە قبولّ خاصی ئـەو شـتانەی بـۆ بکرێـت ئـەو خەڵکـەی تـر بـە چـاوی حسادەتەوە سەیر نەکەن، بـە ڕاسـتی شـەهیدان لـەوەش ڕێزیـان زیـاترە کـە قبولّ خاصە، نەك کەسانی تر هێرش بکەنە سەریان و زۆر سوپاس.

+ کاك مەلا بەختیار. کاك زمناکۆ ئەمە شێوەیەکە لە قبولّ خاص.

## بەشی حەوتەم؛ چاوپێکەوتن:

١- دیمانەی بەڕێز ( مەلا بەختیار )
دەربارەی خوێندکار و بزوتنەوەی خوێندکاران.
٢- هەڤپەیڤینی..
بەرنامەی لێدوانی ( T.V ) حیزبی زەحمەتکێشان
لەگەڵ هەڤاڵ ( مەلا بەختیار ).

# دیمانەی بەڕێز
# مەلا بەختیار
# دەربارەی خوێندکارو بزووتنەوەی خوێندکاران*

**سازدانی:**
**کۆمیتەی رێکخستنی خوێندکاران**
**بەشی راگەیاندن و روناکبیری**

**پ١/ خوێندکار کێیە؟**

و/ خوێندکار ئەو کەسەیە کە لەپێناوی پاشەڕۆژی خۆیو گەلەکەی؛ خوێندن لەقۆناغێکی ژیاندا دەکاتە پیشەی خۆی؛ کە چارەنووسی ئەبەستێتەوە بە پلەکانی خوێندنەوە.

خوێندکار بەپێی سەلیقەی خۆی، لەناو بوارەکانی خوێندنی زانستە مرۆییەکان، زانستە سروشتیەکانو بوارەکانی تری خوێندن، تێدەکۆشێت خۆی پێبگەیەنێت. بەم مانایە: خوێندکار توێژێکی فراوانی کۆمەڵن کە ئەتوانن هەموو زانستەکان، پلە بە پلە فێربن، و لە ئایندەشدا دەتوانن پاشەڕۆژی خۆیان و گەلەکەیان بەشێوەیەکی هاوچەرخ پێش بخەن. بەحوکمی ئەوەی خوێندکار لە خوێندنگاکاندا دەبێ بخوێنێو پێویستی بەدابین کردنی پێویستیەکانی خوێندنە، بۆیە، چارەنووسی خوێندکار جگە لەزانستو پرۆگرامەکانی خوێندن، هەتا خوێندکار بێ، دەبەسترێتەوە بەبزوتنەوەیەکی دیموکراسی خوێندکارانیش. بەم پێیەش، خوێندکاران دەبنە کەرتێکی فراوانی تایبەتی کۆمەڵ.

* سازدانی: کۆمیتەی رێکخستنی خوێندکاران – بەشی راگەیاندن (٢٠/٢/٢٠٠٠).

**پ٢/ رۆڵی خوێندکاران پێش راپەڕین و دوای راپەڕین، و بەشدارییان لە شۆڕشی نوێدا و رۆڵیان لە کۆمەڵەی خوێندکاراندا، وەك رێکخراوێکی پیشەیی.. چی بووە؟**

و/ ئەم پرسیارە ئەگەر بمانگێڕێتەوە، بۆ رۆژگاری دوای.. دوامانگی شۆڕشی ئەیلول و، هەرەس، ئەو رۆژگارە ترسناك و سامناکەی کە باڵی بەسەر بارودۆخی کوردستان و گەلی کورددا کێشابوو، ئەو رۆژگارە هەموو کەس ئەزانێت کە رێکەوتننامەی جەزائیر دژی شۆڕشی کورد مۆرکرابوو، مەخابن سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول رێکەوتنامەی جەزائیری حەڵاڵ کرد و، بەرەنگاری نەکرد؛ بڕیاری بڵاوەپێکردنی شۆڕەکەیدا.

ئەوکاتە رێکخراوە دیموکراتییەکان، لە شۆڕشی ئەیلول دا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، بە رێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانیشەوە، سەرجەمی رێکخراوەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو بڕیارە کە ماوەیەکی زۆر وەکو رێکخراوی پیشەیی کاریان دەکرد. کە شۆڕش و پارتی کۆتاییان بەخۆیان هێنا، رێکخراوە دیموکراتیەکانی سایەی پارتیش (بە قوتابیانیشەوە) بڵاوەیان لێکرد.

هەنگێ، هەروەکو سەنگەرەکانی خەبات چۆڵ کران، بزووتنەوە پیشەییو دیموکراسیەکانیش بێ کەس بوون، بۆشاییەکی گەورە لە کوردستاندا کەوتە ناو چینو توێژەکانەوە. پێشوەخت ئەم بۆشاییە لەناو خوێندکاراندا بەزەقی دەرکەوت. چونکە سیاسەتی سەرەکی بەعس لەو هەلومەرجەدا تەعریب کردن و، تەبعیسو، تەرحیل کردن بوو لە کوردستاندا. بەچڕیو بە بەرنامە تەعریبی زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا دەستی پێکرد، تەبعیس لە خوێندگاگان و لە پەروەردەدا سەپێندرا، دەویسترا لەماوەیەکی دیاریکراودا زمانو کلتووری کوردی لەبێخ دەربێنن. ئەم بەرنامە خەتەرناکەش راستەوخۆ بەرامبەر بە دوو توێژ، بەرامبەر بە دوو کەرت، دەسەپێندران. ئەوانیش مامۆستایان و خوێندکاران بوون.

خوێندکاران بە حوکمی گیانی بزێو و کاردانەوە و هەستی جۆش خواردوو، زوو دەرکیان بەخەتەری سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەعس لەناو خوێندنو خوێندنگاکاندا، کرد. بۆیە لە ساڵەکانی (١٩٧٥ – ١٩٧٦) بزووتنەوەیەکی خۆڕسکی خوێندکاران بەرە بەرە سەرەنجامی کەڵەکەبوونی کاردانەوەی هەستی

نەتەوایـەتیو چارەنووسـی زمـانو کلتـووری کـوردی خوڵقـاو، ورده ورده ئـەو بزوتنەوه خۆڕسکیيه هەتا دەهات پەرەی ئەسەند. گەیشـتە نـاڕەزایی ئاشـکرای خوێندکارانو کاردانەوەیان بەرامبەر سیاسەتەکانی رژێم. تەنانـەت کـار گەیشـتە رادەی خۆپیشـاندنو گـرتنو راوەدونـانی خوێنـدکارانیش. هـەتا هەلومـەرجێکی ئەوتۆ رەخسا کە دەبوو رێکخراوێك لـەناو خوێنـدکاران دروسـت ببێـتو بتوانێـت سەرپـەرشتی خەباتی پیشەیی دیموکراسی، خـەباتی رەوای فراوانـی خوێنـدکاران بکات. ئا لەو هەلومەرجەیا ساڵی (١٩٧٦) کۆمەڵەی خوێندکاران دامەزرا.

بـە دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کوردسـتان دوو مەسـەلەی زۆر زۆر گـرنگ رووبـەڕووی بویـەوە، یـەکێکی ئەوەیـە کـە ئەوکاتـە دامەزرانـدنی هـەموو رێکخراوێکی دیموکراسی پیشەیی بڕیاری (عیدام) ی لەسـەربوو. واتـە: چـەند تـۆ حیزبێکی نهێنیت دروسـت بکردایـە بڕیـارە قەرەقوشـیەکانی بـەعس بـۆ (عیـدام) کردن ئەیگرتیتەوە، هەر بەو شێوەیەش گەر رێکخراوێکی پیشەیی یا هونـەری یـا ئـەدەبی نهێنیـت دروسـت بکردایـە ئـەوا بڕیـاری (عیـدام)ت بەسـەردا جێبـەجێ دەکرا. ئەمە خاڵێك؛ خـاڵی دووەمـیش: لـەو بارودۆخـەدا دروسـت کردنـی گیـانی بەرەنگاری لەناو خوێندکاران و بەستنەوەی بە شۆڕشی کوردستان مەسـەلەیەکی گرنگ بوو..

لە سەرێکەوە بە دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێنـدکارانی کوردسـتان، کـە ئەوسـا نـاوی (یـەکێتی خوێنـدکارانی کوردسـتان) بـوو. بەرپـەرچـی بڕیـاری (عیـدام) ی حکومەت درایەوە. ئەمە لەکاتێکدا جگە لەوەی کە یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان لـەئارادا نـەمابوو، (یـەکێتی قوتابیـانی گشـتی سـایەی حیزبـی کۆمۆنیسـتی عێراق)یش، هـەر لەبـەر ئـەو بڕیـاری عیـدام کردنـەی رژێم بەرامبـەر بـەڕێکخراوە دیموکراتیـەکان، خـۆی هەڵوەشـاندبووەوە. لـە لایـەکی تریشـەوە، لـەناو خوێندکارانـدا، ئـەرکی کۆمەڵـە بـوو بـیری شـۆڕش و بـەرەنگاری نەتـەوەیىو چینایەتی میللەتەکەمان ورده ورده بەرەو پێشـەوە بـەرێ. لـە دامەزراندنیانـەوە کۆمەڵـەی خوێنـدکاران هـەتا ئـەمڕۆ بێوچـان لـە تێکۆشـاندان، بەڵگـەی تێکۆشانیشـیان ئەوەیـە کـە ئەگـەر سـەرژمێری زیندانیـە سیاسـیەکانی کوردستان لە شۆڕشی نوێدا بکـەین، زۆربـەیان خوێنـدکار بـوون، ئەگـەر سـەیری شەهیدەکانی ناو شارەکانیش بکەین بەشێکی بەرچـاویان یـا خوێنـدکاربوون یـان

لە دوای دەرچوونیان بەشێوەیەك لە شێوەكان دەرچووبوون، بەڵام لە ریزی كۆمەڵەی خوێندكاراندا هەر كاریان دەكرد. (ئازاد هەورامی) یەكەمین سەرپەرشتیاری گشتیان و سكرتێریان بوو، شەهیدبوو، دوای ئەو هاوڕێ (شامل) ئەویش شەهید بوو، دوای ئەو (رؤوف ئاكرێی) سكرتێریشیان بوو، شەهید بوو.

ئینجا چەندین ئەندامی سكرتاریێتیان و چەندین ئەندامی لقیان و چەندین ئەندامی كۆمیتەكانیان و چەندین كادیریان، سەدان ئەندام چ پێشمەرگە و چ لە ئاستی بەرپرسیاریەتیدان، شەهید یان زیندانی بوون.

كەوابێت سێ سكرتێر، چەندین ئەندامی سكرتاریەت، چەندین ئەندامی لق، یان كادیر یان سەدان ئەندام و هەزاران دۆستی ئەوان، شاهیدی ئەوەن كە كۆمەڵەی خوێندكاران لە رۆژگارە سەختەكانی خەباتدا، گیانی بەرەنگاریو پەرەپێدانی خەباتیان هەبووە و ئێستاش لە ریزی یەكێتی نیشتمانی كوردستاندا دەیان كادیری پێشكەوتوو لە مەكتەبی سیاسیەوە بۆ خوارەوە لە ئەندامە چالاكەكانی كۆمەڵەی خوێندكاران بوون، نموونەكانیان ( كاك كۆسرەت) و كاك (قادری حاجی عەلی). دەیان لەو كادیرانە لەوانە من بزانم پێویست ناكات ناوی هەموویان بهێنم ئەمانە ئەندامی كۆمەڵەی خوێندكاران بوون جگە لەوە كە زۆری تریش لە دەزگاكانی خوارەوەن.

ئەمە پێش راپەڕین، مرۆڤ ئەكرێت بڵێ: چ قۆناغێك لە قۆناغەكانی شۆڕشی نوێ سەخت بووبێ، كیمیاباران بووبێ، ئەنفال بووبێ، شكست بووبێ، سەركەوتن بووبێ، ژێركەوتن بووبێ، كۆمەڵەی خوێندكاران كۆڵی نەداوە و درێژەی بە خەبات هەتا ئەمرۆداوە. لە راپەڕین بەدواشەوە كۆمەڵەی خوێندكاران لە گۆڕانی قۆناغی خەبات لە شاخەوە بۆ شار هاتۆتە ناو شارەكانەوە و لە شارەكاندا سەرەڕای ئەوەی ئەزموونی خەباتی پیشەیی و دیموكراسی ئازادانەیان نەبووە، بەڵام وردە وردە گونجاون و توانیوانە بەرگری لە مافە پیشەیی و دیموكراسیەكانی خوێندكاران بەرامبەر بە حكومەتی خۆشمان بكەن، بەرامبەر پەرلەمانی خۆمان، بەرامبەر دەزگاكانی خۆمان، ئەمەش بۆ پێشكەوتنی ئەزمونە دیموكراسیەكەمان زۆر گرنگ بووە. وردە وردە ئەم بەرەنگاریكردنەیان، ئەم خەبات كردنەیان بۆ كۆمەڵەی خوێندكاران وای كردوە لەناو خوێندكارانی كوردستان سەرانسەر، هەروا لەناو خەباتە پیشەییەكانی خوێندكاراندا

کۆمەڵــەی خوێنــدکاران داینەمۆیــەکی گــرنگ و پێشــەنگێکی کاریگــەر بــێ و جێدەستیان هەمیشە دیاربووە.حەق وایە ئەمە بپارێزن.

ئێستا هەڵبـژاردنی زانکۆ و پـەیمانگاکان دەری خسـت کـە کۆمەڵـە هێـزێکن ئەوەنـدە کاریگـەرن کـە مەحاڵـە هـیچ هێزێـك بتوانـێ تەئسـیریان تێبکـا، یـان رێکخراوێکی تـازە دامـەزراو بەخـەیاڵ وابـزانن لـە ئاسـتی ئەوانـدا خۆیـان نیشـان بدەن، یان بتوانن ئاڕاستەی خەباتی کۆمەڵە بگۆڕن. کۆمەڵەی خوێندکاران لەبـەر ئەوەی نوێنەری خواسـتە هاوچـەرخەکانی بزوتنـەوەی خوێندکارانـە، لـەژێر هـیچ فشارێكو ترسو تۆقاندنێك، رێبازی دیموکراسی نـاگۆڕێ. دیـارە ئەمـە لەکاتێکـدا ئەگـەر بـەردەوام کۆمەڵـە بـە خـەبات و دەسـتکەوت و پێشـکەوتن بتـوانن رۆڵـی پێشـەنگی خۆیـان لـەناو خوێندکارانـدا بپـارێزن. ئەشـتوانم بڵـێم پـێش راپـەڕین سەرکەوتنی هەموو ناڕەزای و خۆپیشاندانێك کە لە کوردستاندا کـراوە کۆمەڵـەی خوێندکاران لـە پشـتیانەوە داینـەمۆی بـووە، بـەبێ کۆمەڵـەی خوێنـدکاران هـیچ کـارێکی گـەورە نـەکراوە، واتـا: تەقانـەوەی ئـەو نـارەزاییو خۆپیشـاندانانە لـە خوێندنگاکانـەوەبووە. لـەناو خوێنـدکاران و خوێندنگاکانیشـدا، کچـان رۆڵـی زۆر باشیان هەبووە. بەراستی مایەی شانازین.

**پ٣/ پێگەی خوێندکار لـە سۆشـیال دیموکراتـدا یـان خوێندنـەوەی سۆشـیال دیموکرات بۆ توێژی خوێندکار چۆنە؟**

و/ یەکـەم: سۆشـیال دیمـوکرات لـە دیـدی دیموکراسـیەوە سـەیری هـەموو رێکخـراوە دیموکراسـی و پیشـەیو جەماوەرییـەکان دەکـات. دیموکراسـیەت گرنگترین مەسەلەیە لە خەباتی سۆشیال دیموکراتەکانـدا. کەواتـە خوێنـدکاریش لەم بارەوە لەناو بازنەی دیموکراسیەت سەیرئەکرێت.

هەر حزبێکی سۆشیال دیموکرات کەمترین لە بەهاکانی دیموکراسیەت سەیری هەر رێکخراوێکی دیموکراسی بکات، زەرەرێکی یەکجار گەورە دەکات.

دووەم: سۆشـیال دیمـوکرات زۆر بـاوەڕی بـە کۆمـەڵی مـەدەنی و ئـازادی و دیموکراسی هەیە. خوێندکار لە ئازادی رادەربڕین، لە ئـازادی ئـەقڵ، لـە خزمـەت کردنی کۆمەڵی مەدەنی، رۆڵێکی یەکجار گەورەی هەیە، چ رۆڵی زانسـتی چ رۆڵـی مــەدەنی چ رۆڵــی کۆمەڵایــەتی.. لەبەرئــەوە سۆشــیال دیمــوکرات لــە دیــدێکی گەورەوە گرنگی بە خوێندکار ئەدات.

چـوار پایــە لــە سۆشــیال دیموکراتــدا زۆر گــرنگن: یەکــەم: کرێکــارانو زەحمەتکێشان، دووەم: لاوان.. سێهەم: ژنـانو چوارەمیش خوێنـدکاران. ئـەوە سەبارەت بە ئەوروپا، بەڵام لە رۆژهەڵاتدا دیارە سۆشیال دیموکرات ئـەزموونێکی کەمی هەیە لەچاو ئەوروپادا، تاکو ئێستا جگە لە ئیسرائیل و تورکیا، ئەزمونێکی تر نیيە کە حزبی سۆشیال دیموکرات لـە رۆهەڵاتـدا هاتبێــە سـەرکار، (ی.ن.ك) سێیەم ئەزموونـە لـە رۆژهەڵاتـدا... راسـتە سۆشـیال دیمـوکرات لـە کوردسـتانی ئێـرانیش هەیـە، پـێش (ی.ن.ك) حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بۆتــە سۆشیال دیموکرات، بەڵام نەهاتۆتە سـەرکار. بەپێچـەوانەوە لـەدوای ئـەوەی کـە بەرنامەی سۆشیال دیموکراتیپەسەند کردووە، هـەلو مـەرجی بابـەتیو تایبـەتی ئێران توشی شکستی عەسکەری کردون، هەتا ئێستا لـەو شکسـتە عەسـکەرییە هەڵنەستاونەتەوە، هەربۆیە لـە رۆهەڵاتـدا ئـەزمونی سۆشـیال دیمـوکرات، لەگـەڵ رێکخراوە دیموکراتیەکان، ئەزمونێکی تازەیـە، پەیوەندیشـیان لەگـەڵ رێکخـراوە دیموکراتیەکاندا مامەڵەیەکی تازەیـە. ئەشـتوانم بڵـێم کـە (ی.ن.ك) توانیوویـەتی سـەرەرای ئـەوە کـە ئـەزموونێکی پێشـینەیی رۆژهــەڵاتی بـۆ حـوکمی سۆشـیال دیموکرات نیيە لە رۆهەڵاتدا، بەڵام (ی.ن.ك) توانیویەتی لـە روانگـە فراوانەکـەی سۆشیال دیموکراتی دنیاوە مامەڵـە لەگـەڵ رێکخـراوە دیموکراتیـەکان بکـات، بـە خوێندکارانیشــەوە، هەربۆیــە ئــەبینین خوێنـدکاران لای (ی.ن.ك) وەك حزبێکـی سۆشـیال دیمـوکرات، پێگەیـەکی تایـەبتی هەیـە، بایـەخێکی تایبـەتی هەیـە و خزمەتێکی تایبەتیشـی هەیـە. چـونکە ئێسـتا لـە کوردسـتاندا، جگـە لـە خـودی خوێندکارو خەباتە دیموکراسیەکەیان، مەسەلەی گۆرینی پرۆگرامـی پـەروەردەو خوێندنی هاوچەرخیش بۆتـە ئامـانجێکی چـارەنووس سـاز سـەبارەت بـە کـوردو سەبارەت بە هێزە دیموکراسیو عەلمانیەکان.

**پ٤/ خەباتی خوێندکاران و مەسەلە ئایدیۆلۆجیەکان؟**

و/ خوێندکار وەك هـەموو کەسـێك بـۆی هەیـە ئایدیۆلۆجیەتیـەك هەڵبـژێرێت، بــەڵام بــۆی نیيــە لــەناو رێکخــراوی کۆمەڵــەی خوێنــداکاران بڵێــت تــەنها ئایدیۆلۆجیایەك پەیرەو بکرێ.

ئەکرێت ئەندامێکی کۆمەڵەی خوێندکاران ئایدیۆلۆجیای سۆشـیال دیمـوکراتی قبولّ بێت، بەڵام ناکرێت بڵێت ئەوەی سۆشیال دیموکرات نەبێت قبـوڵی ناکـەین.

نـاتوانن بڵـێن ئـەوەی فەلسـەفەی سۆشـيیال دیمـوکراتی نـەبێت لـە کۆمەڵـەی خوێندکارانـدا، قبـوڵی ناکـەین. ناشـکرێت لـە بەرنامـە و پـەیڕەوی کۆمەڵـەی خوێندکارانا سۆشیال دیموکرات بکرێت بەپرنسـیپێکو پێوانەیـەك بـۆ وەرگرتنـی ئەندام و دۆست و لایەنگر.

بۆیە لە گۆشەنیگای فەلسەفیيەوە، کۆمەڵەی خوێنـدکاران وەك ڕێکخراوێکـی دیموکراسـی ناتوانـێ ڕۆڵـی خـۆی ببینـێ، دەبـێ لـە ڕوانگەیـەکی فراوانـی دیموکراسیيەوە خەباتی دیموکراسی خوێندکاران ئاڕاستە بکات.

هەڵەیەکی یەکجار گەورەیە کە کۆمەڵەی خوێنـدکاران، یـان هـەر ڕێکخراوێکـی تری خوێندکاریو پیشەیی، یان دیموکراسی، بە ئاڕاستەی تیۆری و ئایدیۆلۆجی، خەباتی ڕێکخراوەی و پیشەیی خۆی سەرکردایەتی بکات.

**پ٥/ خەباتی خوێندکاران و ئاین چ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە هەیە؟**

و/ هەروەك چۆن فەلسەفە، ئایدیۆلۆجیا، ڕێبازی سیاسی جیاواز جیاواز لەناو خوێندکاراندا جێگای ئەبێتەوە، هەر بەم شێوەیەش مەسەلەی ئاین و مەزەبەکان جێگەیان ئەبێتەوە.

وەك چـۆن لـە ئایدیۆلۆجیەتـدا نـاتوانین پێوانـەی ئایدیۆلۆجیـەت و پێوانـەی فەلسەفە بۆ ڕێکخراوە پیشەیيەکان بەکاربێنین، هـەر بـەو شـێوەیەش پێوانـەی مەزهەب یان پێوانەی ئاینی بۆ ڕێکخراوە دیموکراسیيەکان نـاکرێ بـەکاربهێنرێ. هـەموو جـۆرە شـەتەك دانـی ڕێکخراوێـك لـە ڕێکخـراوە خوێندکاریـەکان، یـان ڕێکخراوێـك لـە ڕێکخـراوە دیموکراسـییەکان، یـان سـەندیکایەك لـە سـەندیکا پیشەییەکان، هەموو جۆرە شەتەك دانێکیان بە مەزهەب یان بە تەریقەت یان بـە هەر مەسـەلەیەکی ئایدیالیسـتیو لاهـووتی، ئیسـلامی یـان مەسـیحیی، یـان هـەر ئاینێـك وەیـاخود هـەر مەزهـەبێکی تـر، دەبێتـە مایـەی تێـك چـوونی خـەباتی دیموکراسی و تەقینەوەی ناکۆکییە کۆن و بەسەرچووەکان.

کارێکی لەوجۆرە نەك ناتوانێت خـەباتی دیموکراسـی پـێ گەشـەبدەی، بگـرە ڕیـزی خـەباتی دیموکراسیشـی پـێ تێـك ئـەدەی؛ چـونکە کاتێـك کـە ئـەگوترێ ڕێکخراوی قوتابیانی ئیسلامی، یان ژنانی ئیسلامی، یان مامۆسـتایانی ئیسـلامی، یان کرێکارانی مەسیحی، یان جوتیارانی نەقشـبەندی، یـان ئەنـدازیارانی قـادری، ئەمـە بەراسـتی بەبێئـەوەی دەرکـی پێکرابێـت تێکـدانی ڕیزەکـانی خـەباتی

پیشەیی‌یە و، دروست کردنی عەقڵیەتی مەزهەبگەری‌یە بەناوی دیموکراسیەوە. خولقاندنی عەقڵیەتی تایفەگەری‌یە بەناوی دیموکراسی‌یەتەوە. هێزە ئیسلامیەکان بۆیان هەیە رێکخراوی ئیسلامی جۆراوجۆر دروست بکەن. بەڵام ئەو رێکخراوانە ناکرێ دیموکراسی بن. چونکە دیموکراسیەت فەلسەفەیەکی فراوانە و، لەناو بۆتەی ئاین و ئایدیۆلۆژیا و مەزهەبدا، قەتیس ناکرێ.

دیموکراسی جێگای ئیسلام و غەیرە ئیسلامیش ئەکاتەوە، حیزبێکی ئیسلامی بۆی هەیە غەیرە ئیسلام لە ریزی خۆیدا جێنەکاتەوە، بەڵام رێکخراوێکی پیشەیی بۆی نی‌یە بڵێ لە ئیسلام بەولاوە کەسێکی تر قبوڵ ناکەم، ئەبێت مەسیحیش قبوڵ بکات، ئاسوریش قبوڵ بکات، ئەگەر جولەکەش هەبێت لە کوردستاندا ئەبێ قبوڵی بکات. تەریقەت و باوەڕی دیش قبوڵ بکات. تەنانەت دژەکانی ئیسلامیش قبوڵ بکات.

ئەوە پێناسە گرنگەکانی رێکخراوە دیموکراتیەکانە کە بە راستی هەتا بە ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش ناکرێت ئەو مەسەلەیە پشت گوێ بخرێ. ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش نابێت ئەو رێگایە بدات و رێگاش نادات لە راستیدا ریزی میللەتەکەی خۆت تێك بدەیت، بە درێژایی مێژوو، لە پەنای دەسەڵاتە باشەکانی ئیسلامدا، مەسیحیش هەبووە، مەزهەبی تریش هەبووە و مەشاعیری خۆیان هەبوو، پەرستگای خۆیان هەبووە، بەڵام هەر کارتێك دەسەڵاتێکی ستەمکاری ئیسلامی خۆی سەپاندبێت، ئاینەکانو مەزهەبەکانو فەلسەفەکان، زەوت کراوون. بۆ ئەبێت لە پاڵ ئاینەکە ئەگەر سیستەمێکی ئیسلامی باش لەسەر کار بوبێ، کایە مەزهەبەکانی تر هەبێت، ئاینەکانی تر هەبێت، بەڵام لە رێکخراوە دیموکراسیەکاندا هەر ئیسلامیەکان بن. لە راستیدا ئەم جۆرە ئەقڵیەتە هەرگیز لە مێژوودا، لەوپەڕی رۆژگاری دواکەوتندا، سەری نەگرتووە، چ جای بۆ ئێستا؟!

بە پێچەوانەوە ئەگەر لە مەسائیلی ئاین و ئایدیۆلۆجیا زۆر توندبیت، ئەبێت لە مەسەلەی دیموکراسیا بەرنامە فراوان بیت، خەبات فراوان بیت، دەرگا و پەنجەرە بکەیتەوە بۆئەوەی هەموو کەس بتوانێت خەبات بۆ دیموکراسیەت، بۆ ئازادی بکات، تۆ کە ئەڵێیت رێکخراوێکی مەزهەبی یان ئایدیۆلۆجی، ئیتر دەرگا لەڕووی خەڵکانی دیکە دادەخەیت. یان تۆ دیموکراسیەت بۆ مەزهەب و

ئایدیۆلۆجیەکەی خۆتت قبوڵە، بەڵام بۆ خەڵکی غەیری خۆتت قبوڵ نیە، ئەمە تێکدانی پرۆسەی دیموکراسییە.

ئەمە لەکاتێکدا لە سیاسەتیشدا نابێ وابێ، لە سیاسەتیشدا دەبێ دیموکراسیەتت بۆ بەرهەڵستکارەکانی خۆت قبوڵ بێت، ئینجا دەتوانیت بڵێی دیموکراسیم، کە تۆ لە سیاسەتدا دەبیتە سەرچاوەی دیموکراسی بوون.. ئیدی دەبێت دژەکانی خۆت قبوڵ بکەیت، ئەمە لە حیزب و حزبایەتیدا وابێت، لە دەسەڵات و دەسەڵات دارتیدا وابێت، لە رێکخراوە دیموکراتیەکاندا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك ئەبیت زۆر فراوان تر بێت لە حیزب. بۆیە عەقیدەگەری لە دونیای ئازادیدا، بەتایبەتی لە خەباتی پیشەیی و دیموکراسیدا، بە ناوی دیموکراسیەوە، دژایەتی کردنی خودی دیموکراسییە !

**پ٦/ پەیوەندی نێوان خوێندکاران و کۆمەڵی مەدەنی چیە؟ یان ئەرکی خوێنددکار چیە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵی مەدەنی؟**

و/ کۆمەڵی مەدەنی گرنگترین سیمای دیموکراتیە، هیچ کۆمەڵێك ناتوانین بڵێین دیموکراتی راستەقینەیە ئەگەر مافە مەدەنیەکانی نەپارێزرێ.

لە ناو کۆمەڵی مەدەنیا رێکخراوە دیموکراتیەکان بنچینەی دیموکراتیە و لەناو رێکخراوە دیموکراتیەکاندا خوێندکاران رۆڵێکی یەکجار گەروە دەبینن، لە رووی زانستیەوە، لە رووی کەسایەتیەوە، لە رووی خۆبەخشیەوە، لە رووی تێگەیشتنەوە و لە رووی ئەوەوە کە ئەمڕۆ و ئایندە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئینجا لە زانکۆکان و پەیمانگاکان، لە خوێندنگاکان لە هەموو ئەوانە خوێندکار ئەتوانین رۆڵێکی گەورە بگێرن بۆ روناك کردنەوەی رێگاکانی کۆمەڵی مەدەنی و کۆمەڵی مەدەنی بەرەو ئەوە بەرن کە ژیانێکی ئازادانەو مەدەنیانە بچێنن، بۆیە خوێندکار جگە لەوەی وەك پیشە، جگە لەوە کە وەك خەباتی دیموکراسی، وەك خەباتی پیشەیی، رۆڵێکی گەورەی لە کۆمەڵی مەدەنی هەیە، وەك روناك بیرێکیش، وەك فێرخوازێکیش، هەمیشە بەرەو فێربون و بەرەو دیموکراسیەتی کۆمەڵی مەدەنی ئەڕوات.

یەکێك لە بنچینە گرنگەکانی کۆمەڵی مەدەنی هاوولاتی بوونە. خوێندکاریش لەناو خوێندنو خوێندنگاکاندا، لەژێر کاریگەری زانستو فێربوونو ژیانی

سەربەستیدا، کەسایەتی هاوولاتی پەیدا دەکا. خوێندکار لە کۆمەڵی مەدەنی دەبێت خۆی دابڕێت لە خێزان، دابڕاوبێت لە بنەماڵە، دابڕاوبێت لە عەشیرەت، لە دۆگمی مەزهەبگەری، دابڕاوبێت لە خوێنبایی (رابطة الدم)، لە کاری ئەولاولا، ئەم دابڕانە لە هەموو ئەو گروپە بچووکانە، مرۆۋ وا لێدەکات پابەندی نیشتمانەکەی بێت، پابەندی نەتەوەکەی‌و گەلەکەی بێت. ناکرێ سەر بەخێڵێك بێت ئینجا کوردبێ. سەر بە عەشیرەتێك بێ، ئینجا هاولاتی کوردستانەکەی بێ. سەر بە بنەماڵەیەك بێ، ئینجا پەیوەندی نەتەوایەتی هەبێ. نەء، کورد، مرۆڤی کورد لە کۆمەڵی مەدەنیا و لە هەموو کۆمەڵێکی دنیا ئەبێ هاوولاتی نیشتمانەکەی بێت، پێش ئەوەی سەر بە هیچ گروپێك بێت.

خوێندکار وەکو فێرخواز وردە وردە ئەبێت بەخاوەن کەسایەتی هۆشمەندی خۆی. لە ئایندەیا ئەبێت بە خاوەن بڕوانامەیەك، ئەم بڕوانامەیە جگە لەوەی لە رووی ئابوریشەوە سەربەخۆیەتی زیاتر بە خوێندکارەکە ئەدا، کە ئابوری مەرجی سەربەستی تاکە کەسەکە، باشتر مسۆگەر دەکات، لەڕووی روناکبیرییشەوە مێشك‌و هۆشی خوێندکار پێشدەخات.

کە بوویت بە خاوەن ئابوری خۆت، ئەبیت بە خاوەن دەسەڵاتی تاکەکەسی خۆشت. ئەبی بەخاوەنی بڕیاری سەربەخۆی تاکەکەسی خۆشت. ئەبیت بە خاوەن هۆشی کەسایەتی خۆشت.

بۆیە خوێندکار پێبەپێی پۆلەکانی پێش کەوتنی خوێندن، کەسایەتی هاوولاتی خوێندکاری خۆی بەرهەم ئەهێنێ و ئەشتوانێت ببێت بە کەسایەتیەکی سەرکەوتووی کۆمەڵی مەدەنی. ئەگەر پەروەردە لەو پێناوەدا راست بکەینەوە و ئاڕاستەی دیموکراسیانەی مەدەنیانەی شارستانیانە بکرێت، بێگومان باشتر کەسایەتی خوێندکار لەپاشەڕۆژدا بەرهەم دەهێنێ.

**پ٧/ پایەو رۆڵی خوێندکاران لە ئایندەدا چییە؟**

و/ ئێستا سەردەمێکە هەتا رادەیەك سەرەتاکانی ئایندەی تێدا بەدی دەکرێت. ئەگەر سەدەکانی پێشوو چینێك لە چینەکان، یان بەناوی چینێك لە چینەکان، توێژو دەستەیەك توانیبێتی دەوری هەڵبژاردە بگێڕێت، ئەوا ئێستا رۆژگارەکە گۆڕاوە. ئێستا سەردەم سەردەمی زانست و ئیدارە، زانیاری و

خیتابی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی و شارستانییە. ئەم سەردەمە سیماکانی سیستەمی نوێ و سیماکانی جیهانگیری لە پەرەپێدانی دیموکراسی، ئازادیەکان و لە بڵاوکراوەکاندا و لە تەکنەلۆجیای نوێ و سیستەمی زانستی و هەموو ئەمانە لە بەرەوردان، سەردەمەکە وا لێک ئەدرێتەوە کە خوێندنو خوێندنگاکان لە ئێستاوە بۆ ئاینده یەکجار رۆڵی گرنگ ئەبینن لەو بوارانەدا. تەنانەت خوێندکار دێتە ریزی پێشەوەی بایەخە کۆمەڵایەتی — زانستیەکان.

من ناتوانم بڵێم خوێندکار دەبێتە پێشڕەو یان پێشەنگی ئەم مەسەلانە، چونکە چەمکەکانی پێشڕەو، یان پێشەنگ بونی کۆمەڵ، ئاڵ و گۆڕێکی وای پێکراوە کە ناکرێت بە پێوانەی (٥٠–٦٠–٧٠) ەکان بڵێین حزبی پێشڕەو حزبی فلان چین بووە، هەموو ئەوانەی کەپابەندن بە مەسەلە ئایدیۆلۆجیە وشك و برینگەکانەوە، پێ دائەگرن لەسەر پێشڕەوایەتی فلان چین یان فیسار فەلسەفە، یان یەکێك لە ئایدیۆلۆجیەتەکان، بەڕاستی لە کاروان بەجێماوون!

ئێستا قۆناغ قۆناغی ململانێی دیموکراسییە. کە ململانێش ئازادانەو دیموکراسیانە بێ، هەرگیز حزبێك لە حزبەکان بە سێ ساڵ نابێتە پێشڕەو. بەڵکو جاری واهەیە ئەو حزبە دوائەکەوێت. ئەشبێ بە پاشڕەو. حزبێکی تر دێتە پێشەوە ئەبێتە پێشڕەو. یان پێشڕەو ساڵەها یان ناوبەناو رۆڵی پێشڕەوێتی ئەگێڕێ، دوای ئەوە لەژێر فشاری رای گشتیدا ئەگۆڕدرێ. ئیتر ئەو سەردەمە نەما حزبێك بتوانێ سووربێ لەسەر پێشڕەوایەتی یەك قۆناغی دوورو درێژی چینێك. حیزبێك بەتەنها بکرێتە پێشڕەوی سەردەمێك. یان تەنها هەر یەك حیزب سالارو پێشڕەو بێ. نەخێر بۆی هەیە لە خولێکی هەڵبژاردندا چەندین حیزبو چەندین حکومەت بگۆڕدرێ. بۆی هەیە لە پێنج ساڵدا دەیان ئاڵوگۆڕ بکرێت. بۆیە خوێندکاران ناتوانێت بڵێیت رۆڵی پێشڕەو ئەگێڕن، وەك جاری جارانی کرێکاران، وەك جارانی حزبە رادیکاڵە شۆڕشگێڕەکان، لەسەر ئەم مەسەلەیە مشتومڕێکی زۆر هەبوو لە (٥٠ – ٦٠– ٧٠) کاندا.

فەلسەفەی تازەی خوێندکاران لە فرنسا، لە شۆڕشی گەورەی خوێندکارانی فەرەنساوە دەستی پێکرد، کە بزوێنەرەکەی (هربت مارکۆز) بوو، باسی ئەوەی کرد کە کرێکار رۆڵی نامێنێ، نۆرەی خوێندکارە ببێتە پێشڕەو، من بەو مەعنایە نایڵێم، پێشڕەو بەچەمکی کۆن ناگۆڕمەوە بەپێشڕەوی چەمکی نوێ. پێشڕەو

بەپێشڕەوێکی دیکە ئاڵو گۆڕ پێ ناکەم. بەڵام ئەڵێم: کە خوێندکار بە حوکمی زانست و زانیاری، بە حوکمی ئەوەی کە ئێستاش ئەو زانست و زانیاریە بەشێکی زۆری لە زانکۆ و پەیمانگاکان، لە خوێندنگاکاندا پێش ئەکەوێ، بۆیە پێم وایە خوێندکار لە ئایندەدا رۆڵی یەکجار گرنگتر، بایەخی یەکجار فراوانتر، خزمەتی زۆر زیاتر ئەکا. خوێندنگاکان دەبن بە سەرچاوەی زانست و پێشخستن و گەشەپێدانی ئێستاو ئایندە. دیارە ئەوە بەو واتایە نییە هەتا هەتایە ئەم خوێندنگایانە وا ئەبن، رەنگە لە پاشەڕۆژدا خوێندنگە ئەهلیەکان پێش بکەون، پەرەبسێنن، لە پاشەڕۆدا ئەویش لە بواری خۆیەوە خزمەتی رەوتی خوێندن و ژیان بکات، دیارە من لایەنگیری ئەوە نیم کە خوێندنگا رەسمیەکان وەکو خوێندنێکی رۆتینی پەرەبسەنێ، ئەوەی بە زاراوە پێی ئەڵێن قوتابخانەی سکولارستی، ئەو قوتابخانەیە کە جاران هەموو شتێکی ئەبەستەوە بەخۆی و دەسەڵاتەوە.

من وای ئەبینم کە قوتابخانە سکولارستییەکان دەگۆڕێن. وردە وردە ئەو چەمکانە هەڵئەتەکێندرێن. خوێندن بە خوێندنی سکولارستی نابەستمەوە. خوێندن بە مەعنای فێربوونی فراوانترین شێوەی زانستی ژیان، هاوچەرخترین شێوەی خوێندن تێئەگەم، تا ئێستا وڵاتانی ئێمە زانکۆ و پەیمانگاکان و خوێندنگاکان، ئەم دەورە نابینن. بگرە لە هەندێ رووەوە بەپێچەوانەوە، فەلسەفەی پەروەردەی کۆن پەیڕەو دەکەن.

لە ئۆروپادا سیستەمی خوێندن و فەلسەفەی پەروەردە سەراپا هاوچەرخانەیە. بەردەوامیش لە گۆڕاندان. بۆ ئەم مەسەلەیە پەیمانگای ئەهلی و زانکۆی ئەهلی زۆر هەن. شێوەکانی ئەم فێرکردن و بڕوانامە وەرگرتنیش گۆڕاوە لە ئەورووپا. لای ئێمە جارێ نەگۆڕاوە، هەر ئەوەیە کە هەیە، پێشم وایە بە حوکمی ئەوەی لای ئێمە نەگۆڕاوە، بەڵام خوێندن لای ئێمە بۆ ئایندە بایەخێکی زۆر گەورەتر پەیدائەکا، وردە وردە لای ئێمەش پەرەئەسێنێ، هەروا نابێت، بۆیە ئێستا و ئایندەش خوێندکار و خوێندنگاکان، چ ئەوانەی ئێستا هەن، چ ئەوانەی لە پاشەڕۆدا دروست ئەبن، بەراستی رۆڵێکی یەکجار گەورە ئەبینن لە دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان، پێشخستنی کۆمەڵەکەیان، و بەدیهێنانی دیموکراسی، زانست، فێربوون و هەموو خواستە پیشەییەکان.

**پ٨: بەڕێز کاك مەلا بەختیار، بەوپێیەی کە خوێندکاران توێژێکی فراوانی کۆمەڵن وە تاکو ئێستاش پرۆگرامی خوێندن نەگۆڕاوە، ئایا بێزاری و نامۆبوون لەلای خوێندکاران دروست نابێ و رەنگدانەوەی خراپی بۆ سەر کۆمەڵ نییە؟**

و: پرسیارێکی گرنگە. من پێم وایە گرنگترین شت گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنە. پرۆگرامی پەروەردە یان فەلسەفەی پەروەردە نەگۆڕێ کۆمەڵیش ناگۆڕێ. جگە لەوەی کە ناکرێ کۆمەڵ ئەو پرۆاگرامە پەروەردەییەی داگیرکەران سەپاندویانەتە سەری، پەیڕەو بکا، پرۆگرامەکە سەرچاوەی ئەوەیە کە ناڕاستەوخۆش لەژێر کاریگەری داگیرکەراندا بمێنین. ئەمە جگە لەوەی ئەم پرۆگرامە سەرچاوەی بیرورا کۆنەپەرستەکانی سەدەکانی ناوەڕاستیشە.

یان بەشێوەیەکی تر: ئێستا لە کوردستانی ئازاد کراودا یەك سەربازی داگیرکەر نەماوە، بەڵام جۆرەها چەمکی داگیرکەران لە خوێندنگاکاندا، کاریان پێدەکرێت. لە پۆلەکانی سەرەتاییەوە بۆ زانکۆکانیش. ئەمە جگە لە کاروبارو سیاسەت و ئەقڵیەتەکانی تریش. ئێمە بەشێکی زۆری خاکمان رزگارکراوە، بەشێوەیەکی تر بڵێم: داگیرکەرمان لە خاکمان دەرپەڕاندووە، بەڵام لە عەقڵماندا پاراستومانە. خزمەتیشی ئەکەین. ئەمە مەترسیدارە. یەکجار مەترسیداریشە. ناشکرێت ئەمە زۆر بخایەنێ. ئەوە هەشت ساڵی رەبەقە نەمان توانیووە پرۆگرام و چەمکەکانی خوێندنی داگیرکەران بگۆڕین، دەبێ بۆ چەند ساڵی ئایندە گۆڕانکاری گەورە لەم بارەوە ئەنجام بدەین، ئەمە خاڵێکی چارەنوسسازی دیموکراسیو زانستیو شارستانییە. چیکە ناکرێ لەبەرامبەریدا خەمسارد بین. ناکرێ منالی کورد سەردار و سەرکردەو هەڵکەوتوەکانی خۆی نەناسێ، مێژووی راپەڕین و قوربانیەکانی نەزانێ، بەڵام هی داگیرکەرانی لەبەربێ!

مەسەلەیەکی تر کە گرنگە ئەویش چۆنیەتی بەزانستیکردنی خوێندنگاکانە، با بڵێین تێکەڵاوکردنی کەسەرە زانستییەکانی سەردەمە بە پرۆگرامەکانی خوێندن، چ کەرەسەکانی تەکنەلۆجیو چ پەیوەندییە پێشکەوتوەکانی کۆمەڵایەتی.

ئێمەی رۆژهەڵاتی فێرین بەئاسانی مەسەلە ماددیەکانی شارستانی سەرمایەداری وەرگرین، بەڵام زۆر گران مەسەلە مەعنەویەکان قبوڵ بکەین.

هـیچ شـتێکی مـادی نـەماوە لـە دنیـای شارسـتانیەتی ئـەورووپا وەرمـان نـەگرتبێ، ئەگـەر شـتێکیش وەرنـەگیرابێ بۆمـان نـەلواوە وەریبگـرین؛ ئەگـەر فرۆکەمان نیە هـۆی ئەوەیـە دانمانپیانـەنراوە. کـە مـانگی دەسـتکردمان نیـە هۆی ئەوەیە کە زۆر زۆرمان ماوە بگەینە ئـەو پلەیـە. یـان کـە چـەکی ئـەتۆممان نیە پێمان نافرۆشن. ! ئەگینا ئەویشمان دەهێنا.

کەواتە هەرچی ئێمە توانیبێتمان لە پێویستیە ماددیەکان بیکڕین، کڕیومانە و پێی ئەژین، کە بچوکترین شتی ژیانمان لە مەسەلە ماددیەکانەوە، تا گەورەترین شـت، ئـەوەی کـە زۆر گرانـە و زۆریـش قەدەغەیـە، نـەك هێـزە عـەلمانی و دیموکراسـیەکان، بـەڵکو ئـەو هێزانـەی کـە باوەڕیـان بـە دیموکراسـیەتی راستەقینەو، بە ئـازادی راسـتەقینەو، عەقڵانیـەتی راسـتەقینە نیـە، ئـەوانیش سـەرجەم کەرەسـە مادیـەکانی سـەرمایەداری و بەرهـەمی عەلمانیـەکان بـەکاردەهێنن، سـەرەڕای ئـەوەی دورن لـە مەعریفـەی گشـتی دیموکراسـی و شارستانی و عەلمانی.

دەبێ ئێمە لەو بارەشەوە، جگە لەوە کە ئێمە خاکمان، جەستەمان، رزگـاری بووە، دەبێت عەقڵیشمان رزگاری ببێ، چۆن دەبێت پێویستیە ماددیـەکان بهێنین، هـەرواش پێویسـتە پێویسـتیە مەعنـەویو مەعریفیـەکانیش وەربگـرین و تێکـەڵاو بـە پێویسـتیەکانی بکـەین، بـەپێی تایبەتمەنـدی خۆمـان. نـەك لاساییکردنەوە.

مەسـەلەیەکی تـر کـە هێنـدەی ئـەمان گرنگـە ئەوەیـە کـە دەبێـت ئێمـە زۆر باوەڕمان بە پراکتیزەکردنـی دیموکراسـیەت بـۆ رێکخـراوە دیموکراسـیەکان و غەیری خۆشمان هەبێت، مەرجی گۆڕانکاری و دیموکراسی لە هـەموو کۆمەڵێکدا، هەر ئەوە نیە دەسەڵاتت بەدەستە، بەڵکو ئەوەشە کە دەستەڵاتەکەت بـاوەڕی بـە رەوشـی دیموکراتیانـەی مەدەنیانـەی کۆمەڵـە و رێکخـراوە پیشـەیی و دیموکراسیەکان هەبێ. ئەم رێکخراوە دیموکراسـیانە ئـەتوانم بڵـێم لـە کۆمـەڵێ رووەوە دەتـوانن وەکـو فشـاری کۆمەڵایـەتی و چوارچـێوەی بـیروڕای گشـتی رێگاکانی دیموکراسی تەخت بکەن.

ئـەو رەوش و رەوتانـەی پـێش کـەوتن ئەگـەر بـۆ کۆمـەڵێك لـە کۆمەڵـەکان نەگونجێ، ئەوا هەموو کەرەسەیەکی تەکنەلۆجی بـە هـەموو شـتێکەوە پێویسـتە

بــۆ بنــەماکانی پێشــکەوتن. بۆیــە زۆر مەســەلەی تــر هەیــە لــە کۆمەڵــە دواکەوتووەکاندا رەنگە نەتوانی جێبەجێی بکەی لـە کۆمـەڵێ رەوش دەربـارەی ژن و دەربـارەی پیـاو، دەربـارەی منـاڵ، دەربـارەی سەرپەرشـتیار، دەربـارەی یاسا، دەربارەی ئەم مەسەلانە، بەڵام دەکرێت ئەو مەسەلانە وەکو وانەو زانیـاری لە پرۆگرامـەکانی خوێنـدن بخـوێنرێن بـۆ فێربـوونو شـارەزابوون. بۆیـە ناکرێـت رێکخراوێکـی پیشــەیی تــەنها مەســەلە مادیــەکانی شارســتانی لەبەرچــاوبگرێ، نەخێر، مەسەلەی دیکەی مەعنـەویش هـەن گـرنگن. بۆیـە ئەمـەش مەسـەلەیەکی گرنگە ئازادی دابین کردن بۆ خەباتی پیشەیی و دیموکراسی رێکخراوەکان و، بـۆ زانکۆکان، بۆ پەیمانگاکان، لـە بـەدیهێنانی تێکـڕای ئامانجـەکان گـرنگن، هـەموو ئەوانە مەسەلەی گرنگن خوێندکاری ئێمە، مامۆستای ئێمە، لە ئێستاوە بتوانێـت ئەو رۆڵەی کە پێویستە سەبارەت بە خوێندن و خوێندنگاکان بیگێڕن.

ئێستا با تەنها بناغەکەی دابڕێژن، من دڵنیام پێشکەوتن لە دنیایا ئەوەندە بە خێرایی ئەڕوا ئەگەر نەتوانین لە ئێستاوە بناغەیەك بـۆ خۆمـان دابڕێـژین، ئێسـتا چـۆن دەوروبـەری سـێ سـەدە لـە ئـوورووپـا دواکـەوتوین، دیسـانەوە سـەدەیەکی تریش دوائەکەوین، لەبری ئەوەی مـەودای دواکەوتنەکـە کـەم بکەینـەوە، سـەدە دواکەوتووەکان زیاتر دەکەین. پێشکەوتنیش هەرگیزاو هەرگیز تـەنهاو تـەنها بـە گواسـتنەوەی پێویسـتیە مادیـەکان نایەتـەدی. پێویسـتیە رووناکبیرییـەکانو مەعریفیەکانیش زۆر زۆر گرنگن.

**پ٩: ئێستا دنیا لەبەردەم هەزارەی سێیەمدایە، دەوری خوێنـدکاری کـورد لـەو تەرحەیا چۆن ئەبێت؟ وە خوێندنکاری کورد چیبکات باشە بە بۆچوونی بەڕێزت؟**

و: بێگومان بە بۆچوونی من خوێنـدکار و غـەیری خوێنـدکار، ناکرێـت کـوتو مت بچینە ژێر کاریگەری تێزێکەوە. هەموو تێزێك لەو تێزانە کە لە دنیـادا هەیـە، هێشـتا زۆری مـاوە لـە کوردسـتاندا زانسـتیانە گەڵاڵـە بـبن. ئـەکرێت پێبـەپێی پێویســتیەکان هــەنگاوەکانمان بنــێین بــۆ گــۆڕین و بــۆ گەشــەکردنی ژیــان، هـــەنگاوبنێین بـــۆ هـــەزارەی ســـێیەم. ئەمـــەش بەئاوڕدانەوەیـــەکی ورد بەتاقیکردنـەوەی بـەکارهێنانی هـەموو تێـزە فکـریو مەزهـەبیو سیاسـیەکان دەکرێ.

کۆمەڵێ تێز هەیە، وەك تێزی سۆسیالیستی، تێزی ئیسلامی سیاسی، تێزی ئیسلامی سیاسی جۆراو جۆریش هەیە، کە دەیانەوێ بە ڕێگای جۆراوجۆر بەرەو هەزارەی سێیەممان بەرن. من بەش بە حاڵی خۆم سەراپا دژی ئەوەم کە وەك رابردوو فەلسەفەیەك، یان تێزێك، یان ڕێبازێك، یان بۆچونێك لە بۆچونەکان، بکرێن بە تاقە ڕێبازی ژیان. هەموو بۆچوونە سەرتاپاگیرەکان بە ئەزموون دەرکەوت کە سەرکەوتوونابێ. چ بۆچوونە مادییەکانو چ بۆچوونە مەزهەبییەکان.

فەلسەفەیەك، یان تێزێك، یان ڕێبازێك تازە یان کۆن، بتەوێت یان نەتەوێت مادام توانیبێتی وەڵامی بەشێك لە پرسیارە بێ وەڵامەکانی رابردوو بداتەوە، هەقە بۆ وەڵامدانەوەی هەمان ئەو پرسیارانە لای خۆشمان سودیان لێوەربگرین. بەڵام گەلێ پرسیار هەن کۆنن و بێ وەڵامن. دەبێ بگەڕێین بەدوای وەڵامی تازەیاندا. هەروا گەلێ دیاردە هەیە لێك دانەوەی نوێیان پێویستە، دەبێ هەوڵیان بۆ بدەین. نابێ لەم سەردەمەدا، تەنها وەڵامە ئامادەکراوەکانی پرسیارەکانی رابوردوو بکەینە هەوێنی بەرنامەی کارمان. تەنانەت لە کاتی سوود وەرگرتن لەو وەڵامە ئامادەکانیش، پێویستە ورد بین و دورکەوینەوە لە لاساییکردنەوە؛ باشترین شت ئەوەیە بۆ هەزارەی سێیەم، بە عەقڵمان، دراسەی ئەو شتانەی کە وتراون یان بیستراون، وە یان هەموو ئەو شتانەی کە لە ئایندەیا ئەوترێت، ئێمە لێکیان بدەینەوە و مشت و مڕی وردیان لەسەر بکەین هەتا پرۆژەکانمان بە وردی گەڵاڵە دەکەین.

بەپێچەوانەوە، هەموو شتێك کە ئەوترێت بەلاتەوە پرسیار دروست بکات و مناقشە دروست بکات، باوەڕناکەم دوای ئەو جەنجاڵیەی لەسەر دنیای فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیەت و کۆمەڵ، هەموو ئەو تێزو بیروڕاو فەلسەفانەی کە هەن، باوەڕ ناکەم بتوانن وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کە ئێستا چاوەڕێی وەڵامن، چ جای تێزێك لە تێزەکان، وەڵامی هەموو ئەو شتانە بداتەوە.

لە سەردەمی یۆنانەوە، بۆ پاش سەردەمی یۆنان، دوای سەردەمی یۆنان، سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلام دێت، لە سێ سەدەی یەکەمی دەسەڵاتی ئیسلام جۆرەها بیرو رای تازە هاتە ئاراوەو بیرو رای زۆر زۆر کاریگەر بەرپا بوو، دوای ئەوە سەدەی نۆیەم و دەیەم لە سەدە تاریکەکان بووە و باڵی کێشاوە کە دە

سـەدەی خایانـدووە، جـارێکی تـر ڕێبـازی جیـاوازی فەلسـەفە پەیـدابووە. لـە سەردەمی یۆنانیەکانەوە بۆ ئیسلامیەکان، ئینجا بۆ ڕێنیسـانس و گۆڕانکـاری یـە قوڵەکان، سەدان فەلسەفەو فێرگەو تێز و مەزهەب، سەریان هەڵداوەو نـەماوون. هـەر یەکێکیشـیان خـۆی بـە شـارێبازی ئـادەمیزادو گـەردوون زانیـووە. کەچـی سەرەنجام دەرکـەوتووە شـارێباز نـەبووە، بـەڵکو ڕێبازێـك بـووە لـە ڕێبازەکـان. دوای ئەویش ڕێبازی تر هاتۆتەئارا.

بۆ نموونـە لـە سـەردەمی سـەرهەڵدانی فەلسـەفەکانی ئـەڵمانیا و فەرەنسـا و بریتانا، بۆچـی لـە سـەدەی (١٦–١٧) بـە دواوە، لـە دوای چـەند سـەدەیەك، لـە دوای شارسـتانیەتی یۆنانـەوە، فەلسـەفە نوێکـانی ئـەوروپا، لـەدوای چـەند سەدەیەك سەرهەڵئەدەن، هۆی چیە؟ هۆی ئەوەیـە کـە بەراسـتی ژیـان وا بـە ئاسـانی خـۆی نـادا بەدەسـتەوە، تـۆ ئـەتوانی بڵێـی فەلسـەفەکەم باشـترین فەلسەفەیە، ناتوانین ژیان لەسـەر فەلسـەفەی دڵخـوازی خـۆت تـاپۆ بکـەیت. تـۆ ئەتوانی بەشێك لە خەڵك وا لـێ بکەیت بێنە سـەر ڕێبـازی فەلسـەفەکەت. بـەڵام ناتوانی دیناماکیەتی ژیان هەمووی بگۆڕی، یان بوەستێنی. یان خەفە بکەیت.

ژیـان زۆر زۆر زینـدووە، سروشـت زۆر زینـدووە، گـەردوون زۆر زۆر زینـدووە، لەبەرئەوە عاقڵترین فەیلەسوف نەیتوانی دواپرسیار وەڵام بداتەوە. پرسیارەکانی تر هەمیشە فەیلەسوفی تریان خوڵقاندوە و دەشخوڵقێنن.

هێشتا دەیان پرسـیاری تـر، سـەدان پرسـیاری تـر مـاون، بۆیـە خوێنـدکاری ئێمە، مامۆستای ئێمە، هەموو هوشیارێکی ئێمە ئەبێت لـە دوای ئەزموونـە هـەرە تاڵە گەورەکانی ژیان، ئەبێـت لەوە عاقڵتربێت و عـەقڵی لـەوە فراوانتربێـت خـۆی نەبەستێـەوە بە تەنها تێزێکەوە.

بەلامەوە سەیرە خەڵکێك هـەبێت بـە گواسـتنەوەی بیرێـك، بـە گواسـتنەوەی ئەندێشەیەك، بە گواستنەوەی تێزێك لە تێزەکانی ئـەوروپا، وا بزانێـت بـووە بـە دەفتـەر نفوسـی ناسـنامە پێبەخشـینی فەلسـەفەی خـەڵك. دائـیرەی نفوسـی فەلسەفە لە دنیایا نـەماوە، دائـیرەی نفوسـی ئایدیۆلۆجیـەت لـە دنیـادا نـەماوە، دائیرەی نفوسی ئەندێشە لە دنیایا نـەماوە، دائـیرەی نفوسـی مەزهـەب لـەدنیادا

نـەماوە، کـە تـۆ بچـی بڕوانامـەی فەلسـەفە یـان ئایدیۆلۆجیـەت یـان مەزهـەبی لێدەربهێنی بە جۆرێ کە وابزانرێ ئایا تۆ بە راستی لەو بڕوانامەیە گەیشتوی یان نـا؛ تـۆ فەلسـەفە بـە شـێوەیەك دەبینـی مـن بەشـێوەیەکی تـر، تـۆ رەخنـە بەشێوەیەك دەگری من بەشێوەیەکی تر، تۆ نمونە بە شێوەیەك دەهێنیتەوە مـن بەشـێوەیەکی تـر، بۆیـە هـەموو فەلسـەفە تـاك رەهەنـد و سـەراپاگیریەکان، لـە رۆژئـاوا و رۆژهەلاتـدا، سـەرجەمیان تێـك شـکان. ئێسـتاش هەنـدێك رێچـکە لـەو رێچکانە هەن لە هەموو بوارەکانی ئیسلامی، ناسیونالیستی، چەپ، نوێگەری یان ئەودیوی نوێگەری، بە بۆچوونی من هەر هەموویان پێش وەخـت تێـك شـکاوون، ئەگەرچی پێشیان وابێت پێوەرەکانی بیروڕا تازەکـانی دنیـا لەگـەڵ ئەوانـە. یـان هەبن بێ توێژینەوە ئێستاش شوێن پێیان هەڵبگرن.

ئەبێـــت زۆر زۆر وردبـــین، ئاگاشمـــان لـــەوەبێت لـــە دژەکـــرداری کۆمـــەڵێك تێکشکانی رابردوو، بە حوکمی هەندێك حاڵەتی دەروونـی، لەبـەر گیرۆدەبوونمـان بە کێشمەکێشەکان کـە ئێسـتا رووبـەڕوومان بۆتـەوە، ئاگامـان لێبێـت بەئاسـانی بیروڕا هەڵەکانو ئەندێشە کۆپی کراوەکان بەسەرماندا تێنەپەڕن. وشـیاربین، زۆر زۆر پشوشمان درێـژبێت بـۆ لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوە. بیسـتنی قسـەیەکی تـازە سـەبارەت بـە روبـەری روناکبیری کـوردیی، نابـێ مەسـتمان بکـا. بـەڵکو دەبـێ هەڵوێستەی فەلسەفەمان هەمەلایەنتر بکا بۆ بنج و بنـەوان لێکدانـەوەی مەسـەلە لێك نەدراوەکان. بۆ گەڕان بەدوای پرسیارە هێشتا وەڵام نەدراوەکان.

لـە کۆتاییـدا دەڵـێم: ترسـناکترین مەسـەلە سـەبارەت بـە خوێنـدکار ئەوەیـە خوێندنەوەی زانستیانەی بۆ هەموو مەسەلەیەك نەبێ، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی خوێندنەوەی جۆراوجۆری دیاردەکـانی ژیانـە. سـەردەمی ئـازادیو ئازادکردنی عەقڵەکانە لە هەموو فشارو گوشارێکی دینیو دنیایی.

## هەڤپەیڤینی..
## بەرنامەی (لێدوان) ی (T.V) حیزبی زەحمەتکێشان لەگەڵ هەڤاڵ (مەلا بەختیار)*

کاک بەختیار سەرەتا زۆر سوپاست دەکەین..

**(پ١): ئازادی بە مانا فراوانەکەی، بەهەموو رەهەند و پرانسیپەکانی بەلای تۆوە چی دەگەیەنێ؟ یان بەشێوەیەکی دی، سەردەمی ئەمڕۆمان کە سەردەمی گۆڕان کارییە بەرێوەبەرەکانی ژیانە، دنیای رۆشنبیری، عەولەمەیە، ئازادیەکانی لاوان چۆن لێک دەدەیتەوە، و ئیجابیەتەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبینی؟**

**وەڵام:** من پێش هەموو شتێك بەخێرهاتنتان دەکەم. سوپاسیشتان دەکەم کە دەرگای ئەم بەرنامە نوێیەی بەناوی (لێدوان) بە چاوپێکەوتن لەگەڵ من دەخەنە سەر پشت. هیوادارم منیش لە وەڵامی پرسیارەکانتانا بتوانم بازنەیەکی جوان بۆ وەڵامە گرنگەکان سەبارەت بە چارەنوسی لاو، پێکهاتەی لاو، عەقڵانیەتی لاو، پەروەردەی لاو، ئاڕاستەی لاو، بکێشم و لەناو ئەو بازنەیە، هەموو بتوانین خزمەتێکی زیاتر، کاریگەرتر، باشتر، قوڵتر بە دنیای لاو، بە فکری لاو، و بە پەروەردەی لاو بکەین.

ئازادی بەتەسەوری من چەن جار ئەم بۆچونەی خۆمم نوسیوە و دوپات کردۆتەوە، ئازادی مەسەلەیەك نیە هیچ هێزێك و هیچ قودرەتێك و هیچ ئاینێك و هیچ مەزهەبێك، هیچ دەسەڵاتێك، پێشکەش بکات بە مرۆڤ، ئازادی خۆی لەگەڵ بونی ئینسانا، لەگەڵ خوڵقانی ئادەمیزاددا رسکاوە. ئازادییەکی سەرەتایی،

* چاوپێکەوتنی (T.V) زەحمەتکێشان، بەبۆنەی سەری ساڵی (١٩٩٩–٢٠٠٠)ەوە.

ئازادییەکی خۆڕسکی، ئازادیەك ئینسان لە سروشتا، لە ژیانا، لـە بیرکردنـەوەیا، لە هەڵسوکەوتا، لە خەوتن و هەڵبژاردنی شوێنا و لـە هـەموو جـۆرە ئارەزویـەکی خۆی، مرۆڤ کە خوڵقاوە ئـازادیش بـووە. ئـازادی لەگـەڵ ئـازادبونی ئینسـانا دوو مەسەلەیە کە لە یەکتری دانابڕێـت. یـانی ئـازادی فەلسـەفەیەك نیـە داهێنرابێـت، بەڵکو وەکو هەموو یاسا سروشتیەکانی ژیانی خۆی لەگەڵ بونی مرۆڤا خوڵقـاوە؛ بـەڵام وردە وردە وەکـو هـەموو شـتەکانی تـری ژیـان، ڕێوشـوێنی بـۆ دانـراوە، ئاڕاستەکراوە، خراوتە بەرنامەوە و زەوت کـراوە هەڵگێڕدراوەتـەوە. کـەم دراوە، زۆر دراوە، ئەمـە مەسـەلەیەکە پەیوەنـدی بـە دەسـتەڵاتەکان، پەیوەنـدی بـە ئاینـەکان، پەیوەنـدی بـە پـەروەردەکان، پەیوەنـدی بـە دەوروبـەرەکان، بـە ژینگەکان، بە سیستەمەکان، بە ژیانی کۆمەڵایەتی، بە ترادسـیۆنی میللـەتان، بـە کەلەپور و کلتوری میللەتان، هەموو ئەمانە پەیوەندیەکیان بە ئازادیـەوە هەیـە و جۆری ئازادیەکە دیاری دەکەن. بۆیە دیسانەوە ئەیڵێمەوە، زۆریش گرنگە هەموو کەسێ ئەم ڕاستیە بزانێ ئازادی دەسکەلاو دەسـکەوتی هـیچ هێزێـك نیـە منـەتی پێوە بکات بەسەر ئینسانا، ئەوە مافی خودی ئینسانە لـێی زەوت ئەکرێ، هـەر ئینسانیشە بەدیئەهێنێ.

لەم دنیای عەولەمەیە کـە بـەرەو دنیایـەکی تـر ڕۆشـتووە، مـن پـێم وایـە کـە زاراوەی عەولەمە جوانترین وەرگێڕانی (جیهانگیری)یە. زاراوەی بە جیهـانیکردن بە زاراوەیەکی جوان نازانم، لە زمانی کوردیا ئەڵێ ئەقلیم گیرە مەسەلەن بارانێك کە ئەبارێ ئەگوترێ بارانێکی ئەقلیم گیرە، جیهان گیرە، جیهان گیر یـەعنی ئـەو فەلسەفەیەی کە هەموو جیهانی گرتۆتەوە. لە ڕاستیا ئەم جیهان گیریـەی ئێسـتا و، ئەم عەقڵانیەت و ئـازادیی و ڕۆشـنبیریەی کـە ئێسـتا لـە دنیایـا هەیـە ئەمانـە مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگن کە کـورد لـە هـەموو هەلومەرجـەکانی پێشـتر باشـتر دۆخی سیاسی بۆ ڕەخساوە و، هەڵکەوتی سیاسی بـۆ هاتۆتەپێشـەوە، کـە نـەك لاوی کـورد بگـرە کێشـەی سیاسیشـمان، کێشـەی نەتەوایەتیشـمان، کێشـەی دیموکراسیشـمان، کێشـەی ئابوریشـمان، هـەموو کێشـەکانمان بتـوانین ببەینـە پێشەوە. جیهـان گـیری بێگومـان کاریگەریـەکی فراوانـی هەمەلایەنـەی ئـابوری،

کۆمەلایەتی، سیاسی، کلتوری، سایکۆلۆژی هونەری روناکبیری لەسەر هەموو دنیا دادەنێ، جاران گوترا بەهۆی داهێنانی سەتەلایەتەوە دنیا بووە بە گوندێك، ئێستا دەگوترێت بەهۆی ئەنتەرنێتەوە دنیا بووە بە ژورێك، یانی لە گوندەکەش بچوکتر کراوەتەوە، یانی هەموو لاوێك هەموو کەسێك، لە ژووری خۆیا کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێتی هەبێت ئەو ژوورە دنیایەکە لەبەردەستی ئەو، ئەم دنیایە ئاخنراوەتە ژورێك بۆ ئەو، ئەتوانێ لەو ژوورەدا بخوێنێتەوە و بیشزانێ چۆن بیربکاتەوە بۆ هەموو شتەکانی ئەم دنیایە.

جیهان گیری مەسەلەیەکی ئێجگار گرنگە بۆیە ئێمە لەبەر رۆشنایی دەسکەوتە ئیجابیەکانی، بکەوینە پێشخستنی کۆمەڵەکەمان. مەبەستم ئەوە نییە هەموو شتەکانی جیهانگیری کوت و مت وەکو خۆی وەربگرین، رەنگە هەندێ مەسائیلی سلبی هەبێ، ئێمە پێویست ناکا وەری‌بگرین، پێویست ناکا کلتوری خۆمان بتوێنینەوە، پێویست ناکا هەندێ مەسائلی گرنگی رۆحی و کۆمەلایەتی خۆمان هەیە هەمووی لەدەست بدەین، هەموو ئەو شتانەی کە لە جیهان گیریا شتی ئیجابی، ئێمە هەم بۆ لای خۆمان و هەم بۆ کۆمەڵی خۆمان، هەم بۆ کێشە سیاسیەکەشمان، بەکاری بهێنین بۆ پێشکەوتن و بۆ گۆڕان و بۆ گۆڕانکاری.

**(پ٢): زۆر سوپاس کاك بەختیار: پرسیاری دووەممان ئەوەیە، لاو لە کوردستان توشی زۆر لە ئافات بووە پێویستە ئەو لاوانە چ میکانیزمێ بەکاربهێنن بەرامبەر بەو رەوت و تەوژمە کۆنەپەرست و دۆگمایانە کە دەبنە هۆی سڕینەوەی خودی لاوان و زەوتکردنی خولیا و ئارەزوەکانیان؟**

**وەڵام:** لە راستیا وەلامت ئاوا ئەدەمەوە، بەپێچەوانەوە، لاموایە کە لاوی کورد ئێستا خۆشبەختە لەوەی لە هەموو کاتێك زیاتر دژەکانی ئەو ئافاتانەی کە تۆ ئەڵێی لەناویا بڵاوئەکرێتەوە، یا پەروەردەئەکرێت، بیروباوەڕی کۆنەپەرستی، بیروباوەڕی سەلەفیەت (فۆندەمەنتالیزم)، ئەو بیروباوەڕانەی کە ئازادیەکانی عەقڵی ئینسان زەوت ئەکەن و، ئەو بیروباوەڕانەی کە ئینسان لەبیری دنیایی بەرەو بیری خەیاڵی و بەرەو بیری ئەودیوی دنیای ئەبات، کە هەرگیز لە مێژووی

ئێمەدا بەقەدەر ئێستا ئەو بیروباوەڕانە نەکەوتونەتە بەردەم مشتومڕێکی هەمەلایەنانە، قسەیان لەسەر ئەکرێ، گۆڤاریان لەسەر دەرئەکرێ، کۆڕیان لەسەر ئەبەسترێ، سیمیناریان لەسەر سازئەدرێ، مونازەرەیان لەسەر ئەگیرێ، تەلەفزیۆنەکان قسەیان لەسەر ئەکەن، ڕۆژنامەکان قسەیان لەسەر ئەکەن، حزبەکان قسەیان لەسەر ئەکەن، لەناو دەسەڵاتا قسەیان لەسەرئەکەن، یاساکانیان ئەگۆڕدرێ، هەموو ئەمانە بەڵگەن بە راستی گۆڕانکاریەکی قوڵ هاتۆتە پێشێ کە من پێم وایە ئێستا سەردەمێکە لە سەردەمە هەرە باشەکانی بەرپەرچدانەوەی ئافاتەکان و پەرپەچدانەوەی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی، بەڵام ئایە سەرەڕای ئەو هەموو راستیانە، ئەو ئافاتانەی کە جەنابت ئەیڵێی و، ئەو بیروباوەڕە کۆنەپەرستیەی کە ترست لێیانە، ئایە ئێستاش ئافات ماون؟ بیروڕای کۆنەپەرستی کاریگەریەکانی ماون؟ یا نەماون؟ بێگومان نەك هەر ماون بگرە زۆریشی ماوە، زۆری ماوە و ڕوبەڕێکی زۆریش ئەگرێتەوە، ئێمە جارێ زۆر زۆرمان ماوە بچینە بنجوبنەوانی ئەو کەلەپور و ئەو دێرینەخوازی و ئەو بیروڕایانەی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵبتەکێنین، لێك بدەینەوە، لێیان بکۆڵینەوە بۆئەوەی خەڵك بزانێ لە دنیای رابردوودا مرۆڤ چۆن پەروەردەکراوە، خەڵك چۆن پێك هێنراوە، کەسایەتی ئینسان و عەقڵی ئینسان و خوی ئینسان و رەوشتی ئینسان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، چۆن لەژێر کاریگەری رابردووخوازی سەدەکانی ناوەڕاست پێك هێنراوە، ئێستاش ئاسەوارە زیان بەخشەکانی ماون، دەبێ ئێمە لەسەر ئەو ڕوبەرە بۆ ئێستە و بۆ ئایندە، لەسەر رابردووش ئیش بکەین؛ بێگومان ئەم ڕەوتەی کە ئێستا نۆبەرەکانیمان لە هەموو بارەیەکەوە دەرخستووە، لەناو گۆڤارەکان، ڕۆژنامەکان، ڕۆشنبیران، هەمووی دەرکەوتون، ئەم نۆبەرەیە ئەبێ لەمەودوا باشتری بخەملێنین، جوانتری زاخاوبدەین، لەناو بەرنامەکانی پەروەردە، لەناو منداڵانی خۆمانا، لەناو لاوی خۆمانا، لەناو هەرزەکاری خۆمانا، لەناو تێگەیشتنی خۆمان، لەناو کەموکوڕی خۆمان، لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا پرۆگرا مەکانی پەروەردەی پەروەردەکردنی منداڵانی خۆمان بگۆڕین، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن. بێگومان دەهەکانی ئایندەدەبن

بە دەهەی پرشنگی جۆرەها بیری رۆشنگەری گەورە، مەدەنیەتی گەورە، علمانیەتی گەورە، روناکبیری گەورە، من دڵنیام هەموو ئەوانەی کە راست لەپێناوی ئازادی و دیموکراسی کۆمەڵایەتی تێئەکۆشن، هەموو ئەوانە تێبگەین کە بەرنامە هاوبەشەکانمان لەبارەی گۆڕان و قوڵکردنی پەروەردە هاوچەرخەکانی ئێستا، شارستانیەکانی ئێستا، چۆن بەرنامە هاوبەشەکان بەرەو پێشەوە بەرین. من دڵنیام نەك بیروباوەڕی دێرینەخوازی وەکو کەڵەکە بووە لە (١٤٠٠) ساڵی رابردووا ئاسەواری سلبیەکانی کەم دەبنەوە، بگرە هەموو هێزەکانیش کە ئێستا پارێزگاری لەوان دەکەن وە ئەیانەوێ ئەو دەستەڵاتە رابردووە سەرلەنوێ بژێننەوە، پێم وایە هەموو ئەو هێزانە بە هەموو ئەو توانا فکری و رێکخراوەی و شێواز و کارکردنانەی گرتویانەتەبەر، نەك ناتوانن بەرگەی مەنتق و عەقڵانیەت بگرن، بگرە رۆژ بە رۆژ و قۆناغ دوای قۆناغ پاشەکشەش دەکەن.

**<u>(پ٣)</u>: کاك بەختیار ئەو ئازادیەی ئەمڕۆ بۆ کچان کۆت و بەندکراوە پێت وا نیە خودی چەمکی ئازادی پێچەوانە بکاتەوە؟**

**<u>وەڵام</u>:** خۆی هەموو ئەو تێکۆشانانەی دەکرێت لەلایەن حزبەکان، رێکخراوە دیموکراتیەکان، گۆڤار، ئیزگە، رۆژنامە، تەلەفزیون، هەموو روناکبیرەکان، هەموو ئەو خەباتە بۆ ئەوەیە کە ئەو کۆت و بەندەی تەواوی کۆمەڵ بە گشتی و کچان و ژنانی ئێمە بەتایبەتی، ئەو کۆت و بەندانە بپسێنین و ژنیش وەکو پیاو کچیش وەکو کوڕ ئازادبێ، سەربەستبێ، مافە یەکسانیەکانی بەدیبهێنێ، بێگومان ئەو کۆت و بەندانە لەناو کۆمەڵەکەی ئێمەدا ئاسەوارێکی نێگەتیڤی خراپی هەیە لەناو ژنان و کچانا، بەتایبەت تر ئەو ئاسەوارە کاری کردووە و دوای کردووە کە ژن و کچی ئێمە بە راستی نە ئازادبێ بەتەواوەتی، نە سەربەستیش بێ بەتەواوەتی. دیارە دیموکراسی بە چەمکە فراوانەکەی، ئازادی و سەربەستی بە چەمکە فراوانەکەی، لە روی ئابوریەوە، لە روی کۆمەڵایەتیەوە، لەروی سیاسیەوە، لەروی یاساییەوە، لەروی داب و نەریتەوە ئەگەر بێتو لە پیاوان نەترازێ بۆ ژنان، لە کوڕان نەترازێ بۆ کچان، هەموو کۆمەڵ چونیەك بەهرەمەند

نـەبن لـە ئـازادی، بەهرەمەنـد نـەبن لـە دیموکراسـی، بەهرەمەنـد نـەبن لـە ئارەزووەکانیان، بەهرەمەند نەبن لە خواستەکانیان، لـە خۆشـیەکانی ژیـان، لـە پێویسـتیەکانی ژیـان، لـە دەسـتکەوتەکانی ژیـان لـە لێـك دانـەوەی ئـەوی لێـك نەدراوەتـەوە، لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانەی وەڵام نەدراونەتـەوە، هـەموو ئـەو نهێنییانەی کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریان لە عەقڵ و لە هەستو لە نەست و لە خودی خولیا ئینسانیەکانی ئێمە، دەکا ئەگـەر ئێمـە ئەوانـە نەچـینە بـنج و بنەوانیان، قسـەی تیـا نەکـەین و، هـەموو بـیروڕا ناڕاسـتەکان پـاك نەکەینـەوە و پـەرژینێکی کاریگـەر لەبـەردەم بـیروڕا کۆنەپەرسـتەکان، لەبـەردەم بیروڕاکـانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت، لەبـەردەم هـەموو ئـەو بیروباوەڕانـەی ئازادییـان، سەربەستییان، دیموکراسییان، یەکسانییان، لـە ژن و کچـی ئێمـە زەوت کـردووە ئەگەر پـەرژینێکی تۆکمـەی دژ بـە کۆنەپەرسـتی لـە رووی فکـر و مەعنەویـەوە، دروسـت نەکـەین، بێگومـان نـاتوانین رۆژێ لـە رۆژان دڵ نیـابین لـە چەسـپاندنی ئـازادی، لـە چەسـپاندنی دیموکراسـی، ئـازادی و دیموکراسـی و سەربەسـتی، ئیمکانی نیە بخەملێ، بخولقێ، بەتەواوەتی بێتەدی ئەگەر نیـوەی کۆمـەڵی ئێمـە کە ژن و کچن بێبەش بن لە هەموو خۆشیەکانی ژیان، لە هەموو دەستکەوتەکانی ژیان، لە ئارەزووەکانی خۆیان و لەو ئازادییەی کە مەحاڵە بەبێ ئـازادی قسـە لـە هیچ پێشکەوتنێك و بەبێ ئازادی قسە لە سەرکەوتنە گەورەکان بکرێت.

**(پ٤): کاك مەلا بەختیار، داخستنی گۆڤاری نڤار کە گۆڤارێکـە و گۆڤـارێکی رۆشنگەریە لە سلێمانی دەردەچێت، پێت وا نیە کە هەڕەشەیە بۆ سـەر ئـازادی رۆژنامەوانی، یان پێت وانیە خەتەریەك دروست بکات بۆ سـەر ئاینـدەی قەڵەمـە بوێرەکان؟**

**وەڵام:** من بە رەسمی نەم بیستووە گۆڤاری نڤار داخرابێ، بە رەسمی تـەبلیغ کرابێ نە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری، وەزارەتی ناوخۆوە و، نە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، نەم بیستووە داخرابێ، بیستومە شـکاتێکیان لەسـەرە، شکاتەکە لەلایەن یەکێتی زانایانی ئاینیەوە و، لەلایـەن وەزارەتـی ئەوقافـەوە و، لەلایەن وەزیری ئەوقافەوە، شکاتیان لـێکراوە، شکات شتێکی ئاساییە بـۆ ئێمـە

و، بۆ بەرامەرمان، بەتايبەتی ئەو وتارەی کە نڤاری لـێدراوەتە دادگـا، وتارێکـە ئێمە خۆشمان بە راشـکاوی بـە گيـانێکی چارەسـەری کێشـەکە لەگـەڵ خوشـکی ئازيزمان کازيوەخان قسـەمان کـردوە، مەکتـەبی سياسـيش قسـەيان کـردووە و، هەموو ئەوانەی خەمی گۆڤاری نڤار و خەمی سەرنوسـەری نڤـار و خـەمی هـەموو ئەو قەڵەمە ئازادانەی کە لە گۆڤارەکانی وەکو نڤـارا شـت بڵاوئەکەنـەوە، قسـەی باشمان لەگەڵا کردوون و رەخنەشمان لـێگرتون لەسەر ئەو وتارە. بەڕاسـتی مـن بەش بە حاڵی خـۆم تـاوەکو ئێسـتا وەکـو وتم نـەمزانيوە دوابڕيـار لـە داخسـتنی درابێ بەڵام کەوتۆتە گيروگازی دادگاوە، ئەو گۆڤارەوە ئەو وتارەش خسـتويەتيە گيروگازی دادگاوە، من پڕبەدڵ هيوادارم هەموو قەڵەم و ئازادیخوازێك لەو جـۆرە مەسەلانەيا قسەيەکی مەنتقی و مەوزوعی بکەين بۆئەوەی بيکـەين بـە دەرس بـۆ لەمەودوا، من پێم وايە نڤار ئەگەر دادگا لەسەر وتارێکی لـەو چەشـنە بڵاوبۆتـەوە بۆ سەر موقەدەساتی ئيسلام کە ئێمە هەموومان پێمان باش نيە کـە ئـەو قسـانە بەو شێوەيە بڵاو بکرێتەوە، ئەگەر ئەوە راستبێ گۆڤار لەسەرئەوە دادگای بکـات يان دای بخات، من پێم وايە پێش ئەوە خەڵکانی تر مەحکەمە بکرێن کە لـە نڤـار زياتر قسەی خراپيان بە علمانيەکان وتووە، قسەی خراپتريان بە مـەدەنیخوازان کـردووە، قسـەی خـراپ تريـان بـە ژن کـردووە و، خـەڵکيان تيرۆرکـردووە، لـە مزگەوتەکان خەڵکی وايان هانداوە کە گەورەترين ئاژاوە لە شارەکانی کوردستانا بەناوی جيهـاد و بـەناوی بـيری ئيسـلامەوە قسـە بکرێـت بـۆ کوشـتن و تـيرۆر و ئاژاوەی ناوکۆمەڵ. حەقی وايـە شـکاتی شـکاتی مـەوزوعی بێـت، هـەموو ديـاردە سـلبيەکان لەبەرچـاو بگيرێـت، هـەموو شـتە خراپـەکان لەبەرچـاو بگرێـت، نـەك شتێکی نڤار بکرێت بە کفـر و، کوفرەکـانی تـر لـە کفـريش خەتـەرترە دەربـارەی کۆمەڵی ئێمە هەندێ مەلاش ئەيکا، دەسەڵاتی حيزبـە ئيسـلاميەگانيش ئەيکـەن. سەرکردەی لەناو حزبە ئيسلاميەسياسيەکانيش ئەيکـەن ئـەو گونـاح و خەتايانـە بکرێنە (عف الله عما سلف) نـەخێر نـاکرێ. مـن بـاوەڕم وايـە حزبێکـی ئيسـلامی سياسـی ئەگـەر بيـەوێ بـەرگری لـە ئيسـلام بکـات، بـەرگری لـە ئـاين بکـا، لـە حيزبـەکانی تـر زيـاتر بـەرگری لـێبکات، پێويسـتە پـێش هـەموو شـتێك بزانـی مەسئولەکانی حزبەکەی خۆی چ هەڵەيەکی گەورە ئەکـەن بـەناوی ئيسـلامەوە و، چەند ئيسلام لە بـەردەمی ديمـوکرات خـوازان و لەبـەردەمی منـاڵ و لەبـەردەمی

کۆمەڵ و ئینسانی ئێمە ناشیرین ئەکەن. مەسەلەکانی نڤار و شتی تری وەکو نڤار، رەنگە بەشی زۆری لەترسی ئەو تیرۆر و ترس و تۆقاندنانەبێ کە ماوەیەك لەمەوبەر پەیڕەوکرا لەسەر ئینسانی ئازادی خواز و لەسەر ئینسانی قەڵەم بەدەست. و لەسەر گۆڤارەکان بە ئاشکرا خەڵك تیرۆر کرا لەناو سلێمانیدا. شەهید فەرهاد تیرۆرکرا، مامۆستا هاوژین هەوڵی تیرۆر کردنی درا خۆی رزگارکرد و خەڵکی تر هەوڵی تیرۆرکردنی دراوە، لەبەرئەوە ئەم تیرۆرانە کە ئەبیسترێ دیارە هەمووو ئازادی خوازێ هەوڵ ئەدا، کە کارێك بکا بە راستی تیرۆریست بەرەو پاشەکشەبەرێ.

من پێم وایە ئەبێ هەمووو شتەکان لەبەرچاو بگرین، دەیڵێمەوە، من ئەو وتارەی نڤارم بەدڵ نیە، بەڵام وتاری نڤار جگە لەو وتارەی نڤار شتی تریش بڵاوکراوەتەوە لە مزگەوت، کە شوێنێکی موقەدەسە بەنیسبەت ئیسلامەوە، کەچی کراوە بە گەورەترین مینبەری هێرشی کوشت وکوشتار و ئاژاوەنانەوە لەناو کۆمەڵا، لەلایەن کەسانی سەرکردایەتی حیزبە ئیسلامیە سیاسیەکانەوە، بۆیە ئەبێ ئەمانە هەمووو لە چوارچێوەیەکی ئسوڵی بابەتیا چارەسەرکەین، شتێك نەبینین و شتەکانی تر فەرامۆش بکەین، چونکە شتێك ببینی و چارەسەری بکەیت، شتەکانی تر نەبینی و فەرامۆشیان بکەین، بێگومان ئیتر تۆ ناتوانرێ کێشە بنەڕەتیەکانی نێوکۆمەڵ لەسەر ئەساسێکی بتەوێ یاسایی و ئسوڵی دیموکراسی چارەسەربکەین.

**<u>(پ٥)</u>: کاك بەختیار گوتت ئەو وتارەی گۆڤاری نڤارت بەدڵ نیە کە بڵاوبۆتەوە، بەڵام خاڵێك هەیە لە گۆڤاری نڤار کە بەرجەستە دەبێت ئەویش باوەڕبون بە حیوار، باوەڕبوون بە دیالۆگ، لەکاتێکدا بەشێکی فراوانی ئەو گۆڤارە تەرخان کراوە بۆ حیوار من یەك دوو ژمارەیم بینیوە کە ئیسلامیەکان و بگرە خودی کۆمۆنیستەکان و بیروبۆچونی جیاواز قسەیان لەسەرکردووە، ئەو بیروبۆچون گۆڕینەوەیە، ئەو حیوارە پێت وانیە ئەو هەنگاوە بەتاڵ بکاتەوە؟**

<u>وەڵام:</u> ئەگەر دابخرێ بەتەواوەتی یەکێك لە بوارەکانی دیالۆگی زیندوو دادەخرێ یانی نڤار لەو بوارەدا توانیویەتی بایی خۆی خزمەت بکات. لە راستیشدا ئێمە هەمووومان دەرچونی نڤار و بەشەکانی نڤارمان پێ خۆش بووە و،

پشت گیریشی ئەکەین، هیواداریین ئەمە ببیّ بە دەرسێك نەك هەر بۆ نقار، بۆ هەموو گۆڤارەکانی تریش. ئێمە لایەنگری دیالۆگین بەراستی، دیالۆگ لای ئێمە تا ئێستا سنورێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، یانی دیالۆگ لای ئێمە بیّسنور نیە. کۆمەڵێك مەسەلە لای ئێمە هەیە تا ئێستا بڤەیە قسەی تیا بکەیت. لەناو عەرەب دا دەست کراوە بە قسەکردن لەسەری، لە ئەوروپا هەموو قسەیەك ئەکریّ لەسەری، لە ئەوروپا زۆر ئاساییە هەرچی دەقە پیرۆزەکانی ئینجیل هەیە قسەی لەسەر بکەیت، هەرچی فەرمودە پیرۆزەکانی تەورات هەیە قسەی لەسەر بکەیت هەرچی دەقە پیرۆزەکانی ئەولیائی ئەوانە قسەی لەسەر بکەیت. لەویّ زۆر ئاساییە سەدان نوسین، سەدان دراسات، سەدان کتێبی گەورە گەورە لەویّ بەرهەم دێت و، قسە لە هەموو مەسەلە پیرۆزەکان دەکرێت، بەڵام بە زمانی لێك دانەوە، بە زمانی لۆژیك، بە زمانی سەلماندن و پێسەلماندن. لەلای ئێمە بەتایبەتی لەناو کورد و ئەو میللەتانەی کراوینەتە موسڵمان زۆر شت هەیە وەکو شتێکی پیرۆزی دەستی لێوەرنەدراو حسابی بۆ ئەکریّ و قسەی لەسەر نەکراوە، لەناو عەرەبا بە تەسەوری من خەریکە ئەو مەسەلانە دەست پیّئەکا، محمد ئەرگون قسەی تیا ئەکا. د. محمد عابد جابری قسەی تیا ئەکا، جۆرج تەرابیشی قسەی تیا ئەکا، صادق جلال العظم قسەی تیا ئەکا، ئەدۆنیس قسەی تیا ئەکا، زۆرێك لەوانە قسە لە زۆر مەسەلەی گرنگ ئەکەن. بەرهەمێکی زۆر لە چەند ساڵی رابردوو لەلایەن ئەندێش مەندانی عەرەب و، ئەندێشمەندانی فارس و ئەندێشمەندانی تورك لەسەر ئەو مەسەلانە هاتونەتە بەرهەم، بە قوڵیش ئەچن بۆ مەسەلەکان. بەداخەوە قۆناغەکانمان ماویەتی بۆ پێگەیشتن و تێگەیاندنمان، ماویەتی و من تەسەورم وایە ئایندەی بەشەری، ئەو ئایندەیەیە کەهەموو مەسەلەیەك قابیلی لێك دانەوەبێت، هەمو مەسەلەیك بەڵام چۆن لێك دانەوەیەك؟ لێکدانەوەیەك کە من ئازادم لێك بەمەوە، بەلام ئازاد نیم ئازادی خەڵکی تر پێشێل بکەم، ئازاد نیم موقەدەساتی خەڵکی تر پێشێل بکەم، ئازادم بیروڕای بەرانبەرم لێك بەمەوە، نەك بریندار بکەم. نەك ئازادی قسەی ناشیرینم پێبکات. من پێم وایە لێك دانەوەی ئازادانەی هەمو بیروباوەڕەکان، هەموو ئاینەکان، هەموو مەزهەبەکان، هەموو مەسەلەکان، مەسەلەیەکە وردە وردە بۆی دەچین و تەسەورم وایە لە ئایندەیا هەموو ئەوانەی لە ئەحزابە سیاسیەکان بە ئەحزابی

ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی بە پیرۆزی دەزانن، بەوەی ئەزانن کە ناکرێ دەستی بۆ ببرێ، کە ناکرێ قسەی تیا بکرێ.

من تەسەورم وایە نەوەکانی ئایندەی تێدەپەڕێنن. لەمەش زیاتر دەچنە ناو چەمکی فراوانتر و پرۆژەی گەورەتری رەخنەسازی. بنج و بنەوانتری هەموو شتە نەزانراوەکان، هەموو نهێنیە دەس تێوەردراوەکان و، هەموو ئەو مەسەلانەی کە ئێستا بە یاسا، بە ترادسیۆن، بە نەریتو بە مەسەلەی رۆحی، هەموو حەرام کراون، تەسەورم وایە لە پاشەرۆژ هیچ ئایدیۆلۆژیەتێك، هیچ فەلسەفەیەك، هیچ بیروباوەڕێك نامێنێ قسەی تیا نەکرێ و، مشتومڕی زانستیانەی قوڵی تیا نەکرێت.

**<u>بێژەر:</u> کاك بەختیار ئێمە هیچ جۆرە پرسیارێکمان نەماوە بۆ جەنابت، دوا وتەت چیە بۆ بەرنامەکەمان.**

**<u>کاك مەلا بەختیار:</u>** پڕ بەدڵ هیوادارم ئەم جۆرە بەرنامانەی لێدوان لەسەر پێویستیە هەرە جوان و گرنگەکانی ئێستا، لێدوان ئەو جۆرە پرسیارانە بکەن کە تا ئێستا نەکراون و، ئەو وەڵامانە وەرگرن کە تا ئێستا نەدراونەتەوە. لە راستیا ئێمە بەرنامەمان زۆرە، بەڵام بەرنامەی باشمان کەمە. هەموو ئەو بەرنامانە هیوادارم لە زەحمەت کێشان لە حزبەکانی ترا ستافێکی ئەوتۆ هەبێ کە بە وردی پرۆژەی ئەم جۆرە بەرنامانە دابڕێژێ و، لە هەموو لێدوانێکا ئەو پرسیارانە بکەن کە لەوەوپێش نەکراوون. ئەو وەڵامانە بڵاوبکەنەوە کە پێشتر وەڵام نەدراونەتەوە، بەرەو ئەو ئاقار و ئاراستانە برۆن کە پیشتر هیچ بەرنامەیەکی تر پێشکەش نەکردووە لە تەلەفزیون بەتایبەتی تەلەفزیونی حیزبە علمانی و دیموکرات و سۆسیالیستەکان، دەبێ یارمەتیدەری پێشخستنی کۆمەڵ بن، دەبێ یارمەتیدەری روناکبیران بن و، یارمەتیدەری خوڵقاندنی فەزایەکی خوڵقاوتری ئازادی بن، لەپێناوی سەرخستنی ئازادی، ئازادی چەمکە فراوانەکەی، بە ئازادی عەقڵ، بە ئازادی هەڵسوڕان، بە ئازادی گۆڕان، بە ئازادی پێشکەوتن، بە ئازادی بەدیهێنانی هەموو ئازادیە زەوت کراوەکان لە ولاتی ئێمەدا.

زۆر سوپاس، سەرکەوتو بن

# <u>پێرست</u>

بەرایی........................................ ٣-١٢

## بەشی یەکەم؛
**لێکۆڵینەوە:**................................... ١٣-١٣٤

١- مەدەنیەت.. لە کۆمەڵێکی نیشتمان داگیرکراودا............١٥-٣٧
٢- سەلەفیەت و ژن.. ژن و مەدەنیەت ............... ... ٣٨- ٦٨
٣- هەڵسەنگاندنی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران....... ٦٩- ٨٣
٤- هەڵبژاردنی شارەوانی و کاریگەری کۆمۆنیستی کرێکاری... ٨٤-١٠٣
٥- سلێمانی..پێکهاتەی شارێکی پێشکەوتوتر(١٧٨٤-٢٠٠٠).. ١٠٤- ١١٢
٦- کاریگەری شەڕی برایەتی.. ئازادی و ئاشتی ........... ١١٣-١٣٤

## بەشی دووەم؛
**سەرگوتار:**..................................... ١٣٥-١٥٠

١- دیموکراسیەت.. مەدەنیەت و مافی مرۆڤ ............... ١٣٧-١٣٩
٢- یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت......................... ١٤٠-١٤١
٣- ستەمی هەزارەی دووەم و دیموکراسی هەزارەی سێیەم..... ١٤٢-١٤٥
٤- دیموکراسی و مافە دیموکراسیەکانی تاک ............... ١٤٦-١٤٧
٥- تاک و.. مەدەنیەت ................................ ١٤٨-١٥٠

## بەشی سێیەم؛ ئاوتوێی ڕێکخراوەیی:..................... ١٥١-٢٠٦

١- ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و پرۆسەی دیموکراسی ..........١٥٣-١٥٦
٢- هەڵبژاردنی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان و
خولڤاندنی رای گشتی گەل ........................ ١٥٧-١٦٠
٣- گوتاری سەرەتای یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت ..........١٦١-١٦٧
٤ - گوتاری کۆتایی یەکەمین سیمیناری مەدەنیەت............١٦٨- ١٧٧
٥- گوتاری کۆنفرانسی
ناوەندی ڕووناکبیریی ڕاهێنانی کەلتوری مەدەنی............١٧٨-١٨٧
٦- بەهرەی ئازادو کۆنگرەی ئازادی هونەرمەندان...........١٨٨- ١٩٣

٧- گوتاری هەڵبژاردنی
بنکەی ئەدەبی ڕووناکبیری گەلاوێژ- لقی کۆیە..............١٩٤-٢٠١
٨- دەسەڵات، حیزبو ڕێکخراوە دیموکراتیەکان..............٢٠٢-٢٠٦

**بەشی چوارەم؛ هەڵبژاردن:** ........................... ٢٠٧-٢٠٨
١- وەرگۆڕان.. بەرەوحوکمڕانی
وەرچەخان.. بەرەو کۆمەڵی مەدەنی.......................٢٠٩-٢١٢
٢- کۆمەڵی مەدەنی.. گەڕانەوە بۆ خەڵكو
بە خەڵکی کردنی دەسەڵات.........................٢١٣-٢١٥
٣- هەڵبژێرو.. هەڵبژاردنی شارەوانیەکان......................٢١٦-٢١٧
٤- هەڵبژاردنی مەدەنیانە: سەرەتای نەرتێکی سەرکەوتوو......٢١٨-٢٢١
٥- هەڵبژاردنو کەسایەتی هاووڵاتی .......................٢٢٢-٢٢٥
٦- پێوانەکانی هەڵبژاردنی شارەوانی......................٢٢٦-٢٢٨

**بەشی پێنجەم؛ دووەمین گۆنگرەی (ی.ن.ك):**..................٢٢٩-٢٣٠
١- ڕۆشنگەریو.. دووەمین گۆنگرەی یەکێتی ................٢٣١-٢٣٤
٢- مەدەنیەتو.. دووەمین کۆنگرە.........................٢٣٥-٢٣٨
٣- ئازادیو تاکو..دووەمین کۆنگرە.........................٢٣٩-٢٤٢

**بەشی شەشەم؛ کۆڕ:**.................. .............٢٤٣-٢٤٤
١- ڕۆڵی زانکۆو پەیمانگاکان لە بینای کۆمەڵی مەدەنیدا........٢٤٥-٢٦١
٢- ئازادیو دیموکراسی لە روانگەی جیاوازەکانەوە............٢٦٢-٢٨٥
٣- کاریگەری ئازادیو خوێندنی هاوچەرخ لە پێشکەوتنی کۆمەڵدا.....٢٨٦-٣١٦

**بەشی حەوتەم؛ چاوپێکەوتن:**...... ...................٣١٧-٣١٨
١- دیمانەی بەڕێز (مەلا بەختیار)
دەربارەی خوێندکارو بزوتنەوەی خوێندکاران.............٣١٩-٣٣٦
٢- هەڤپەیڤینی.. بەرنامەی لێدوانی (T.V) حیزبی زەحمەتکێشان
لەگەڵ هەڤاڵ (مەلا بەختیار) .........................٣٣٧-٣٤٦